


Raman

# رامان
# RAMAN

**149**


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


**● سەروتار**

– قەیرانی خوێندنەوە/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

– هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان/ جەلال بەرزنجی/ 6
– شەوێکی ڕووت بوو/ زانا خەلیل/ 8
– زو(ما)فەر/ سەرکەفت بۆتان/ 10
– مریەمێکم لە هەڵوەرین کەوتەوە/ چنوور نامیق/ 12
– Westwego/ لە فەرەنسییەوە:
د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 14
– دەچمە سەر ناڵەشکێنە/ حوسێن شێربەگی/ 18
– چواردەی ڕەشەمێ/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 28
– مەیتبەر/ تێکۆشەر خالید/ 33
– چ هەیە د سەوتا سەراپێ دە؟/ شوکرۆ ئەرباش/ 35
– خوشکەکان/ لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر/ 37

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ شاعیر و ڕووناکبیر (د. ئەنوەر قادر محەمەد)/ ئا: عەبدوڵلا قەرەداغی/ 41

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– خوێندنەوەیەک بۆ ئەزموونی ڕۆماننووسێک/
زاهیر ڕۆژبەیانی/ 58
– ڕۆڵی مەعرووف جیاووک لە بواری ڕووناکبیریدا/
د. ئازاد عوبێد/ 73

**● مێژوو**

– گەشتێک بۆ گوندی مەموندی و کۆچەرانی دەشتی هەولێر/
عەبدولڕەقیب یووسف/ 88

**● هزر و فەلسەفە**

– یۆهانس دونز سکوتس.. دابڕینی لاهووت لە فەلسەفە/
د. حەمید عەزیز/ 96
– شەرم کردن لە ئازادی/ بەختیار محەمەد/ 106

**● وتار**

– بۆچی مێژوونووسەکانی کورد بەرهەمەکانیان تۆکمە و بەرچاو نییە/ د. حەسەن جاف/ 115
– کەسێتی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا/
محەمەد ڕەشید فەتاح/ 118
– کاریگەریی ئافرەتان لەسەر زمانی زگماکی/
ئەمین گەردیگلانی/ 125
– هونەر بەر لە مێژوو/
لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی/ 128

**● ڕۆژنامەڤانی**

– چاخی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی/ محەمەد عەبدوڵلا کەلاری/ 131

**● هونەر**

– هێڵکاری لەنێوان جوانی و شاعیرایەتیدا/
ئا: تاریق کارێزی/ 135

**● خوێندنەوەی کتێب**

– ناوی من سوورەیە، یان دەرزییەکەی بەهزاد و گەمە سێکسییەکانی شەکورە/ هاشم سەڕاج/ 145
– زایەڵە/ سەباح ڕەنجدەر/ 151

**● زاراوەسازی**

– نموونەی بەرایی/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 155

**● یادکردنەوە و نرخاندن**

– ڕامان ئەو گۆڤارە ڕۆشنبیری و هونەرییەی هەمیشە لە گەشەکردندایە/ کەریم شارەزا/ 157

**● ئەرشیف**

– یادی کۆچی دوایی مامۆستای زانستگای سەلاحەددین عەبدولقادر فەرهادی/ د. مارف خەزنەدار/ 158

**● سووکە لەنگەر**

– کورتەیەک لەبارەی وەرگێڕانەوە/ هاوژین صلیوە/ 160

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# قەیرانی خوێندنەوە

سەرنووسەر

**(بەبێ پشوودان ئێمە ڕووبەڕووی زەبرە کتوپڕەکانی مەعریفە دەبینەوە)**
**کلۆد لیڤی شتراوس**

* زەکەریا تامر-ی نووسەر و چیرۆکنووسی گەورەی عەرەب لە وتارێکیدا بەناوی (ئەوەی بە پێکەنینت دەهێنێ و گریاناوییە) دەڵێ: [لە حەفتایەکاندا سەردانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتم کرد، لە بەرلین لە کۆبوونەوەیەکدا کە ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ئەدیبانی ئەوێی لەخۆ گرتبوو پرسیاریان لێ کردم: «لە وڵاتانی عەرەبیدا ژمارە و تیراژی چاپی کۆشیعرێک، کۆ چیرۆکێک چەندە؟!»، ئەوکاتە کە ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات نزیکەی (١٧) ملیۆن کەس دەبوو، تەنانەت یەک نەخوێندەواریشیان تێدا نەمابوو، بۆیە پەشۆکام و شڵەژام و هەوڵم دا لە وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵبێم، بۆیە بە کەفوکوڵێکی شۆڕشگێڕانەوە کەوتمە باسی تاوانەکانی ئیمپریالیزم و داگیرکاری و کۆنەپەرستی و هێزەکانی چەوساندنەوە، بە سوێ و ئازارێکی پێشکەوتنخوازانەوە باسم لە بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نەخوێندەواران کرد و پاشان بێدەنگ بووم و دەمی خۆم داخست، بەڵام دیار بوو خاوەن پرسیارەکە پیاوێکی بە نەزاکەت نەبوو، بەوەی لە منی بیست باوەڕ و قەناعەتی نەهێنا، بۆیە جارێکی دیکە پرسیارەکەی خۆی ڕوونتر، بەڵام بە تەنگ پێ هەڵچنینەوە دووبارە کردەوە، ناچار بووم ددان بە حەقیقەتە تاڵەکەدا بنێم و وتم: داو و دەزگایەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی لای ئێمە سێ هەزار دانە، یان پێنج هەزار دانە لە هەر کتێبێک لە چاپ دەدەن، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر کتێبەکە هیچ ئابڕووبردنێکی لە پاڵدا نەبێ. ئەوەی بە دەممدا هات وتم، لەوکاتەدا بە شەرمەوە تەماشای بەرپێی خۆم دەکرد، چرپە چرپێک گەیشتە گوێچکەکانم، یەکەم جار وام زانی چرپە چرپی ناڕەزایی دەربڕین و واق وڕمان و سەرکۆنەکردنی واقیعێکی ڕۆشنبیریی دواکەوتووانەیە، بەڵام زوو تێگەیشتم کە ئەوە چرپە چرپی سەرسامبوون و ڕێزلێگرتنەو لە باوەڕنەکردنیانەوە هاتووە بەوەی درکاندم. پێیان وتم، کۆ چیرۆکێک، یان کۆ شیعرێک لە وڵاتی واندا هەزار، یان لە باشترین حاڵەتدا دوو هەزار دانەی لێ لە چاپ دەدەن. ئەوکاتە نووسەر و ئەدیبەکانی ئەڵەمان جەستەمیان بەبێ سەر بینی، هەرچی سەرم بوو لێ نەکرابووەوە، بەڵام بە شانازییەوە لەسەروو هەورەکانەوە دەسووڕایەوە. پاش چەند ڕۆژێک بە شاعیرێکیان گەیشتم وا پێشکەشیان کردم کە شاعیرێکی خاوەن جەماوەرە و هەواداری خۆی لەناو کوڕان و کچاندا هەیە، شاعیرەکە پێی ڕاگەیاندم کە ئەو شاعیرێک نییە شیعر بنووسێ و لەناو گۆڤار و کتێباندا بڵاویان بکاتەوە، بەڵکو ئەو تەنیا (وشە) بۆ گۆرانی دەهۆنێتەوە، پاشان ئاوازیان بۆ دادەنێ. شاعیرەکە بە دەنگێکی نیمچە گریاناوییەوە وتی گۆرانی چاک کە وشەکانی جوان بن و ئاوازەکەی خۆش بێ بە باشی لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی لێ ناکرێ و جێی بایەخی ئەوان نییە، بۆیەشە ئێستا کەوتووەتە ئاوازدان و ڕێکخستنی وشەی پڕوپووچ و بێ سەروبەر، تا داهاتێکی بەدەست بکەوێ و ژیان و گوزەرانێکی خۆشی بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام لە ساڵێکدا وشە و ئاواز بۆ یەک گۆرانی دادەنێ کە بە دڵ و میزاجی خۆی ساز کرابێ، کە هەر ئەوەشیان دەبێتە جێگەی سەرنجی نووسەران و هونەرمەندان، ئەو گۆرانییە لەلایەن بەشی هەرە زۆری جەماوەرەوە پێشوازی لێناکرێ. زەکەریا تامر دەڵێ دوای بیستنی ئەو قسانەی شاعیرەکە، بە ڕێز و خۆشەویستییەکی قووڵەوە تەماشای ئەو شاعیرەم کرد و وام دەزانی هەزاران ساڵە هاوڕێمە، ئەوجا گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ئەڵمانیاش وەک هەر وڵاتێکی عەرەبی وایە. ئەوە قسەی ڕووناکبیر و داهێنەرێکی گەورەی عەرەبە سەبارەت بە وڵاتانی

عەرەب و وڵاتێک ئەمەی وتووە کە ئەمڕۆکە بەشێکی گرنگە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی.

* ڕێکخراوی (یونسکۆ) لە نوێترین ئاماری خۆیدا دەڵێ: ڕێژەی خوێندنەوەی کتێب لەلای ئەوروپییەکان (٣٥) کتێبە لە ساڵێکدا، ئیسرائیلییەکانیش لە ساڵێکدا (٤٠) کتێب دەخوێننەوە، کاتێکیش لەگەڵ ڕێژەی بایەخدان بە خوێندنەوەی کتێب لە وڵاتە عەرەبییەکان بەراوردی دەکات، جیاوازییەکی گەورە و زەق لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ، چونکە دەبینین لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا لە ماوەی ساڵێکی ڕەبەقدا بە (٨٠) کەس تەنیا (١) کتێب دەخوێننەوە. ئەو ژمارانەش کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو زۆر جێی متمانەن و باوەڕپێکراون و لە ناوەندی ئامار وەرگیراون کە ساڵانە (یونسکۆ) سازیان دەکات و بەدەستیان دەهێنێ. هەر بەپێی ئامارێکی دیکەی ڕێکخراوی (یونسکۆ) ژمارەی نەخوێندەوار لە وڵاتانی عەرەبیدا کە کوردستانی بەشە عەرەبییەکەشی بەگەڵ داوە، لە کۆی ئەو (٢٠٠) ملیۆن کەسەی کە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبە و ناسیونالیستە عەرەبەکان دەیگەیەننە (٣٠٠) ملیۆن، بە (٦٠) ملیۆن نەخوێندەوار مەزەندە کراوە. هۆیەکەشی بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لە (یونسکۆ) دەرچووە، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەشی هەرە زۆری دارایی و داهاتەکانی وڵاتانی عەرەب کە داهاتی فرۆشی نەوتە بۆ بواری سەربازی گەڕاندووەتەوە. (یونسکۆ) هەر لەو ئامارەیدا دەڵێ لە (عیراق) (٥) ملیۆن نەخوێندەوار هەیە، کە بە داخەوە بە وردی ڕێژەی نەخوێندەواری ناو ئەو (٥) ملیۆن کەسە نازاندرێ چەندیان کوردن، بەڵام دیارە ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو (٥) ملیۆن عیراقییە کوردن. ئەمانە بە حوکمی نەخوێندەوارییەکەیان لە بنەڕەتەوە بەلای خوێندنەوەی کتێباندا ناچن، خوێندەوارەکانی کوردیش بەوانەشیانەوە کە دەرچووی زانکۆکانن، یان تەنانەت تێزی ماستەر و دکتۆراشیان بەدەستهێناوە پێیان دەوترێ (خوێندەوار- متعلم)، نەک ڕۆشنبیر، چونکە زۆربەی ئەوانە بۆ بەدەستهێنانی باوەڕنامە خوێندوویانە، نەک بۆ بەدەستهێنانی ڕۆشنبیری و مەعریفە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان، بۆیە عەرەب واتەنی (شتان بین المتعلم و المثقف)، واتە جیاوازی نێوان (خوێندەوار) و (ڕۆشنبیر) ئاسمان و ڕێسمانە.

* وەک دەبینین ئەمڕۆکە پرۆسەی خوێندنەوە و فراوان کردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و هۆشیاری لەلای تاکی ئێمە زیاتر پەیوەستە بە دەستەبژێکەوە کە خۆیان بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردووە، زۆر کەم ڕێ کەوتووە خوێنەواری کورد کە هۆگر و متووی خوێندنەوەیە، تەنیا خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبێ، بۆیە ئەوانەی دەخوێننەوە لە هەمان کاتیشدا نووسەرن، واتە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە تەنیا بۆ خودی خۆیان، خۆیان ڕۆشنبیر ناکەن و ناخوێننەوە، هەموو ئەوانەی ئەمڕۆکە دەخوێننەوە، دەستیان داوەتە قەڵەم و دەنووسن و بەرهەم و نووسینیان هەیە. بە داخەوە لەم ساڵانەی دواییشدا باروودۆخی «خوێندنەوە» تەواو ئاڵۆز بووە و کارەساتاوی دەبینرێ، چونکە دەبینین زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و ڕۆژنامەنووسان نەک هەر ناخوێننەوە، بگرە فریای خوێندنەوەی بەرهەمی یەکتریش ناکەون، ئەوانەشیان کە دەنووسن و کەناڵەکانی بڵاوکردنەوەیان سەرقاڵ کردووە و ناخوێننەوە بۆ خۆی دیاردەیەکی عەنتیکەی دروست کردووە، ئیتر نازانین ئەو جۆرە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە (بەبێ خوێندنەوە) چ جۆرە مەعریفە و ڕۆشنبیرییەک بەرهەم دەهێنن و چ جۆرە زانیارییەک دەکەنە خۆراکی خوێنەرەکانیان؟ بە تایبەتی خوێنەرانی ئەو سەردەمە کە هەر وا زوو بە هەموو نووسینێک قایل نابن و بە هەر بیرورایەکی سادە و ساکار قەناعەت ناهێنن و بە هەموو دوعایەک ناڵێن ئامین. کار گەیشتووەتە ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا «نووسین» و «نووسەرایەتی» ڕێز و پەیام و پیرۆزی خۆی لە دەست بدات و هەر کەسێ لەلای خۆیەوە ڕاست بێتەوە و بنووسێ و لافی نووسەرایەتی و ڕۆژنامەنووس بوون لێبدات، کە ئەوە بێ سەروبەری و نەبوونی هەستی بەرپرسیارەتی کردنە بەرانبەر بە وشە و پەیامی نووسین و نەمانی بنەما و پێوەری نووسەرایەتییە. پاشان دەردی ئەو تاڵان و فەرهوود کردنەش کە ڕەنج و ماندووبوونی نووسەرانی ناو خۆمان و دەرەوەی خۆشمان داڵ قووت و حەپەلووش دەکرێن لەولا بوەستێ، نووسینە باشەکانیش ئەوەندە دووچاری پەلاماری لاسایی کردنەوە و جوینەوە دەبنەوە و ئەوەندە دەوترێنەوە خەریکە بە میللی دەکرێن و دەبنە فۆلکلۆر، بۆیە بیرورایەکان و نووسینەکان و تەکنیکی چارەسازکردن و هەڵخستنی زۆریان پێکدەچن و لە یەکترەوە نزیکن، تەنانەت شێوە و شەمایلی زۆر لە ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، چاپەمەنییەکان لەیەکەوە نزیکن، جا بەهۆی یەک سەرچاوەیی زانیارییەکانیانەوە بێ، یان یەک شێوەی چارەسەرکردن و تەکنیکی نووسین بێ لەلایەن زۆربەی نووسەرەکانەوە، یان یەک ئاراستەیی ڕۆژنامەڤانی بێ، بە تایبەتیش ئەو دەردە پتر ڕووی کردووەتە ئەوانەی لە بواری سیاسیدا دەنووسن. نیشاندانی ئەو ئامار و داتا زانستییەی ڕێکخراوی (یونسکۆ) زەق کردنەوەی دیمەنی ئەو پەتایەیە کە زۆر بە ڕوونی دیاردەی (نەخوێندنەوە) بە گشتی و نەخوێندنەوەی کتێب بە تایبەتی نیشان دەدات، نەخاسما دیاردەی پشت کردنە کتێب خوێندنەوە لە وڵاتانی عەرەب و لەناو ئەوانیشدا کوردستانی بەشە عەرەبییەکەی، بە تایبەتی کە نە ئێمە و نە ئەوان پێشینە و ڕەگو ڕیشەیەکی خوێندنەوە و داوونەریتێکی وامان لەلا دروست نەبوو، کاتێ لەپڕ هۆیەکانی (ڕاگەیاندن) و (گەیاندن)ی سەردەم هەمووومانی لەگەڵ خۆیان ڕاپێچا و داگیری کردین و ئێمەیان خستە ژێر ڕکێفی سیحر و کاریگەری و پەراوێزی خۆیانەوە.

* لێرەوە دەڵێین پێویستە پرۆسەی (خوێندنەوە) هەموو کۆمەڵگا بگرێتەوە و تەنیا لە بازنەی دەستەبژێرێکدا بەگیر نەیەت، ئەم پرۆژەیەش دەبێ بە چەند قۆناغێک و لە مەودایەکی زەمەنی درێژخایەندا جێبەجێ بکرێ، تا «خوێندنەوە» ببێتە پێویستییەک لە پێویستییەکانی ژیان، نەک وەک ڕووکار و کەمالیات تەماشا بکرێ، ئەوکاتە «جەماوەر»ەکەمان دەبێتە (خوێنەر) و خوێندنەوەش دەبێتە پرۆسەیەکی سەرتاپاگیری میللی و ئەوسا دەتوانین بڵێین پێمان ناوەتە ناو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی شارستانی و هۆشیار، کە باشتر ڕاستوچەپی خۆی دەبینێ و بەرچاوی ڕوونە. ڕۆماننووسێکی گەورەی وەک (ئەریش ماری ڕیمارک) سەبارەت بە «جەماوەر»ی ڕۆژئاوا لە

ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا (شەوەکەی لشبۆنە) لەسەرزاری یەکێک لە پاڵەوانەکانی دەنووسێ: [دەبینی چۆن جەماوەرەکەمان دوای وشەی پانوپۆڕ و بریقەدار دەکەون، گوێ بەوە نادەن دەنگ و هاواری ئەو وشانە لە چەپەکانەوە دەبیستن، یان لە ڕاستڕەوەکانەوە، لەلای ئەو «جەماوەر»ـە گرنگ ئەوەیە هەست بکەن لەولا کەسانێک هەن لە جیاتی ئەوان قورسیی بیرکردنەوەی قووڵ و بەرپرسیارەتییان لە کۆڵ دەکەنەوە ل٥٢] ئەوە بینینی (ڕیمارک)ـە بۆ «جەماوەر»ی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، دەبێ ئێمە کە بەهیچ شێوەیەک کارمان لەسەر پەروەردەکردنی جەماوەری خۆمان نەکردووە بڵێین چی؟

* ئەوانەی پێشتر باسمان لێوەکردن هەندێ نموونەی بەرچاوبوون لە ئاستی هۆشیاریی جەماوەر و ڕادەی پێشوازی کردنیان لە پرۆسەی خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی چێژ و قووڵکردنەوەی تێڕوانینەکانیان، بۆ باشتر چێژ وەرگرتن و تێگەیشتنیان لە ژیان و دیاردەکانی، بۆیە لەکاتی «خوێندنەوە»دا پێویستە جیاوازی لەنێوان «خوێنەر» و «جەماوەر»دا بکرێ، چونکە کاری داهێنەرانەی ئەدەبی و هونەری بۆ خۆی بایەخدانە بە جوانی و نهێنییە شاراوەکانی ژیان. کاری نووسین ژەهراوی کردنی کەشوهەوای ژیان و ناشیرین و گەنیو کردنی نییە، بۆیەشە داهێنەر هەمیشە بە «جەنگاوەر»ێک دەچوێنرێ کە یەکەمین کار و دواکاری جەنگانە لە ژیاندا، بە مەبەستی ئەوەی لەسەر ئاستی دامەزراوە و داوودەزگایەکاندا دژی ناشیرینی و دزێوی و گەنیو بوون بجەنگێ و جیهان بەردەوام جوانتر و جوانتر و نوێ بکاتەوە. بەداخەوە ئەمڕۆکە پرۆسەی خوێندنەوە بۆ خۆی بووەتە پرۆسەیەکی تایبەت بە «دەستەبژێرێک» و سەرجەمی کۆمەڵگای ئێمەی نەگرتووەتەوە، کە بوونی ئەو جۆرە خوێنەرەی کتێبیش، بەتایبەتی کتێبی داهێنەرانەی چاک و قووڵ، بۆ خوێنەرێکی زیرەک و خەمخۆری کتێب دەبێ وەک ئەو تەورداسە وا بێ کە بەهۆیەوە ئەو شەختە و بەستەڵەکەی ناخی خوێنەر بشکێنێ. پێم وایە نووسەری کاریگەر و خاوەن شێوازی تایبەت و سەرنجڕاکێش، یان نووسەری خاوەن خوێنەر هەر ئەوەی کردووە و ئەوە دەکات، بۆیە من چەند باوەڕم بە نووسەری تایبەتمەند و جیاواز هەیە، ئەوەندەش باوەڕم بە خوێنەری خوڵقێنەر هەیە، ئەوانە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین، چونکە وەک ئەدۆنیس دەڵێ: (خوێنەر بۆ خۆشی خوڵقێنەرێکی دیکەیە)، بە واتای ئەوەی خوێنەر بە قەدەر خوڵقێنەرەکە دەور و کاریگەریی خۆی هەیە لە خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی بۆ تێکستەکان و دیاردەکان و دۆزینەوە و پەی بردن بە نهێنی و جوانییەکانی داهێنان.

* زانایانی کۆمەڵناسی پێیان وایە سێ دیاردە کۆمەڵگەی دواکەوتووی پێ دەناسرێتەوە: (١) گەمژەیی و گەلحۆیی (حەماقەت). (٢) زۆر بڵێیی (چەنەبازی). (٣) بەکاربردن (ئیستیهلاک)، لەناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی لەو جۆرە دەبێ بە چ جۆرە بەرنامەیەکی تۆکمە و داڕێژراو و چ ڕەنجێکی فەرهادانە کۆمەڵ لەو دیاردە کوشندانە ڕزگار بکرێ، تا ببێتە کۆمەڵگایەکی تەندروست، یان هەر نەبێ کۆمەڵگایەکی نیمچە تەندروست بێنینە بەرهەم. ڕاستە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەسانێک هەن دەخوێننەوە، لەوانەیە زۆریش بخوێننەوە، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە بە هیچ شێوەیەک کاری لە گۆڕینی ژیان و دنیابینی و چێژ و عەقڵییەت و هەڵسوکەوتیان نەکردووە. بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی ئێمە لە تەنکاوی ژیاندا ژیان بەسەردەبەن و دەگوزەرێن، بۆیە خوێنەری سۆز و عاتیفە و میزاجن، ئەو سۆز و عاتیفەیەش لە زۆربەی جارەکاندا زوو زوو دەگۆڕێ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئادەمزاد خۆی بەردەوام دەگۆڕێ و لەژێر زەبری کارتێکردنەکانی دەرەوەی خۆی دایە، بەتایبەتیش لایەنی سۆزداری ئینسان کتوپڕ و زۆرتر گۆڕانی بەسەر دادێ و لەسەر شێوە و بارێکی وەستاو ناگیرسێتەوە. بۆ نموونە جاری وا هەیە هەست و سۆزی خۆشەویستی دەگۆڕێ بۆ دۆخی ڕق لێبوونەوە، ڕق لێبوونەوەش هەندێ جار دەگۆڕێ بۆ هەستی خۆشەویستی. تەرەفداری و لایەنگیری بیروباوەڕ و بۆچوونێک لە لای دەگۆڕێ بەدژ وەستان بۆ بیروباوەڕێکی تری فیکری و هاوسۆزی پەیداکردن لەگەڵ ڕێباز و قوتابخانەیەکی دیکە. لەم ژیان و گەردوونەدا کە هەموو شتێکی قابیلی نوێ بوونەوە بێ، ئەمە بۆ خۆی کارێکی ئاساییە و مەنتیقی پێشکەوتن و ژیانە، بەڵام لێرەدا لە هەر شتێ گرنگتر ڕاستگۆییە لە باوەڕهێنان بەو نوێ بوونەوە و گۆڕانەی بۆی هەوڵ دەدەین، هیچ نەبێ ڕاستگۆبوون بەرانبەر هەست و سۆزی مرۆڤانەمان لەگەڵ کەسەکان و دیاردەکان و ڕێباز و قوتابخانە و فیکر و بینۆگە و دید و بیروبۆچوونەکان، کە پێویستە بە پاکژی و خاوێنی و ڕاستگۆیی هەست و بیروڕای خۆمان لەبارەیانەوە دەرببڕین و گوزارشتیان لێ بکەین، هەر ئەوکاتەش ئەو کەسە ڕاستگۆیانە لە پێوەندییان بە کەسەکان و دەوروبەر و بیرباوەڕەکانەوە، زیاتر لەلای خەڵکی دەبنە مایەی ڕێز و خۆشەویستی.

* بە ڕاستی شەڕە دەنووک و ناووناتۆرە لەیەکتری نان و زمان زبری و دەمشڕی لە نووسین، ڕۆڵی گەورەی لە دوورکەوتنەوەی خوێنەران لە کتێب و خوێندنەوە هەیە، ئەوەندەی دەبێتە هۆی لەدەستدانی پەیامی نووسەران، ئەوەندەش لەلای خوێنەران پەرچەکردار دروست دەکات. نووسین کە لە بنەڕەتدا پەیمانێکی ڕاستگۆیانەی نێوان نووسەران و خوێنەرانە لە ئارادا نامێنێ، لە کاتێکدا ئەرکی نووسین بۆ خۆی بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆشەویستییە لەناو ئادەمزاددا، کاتێ خوێنەران دەبینن هەندێ نووسەر پیشەکەیان بووەتە ئاشووب گێڕان و قەڵەم فرۆشی و کلکە سووتێ کردن، ئەوکاتە باوەڕ و متمانەیان بە نووسەران و نووسینەکانیان نامێنێ و ئەم ڕێز و پەیمانەی نێوانیان پووچەڵ دەبێتەوە، بەمەش ئاسایشی دەروونیی خوێنەران تێکدەچێ و تووشی شڵەژانی دەروونی دەبن و لە نووسین دەبێزرێن، چونکە یەکێک لە هۆیەکانی دواکەوتنمان لە کاروانی شارستانیەت و زانست وەک پێشتر باسمان لێوە کرد، قسەبازی و چەنەبازی و زۆر گوتن و جوینەوەیە، کە ئەمڕۆکە ئەم دیاردەیە زۆر بە زەقی لەناو نووسینی کوردیدا بوونی هەیە، خوێنەرانی ئێمەش وەک براندیللۆ دەڵێ پێویستیان بە جۆرە کتێبێکە کە [یان چێژی لێ وەربگرن، یان بە قووتدان قووتی بدەن، یان جۆرە کتێبێک بێ کە هەرس بکرێ و دواتر نوێنەرایەتی بکرێ).

# هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان

**جەلال بەرزنجی**
**(کەنەدا)**

بەیانیان کە خۆر هەڵدێ،
مەودا دوای خۆی جێ دێڵێ
ئێواران
کە ئاوا دەبێت،
مەودا دەبێتە ڕەشاتییەکی تۆخ،
کە سەفەر دەکەم
هەمیشە پەلەمە بگەمە جێ
کە دەگەمە جێ
مەودایەکی تر
پێش من لەوێندەرە
هەندێک سات
لەچاوترووکانێکدا،
لە کەنەداوە
کە سەیری لای ڕۆژهەڵات دەکەم
مەوداکان وەک
پاسارییەکی لە فڕین ماندوو بوو،
دەکەون.
بە ئاسانی بۆم دەگیرێن.
کەمتر لە چاوترووکانێک،
خێراتر لە تیشکی خۆر،
دەچمەوە یادەوەرییەکانم
کە دەگەڕێمەوە ناو ژیان،
بە هەمان خێرایی
مەودایەکی سارد
خەمناک
وەک دارەمەیتی بن دیواری مزگەوتێک،
چاوەڕوانمە
لەگەڵ ساتەکانی تەواوبوونی خۆشەویستیدا
مەوداکان گەمارۆت دەدەن.
زۆرجار مەودای گیانی دەبێتە فیزیکی،
ڤیت دەبێتەوە،
دەبێتە کۆسپ لەبەردەم
بە ئۆرگانیزم گەیشتن
لەگەڵ ژنەکەم.
مەوداکان
هەمیشە لەبەردەمما
ئەژدیهان،
چاوم تێ دەبڕن،



شەرم پێ دەفرۆشن،
دوای شەڕێکی سەخت و
مردنی
یان ماندوو بوونی هەندێک لە وشەکانم
دیسان
بە نائومێدی لەبەردەم
مەودایەکی دوورتر دەوەستمەوە
مەوداکان
ماندوویان کردووم.
دوای هەموو دروست بوونەوەیەک
بەخۆم و مۆمێکەوە
لە شەوێکی ڕەش دێمە دەرەوە،
هزرم لەسەر ڕەوڕەوەی خێرایی،
خەیاڵم
بە سواری شیعرێکی تاریک،
وەکو تاژی
بەدوای ئاسکی مەوداکان ڕادەکەن
مەوداکان
زۆرجار کات و شوێنیش
گەمارۆم دەدەن..
هەر من نا،
تەیرەکان کە دەفڕن،
مەودا لە ئاسمان دروست دەکەن،
سروشتیش
بەهاران دەیەوێت مەودای نێوان
بەردێک و بەردێک
درەختێک و درەختێک
هەتا نێوان بستە خاکێک و خاکێک
بەسەوزایی پڕ کاتەوە.
دوایی هەر بۆ خۆی
پاییز بەردەداتە گیانیان،
مەودایەکی نائومێد
لە نێوانیاندا دروست دەکات.
لەوەتەی دەنووسم
هەوڵی نزیک خستنەوەی مەوداکان دەدەم.
زۆرجار لە کاتی نووسیندا
لەناو وشەکانمدا نقوم دەبن،
کەمێک دوای تەواوبوونی نووسین،
وەک گەڵای ڕژاوی سەرئاو،
لەنێوانی ئەو شەپۆلانەی وشەکانم دروستی دەکەن،
دەردەکەونەوە.
لە وشەکان ڕادەکەن
لەوەتەی هەم
لە شەڕی گەڵ مەوداکانم
بڕوا ناکەم
لەو شەڕەدا بیبەمەوە.

# شەوێکی ڕووت بوو

**زانا خەلیل**

لەبەرانبەرم دانیشت
دەیویست تێگەیشتنم ڕووت بکاتەوە
من بە پێکێک، بێهێزی خۆمم ڕووت کردەوە
ئەو بێدەنگی لەبەر کردبوو
من ڕووتیم لەبەر وشەکانم کرد
ئەو دەیویست دەنگ بداتە بێدەنگی و
ڕووتییش لەبەر فرمێسک بکا.
من لەوە زیرەکتربووم خۆم بدەمە
دەست سێدارەی زمان..
دەدوام و دەدوام
زمان تەنیا بۆ ئەوە بوو
هەستەکانمی تیا حەشاردەم
ئەو بە دڵ، جەستەی وشەکانمی دەدیت
جاروبار لە جەستەی هەست و
لە چاوەکانم ڕۆدەچوو
شەوێکی ڕووت بوو
لە بەرانبەرم دانیشت
دەیویست تێگەیشتنم ڕووت بکاتەوە
من عەقڵم لەبەر سەرخۆشی کرد
دڵمم دایە شاردنەوە و
نهێنییەکم لە جەستەی ڕستەکان ناشت
ئیدی کاتی ڕۆیشتن بوو
ئەخیر جگەرەم بە جەستەی فرمێسک کوژاندەوە
ئەو دڵی بوو بە ئاگر و
ڕووناکی بە فرمێسک هەڵکرد
شەوێکی ڕووت بوو
لەبەرانبەرم دانیشت
دەیویست تێگەیشتنم ڕووت بکاتەوە



**بۆ کوێ؟ بەدوای چی؟**

بۆچی هێندە بە بێباکی سەرمای بێ خوێنی دایپۆشیوم؟
ئایا لە سەفینەی مەی، شەرابی بێ نیازیم نۆشیوە؟
ئەی بۆچی هێندە بەخێرایی

خۆم و جینسێکی دڕاو، بێ گۆرەوی
بەنێو ئەو شەقامی شووشەیەدا ڕادەکەم..
بۆ کوێ؟ بەدوای چی؟

من هەرگیز بەدوای دنیادا نەگەڕاوم
ئەی بۆ کوێ؟ بەدوای چی؟ بەو خێراییە
دایکم لە فالچییەکی بیستبوو

کە کوڕەکەت گەورە دەبێ ژنێکی خۆش دەوێ
ئیدی ئەو دەکاتە حەلقەی نێوانی خۆی و ژیان
ئیدی ئەو دەبێتە خەون
دەبێتە ژیان
هەر بۆیە کوڕەکەت
خۆی و جینسێکی دڕاو، بێ گۆرەوی
بەو خێراییە، بەنێو ئەو شەقامی شووشەیەدا ڕادەکا..

**هەوڵدان قومارە**

کە لەناو ئاگری هەڵچوونت تەزیم
بیرم کردەوە
ئیدی لەگەڵ ئەوانە دەبم
کە هەرگیز ناتوانم لەگەڵیان بم
ئیدی بە خەتی ئاو
نهێنییەکانت بۆ نانووسمەوە
درۆ لەگەڵ ئەو ژنانە دەکەم
کە ئاگری هەڵچوونت باڵاتر دەکەن.

کە لەناو ئاگری هەڵچوونت تەزیم
بیرم کردەوە
ئەی بۆچی هەوڵت بۆ نەدەم؟
خۆ هەوڵدان قومارە
دەکرێ بدۆڕێیت
بەڵام یەکێک کە هەوڵ نادا
زۆر لە مێژە دۆڕاوە

من هەوڵت بۆ دەدەم
ئەگەر لەناو ئاگری هەڵچوونیشت
لە سەرماندا هەڵ بلەرزم.

# زو (ما) فەر

سەرکەفت بۆتان
(ستەور – کوردستانا باکوور)

ژ نەقەبشەڤان مرن دپەلاندن
ژ پالچیاییێن تەڤزاندی
بێهنا
کولیلکێن بهیڤا
شەڤبهارۆکێن کال
د کەیاندن ب هلما شەڤێ
گەنجینەیا تەنێ پەیڤا
رەقسا پێنووسێن دەلۆدین بوو
ژ پێشمالزمانێ ئاڤەستا
ب زارکەرێن
لاهتێن وندا
ژ نیگارییێن ئینجکا ڤێ عەردنیگارییێ...
مەخەلێن گۆنخواری بەردین
ژ ئەسمەریا تە
دانە ریا چوون – نەهاتێ
دل رانازێ ل قەسرا رازا
دل بوو پێلێن دەریا بازا
۱دل ب زکرا دەروێشان کەت
دل بوو عەڤدال
دل ل رەفا چیان ڤێکەت
دل رجفی
دل رۆناکا رۆژا رژی
دل بوو ئاڤا ل گراڤا...
خێزا تاریا بێبەخت دە
ئاخین نۆقی دەریا دبوون
ژ نەپەنیێن رێناسا
شەڤێن ب لەز
شەڤێن ب بەز
گاڤێن گوماندی
هل کرن
داو و دەلنگێن هەڤریشم
دبوون هەڤال
ب ستێرکێن هەڤالان رە
کو پڕ دبوو ژ بێهنا ئاخێ
کو زیز دبوون ب دەستێ سبێ رە
بابلیسۆکێن چاڤێن سەمیرامیس
د حەرکین
گولیێن عەدوولێ...



ده کا وەرە
دایکا زارۆکێن ئاگری
من بێریا راموسانێ تە کر
رۆژ ل نیڤرۆ
ل ناڤ تەحلا
دبنێ گولخوناڤکێ دە
کانێ زەرزەنگێ کولیلکا
کو مە
ژ سباتا دینک دان هەڤ
فەتلێن
فەتلۆنەکەن گولیسۆرکی
ژ گەردەنا ستێرکێن گراڤا
ده کا وەرە
بگوڤیشە کەزەبڕەشان
خەونێن میراتمایی
داوەرڤین لووتکێ چیا
سەرپێهاتییێن زارۆکێن رۆژێ
خەلا سالێ دوورن
توورکپشتا دە دلڤن
شکەستنێن سەردەمێن لالن
دپەرپتن
ل شەولا دل
شۆپن
کلدانکێن چاڤان کل دکن
تەرشن
دگندرن مێرگا هێڤیا
کا کێ ئاڤ دا تاڤا هەیڤێ
کێ رۆژ داگەران گەردەنا
کێ جەبران بازکێن شەڤێن شکەستی
ئێشێن رۆژهلاتن
لاوک
خوە سپارتنە بەژنا تە
دەکێن رۆژاڤایا سلن
دلەهزن
ب زۆ (ما) فەرا سەریان

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (زۆ (ما) فەر، رووپەلێن (٤٠-٤٣) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٣)یێ ل چاپخانەیا کەیهان ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن. شاعر ل سالا (١٩٥٧)ی ل گوندێ (بارمان)ێ یێ سەر ب ستەورێ ڤە ژ دایکبوویە و هەلبەستێن خوە د رۆژنامە و گۆڤارێن کوردیداس بەلاڤ دکە.**

**(ڕامان)**

# مریەمێکم لە هەڵوەرین کەوتمەوە

چنوور نامیق

خەونێکی ڕەنگاڵەییە
چاوم تەڕە و
تۆش بە خەیاڵ
عومرم چەپک چەپک ئەکەی
خەونێکی دوور و درێژە
پەنلوب ئاسا
بێ دەنگی خۆم ئەچنم و
ڕەوتی هەراسانی ژیان ئەمخواتەوە
خەونێکی پڕ تریفەیە
مانگ غەرقی تەماشام بووە و
خوڕەی شەوقی بێهوودەیی
هەڵئەگۆزم
جەنگەڵێکی پڕ جریوە و
پاڕانەوەم
تازە ئاوا نابمەوە
دڵم لەگەڵ زڕەی مێژوو شکا و
ڕوحم نەفامانە ئەڕژێ
خەونێکی ئاوییە عومرم
پێکی دەستم فیراقی لێوە ئەچۆڕێ
ویستم لە بێ مەیلیی خەمێک
خەیاڵ بم پێت
ویستم حەزی برووسکەیەک
بمباتەوە
ڕاو ڕاوکێ لەگەڵ سێبەر و
ژیان لەگەڵ ساتەکانی پێش تۆ ناسین
بگۆڕمەوە
دڵم پڕ بوو لە حەسرەت و
دییەم لە ڕێی دووری ژوان
کوژایەوە
هاوڕێ وەسیەت
لەسەر ئاو دەنووسم
لەسەر تەمانی گوڵەکان
بۆت ئەنووسم
بۆ ڕۆژی ماتەمینەکەم
گوڵێک بدە لە بەرۆکی ئەو ڕۆژانەی
نەفامانە
مۆمەکانم لەسەر دەستت کوژاندەوە
نیگام لەگەڵ هەوردا ڕژا
لەدەست غرووری چاوانم
کوێوە هەڵبێم



مانگ غەرقی ڕوخسارم بووە و
منیش شەوقی بێهوودەیی
هەڵئەگۆزم
وەسیەت لەسەر با ئەنووسم
لە بۆ ڕۆژی وەرینی ماچ
باخێکم ئەوێ
ڕاستەڕێ بمباتەوە
بۆ تۆ ناسین
وەرزێکم لە هەڵوەرینت کەوتمەوە
ویستم سێبەرێک
لەبالاًت بکەمەوە
کورتم هێنا
ویستم جێ پەنجەت ببوێرم
لێوم تامی گریانی دا
ویستم نمەیەک وەفای تەڕ
بخۆمەوە
خواستم پرشی سێبەر بگرم
ویستم نامۆیی وەدەرنێم لە ناخمدا
خواستم ببم بە پاکیزەی وەرزێکی
پڕ میوە خواردن
گەرەکم بوو
هەموو ئادەمەکان لە ئامێزکەم
گەرەکم بوو
ڕەنگی تەنیایی پەنلوب بگرم
حەزم ئەکرد
مەعبەدەکانی سەر ڕێگە
بکەمە ژوانی باران
تا پێکەوە
ماچ و میوە و باران و شەراب مەستم کا
دیسانەوە
وەسیەت نووسین
ڕوحم ئەبا و
تۆش بە خەیاڵ
چەپک چەپک عومرم ئەبەی
دیسانەوە
نە ئادەم و نە سێبەرە جێماوەکان
دووم نەکەوتن
جارێکی تر
وەسیەت لەسەر کازیوەی تەڕ
ئەنووسمەوە
لەم دەڤەرە
مەیلی عەشق دییەنیم ئەکا و
چاوم پڕە لە مانگەشەو
بێزوو بەخەوەوە ئەکەم
تا دێ چاوم بە نامە لەرزۆکەکانی
بادی سەبا خومار ئەبێ
لێوم پڕە لە حەسرەتی پەنلوب
پرچم بە پەنجەکانی ئادەمەوە
سەفەر ئەکا
دەستت لابە لەسەر دڵم

با شەرمنیم کاست نەکا
با چیتر ڕووم زەردە گومان نەگرێتە خۆ
نەبا منیش وەک پەنلوب
بێ دەنگی خۆم بمخواتەوە
وەسیەت لەسەر تەمانەکانی ئەوساکە
ئەنووسمەوە
بۆ ڕۆژی ماتەمینەکەم
ئەو گوڵە سوورەم بۆ بێنە
کە ملی لار ئەکردەوە و
پڕ چاوی غروور ئەکردم
بۆ چلەی وەرزی ئەوینمان
چەند لەحزەیەکی جێماوم
لە عەرشی نەفامێک بەسە
بۆ کۆڕی لێک دابڕانمان
هەوارێکی پڕ خەتامان
جێ ژوانە
پەنلوبیش
مەراسیمی خەتاکانم جوانتر ئەکا
پەنلوب گیان
تارایەکم لە تریفە بۆ بچنە
کراسێک لە ڕەنگی ئاو و
ئەڵقەیەک لە لاسکی خەمم بەسە
لە جێی سووراو
شوێن ماچێکی دوێنێم بەسە
لەرزی شۆڕەبیم گرتووە و
هەڵئەلەرزم
وەک پەنلوب بڕیارم داوە
نەپەیڤم
بوومە پارچەیەک هەور و
پرچم لەگەڵ سەرەرۆیی
بادی سەبا سەفەر ئەکا
سێبەر دێنم و
سێبەری تر بەڕێ ئەکەم
ئەی خودایە
خەونێکی دوور و درێژە
مانگ نوقمی ڕوخسارم بووە و
ئەمەوێ وەکو پەنلوب
خەون ببینم

**٢٠٠٩/٨/٥**

*** پەنلوب: یەکێکە لە پاڵەوانە لاوەکییەکانی ناو ڕۆمانی (مەسیح لە خاچ دەدەنەوە)ی (نیکۆس کازانتزاکیس)، هاوسەری (لاداس)، لای ئەم پیاوە بەدبەخت دەبێ، کە کچەکەشی دەمرێ ئیدی بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ و هەر گوێ دەگرێ و لاداس چی شتی گرنگ، یان سارد و گەرمی هەیە بۆی باس دەکا. ئەو بە دەم گۆرەوی چنینەوە هیچ کاردانەوەیەکی نییە و هیچ نالێ.**

# West we go

**فیلیپ سوپۆ**
**لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**

هەموو شارانی جیهان
مێرگی بێزاری مردووی لە برسان
شەربەتی فێنک پێشکەش دەکەن
بۆ یاداشتی تەنیاکان و جاقییەکان و
بۆ نیشتەجێکان
شارانی کیشوەرەکان
ئێوە ئاڵان
ئەستێرەن کەوتوونەتە سەر زەمین
بێ ئەوەی زۆرباش بزانن بۆچی و
دۆستەکانی شاعیرانی ئێستا.
هاوینێک لە لەندەن پیاسەم دەکرد
پێ سووتاو و دڵ لەناو چاو
لە نزیک دیوارە ڕەشەکان لە نزیک دیوارە سوورەکان
لە نزیک کۆگا گەورەکانی لێواری ڕووبار
پۆلیسی زەبەللاح
شێرگیر وەک نیشانەی پرسیار وەستاون
دەمانتوانی یاری لەگەڵ خۆر بکەین
کە وەک باڵندەیەک دەنیشت
لەسەر هەموو شوێنەوارێک
کۆتری گەڕیدە
کۆتری ڕۆژانە
چوومە گەڕەکێک کە پێی دەڵێن: وایت شاپێل
مەزاری سەردەمی منداڵیم
تەنیا خەڵکی زۆر ڕێکپۆشم ناسی
شەپقەی بەرزیان لەسەر بوو
تەنیا شقارتە فرۆشەکانم ناسی
کە شەپقەی پووشیان لەسەر بوو
وەک سستەرەکانی فرەنسا هاواریان دەکرد
بۆ ڕاکێشانی کڕیارەکان
پێنی پێنی پێنی
چوومە ناو بارێک
ڤاگۆنی پلە سێ
دێزی ماری پۆپی
لەسەر مێز بوو نانی دەخوارد
لە تەنیشت شەربەت فرۆشەکان



کە وێڕای داخستنی چاوێک کاوێژیان دەکرد
بۆ لەبیرکردنی شەو
شەویش وەک پێی گورگ نزیک دەبووەوە
وەک پێی کوندەپەپوو
شەو و بۆنی ڕووبار و بۆنی حێزاو
شەوی خەو زڕاندن
ڕۆژێکی غەمبار بوو
ڕۆژی مس و لم بوو
کە بە ئەسپایی بەناو بیرەوەرییەکاندا دادەچۆڕایە خوارەوە
دوورگە چۆڵ و هۆڵەکان و گەواڵەی خۆڵ
بۆ ئەو گیانەوەرانەی لە تووڕەییان سوورهەڵگەڕابوون
کە سەریان خوار دەکەنەوە
وەکو تۆ و وەکو من
چونکە ئێمە تەنیاین لەم شارە
سوور و ڕەش
کە تێیدا هەموو دوکانەکان بەقاڵن
کە تێیدا باشترین کەس چاویان شینە
گەرمە و ئەمڕۆش یەک شەممەیە
ئەمڕۆ غەمبارە
ڕووبار زۆر بەدبەختە
خەڵکیش لەماڵ ماونەتەوە و
لە نزیک تایمز پیاسە دەکەم
تەنیا یەک بەلەم دەجووڵێ بۆ ئەوەی بگاتە ئاسمان
ئاسمان بێ جووڵە وەستاوە
چونکە یەک شەممەیە
با –ش هەڵی نەکردووە ئەمڕۆ
نیوەڕۆیە و سەعات پێنجە
نازانین بچینە کوێ
پیاوێک بێ ئەوەی بزانێ لەبەرچی گۆرانی دەڵێ
وەک ئەوەی من دەڕۆم
بۆ ژیانەکە لاو و خورتین
منداڵیم لەناو قەفەزە
لەناو ئەم مۆزەخانە دەنگدارە
لە کن مەدام تووسۆ
ئەم نیک – کارتەرە خۆی و شەپقە خڕەکەی
هەموو جۆرە دەمانچەیەک لەناو گیرفانی هەیە
لەگەڵ کەلەپچەی بریقەدار وەک جوێن
لەنزیک ئەویش سوارچاکی بایارد
ئەمەندە پێی دەچێ دەڵێی برایەتی
ئەمەش مێژووی پیرۆزە و مێژووی ئینگلستان
لە نزیک تاوانبارە مەزنەکان کە چیتر ناویان نازانین

کە دەرچووم و بۆ ئەو شوێنەی چووم
قاوەخانەی نەبوو
ڕووناکیشی لێ نەبوو کە دەبووە هۆی فڕینی وشەکان
مێزێکی لێ نەبوو بتوانین ئانیشکی لەسەر دانێین
بۆ نەبینینی هیچ بۆ سەیر نەکردنی هیچ
شووشە نییە
دووکەڵ نییە
تەنیا شۆستەی درێژ هەیە وەک ساڵەکان
کە پەڵەی خوێن لەسەری گوڵ دەگرێ ئێواران
لەم شارە
ئەم هەمووو گوڵ و باڵندانەم بینی
چونکە من بە نیاز بووم لەگەڵ یاداشتم
لە نزیک ئەم هەمووو پەرژینانە
کە باخچە و چاوەکان دەشارنەوە

لە لێواری تایمز
سپێدەیەکی خۆش
سێ ئینگلیز بە کراسی نیو قۆڵ
پڕ بە قورگ گۆرانییان دەچڕی
تەرەلالا تەرەلالا تەرەلالا

ئۆتۆبووس وەک ژووری چاخواردنەوە، چواریانی لەپیسستەر
دەتناسمەوە قەت تۆم نەبینیوە و
تەنیا لەسەر کارت پۆستال نەبێ
کە ژنە خزمەتکارەکەم پێی دەگەیشت
گەڵا مردووەکان
ماری دێزی پۆپی
وردە گڕ
لەناو ئەم بارە بێ نیگایە
ئێوە هاوڕێیانن وەک شاعیرێکی پازدە ساڵە
بە ئەسپایی ڕادەمێنێ و سرووش دەیگرێ
وێڕای بیرکردنەوە لە پاریس
لە لێواری پەنجەرەیەک
هەورێک تێدەپەڕێ
نیوەڕۆیە
لەنزیک خۆر
با بڕۆین بۆ ئەوەی گێل بین
ڕابکەین بۆ ئەوەی بەختەوەر بین
پێکەنین بۆ ئەوەی بەهێز بین
گەڕیدەیەکی سەیر گەڕیدەیەکی بێ جانتا
قەت پاریسم جێ نەهێشتووە
بستێک چییە یاداشتم جێی نەدەهێشتم
یاداشتم وەک گوجیلە سەگێک بەدوام دەکەوت
لە کاریلەکان گیانەوەرتر بووم

که لە ئاسمان، لەنیوەشەو بریقەی دەهات
زۆر گەرمە
بە ئەسپایی و زۆر بە شێرگیری لەخۆم دەپرسی
زۆر تێنوومە، بە ڕاستی زۆر تێنوومە
تەنیا شەپقەکەم هەیە
ئازادی و کلیلی خەونەکان
باوکی یادەوەرییەکان
ئایە قەت پاریسم جێ هێشتووە
بەڵام ئەم ئێوارەیە لەم شارەم
لە پشت هەر درەختێکی شەقامەکان
یادگارییەک خۆی بۆ تێپەڕینم مەڵاس داوە
ئەوە تۆی پیرە پاریس
دواجار ئەم ئێوارەیە من لەم شارەم
پەیکەرەکانت
«گێچی نیشاندانی دووری» ماندوویێتیمن
هەورەکانت دەناسمەوە
کە خۆیان بە کڵاو ڕۆژنەکان هەڵدەواسن
بۆ گوتنی ماڵئاوا یان ڕۆژباش
شەوان تۆ تریسکەداری
خۆشم دەویی وەک چۆن فیلێکمان خۆش دەوێ
هەموو هاوارەکان بۆ من هاواری سۆز و خۆشەویستین
من وەک عەلائەدین –م لەناو باخچە
کە تێیدا چرا ئەفسووناوییەکەی داگیرساوە
بەدوای هیچدا ناگەڕێم
من لێرەم
لە هەیوانی قاوەخانەیەک دانیشتووم
کە پێدەکەنم هەموو ددانەکانم دەردەخەم
وێڕای بیرکردنەوە لە هەموو سەفەرە ناودارەکانم
دەمویست بچمە نیۆیۆرک، یان بۆینس ئایرس
تا لەوێ بەفری مۆسکۆ بناسم
ئێوارەیەک بە سواری پاپۆڕێک
بڕۆم بۆ مادگەسکەر یان شانگەهای
بە پێچەوانەی ڕێڕەوی مسیسیپی
بۆ باکوور بڕۆم
خۆم گەیاندە باربیزۆن
سەفەرنامەکانی کاپتێن کوک –م خوێندەوە
لەسەر کەفی لاستیکی خەوتم
چەند هۆنراوەیەکم لەکن بنەگوڵێک نووسی
وێڕای چنینەوەی ئەو وشانەی بە چڵەکانییەوە
هەڵواسرابوون
ڕێگا هێڵە ئاسنە گچکەکە، دەشتی کەنەدای
بە یاد دەهێنامەوە
ئەم ئێوارەیەش زەردەخەنەم دێتێ چونکە لێرەم

بەرانبەر ئەم پەرداخە هەڵلەرزیوە دانیشتووم
کە تێیدا
جیهانی لێ دەبینم،
بە دەم پێکەنینەوە
لەسەر بۆلڤار و شەقامەکان
شێت و هەرەپاسەکان بەدەم گۆرانی گوتنەوە تێ دەپەڕن
درەختە وشکەکان پۆپەیان دەگاتە ئاسمان
خۆزگە دەکاتە باران
دەتوانین بێ ئازار بڕۆین
تا بە زەریا دەگەین یان دوورتریش
نزیکتر لە سۆز و نیانی ڕۆژانە
نزیکتر لە ڕۆشناییەکان و لە وەڕینەکان
ئاسمان زەوی دۆزییەوە و
جیهانیش شینە
ژنانیش هەن وێڕای سەیرکردنم پێدەکەنن
هەتا ناویشیان نازانم
منداڵانیش لەناو کۆلیتی خۆیان لە کولسەمیورگ هاوار دەکەن
دە ساڵە خۆریش زۆر گۆڕاوە
شتی زۆر هەن لە پێشم سەما دەکەن
هاوڕێکانم لە هەموو لایەک خەوتوون
سبەی دەیانبینم
ئەندرێ چاوی ڕەنگی ئەستێرەکانی هەیە
ژاک لوی تیۆدۆر
پۆل –ی مەزنیش درەختی ئازیزمە و
تریستان –یش پێکەنینەکەی تاوسێکی گەورە
ئێوە زیندوون
ئەدگار و دەنگی ڕاستەقینەی ئێوەم لە یادکردووە
بەڵام ئەم ئێوارەیە من بە تەنیام، من فیلیپ سوپۆ –م
بە هێمنی لە بۆلڤاری سان میشێل دادەبەزم
بیر لە هیچ ناکەمەوە
چراکان دەژمێرم کە پێیان ئاشنام
لەگەڵ نزیکبوونەوە لە ڕووباری «سێن»
نزیک «پردی پاریس»
بە دەنگی بەرز قسە دەکەم
هەموو ڕێگاکانی ئاپۆرەن
کە ئەم ڕووبارەمان خۆش دەوێ هەموو خوێنی
پاریسی پێدا دادەبەزێ
کە پیسە وەک پیسی قەحپەیەک
بەڵام ئەمە بە سادەیی ڕووباری سێن –ە
وەک چۆن لەگەڵ دایکمان قسان دەکەین
ئەوها لەگەڵی دەدوێین
من زۆر نزیک بووم لە ئەو

بێ هەراو بێ پەشیمانی دەڕۆیشتین
یادەوەرییە کوژاوەکانی نەخۆشییەک بوو
وەک ئەوەی چۆن کڕنۆش دەبەین لەکاتی نوێژکردن
وشەکان وەک فرمێسک دەبارین
شیرین بوون وەک شەکرۆکە
ڕۆژباش ڕامبۆ چۆنی
ڕۆژباش لۆتریامۆن، ئاسوودەن
تەمەنم بیست ساڵ بوو فلسێکم نەبوو
باوکم لە سان مالۆ لە دایک بووە
دایکیشم لە نۆرماندی
بەڵام من لە کەنەدا پیرۆز کرام
ڕۆژباش من
بازرگانانی مافوور و بازرگانانی کچانی جوان
کە لە شەقامەکان شەو بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن
ئەوانەی لەناو چاوەکانیان نەرمونیانی چراکان هەڵدەگرن
بۆ ئەوانەی کێشانی پایپێک و خواردنەوەی پەرداخە
شەرابێک
هەرچۆنێک بێ کەمێک تاڵە
من دەناسن بێ ئەوەی ناوم بزانن
وێڕای تێپەڕین پێم دەڵێن ڕۆژباش
لەگەڵ ئەمەش لەناو سینگم
وردە خۆر هەن بەهەراو تەقەتەق دەسووڕێنەوە

کۆلۆسی مەزنی بۆلڤار
پیاوی ئاسکی دایرەی مەحکەمە
لە بەهاران برووسکە جوانترە؟
چاوی برووسکەکانی من مەقەسن
بە شۆفێر دەڵێم هێشتا حەفت گوللەم ماوە
نە کەمتر نە زیاتر
هیچ یەکێکیان بۆ ئێوە نییە
ئێوە وەک لێپرسینەوەکان ناشرینن
لەسەر هەموو دیوارەکانیش دەبینم نووسراوە
مافوور مافوور و مافوور
ناردنی کۆنتێنێری پڕ لە ئەزموون
لە نزیک ئێمە لە نزیک من
شتارتە سوێدییەکان.
شەوانی پاریس ئەم بۆنە بەهێزانەیان هەیە
پەشیمانی و سەرئێشە بەجێ دەهێڵن
منیش دەمزانی درەنگە
شەویش
شەوی پاریس بەم زووانە لەناو دەچێ
وەک ڕۆژانی جەژن
هەموو شتێک باش ڕێک خراوە

کەسیش ورتەی لە دەم دەرنایێ
چاوەڕێی سێ تەقەکەم دەکرد
خۆر وەک گوڵێک دەپشکوێ
وابزانم پێی دەڵێن قەلقەشانگ
سەوزایی میکانیکی مەزن
بەشت هەڵدەگەڕێ و ڕێگاش دەبڕێ
بەڵام بە دڵسۆزی
چیتر نازانین پێویستە بەراوردی بکەین
بە کەبەر
یان بە کلۆ
دەبینم دەریاوانەکان دەردەچن
بۆ پاککردنەوەی ڕەژوو
فیتەرانی پاپۆڕەکان
پێش گەرمکردنی کوڵخانەکان
جغارەیەک دەپێچنەوە
لەوێ، لە بەندەرێک
کاپیتانێک دەستەسڕەکەی دەردێنێ
بەمە ڕاهاتووە
بۆ پاککردنەوەی ناو دەماغی
منیش، بە یەکەم کەسێ لەم بەیانییە
دەڵێم:
ڕۆژباش فیلیپ سوپۆ.

**تێبینی: ناوونیشانی ئەم قەسیدەیە لە بەیەکەوە نووسینی: West we goـەوە هاتووە کە دەکاتە: بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆین، لە هەمان کاتدا شاعیر ڕستەکەی هەڵگێڕاوەتەوە، چونکە بەشێوە ئینگلیزییە سادەکەی دەگوترێ: We go to West.**

**– وشەی کۆلۆس: واتە عیملاق، زەبەللاح. ڕەگی وشەکە ناوە بۆ دوو پەیکەری گەورە کە دەرگاکانی ئایۆن- یۆنانیان دەپاراست.**

**– سێن: ڕووباری «سێن» کە بە ناو پاریسدا تێدەپەڕێ.**

**– تایمز: ڕووبارێکە بەناو لەندەندا تێدەپەڕێ.**

**– بۆلڤار: شەقامی بەرین ئەم بەروئەوبەری ڕیزە درەختی لێ بێ.**

**– کۆنتێنێر: سندووقی ئاسنی گەورە کە دەیخەنە سەر ماشێنە بارهەڵگرەکان و پاپۆڕەکان. (حاویە)**

**– قەلقەشانگ: ڕووەکێکی کێوییە.**



# دەچمە سەر ناڵەشکێنە

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

پێشکەش بەم خۆشەویستانە:
جەعفەر مەجیدزادە، سمایل خزرزادە (سمکۆ)

من دەڵێم سەرگوروشتەی هەرکەس هەر لە خۆی ببیسن، ئەگینا بە کار نایە. باوەکو من بڕاوبڕ خەیاڵی گێڕانەوەی سەربوردەی خۆمم نەبوو، بەڵام لە کۆڵم نەبوونەوە. بەتایبەتی ئەم کوڕە نووسەرە هەر وازی نەهێنا. جارێکی دیکە لە چیرۆکێکی دیکەدا بڕێکی باسی من کردبوو، ئەم جاریش هەر هات و کوتی دەی، هەر هات و کوتی دەی... تەماشام کرد کوڕە بەسەری جەنابی سەیدی زەمبیل خۆشی دەوێم، دەیجا منیش وادە و قەول و قەرارم لەگەڵ دانا و بە درێژایی بەهاری ساڵی ١٣٥١ و ئەو سی چل شەو و ڕۆژەی هاوینی هەر ئەو ساڵە هەموو بەسەرهاتی خۆمم لە نووکەوە بۆ ئەو و میرزا کەریم(*) گێڕاوە. با لە پێشدا ئەوەش بڵێم کوڕە من هاوینی ٥١ زۆر نەخۆش بووم، تەنانەت بڕێ جار لەسەرخۆ دەچووم و وڕێنەم دەکرد، کەچی ئەم دوو میرزایە وڕێنەکانیشیان نووسیوەتەوە، بڵێم چی، بە خودای ئەو وڕێنانەش بڕێکی وایە و بڕێکی... بڵێم چی؟

ئێوە هەمووتان من دەناسن: حەسەن زیرەک، هونەرمەندی کورد و کوردستان، باوەکو هونەر هیچی بۆم نەکرد، لە شاربەدەری و ئاوارە بوون و چارەڕەشی بەدەر، بەڵام پەشیمان نیم، شانازی پێوە دەکەم، بۆ هونەرم کردووە، بۆ کوردم کردووە. بەم پێیە ئەوەی لەم چیرۆکەدا بۆتانی دەگێڕمەوە، سەرگوروشتەی ڕاست و دروستی من ئەوەیە و بێتو کەموکوڕی تێدابێ، تاوانی منە و بە خۆمی ببەخشن! بەڵام مەرجم بەو مەرجەی ئەوی بیگێڕمەوە ڕاستی بێ و ئەوەندە ڕاست بێ لەسەر هەر کەلیمەیەکی مشتومڕێک ساز بێ!

ئەوی ڕاست بێ تەواوەتی ژیان و سەربووردەی من دەبێتە تەقالا و تێکۆشان بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانم

«بچمە سەر ناڵەشکێنە». لەبەر ئەوەی شەوێکیان خەونم بە پیاوچاکێکەوە دیت. ئەو شەوە تەماشا دەکەم کابرایەک لەو سەری حەوزە گەورەوە ڕاست لەبەر دەم دەرگای مزگەتی جامیعەوە نێوم دێنێ و بەرەو من دێ. کە گەیشتە پێشەوە، پیاوچاکێکی بەساڵاچووی نێوچاوان نوورانی بە کراسێکی قەدەکی ئاوداوێن سپییەوە بوو، من لەسەر خیابانی (شەقامی) تازە ڕاست لە بن ئەو دارە ڕاوەستابووم کە عەلی بەگی یەکشەوەیان لەسەری.... کوێر بم. دەیناسن؟ لەبیرتانە؟...

(با لەسەر تۆ لە دارم دەن، وەک شێربەگی یەکشەوە...)...

کابرایەکی بڵێم چۆن بوو؟ هەر لە پیاوچاکی نێو نەقڵ و ئەفسانە دەچوو، کە گەیشتە بەردەمم، لێمی پرسی:

– تۆی حەسەن؟

* کام حەسەن؟

– حەسەنی عەبلای...

* بەڵێ منم، خۆمم.

دەستێکی بە سەرمدا هێنا و کوتی:

– تۆ دەنگت زۆر خۆشە حەسەن، بێتو لە کێوی «ناڵەشکێنە» سەر کەوی و لەو لای «کونەبا»یەکەوە، لە بن دار هەنارە هەرە گەورەکەیدا دانیشی – ئەو دار هەنارەی وا ساڵدەری دوانزە مانگە گوڵ و گەڵا و هەناری هەر پێوەیە – جا دەست بکەی بە گۆرانی وتن، بەو مەرجەی ئەوی دەیڵێی نەیڵێیتەوە تا تینوویەتی لە زبانت دەخا، ئەوسا هەستی و هەر لەو کانییەی بن دار هەنارەکە تێرتێر ئاو بخۆی و تینوویەتی خۆت بشکێنی و بچییەوە ژێر دار هەنارەکە و دەست بکەیەوە بە گۆرانی وتن تا خەو بە لاتا دەخا و دەچییە غوڕابی خەوێکی قووڵەوە. جا خاترجەم بە لەسەر ئەم داری دنیایە، نە لە تۆ دەنگخۆشتر پەیدا دەبێ و نە کەس لە تۆ باشتر و لەبەردڵانتری دەڵێ.

من هەر ئەوەندەم پێ سەیر بوو نەبێتەوە. خۆ ئاخە ئەو ناڵەشکێنەیەی من دیتبووم، دارهەنار و حەوز و کانی لێنەبوو، بۆیە پرسیارم کرد: کام دار هەنار؟ کام کانی؟ سەر ناڵەشکێنە دار هەنار و حەوز و کانی لێ نییە...

کابرای بەساڵاچووی پیاوچاکی نێوچاوان نوورانی کراس ئاوداوێن سپی دای لە قاقا و کوتی:

– چۆن دار هەنار و کانی لێ نییە؟ یا... ئەی سەر ناڵەشکێنە نابێتە باخی میراوا؟ ئەی باخی میراوا هەمووی دار هەنار نییە؟ تەنانەت بێتو لەسەر ناڵەشکێنە بە نێو باخی میراوایدا بگەڕێی دار و دەوەنی شیلان و بەن و بایام و ڕەزیشی لێیە.

بەڵام بۆ بەیانی کە ئەم قسەیەم بۆ دایکم و ئەوان گێڕاوە، کەس باوەڕی پێ نەکردم. زۆری پێ چوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ دایکم و زوبێد و سارا و کاکەمینە و حوسێنی برام بۆ دۆزینەوەی کارگ و ڕێواس و شنگ و کەنگر چووبووینە سەر ناڵەشکێنە. حوسێن زۆر منداڵ بوو، من کەمێک باوخۆشتر بووم، کاکە مینە لە هەردووکمان گەورەتر بوو. ئێمە ئەم سێیانە پێکەوە کایەمان دەکرد. حوسێن زوو ماندوو بوو، لە بن دار هەناری سەر کانییەکە خەوی لێکەوت. دایکم شتێکی بۆ ڕاخست و شتێکی پێدادا و بە منیشی کوت لە لای دانیشە و ئاگات لێی بێ. کوڕە هۆشیار نەبی دەعبای کێوی، یان دەیگەزن، یان دەیخۆن، ئیدی برات نابێ. ئەلعان حوسێن جارجار دەڵێ ئەوانەم هیچی لەبیر نییە، چونکە زۆر منداڵ بوو. من جوان لەبیرمە، چونکە لەو باوخۆشتر بووم. کاکە مینە زۆر جوان هەر هەمووی لەبیرە، چونکە لە ئێمە گەورەتر بوو. دوایی دایکم و کاکە مینە و خوشکەکانم چوون بۆ دۆزینەوەی کارگ و ڕێواس و... حوسێن خەوتبوو، منیش لەبن سەری ئەو، پاڵمدا بە دار هەنارەکەوە و دەستم کرد بە گۆرانی کوتن. هەر گۆرانیم کوت، هەر گۆرانیم کوت تا لە پاش سێ چوار سەعات دایکم و ئەوان گەڕانەوە. ئەوەندەم گۆرانی کوت زمانم ویشک ببوو، نێو زارم ویشک ببوو، لە دەمو زمان کەوتبووم. هەستام و لەو کانییە ئاوساردەی بن ئەو دار هەنارە گەورەیە تێرتێرم ئاو خواردەوە. دیسانەکە هاتمەوە بن سەری حوسێن. پاڵم بە دار هەنارەکەوە دا و دەستم کردەوە بە گۆرانی کوتن. هەر گۆرانیم کوت، هەر گۆرانیم کوت... تا خەوم لێکەوت. دوایە تەماشام کرد ئەو خەونەی لەوە پێش دیتبووم، یانی کابرای بەساڵاچووی پیاوچاکی نێوچاوان نوورانی کراس ئاودامێن سپی ئەوا هاتۆتە بەرانبەرم ڕاوەستاوە، من گۆرانی دەڵێم و ئەویش چەپڵە و چەقەنەم بۆ لێدەدا. دایکم خەریکی ئاور کردنەوە بوو، کاکە مینە و خوشکەکانم لە ویشکەڵ و چیلکەوچاڵ دەگەڕان، حوسێن هەستابوو و لە دەوراندەورمان کایەی دەکرد. دوایی کابرا لێم هاتە پێشەوە، لێمی پرسی:

حەسەن تۆی؟ – بەرگی گۆڕیبوو، کۆتوشەڵوارێکی هێندێ کۆنی ڕەشی قەترانی لەبەردا بوو –

* سەرم بەرەو پێشەوە لەقاند و کوتم: ئممم!

نێوچاوانمی ماچ کرد و کوتی: ئافەرم حەسەن زیرەک، وەڵڵا لەسەر ئەم داری دنیایە کەس بە قەرا تۆ دەنگی خۆش نییە، کەسیش لە تۆ خۆشتر و لەبەردڵانتری ناڵێ، ئافەرم. ئا گۆرانییەکی دیکەشم بۆ بڵێ، لە دوورەوە گوێم لە دەنگت بوو، بە دەنگتەوە هاتم، ئایەی گۆرانییەکی دیکەشم بۆ بڵێ.

* پرسیم: چیت بۆ بڵێم؟ کام گۆرانی؟

– کوتی: گۆرانی «دەچمە سەر ناڵەشکێنە»

* کوتم: نازانم، قەت نەمبیستووە.

– کوتی: ئاوا... دەستی نایە بناگوێی و دەستی پێکرد: «دەچمە سەر ناڵەشکێنە، بەرانبەر بە بۆکانێ...» لە نیوەیدا منیش هەر لەسەر ئەو شیعر و ئاوازە دەستم پێکرد، چەند شیعرێکی خۆشم کردە نێوئاخن. ئەو ڕاوەستا و گوێی دایە من. منیش بۆم کوت. دوایە ماچمی کرد و کوتی: ئافەرم، حەسەن زیرەک.

ئەم جار دایکم چای تێکرد و بۆی هێنا. کابرا ڕۆیبوو. لەو هەردومەکانە نەمابوو. زۆرمان چاو گێڕا، زۆرمان هەرا لێکرد، دیار نەبوو، نەمابوو. دەتکوت بیرابیڕ لەو هەردومەکانە نەبووە.

دایکم کوتی: وەڵڵا ئەوە خدری زیندە بوو...

کاکە مینە کوتی: نەخێر... خدرەلیاس بوو!

حوسێن کوتی: ئەی سەیدی زەمبیل نەبوو؟

سارا و زوبێد کوتیان: تۆ خودا ئیدی ببە حەسەن زیرەک، ئێمەش پێت دەڵێین حەسەن زیرەک.

ئیدی نازانم کەنگێ گەڕاینەوە، لە دوایە باسم دەکرد، حوسێنی برام هیچی لەبیر نەمابوو، بەڵام ئەو حەلێب نییە، ئاخە ئەو زۆر منداڵ بوو، کاکەمینە قاقا دەکێشێ و دەڵێ وا بوو، وا بوو. ئەو هەموو شتێکی لەبیرە، ئاخە ئەو لە ئێمە باوخۆشتر بوو، دایکم و کچەکان شتێک دەڵێن، شتێک ناڵێن، لە بیریانە، لەبیریان نییە... جاری وایە دەڵێن خەون بوو گێڕاتەوە، جاری وایە دەڵێن ئێمەش دیمان، جاری وایە...

خۆلاسە، کاری من بووە ئەوەی گۆرانی بڵێم، فیکر و زیکریشم ئەوە بوو کە چۆن بچمە سەر ناڵەشکێنە. ئاخە نەمدەتوانی. هێشتا هەرزەکار بووم. ناڵەشکێنەش بە ڕواڵەت کێوێکی مامناوەندی شانی شاری بۆکانە، بەڵام نا، کێوێکی سەختە، زۆر ڕژدە، ئەسپ لێی سەرکەوێ ناڵی دەکەوێ، بۆیە پێی دەڵێن «ناڵەشکێنە».

هێشتا مێرمنداڵ بووم، پرسیارم کرد چۆن دەتوانم بچمە سەر ناڵەشکێنە؟

کوتیان هەر کەس دروێنە بکا، گێرە بکا، جەنجەڕ بگێڕێ، دەتوانێ بچێتە سەر ناڵەشکێنە. چەند ساڵ دروێنەم کرد، لە بن سوورەتاوی هاوین، گێرەم کرد، جەنجەڕم گێڕا... لە بن سوورەتاوی هاوین. ئارەقم دەڕشت، دەست و لاقم دەقەڵشی، لەبەر توونیەتی زمانم دەشکا. هەر دەمکوت قەیناکا، با بەهێز بم، با بەتوانا بم، با بتوانم بچمە سەر ناڵەشکێنە. جا کە چوومە سەر ناڵەشکێنە، لەبن ئەو دار هەنارە گەورەیە، لەسەر ئەو کانییە، گۆرانی بۆ دەڵێم و مەرج و بڕیاری خۆم دەبەمە سەر. چەند ساڵ ئەوە کاروپیشەم بوو، دێ بە دێ و شار بە شار دەگەڕام و دەچووم بۆ لای هەموو گۆرانیبێژێک، هەموو دەنگخۆشێک. گوێم دەدانێ، شیعر و ئاواز و گۆرانیم لێ هەڵدەگرتنەوە و هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووم ئەوەندە بەتوانا بم تا بتوانم لە ناڵەشکێنە وەسەر کەوم و لەوێش ئەوەندەم شیعر و ئاواز و گۆرانی پێ بێ کە کاتێ لە بن دار هەنارەکە و لەسەر حەوز و کانییەکە دانیشتم و دەستم کرد بە گۆرانی کوتن، ئەوی کوتم نەیڵێمەوە تا مەرجی کابرای بەساڵاچووی نێوچاوان نوورانی کراس ئاودامێن سپی بەرمە سەر.

لە پاش پەنجا ساڵ تەقالا و تێکۆشان دوێنێ لە ناکاودا تەماشا دەکەم لەسەر دوندی ناڵەشکێنەم. ئاخ چەندە بە ئاواتەوە بووم بگەمە سەر ئەم دوندە. بێتو بزانن ئەم شوێنە چەندە پیرۆزە و چەندە خۆش و دڵڕفێن و چەندە هەست بزوێنە. جا خۆ هەموو خەڵکی عالەم دەزانێ، دەبا لە لای ئێوەش پێی لێنێم، وەسییەتم کردووە «هاتو مردم لەسەر ناڵەشکێنە بمنێژن»، بەڵام دوندی ئەم کێوە نە هەورازە و نە زەرد و ماهو ڕەوەزە، تەختان و پانتاییەکە نەبێتەوە. باخی میراواش لەوێ بوو، هەمووی دار و درەخت و دەوەنی شیلان و بادام و تووترک و بەن و ڕەز و هەنار بوو. چەند کانییەکیشی لێیە، ئاوەکەی ئەوەندە سارد و خۆش بوو، هەر کەس ئاوی لێ بخواتەوە، ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە. بە خۆم دەڵێم ئاوات و هیوای

هەرە گەورە و گرانم ئەوەیە لەسەر ئەم دوندە بمنێژن. جا خۆ مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ چەند ساڵ و ساڵگارە ئاواتەخواز و تامەزرۆی ئێرە بووم. ئۆخەیش ئەوە نەمردم و بە ئاواتی خۆم گەیشتم. دەبێ کاتێ دانیشم و ساتێ بحەسێمەوە. هەر لە بن دار هەنارە گەورەکە دادەنیشم، ئۆخەیش، چەندە چاوەڕوانی کاتوساتێکی ئاوا بووم. دەڵێم هەموو هاتو نەهات و نەیامەتی ژیانم دەگەڕێتەوە سەر... ئاخ بڵێم چی؟... بە زبانی خۆم نەبێ، خۆ لە هیچ شتێ، تەنانەت لە بەخت کردنی سەر و ماڵیش، لە گیان و ڕوحیش درێغیم نەکرد... ئاخ دەڵێن پیاو بۆ خۆی، بە زمانی خۆی بەسەر خۆیدا هەڵنەڵێ... دەڵێم چی نازانم، سەربوردێکە و دەیگێڕمەوە... قسەیەکە و ئەوە تەمەنێکە لە دڵمدا پۆنگ دەخواتەوە... ئیدی خۆم بۆ ڕاناگیرێ و دەبێ دەریبرِم!

مەمنا باسی خۆم و ئەو هەڤاڵەیە کە لە هەموو کەس خۆشترم دەوێ، برێک دوودڵم، کەچی ئەوەندی ئاخت و چار دەکەم ناتوانم نەیگێڕمەوە و نەیڵێم، ئاخە بێتو من نەیڵێم ئەی کێ بیلێ؟ دەمرم و دەچمە ژێر خاکی گۆڕ و قسەکە ون دەبێ. بۆ هەر کوێ دەچووم، هەر چیم دەکرد، هاوەڵی پیاوچاکی نێوچاوان نوورانی بەساڵاچووی کراس ئاودامێن سپیم هەر لەگەڵدا بوو، خەونم پێوە دەدی، تووشی دەهاتم. بۆ من لە باب باشتر بوو، ئامۆژگاری دەکردم، چاکە و خراپەی پێ نیشان دەدام، دایم و دەرهەم، یانی لە هەموو دیدارێکدا پێمی دەکوت:

«تا دەتوانی پاک و خاوێن بە، لە دڵ و دەروونەوە جوان بە، جوانپەرست بە، جوانی جیلوەی زاتی خوایە. مەرد و ئازا و جوامێر بە. چۆن دەبێ خەڵک ڕووت و قووت و برسی بن، لە دەوروبەری ماڵ و بەر دەرگاتا لە نەداریدا بناڵێنن و تۆ یارمەتیت لە دەست بێ و یارمەتییان نەیەی؟ ئەی هاوار، ئەی هاوار چۆن دەبێ عەمارت پڕ بێ و بەشی برسی و هەژار نەیەی؟ ئەی جوامێری یانی چی؟ ئەی پاک و خاوێنی دەروون و جوانی و جوانپەرستی یانی چی؟ حەسەن... جوامێر بە جوامێر... دەسگیرۆیی هەوجێ مەندانت لە یادا بێ...»

هەزار کەڕەت لە دڵی خۆمدا بە خۆم دەکوت تۆش هەر زمانت هەیە، هەر قسە دەکەی و کردەوەشت نییە. ئەگینا ئەوەتانێ لە وڵاتی خۆت، لە شانی ڕاستتەوە، لاوێکی شەپلە لێدراوی بێ توانای لەسەر پا وێستان، ئاوات و ئارەزووی ئەوەیە چەرخێکی هەبێ، چەرخێکی خاوەن تایر و تەگەر، تا لە سەری دانیشێ و بتوانێ دەر و ژووری ماڵەکەی بکات. نامەردت نەکەن بەزایە ناچێ. لە لای خودا ون نابێ، بۆی بکڕە. پووڵت نییە؟ دوو مافوورەت لە ماڵدا ڕاخراوە، یەکیانی بۆ بفرۆشە و بە پووڵ و پارەکەی ئەو چەرخەی بۆ بکڕە و بە دیاری بۆی بنێرە. دەی ئەم تەکانە لە خۆت دەی و ئەوەندەت لە قوون و هونەردا بێ. کورتی ببڕینەوە بۆم کڕی و بۆم نارد.

با ئەم جار بێینەوە سەر قسە و باسەکەی خۆمان، چەند ساڵ گێرە و دروێنە کردن ئەوەندەی بە توانا نەکردم کە بتوانم لە ناڵەشکێنە وەسەر کەوم، بەڵام ئەم کەڵک و قازانجەی بوو کە لەم دێهات و ئەو دێهات ئەوەندەم دۆست و دیوناس پەیدا کرد و ئەوەندەیان گۆرانی وڵاتی سۆرانی و ئەردەڵانی و کرمانجی و موکریانی و کەلوڕی لێوە فێر بووم نەبێتەوە. جارێک لە سابڵاخ لە چایخانەیەک دانیشتبووم، چایخانەکە پڕپڕ بوو لە خەڵک. یەکی دەنگخۆشیان تێدا بوو، خەڵک داوایان لێکرد گۆرانییەکیان بۆ بڵێ. دەستی پێکرد. ئەلحەق باشی دەکوت، برێک ماندوو بوو، کابرایەکی پیر کوتی بابم بە تەنێ نابێ، کێ دەنگی خۆشە لەگەڵیدا بیلێتەوە؟ دووسێ بەندێکم لەگەڵدا کوت. هەموو خەڵکەکە پێیان خۆش بوو و پەسندیان کرد و چەپڵەیان بۆ لێدام. گۆرانی ناڵەشکێنەشمان کوت. لە دوایەدا پرسیم: ئەرێ کێ دەتوانێ بچێتە سەر ناڵەشکێنە؟ نازانم کێ بوو، کوتی بە پێیان نابێ. دەبێ شۆفێری بزانی، چەند ساڵان لەگەڵ ئۆتۆمبێلدا بی، کە موسافیر سوار دەبن قسە و باسیان لەگەڵدا بکەی، پرسیاریان لێبکەی و بزانی ئەوان دەزانن ڕچەی هەیە یان نا؟ بزانی بزنەڕێیەک بۆ وەسەر کەوتن دەزانن یان نا؟ هەروا ئاسان نییە. دەڵێن لە زەمانی زەردەشتی پێغەمبەردا ناڵەشکێنە قەڵای زەردەشت بووە، قەڵای یەزدان بووە. نازانم زۆر شت دەڵێن. لەگەڵ ئۆتۆمبیلدا بی و پرسیار بکەی باشە، ڕەنگە بە مەبەستی خۆت بگەی!!

هەر لە نێو حەشامەتی چایخانەکەدا کابرایەکی شۆفێری لێبوو، بۆ خۆی وەزمان هات. کوتی من ماشێنم هەیە، بۆ خۆشم شۆفێری ماشێنەکەمم، چونکە دەنگت خۆشە وەرە لەگەڵمدابە. بووم بە شاگرد شۆفێر. کابرا هەر دەیکوت دەچین، ڕۆژێک دووان کار ناکەین و کەس سوار ناکەین و

بار لێنادەین، دەچین بۆ ناڵەشکێنە، هەر کەس سواری ماشێنەکە دەبوو، لێیم دەپرسی: گۆرانی دەزانی؟ وەرە شەڕەلاوژە. کابرای شۆفێریش ئەم بەزمەی پێ خۆش بوو. لەگەڵ موسافیری ماشێنەکە و لەگەڵ خەڵکی ئەم شار و ئەو شار و ئەم گوند و ئەو گوند و لەگەڵ دانیشتوانی چایخانە و چێشتخانە و دوکانان و چی و چی گۆرانیم دەکوت و فێر دەبووم. دنیایەکم گۆرانی تازە بیست، هەمووی فێر بووم، هەموویم هەڵگرتەوە. شەوانە بەر لەوەی خەوم لێبکەوێ، یان لە خەوندا هەواڵی بەسالاچووی پیاو چاکی نێوچاوان نوورانی کە زۆر جار کراسەکەی دەگۆڕی، پەیدا دەبوو، گۆرانییەکانی پێ دەورە دەکردمەوە، بۆ خۆشی لەگەڵمدا دەیکوتەوە. قسەی خۆش لەوەدا بوو. کابرا مانای شیعری گۆرانییەکانیشی بۆ لێکدەدامەوە. هەر گۆرانی و دەرگا و دەروازەی دنیایەکی تازەی بە ڕوومدا دەکردەوە و دنیای قسە و باس و فیکر و زیکرمی بەرینتر و قووڵتر و بەربلاوتر دەکرد. ڕۆژێکیان ئەوە فێر ببووم:

**هۆ کاکی جووتیار، خاوەن گاپێلە**
**گاکانت لێخوڕە، هەورەکەی لێڵە**
**داخوا چارەنووس لە دوای کێ وێڵە؟**

کە هاوەڵەکەم - ئاخە تازە ببووینە هاوەڵ - ماناکەی بۆ لێکدامەوە، لەوە بە دوا هەر نیگەرانی وەرزێر و ئەو مرۆڤانە بووم کە لە دەشت و سارات دەمانەوە و مەترسی سەرما و گەرما و دڕندە و هەور و هەلا و بەفر و باران و تەرزە هەڕەشەی لێدەکردن، یان گۆرانی:

**هەورێکی هێنا، بارانی پێوە**
**یاخوا نەبارێ، یارم بەڕێوە**

ئەمە کە فێر بووم و لە ماناکەی گەیشتم سەرەندەری زۆر خەم و خەفەت و پەژارەی خەڵکم کرد، سەرەندەری زۆر کەند و کۆسپی دەردەداران و فەقیر و هەژارم کرد و زۆر جاران هەم لە دڵی خۆمدا، هەم لە قسە و باس و کار و کردەوە لەگەڵ دۆست و دیوناس و باوەڕپێکراوی خۆمدا هاودەردی و هاودڵیم لەگەڵ زۆر کەسان و زۆر دەردەداراندا دەکرد.

بەڵێ کاک میرزا، هەر دوو کاک میرزا. ئێوە بە خوێندەواری و کتێب و ڕۆژنامە خوێندنەوە دنیاتان ناسیوە، من بە گۆرانی فێر بوون و گۆرانی کوتن. هی کامتان ڕەسەنترە؟ گۆرانی هی سەد ساڵ، دووسەد ساڵ، سێ سەد، یان هەزار ساڵ لەوە پێشترە، پەندی پێشینیانە، سامان و موڵک و ماشی ئەم خەڵکەیە. ئێوە پێی دەڵێن فەرهەنگ، کولتوور...، من لە ڕێگای گۆرانییەوە دەرک و دەروازەی دنیام بەسەردا کراوە و سەرەندەری دنیام کرد و لەگەڵ خەم و خەفەت و پەژارە و کەند و کۆسپی خەڵکەکەدا بوومە دۆست و دیوناس و بوومە خەمخۆری ئەم خەڵکە. ڕۆژێک بە سواری ماشێنەکە، بە گۆرانی کوتن و گەڕەلاوژە و شەڕەگۆرانی لەگەڵ چەند کەسێکدا بارمان بۆ لە ماشێنەکە دابوون، بەرەو سەقز دەچووین، یا بەرەو بۆکان، یا بانە و مەریوان، نازانم، باش لەبیرم نەماوە، بۆ لە پڕدا ماشێن وەرنەگەڕا؟ ماشێن وەرگەڕا و کەسێک تێداچوو. بە هەمووان کوتیان تاوانی تۆ بووە، وەڵڵا دەتگرن. دەتخەنە بەندیخانەوە. هەواڵی بەسالاچووی نێوچاوان نوورانی پیاوچاکم کە ئەمجار کۆتوشەڵوارێکی زەردی نارنجی لەبەردا بوو، لە بەر دەممدا قوت بۆوە و پێمی کوت هەڵێ، دەرەقەتیان نایەی، ئەوانە بەدن، بۆ تۆی خوار دەکەنەوە، لە بەندیخانەدا بێ تاوان دەتکوژن. هەلاتم بۆ وڵاتێکی دوور، بۆ گوندێکی دوورەشار و دوورەچاو کە کەس نەیدەناسیم. بوومە میوانی کابرایەک. شەوێ هێشتا شیو خواردن تەواو نەببوو، پرسیاری لێ کردم: چی دەزانی؟ کوتم: گۆرانی. کوتی: بیڵێ! دەستم نا بناگوێم و تێم هەڵکرد: «دەچمە سەر ناڵەشکێنە...» دوایە کە گۆرانییەکە تەواو بوو، کابرا کوتی ناتوانی بچییە سەر ناڵەشکێنە، ناڵەشکێنە زۆر دوورە، زۆر ڕژدە، سەرکەوتن لە ناڵەشکێنە زۆر ئەستەم و چەتوونە. مەگەر بچی بۆ بەغدا. زیارەتی غەوس و دۆستایەتی عەلی مەردان بکەی، بەشکو یارمەتیت بەن، یان بچی بۆ سلێمانی، بۆ زیارەتی کاکەحمەدی شێخ و دۆستایەتی کەریم کابان و کاک ئەنوەر، دەبێ لە هەر دوو لاش بێنیبییەوە، کار بکەی و خەڵک بدۆزییەوە گۆرانیت بۆ بڵێن و گۆرانییان بۆ بڵێی. لێیانەوە فێر بی و فێری گۆرانی خۆتیان بکەی. خزمەتی گۆرانی و هونەر بکەی. خزمەتی خەڵک بکەی. ئەگەر پێگەیشتی و توانیت خزمەتی هونەر و گۆرانی و کەلیمەی کوردی بکەی و شانس و ئیقباڵت بیگەیەنێ و ئەم زاتانەش یارمەتیت بەن، ڕەنگە ئەم جار بتوانی لە ناڵەشکێنە وەسەر کەوی.

شەوێ لە سەربان خەوتین. لەو سەربانە بڵندە، لەو

گونده دوور و نەناسراوە هەر وەکو لەنێو جێ و باندا خەو لە چاوانم زەڕیبوو و ئەم شان و ئەو شانم دەکرد و فیکر و زیکری خزمەتی گۆرانی و کەلیمە و کولتووری کوردی دایگرتبووم. تەماشام کرد لە بەندەنی کێوی ناڵەشکێنەم، بەڵام بەر حوکمی ئەوەیان کردووم تا بەردێک بنێمە سەر شان و بەرەو لووتکەی کێوی ناڵەشکێنە وەڕێ کەوم و ئەو بەردە بگەیەنمە ئەو دوند و ترۆپکە.

تەماشای بەردەکەم دەکرد و سەرم ڕادەوەشاند، لە دوایەش دەمکوت: نا، نا! بارێکی زۆر زۆر قورس نییە، کارێکی دژوار و چاوەڕوان نەکراو نییە. بەردێکە، بەردێک. گریمان بە بارستایی نیو مەتر و بە کێشی نیوەی کێشی خۆم. دەستم بۆ برد. ئەم لاو ئەولای بەردەکەم دەگرت. ڕەق و ساردوسڕ. هێز و توانام وەبەر خۆم دەنا. تێی ڕۆدەهاتم. هەڵمدێنا و دەمنایە سەر شانم. جا سەرەو ژوور وەڕێ دەکەوتم. بە خۆم دەکوت دەبێ بیگەیەنمە دوندی ناڵەشکێنە. بێتو نەیگەیەنم ئەرکی خۆم بەجێ نەهێناوە، بەڵام دەتوانم. لە خۆم ڕادەبینم بیگەیەنمە تۆقی سەرم و لەم چیا سەرکەشە وەسەری خەم. وام بە خۆم دەکوت و بەرەو ژوور دەڕۆیشتم. سەرەو ژوورێکی ڕژد و دژوار بوو، بەرە بەرە پشووم سوار دەبوو، ئارەق، ئارەق لە ئازای ئەندامەوە. هەڵدەقوڵی... ئارەق تەواوی لەشم، دەبووە شەڵاڵی توێژاڵێ ئارەقە. دەڕۆیشتم، دەبایە... بڕۆم... بڕۆم... سەرکەوم. بێتو نەڕۆم و ئەرکی خۆم بەجێ نەهێنم، هەموو شتێ. تێک دەچێ. هەموو شتێ، بەڵام، بێتو نەڕۆم، دادەڕووخێ، تێک دەڕمێ، بەڵا و کەند و کۆسپ. زام و ئازار وڵات دادەگرێ. هەموو شتێ تێدا دەچێ. کەلیمەی کوردی نامێنێ، نامێنێ. نا... نا... نابێ لە ئەرکی خۆم... بخافڵێم. باری خۆمە و دەبێ بیکێشم، دەبێ بیکێشم، پشوویەک ئاخ میرزا... پشوویەک.. ئەی هاوار، خۆ بەردەکە. لەسەر شانم داخزی و لە دەستم بەربۆوە و هاوار بە ماڵم... ئاخ، خللۆر، خللۆر... خللۆر بۆوە، ئەهە.. سەر لەنوێ، لەنووکەوە، دەبێ بچمە بناری کێو، بەردەکە بدۆزمەوە و بینێمەوە سەر شانم و دیسانەکەش بەرەو سەرێ... بەرەو سەرێ.

بەو نیوەشەوە، لەو سەربانە، ڕاچەنیم و هاتمەوە خۆ. ئارەقەیەکی سارد و سڕ تەواوی لەشمی خووساندبوو. کزەبایەک وە لەرزە لەرزی خستبووم. لە سەرما هەڵدەلەرزیم. پاش شیو خواردن و کاتی خەوتنان هەوا گەرم بوو، ئارەقەم کردبوو، ماوەیەک لە نیوەشەو تێپەڕیبوو، کزەبایەکی سارد چی بەسەرهێنابووم؟ لێفەکەم لە خۆم هاڵاند و چوومە ماڵی فیکرەوە. بەردی کوێ و ناڵەشکێنەی کوێ و ئەرکی کوێ؟ من کوێ و بناری ناڵەشکێنە و شاری بۆکانی کوێ؟ لەم کوێندەرکوێ (**)یەدا لە نێو چاوانی من نەنووسرابوو لە زێدی خۆمدا بم و حەواوە و حەساوە بم. لە چارەنووسی منیان نەنووسیبوو بگەمە سەر ناڵەشکێنە. سبەینێ لە نەخۆش دەچووم، بە نەخۆشی ئاوەژووی ئەدیو بووم و بەغدا خۆت بگرە و هاتم. لە بەغدا لە ئوتێل و ڕێستووڕانێکدا کارم دەکرد. لە هەشت و نۆی بەیانییەوە تا نیوەشەو. ئەم شوێنی کار و ئیشە لە کەناری دیجلە بوو، ڕووباری دیجلە لەبەر ئەو هەموو ئاوە لە دەریا دەچێ. شەوانە لە یازدە و دوازدەی شەو بەو لاوە، لە ژوورەکەمدا یەکێ لە ژوورەکانی ئەو ئوتێلە کۆ دەبووینەوە، من و مام جەلال و هەڤاڵێکی دیکە، پەنجەرەی بەرەو ڕووی دیجلەمان دەکردەوە و لە دیجلەمان دەڕوانی. گەمی بە سەر ئاودا دەهاتن و دەچوون، ئەویندارن تێدا. گەنج و لاو، کیژ و کوڕ. ژن و پیاوی لاو و مامناوەندی ئەویندار بە کەناری دیجلەدا دەهاتن و دەچوون. قۆڵ لە نێو قۆڵی یەکتردا، سەرخۆش و دڵتەڕ و دڵ بەدنیا. تەماشامان دەکردن، خۆزگەم بە خۆیان. بێ خەیاڵ بوون، سەرخۆش و ئەویندار بوون، ئێمە نەماندەتوانی وا بین. کورد بووین، بەردێکمان بە کۆڵەوە بوو. دەبایە ئەرکی خۆمان لەیاد بایە، هاوەڵەکەم دەیزانی دەنگم خۆشە، لێمی بیستبوو، بۆ مام جەلالی گێڕابۆوە.

شەوێک مام جەلال فەرمووی: دەڵێن دەنگت خۆشە. داتۆغا بیڵێ و ئەو عارەبانەم بۆوەجۆش خە! تێم چریکاند، نە گۆرانییەک، نە دووان و نە... شووشەی تەواوی بەغدا خرمەی دەکرد و دەڕژا، دڵی تەواوی ئەویندارن لە کوتە دەکەوت و دەکەوتەوە کوتە کوتێکی خێرا. فرمێسک بە گۆنامدا هاتە خوار و کەوتمەوە یادی ناڵەشکێنە...

مام جەلال فەرمووی: دەبێ بچی بۆ ڕادیۆی بەغدا... دەبێ لەوێ بیڵێی. لەسەر ئاساسۆنی بەغدا. هەر بۆخۆی جێبەجێی کرد و ناردمی، چووم، چۆن چوونێک؟ بوومە حەسەن زیرەک. دەرک و دەروازەی دنیایەکی تازە و هەزار

دۆست و دیوناس بە ڕوومـدا کـراوە. ئای دنیـا چەندە بەرین و بەربڵاوە؟

شـەوێک هاوەڵی بەسـاڵاچووی نێـوچاوان نوورانی پیاوچاکم بە کەواو پانتۆڵی ئەفسەرییەوە هات بۆ لام و کوتی: ناڵەشکێنە بوو بەچی؟ کوتم هەر لە خۆم دەنووسێم و دەروەستی نایەم. ئێستاش ئەو ماشێنە وەرگەڕاوە. کوتی کاری ئۆتۆمبێلەکە جێبەجێ بووە، کاریان بە تۆ نەماوە. ناڵەشکێنەش کاتی هاتووە.

لە خۆشیان بەو نیوەشەوە کە تەواوی خەڵکی بەغدا لە غـوربەتی خـەودا بوون، تێم چریکاند، تەواوی خـەڵکی بەغدا وەخەبەر هاتن. هەموویان ئێخە و بەرۆکمیان گرت و نەڕاندیان: ئەوە چییە بەو نیوەشـەوە؟ شێتی؟ شێت بووی؟ کوتم ئا، ئا، شێتم، شێتی بۆکان و ناڵەشکێنەم.

لە ڕێی هەولێر و بارزان و سۆران و حاجی ئۆمەرانەوە هاتمەوە. چووم بۆ زیارەتی بارزانی. قەت لە بیرم ناچێ. تاقە ماچێکم کرد، ئیدی نەیهێشت. دەستی بە سەرمدا هێنا و فەرمووی: ئەمانەتێک هەیە، دەیبەی بۆ ئەو دیو؟ کوتم ئەوە تاقە شانازی تەواوی ژیانمە.

نەگەیشتمەوە بۆکان، لە سابڵاخ چوومە ئەساسۆنی ڕادیۆی ئەرتەش. ئەوی پێم خۆش بوو کـوتم. لە دنیـادا تەقـیـیـەوە، دەنگی داوە. بۆ خۆیان داوەتیـان کـردم بۆ ئەسـاسـۆنی ڕادیۆی تاران. هەمـوو شـەوێ لەسـەر ئەسـاسـۆنی تاران دەمکوت. دنیـا دەلەراوە، دنیـا هەڵدەتەکی، لەسەر ئەساسۆنی کرماشان دەمکوت، دنیا دەگۆڕا، موکریان، بۆکان، سابڵاخ، سەقز، بانە... سنە، کـرمـاشـان، مـەریوان... سـەردەشت، خـانێ، شنۆ... هەمـووی ئاوەدان بۆوە، هەمـووی نێـوبانگیـان دەرکـرد. هەمـووی بوونە برا و هاوسێی دیواربەدیوار. کەڵکەڵەی بۆکان لێنەگەڕا. لە تارانەوە بەرەو بۆکـان، بۆکـان خـۆت بگرە و هاتم. بانگی شێوان کەمێ زووتر، میرزا ڕەحیم و میرزا حوسێن و میرزا عەبدوڵڵا لەبەر دەرگای گاریژەکە چاوەڕێم بوون. چاو بە یەک کەتنمان و بە بانگ و سەڵا گـــــریانمان یەک بـوو. چۆن، دووری ئاوایە؟ چۆن، خـۆشـەویسـتی ئاوایە؟ چۆن، هاوەڵ ئاوایە؟ شـەوێ لە ماڵی میرزا ڕەحیم بووین. شیو کرابوو، میرزا حوسێن کوتی خەڵکی زۆر بیرت دەکەن، هەر هەمـوو خەڵکی شارەکە. بە منداڵ و پیر و جحێڵەوە، ژن و پیاو. مەگەر خودا بزانێ چەندەت بیر دەکەن.

کوتم ئەی من چی؟ ئەی پێت وایە من بیریان ناکەم؟

ژوورەکـە دوو نهـۆم بـوو، ئێـمـەش لە نهـۆمی سـەرێ بووین. دوو سێ پەنجـەرەی گـەورەی تێدا بـوو، مـیـرزا عـەبدوڵڵا هەمـوو پەنجـەرەکـانی کـردەوە و کـوتی: دەی. دەســتم نا بناگـوێم و تێم چریکاند: «کــەویار هەی کەویار...» ڕاست لە پاش دوو دەقیقە لەبەر دەم حەوزە گـەورەوە جـوابیـان دامـەوە: «کـەو مـوکـریانی، کـەو مـوکریانی...» نیو دەقیقە دواتر لە کۆڵانی حەمامی کۆنەوە: «کەو ئەردەڵانی، کەو ئەردەڵانی» دوایە لەسـەر قـەڵای سـەردارەوە، ئەم جـار لە خـیـابانی کـۆنەوە، لە گوزەری سەید سەدیقەوە، گوزەری خەیاتەکان، کۆڵانی قەپانی قاسماغا و قەپانی حەمەدەمین ئاغا، دەوروبەری چوارچرا، بەرەو پۆسـتـەکـە، بەرەو باغی برایماغـا، دەوروبەری قەبرانی قەدیم و...

بۆکان هەر ئەوەندە بوو. تەواوی جحێڵ و کوڕ و کیژی بۆکـانی پێکەوە تێـمـان چریکاندبوو: «کـەویار هەی کەویار...» ئەرێ تا سەعات دوو و سێی نیوەشەو کەس خەوت؟ ئەرێ کەس بوو سەرخۆش و بەنەشە نەبێ؟ ئەرێ گـۆرانی مـوکـریان مـابوو ئەو شـەوە نەمـانکوتبێ؟ لای بەرەبەیان کۆتاییان پێهێنا. میرزا ڕەحیم کوتی بیری کوێ دەکەی؟ کـوتم: سـەر ناڵەشکێنە. کـوتی سـبـەینێ نا، مـاندووین، نەخەوتووین، دووسبەی دەچین. کـوتی دەی بیـری کـوێ دەکـەی؟ کـوتم: باخی مـیـراوا، زەمـبـیـل، بەستەنیخانەی مەحموودی سەیدسووڵی. دوایە کوتی: ئەی بیری کێ دەکەی؟ زۆرم فیکر کردەوە: بیـری هەمـوو کەس، دیوناسە قەدیمییەکان یەک بە یەک. میرزا دە ساڵ دواتر، شار بە شاری هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ من بۆکان بوو. هیچ فەرقیان نەبوو، هەر هیچ. خۆشەویستی سەقز و بانە و سابڵاخ و کرماشان و سنە و شنۆ، هیچی لە خۆشەویستی بۆکان کەمتر نەبوو. خۆشەویستی کۆیە و هەولێـر و قـەڵادزێ و ڕەواندز و سلێـمـانـی و دهۆک و کەرکووک و... هیچی لە خۆشەویستی هیچ شارێکی ئەم دیو و ئەو دیو کـەمـتـر نەبوو. خۆشـەویستی کاکـەمـینە و حوسێن و زوبێد و سارا لەگـەڵ خۆشـەویسـتی مـاملێ و عـەبدوڵڵازادە و خـالقی و مـحـەمـەد عـارف و حـەسـەن جـەزراوی فـەرقی نەبوو، خـۆشـەویسـتی ئەمـان لەگـەڵ خۆشەویستی عەلی مەردان لە کەرکووک و تایەر تۆفیق لە کۆیە و مشکۆ لە هەولێر و کەریم کابان لە سلێمانی

هیچ فەرقی نەبوو. نا، نا، ئەم خۆشەویستانە هیچ فەرقێکیان نەبوو. ئەوی ڕاست بێ هاوەڵی بەساڵاچووی پیاوچاکی نێوچاوان نوورانی کۆتوشەڵوار ڕەشی قەترانی بەردەوام ئەوەی پێم دەکوت و دووپات و چەند پاتی دەکردەوە.

بەڵام ئەو هەموو دۆست و دیوناس و وڵاتە هەر وەکو خۆشەویستییەکی بەرین و بەربڵاوی پێک هێنابوو، ڕق و بەخیلی و تووڕەیی و نامیهرەبانی زۆرکەسیشی ئاوقام کردبوو. زۆر دیوناس لێم ببوونە غەریبە و نامۆ، زۆر دۆستی خۆشەویست لێم ببوونە نەیار و ناحەز، تەنانەت برێکیان زەمو لۆمە و غەیبەتیان دەکردم، تەنانەت لە پشتەوە بە خەنجەر لێمیان دەدا. زۆر جار بە سەر خۆمم نەدێنا. خۆم لە گێلی و بێ خەبەری دەدا، بەڵام بەئێش و ئازار بوو. باوەکو ئێش و ئازارەکان دەروونی بوون، کەچی دەمزانی ئەمانە هەمووی کاتییە و ڕۆژی خۆی کۆتاییان دێ. بەتایبەت ئەو زەنا و هەڵا و هەنگامەیەی سازیان کردبوو، هەر پێم هیچ نەبوو. ڕەنگە بە لای خۆیانەوە پێیان وا بووبێ ئەو دارەی بەسەر شانمەوە بوو، ئەو بەردەی بە کۆڵمەوە بوو، زۆر قورسە و لەبەر قورسی ئەو دارە و ئەو بەردە دەناڵێنم، بەڵام نا، نا، وا نەبوو. ئەو دار و بەردە کۆسپێکی دەرەکی بوون، بەردەوام بوونیان ڕۆژێک و دووان و سیان بوو و کۆتایی دەهات، بەڵام ئەو خەنجەرەی بە دەستی دۆست لە پشتە سەرمەوە لاقەبرغەمی هەڵدڕی، ئەوە جەرگمی بڕی، ئێش و ئازار و دەرد و ژانی ئەمەیە و کۆتایی نایە. ئاخ هەر وەکو ئەو پیر و پیاو چاکە کوتی: (هەزار خۆزیا هەر نەمناسیبا، هەر نەمدیبا، هەر نەهاتایەو نێوچاوانمی ماچ نەکردایە و دەست و موشتاغی لەگەڵمدا نەکردبایە و بەم چەشنە دەست نیشانی نەکردبایەم و ئاخ پشوویەک میرزا... پشوویەک... مردن خۆشترە... ئەی ئەوەی دیکەیان؟ قەت بۆچی دۆستی گیانی بەگیانیت بێ.. لەم شۆدا شیوی لەگەڵتدا خواردبێ، کەچی هەر لەم شۆدا نەکەوێتە بەیانی و سێ کەڕەت لە برایەتی و دۆستی و دیوناسیت حاشا بکا؟ ئاخ... پشوویەک میرزا... پشوویەک... باکم لەو زەنازەنایە نییە، تەواو دەبێ، هەر ئەوەندەی بگەمە سەر دوندی ئەو بەرزاییە، ئەو کەژ و کێوە... تەواو دەبێ... پشوویەک «خوایە... خوایە... بۆ تەنیام؟ بۆ بە تەنیا بەجێت هێشتووم؟» (***)

هاوەڵی بەساڵاچووی پیاوچاکی نێوچاوان نوورانی قەدەک سەرتاپا نارنجی بەردەوام ئەم وتەیەی بۆ دووپات دەکردەوە و پێمی دەکوت: بیکە ئامۆژگاری، بیکە ئەزموون، بیکە تایبەتمەندی ئاکار و خووخدەی خۆت. هەرواش بوو، هەر وام دەکرد. کەچی حەسوود و نەیار ئاخری ژەهری خۆیان ڕشت، ئاخری زەفەریان پێ بردم و وایان بۆ تێچاندم کە لە کونەڕەشیان توند کردم. گیرام، لێیان دام، دارکاری کرام، لەسەر کار لابرام، دووریان خستمەوە، ئاوارە و شاربەدەری غوربەتیان کردم، کەچی دەمزانی هەموو ئەوانە لە پێناوی چیدایە؟ دەمزانی بۆ وام لێدەکەن؟ ئەوە تاوانی خۆشەویستی هونەر بوو، ئەوە تاوانی خۆشەویستی خەڵک بوو، ئەوە تاوانی خۆشەویستی کورد و کوردستان بوو... دەبایە بیکێشم، بۆخۆم هەڵمبژاردبوو، بۆخۆم ویستبووم، دەیجا شانم دابووە بەری. دار و بەردی خۆمم بە شان و کۆڵی خۆم دەکێشا و نقەم لێوە نەدەهات. ڕێگایەک بوو بۆ خۆم گرتبوومە بەر، منەت لەسەر کەس ناکەم. گلەییم لەکەس نییە.

وەک «ناسری»م لێهاتبوو، لە ناڵەشکێنە سەرکەوتم، ئاخری توانیم بچمە سەر ناڵەشکێنە. ئاخ چەندە شوێنێکی پیرۆز بوو، چەندە ڕۆژێکی خۆش بوو!! ئاخ..، بەڵام... وەک «ناسری»م لێهات. وەسەر کەوتم تا لە دارم دەن، وەسەریان خستم لە خاچم دەن، دیسانەکەش دەڵێم: قەیناکە میرزا، قەیناکە، ئەمە کۆڵی سەرپشتی هەر هەموومانە، داروباری هەر هەموومان ئاوا چێ کراوە، ئاوا، پێکهاتەی ئێمە ئاوا داڕژاوە! پیاو چی بڵێ! ئەمە سەربوردێکە، ئاوا هاتووە و هەر واش دەڕوات. لە کۆنەوە لە جانی بنی جانەوە، ئەمە چارەنووسێکە و بە داغ و مۆر لە نێوچاوانمان نووسراوە... هەر من نا، هەموومان، هەموو ئەوانەی بە دوای هونەرەوەن، بە دوای مرۆڤەوەن، بە دوای خۆشەویستییەوەن، ئەمە سەربوردە و ئەمە چارەنووسیانە.

لە بەندیخانە بەربووم، ئاوەژووی ئەو دیو بووم، بەینێک کارم کرد. سەری خۆم داخست و خەریکی چارەڕەشی خۆم بووم، کەچی لەوێش نەیار و ناحەزانم وەخۆ کەوتن و بە گرتنیان دام. لەوێش کەوتمە بەندیخانەوە. لێیاندام و کوتانم خوارد و چی و چی. ماوەی بەندیخانەم تەواو بوو، بەر بووم. ئاوەژووی ئەم

دیو بوومەوە لە بانە، لە کانی مەلاحمەد بۆ کار سەری خۆم داخست. نەبوو، نەبوو. بڕوایان پێ نەکردم. خرامە بەر چاودێری، ئەزرەبە و جەزرەبە درام. حاشا لەو گۆڕەی نووڕەی لێوە نایە. تیهەڵچوومەوە. شیعرم دانا، گۆرانیم کوت. گۆرانیم وەکۆ کرد، ڕێگەی ناڵەشکێنەم گرتەوە بەر. ئەوەندەی لە دەستم هات چوومە سەر ناڵەشکێنە، تێم چریکاند. دەرد و ئازار و کەند و کۆسپی وڵاتەکەمم کردە گۆرانی، گۆرانی لەوە پێش و ئەمێستای ئەم ژان و برک و ئێش و ئازارانەم کۆ کردەوە. بە گۆرانی تێم چریکاند و بڵاوم کردەوە. ئیدی دوور خرامەوە، لە ژن و منداڵ و یار و دیار، شاربەدەر کرام و بێکار کرام و ئەزیەت و ئازار درام، بەڵام باکم نەبوو، ئەوە ئیدی بۆ خۆم هەڵمبژاردبوو، سەرکەوتن لە ناڵەشکێنە و گۆرانی کوتنی سەر ناڵەشکێنە و باس و خواسی خەون و خولیا و خۆزیاکانی ئەم خەڵکە بە گۆرانی کردن و بە گۆرانی کوتن و تێچریکاندن، بۆ خۆم هەڵمبژاردبوو. هەر کە دەگەیشتمە سەر ناڵەشکێنە دەحەسامەوە. ئاخە دەزانن شوێنێکی چەندە خۆشە؟ چەندە پیرۆزە؟ باخی میراوا لەوێیە، ئەوی دار هەناری دنیایە لەوێیە، حەوز و کانی و ئاوی خۆش و سارد لەوێیە. تاموچێژی خۆی هەیە، کەڵک و قازانج و شادمانی و کامەرانی خۆی هەیە. دەرد و ئێش و ئازار و خەم و مەینەتی خۆیشی هەیە. دەبێ ئەمانە هەمووی بزانین، بەڵام سەرکەوتن بۆ سەر ئەو دوندانە، بۆ سەر ئەو کێوانەش چەند چەشنە و چەند ڕواڵەت و مانای خۆی هەیە. یەکیان ئەو سەرکەوتنەیە کە زۆربەی خەڵک بە ڕواڵەت سەردەکەون. سەرکەوتن بۆ گەیشتن بەو پلەوپایە و بەرژەوەندییەی دەیپەرستن و بۆ جێبەجێ کردنی هەموو شتێ دەکەن، هەموو شتێ قەبووڵ دەکەن، دەک سەگێ تێڕی ئەو پلە و پایە و بەرژەوەندی و سەرکەوتنە، ئەرێ وەڵڵا دەک سەگی تێڕی.

دووەم سەرکەوتن، ئەو سەرکەوتنەی «ناسری»یە بۆ ئەوەی لەو ترۆپکە لە خاچ بدرێ، ئەوەی «سیزیف»ە بۆ ئەوەی بەردی دەرد و مەینەت و ئێش و ئازاری نەتەوەیەک بگەیەنێتە لووتکە و خۆی فیدایان کات. ئەو سەرکەوتنەی «پرۆمتێ»یە کە خۆی فیدای خزمەت بە مرۆڤ و گەرما و ڕۆشنا و ئاگر گەیاندن بە مرۆڤ کرد و بە سزای ئەم تاوانە لە ترۆپکی کێوی خودایان چوارمێخەیان کێشا و قەل و داڵیان تێبەردا، تا بە زیندوویی جەرگ و دڵ و هەناوی ڕیشاڵ ڕیشاڵ کەن و بیخۆن.

جا نازانم چوونە سەر ناڵەشکێنەی من مانای چ بوو، یان مانای چییە، یانی ئەو کەشوهەوایە وا منی تێدا بووم، زۆرم سەرەندەر نەدەکرد. لووتکەی ناڵەشکێنە بۆتە مەزڵم و خۆم نازانم چۆن؟ بۆ؟ وەک «پرۆمتێ»م لێهاتبوو، لەو لووتکەیە بەسترابوومەوە، چوارمێخە، بەم زنجیرە، بەم هەڵدێر و ئەو گابەرد و ئەو تەلانەوە لە چوارمێخە درابووم، بە بێ دەسەڵات و بە بێ هێز و توانا. لەگەڵکۆ خۆر سەری وەدەردەنا، لەگەڵ یەکەم تیرێژی خۆردا، باڵندەیەکی نەگبەتی دەگەیشتێ و دەستی دەکرد بە هەڵدڕینی پێستم. کەوڵی دەکردم، جەرگ و دڵ و سی و هەناومی شیتاڵ شیتاڵ دەکرد و دەیخوارد. دەمردم و زیندوو دەبوومەوە. زیندوو زیندوو، لە چوارمێخە درابووم، باڵندەی نەگبەتی جەرگمی وەبەر زەبری دەنووک و چەنگاڵ دەدا و کوت کوت و لەت لەت و لەتوپەتی دەکرد و بە زیندوویی، لەبەر چاوی خۆم دڵمی دەخوارد، جەرگمی دەخوارد، سی و هەناومی دەخوارد... تا دەمردم، تا دەمردم، زیندوویان دەکردمەوە، مردن لە گۆڕێدا نەبوو، دیسانیش قەل و داڵ و ئەو باڵندە نەگبەتییە دەستیان پێدەکردەوە، ئاخ بڵێی لە کۆتاییدا، وەک پرۆمتێ ڕزگاری بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستێک لەسەر شانم بنیشێتەوە، وەک دەستی هێرکۆل کە پرۆمتێی ڕزگارکرد. نێوچەوانم ماچ کات، خوێن و خوری دڵ و دەروون و هەناوم بشواتەوە، دەستێک بەسەر تەواوەتی ئازامدا بێنێ و برینەکانم سارێژ کا و پێم بڵێ: تەواو بوو، هەستە، نە زامت ماوە، نە ئێش و ژان و برک و ئازار. ئاخ، هێرکۆل بریا دەهاتی و باڵندەی نەفرەتی و نەگبەتیت دەکوشت و ڕزگارمت دەکرد، ئاخ..، بەڵام منیش هێرکۆلی خۆم هەیە، بێ ئەمەگییە پێزانینم نەبێ، هەواڵی بەساڵاچووی نێوچاوان نوورانی پیاوچاکی کراس ڕانکوچۆخە شینکی زۆرم بە فریا دەکەوێ. لە زۆر دەرد و مەینەت و کەندوکۆسپ ڕزگارم دەکات، بەتایبەت بۆ چوونە سەر ناڵەشکێنە زۆری هاندام. زۆری یارمەتی دام، یان بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کاری باش و ڕێگەی باش. هەر خۆی بوو شەوێک پێی کوتم بڕۆ بۆ سەفەر. سەردانێکی یەک بە یەکی هاوەڵەکانت بکە. لە سبەینێ زووتر نییە، سبەینێ وەرێ کەوە، پێویستە ئەم سەفەرە

بکەی، پێویستە.

لە مەهاباد خۆشتر کوێیە؟ لە مامڵێ خۆشەویستتر کێیە؟ چوومە ماڵێ، لە ماڵ نەبوو، ئامینە خانم کوتی: کاک حەسەن، مامڵێ، یان لە خانەقای شەمزینانە، یان لە مزگەوتی سوورە، هەموو ڕۆژێک ئەم دەمانە لەوێ دار و گوڵەکان ئاو دەدا. کە چووم بۆ مزگەوت، وا بوو. مامڵێ لە هەمیشە جوانتر و شیکتر بوو، شیلانگێکی بە دەستەوە بوو، زۆر بە سەرخۆشی و مەیل و تاسەوە دار و باخ و سەوزە و گوڵەکانی ئاو دەدا. کە سڵاوم کرد و چاوی بە من کەوت، کوتی: حەسەن گیان، هاتی؟ هەک بە خێر بێی. وەرە با جارێ ئەم دار و گوڵ و سەوزەیە ئاو دەین، حەسارەکە بشۆینەوە، جا لە دوایە دەچینەوە، دەنێرین عەبدوڵڵازادەش بێ. گوڵ و گەڵا دەدرەوشانەوە و عەتری گوڵ و عەتری مامڵێ دنیای پڕ کردبوو. دوایی چووینەوە، مامڵێ لە کۆڵان کەسی نەناسییەوە، عەبدوڵڵازادەی نەناسییەوە، برایمی نەناسییەوە، جەعفەری نەناسییەوە، زۆر دڵتەنگ بووم، زۆر خەمبار بووم. بە ئامینە خانم کوت: ئەوە خودا چۆن دڵی هات مامڵێ ئاوای لێ بێ؟ دانیشتم و سەرم بەرداوە، هیچ گۆرانییەکمان لە بیر نەبوو بیڵێین.

حەوت جار بە ئامینە خانم کوت: (ئەرێ تۆغا، ئەوە خودا چۆنی دڵ هات مامڵێ گۆرانی لەبیر نەمێنێ؟ ئەی مامڵێ نەیڵێ کێ بیڵێ؟) دوایە چووم بۆ ماڵی عەبدوڵڵازادە، لە ماڵ نەبوو، کوتیان لە مێژە لە ماڵ دەرکەوتووە و ماڵی چۆڵ کردووە. چووم بۆ سنە و تاران و کرماشان. کوتیان مەزهەر چووە بۆ فەرەنگ. دانیشتم و تێرتێر گوێم بۆ گۆرانییەکانی شل کرد. مەزهەر لەو سەری کۆڵانەوە بەرەو من دەهات و دەیکوت: (ئەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم...) دڵ خۆش بووم.

چووم بۆ گەرمێن، مامۆستای خۆم، عەلی مەردانی زۆر زۆر خۆشەویست ماچی کردم. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و کوتی حەسەن ئەوە هاتی؟ وەڵڵا لە پاش تۆ گۆرانی کوتن حەرامە. دوایی چووینە بابەگوڕگوڕ و تێرتێرمان گۆرانی کوت. هەر دووبەدوو بووین. بۆ شەوێ مامۆستا هەواڵی ناردبوو، حەمە عارف و تایەر تۆفیق و حەسەن جەزراویش هاتن، شێومان نەخوارد و دەرکەوتین، تێر بووین، کەس نازانێ چووین بۆ کوێ و چیمان کرد! لە بەینی خۆماندا بێ، ناردمان مامڵێش هات، دەستی یەکترمان گرت چووین بۆ یۆنان، بۆ کێوی خودایان، بۆ ناڵەشکێنە و گۆیژە و بابەگوڕگوڕ و قەڵای هەولێر و کەڵکی بەگزادان و قەندیل.

ئەوا هاتوومەتەوە، حوسێنی برام هێنامییەوە. لە سابڵاخ بووم میرزا. نەخۆش بووم، زۆر نەخۆش بووم. هەر ئەم نەخۆشییە... هاوەڵی بەساڵاچووی پیاوچاکی نێوچاوان نوورانی ڕانکوچۆغە سپی. پێمی کوت برۆوە. ئیدی سەفەر و سەرگەردانی و دەرد و مەینەت بەسە، لەگەڵ حوسێندا برۆوە و سەردانی سەر ناڵەشکێنەت لەیاد بێ. ئاخ میرزا کەریم، حوسێن. میرزا. ئاخ. ناڵەشکێنە؟ ئمممم.

ناڵەشکێنە تەشقی جوانی و هونەر و گۆرانی و بۆکانە. ناڵەشکێنە تەشقی ئێش و ئازار و دەرد و مەینەتە ناڵەشکێنە؟ باخی میراوا، بەو هەموو دار هەنارەوە، بەتایبەت ئەو دار هەنارە گەورەیەی ساڵدەری دوازدە مانگ گوڵ و گەڵا و هەناری هەر پێوەیە، هەر پێوەیە. ئەی ئەو کانییە؟ ئاوەکەی چەندە سارد و خۆشە! ئاوەکەی ئاوی حەیاتە! داتۆغا شەربەیەکم ئاو دەنێ، ئاو... ئاو...

میرزا ئیدی بەسە، ئەوە نییە هاوەڵە بەساڵاچووە پیاوچاکە نێوچاوان نوورانییە ڕانکوچۆغە مەرەزەشینکی لەبەرەکەم هاتووە و دەڵێ وەرە با بچین بۆ سەر ناڵەشکێنە، توخودا لێم ببوورە میرزا. حەڵاڵم کەن. ناتوانم بە قسەی نەکەم، دەبێ بە قسەی بکەم. زۆرم خۆش دەوێ، هەمووتانم خۆش دەوێ، ئازادم کەن. هەموو کەسم. خۆش دەوێ، هەموو. کەسم. خۆش دەوێ، دەچمە سەر ناڵەشکێنە. بەرانبەر بە بۆکانێ. لێم دیارە وڵاتی ئەردەڵانێ. لێم دیارە وڵاتی بابانێ. لێم دیارە موکریانێ. دەچمە سەر ناڵەشکێنە. دەچمە سەر ناڵەشکێنە. بەرانبەر کوردستانێ. دەچمە سەر ناڵەشکێنە. بەرانبەر بە ئینسانێ. بەرانبەر بە ئینسانێ. دەچمە سەر ناڵەشکێنە. دەچمە. سەر. ناڵەش. کێنە. نا... ڵەش. کێ. نە.

**(١٣٨٢–١٣٨٤) هەتاوی**

**٢٠٠٣– ٢٠٠٥ز**

**(*) میرزا کەریم خۆشناو**

**(**) کوێندەرکوێ: کوێندەرێ، ناکجاآباد**

**(***) وتەی عیسای مەسیح لە کاتێکدا لە خاچی دەدەن.**



# چواردەی ڕەشەمێ

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**

ئەو ڕۆژانەی دێوەزمە بوغراکانی وەرزی خوێن. ئاسمانیان بە چاتوڵ دەزانی و هەستیان دەکرد لەژێر نێزەی ژەنگاوی خۆیاندا ڕایانگرتووە، هەر ئەو ڕۆژانە بوون حەقیقەتیشیان سەربڕی. پاش کەلەپچەکردن و سەربڕینی حەقیقەت و ڕاستی، برینێکی پڕ لە کێم و خوێن. بەنێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی بانەبرسیدا بەجێما. منداڵانی ئەو گەڕەکە لەگەڵ گرانەتایەکی کوشندە و پڕ لە مەترسیدا ئولفەتگیر بوون. زۆربەی زۆریان بە درێژایی ساڵ، ورگن و ڕەنگ زەرد و چاو دەرپۆقیو و مل باریک بوون. دانیشتوانی بانەبرسی هەتاکو ئێستا خاوەن پێناسەی خۆیان نین. سەرباری هەموو دەردانیش بە پێناسەی لەشفرۆشی ناوزەند کراون. ئەو شەوەی حەقیقەتیان سەربڕی شەوی (١٤ی ڕەشەمێ) بوو، تۆ لە دەستی چەپی ژوورەکەتدا هەتا دەهات گۆشەگیرتر دەبووی. ئەوکاتەی تەماشاکردنەکەت لە درزی بنمیچی ژوورەکەوە بەرەو منداڵە نووستووەکانت گوێزایەوە. یەکسەر زەنگێکی پڕ لە ژان گۆڕەوشاری ڕوحتی دا. ئەوانەی لەژێر گلۆپی شەوە سوورەکانی ئابڕووچووندا ڕۆژیان دەکردەوە، حیسابی داهۆڵیان بۆ دانیشتوانی گەڕەکی بانەبرسی دەکرد.

ئەو شەوە لە ژوورەکەدا زۆر سەغڵەت بووی، سەرجەم خێزانەکەت نووستبوون. کوڕە ناوەنجییەکەت و کچە بچکۆلەکەت لە برسا نووزە نووزیان بوو. دیمەنەکە بوو بەهۆی زەردە ژانێک لەناختدا. یەکسەر بیرۆکەیەک بەرەو کێڵگە بەرفراوان و بێ سنوورەکەی شەوکەت بەگ پەلکێشی کردی. پێش ئەوەی هەنگاوەکانت بەرەو کێڵگەکە چڕکەیتەوە. وتەکەی باپیرە گەورەت یاد کەوتەوە کە دەیگوت:

– ڕۆڵەکانم ئێمەی بێ پێناسە، بە داهۆڵیی لە دایکبووینە، هەتا هەتایە بە داهۆڵیی دەمێنینەوە و بە داهۆڵییش دەمرین. تۆ هەتا دەهات لە ژوورەکەدا دەروازەی بیرکردنەوەکەت والاتر دەبوو.

- «ئەوە گریمان سبەینێ کەوتینە ڕێ بۆ کێڵگەکانی شەوکەت بەگ. تۆ بڵێی لە چ کێڵگەیەکدا دەمانچەقێنێ..؟

هیچ چار نییە ئەبێ ئێمەیش وەک باپیرانمان لەسەر مەنهەج و میتۆدی چارەنووس هەنگاو بنێنین. ئەبێ وەکو ئەوان بە ژیانی کۆیلایەتی و داهۆڵیی قایل بین.

سەیر لەوەدایە بەشێک لە داهۆڵەکانی بانەبرسی، ئەبنە سیخوڕێکی دڵسۆز بۆ دەسەڵات و وەک دووپشک چزە لە یەکتر هەڵدەسێنن».

ماوەیەک تەماشای درزی بنمچکەی کرد. تەماشایەکی منداڵە نووستووەکانی کرد، بزە خەنەیەک کەوتە سەر لێوانی و وتی:

- خۆم و زانا و دانای کوڕم ئەمە سێ. زێبای خێزانم و پاکیزەی کچم ئەمە بووین بە پێنج. بە ڕاستی پێنج داهۆڵ. پارەیەکی باشە، بەڵام ئەی هاوار زێبا هەر خۆی زێبایە. جوانییەکەی زێبا لەوەدا نییە. لەگەڵ هەتاو ململانێ دەکا. خۆ پاکیزەی کچم مانگی تابانە. شەوکەت بەگیش لە شەوالپلیتی و زەمبارەییدا ناوبانگی دەرکردووە. چۆن لە کێڵگەی نارەسەنێکی وادا کار بکەین؟ خۆزگە وەک قەرەج بێ مەئوا دەبووین و لە بانەبرسی لەدایک نەدەبووین. تۆ ئەزانی بە داهۆڵبوونیش مەرجێکی سەرەکی هەیە؟ ئەبێ ڕۆژانە چەندین جار شوێن گۆڕکێ بکرێیت و بەرشەقیش بدرێی، قسە نەکەی..؟»

ئەو ڕۆژە هەر پێنجیان کەلوپەلی داهۆڵییان لەبەرکردو بەرەو کێڵگەی شەوکەت بەگی داوێن پیس کەوتنە ڕێ. پاش ماوەیەک گەیشتنە بەر دەرگای سەرەکی کێڵگەکە.

بەسەر دەرگاکەیەوە نووسرابوو «کێڵگەی شەوکەت بەگ. لە ١٤ی ڕەشەمێی وەرزی خوێندا دروستکراوە.» چواردەوری کێڵگەکە تێلبەنێکی مەحکەم بوو. کاتێک چوونە ژوورەوە شەوکەت بەگ بەژنی زراف و سینگ و مەمکی سرکی بینی، سیدارەکەی هێنایە خوارەوە و فەرموو فەرموویەکی گەرمی لێکردن. کێڵگەکانی شەوکەت بەگ گەورەبوون، بە سەدان داهۆڵ پاسیان دەکرد. هاوار هاواری منداڵەکانی بیرکردنەوەکەیان پچڕی:

زانا جووڵایەوە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

- بابە.. بابە. بۆ خاتری خودا گیانم دەرچوو. دامپۆشە، سەرمامە، برسیمە.

زۆری پێنەچوو دانا بە دەنگێکی لەو بەرزتر هاواری کرد.

- بابەگیان فریام کەوە دووپشک خواردمی.

- ڕۆڵەکانم ئارام بگرن هەتا برینەکانی حەقیقەت و ڕاستی سارێژ دەبن، دابینکردنی شوێن بۆ هەر داهۆڵێک لەلایەن شەکەوت بەگەوە بوو. زانا و دانای لە سووچی ڕۆژهەڵاتی کێڵگەکەوە دامەزراند، شوێنەکەی باوکیشیان زۆرتر ئەولای ئەوان بوو، بەڵام زێبا و پاکیزەی نزیک ژوورەکەی خۆی دانا. زۆرجاریش بە چاوێکی پڕ لەزەمبارەییەوە لە کلاوڕۆژنەی ژوورەکەیەوە تەماشایانی دەکرد، لە کێڵگەکانی شەوکەت بەگدا بەشەو و بە ڕۆژ ئەبوایە تۆ پاسەوانێکی چالاک بوایەی. ئەو داهۆڵەی درێغی بکردبایە مووچەکەی دەبڕی.

ئەو ڕۆژە سەرەتای سەدان هەزار چۆلەکەی سینگ زەرد بەرەو کێڵگەی شەوکەت بەگ شەپۆلی ئەدا، بەڵام ئەوانەی وەک داهۆڵ پاسەوانی کێڵگەکەیان دەکرد بەهیچ شێوەیەک نەیانهێڵا شەپۆلی باڵندەکان لە کێڵگەکە نزیک بێتەوە. شەکەوت بەگ زۆر بەم کارە خۆشحاڵبوو. شەو درەنگ وەختێک هەر چەندێک تۆ دووربووی لەگەڵ کۆخە کۆخەکەی ئەودا. دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوەی زێبای خێزانیشت بەرگوێ کەوت کە دەیگوت:

- لێم گەڕێ شەوکەت بەگ خودا بەرداری نییە. ئێمە لە تاوی برسییەتی پەنامان بۆ تۆ هێناوە. باوکی زانا بزانێ لەت لەتم دەکا.

- نابێت جووڵە بکەی. ئەوانەی لەم کێڵگەیەدا کار دەکەن هەر هەمووتان داهۆڵن، هەرچیتان لەگەڵدا دەکەم وەڵام دانەوەتان نییە. ڕۆژانەکانتان دەبڕم و بەشەق دەرتان دەکەم.

هەر لەوێدا بیرکردنەوەکەت بۆ تەوەرێکی تر گوێزرایەوە:

- تۆ بڵێی سبەی ڕۆژانەکانمان وەرگرین..؟

هەریەکە و پێنج هەزار. واتا پێنج کەس بیست و پێنج هەزار. دەبا ئەو خەڵکە هەر بڵێن شەوکەت بەگ شەوالپلیتە، خۆ ئێمەی دانیشتوانی بانەبرسی بە لەشفرۆشی ناوبانگمان ڕۆیشتووە.

شەو درەنگ وەختێک، لەوکاتەی کە تۆ لە قووڵایی بیرکردنەوەدا بووی، دەنگێکی یەکجار بەرزت بیست لە ماڵی مام ڕەسووڵی دراوسێتانەوە. بەدەنگێکی بەرز

هاواری کرد:
– سبەی هەمووتان دەبەم بۆ کێڵگەکەی شەوکەت بەگ.
خێزانەکەی وتی:
– بۆ کوێ دەمانبەی دێین لەگەڵتا. تەنیا بۆ کێڵگەی شەوکەت بەگ نەبێ، ئەڵێن شەوکەت داوێن پیس و شەواڵپلیتە.
– ئافرەت عەقڵت هەبێ ئەڵێن شەوکەت بەگ پارەیەکی مۆڵی بۆ ئەو خەڵکە هەڵڕشتووە. خەڵکانی دەرەوەی ناوچەکەش هەر دێن بۆ لای ئەو. چار نییە سبەی ئێمەش دەڕۆین بۆ کێڵگەکەی ئەو. من خۆشم لەگەڵتانم. مەعقووڵە دەستدرێژیتان بکاتە سەر.

ئەو ڕۆژەی زێبا بۆی گێڕایەوە. کە شەوی ڕابردوو شەوکەت بەگ ویستوویەتی دەستی بۆ بەرێ. زۆر سەغڵەت بووی. چەندین جار نەفرەتت لە داهۆڵیی کرد. شوێنی پاسەوانێتی تۆ نزیک بە دار کالیبتۆزێکی قەوارە گەورەی بەساڵداچوو بوو. لە پاڵ دار کالیبتۆزەکەدا لەسەر لای ڕاست شانت دادا. بە تەواوی شانت لە قەوارەی دارە بەتەمەنەکە توندکرد. کاتی ڕۆژانی هەرزەکاری بانەبرسیت کەوتەوە یاد، لەگەڵ خۆتدا کەوتیتە چپە چپ!

– باوکم هاتە ژوورەوە بە توندی مەچەکی گرتم. ئەوکاتە لە پۆلی چواری سەرەتاییدا بووم. لە ریزی لەپێشەوە دانیشتبووم. مامۆستاکەم زۆر هەوڵی دا، بەڵام باوکم بە زۆر پەلکێشی کردم و هاواری کرد:
– منداڵی بانەبرسی و قوتابخانە؟

«منداڵبووم ماوەیەکی زۆر بەنێو قەیسەرییەکانی شاردا دەسفرۆشیم دەکرد. چەند ساڵێک پاشتر گەورەتر بووم. بازووم بە هێزتر بوو. شانم دایە بەر کرێکاری. ڕۆژێک کارم دەکرد و دە ڕۆژ بێ کار بووم. لەو ڕۆژانەدا باوکم لە دایکم دڵی پیس کردبوو. ڕۆژانە دایکمی فەلاقە دەکرد. لە یادمە ئەو شەوەی وا زۆر بێ ڕەحمانە دایکمی مارهەنجێن کرد شەوی (١٤ی ڕەشەمێ بوو)، دەسەڵاتێکی گەورەم هەبوایە ڕۆژی ١٤ی ڕەشەمێم لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو دەسڕییەوە. دایکم پاش لێدانەکەی باوکم منداڵێکی حەوت مانگانەی چاوگەشی لەبارچوو. ئەو منداڵە لە بارچووە بمایە ناومان دەنا (ڕزگار) و ساڵ بەساڵ گەورە دەبوو. قوتابخانەی تەواو دەکرد. هەوڵی ئەدا دانیشتوانی بانەبرسی لەم میحنەتە ڕزگارکا»

پێکەنینێکی نائاسایی کەوتە سەرلێوانی. جارێکی تر هەڵسا هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە بە پەلەفڕێ و قوتووە پڕ لە چەوەکەی کەوتە پاسکردنی کێڵگەکە.

داهۆڵەکان ئەو ڕۆژە پاسەوانی کێڵگەکەیان بۆ نەدەکرا. بە سەدان هەزار وردە چۆلەکەی سینگ زەرد و کڵاو کوڕە و فیسقەگولە ئاسمانی کێڵگەکەیان داپۆشی. بە هیچ شێوەیەک ترسیان نەما. گەیشتە ڕادەیەک بەسەر داهۆڵەکاندا کەپرەیان دەکرد. زۆری پێ نەچوو شەوکەت بەگ بەخۆی و پیاوەکانیەوە ئامادە بوو. لەکەللەی سەر هاواری دەکرد:
– ئەمڕۆ هەمووتان بەر شەق ئەدەم. ماڵی وێرانم لە کێڵگەکەدا دانەوێڵە نەما، ڕەنجی سەد ساڵم بەزایە چوو. شەوکەت بەگ زۆر تووڕە ببوو. بە بەرچاومەوە شەقێکی لە زانا هەڵداو لەسەر لا خستی. بە توند لێوەکانی خۆم دەکرۆشت. بێ ئەوەی هیچ بڵێم.

لە ڕەگەزا بانەبرسی بە موڵکایەتی هی دانیشتوانەکەی بوو، بەڵام شەوکەت بەگ بە فرتوفێڵ هەمووی کڕیبوو. دانیشتوانی بانەبرسی لەو ڕۆژەوە دێوەزمەکانی شەو حەقیقەتیان سەربڕی و هەر هەموو بوونە بە داهۆڵ. ئەو شەوەی نێو ژوورەکە بۆ تۆ شەوێکی یەڵدابوو، کۆتایی نەدەهات. چەند جارێک زانا و دانا و پاکیزەت داپۆشی. دەگەڕایتەوە بۆ گۆشەی ژوورەکە. ئەم جارەیان بەتاسووقەوە چاوەکانت بەرەو درزی بنمیچەکە دەبڕوانی. هەستی ئەوەت کرد درزەکە هەتا دێ دەم دەداتەوە و گەورەتر دەبێ. یەکسەر سەرت دانەواند و وەک هەڵۆیەکی ڕاوکەر لەنێو جێگاکەیدا تەماشای زێبات دەکرد. هەر لەوکاتەدا لەنێو درزەکەوە دەنگی شەوکەت بەگت بەرگوێ کەوت. لە هەمان کاتیشدا تەماشات کرد زێبا لەنێو جێگاکەیدا کەوتبووە جموجووڵ و بە دەنگێکی ئاستەم و لەسەرخۆ لە شەوکەت بەگ دەپاڕایەوە:
– نا.. نا. بۆ خاتری خودا لێمگەڕێ. خوا بەرداری نییە. منداڵەکانم ڕاچەڵەکێن نامووسم دەچێ.

جارێکی تر زێبا لەنێو جێگاکەی خۆیدا کپ بوو. تۆیش بیرۆکە تراجیدی و پڕ لە خەمەکانت پێکەوە گرێ ئەدا. جارێکی تر دەرگای چپە چپ و ورێنەت لێ کرایەوە:
– کەی ئەو ڕۆژە دێ دەست و پێی حەقیقەت لەنێو

کەلەپچە و پێوەندی زۆردار ڕزگاری بێ. برینەکانی هەتاو سارێژ بێ. ئەو ڕۆژانەم کەوتەوە یاد کە جلێکی مەرەزی خۆڵەمێشیم لەبەردا بوو. بەنێو کۆڵانەکانی بانەبرسیدا دەسووڕامەوە. جیرەی کڵاشە هەرسینییەکانم بەرد هاوێژێ دەڕۆیشت. دایکم پاڵی بە دەرگا ژەنگاوییەکەمانەوە دابوو، کە ڕووی لە ڕۆژهەڵات کردبوو. لە پاڵ دایکمدا ئۆقرەم گرت، بە ئاستەم و لەسەرخۆ دایکم کەوتە دوان:

– ڕۆڵە بۆ پێناسەت چیت کرد؟ سبەی منداڵەکانیشت وەک خۆت دەبن.

– بە وتەکەی دایکم یەکسەر بەرچاوم ڕەش بوو.

وتە دڵتەزێنەکەی دایکم و نەڕە نەڕەکەی مام ڕەسووڵ جارێکی تر بیرکردنەوەکەی پێ پچڕیم.

مام ڕەسووڵ بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد:

– ئەی هاوار ئەم ئافرەتە خۆی بە منی وت شەوکەت بەگ داوێن پیس و قوڕمساغە. خودایە چۆن لە دەس ئەم بێ شەرەفە ڕزگارم بێ. تەنیا یەک چارەم هەیە دەستی منداڵەکانم بگرم و ناوچەکە بەجێ بێڵم. کێ دەڵێ وا بە سووک و ئاسانی لە داوی شەوکەت بەگ ڕزگارم دەبێ؟ تۆ بڵێیی سەری خۆم و ماڵ و منداڵم تیا نەچێ؟ نەفرەت لە داهۆڵیی. نەفرەت لە بانەبرسی و هەژاری.

زۆرتر مام ڕەسووڵ هاوارەکەی بۆ کچە تازە هەڵچووەکەی دەکرد. کە بە زۆر شەوکەت بەگ داگیری کردبوو.

ئەو کاتەی کە هاوار هاوارەکەی مام ڕەسووڵ بوو بە داکورکان و گریان. تۆ خەمێکی کوشندە شانەکانی مێشکتی دەگوشی و لێوەکانی خۆت دەکرۆشت، بەڵام پاش ماوەیەک زەردە ژانەکانی خۆت جارێکی تر ئەوانی لەبیر بردیتەوە و بە تاسووقەوە چاوەکانت بەرەو منداڵەکانی خۆت لەنێو جێگاکانیاندا هەڵڕوانی.

زانا بە تەواوی سەرەنجی ڕاکێشای. لەنێو جێگاکەیدا کەوتە جووڵە. بە هەردوو دەستی نێو چاوانی خۆی داپۆشیبوو، هاواری دەکرد.

– نا.. نا. شەوکەت بەگ. بە هیچ شێوەیەک نابێ بە داهۆڵ. لێی گەڕێ دایکم زۆر خۆشەویستە.

جارێکی تر زانا خەوەکەی هەرەسی هێناو لە شوێنەکەی خۆیدا کپ بوو. شەوکەت بەگ ڕۆژ بە ڕۆژ زێبای داگیرتر دەکرد. وای لێهات ئەم جارە زێبا خۆی شەڕی بە شەوکەت بەگ دەفرۆشت. زێبا بە تەنیشت زانای کوڕییەوە نووستبوو. لە تۆپی جێگاکەیدا بە شێوەیەکی نائاسایی کەوتە جووڵە. وا دیار بوو لە سەرەتای خەو بینینێکدا بوو. چەند جارێک بە ڕاست و چەپدا هەڵپلا.

– نا.. نا. شەوکەت بەگ ئێستاکە وەختی نییە. هەموویان بەخەبەرن. بە پێکەنینێکی پڕ لەشەهوەت بەلای ڕاستدا هەڵپلاو سەرینەکەی لە ئامێزگرت و دواجاریش خزاندییە نێو گەڵی خۆیەوە. بەهۆی جووڵانەوەیەکی زۆر سەرپۆشە سپییەکەی داخزاو پەلکە ڕەشمارەکانی کەوتنە دەر، ئەم دیمەنە پڕ لە غەم و شەرمەزارییە بوو بەهۆی قەتیسمانی فرمێسک لە دیدەکانتدا و هاتیتە دوان.

– جاران دەیانگوت. ئەوەی ئۆلفەتگیری جەور و جەفا و زەردە ژانەکانی بانەبرسی بێ، چاوقایم و نەترسی دەبێ، ئێستاش هەر هەموومان بووینە بە داهۆڵ. پێویست بەم بیرکردنەوەیش ناکات. کێ دەڵێ ئەو جانەوەرە ڕۆژانە لەگەڵ چەندین ئافرەتدا ڕانابوێرێ. ئەو ڕۆژە خێزانەکەی مام ڕەسووڵ دەیگوت هەموو ڕۆژێ شەوکەت بەگ بە ئوتۆمبێلەکەی خۆی دەمانبا و دەمانهێنێتەوە. بە کەیفی خۆی هەر ڕۆژێک لە شوێنێکدا بۆ پاسکردن دەمانچەقێنێ.

ئەڵێ:

– ئێوە داهۆڵی منن. بە هیچ شێوەیەک بێ ئەمری من ناجووڵێنەوە. لە هەموو کاتێکدا دەتوانم سەردانیتان بکەم، شەو، نیوەشەو، بەرەبەیان، بە گەرمی نیوەڕوان، سەر لە ئێوارە.

سەیر لەوەدا بوو ئەو ئێوارەیە بەمام ڕەسووڵی وت:

– مام ڕەسووڵ هەست ئەکەم زۆر ماندووی، ئەگەر لە کارەکەت بەردەوامیش نەبی، لەبەر ئەوەی بە تەمەنی، گەر لە حەوتەیەکدا تەنیا ڕۆژێکیش ئامادەبیت مووچەکەت بەگشتی بۆ خەرج دەکرێ.

ئەم قسانەش زەمینە خۆشکەرێک بوون بۆ ئەوەی بە تەواوی خێزانەکەی داگیرکا، بەڵام غیرەت لەنێو شادەمارەکانی مام ڕەسووڵدا ڕۆژ بە ڕۆژ دەکەوتە جووڵە جووڵ بۆ ئەوەی خێزانەکەی نەنێرێ بۆ کێڵگەکە.

بەشێکی کێڵگەکەی شەوکەت بەگ دارستانێکی چڕ بوو.

لەکاتی عوسمانییەکانەوە، باوکی کۆشکێکی دوو

نهۆمی تێدا دروست کردبوو. پاش خۆی بۆ شەوکەت بەگ مایەوە. لە یەکێ لە ژوورەکاندا مێزێکی گەورەی خواردنەوەی دەڕازانەوە. کۆشکە دوو نهۆمییەکە زۆر گەورە بوو. دەرگای سەرەکی کۆشکەکە، کەللە سەرێکی گەورەی کەڵەکێوییەکی پێوە بوو. لە خوار و لە سەرەوە پتر لە پازدە ژوور و دەیان دەرگا و پەنجەرە بەدی دەکران. لە سەرەوە ژوورێکی بۆ ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتە لەش فرۆشەکاندا هەبوو. ژوورێکی تری هەبوو بە دەیان باڵندەی مۆمیاکراوی تێدا هەڵواسرابوو. ڕێچکەی خوێنی وشکەوە بوو بە دیوارەکانی ژوورەکەدا شۆڕ ببووەوە. کۆشکەکەی شەوکەت بەگ ناوی کۆشک بوو، بەڵام مۆزەخانەیەک بوو بۆ خۆی. لەنێو ژووری مەیخواردنەوەکەیدا، وێنەیەکی سوڵتان عەبدولحەمید لەنێو چوارچێوەیەکی ئاڵتوونیدا بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. پێی لەسەر پێ دانابوو. بەسەر کورسییەکی ئاڵتوونییەوە دانیشتبوو. نێزەیەکی نووک تیژ بەدەستییەوە بوو. تک تک خوێنێکی سوور لە نووکی نێزەکەوە دەتکایە نێو گۆمە خوێنەکەی بەرپێی. لە وێنەکەدا ئەوەندە مۆن بوو هەردوو ئەبرۆی پێکەوە گرێدابوو.

ئەو ڕۆژەی شەپۆل شەپۆل بە سەدان هەزار باڵندەی وردیلەی کوللە ئاسا بەرەو کێڵگەکە شەپۆلیان ئەدا.

ڕۆژی (١٤ی ڕەشەمێ بوو) چەند ڕۆژێک پاش ئەو کارەساتە شەوکەت بەگ لە کلاوڕۆژنەی دەستی چەپی ژوورەکەیەوە تەماشای کێڵگەی دەکرد و لێوەکانی خۆی دەکرۆشت و هاواری دەکرد:

– ئەبێ سبەی شوێن و جێگای هەمووتان بگۆڕم. بێ غیرەتانی وەکو ئێوەم بۆ داهۆڵیی ناوێ. ئێوە خوێڕی و بێ قیمەت و تەمەڵن. زێبای هێنا تەنیا دوو هەنگاو لە دوور پەنجەرەکەی خۆیەوە چەقاندی.

شەوکەت ئەفەندی دڵتەڕ و زەمبارەیەکی عەجایەب بوو. بەردەوام کەلوپەلی جوانی لەبەر دەکرد. بە دەیان سەدارەی هەبوو. ڕەش. سوور. خەنەیی. زەردی تێکەڵ بە سپی. ئاسمانی تێکەڵ بە سوور. قەرسیلی. تۆخی قاوەیی. نارنجی.. لەگەڵ هەر قاتێکدا سەدارەیەکی لەسەر دەنا. بە دەیان ملپێچی هەبوو. یۆنانی. ئەستەنبۆلی. قەرەباغی. ئیسپانی. ئازەری. چەندین جۆر و ڕەنگی چاویلکەی هەبوو.. ڕەشی سادە. ڕەشی پەراوێز ستیل. سووری پەراوێز مۆر. قاوەیی سادە. ڕەشی چوارگۆشە. سەوزی لاکێشە. زێبەقی و فسفۆری.

– ئەوە دەجار زیاترە بە چاوی خۆم دەبینم زێبا بۆ لای پەنجەرەکە بانگ دەکا و پێکەوە ڕادەوستن و پێدەکەنن. ئەبێ سبەی هەموویان بەرمەوە بەرەو ماڵ. نەفرەت لە ژیانی داهۆڵی. ئەبێ بە هەموو دانیشتوانی بانەبرسی هەوڵدەین حەقیقەت و ڕاستی زیندووکەینەوە. بە دەیان دڵۆپە فرمێسک لەناخمدا تەقینەوە و بەرەو دیدەکانم هەڵکشان. لە سووچی ژوورەکەمدا وەک شۆڕەبی دەلەرزیم. کاتێک تەماشای زێبام دەکرد لەنێو جێگاکەیدا دەجوولایەوە و بەدەم خەو بینینێکەوە، بانگی شەوکەت بەگی دەکرد. کاتێک هێرشم برد بۆ زێباو پەلامارم دا. ڕاچەڵەکیم. لە خۆم و منداڵەکانم زیاتر کەسی دی لە ژوورەکەدا نەبوو.

# مەیتبەر



**تێکۆشەر خالید**
**(سلێمانی)**

یەکەم ئێوارەی بوو ڕووبەڕووی تەرمێکی وا ترسناک ببێتەوە، ئەو تەرمە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە دۆزرابووەوە، لەناو تەلیسێکی قاوەییدا، تەرمەکە پیاوێکی ڕەشتاڵەی لاوازبوو، لەناوقەددا کردبوویان بەدوو کەرتەوە، دیاربوو بەتەور بڕدرابووەوە، گەنجەکان لە پێش ئەفسەری لێکۆڵەرەوە، ئەوەیان وتبوو کە نازانن لەکوێ دۆزیویانەتەوە و تەنانەت کاتەکەیشیان نەدەزانی، ئەفسەرەکە لە کۆتایی و وەڵامی لێکۆڵینەوەکەدا وتبووی ئەوان لەترسا بیریان چۆتەوە، ئەوەش گەورەترین کارەساتە، هەموو هەوڵەکان بێ مایە دەکەنەوە، ترس لەهەر شتێک لە دنیادا، واتە کوشتنی ئەودیو و خۆت، مەیتبەر پیاوێکی لاوازی چاو کەسک بوو، لە شەودا مرۆ نەدەوێرا تێی بڕوانێت، مۆتەکە بوو، چاوەکانی وەک پشیلە دەبریسکانەوە، عادەتەکانی ژیانی سەرسوڕهێنەربوون، هەموو عومری گواستنەوەی تەرمی مردووان بوو بەرەو گۆڕستان، لە ڕاستیدا ئەو خۆی بۆی دەگێڕامەوە کە لەوەتەی هەیە، تەرمێکی لەم شێوەیەی نەبینیوە، بەشێکی ڕیخۆڵەکانی لە لەتێکی جەستەیداو بەشەکەی تری لەلاکەی تریدا بوو، هێندە خوێنی لەبەر چۆڕابووە کە تەواو پەراسووەکانی دیاربوون، هەرچەند پێستەکەی لەلایەکەوە تا لای مەمکی هەڵدڕابوو، چاوێکی هەڵتۆقیو و چاوەکەی تری تەقیبوو، ئەو زۆر جاران بۆی دەگێڕامەوەو دەیوت، لە حەیاتما یەک جار تەرمێکی ترسناکم دیوە، ئەویش تەرمی ئافرەتێک بوو کە بە کێردی قەسابی مێشکیان قڵیشاندبوو، واتە لایەکی سەری پێوە نەبوو، تا ئێستاش نەزانراوە کێ و بۆچی وای لێکردووە؟ وەلێ ئەم تەرمە دوو لەتەی دوایی ئەو پیاوە ڕەشتاڵە لاوازە، وای لەمەیتبەر کرد کە واز لەکارەکەی بهێنێت و بەدوای بکوژی ئەو تەرمەدا بگەڕێ، لەکاتێکدا مەیتبەری بۆ ئەو کارێکی بژێوی و ئینسانی بوو، مەیتبەر ئەو بڕیارەی لەپاش ئەوەدا کە بەدەستی خۆی تەرمەکەی ناشت و دوو شەوان لەسەر

یەک تەرمەکە هاتە خەونی و خەوی لێ دەزڕاند، تاوای لێهات، بەپەلە تەرمەکەی دەرهێنایەوە و خستییە سنووقێکی ئاسنەوەو بڕیاری ئەوەی دا بۆ بکوژی ئەو تەرمە بگەڕێت کە تەواو بیر و ئەندێشەی داگیر کردبوو، لەڕاستیدا من و مەیتبەر زۆر هاوڕێی یەکدی بووین، حەزم نەدەکرد ڕێی لێبگرم و نەهێڵم بەدوای بکوژدا بگەڕێت، هیچم پێنەوت، خۆشم دەویست لەبەر ئەوەی زۆر بە بەخشندەیی تەرمی باوکمی ناشت و هاوکاری کردم، بەڵام دوای ئەوەی وازی لەمەیتبەری هێنا، ئیدی نەمبینییەوە، ئێستا من هەر لێرەم لەم وڵاتەدا، دڵنیام ئەویش لێرەیەو لەگەڕان پەشیمان نییە، بەڵام هەموو خۆزگەم ئەوەیە، ئێستا ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە، چونکە من هەواڵی کوشتنی تەرمەکە بەدروستی دەزانم و وا لێرەدا دەیخەمە ڕوو.

پیاوێکی ڕەشتاڵەی لاواز و چاو ڕەش، خەڵکی شارێکی تر، لە یەکێک لە باخەکانی شاردا عاشقی کچێکی پاکیزەو بێ گرێ دەبێت، بەڵام کچە خۆشەویستی خۆی هەیە، ناشتوانێت دەسبەرداری ئەو عیشقەی بێت، ئەم هەر وازی لێناهێنێت، تا لەخشتەی دەبات و کچە لەخۆشەویستەکەی دەکات، مەعشووقی یەکەمی خانمەکە، تووشی حاڵەتێکی دەروونی دێت و دوای یازدە مانگ جیابوونەوەی لەگەڵ خانمەکە، ڕۆژێکی سارد، کاتێک پیاوە ڕەشتاڵەکە لە شارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و دەیەوێت بۆ جارێکی تر چاوی بە خانمەکەی بکەوێتەوە، بۆسەی بۆ دادەنێتەوە و لەگەڵ دوو برادەری شاعیری خۆیدا، زۆر ناشاعیرانە دەیکوژن، مەعشووقی یەکەم بەتەور دەیکات بەدوو کەرتەوە، دوو هاوڕێکەیشی یەکێکیان بەقەڵەم چاوێکی دەتەقێنێت، ئەوی تریان هێندە بەحەماسەوە قوڕگی دەگرێت، تا چاوەکەی تری هەڵدەتۆقێت، دواجار لەتوورەکەیەکی قاوەیی دەئاڵێنن و لە نێوان ڕێگای ئەو دوو شارەدا فڕێی دەدەن کە خانمەکە و ئەو پیاوەی بەیەکەوە بەستۆتەوە. دەشبێت ئەوە بڵێم بکوژەکە شاعیرێکی ترسناک و سامناکە، لەوەتەی هەیە خەڵکی یەک وشە و تەنیا یەک شیعریان لێبیستووە کە سۆزی تێدا بەرجەستە بووە، ئەویش باسکردن و شیعرێک بووە بۆ گوڵی سوور.

(گوڵی سوور) کە خانمی خاوەن دوو مەعشووق دەکات، ئێستا منی گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە بەدوای مەیتبەردا دەگەڕێم، دەترسم ئیدی نەیبینمەوە، ئاخر ئەو لەپێناو دۆزینەوەی بکوژێکی بێ گوناهدا دەستی لەو ئیشەی هەڵگرت کە جگە لەمەبەستی بژێوی مەبەستێکی ئینسانی لەپشتەوە بوو، تا تەرمی هەر مرۆیەک بەڕێزەوە بەڕێ بکرێت و بەوەفاوە خواحافیزی لێبکرێت، تکا دەکەم هەر یەکێکتان زانیاریتان دەربارەی ئەم مەیتبەرە هەیە، یان دەزانن لەکوێیە، ئەم چیرۆکەی منی پێ ببەخشن، تائاگاداری ڕاستییەکە بێت، ئەمە جگە لەوەی من بۆ هەمیشە بەدوای مەیتبەر و بەدوای گوڵی سووردا دەگەڕێم، ئاخر من خۆم مەعشووقی یەکەمی خانمەکەم، گوڵی سوور!.



# چ هەیە د سەوتا سەراپێ دە؟


**شوکرۆ ئەرباش**
**(ستەنبۆل)**


قەرمیچۆکێن ئەنیا گەلەکی کو ئەڤ هەزار سالن ژ بۆ مژانگێن خوە نەخن هەردێ تم ل وی ئالی دنهێرن هەنە. کو ئێڤاران ئەو ب خوە، سبەهان کەسەکی دن، شێمووگێن دو زمانی هەنە د سەوتا سەراپێ دە. ئاسیمانەک هەیە، کو ژ ئێشێن د بن خوە دە گەویتر، ئەڤ هەزار سالن تو کەسی ئەو د تو دەرێ دە ب جی نەکریە. دلشادیا زارۆکی یا وان ژنێن فەدیۆکی هەیە کو دەنگێ خوە دناڤ هن دەنگان دە هینا نوو ب نوو دبهیسن. دەستەکی کو دناڤبەرا دو کەڤران دە ئەجقییە هەیە د سەوتا سەراپێ دە. زلامێن کو ژ بیرەکێ خەرابتر؛ تشتێن کو سولەیمان د چووینا خوە دە برنە و نەبرنە، حەسکێفا کو رۆژ لێ ژ هەر دەرێ بێتر ب دەرەنگی د هەرە ئاڤا، وێنەیێن کو ل جامێن گرتیگەهان تێن نیگارکرن؛ دیژلە هەیە، کو بادەک ب بادەک د حەرکە و دگهێ فاتما دکمەنێ. مراقا وێ زارۆکا کو ل خانچەپەکێ دخواست ب مەرە ب ئینگلیزی بئاخڤە، پەرۆشیا وێ، تۆقا بچینا د پۆرێ وێ دە؛ دووراهیا مە یا ژ وێ زارۆکێ کو نایێ عەفووکرن هەیە. هەموو سترانێن کو جەلال گوزەلسەس نکاریبوو ب کوردی بسترانا هەنە د سەوتا سەراپێ دە.

د سەوتا سەراپێ دە هیڤەرۆن هەیە، عەور هەیە، کوندێ بۆر هەنە. دارستانەک کو د هیڤەرۆنێ دە کەسەران دکشینە؛ زلامێن کو ناسنامەیێ نیشان ددن بیست و چوار ساعەتان؛ بەرفا کو ژ چیایان بێتر ل نیڤانان دبارە... کۆچێن خوار و دوودرێژ، هەنە د دەنگێ سەراپێ دە؛ یێن ژ خوەلیا خوە پێ ڤە بارێن وان تونە نە. زارۆکێن کو ژ باڤێن خوە هینا ئەولەتر دپەیڤین؛ ئینتا ژیانێ یا کو خزانییێ سڤک دکە؛ رووپەلێن قەدەغەکری یێن رۆژنامەیەکێ؛ بانگەوازیێن مرنێ هەنە کەسک، سۆر... روویێن د پیڤابێن باژارۆکان دە هەنە، کو کیسێن خوە د بن بالگەهان دە ڤەدشێرن. د سەوتا سەراپێ دە ئەلفابەیەک هەیە کو هینا نوو دەست ب هەڤۆکسازکرنێ کریە. ئەو گازنج هەیە، یا کو

زمانێ مە شانی مە ددە. مەسەلۆکێن کو ب باشی د قەدن هەنە، کو د وان دە ب تەنێ چەکەک ژی تونەیە، بارێ بئێش ئێ دیرۆکێ، بەرێ خوە گوهەراندنا مە؛ خوەشکبوونا حەزکرنا ژ خوە ب قاسی یێ دن شاهنازیا کو حاسل بوویە؛ مافداریا کو بێخەیالبوویینا مە نیشانی مە ددە، دولاشێن کو د هەڤ دە دحەلن؛ جۆشیا حەقکرنا ژیانێ؛ داهاتوویا وی زلامێ کو ل خەراجا مێردینێ ب قایاغێن خازۆزان دکەت خەونان هەیە د سەوتا سەراپێ دە...

خاپاندن تونە، دوور بوون تونە.. بچووکدیتن تونە. نە قولفە ژ دەرییێ تو کەسی رە. هەری زێدە ناقۆسا نەنێتیەکێ، کو دەنگێن یێن دن دگهینە هەر کەسی؛ گرنووگەک، د زەڤییێن گەنم دە بێدەنگییێن زارۆکێن کو نوو ژ لەشکەرییێ ڤەگەڕیانە هەنە د سەوتا سەراپێ دە. ژ بلی سیا عەوران بێ سی، مرییێن بێ وەخت تێخستا ملێ خوە د سەر پولوموری رە چووینا ئەرزینگانێ رۆژەکێ. یێ من، روویەکی بکەن ئێ کو د هەر چوویینا من ئاستەمبۆلێ دە ژ هناڤێ خوە رۆنی دکم هەیە. ترکییا کو کەمال د خوەست هینی دێیا خوە بکە؛ جار ب جار گوهداریکرنا لاوێ من ئا ل دەرگوشی* هەیە. د سەوتا سەراپێ دە، ئەرژەنگیا خوە ڤەشارتنێ وێ دێیا کو ب پێسیرا خوە زارۆکا خوە یا سێمەهێ خەنقاندیە هەیە. دیسا ژی نە ئێشە خوەدایێ وێ؛ ترس، نە پەرستگەها وێ یە. هشیاربوونا خوەڕستێ یە سەوتا سەراپێ. ڤەدانا غەمزەیێن بارانی یە ژ رۆژێ رە.. چوویینا دبستانێ یا زارۆکێن بنیا برجان هەیە د سەوتا سەراپێ دە. د کەل و خوێ دە ڤەخوارنا ئاڤان هەیە. پەردەیێن کو هیڤەرۆنێ کشاندبوو و ژ تەرەف بایێ سبەهێ ڤەکرنا وان هەیە؛ ئەو تلسما کو وێ خوە حەزکرنێ هینی مە بکە هەیە، کو دەستێ مە ب باشی ب کەسەکی دن ببە... ژ فاهمکرنێ وێدەتر هەیە. د سەوتا سەراپێ دە ئاشتیا کو بوویێ بەنگییێ ئێگر هەیە.

*** دەرگووش: ناڤێ کاستەکە کۆما ئامەد.**

**تێبینی:**

**ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا «جام و کەڤر» رووپەلێن (٥١- ٥٧) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٥)ێ ل چاپخانەیا (بارش) ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپ کرن و وەشانا (لیس)ە. هەژییە بێتە گۆتن کو ئەڤ پەرتووکە ب تورکی و کوردی هاتیە وەشاندن. ئۆرژینالا وێ ب زمانێ تورکی بوویە و ژ ئالیێ (دیلبەر هێما) و (یاقۆب تلەرمەنی) ڤە هاتیە وەرگێڕاندن.**

**شوکرۆ ئەرباش ل سالا (١٩٥٣)دا ل باژارێ یۆزگاتێ ژ دایکبوویە. ئەنستیتویا پەروەردەییا گازیێ- بەشا زانستیێن جڤاکی تەمام کریە. یەکەم هەلبەستا وی ل کۆڤارا (ڤارلیک)دا ل سالا ١٩٧٨ هاتیە وەشاندن. و پەرتووکا وی یا یەکەمین ژی ب ناڤێ (ئێشێن بچووچک) بوویە کو ل سالا (١٩٨٤) هاتیە بەلاڤکرن، و ل دووڤدا پتری ژ دەه پەرتووکێن وی چاپ و بەلاڤبوویيە.**

**«ڕامان»**



# خوشکەکان

پۆلین سمیس
لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر
(کەرکووک)

مارتا لەمیان منداڵەکانی باوکمدا گەورەترینیان بوو، تەمەنیشی شازدە ساڵان بوو ئەو دەمەی کە دایکمان کۆچی دوایی کرد و باوکیشمان دوایەمین داوای دادگاییە ئاوییەکانی خۆی بە جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچووی خاوەن بیتەر وۆتەر دۆڕاند. هەر ئەو داوای دادگاییانەی ئاو بوو کە دایکمیان کوشت. چەندین و چەندین کەڕەت لە باوکم پاڕابووەوە تاکو بۆ جان ڕێدلینگیوزی بە ساڵاچوو مل بدات کە بەشێوەیەکی یاساییانە، مافەکانی- ئاو ڕاکێشانی زۆر، بەرلەوەی باوکم دێراوەکەی خۆی لە ڕووباری گامگاوە ڕابکێشێت، بڕیاری لەسەر درابوو. وەلێ باوکم ئۆقرەی نەدەگرت. گەر بیتوانیبایە هەر تەنیا پشکێکی بەجێ لە ئاوی ڕووبارەکە بۆ دێراوەکەی خۆی دەستگیر بکات، ئەوە دەیتوانی بڵێت: مەزراکەی «زیکۆیگات»ی هێندەی مەزراکەی بیتەر وۆتەر بە پیت و فەڕ دەبێت و ئەوساش خانوویەکی شاریمان لەسەرەو ژێرییەکەی پلاتکۆپس دەبوو، دایکیشم دەیتوانی سەرلەبەری ڕۆژەکانی ژیانی کراسی کەشمیری ڕەش بپۆشێت. باوکم لەوە حاڵی نەدەبوو کە دایکم نە بایەخی بە کراسی کەشمیری ڕەش و نە بایەخی بەخانووی شاری لە سەرە و ژێرییەکەی پلاتکۆپس نەدەدا، دایکم ژنێکی گەلێک ناسک و میهرەبانی دووچار بە نەخۆشی دڵ بوو، هەر هەموو ئەوەش کە بایەخی پێدەدا ئەوەبوو لەماڵەکەدا ئاسوودە بێت و منداڵەکانیش لە دەوروبەریدا بەختەوەر بن، هەروەها بەدرێژایی ئەو ماوەیەی باوکم سەرقاڵی دادگا بوو دەربارەی داوای دادگاییە ئاوییەکانی، خۆی ئەوە هیچ ئاسوودەییەک لە سەرتاسەری مەزرای زیکۆیگات-دا نەبوو. لەگەڵ هەر دانە داوایەکی دادگایی ئاودا ناخۆشی و داخ و پەژارەیەکی زیاترمان بۆ دەهات. تاوەکو دواجار خەمو خەفەت و تاڵاو کەوتە نێوان دایک و باوکیشمەوە. بەهۆی تاڵاو و خەم و پەژارەشەوە دایکم مرد.

باوکم لە دوایەمین داوای دادگاییە ئاوییەکەی لە هەموو کاتەکانی پێشوو زیاتر پارەی بە فیڕۆچوو و بۆ پاراستنی مەزراکەشی هەندێک لە عەرزەکانی بە بارمتە بە خودی جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچوو دا. باوکم بە دڵنیایی کە ئەمەی بە ئەنجام گەیاند دێوانەوار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەنجامی دا. لەو ڕۆژەشەوە ئیتر جان ڕێدلینگیوزی فشاری خستەسەر، فشاری خستەسەر، فشاری خستەسەر، هەتا ئەو کاتەی کە ئیتر باوکم نەیدەزانی پەنا بۆ کوێ بەرێت. ئەوساش، کە ئیتر باوکم لە بارودۆخێکی زۆر خراپ و مەحاڵدا بوو و بیریشی کردەوە کە دەبێ دوایین پارچە عەردی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی پارەی گرێبەندی بارمتەکەی بدات، جان ڕێدلینگیوزیش هات بۆ لای و پێی وت: «من لەجیاتی ئەوە، مارتا مەگدەلینای کچت دەبەم.»

جان ڕێدلینگیوزی سێ ڕۆژ مۆڵەتی بە باوکم دا و لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەشدا، ئەگەر مارتا گفتی ئەوەی نەدا شووی پێبکات، ئەوە عەرزەکانی زیکۆیگات دەبێ بفرۆشرێت. مارتا هەر هەمان شەو درەنگانێک ئەمەی پێ وتم. پێی وتم: «سووکێی، باوکم داوای لێکردم شوو بە جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچوو بکەم. منیش شووی پێدەکەم.»

هەروەها وتیشی: «سووکێی، گیانەکەم گوێ بگرە! ئەگەر شوو بە جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچوو بکەم، ئەوە ئاوەکە بۆ نێو دێراوەکەی باوکم بەردەداتەوە و عەردەکانی زیکۆیگاتیش دەپارێزرێت. شووی پێدەکەم و خواش بەهانامەوە دێت.» منیش لێی پاڕامەوە و وتم: «مارتا! جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچوو پیاوێکی بەدکار و گوناهبارە، هەندێک جاریش نەختێک سەری لێ تێک دەچێت و شێتگیر دەبێ. پێویستە بەرلەوەی شووی پێ بکەیت خوا فریات بکەوێت، چونکە دوای شووکردن ئیتر کار لەکار دەترازێ.»

مارتایش وتی: «سووکێی، ئەگەر من بە پاکی و ڕاستگۆیی بیکەم، ئەوە پاکی و ڕاستی لێوە دێتە دی و بۆ منیش شتێکی بەجێیە، بۆ ئەوەی زەوییەکان بۆ باوکم بپارێزم. ئێستاش سووکێی، گیانەکەم تێفکرە! کەس لە دنیادا نییە بێ گوناه بێت و جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچووش هەموو کاتێک هەر شێت نییە. دواجار من کێم هەتا داوەری جان ڕێدلینگیوز بکەم؟ ئەی کەواتە هەروا لێگەڕێم باوکم وەکو بەلەنگازێکی سپی پێست بۆ سەرەو ژێربییەکەی پلاتکۆپس دەربەدەر بکرێت؟» ئەمەی وت و ئەوسا ڕایکێشامە سەر سەرینەکەی تەنیشت خۆی و لە باوەشی نام و هەتا شەوێکی درەنگوەخت گریا.

ڕۆژی دواتر خۆم بە تەنیا لە ڕووبارەکە پەڕیمەوە و بۆ مەزراکەی جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچوو ڕۆیشتم. هیچ کەسێک نەیزانی کە من بۆ ئەوێ ڕۆیشتم و نەشیزانی چی لە دڵمدا بوو بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم. کاتێک کە هاتمە ماڵەکە جان ڕێد لینگیوز لە دەرەوە لەبەر هەیوانەکە دانیشتبوو پایپەکەی دەکێشا.

پێم وت: «جان ڕێدلینگیوز، من هاتووم خۆم پێشکەش بکەم.»

جان ڕێدلینگیوز پایپەکەی لە زاری دەرهێنا و تەماشای کردم. منیش دووبارە وتم: «من هاتووم داوای ئەوەت لێبکەم لە جیاتی مارتای خوشکم من بخوازیت.»

جان ڕێدلینگیوزی بە ساڵاچوویش پێی وتم: «جا بۆچی هاتیت ئەم کارە بکەیت، سووکێی دی جاگەر؟»

منیش پێم وت: «چونکە دەڵێن تۆ پیاوێکی بەدکار و گوناهباریت، جان ڕێدلینگیوز، هەندێک جاریش نەختێک سەرت لێ دەشێوێ و تێک دەچیت، مارتای خوشکیشم زۆر لەوە باشترە شایانی تۆ بێت.»

بۆ ماوەیەکی کورت جان ڕێدلینگیوزی بەساڵاچوو تێی ڕوانیم، ئا لەوێ پایپەکەی لە دەستیدا، دانیشتبوو، هەر خوا خۆی دەیزانی بیر لەچی دەکاتەوە. ئەوسا کتوپڕ وتی: «سەربارەی ئەوەیشی، سووکێی دی جا گەر، ئەوە مارتای خوشکتە کە من دەیخوازم و کەسێکی ترم ناوێ. ئەگینا هەروەکو چۆن مافی خۆمە ئاوا زەوییەکانی زیکۆیگات دەبەم و باوکت قرخن و نابووت دەکەم. ئێستاش لەو بارەیەوە هەرچییەکت ئارەزووە بیکە.»

ئنجا پایپەکەی لە دەمی ناو یەک تاقە وشەی تری لێوە دەر نەهات.

منیش بە دڵێکی غەمبار و قورسی وەکو قوڕقوشمەوە بۆ ماڵەکەی باوکم گەڕامەوە. سەرتاپای ئەو شەوەش لەخوا پاڕامەوە و وتم: «خودایە ئێستا ئیتر چی لەمن دەکەیت بیکە، بەڵام مارتاکەمان ڕزگار کە.» بەڵێ، تەقەللام دا ساتوسەودایەکی ئەوتۆ لەگەڵ خوادا بکەم کە تێیدا مارتا ڕزگارکراو بێت، هەروەها ئەوەشم وت کە: «ئەگەر مارتاکەمان ڕزگار نەکات، ئەوە ئیدی پەی بەوە

دەبەم کە خودا نییە.» لە سێ حەفتەدا مارتا شووی بە جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو کرد و ڕۆیشت تا لەوبەری ڕووبارەکە لەگەڵیدا بژێت. لە ڕۆژی گۆڤەندەکەی مارتادا ئینجیلەکەی باوکمم خستە بەردەمی خۆم و وتم:

«بابە، ئەگەر دەتەوێ نوێژ بکە، بەلاّم من لەگەڵ تۆدا نوێژ ناکەم. خودا نییە ئەگینا ئەگەر هەبوایە ئەوە بە دڵنیاییەوە مارتاکەمانی ڕزگار دەکرد، بەلاّم ئەگەر خودا هەبێت لەبەر ئەوەی مارتامان بە جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو فرۆشت، ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕوحمان لەناو دۆزەخدا دەسووتێنێ.

هەر لەوکاتە بەدواوە ئیتر هەرچییەکم بویستایە بە باوکمم دەکرد، دڵیشم بە هەموو دنیا تەنگ و ناخۆش بوو هەر تەنیا مارتا نەبێ. کاتێکیش کە باوکم پێی وتم: «ئایا ئەوە شتێکی نایاب نییە، سووکێی، کە ئێمە بەو ئاوە ئەنجاممان دا جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو لێدەگەڕێ بەدێراوەکەمدا ڕابووڕێ؟»

منیش وەلاّمم دایەوە و وتم: «چییە ئەوەی ئێستا نایابە؟ ئەوە خوێنە کە ئێمە بەسەر زەوییەکانماندا بەڕەڵلاّمان کردووە بۆ ئەوەی ئاودێرییان بکات. ئەی دایکم لەپێناوی ئەوەدا نەمرد؟ ئەی لە پێناوی ئەوەدا نەبوو کە مارتای خوشکمان بە جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو فرۆشت؟»

بەڵێ، من وام وت. وەک بڵێیت دڵم بەوە بشکێت کە باوکم ببینم زەوییەکانی خۆی ئاودێر دەکات، لە کاتێکدا جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو مارتای خوشکمی گلدابووەوە تا لەبەردەم هەر هەموو پلاتکۆپسدا شەرمەزاری بکات.

هێندەی بمتوانیبایە ڕووبارەکەم دەبوارد و بۆ لای مارتای خوشکم دەچووم، بەلاّم لە پاش ئەوەی ئەو خواستی، جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو تاقە جارێکیش نەیهێشت مارتا بۆ ماڵەکەی باوکم بێتەوە.

بەمنی دەگوت: «گوێ بگرە، سووکێی دی جاگەر، باوکت لەباتی زەوییەکانی خۆی کچەکەی پێ فرۆشتم. دەبا ئێستاکێ ئیتر لە زەوییەکانی خۆی ڕامێنێت و کچەکەشی بۆ من بەجێ بێڵێت.» هەموو ئەوەش کە لەو بارەیەوە دەیوت هەر ئەمە بوو. مارتا ئەوەی وتبوو کە جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو هەموو دەمێک هەر شێت نەبوو، بەلاّم لەو ڕۆژەوەی کە ئەوی خواستبوو شێتییەکەی ئەوەبوو هاوار بۆ هەموو دنیا بکات، بۆ ئەوەی سەیری ئەو ژنەی بکەن کە «بێرگێرت دی جاگەر» پێی فرۆشتبوو.

دەیوت: «بڕوانە، چۆن لەنێو گالیسکە چادردارە تازەکەیدا دادەنیشێ- ئەو ژنەی کە بێرگێرت دی جاگەر بە منی فرۆشتووە.»

ئینجا ئیشارەتی بۆ زەوییەکانی زیکۆیگات دەکرد و دەیوت: «ئێستا کێ دەبینێ چەند سەوزن، ئەو زەوییانەی کە بێرگێرت دی جاگەر کچەکەی پێ فرۆشتم تاکو بیانپارێزێت.»

بەڵێ، هەتا بەرلەوەی غەوارەکان ئەم شتانە بڵێن، ئەو دەیوتن، گالیسکەکەی لەناو جادەدا ڕادەگرت تاکو بیانلێت، مارتاش لەتەنیشتیدا دانیشتبوو. باوکم پێی وتم: «ئەی نایاب نییە، سووکێی، کە ببینی چۆن مارتا لەنێو گالیسکە چاردردارە تازەکەی بەسەرتاسەری ئاواییدا دەگەڕێت؟»

منیش پێم گوت: هەنووکە پێم بڵێ چی نایابە؟ ئەوە بۆ گۆڕەکەی خۆیەتی کە ئەو لەنێو کالیسکە چادردارە تازەکەدایە دەڕوات و بەم زووانەش دەیبینیت.»

هەروەها پێشم گوت: «چەندین ساڵت ویست بۆ ئەوەی دایکم بکوژیت، بەلاّم باوەڕم پێ بکە بۆ جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو هێندەی ژمارەی ئەو سالاّنە مانگی پێناوێت بۆ ئەوەی مارتای خوشکم بکوژێت.» بەڵێ خودا لە گوناهم خۆشبێت، بەلاّم من ئەوەم بە باوکی خۆم وت. تەواوی داخو خەفەتم بۆ مارتای خوشکم بوو، هیچی تریشم نەبوو بۆ ئەوەی بە باوکمی ببەخشم.

سەرلەبەری ئەوکاتەش مارتا یەک وشە دژی جان ڕێدلینگیوزی بەسالاّچوو قسەی نەکرد. هیچ بیمارییەکیشی نەبوو کە کەسێک بزانێت چییە و چی پێدەڵێن، کەچی هەموو ڕۆژێک نەختێک کز و لاوازتر هەڵدەگەڕاو هەموو ڕۆژێکیش جان ڕێدلینگیوز گالیسکە چادردارە تازەکەی ساز و ئامادە دەکرد و ئەوی بەسەرلەبەری ئاواییەکەدا دەگێڕا. دەرەنجام ئەم شێتییە ئەوەندە بەزەبروزەنگ بەسەریدا هات کە ئیتر دەبوایە هەر لەخۆر کەوتنەوە تاوەکو خۆرئاوا بوون بگەڕێت و بۆ هەموو ئەوانەی کە پێیان دەگەیشت هاوار بکات و بڵێت:

«دەی تەماشای ئەو ژنە بکەن کە بێرگێرت دی جاگەر بەمنی فرۆشتووە!» ئا بەم چەشنە ڕۆژ دوای ڕۆژ، ڕۆژ

دوای ڕۆژ درێژەی کێشا تاکو سەرەنجام ئەم ڕۆژە هات کە ئیتر مارتا لەوە زۆر بێ هێز و تینتر بوو کە سەر بکەوێت و بێتە ناو گالیسکەکە و ئیتر لەو جێگایەی کە تێیدا کەوت هەڵیانگرت و بۆ ماڵەوە بردیان. جان ڕێدلینگیوز بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە ناردی بە دوای مندا.

کاتێک گەیشتمە خانووەکە جان ڕێدلینگیوزی بەسالاچوو بەتفەنگەکەیەوە لەبەرهەیوانەکەدا ڕاوەستابوو. پێی وتم: «گوێ بگرە، سووکێی دی جاگەر! کێ لە ئێمە ئێستاکە گەورەترین گوناهی هەیە- باوکت کە مارتای کچی خۆی پێم فرۆشت، یان من کە ئەوم کڕی، یان مارتا کەوا هێشتی بفرۆشرێ، یان تۆ کە بۆ ڕزگارکردنی ئەو خۆت پێشکەش کرد؟»

ئەوسا تفەنگەکەی خۆی هەڵگرت و بەرهەیوانەکەی بەجێ هێشت و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات ڕۆیشت.

مارتاش هەر لەسەر ئەو شوێنەی کە دایاننابوو، هەر لەسەر ئەو چەرپایە مەزنە تەختەییەی جان ڕێدلینگیوزی بەسالاچوودا هەلاژاو هەر تەنیا دوو کەڕەت ئاخاوت.

جارێکیان وتی:

«ئەو هەموو کاتێک شێت نەبوو، سووکێی، ئازیزەکەم ئینجا من کێم تا داوەری ئەو بکەم؟»

جارێکی تریشیان وتی: «دەبینی چۆن چۆنییە گیانەکەم! من لە ماوەیەکی کەم خایەندا لەگەڵ دایکماندا دەبم. چونکە خودا فریام کەوت.»

لەکاتی خۆرئاوابووندا مارتا کۆچی دوایی کرد، کاتێکیش ڕایانکرد بە جان ڕێدلینگیوز بڵێن نەیاندۆزییەوە. تەواوی ئەو شەوە و ڕۆژی دواتریش بەدوایدا گەڕان. ئێمە مارتامان لە تەنیشت گۆڕەکەی دایکم لە زیکۆیگاتدا گوڕەوشار دا... هێشتاش هەر جان ڕێدلینگیوزیان نەدۆزیبیەوە. شەش ڕۆژ بۆی گەڕان و لە ئاکامدا لاشەکەیان لەنێو شاخەکاندا دۆزییەوە. هەر خوا خۆی دەزانێ چ شێتییەک جان ڕێدلینگیوزی بەسالاچووی بەرەو شاخەکان هەڵگرتبوو، لە کاتێکدا ژنەکەی ڕاکشابوو گیانی دەسپارد، بەڵام ئا لەوێدا دۆزیبیانەوە و لە بیتەر ووتەردا نێژرا.

ئەو شەوە باوکم هات بۆ لام و وتی: «ئەوەی کە تۆ پێت وتم ڕاست بوو، سووکێی. ئەوە خوێنە کە من بۆ سەر زەوییەکانم بەرەڵڵام کردووە تاوەکو ئاویان بدات، هەر ئەم شەویش ئەو دێراوە دادەخەم کە لەسەر ڕووباری گامکا دروستم کردووە. خودا ببەخشێ، من ئەو کارە هەر ئەنجام دەدەم.»

لە دڵمدا بوو کە پێی بڵێم: «خوێنەکە ئەوەندە قووڵ بە زەوییەکاندا ڕۆچووە کە ئێستاکە ئیتر هەرچی شتێک بکەین نایشواتەوە.» بەڵام نەموت. نازانم چۆن چۆنی بوو، بەڵام دەمو چاوە غەمگین و کپ و مەنگەکەی مارتای خوشکم هاتە بەرچاوم وەکو ئەوە وابوو کە ئەو خۆی لەبری من وەڵام بداتەوە.

بەباوکمم وت: «ئێستا ئیتر ئەو شتە بکە کە تۆ پێت بەجێیە، من کێم تاکو داوەری تۆ بکەم؟»

**پۆلین سمیس (١٨٨٢-١٩٥٩) لە ئاودتشوورن، لتڵ کارووی باشووری ئەفریقیادا لە دایکبووە. لە ساڵی ١٨٩٥دا لە ئینگلستان چووەتە بەر خوێندن و هەموو تەمەنی لە بەریتانیا و سکۆتلەندادا بەسەر بردووە. بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتین لە کۆمەڵە چیرۆکی [لتڵ کاروو- ١٩٢٥]، [منداڵەکانی پلاتکۆپس- ١٩٣٥] و تاقە ڕۆمانی [یاریدەدەری کەشیش- ١٩٢٦].**

**سەرچاوە:**

**THE SECRET SELF 1**
**Short Stories by women**
**Introduced by: HERMIONE LEE**
**The everyman Library**
**LONDON- 1999.**



## ئەنوەر قادر محەمەد:
## دەبێ خوێنەر بکرێ بە بەرهەمهێنەری تێکست، نەک کۆپلەیەکی بێ دەسەڵات.. کەسانێکیش نەتوانن ببنە خاوەنی پاشخانێکی کولتووریی بەهێز، ناتوانن بەرهەمێکی نەمر پێشکەش بکەن

**(٢ – ٢)**

**هەڤپەیڤین: عەبدوڵڵا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**

ئەنوەر قادر محەمەد کە لە دوو قۆناغی جیاوازی دیکەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا، بە «ئەنوەر قەرەداغی» و «ئەنوەر جاف»یش ناسرابوو، لە بەرجەستەترین قۆناغی ناسراویدا، کە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵستکارانەی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بوو، پارچە شیعری «چۆن کپ ئەبم» و هەموو کۆمەڵە شیعری «زریان» ببوونە ویردی سەر زمانی ڕۆشنبیرانی گەلێکی تا سەر ئێسقان بریندار، پاشان لە تاراوگەدا ئەو ئەزموونە لە کەفوکوڵی لاوێتییەوە، بەرەو ڕامان و قووڵبوونەوەی ژێر کاریگەریی نیمچە سۆفییانەی جیهانێکی چەند لایەنە لە «زایەڵە»دا، دوا ڕەنگڕێژیی ئەزموونێکی قووڵتر، بەڵام پەناگرتوو و گۆشەگیر لە «زەنوێر»دا هەنگاوی ناو تایبەتمەندییەکانی چڕتر کردەوە و بەمەش ئەرکی ڕەخنەگری سەختتر کردەوە.

لە وەرگێڕانیشدا، لە سەرەتاکانی وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە و بۆ عەرەبی و پاشتریش لە زمانی فارسییەوە و پاش ئەوەش لە هەردوو زمانی ڕووسی و سوێدییەوە، هەنبانەیەکی دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگی بۆ عاشقانی شیعری و ئەدەبی منداڵان و لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنە و بەپێز بەجێ هێشت و چاوەڕوانیش دەکرێ ئەو کەلێنەی لەلایەن ئەمەوە، لەو بوارەدا پڕ کراوەتەوە، زیاتر و قووڵتریش بێت.

ڕێڕەوی زانستی ئەمیش، لە هەردوو قۆناغی ماستەر و دوکتۆرادا، جگە لە فێربوونی باشی ئەو دوو زمانەی ئاماژەیان بۆ کرا، ئەو بوارانەی لەو دوو قۆناغەدا بواری لێکۆڵینەوەی بوون، جگە لەو بەرهەمە جیاواز و گرنگەی «لیریکای شیعری مەولەوی– دکتۆرانامەکەی»، ئاشناییەکی گەورە و قووڵی ئەویش لە کۆمەڵێک بواری گرنگی کوردۆلۆژی، بەرهەمی چەندین ساڵی ژیانی تاراوگەن لە ڕووسیا و سوێددا.

زۆر بە کورتی، ئەمە پوختەی پیاوێکە بۆ مەبەستێک ژیاوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە چەند وێستگەیەکی ئەو ژیانە.

* دەکرێ بڵێین گۆران هۆی ناسینی تۆ بووە بەو؟

– بێ گومان، بەڵام وەک وتم مامەڵەکان لە شیعردا جیان..

* ئەی مایکۆفسکی چۆن بوو؟

– شتم دەربارەی مایکۆفسکی خوێندبۆوە، چونکە سەرچاوە بە عەرەبی و فارسی دەربارەی هەبوون..

* بەڵام بۆ نموونە ڕووس گەورە شاعیری وەک پووشکینی هەیە؟

– من لەو شیعرەدا مایکۆفسکی-م وەک «ماسک» بەکارهێناوە. لە شوێنێکدا خوێندبوومەوە کە یەکێک لە هۆی خۆکوشتنەکەی خۆشەویستییەکی نائومێد بووە.. گوایە ئەو یارەی کچی یەکێک لە ئەریستۆکراتەکانی ڕووس بووە و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ چوون بۆ پاریس، دەسەڵاتی سۆڤیەتیش ڕێگەی ئەمیان نەداوە بچێ بۆ لای... ڕەنگە بڵێی جا دەبێ ئەمە چ پێوەندییەکی بە ئەزموونی شەخسیی تۆوە هەبێ؟! ڕاستییەکەی من جۆرە پێوەندییەکی سەیرم لەگەڵ کچێکدا هەبوو، یان پێوەندیش نا، هەستێکی ئێجگار بەهێزم بەرانبەر کچێک هەبوو، کە باڵا و ڕوخساری ئەو لە پشتی گەلێ لەو شیعرانەی «زریان»ەوەن. خۆی ئەمە جۆرێکی سەیر بوو لە خۆشەویستی، بەلای کەمەوە لەلای منەوە، چونکە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان من هیچی وام بەو کچە نەگوت، ئەگەر دەفتەری نووسینەکانیم نەدیایە، کە هەندێ شتی تێدا بوون بۆ منی نووسیبوون، ئێستە هەر ناوی ڕاستەقینەم لێ دەنا «خۆشەویستی لە تەنیا سەرێکەوە». کاتێ من ئەو کچەم ناسی ئەو هەر لە قۆناغی ئامادەییەوە پێوەندیی لەگەڵ کوڕێکدا هەبوو. کوڕەکە لە وڵاتێکی تر دەیخوێند، بەڵام ئەو کچە لەگەڵ مندا بە حوکمی خوێندن و هاتوچۆی ڕۆژانەی ڕێگاوە زۆر یەکترمان دەدی و گفتوگۆمان دەکرد.. جۆرە هەستێکی ڕوحی تایبەتمان بەرانبەر یەک هەبوو، بەڵام کۆمەڵێک بەربەست هەبوون کە ڕێگر بوون، دوور نەبوو درکاندنی ئەم هەستە، یان باس لێوەکردنی بیوایەتە هۆی نەمانی ئەو جۆرە پێوەندییەش.. هەرچەندە ئازار و ئەندێشەی ئەم «ئەزموونەش!» کەم نەبوون، بەڵام سۆزێکی گەرم و جوانییەکی ئەفلاتوونی سەیریش لەم «پێوەندییە»دا هەبوو.. دەبینی دەدان بە وشەکاندا دەنێم وەک ئەوەی بیانخەمە نێو دوو کەوانەی بچووکەوە، چونکە لە هی خەڵکی تر ناچن و دەبینی دوای ئەم هەموو خولانەوە و ڕستە ڕیزکردنە نازانم هیچ لە من گەیشتێ، یان بە قەولی (حاجی محەمەدی گوڵان) ورێنە دەکەم. بەهەرحاڵ! ئێستا لێرەدا گرنگ شیعرەکەیە، کە ماسکێک بوو بۆ ئەو ئەزموونە، یان ئەو هەست و سۆزەی- بەلای کەمەوە- من بۆ ئەو کچە هەمبوو. گەلێک شیعری تری «زریان»یش کاریگەریی ئەم خۆشەویستییە سەرنەکەوتووەیە، خۆی ئەمەش لای نووسەران و هونەرمەندان هەوێنی بەرهەمی بەپێزن.

* ماسک وەک ئەوەی «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد»یش؟

– بەڵێ! شێوازی ماسک بۆ شتێکی تر لەوێدا بەکارهاتووە..

* شیعری «کۆچی شازادە» دواترە، بەڵام ئەمەی کولییە، من لام وایە ڕووکردنە شیعریش بەکاریگەریی ئەو مەسەلەیەوە بێ؟

– زۆر ڕێی تێدەچێ..

* لە «کۆچی شازادە»دا تۆ دێرێکی شاعیری ڕابەری شیعری نوێی عەرەبی- بەدر شاکیر سەییابت تێهەڵکێش کردووە.. بێجگە لەوە چ کاریگەرییەکی ئەو شاعیرەت لەسەر بووە؟

– من شیعری سەییابم زۆر دەخوێندەوە و بەدڵم بوون، تەنانەت هەندێ لەو شیعرانەشی کە بە هەناسەیەکی چەپ مەشرەبانەوە نووسیبوونی وەک: المومسة العمياء، الأسلحة و الأطفال، أنشودة المطر.. یان شیعرە زاتییەکانی دوا قۆناغی ژیانی وەک: غريب على الخليج.. یان ئەو شیعرانەی بۆ (لميعة عباس عمارة)ی وتوون، کە ئەمە نموونەیەکییەتی ئەگەر باش لەبیرم مابێ:

**ذكرتك يا لميعه و الدجى ثلج و أمطار**
**و لندن مات فيه الليل و تنفس النور،**
**رأيت شبيهه لك شعرها ظلم وانهار..**
**و عينيني كينبوعين في غابة من الحور..**

* ئەی شیعری چ شاعیرێکی تری عەرەبت بەدڵ بووە و خوێندووەتەوە؟

– ڕاستییەکەی هی گەلێکیان لەوانە: ئەدۆنیس، مەحموود دەروێش، (حسب الشيخ جعفر)، فازل غەززاوی...تاد سەرچاوەی ڕۆشنبیری ئێمە ئەو کاتانە زمانی عەرەبی بوو، لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە شیعری وەرگێڕدراو بوو. من بە عەرەبی شیعرەکانی: ئاراگۆن و ئێلوار و.. شاعیرانی تری دنیام دەخوێندەوە.. کتێبێکی جان مارسیناک هەبوو دەربارەی (ئێلوار) ئەو کتێبە زۆر دیدوبۆچوونی لەو سەرەتایەدا دەربارەی شیعر گۆڕیم..

هەروەها دیوانەکانی «ئاراگۆن» «ئێلزاو چاوەکانی ئێلزا..» کە هەندێکیم لەبەر بوو.. ئەگەر یەکێ بەوردی سەرنجی شیعری من بدا تاپۆی کاریگەری (ئاراگۆن)- بێ گومان نەک وەک دزی شیعری- هەست پێدەکا..

* با بگەڕێینەوە سەر (دیدۆشکا لینین) لەو شیعرانەی کۆمەڵەی «زریان»دا من هەست ناکەم بە چاکی جێگەی خۆی لەتانوپۆی چنینی شیعرەکەدا گرتبێ، ئەی تۆ دەڵێی چی؟ ئەگەر مایکۆفسکی و ئەزموونی سەرنەکەوتووی، ڕەگەزێکی لێکچوونی وەک ماسک بەکارهێنراو بێ، ئەی دیدۆشکا لینین، بۆ هاتۆتە ناو؟

– وەک گوتم، بۆ تەواو کردنی ڕەگەزە هونەرییەکانی لێکچوونەکەیە.. تەنیا لەو شیعرەدا نا، لە شیعرێکی تردا دیسانەوە ناوی (لینین) هاتووە.. ئەڵبەتە منیش بەشی خۆم چەپڕەویم هەر هەبووە، بەڵام دڵنیابە، وەک سیاسەتاندنی شیعر نییە.. هەندێ وێنە سەیر بە دیواری ژوورەکەماندا هەڵواسرابوون، یەکێکیان وێنەی (لینین) بوو، لەگەڵ هەندێ ڕەسمی تردا کە هی ژنی جوانی نیوە ڕووتبوون،.. ئەوە ئاژاوەی ئەو سەردەمەی تەمەن بوو.. دەبینی لێرەدا وێنەکان لە باتی «ئیلتیزام» بەرەو «ئاژاوە» دەبنەوە..! من وەک هەندێ کەس نیم، ئەگەر ئەمەی باسی دەکەم بەشێوەیەکی تر بووایە، هیچ لەمپەرێکی نەوتنی نییە و دەمگوت..

* بەدەر لە ئەزموونی تایبەتی، من باسی ئەزموونی تایبەت ناکەم، هەست ناکەم لە «زریان»دا ئەزموونێکی سەرکەوتووی خۆشەویستی هەبێ؟

– نا، بەدڵنیاییەوە تۆ ڕاست بۆی چووی..

* بۆ ئەزموونی خۆشەویستی لە ژیانتاندا نەبووە؟

– هەبووە، بەڵام نەگەیشتۆتە بەیەکگەیشتن.. دوای ئەوە، تەنانەت مرۆڤ کە شیعر بۆ مرۆڤێک- کچێکی دیاریکراویش بڵێ و لە ئەزموونێکیشەوە بێ، نابێ هەر لەو ئاستە شەخسییەدا کە دوو کەسی فلان و فیسارن بیهێنێتەوە، دەبێ جۆرێک لە «تسامی» بدا بە ئەزموونەکە و بگاتە ئاستێکی ئینسانی، ئەینا ئەوکاتە نابێتە بەرهەمێکی هونەری.. نەک هەر لە مەسەلەی خۆشەویستیدا، بەڵکو لە هەموو ئەزموونە کەسییەکانی تریشدا دەبێ هونەرمەند «ئەزموونێک- وێنەیەکی کۆکراوە» بخاتەڕوو.. بۆ نموونە شاعیری ناسراو

**سوپاس بۆ خوا ئەوەندە حەپۆلە و گێل نیم کە بە (دووکانی بەکر و دوو قالب سابوونی) شیعری ئەمڕۆی کوردییەوە خۆمان لێ بگۆڕێ و بکەوینە وڕێنە کردنەوە.**

تی.ئێس. ئیلیەت خاوەنی ئەو شێواز و تیۆرییەیە کە بە عەرەبییەکەی پێی دەڵێن (المعادل الموضوعی)، بەڵام دیسانەوە لە شیعری «وێرانە خاک»دا، کە بە «کۆمیدیای یەزدانی»ی سەردەمی خۆی دەچوێنن، هەندێ شتی ژیانی شەخسیی شاعیر دزەیان کردۆتە ناو وێنەکان، بۆ نموونە ئەم شاعیرە لە ژیانی لەگەڵ هاوسەرەکانیدا [چونکە چەند جارێ ژنی هێناوە] سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئەمە ئاوا یەکسەر هەستی پێ ناکرێ، بۆ؟ چونکە ئیلیەت (تسامی) کردووە بە ئەزموونە شەخسییەکەی خۆی.. داوای لێبوردن دەکەم! من کە ناوی ئیلیەت دەهێنم مەبەستم ئەوە نییە، خۆم بەرمە ئاست شاعیر و ڕەخنەگرێکی جیهانی وا گەورەوە، کە هەموو کولتوور و ئەدەبی دنیای هەزم کردووە و لە شیعرێکدا دایڕشتۆتەوە، سوپاس بۆ خوا، حەپۆلە و گێل نیم کە بە «دووکانی بەکر و دوو قالب سابوونی!» شیعری ئەمڕۆی کوردییەوە خۆمان لێ بگۆڕێ و بکەوینە وڕێنەکردنەوە!!

* کەواتە، دەبێ بە دوو ئەزموون ئەوەی کاتی خوێندنی کۆلێژ و ئەمەی «کۆچی شازادە»ش. باشە ئەو هەستەی کە لە بۆتەی خۆتدا غەریبی، تەنیا لە «کۆچی شازادە»دا بووە، یان پێش ئەوەش هەبووە؟

– مەبەستتان لە غوربەتە لە خۆشەویستییەکەدا، یان بەگشتی غوربەت؟! کە دەبێ شاعیر ئەم هەستەی لا هەبێ.

* نەخێر! غوربەت لە وجوددا بەگشتی، غوربەت لە جوگرافیا، لە دەوروبەر و ژینگە.

– مرۆڤ کە لە بۆتەی خۆی و ماڵەکەی خۆیدا غەریب بوو، ئەوە ئاشکرایە غوربەتی وجوودییانەیە..

* یانی غوربەت نییە، بۆ نموونە لەگەڵ دەوروبەردا؟ تۆیەکی سنووردار لە مەسەلەی پێوەندی کۆمەڵایەتیدا، تۆیەک کە هەندێ تایبەتمەندیت هەیە، تەنانەت خەڵکە نزیکەکانیشت لەو تایبەتمەندییە ناگەن، لە دەرەوەی غەریبی وجوودی، جۆرە نامۆییەکی ترت هەیە؟

– من پێشتریش باسم کرد هەر لە منداڵییەوە کەسێکی زۆر کراوە نەبووم، هەرگیز حەزم لە قەرەباڵغی نەبوو و تەنانەت کە دەشچووین بۆ سەیران و گەشت لە مەکتەب، یان وەکی تر، لەباتی کرانەوە زیاتر لەسەرخۆم دادەخرام.. تەبیعەت وای هەڵخستووم، چار چییە؟

* ڕاکردن بەدوای زەردیوەریەکیشدا، هەر ڕاکردن بوو لە

قەرەباڵغی؟

– نا، ئەوە ڕاکردن بوو بەدوای «مەحاڵ!»دا، بەکورتییەکەی لە بۆتەمدا جۆرە هەستێکی عەدەمی هەر هەبووە.. ئەینا وەکو تر من لەگەڵ کەسانی نزیکمدا حەزم لە نوکتە و قسەی نەستەق و خۆشە و تەنانەت وەک منداڵیش دەتوانم لە ناخی ناخمەوە پێ بکەنم.. جەنابت ئەمە دەزانی..!

* پێش ئەوەی بچینە سەر سەفەری (مانگی ١١/١٩٧٨) بۆ سۆڤیەتی جاران و ئەو غەریبییەی ئەوێ، هیچ شتێکی دی هەیە، بتەوێ لێی بدوێی؟

– هیچی تر کە لێرەدا پێویست بێ باس بکرێ بە خەیاڵمدا نایەت..

* ئەگەر ئێمە هەر سێ کۆمەڵە شیعرییەکە: زریان، زایەڵە، زنار بگرین، زریان کەفوکوڵێکی چڕی زۆر سەیری تێدایە، ئایا ئەو ئینفیعالە حوکمی ئەزموونە، یان هی تەمەنە، یان هی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمێکە کە لە وڵاتی خۆتدا هەوڵی ڕاونان و بە غەریبکردنی ئینسانی دەدا؟

– من پێم وایە، ئەوەی پێوەندی بە جوغزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەوە هەبێ، ئەو درز و سامەی کە لە دەروونی مرۆڤی کورددا دروست بوو، دوای بەهاری ساڵی ١٩٧٥ بوو... ئەمە ترسی لەدەستدانی وڵات و بوون بوو.. ئەینا، خۆ پێشتریش کوشتار و وڵات وێرانکردن هەر هەبوو، بەڵام خودا گەلەکەمانی وەک مەسیح، بە تەنیا لەسەر داری چوارمێخەکێشان و لە درادان بەجێ نەهێشتبوو!!

* جەنابیشت کە باسی ئەو غەریبییە وجوودییە دەکەی بە زەقی پاش ئازاری ١٩٧٥ بووە؟

– ئیتر ئەزموونی شەخسی و کۆمەڵ و کارەساتی وڵات دوای ئەو ساڵە، بە چڕی و وەک دوو سێ ڕووباری جیا تێکەڵ بە یەک دەبن..

* ئەگەر ئێمە نەختێک بپەڕینەوە بۆ قۆناغی غەریبی، لەو چوار کۆپلە شیعرەی بۆ دایکت نووسیون، زۆر بە ڕوونی غەریبی ئینسان لە وڵاتەکەی، نەک هەر ئینسان تەنانەت باسی غەریبی سەگ دەکەی؟

– لێرەدا تێکەڵاوی سیاسەت دەبێ و ئاماژەی بە زۆر چۆڵکردنی یەکسەری دوای نسکۆی دێهاتەکانی ئەوبەری سیروانە.. کە هەر بەڕاستی بۆیان گێڕاومەتەوە، چ کارەساتێک بووە! ئەڵبەتە، من هێشتا ئەوکاتە وڵاتم بەجێ نەهێشتبوو... هەندێ شیعری تریشم هەن هەر زادەی ئەو هەستە تراژیدییەی ئەو



**ئەنوەر قادر جاف**
**ستۆکهۆڵم – ٢٠٠٢**

ڕووداوانەن. شەهید (مەجید کەریم ئەحمەد) لەگەڵ شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)دا لە ناوچەی مێرگەسوور، مامۆستابوون، شەهید مەجید بەچاوی خۆی دیبووی کە چۆن خەڵکیان کۆکردۆتەوە و ڕاوناوە، دەیگوت: پیاوێکی پیر لێیان هاتە پێشەوە و وتی: خودا هەڵدەگرێ ئێمە لەسەر ئەرزی باوباپیرانمان لەسەر باخ و ڕەزمان دەردەکەن؟ من قەسیدەیەکی درێژم لەم موعاناتەوە نووسیوە، تەنانەت هەندێ برادەری تریش دیویانە، بەڵام ئەو شیعرانە فەوتاون..

* لە باسی «چۆن کپ ئەبم»دا باسی ئەزموونێکی سەیرت کرد، ئایا هیچ ئەزموونێکی شیعرنووسینی لەو جۆرەت هەیە کە هاوشێوە بێ، بۆ نموونە لە ڕووی دەروونییەوە حاڵەتی وا بەسەرتا زاڵبووبێ، کە شیعر ئاوا بنووسی؟

– بۆم نەهاتبێ و بە زۆر نووسبێتم؟

* نەخێر! بە پێچەوانەوە خۆی بەسەرتا فەرز کردبێ؟

– وابزانم لە شوێنێکی تردا باسم کردووە، من زۆر بە دەگمەن دادەنیشم قەڵەم و کاغەز بەدەستمەوە بگرم و شیعر بنووسم. گەلێ لە شیعرەکانی «زریان» لە پاسەکانی نێوان بەغدا و دەربەندیخاندا نووسراون، لە ڕێگا بۆم دەهات و هەوڵم دەدا لە بەریان بکەم، دیارە هەندێکم لە شیعرەکە لەبیر دەچووەوە، کە دەگەیشتمە جێ، دەمنووسینەوە، تەبیعی- ئەوەی کە لە یادمدا دەمایەوە.. تا ئێستاش ئەو شێوازە لای من هەر بەردەوامە. هەرچەندە جاروباریش یەکسەر قەڵەم دەگرم

بەدەستمەوە، بەڵام ڕێژەندان وەک ئەوەی تر نییە.. شیعری «کۆچی شازادە»یش زۆر کەم دەسکاریم کردووە.. چۆن هاتووە وا ماوەتەوە، هەرچەندە من زۆرجار دوای نووسینی دەسکاری زۆری شیعر دەکەم.

* باسی وەرگێڕانمان کرد، زیاتر لە فارسییەوە، بەڵام وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە و بۆ عەرەبیشت هەیە؟

- من شیعری مەولەویم کردووە بە عەرەبی، یان لەو وتارانەدا کە لەسەر شیعری ئەو و شاعیرانی ترم نووسیوە، لەکوردییەوە شیعرم کردووە بە عەرەبی، بەڵام زیاتر من شیعر و وتاری فارسیم کردووە بە کوردی و هەندێ جار بەعەرەبیش.. پێشتریش من لەمە دوام.. یەکێک لەو شتانەی تائێستەش هەر داخە لەدڵمدا ئەوەیە کە من کاتی خۆی لە بەغدا ئەو شیعرەی سهراب سپهری «صدای پای آب»م لەگەڵ وتارێکدا کە ڕەخنەگرێکی فارس لەسەر شیعرەکەی نووسیبوو کردبووە کوردی، من ئەوکاتە لە ڕۆژنامەی (العراق) لە لاپەڕەی «الثقافة الكردية» کارم دەکرد و ئەو پاشکۆ کوردییەشمان دەردەکرد، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە برەوێکی باشی هەبوو.. بە ڕەحمەت بێ، کاک ساڵح حەیدەری وتی لە پاشکۆکەدا بەدوو جار بڵاوی دەکەینەوە، چونکە زۆر بوو.. منیش دەمویست پێکەوە: شیعرەکە و وتارەکە بڵاوبنەوە.. ئەو ڕازی نەبوو. بردم بۆ «ڕۆژی کوردستان»، سەرنووسەری گۆڤارەکە ڕازی نەبوو.. دوایی یەکێک بردی بۆ «ڕۆشنبیری نوێ»، بەڵام هەر بڵاونەبووەوە و منیش ئیتر سەفەرم کرد.. نازانم چی لێهات، ئەڵبەتە باس لە هاوینی (١٩٧٨)ە.. بەکورتییەکەی ئەو شتانەی من لە فارسییەوە وەرمگێڕاون ئەگەر کۆیان بکەمەوە. ڕەنگە بە هەمووی (٣٠٠) تا (٤٠٠) لاپەڕە ببێ..

**ئەو درز و سامەی لە پاش بەهاری ١٩٧٥ لە دەروونی مرۆڤی کورددا دروست بوو، ترسی لە دەستدانی وڵات و بوون بوو. ئەگینا پێشتریش کوشتار و وڵات وێرانکردن هەبوو، بەڵام خودا گەلەکەمانی وەک مەسیح بە تەنیا لەسەر داری لە داردان بەجێ نەهێشتبوو.**

* ئەوانەی تا لە وڵات بووی من دیومن، هەموویان شتی بچووکن، مەبەستم ئەوەیە کتێب نین، بەڵام کە چوویتە دەرەوە، ئەو ئاراستەیە گۆڕا بۆ تەرجەمەی کتێب، بۆ نموونە ئەو نۆڤڵێتەی ژنە نووسەری ناسراوی سوێدی منداڵان- ئەستریدلیندگرین-: «میۆ میۆکەی من».. یان ڕۆمانە سێ بەرگییەکەی «پیپی گۆرەوی درێژ» کە بە باسێکی تەعریفییەوە لەگەڵ (خەبات عارف)دا وەرتان گێڕاوە؟ ئەوانە وتار و شیعر بوون و ئەمانە کتێب، چۆن ئەم مەسەلەیە لێک دەدیتەوە؟

- خۆی پێش ئەوەی باسی تەرجەمە بکەین لە سویدییەوە، ڕەنگە باسی تەرجەمەش لە زمانی ڕووسییەوە بکەین، چونکە دەزانن من خوێندنم لەوێ تەواو کردووە، هەروەها کتێبێشم لە ڕووسییەوە کردووە بە کوردی، بۆ نموونە کتێبێکی زانای ناسراو (جەلیلی جەلیل) کە لە سلێمانیش چاپ کراوەتەوە، مەبەست لەکتێبی: «هەندێ سیمای کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕووە».

* ئاخر، ئەو وەرگێڕانە لە وڵات بووە، یان دەرەوە؟

- لە دەرەوە، لە ڕووسیا تەرجەمەم کرد و یەکەم جار لە ستۆکهۆڵم- سوید بڵاوم کردەوە، دووەم جار لە سلێمانی، هەروەها کۆمەڵێ وتاری کوردناسی و هەندێ وتاریش لە ئەدەبی ڕووسی و دەربارەی ئەدەبی ڕووسیم لە دوو کتێبدا بڵاوکردۆتەوە.. کوردناسییەکە سێ بەرگە و چاپی سێیەم کراوەتەوە.

* جیاوازی وەرگێڕان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات کە بۆ مەسەلە ئەکادیمییەکە دەگەڕێتەوە، تۆ لە وڵات بەکالۆریۆست هێنا، بابڵێین لە بەغدا لە کۆلێژی ئاداب، ماستەر و دوکتۆراکەت لە دەرەوە وەرگرت، وا هەست دەکەم ئێوە دوو سوودی گەورەتان بینی؛ یەکێکیان فێربوونی زمانێکی بیانی لەیەکەم قۆناغدا کە بڵێین ڕووسی بوو، دووەمیشیان میتۆدە زانستییەکە بەشێوەیەکی سیستماتیک و تۆکمە، لەسەر ئەم بۆچوونە دەڵێی چی؟

- ڕاستە، من کە چوومە دەرەوە دیارە بۆ خوێندن و شەهادە بوو، بەڵام لای خۆمەوە مەبەستم بوو زمانێکی بێگانە فێر ببم و دنیایەک ببینم. وەک نووسینی باس و بڵێین نامەی دکتۆراش، هەر لەوڵاتەوە بڕیاری خۆم دابوو کە دەربارەی شیعری مەولەوی بنووسم، بەڵام کە گەیشتمە لینینگراد لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا، کێشەیەک دروست بوو، چونکە ڕووسەکان وەک جاران یەکسەر ڕازی نەدەبوون کەسێ کە بەکالۆریۆسی عیراقی هەبێ، یەکسەر ببێتە قوتابی دکتۆرا، دەبوایە ماستەر وەربگرێ و ئەوسا دەست بکا بە خوێندنی دکتۆرا.. ئیتر ئەوەبوو زانیشیان کە من لە عیراق کاری ڕۆژنامەنووسیم

كردووه، له زانكۆی لینینگراد بووم به قوتابی ماستەری ڕۆژنامەنووسی و دەستم كرد به خوێندنی زمان و پلانێكی تایبەتی خوێندن و تاقیكردنەوەیان بۆ دانام و منیش به وره و باوەڕێكی سەیرەوە شانم دایه بەری، چونكه بەڕاستی وەك جێگری ڕاگرەكە دەیگوت: له ڕووی كات و توانای فیزیكییەوە ئەو هەموو تاقیكردنەوەیه بۆ كەسێك تازه دەستی دابێته فێربوونی زمانێك سەختە، بەڵام من سوودێكی باشم له هەموو ڕوویەكەوه لێ بینی، سەرەتا دەمویست لەسەر گۆڤاری «گەلاوێژ» بنووسم، بەڵام ژمارەكانی نەبوون، بۆیه دواتر كردم بەیەكەم ڕۆژنامەی كوردی «كوردستان» (١٨٩٨-١٩٠٢) یەكێ لەو بابەتانەی هەبوون پراكتیكی ڕۆژنامەنووسی بوون، هەندێ له وتاره عەرەبییەكانیان كردم به ڕووسی و یەكێكیش به كوردی. سەرپەرشتیارەكەم به دڵی بوو، بەڵام له ڕووی میتۆدەوه هەندێ سەرنجی هەبوو.. بەكورتییەكەی سوودێكی باشم لەو ماوەی ماجستێره، به تایبەتی له فێربوونی زمانی ڕووسیدا وەرگرت.

* یانی لەو قۆناغەدا زیاتر فێری میتۆد بووی نەك زمان بەو ئاستەی شتی خۆتی پێ وەربگێڕی؟

- بەڵێ، ئەوە زوو بوو بۆ ئەوەی تەرجەمه بكەم.. من لەكاتی تاقیكردنەوەكاندا هەندێ لەو بابەتانه، كورتەكەیانم دەرخ دەكرد، چونكه نەمدەتوانی به زمانێكی ساكار بابەتەكانی باس بكەم، بەڵام ئەمه بووه بناغەیەكی باش بۆ ڕووسی فێربوونەكەم..

* كاتێ ئاشنایەتیت لەگەڵ میتۆدی ئەواندا پەیدا كرد، دەهاته پێش چاوت و بەر زەینت كە لای خۆمان چەند لەم ڕووەوەوە لاوازین؟

- من تەنانەت تا چوومه زانستگەی ڕۆژهەڵاتناسی و بوومه قوتابی دكتۆراش، لەوێش هێشتا هەندێ وردەكاری میتۆد هەبوو لام ڕوون نەبووه. بۆ نموونه دەمویست ئەو وتارەی «گەشتێك به جیهانی مەولەوی»دا كه لەگۆڤاری «بەیان»دا بڵاوبووەوە و دەنگێكی سەیری دایەوە، من دەمویست ئەمه وەك وتارێكی كورتی زانستی له بوولیستێنی ئینستیتووتدا بڵاوببێتەوە.. دوایی توێژەرانی بەش و سەرپەرشتیارەكەشم وتیان: «ئەمه پەخشانی هونەرییه، نەك وتاری زانستی و تێز».. جا ئیتر حسێبی خۆت بكه، كه میتۆد لای ئێمه چۆن بووه و چۆنه! هەروەها یەكەم ساڵی خوێندنی دكتۆراكەم بریتی بوو له خوێندنی زمانی ڕووسی و فەلسەفە. ڕاستییەكەی سوودێكی زۆرم له خوێندنی فەلسەفەكە بینی، بەشێكی ئیستێتیكمان دەخوێند.. بێ گومان مەبەست له خوێندنی فەلسەفە بەتایبەتی شارەزابوونی لۆژیك و میتۆد بوو.. ڕووسەكان بۆ خۆشیان هەندێ بیرمەندی وەك گیرتسن و چیرنێشێڤیكی و بیلینسكی و...تاد، یان هەیه كه بنەڕەتی میتۆدی زانستی ڕووسیان دامەزراندووه.

* با شتێكی دیكه باس بكەین، ئاشنایەتیت زیاتر له میتۆد، له ڕێگەی خوێندنێكی سیستماتیك بوو له كۆرسی تایبەتدا، یان هەر له ڕێگەی ئەو سەرنج و تێبینی و ڕێنماییانەوه كه مامۆستا سەرپەرشتیارەكەت پێی دەوتی؟

- هەمووی بەیەكەوه و یەكدییان تەواو دەكرد.

* من مەبەستم ئەوەیه لەو كۆرسی فەلسەفەیەدا كه دەتخوێند هیچ باسی میتۆد هاته ئاراوه؟

- لەو ساڵەدا به ئێمەیان دەگوت، كه ئەوان داواكاری ئەوە نین، كه ئێمه وەك پسپۆڕێكی تایبەتی فەلسەفە شارەزای هەموو وردەكارییەكانی فەلسەفە بین، بەڵام دەبێ هێڵە سەرەكییەكان و لۆژیك شارەزابین.. نەك خودی فەلسەفە وەك خۆی، ئاشكرایه مەبەست لەمەش فێربوونی میتۆده بۆ نووسینی توێژینەوەی زانستی، هەركەسە له بواری خۆیدا.. زۆر به وشكیش هەندێ شتیان وەردەگرت، دەبوایه كۆنكرێت ئەو بەرنامەیەت بزانیایه كه دیاری كرابوو،.. زۆر قورسیش بوو، بەڵام بۆ من زۆر به سوود بوو.

* ئیستێتیكتان به چ شێوەیەك دەخوێند؟

- بەكورتی مێژووی ئیستێتیك و هەموو چەمك و كەتیگۆریا و زاراوەكان.. دەبوایه تۆ ئەوەت نیشان بدانایه، كه بەشێوەیەكی سیستیماتیك سوودت لەو كۆرسه وەرگرتووه و ئاگاداری هێڵە سەرەكییەكانی بەرنامەكەیت و لەوەیه بتوانی لەكاتی پراكتیك و توێژینەوەدا بەكاری بهێنی و سوودی لێ وەربگری.. ئەمەش وەك دەڵێن پاڵپشتێك بوو لەگەڵ ڕێنمایی و ڕابەری مامۆستاكەمدا لەكاتی نووسینی نامەكەمدا سوودی باشم لێ وەردەگرتن. مامۆستاكەم پسپۆڕێكی لێهاتووی شیعری فارسی بوو، به سەدان وتار و لێكۆڵینەوەی هەبوو، كتێبی هەبوو، له زمانی ڕووسیدا ئافرەتێكی زۆر جددی و خاوەنی ستایلێكی بەرز بوو، هەروەها ئەو كتێب و سەرچاوه ڕووسییانەی- بەتایبەتی- بۆ دەست نیشان دەكردم، كه لەسەر شیعری ڕۆژهەڵات و فارسی بەتایبەتی نووسرابوون، منیش وەك

سەرچاوە و مۆدێل وەرم دەگرتن و لە مەیدانی پراکتیکدا بۆ نووسین سوودم لێ دەبینین.. مامۆستاکەم زۆر بە لێکۆڵینەوەکانی (یوری لۆتمان) سەرسام بوو کە زانایەکی بنیادگەری زمانەوان و ئەدەبناسی ناسراوی جیهانە، کتێبەکانی کراون بە گەلێ لە زمانە زیندووەکانی دنیا، منیش هەر بە چاوساغی مامۆستاکەم سوود لەو میتۆدەی ئەو دەبینم، کە لە بنەڕەتدا بنیادگەرانەیە، بەڵام بەرفراوان و کراوەیە و بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوە سوودم لە کۆدەکانی تریش دەبینی.

مامۆستاکەم شیعرەکانی مەولەوی زۆر بەدڵ بوو، هەردەم دەیگوت، کە ئەمە شاعیرێکی ئاسایی نییە و دەربارەی چۆنیەتی لێکۆڵینەوە زۆر شتی فێر دەکردم، یان شارەزابوونی چی تەقلیدە و چی نوێکارە و ئەم بابەتانە.. هەر مامۆستای مامۆستاکەشم کە خوێندنەوەی نامەکەی منی پێ سپێردرابوو لەکاتی داکۆکیکردندا وتی: «مەولەوی لووتکەیەکی شیعری ئینسانییە، بەداخەوە! تا ئێستا ئێمە ئاشنای بەرهەمەکانی نەبووین..»

* لەو کاتەدا پرۆژەی وەرگێڕانی هەندێ لە شیعرەکانی مەولەوی، بە یارمەتی خەڵکانێکی تر بە بیرتدا نەهات؟

– بەرێ وەڵڵا، لەگەڵ مامۆستاکەمدا– زینەئیدە نیکۆلایڤنا ڤەرەژێکینا، کە ژنە زانایەکی ئێرانناسی دیاربوو بە تەمابووین هەموو دیوانەکەی بکەین بە ڕووسی و ئەو وەک پێشەکی بۆ تەرجەمەی ڕووسی «چوارینەکانی خەیام»ی نووسیبوو، ئاواش بۆ دیوانەکەی مەولەوی بنووسێ، بەڵام ڕێک نەکەوت و دوایی لەم ڕووەوە دەدوێم.

* با بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەشی فەلسەفەیەی باست کرد، هەموومان باش ئاگامان لێیە کە ماتیریالیزمی دیالێکتیکی و مێژوویی فەلسەفەی ڕەسمی سۆڤیەت بوون، بێ گومان ئەو مەسەلەیە لە خوێندنیشدا ڕەچاو دەکرا، کەست لە مامۆستاکانت دەبینی، کە پابەندی ئەو مەسەلەیە نەبن؟

– مەرج نییە توێژەر، یان کەسێک کە خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستییە پابەندێکی کوێرانەی دەزگاکانی دەوڵەت بێت، بەتایبەتی لە ئاستی فەلسەفە و هەندێ وردەکاری فیکریدا، ڕاستە، قۆناغی وا هەیە شاڵاوی سانسۆر و ڕاونانی زۆر بەهێزە، بەڵام کاتی واش هەیە خاو دەبێتەوە.. باوەڕ بکە، خەڵک بۆچوونێکی زۆر وردی نییە، هەر لە دوورەوە مەسەلەکان دەبینێ.. من باسی سیاسەت و میدیای ڕۆژانە ناکەم، باسی توێژینەوەی زانستی دەکەم.. ئێمە مامۆستایەکمان هەبوو کە فەیلەسووف بوو، کاریگەری (دیکارت) و (کانت)ی لەسەر بوو، ئەو جۆرە فەیلەسووفانەی زۆر خۆش دەویست و بە ئاشکرا سەرسامی خۆی لەکاتی دەرز وتنەوەدا نەدەشاردەوە.. جارێک باسی ئەوەی کردبوو، کە ئاواتی ئەوەیە دوای چەند سەعاتێک پێ خلیسکێ بەناو بەفردا، لە دارستانێکدا ئاگرێک بکاتەوە و لە دەوری دانیشێ و (کانت) بخوێنێتەوە.. پیاوێک دژی فەلسەفەی ئیدیالستی بێ، بەو تامەزرۆییەوە لە (کانت) نادوێ.. یان هەر بۆ «وەزنی شیعر» هەندێ سەرچاوی ڕەسمییان دەنووسی، وەک پسوولەی تێپەڕین.. بێ گومان، لێرەدا ئێمە قسە لەحاڵەتی دەگمەن دەکەین، نەک هێڵە بنەڕەتییەکانی سیاسەت، کە دیارە بە جۆرێکی تر بوو..

* ئاماژەت بەوە کرد کە کاریگەرترین هۆکار بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی، ماوەی خوێندنی فەلسەفە بوو؟

– یەکەم جار کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی و دوای ئەوە ساڵەکەی خوێندنی فەلسەفە..

* هیچ هۆکارێکی گەورەتر، لە هەر کوێ بێ هەبوو؟

– من دوای زانکۆی لنینگراد [کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی]، بوومە قوتابی دکتۆرا لە ئینیستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسی، کە سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی بوو. لە ڕووسیا دوو جۆر سیستم هەبوو زانکۆکان کە هەم قوتابیانی زانکۆیان تێدا بوو، هەم قوتابی دکتۆراش. سیستمی ئەکادیمیای زانستی، کە هی توێژینەوەی زانستی بوون و تەنیا قوتابیان بۆ دکتۆرا لێی وەردەگیران، نەک خوێندنی زانکۆیی.. ئینیستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسی کە من تێدا بووم بە خوێندکاری دکتۆرا، لە جیهاندا بەناوبانگە و بەڕاستی من زۆر سوودم لێ وەرگرت.. کۆمەڵێ ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی لە ئاستی جیهاندا تێدابوو، تێیدا خوێندن زۆر جددی بوو.. دەوروبەرێکی زانستی بە کەڵک بوو، کە مرۆڤ دەیتوانی خۆی تێدا پێ بگەیەنێ.. ئێرە تایبەت بوو بە کولتووری ڕۆژهەڵاتی کۆن و ناوەڕاست، بەڵام ئینیستیتووتەکەی مۆسکۆ تایبەت بوو بە کولتووری هاوچەرخی ڕۆژهەڵات.. خۆی لەسەرجەم زانستەکاندا لە ڕووسیا دوو قوتابخانە هەبوو: مۆسکۆ و لینینگراد [سانکت پێتەربورگ]، وەک (کووفە) و (بەسرە) کە، هەمیشەش پیتەرییەکان خۆیان بە پێشەنگ دەزانن و هەرچەندە دەسەڵاتی زۆر لای مۆسکۆیە، بەڵام ئەمان خۆیان بە ئەسڵ دەزانن.. هەر

هەندێ لەو زاناگەورانەی کە خزمەتی زمان و مێژوو و ئەدەب و کولتووری کوردییان کردووە، لەم ئینیستووتە خوێندوویانە و کاریان کردووە..

* دەمەوێ پرسیارێکی تر بکەم، ئایا زمانی ستاندارد و ئاخاوتن لای ڕووسەکان زۆر جیاوازن؟

– نەخێر!.. ڕەنگە ستایلی بابەتەکە دیاری بکات، بەڵام بەو شێوەیەی بۆ نموونە کە لەزمانی عەرەبیدا هەیە، لای ئەوان وانییە.. لە هەموو زمانێکدا ئەوەی پێی دەڵێن (سلانگ) هەیە، بەڵام بەشێوەی دیالێکتی زۆر جیاواز لە یەک، لای ڕووسەکان نییە.. هەرچەندە لە ڕووی فەرهەنگی وشە و دەربڕین، یان لە ڕووی فۆنەتیکەوە جیاوازی هەیە.. بۆ نموونە زمانی دیستۆیڤسکی لە ڕووی شێوازی زمانەکەوە زۆر ڕوونە، ڕەنگە مرۆڤ لە بیروبۆچوونە فەلسەفی و دەروونییەکانی ئەو نەگات، بەڵام بە بەراورد بە زمانی شۆلۆخۆنەوە گرفتێک لە زمانەکەیدا نییە.. «دۆنی ئارام» گەلێک وشە و دەربڕینی ناوچەیی هەیە، کە ڕەنگە لە قامووسیشدا نەیدۆزیتەوە.. بەم شێوەیە جیاوازی هەیە..

* کەواتە جیاوازی لەنێوان ئاخاوتن و زمانی نووسیندا هەیە؟

– لای هەندێ نووسەر..

* بەپێی ناوچەکان؟

– نەء! بەو شێوەیەش نا، زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان زمانی ستانداردیان هەیە.

* مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵکو بابڵێین کە دەچوویتە بازاڕی لینینگراد، یان شوێنێکی دیکە؟

– نەخێر! ئەگەر تۆ بتەوێ لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بەراوردی بکەی، هەرگیز وا نییە.

* کەواتە شێوە جیاوازییەک هەر هەیە. من مەبەستم ئەوەیە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، ڕێگایەکی فێربوونی زمان و زاڵبوون بەسەریدا ئەوەیە کە گفتوگۆت لەگەڵ خەڵکدا هەبێ و تێکەڵیان بێ. ئایا ئەوە لە ڕووسیا زۆر یارمەتی دەدای؟

– بێ گومان، ئەو تێکەڵبوونە زۆر کاریگەر و یارمەتیدەر بوو، چونکە وەک وتم ئەو جیاوازییە زۆرە لەنێوان ئاخاوتن و زمانی نووسیندا نییە.

* بە گواستنەوەت لە زانکۆی لینینگرادەوە بۆ ئینیستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی، هیچ گۆڕانێکی بەرچاو ڕوویدا، لە هەچ ڕوویەکی زانستییەوە بێ، یان مێتۆد و جیهانبینی؟

– پێم وانییە.. گواستنەوەکەم لەبەر ئەوە بوو، ئەو کاتە لەوێ بەشێکی کوردی سەربەخۆی لێ بوو.. ئاستی زانستیشی هەندێ بەرزتر بوو لە زانکۆ.. من لە کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی زۆریان لەگەڵ هەوڵ دام، هەر لەوێ بمێنمەوە، چونکە بەلای ئەوانەوە، پێویستیان بە قوتابی لە بابەتی من بوو، کە خۆی کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە و دەنووسێ، بەڵام من بە یارمەتی مامۆستاکەم و نرخاندنەکەی ئەو، کە من زیاتر بەلای ئەدەبدا مەیلم هەیە تا ڕۆژنامەنووسی و پێ داگرتنی خۆشم، هەوارم گوێزایەوە بۆ ئەوێ و چاکیشم کرد..

* زۆرباشە، گواستنەوە لە ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ ئەدەب، بەدەر لە هەموو مەسەلەیەکی تر بە نیسبەت جەنابتەوە چی بوو؟ لە ڕووی دەروونییەوە چی دەگەیاند؟

– خۆی ئەم دوو هونەرە تێکەڵی یەکن و ئەوەندەش لێک دوور نین، من ئەوەی پێوەندی بە حاڵەتە ئیداری و ڕۆتینییەکەوە هەبێ، ڕوونم کردەوە، بەڵام من تەنانەت ئەوکاتانەشی کە ڕۆژنامەنووسیم کردووە و ئەو بابەتانەی نووسیومن، هەموویان پێوەندییان بە ئەدەبەوە هەبووە،.. بۆیە دەکرێ بە تۆزێ لە خەت لادان لە «پسپۆڕیی ورد» بێ و دوایی گەڕانەوەی یەکجاری بێ بۆ ئەدەبەکە..

* یان بۆ ماوەیەک هەر بە جۆرە لادانێکی لە قەڵەم دەدەی؟

– بەڵێ، بەڵام وەک پێشتریش وتم، سوودێکی چاکم لە ڕووی ڕووسی فێربوون و سەرەتاکانی مێتۆدەوە لێ وەرگرت. هەر لەوێ هەستم بە لاوازی مێتۆدی نووسین، بەتایبەتی کاری ئەکادیمی لای خۆمان کرد و بە جددی هەوڵی فێربوونی توێژینەوەی زانستیم دا.

* بگەڕێینەوە بۆ تەنیا یەک خاڵی بچووک: ئەو مامۆستا سەرپەرشتیارەی لەکاتی وەرگرتنتدا دوای ماجستێر بۆ خوێندنی دکتۆرا هەڵسەنگاندنێکی بۆ نووسیت و ئەو باش ئەوەی لا ڕوون بوو، کە لە بواری ئەدەبدا بخوێنیت باشترە تا ڕۆژنامەنووسی، ئایا ئەوە پێوەندی بەو زمان و ئامرازانەی دەربڕینەوە هەبوو کە تۆ بەکارت هێنابوون، هەرچەندە تۆ قوتابی ماجستێری ڕۆژنامەنووسیش بووی، دیارە دەشزانی لەگەڵ هەموو نزیکیشیاندا ئەم دوو بابەتە: ڕۆژنامەنووسی و ئەدەب. هەریەکەیان تایبەتمەندی زۆر وردیان بۆ خۆیان هەیە؟

– پێشتر وتم، لە کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی زۆر حەزیان دەکرد بمێنمەوە.. بەڵام: یەکەم خۆم نەمدەویست و ڕوونم کردەوە، مامۆستاکەم بێجگە لەو بابەتانەش کە کرابوونە ڕووسی و من لە وڵات نووسیبوومن،.. لەکاتی گفتوگۆ و

مامۆستا و قوتابییەتیدا، ئاست و دیدی منی بۆ دەرکەوتبوو، بۆیە ئەویشی خستبووە سەر ئەو ڕایەی، کە وەها ڕیفرێنس (هەڵسەنگاندن)ێک دەربارەی من بنووسێ و زۆر یارمەتیدەریش بوو بۆ گواستنەوەی خوێندنەکەم لەم بەری «نیڤا»وە بۆ ئەوبەری، چونکە زانکۆی لینینگراد لە بەرێکی ئەم ڕووبارەیە و ئینیستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیش لەوبەر.. زۆر نزیکیشن لەیەکەوە، بەرانبەری یەکن..

* من ئاگادارم پێش سەفەرەکەت بۆ دەرەوە، تۆ وەک ڕۆژنامەنووسیش کارت دەکرد، زیاتر وەک خۆشت وتت، کارەکەت هەر پێوەندی بە ئەدەبەوە هەبوو. ئاخۆ نووسین دەربارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» و خوێندن لە کۆلێژێکی ڕۆژنامەنووسی چ جۆرە شارەزاییەکی دایتێ کە پێشتر نەتبووبێت؟

– من کە بوومە خوێندکاری ماجستێری ڕۆژنامەنووسی، یەکسەر پلانێکی تایبەتییان بۆ دانام، کە بریتی بوو لە خوێندنێکی چڕوپڕی یەک ساڵ زمانی ڕووسی و لە ساڵی دووەمشدا هەر بەردەوامبوون و خۆ ئامادەکردن بۆ چەردەیەک تاقیکردنەوە لە بابەتەکانی ئەو کۆلێژە نووسینی نامەکە.. بابەتەکان: سەرەتایەک لە زانستی ڕۆژنامەنووسی، ڕۆژنامەنووسی بەلشەفی و ڕۆژنامەنووسی هەندەران [ئەورووپای ڕۆژئاوا]، هەندێک لە مێژووی فیکر و فەلسەفە لە ڕووسیا، ئەدەبی ڕووسی ..تاد ئەگەر پێت بڵێم، ئەو دوو ساڵە من شەوو ڕۆژی چەند سەعات کارم دەکرد، ڕەنگە باوەڕ نەکەی! وەک داری ڕەقم لێهاتبوو، بەڵام مرۆڤ کە بە باوەڕ و ورەوە کاری کرد، هەر ئەنجامی دەبێ..

* بێجگە لە خوێندن، کارت بۆ دابینکردنی ژیان دەکرد؟

– نەخێر! ئێمە هەردەمانخوێند، پاشا بووین!

* بە بەراورد لەگەڵ ئەو شتانەی لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە لەوێ دیوتن، دەکرێ لای ئێمە بە ئێستاشەوە باسی ڕۆژنامەگەرییەکی پرۆفیشناڵ بکرێت؟

– من حەز ناکەم مرۆڤ بە ڕەهاو بنبڕانە قسە بکا.. ئەگەر بەراوردی ڕۆژنامەنووسی ئێمە و هی ئەورووپایی بکەی بە شێوەیەکی گشتی، ئەوە ئاستیان زۆر لێک دوورە و بەو ڕوانینە ئەورووپاییە شتێک نییە ناوی ڕۆژنامەنووسی «پرۆفیشناڵ» بێ لای ئێمە.. بەڵام ڕەنگە کەسانێک هەبن، یان دیاردەی تاک و تەرا لەم لاو لەولا، لەدەرکردنی گۆڤارێکدا بەسەرکەوتوویی، یان لاپەڕەی تایبەتی ڕۆژنامەیەکدا،.. یان لە لایەنەکانی تردا ئەوەی پێوەندی بە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەوە هەبێ، ئێمە لە هەندێ ڕووەوە پێشکەوتبین.. دیارە دەزانی، کە کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک سویددا، یەکێکە لەو کۆلێژانەی کە هەروا بە ئاسانی ناتوانی تێیدا بخوێنی، دەبێ بەلای کەمەوە دیارە بێجگە لە زمانی زگماک، سێ تا چوار زمان بزانی، لەو لایەنەدا کە دەتەوێ دەربارەی کار بکەی دەبێ بناغەیەکی پتەو و باشت هەبێ.. تۆ لەوە بگەڕێ، کابرایەکی لای خۆمان نازانم چۆن لەوێ خۆی دەکا بە کۆرسێکدا و ئیتر خۆی ڕادەوەشێنێ، کۆرس دەتوانی بخوێنی، سا تەواوی بکەی، یان نا.. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە تۆ خوێندنی زانکۆت لەو بابەتەدا تەواو کردووە.. ئەم دوو شتە: ئاسمان و ڕێسمانن!.

* لەوێ بەتایبەتی دەربارەی مەولەوی دەستت کرد بە نووسین، مەولەوی شاعیرێکی سۆفی، سلووکییە، بۆ جەنابت گەڕان بەدوای لیریکدا، زیاتر لە ڕووی لەفۆرم–شێوەیە، تا لەوەی لە ناوەرۆک بێ؟

– من وەک وتم شاعیرمان دەست نیشان کردبوو کە مەولەوییە.. من دەربارەی ئەدەب دەنووسم، ئەو بەرهەمەی بە حسێب من دەبێ دەربارەی بنووسم و لە هەموو بەرهەمەکانی مەولەوی لە منەوە نزیکترە، دیوانە شیعرییەکەیەتی.. ئەو دیوانەش، دیوانێکە دەچێتە ناوخانەی لیریکەوە لە ڕووی دابەشکردنی ژانر، یان شێوە بنەڕەتییەکانی شیعرەوە، چونکە وەک ئاگادارن، شێوە بنەڕەتی، یان ژانرە سروشتییەکانی شیعر سێیانن: لیریک، ئێپیک، دراما.. دیارە دیوانەکەی مەولەوی یەکەمیانە.. تەنانەت مامۆستاکەم دەیویست ناوی «غەزەل» لە شیعرەکانی مەولەویدا بۆ ناوونیشانەکەی هەڵبژێرین، بەڵام لە دیوانەکەی مەولەویدا دوو ژانری تر: (فەرد و دوو بەیت)یش هەن، بۆیە مەودای کارەکە لە (غەزەل) فراوانتر بوو، دەبوو (لیریک) هەڵبژێرین.. دەمەوێ ئەوەش ڕوون بکەمەوە، لە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا، لە توێژینەوەی شیعری ڕۆژهەڵاتدا، (غەزەل) بە مانا عەرەبییەکەی بەکار نابرێ کە هەر (الشعر الوجداني– العاطفي) بگرێتەوە، دەشێ (غەزەل) باسی سروشت، یان بابەت و مەرامە شیعرییەکانی تریش بگرێتەوە.. دیارە لە قسەکانمەوە دەردەکەوێ، کە دەشێ لیریک دەربارەی سروشت بێ، یان لیریکی فەلسەفی بێ، بە ناوەرۆک هەریەک لەو بابەتانەیە و بە فۆرمیش لیریک و تایبەتمەندییە ڕواڵەتی و شێوازییەکانی لیریک

دەگرێتەوە، بەو شێوەیەی شاعیر دەری دەبڕێ.. کەواتە ناکۆکییەک لەم مەسەلەیەدا نییە. ڕاستییەکەی مامۆستاکەم دەیخواست ستروکتۆر (بنیاد)ی نامەکە بەشێوەیەکی تر بێ و ئەگەر بکرێ باسی قۆناغەکانی شیعری مەولەوی و چۆنیەتی پرۆسەی داهێنانی ئەو، بەرەو پێشەوە چوون و گەشەسەندن، یان وەستان و دانە دوای ڕوون بکەینەوە، بەڵام خۆت چاک دەزانی مێژووی شیعری کام شاعیری کورد لەلای ئێمە نەک بە ڕۆژ و مانگ، بەڵکو بە ساڵیش ڕوونە.؟ جاری وا هەیە ژیانی شاعیرێک دەخرێتە چەند سەدەی دوور لەیەکەوە!.. بۆیە پلانەکە بەو شێوەیەیە کە لە نامەکەدا بەکوردی دەیبینی، بەتۆزێ دەسکارییەوە، چونکە ژمارەی لاپەڕەی نامەی دکتۆرا لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا لەوێ نابێ لە (٢٠٠) لاپەڕە زیاتر بێ و جاروبار وەک لە ئەسڵی نامەکەی مندا بە ڕووسی ڕێگەیان دا (٢٠) لاپەڕەیەک زیاد بێ.

* یانی ئێوە دەتانویست بەشێوەی کرۆنیک و ئەو شتانە، توێژینەوەکە بکەن؟

– بەڵێ، چونکە لای ئەوان بۆ نموونە شیعری (پووشکین) بە ڕۆژ و تەنانەت ڕەنگە سەعات ڕوونە کەی ئەو شیعرەی نووسیوە و لە کوێ؟ بۆیە لە ستایلی شیعری پووشکین، بەو بە داهاتنە مێژوویییە دەکۆڵنەوە..

* دەربارەی غەزەل و لیریک، من دەزانم لە هەموو غەزەلی فارسیدا عەرووز و یەکێتی قافیە هەن، بەڵام لای مەولەوی ئەم لایەنانە بەدی ناکرێن؟

– ئەم قسەیەی تۆ، لە هەوەڵ جاردا جێی سەرنجی مامۆستاکەم بوو، بەڵام من بۆم ڕوون کردەوە کە ئەمە نەریتی شیعری دیالێکتی گۆرانییە بەگشتی و تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی هەیە.. ئەو ئەمەی نەک بە نەنگی، بەڵکو بە ئەرێنی دەژمارد. تەنانەت هەندێ لێکۆڵینەوە بە زمانی ڕووسی دەربارەی غەزەلی فارسی بۆ نموونە: حافز، ئەنوەری..تاد هەن، بەشێوەیەکی تەقلیدی و ڕوون کردنەوەیەکی ماتماتیکی هونەرە ڕەوانبێژییەکانن، مامۆستاکەم، ئەمەشی بە دڵ نەبوو، بەلایەوە توێژینەوەی تەقلیدی بوو. ئەم دەیویست بە میتۆدە ئەوروپاییە تۆکمەکە لەو شتانە بدوێین.. لای خۆشمان بەشێکی زۆری ئەو نووسینە ئەدەبناسییانەی هەن، بە ڕووسی (پریسکاز)ی پێ دەڵێن، شیعرەکە دەگرین و بە پەخشان و پێداهەڵدان هەمان زاراوە و دەربڕینی ناو بەرهەمەکە دووبارە و سێ بارە دەکەینەوە، بە قەولی گۆرانی شاعیر «لای ئێمە بۆ دنیای شادی تازە وا خەڵک هەنگاو ئەنێ.» وەک وتم: ئەوە لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی نییە.

* مامۆستاکەت ئاشنایی لەگەڵ عەرووز و کێشی پەنجەدا هەبوو؟

– ئەو پسپۆڕێکی چاکی شیعری فارسی و ڕۆژهەڵاتی و جیهانی بوو.

* بەدەر لەو میتۆد و ئاستە زانستییە بەهێزەی لەوێ هەن، بەڵام بەداخەوە کەسانێک لەو وڵاتە دکتۆرایان هێناوە، شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– ڕاستە دەزگای ئەکادیمی و ئاستی بەرزی زانکۆ و وڵاتەکە دەور دەبینێ، بەڵام من بۆ خۆم پێم وایە، پێش هەموو شتێک ئەمە شتێکی (زاتی)یە و پێوەندی بە کەسەکە خۆیەوە هەیە، تا چ ئاستێ هەوڵی داوە و چەندی لەباردا هەیە کە سوود لەو هەلو دەرفەتە وەربگرێ کە بۆی ڕەخساوە.. بێ گومان مرۆڤ لە دەزگا و ئینیستیتوتە بەرزەکاندا ئەگەر بیەوێ، یان توانای ئەوەی هەبێ زیاتر سوود وەردەگرێ.

* پیاوێک کە تا ئێستاش نەیتوانیوە لەمیتۆد بگا، چۆن دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین، کە لەوێ تێزێکی باشی پێشکەش کردووە، کە شایانی ئەوە بێ دەربچێ؟

– یارمەتییانداوە.

* بۆیان نووسیوەتەوە؟

– دیارە لە ڕووسیا چ زانکۆ و چ مامۆستا گیانی یارمەتییان تێدایە و یارمەتی خەڵک دەدەن، من حاڵەتێکی دیاریکراوم لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەشێکی چاوپۆشی ئەوەی لێ دەکەن، کە بێگانەیە و بەهەرحاڵ! ڕەنگە سوودێکی بۆ وڵاتەکەی خۆی هەبێ ئەی تۆ پێت وانییە، لە ئەوروپای ڕۆژئاواش دەیان حاڵەتی وا هەن؟ ئەوەی پێوەندی بەزانستە مرۆڤایەتییەکان و بە تایبەتی قوتابییانی کوردەوە هەبێ، ئەوانەی جێ دەستیان دیارە، هەموو کەس دەزانێ لە ڕووسیا خوێندنیان تەواو کردووە، وایە، یان نا؟

* بەڵێ وایە و من لەگەڵتام.. بۆ نموونە هەندێ کەس بەحسێب! لە زانکۆیەکی بەناوبانگی وەک «سۆربۆن» دکتۆرایان هێناوە، ئەمە بۆ هەست بریندارکردن نییە، بەڵام سەد حەیف و خەسارێ..! ئەی ئێستا هیچ ئاشنایەتییەکت لەگەڵ ئێستای خوێندن لە ڕووسیا هەیە؟

– ئەوەندە دەزانم ئێستا خوێندن بۆ بێگانە بووە بە پارە، خەڵک بە پارە لەوێ دەخوێنێ. کاتی ئێمە خوێندن

به دوو شێوه بوو: یان حکوومەت بە (بعثات) خەڵکیان دەنارده دەرەوە، یان بە (زمالات) بوو لە ڕێگەی حزبی شیوعی عیراق، یان حزبە شیوعییەکانی تری دنیاوە.. دەزانی من لە ڕێگەی حزبی شیوعییەوە خوێندنم بۆ دابین کرا: کاک (محەمەدی مەلا کەریم) بە مامۆستا عەزیز محەمەدی وتبوو بۆ ناردنە دەرەوەم، دواتریش کاک (د. جەمشید حەیدەری) ئەوراق و شتەکانی بردم، لەوێش برای شاعیری گەورەم کاک (عەبدوڵڵا پەشێو) لە پێشوازیدا بوو. بەختیش یارم بوو! کە من گەیشتمە مۆسکۆ، مامۆستا عەزیز محەمەد لەوێ بوو. ڕاستییەکەی ئەگەر مامۆستا (عەزیز محەمەد) نەبوایە ئەو خوێندنەم بۆ نەدەبوو، بۆیە دەمەوێ سوپاسی زۆری بەڕێزیان بکەم و هی ئەو برایانەی تریش کە هەریەکەیان بەشێوەیەک یارمەتی داوم، نموونەیان زۆرن و سوپاسیان دەکەم.. وەکو تر ئەوەی دەبیستری ئێستا کوردێکی زۆر لە ئۆکرانیا، لەسەر حسێبی خۆیان و بە پارە دەخوێنن.

✱ بێجگە لە خوێندنی ئەکادیمی ئەی ئاگات لە نووسین و بەرهەمی ئەدەبیی ئیبداعی لە ڕووسیا هەیە؟

– هەتا لە سوێد بووم کتێبفرۆشییەک هەبوو، کە بەرهەمی ئەدەبی ڕووسی دەهێنا و کتێبی چاک و نایابی دەفرۆشت. هەرچەندە تۆزێ گران بوو. هەر لە سوێدیش هەندێ وتار و هەواڵ دەربارەی ئەدەبی ڕووسی سەردەم بڵاودەکرانەوە و باسی شەپۆلێکی تازەی بەهێزی ڕۆماننووسینیان دەکرد، بەداخەوە! من ئاگاداری ئەو گۆڕانانە نیم.

✱ نازانم هیچی تر ماوە لە بارەی ئەو کاتەوە کە تۆ لە ڕووسیا بووی بیڵێی؟

– بێجگە لە خوێندنی ڕەسمی، لە ڕووسیا من فریای ئەوەش دەکەوتم کە بچمە شانۆ و کۆنسێرت و سینەما و هەروەها پێشانگای هونەری، یان زۆرجار لە بۆنەکاندا ئەڵقەی سیمینار بەڕێوە دەچوون، بۆ نموونە دەربارە دیستۆیڤسکی، یان شاعیر و نووسەرانی تری ڕووس و بێگانە.. بە گوێرەی توانا ئامادەی ئەمانەش دەبووم، چونکە یان نرخێکی ڕەمزی، یان بە خۆڕایی بوون.. هەر کاتی ماوەم هەبووبێ، چووم و ئامادەبووم، لەو بەشە ناوخۆییەشدا کە کاتی خوێندنی دکتۆرا لێی بووم، ئەوە بەشی ناوخۆیی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت بوو [ئەوسا]، جگە لەوەی ڕۆڵەی هەموو گەلانی ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیەم دەناسی و ئاشنای داب و کولتوور و موعاناتیان دەبووم، هەندێ ناسیاوم هەبوون

کە لە ئینیستیتووتی پووشکین دەیانخوێند قوتابی هەڵکەوتوو بوون، یەک دووانێکیان قوتابی زانای هەڵکەوتووی ڕووس. م. لیخاچۆف بوون.. کە ئەو سەردەمەش هەر ئەم بە فۆرمالیست ناوزەد دەکرا.. ئەمانە کەشوهەوایەکی چاکیان بۆ سوود وەرگرتن بۆ ڕەخساندبووم.. من نەک ئەوکاتە ئێستاش شیعری ب. پاسترناک هەر بەقورس دەزانم، کەچی ئەوان ئەوەندەی شیعر لە بارێ بۆ تێگەیشتن، هیچ گرفتێکیان نەبوو.. گەلێ جار هەر دەچووم داوام لێ دەکردن کە بەشێکی دانیشتنەکە بۆ بەرهەمی نووسەرانی ڕووس تەرخان بکەین..

✱ باش بوو باسی پاسترناکت کرد، پاسترناک لە سەردەمی سۆڤیەتدا دەنگێکی نارەزایی جیاواز بوو، ئایا کەسانێکی وەک دیستۆیڤسکی و تۆڵستۆی، یان شاعیری گەورەی وەک پووشکین دەخرانە ڕوو، یان شاعیرانی وەک مایکۆفسکی؟

– ئەوەندەی من دەمبینی، تاکی ڕووس شارەزایی باشی لە ئەدەب بەگشتی و بەتایبەتی ئەدەبەکەی خۆیاندا هەبوو.

✱ بە کۆن و تازەوە؟

– بەڵێ، ڕاستییەکەی حەزیان لە کۆن و بەرهەمی ئەمان زیاتر بوو تا ئەدەبە ڕەسمییەکە.. ڕووس نییە شانازییەکی زۆر بە پووشکینەوە نەکا، یان هەر یەکە لە ئەدیبە لووتکەکانی تریان.. بۆ نموونە من لەو دانیشتن و گفتوگۆیانەدا کەمتر گوێم لە ناوی مەکسیم گۆرکی دەبوو.. بەڵام هەندێک هەن وەک: (بوونین)، یان (کۆپرین) کە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی گەورەی ڕووس و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵن، کەس لای ئێمە هەر ناویشی نەبیستوون، یان گەورە شاعیرێکی لیریک- سۆفی مەشرەبی وەک (تووتچیف)، ئەمانە دوای شۆڕش هەندێکیان ڕووسیایان بەجێ هێشتووە و تەنانەت شیعری تووتچیف، لە سەردەمی «گەرمە تەریقەتییەکەدا» بە ئەدەبی کۆنەپەرستی لە قەڵەم دراوە.. بێینەوە سەر پاسترناک، یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە خەڵک لایان سەیرە، چۆن ستالین نووسەری گەورە (م. بۆڵگاکوف)ی نەکوشتووە.. کاتێ پاسترناک ڕۆمانی «دکتۆر ژیڤاگۆ»ی دا بڵاوکەرەوە ئیتاڵییەکە هێرشێکی گەورەی کرایە سەر و بە تایبەتی دوای ناوهێنانی و دانی خەڵاتی نۆبڵ پێی، بەڵام پاسترناک لەژێر ئەو گوشارە میدیاییەدا نامەیەکی بۆ ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی نووسی بەناوونیشانی: «من حەزم لە ڕاستییە بۆیە بۆ ڕاستی

دەنووسم».. وشەی «Tpalga» (Pravala)ی ڕووسی واتە (ڕاستی).. کەسانێکی نزیکی پاسترناک لە وێنەی ئانائەخماتۆڤا و نادێژدا ماندلشتامی ژنی شاعیری ناوداری ڕووس ئۆسپ ماندلشتام کە ئەمیش هەر ستالین بێ سەروشوێنی کرد.. ڕەخنەیان لەم هەڵوێستەی پاسترناک گرت کە، یان ڕۆمانەکەی نەدایە بە کابرای بلاڤکەرەوەی ئیتالی، یان بەو شێوەیە نامەی بۆ «پراڤدا» نەنووسیایە.. هەرچەندە ئەخماتۆڤا باسی ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی پاسترناکیشی کردووە، کە چۆن تەلەفۆنی بۆ ستالین کردووە و هەواڵی چارەنووسی نادیاری (ماندلشتام)ی لێ پرسیوە، کە ستالین تەلەفۆنەکەی هەڵگرتووە، لە پاسترناکی پرسیوە:

- چیت دەوێ؟

ئەویش وتوویەتی: دەمەوێ باسی مردن و ژیانت لەگەڵدا بکەم!

ستالین تەلەفۆنەکەی داخستووە و فڕێداوە..

ئەخماتۆڤا کە ئەم باسە دەبیستێ بە گاڵتە و شانازییەوە پێی دەڵێ: باش بۆریا (واتە: پاسترناک) کەوتۆتە سەر چوار پەل!

* نازانم مایەی خۆشبەختییە، یان هەر ناوێکی تری لێ بنێی، سەردەمێک لە ژیانی تۆ لە ڕووسیا بووە؟

- ڕاستییەکەی من بۆ خۆم ئەو ژیانەی ئەوێم بە ڕۆژگارێکی زۆر بە سوود و شادی تەمەنم دەزانم. لە زۆر ڕووەوە کاریگەری لەسەرم هەبووە.. ڕووسیا وڵاتێکی سەیرە.! ئەو شاعیرەی ناوم هێنا (تووتچیڤ) دەڵێ: ڕووسیا بە عەقڵ تێی ناگەی، بەهیچ پێوانە و تەرازوویەک ناپێورێ.. ڕووسیا دەبێ هەر خۆشت بوێ.. ئەم شاعیرە زۆر چاک لە وڵاتەکەی گەیشتووە و ناسیویەتی، خۆشیشی ویستووە.. ئەو ئەدەب و هونەرە بەرزەیان هەبوو، کەچی ئەو کاتانەی ئێمە لەوێ بووین، هەندێ خزمەتگوزاری ژیانی ڕۆژانەیان بە چاکی بۆ ڕێک نەدەخرا. بێ گومان ئەوان لە چاو ئەورووپای ڕۆژئاوا باری گوزەرانیان زۆر خراپ بوو، بەڵام ئێستا خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵ هەر زۆر خراپتر لە جاران دەژین، ئەگەر جاران ئاستێکی ژیانیان هەبوو، با زۆر باشیش نەبێ، ئەوە ئەمڕۆ دەڵێن، بە ملیۆنان خەڵک لە سنووری هەژاریدا دەژین. تەنانەت، بەشێکی خەڵک ئێستا ئاوات بەو سەردەمەوە دەخوازن، چونکە هەندێ لەوانەی دوێنێ کۆمۆنیست بوون، ئەمڕۆ بوونەتە سەرمایەدار.. هەمیشەش (ئیلیت) خەڵکی سەرباشقەی کۆمەڵ بیر لە ئازادی بیر و وشە دەکاتەوە.. خۆ ئاشکراشە، سیستەمە تۆتالیتارەکان، بۆ نموونە چ ئەڵمانیای نازی، یان سەردەمی ستالینیزم، هەندێ شتی پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک مسۆگەر دەکەن و دیسپلین بەرکەماڵ دەکەن و ئاپۆرەی خەڵکیش نەک بەدوایان دەکەون، بەڵکو خۆشیانی بۆ بەکوشت دەدەن. بێ گومان هەموو سیستمێ بەتایبەتی لەو جۆرانەی سۆڤیەت خۆیان هۆی پووکانەوە و دارمانی خۆیانن.. ڕەنگە لات سەیر بێ، کە لە ناو نەک خەڵکی سادەدا، بەڵکو خوێندەواریشدا کەسانی ستالینیست هەن و داکۆکی لەو دەورو دووکانەش دەکەن.. تەنانەت کەسانێک کە ڕاونراوی دەستی ئەو ڕژێمە بوون، لەگەڵ ئەو دارمانە کتوپڕەی ڕژێمی سۆڤیەتدا نەبوون، یەکێک لەوانە (سوڵجینستن)، کە لە چاوپێکەوتنێکدا ڕەخنەی لە ئابووریناسە ڕیفۆرمخوازەکانی سۆڤیەت دەگرت، کە بێ ئەوەی شتێکی تازەیان ئامادەکردبێ، سیستمکیان ڕووخاندووە و هیچ لە جێگەیدا نییە، سامانی وڵاتەکەش بە تاڵان دەبرێ.. **ئەو پێی وابوو کە دەبێ هێدی هێدی و بە قۆناغ مرۆڤ خۆی بۆ گۆڕان ئامادە بکا..** هەرچەندە دەبێ ئەوەش بڵێین، کە (سوڵجینستن) هەندێ دیدی ناسیۆنالیستانەی توندی هەبوو.

* من وا هەست دەکەم دەرچوونت لە ڕووسیا، تۆی لەو کەشوهەوا ڕۆشنبیرییەی ئەوێوە خستە ژیانێکەوە، کە پێویست بوو بۆ ژیان و مسۆگەرکردنی بژێوی کاربکەی.. تۆیەک کە هەرگیز ئیشت نەکردووە و ناسراویشی بە تەمبەڵی، دەڵێن لە عەمباری گەورەی شتومەکی سوپەرمارکێتەکاندا کارت کردووە؟

- دوای داکۆکی و تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا لە ڕووسیا چەند جارێک بۆ ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا نووسییان کارم بدەنێ.. تەنانەت ئاماژەیان بەوە کردبوو، کە ئەوان پێویستیان بە منە و.. چی و چی.. منیش بۆ خۆم هەندێ پرۆژەی باشم لە خەیاڵدا بوو کە بە زمانی ڕووسی ئەنجامی بدەم و خەریکی نووسین بەکوردیش بم، بەڵام لە سۆڤیەتی ئەوسادا ئاسان نەبوو کار بە بێگانەیەکی وەک من بدەن، چونکە ئەمە جگە لە کار هەندێ شتی تریش پێویست بوو، کە بۆ پسپۆڕەکانی خۆیان دابینکردنی ئاسان نەبوو، چ جای بۆ بێگانەیەک! بۆیە برادەرێک و برادەرانێکی ئەوێ یارمەتییان دامو و ئیقامەی سویدیان بۆ وەرگرتم، سوپاسیان دەکەم، چونکە حاڵم لە ڕووسیا باش نەبوو و بە تەواوی لەو بێکارییە بێزاربووم. کاتێ چوومە سوید خۆم بۆ پرۆژەی ئەدەبی و نووسین ئامادە کردبوو، بە

تایبەتیش من دکتۆرام هەبوو، خوێندن بۆ شەهادە و ئەوانە لە ئارادا نەبوو، تەنیا مرۆڤ خۆی بۆ فێربوونی زمان و سوود وەرگرتن لەو دنیا نوێیە حازر کردبوو.. بەڵام هەر لە هەوەڵ ڕۆژەکانەوە هەستم کرد ئایندەیەکی تەماوی پێوەندی لەگەڵ برادەرە کوردەکانی ئەوێدا چاوەڕێم دەکات.. زوو، یان درەنگ ئەو پێوەندییە هەر دەپچڕێ.. باوەڕم پێ بکە، نەمدەزانی چۆن هەڵسوکەوت بکەم، دنیاکەم ئەوەندە لا غەریب بوو هەر مەپرسە! هەرچەندە خۆم پاساوم بۆ ئەو بار و زرووفە دەهێنایەوە، کە دنیای گەنجێتیی بەغدا نییە و خەڵک هەندێ پابەندی تری بۆ دروست بووە و ژیانەکە ئاوایە.. بڕیاریشم دابوو تا نەگاتە دوا نوقتەی بنبەست، کە ئیتر لە وزەدا نەمێنێ، هەر بەردەوام بم، بەڵام دوای ماوەیەک بۆم دەرکەوت دەبێ هەڵوێستی خۆم ڕوون بکەمەوە، کە ئێمە با کاریش لەگەڵ یەک نەکەین، دەتوانین هەر برادەر بین. ئێمە پێش هەموو شتێک برادەر بووین، ڕەنگە مەزندەش لێ بدەم کە لای ئەو، ئەوانەوە چۆن کەوتۆتەوە.. ئیتر منێکی لە هەڵپەی ژیاندا «دەست و پێ سپی» تەنیا کەوتمەوە، ئێ! لەوێش ڕاستە وڵاتێکی پێشکەوتووە، بەڵام هەر دەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکەی.. وەرە زمان فێر بە! بۆ کار بگەڕێ، کاریش بەم «پسپۆڕییەی!» جەنابم، یان هەر نییە، یان زۆر سنووردارە، بە ڕاستیش ئەو زرووفە بارێکی دەروونی وای هێنایە ناو، کە بێزم لە هەموو شتێک بێتەوە، ئەینا دەکرا لەو هەوەڵەوە هەوڵی کاری ترم بدایە.. من هەشت ساڵ مامۆستای زمانی دایک (کوردی) بووم لە قوتابخانەکانی شارەوانی (ئوپلاندس بروو) لە کەناری ستۆکهۆڵم. بێجگە لەوەش لە کۆپێرا تیڤێک لە عەمبارەکەیدا کارم دەکرد، دوای ئەوەی خۆم لە کاردا تاقی کردەوە، هەر بە تەمای گەڕانەوەی وڵاتیش بووم، ئیتر ئەوەم لە مێشکی خۆم دەرکرد، کە بەدوای کارێکدا کە بە پسپۆڕیم بێ، بگەڕێم.. دەشمتوانی وەک هەندێ لە «ڕۆشنبیرە بێگانەکان!» خەریکی «لاق ڕاکێشانی درێژخایەن و سواڵی هەمیشەیی سۆشیال»بم، بەڵام ئەوە بۆ کەسێک تۆزقاڵێ جوامێری لە قالبیدا بێ، نەنگییە! من مەبەستم لە ساڵەکانی سەرەتا نییە، کە ناچارییە! بەڵام هەمیشەش خەریکی باشکردنی سویدییەکەم بووم، دەمخوێند و لە خوێندنەوە بەردەوام بووم، هەندێ بەرهەمم لەو ساڵانەدا چاپ کرد..

* با بە ڕوونی باس لەوە بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا سوید کۆمەڵێ گۆڕانی لە تۆدا بەدی هێنا، پێش ئەوەی بێینە سەر زمان و کاری ئەدەبی، ئاشنایەتیت لەگەڵ بیری لیبرال، یان سۆسیال - دیموکرات، ئەمانە لای تۆ هیچ کاریگەرییان هەبوو؟

– لایەنی تیۆریی بیری لیبرال، یان سۆسیال دیموکرات، هەر ئەوەیە کە بەشێکی کولتووری ئەوروپاییەکەیە، ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییە زۆر جیاوازەی لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دی تێدا نەبێ، بەڵام گرنگ پراکتیک و واقیعەکەیە.. بەبێ هیچ زیادەڕۆییەک، ئێستا نازانم بەڵام کە من چوومە ئەو وڵاتە، بێ گومان پێش ئەوەی بچیتە هەندێ وردەکارییەوە کە ماوەیەکی زۆر و وردبینییەکی دەوێ هەستی پێ بکەی.. ئەو وڵاتەم بە «یۆتۆپیا» کە مارکس و هەموو ئەوانەی پێش ئەو لە خەون و خەیاڵدا بۆ مرۆڤایەتییان ڕەنگ ڕێژ دەکرد- دەهاتە پێش چاو.. من پێم وایە، ئێستاش هەر یەکێکە لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە لە جیهاندا لە ڕووی باشی و خزمەتی مرۆڤکردنەوە دەگمەن و بێ وێنەیە، چونکە یەک چەردەی باش گەرەنتی کۆمەڵایەتی و ژیان بۆ مرۆڤ دابین کراون، بەڵام تەنانەت لەوێش هەر سوودی خراپ- بە تایبەتی لەلایەن ئێمەی ناسویدییەوە- لەو سیستەمە وەردەگیرێت.. بێ گومان گرفت و کێشەکانی دنیاش کار لەوێ دەکەن.. لەگەڵ ئەمانەشدا مۆدێلێکی مرۆڤانەی دەگمەنە.. من بۆ خۆم لە ژیانی ڕۆژانە و کاردا لێرە، هەوڵ دەدەم پەیڕەوی هەموو شتە باشەکانیان بکەم و قوتابییەکانم هان دەدەم هەوڵ بدەن سوود لەو جۆرە کۆشش و کارکردنە وەربگرن، بەڵام!..

* لەوە بەولاوە با بێینە سەر زمان. سویدی جیاوازە لە ڕووسی و ئەو زمانانەی تر کە تۆ دەتزانین: کوردی، عەرەبی و فارسی..، بۆ فێربوون چۆن بوو؟

– لە سەرەتاوە وا خۆی دەردەخا کە ئاسانە، بەتایبەتی مرۆڤ ڕووسی و تۆزێ ئینگلیزیش بزانێ، چونکە فەرهەنگی وشە و ستراکچەری لە زمانە ئەوروپاییەکانی ترەوە نزیکن، بەڵام کە دێیتە سەر فێربوونی بە جددی، قورسی زمانەکەت بۆ دەردەکەوێ، بە تایبەتی لە ڕووی ئاخاوتن و هەندێ دەربڕینەوە کە زۆر تایبەتن، بەڵام قەت ئەوە وای لێ نەکردووم کە من بایەخ بەم زمانە نەدەم، چونکە هەرچی هەیە لە دنیادا بە سویدیش هەیە، جاری وا هەیە بە بەرهەمێک لەگەڵ دەرچوونیدا بەزمانی ئەسڵ، بە سویدیش دەردەچێ.. سەیر لەوەدایە هەندێ کەسی لای خۆمان بە حساب نووسەرن، دەرفەتی ئەوەشیان بۆ ڕەخسابوو ئەم زمانە فێربن، بە تایبەتیش هەندێکیان بێجگە لە کوردی- ئەوەندەی من بزانم- هیچ زمانێکی

تر نازانن، کەچی تەمەڵی خۆیان بۆ فێرنەبوونی زمانەکە، بە بیانووی ئەوەوە، کە ئەمە هەر لە سویددا بەکاردێت پینە دەکرد.. تەنانەت یەکێکیان شەکرێکی شکاندبوو، لە هەموو شوێنێ دووبارەی دەکردەوە: «ئەم زمانە دەڵێی هەورامییە.» کورد دەڵێ: «عوزر لە قەباعەت خراپتر».. وەک ئەوەی بێسارانی و مەولەوی و..تاد لووتکەی شیعری کوردی نەبن.. دەردی برادەرێک دەیگوت: ڕاست دەکات، ئەو هەورامییەکەش هەر بە قەد سویدییەکە دەزانێ!

* بابڵێین لە ڕووی میتۆدی زانستی، یان نووسینەوە، چوون بۆ سوید هیچ سوودێکی هەبوو؟ ئایا لەگەڵ مەنهەجی ڕووسەکاندا جیاوازییان هەبوو؟

– میتۆدی زانستی لای ئەوروپاییەکان هێڵی گشتی هاوبەشی هەیە، چونکە هەمووی زادەی کولتووری ئەوروپاییە، بەڵام ئەوەندەی من عەقڵم پێی بکشێ و دەرکی پێ بکەم.. هەندێ پەلوپۆ و دوورودرێژی هەیە، کە ڕووسەکان عادەتەن پێڕەوی دەکەن، سویدی هەوڵ دەدا چڕتر و تۆکمەتر و کورتتر ئەنجام بە دەستەوە بدا.

* بێجگە لە میتۆد، ئەی سوید چ گۆڕانێکی تری لە ڕووی نووسین و ئەدەبەوە لای تۆ پەیدا کرد؟

– سوید خاوەنی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە و من بەرهەمی شاعیرەکانیان دەخوێنمەوە و حەزم لە بەرهەمی هەندێکیانە..

* با دیسانەوە لە میتۆد بدوێین، تۆ دەڵێی بە زمانی سویدی هەموو شت دەست دەکەوێت، سەرچاوەی هەموو ڕێباز و هێڵە فەلسەفییەکان، بێ گومان ئەو جیهانە کراوەیە دەبێتە هۆی لابردنی هەندێ کۆت و پێوەندی ڕۆتینی، ئەو کراوەییە خۆی ئاسۆیەکی بەربلاو و فراوانتری دیدوبۆچوونیش بۆ میتۆدەکە دەڕەخسێنێ؟

– بە دڵنیاییەوە..

* من مەبەستم هەر نووسین و ئەدەب نییە، بەڵکو لە مەیدانی زانست و ژیانی ڕۆژانە و واقیعی خەڵکیدا، بۆ نموونە ئەگەر بە کۆمەڵ و سیستمی ڕووسیا بەراوردی بکەین؟

– ئەمان زۆر دینامیکین و ڕاستییەکەی لە مەیدانەکانی ژیان و سیستم و کاروباری کۆمەڵدا ناکرێ سوید بەراورد بکەین بە ڕووسیا.. سویدییەکان داهێنەری زۆر جۆرە سیستمی مەیدانی تەکنیک و پیشەسازین و لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا ئەوەندە بە دیسپلین و هەست بە بەرپرسیاریکەرن، هەر نەبێتەوە..!

* گۆڕانی دەسەڵات لە سوید، بۆ نموونە لەبەرەی چەپەوە بۆ ڕاست، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سیستمەکەدا دروست دەکات؟

– خۆی گۆڕانکاریی دراماتیکی لە شێوەی «کودەتا» هەرگیز لەو وڵاتانەدا ڕوونادات، بەڵام دیسانیش لە ڕووی سیستمی ئابووری و تەنانەت دەسەڵات بەڕێوەبردنەوە جیاوازیی هەر دێتە ئارا.. هەندێ شت هەن کە یاسای بنەڕەتین و لە دەستووری وڵاتدا چەسپاون.. ئەوانەی کارکەر و چینەکانی خوار مام ناوەندن، هەمیشە حەزیان لەو چەردە گارەنتییە کۆمەڵایەتییە هەیە، کە بە تێکۆشانی سۆسیال دیموکرات بە تایبەتی بەدی هاتوون، بەڵام جاری واش هەیە، کە هەست دەکرێ ئەمانیش هەڵە و پەڵەیان هەیە، دەنگدەر تووڕە دەبێ لێیان و دەنگیان ناداتێ..

* بگەڕێینەوە بۆ زمان. دوای چەند ساڵ هەستت کرد دەتوانی بە سویدی بخوێنیتەوە و لێی تێبگەی؟

– لە ڕاستیدا ڕەنگە بەو شێوەیە لەبیرم نەبێ، یان هەر نەوترێ، بەڵام خۆت دەزانی زمان دەبێ خەریکی بی، عەشقێکت بۆی هەبێ، حەوسەڵە و تاقەتت هەبێ، ئەینا فێری نابی.. من هەر لە سوید چەردەیەک ئینگلیزیشم خوێند، هەروەها ڕووسییەکەش لە ڕووی وشەی هاوبەشەوە زۆر یارمەتی دەدام بۆ زیاتر فێربوونی سویدی. ئەم زمانانە بە یەکەوە یارمەتیدەرم بوون بۆ فێربوونی هەریەکێکیان بە تەنیا، بەهۆی شتی هاوبەشی نێوانیانەوە.

* ئەی کەی دەستت کرد بە وەرگێڕان لە سویدییەوە؟

– چونکە کاری وەرگێڕان بەو ئاست و پێوانەیەی ئەوان ئەوەندە قورسە ڕەنگە مرۆڤ ئێستاش ڕێگە بە خۆی نەدا باس لە وەرگێڕان بکات، بەڵام من دوای حەوت ساڵ کە لەوێ بووم، وردە وردە دەستم کرد بە تەرجەمە، بەڵام شتی زۆر قورس نا..

* باشە، لەو نێوانەدا تا چەند دەتوانین زمانی سویدی بە زمانێکی زیندوو، یان جیهانی حساب بکەین؟

– خۆی کۆمەڵێ مەرج هەن بۆ ئەوەی زمان بە زیندوو، یان جیهانی دابنرێن، بۆ نموونە ژمارەی ئەو کەسانەی کە قسەی پێ دەکەن.. لەم ڕووەوە خەڵکێکی کەم بە سویدی قسە دەکەن، یان شتی تر...

* من باسی ئەو پێوەرانە ناکەم، تا چەندێ مودێرنە و دەتوانێ لەگەڵ گۆڕاندا بەشێوەیەکی ئیجابی مامەڵە بکات و بتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە و ستروکتوری بنەڕەتی خۆشی نەگۆڕێ؟! لەم ڕووەوە تا چەند زمانێکی زیندووە؟

– بێ گـومـان وڵاتێک لە ڕووی تەکنیکەوە ئەوەندە پێشکەوتووبێ، بەشێکی ئەو پێشکەوتنەش– ئەوەندەی لە باسـێکی وەک زمـانـدا بگونجێ لێـوەی بدوێین– دەکەوێتە خزمـەتی زمـانەکەوە، یان هەردوولا کـار لە یەکدی دەکەن..

* بۆ یەکەم جار لە سوید خێزانت پێکەوە نا، لە پاڵ ئەو ژیانەی ئەوێ و کارکردندا سەختییەکانی ژیان زیاد، یان کەم بوونەوە؟

– من دووجار ژنم هێناوە، هی یەکەمیان خەڵکی سۆڤیەت بوو.. هەرچەندە لەوێش دەمناسی، بەڵام بە ڕەسمی دوای هاتنە سوید بووە هاوسەرم. چەند ساڵێکی خایاند و لێک جیابووینەوە، بەڵام دواتر لە مانگی حەوتی ١٩٩٥دا بە ڕێگا تەقلیدییەکەی لای خۆمان هاوسەری ئێستام– نەرمین عەلی سەعیدم هێناو کچێکی (١٣) ساڵانەمان هەیە ناوی (سێوێ)یە و ژیانمان بەسەر دەبەین. خۆی ئەوەش یەک لایەنە نییە، ئاخۆ خێزان سەختیی ژیان کەم دەکاتەوە، یان زیادی دەکا؟ بە هەرحاڵ! ژیانی خێزانیش کێشە و گرفتی خۆی هەیە.. بەڵام سوونەتێکی ژیانیشە، بەش بە حاڵی خۆم، پێم وایە هەندێ پرینسیپ هەن، کە دەبێ لە خێزاندا هەبن، بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە بەردەوام بێ.. لای ئێمە هەن و (سێوێ) لەگەڵ ورک و داواکاری بەردەوامیشیدا بۆ ژیان، تین و گوڕێکی باش دەداتە ژیانی هاوسەریمان و مانایەک دەدا بە بوونمان، بەڵام من لام وایە، مرۆڤ نەکەوێتە دوای تراویلکەی ژیانی بەختەوەر و ئارام و نازانم چی و چی، ئەم شتانە ئەگەر لای هەرکەس هەبن، لای هونەرمەندی ڕاستەقینە دەست ناکەون!

* بە کورتی تا لە وڵات بووی «زریان» بڵاوبووەوە، پاشان چەند شیعرێکی تری دوای «زریان»یش «زایەڵە» لە سەردەمێکی تایبەتیدا هاتۆتە ناو کە من پێم وایە بەشێکی هی ئەو ڕۆژگارەیە کە لە سۆڤیەت بووی، «زنار»یش بەرهەمی سویدە. بەگشتی ئەو کەفوکوڵە چڕەی لە «زریان»دا هەیە لە «زایەڵە»دا دامرکانەوەیەکی زیاتر هاوشانی وردبینی و تیژبینییە، مۆرکی ڕووسیا سەرجەم بە «زایەڵە»وە دیارە، «زنار» ڕەنگە بە پێچەوانەوە بێ. لە سوید وردە وردە لە ڕووی ڕوحییەوە، چڕوپڕی و قووڵییەکەی «زایەڵە» لە «زنار»دا نابینرێ، لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

– دەزانن کە من بەهۆی «زریان»ەوە زیاتر ناسراوم و تائێستاش هەندێ کەس هەن، پێیان وایە، ئەگەر جێگایەکم لە شیعری کوردیدا هەبێ بۆ «زریان» دەگەڕێتەوە.. «زریان» لە ڕووی کێشەی دەروونی خۆم و شکستی گەلەکەمەوە ئەزموونێکی قووڵ و تایبەتی سەردەمێکی ژیانمە، کە من لە هەڕەتی لاویدا بووم.. با وازی لێ بهێنین و بێینە سەر «زایەڵە»، کاک عەبدوڵڵا کەم کەسم دیوە وەک تۆ لە «زایەڵە» گەیشتبێ، تەنانەت ئەوەی جەنابت بەرانبەر «زنار» دەیڵێی، خەڵک بەرانبەر «زایەڵە»ش دەیڵێن، کە لە چاو «زریان»دا هیچ نییە و لەم بابەتە قسانە، وەک ئەوەی شاعیر دەبێ هەر لەسەر یەک ئاواز بخوێنێ. من خۆم لەگەڵ تۆدا هاوڕام کە «زایەڵە» دەکرێ بە جۆرە ئەزموونێکی تایبەت دابنرێ و هەر جیابوونی لە «زریان»یش بۆ ئەو کەسەی ئاگای لە ژیانی من بێ و بە وردی بیخوێنێتەوە دەبێ بە ئەرێنی لە قەڵەمی بدات، نەک بە پێچەوانەوە، ئەگەر بشێ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هەبێ.

تۆ دوو لێکۆڵینەوەت دەربارەی «زایەڵە» نووسی، من پێم وایە و جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، کە تۆ تارادەیەکی باش لەو دیوانە شیعرییە گەیشتووی، من خۆشم دەزانم چ کارێکم کردووە، ئەوە دەبێ ئێوە بیڵێن، «زنار»یش لە ڕاستیدا لە ڕووی چەندیشەوە چەند شیعرێکی کەمە، ناکرێ بە «زایەڵە» بەراوردی بکەین.

* بەدەر لە ئەزموون و هەست و ئەندێشە، من هەست دەکەم کاریگەری تەسەوف لە «زایەڵە»دا بە دەرکەوتووە، ئایا ئەمە کاریگەریی مەولەوییە و کارکردنە لەسەر شیعری مەولەوی، یان کاریگەریی غوربەتەکەیە کە ئەو سۆزە سۆفییانەی لە ناختدا بەهێز کردووە؟ من پێم سەیر نییە و بە ڕێکەوتی نازانم کە هەر لەو کاتانەدا ئاوڕت لە مەولانا خالید داوەتەوە؟

– لە ڕاستیدا وایە، کەفوکوڵی «زریان» لە «زایەڵە»دا بۆتە هێمنی و لەسەرخۆ دوان.. هەر ئەوەشە ئەوەی کە منی لە ڕێگەی «زریان»ەوە ناسیوە و چێژ لەو جۆرە شیعرانە وەردەگرێ، کە «زایەڵە» دەخوێنێتەوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی بەرهەمێکی وابێ تووشی سڵەمینەوە و چورتم دەبێ، چونکە بە زمانی «زایەڵە» و ئەزموونی لەسەرخۆ و هونەری «زایەڵە» ڕانەهاتووە، ڕەنگە خۆشی ماندوو نەکات بۆ هەڵسەنگاندنی و پەی پێ بردنی..

من کە چوومە ڕووسیا بۆ خۆم هەمیشە و کەم کەم شیعرم دەنووسی، بەڵام بڵاوم نەدەکردنەوە، دوایی کە بە هەر زەحمەتێک بوو، کەوتمە خوێندنەوەی شیعری ڕووسی، سەرسام بووم بەو ڕوونی و قووڵییەی، بەو سۆزە گەرمەی کە جەوهەری شیعری ڕاستەقینەی لیریکییە. زۆرکەس بەرهەمە ناوازەکانی شیعری ڕووسی بە ئاوازە و

زایەڵەی شیعری فەرەنسی و ئینگلیزی دادەنێن، بەڵام هەرگیز وا نییە.. وەک شاعیری ناوداریان لێرمەنتۆڤ دەڵێ: «من بایرۆنم، بەڵام بە ڕوحێکی ڕووسانەوە». کەواتە بێجگە لە دامەزرانەوەی کەفوکوڵ و کەوتنە ژیانێکی تازە ترەوە، وردە وردە کاریگەری شیعری ڕووسی لای من بەدەردەکەوێ، بەڵام بە ڕوانگەکەی لێرمەنتۆڤەوە، لە شارەزابوون و هۆگری شیعری ڕووسیدا «با ئاسا» هەر ساتەی بە دەوری گوڵە بەرهەمێکی شاعیرێکدا دەخولامەوە، جارێ بلۆک کە لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە هەندێ شیعریم خوێندبۆوە، پووشکین، یەسێنین،.. دواتر تووتیچف، پاسترناک، ماندلشتام..تاد وەک ئەوەی مرۆڤ بیەوێ شیلەی جوانی هەموو ئەم کولتووورە هونەرییانە بکا بەماڵی خۆی و لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا، بەشێوەیەکی تایبەت و جیاواز دایڕێژێتەوە.. ئەمە ئەزموونی ڕاستەقینەی «زایەڵە»یە، ئەو ناوانەی هێناشم بەرهەمی هەندێکیان ئاوازە و سۆزی سۆفییانەی لە جەوهەر و کەشوهەوادا تێدایە، بۆیە بێجگە لە مەولەوی کاریگەری ئەدەبی ڕووسیشە.

* ئەی «زنار» چۆن؟

– «زنار» وەک وتم لە ڕووی چەندییەوە، ئەوەندە زۆر نییە و هەندێ شیعرە.. پێش ئەوەی بێمە سەر ڕوونکردنەوەی ئەوەی کاتێ «زنار»م نووسی، دید و بینۆگەم چۆن بوو، دەمەوێ شتێک بڵێم، ئێستا کاتێ ئەم شتانە دەنووسم، ئەگەر خودی شیعرەکە، ئەمە بە کەسی شارەزا و خوێنەری وریا نەگەیەنێ، مانای وایە، دوای بێهوودەیی کەوتووم.. ئەمەم بۆیە وت، چونکە من لەو دواییانەدا کە لە ڕووسیا بووم، ئاشنای بەرهەمی شیعری کەمی شاعیرێکی گەورەی ڕووس ئارسێن تارکۆفسکی بووم، کە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا یەکەم دیوانی چاپ بووە، هەرچەندە پێشتر شیعری بڵاوکردۆتەوە.. کاتێ سەیری شیعری ئەم شاعیرە دەکەیت، ڕەنگە پێت وابێ ساکارە، بەڵام هەموو وشە و دەربڕینێکی، بەشێوەیەکی ئۆرگانی و سفتوسۆڵ لە چنینی دەقەکەیدا ئەرک و مانای خۆیان هەیە و ئاماژەن بۆ سیمبۆل و کولتووری هونەری ئانیتک و ئەورووپای سەردەم و تەنانەت شارەزای شیعری عەرەبی و فارسی و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیش بووە، جا بۆ ئەوەی تۆ چێژ لە شیعری کەسێکی وا ببینی، دەبێ توێشوویەکی زانستی و کولتووریت بەستبێ، ئەگینا پێت وایە سادە و ساکارە..! ئاندرێی تارکۆفسکی کە گەورە ڕێژیسۆرێکی جیهانییە، کوڕی ئەم شاعیرەیە و ئەو میتۆدەی لە سینەماشدا دای هێناوە کە بە «سینەمای شیعری، یان فەلسەفی» ناوی دەرکردووە، سەرچاوەیەکی هەرە بنەڕەتی هونەرەکەی شیعرەکانی باوکییەتی و زۆرجاریش لە فیلمەکانیدا بەکاریان دێنێ، بۆ نموونە شیعری «هەوەڵێن ژوانەکان» [کە من خۆم کردوومە بە کوردی و لە «ئەنتۆلۆگیا» و ئەو کۆمەڵە بەرهەمەدا بڵاوبۆتەوە کە بەناوی «لە ئەدەبی ڕووسییەوە» بەکتێبێ بڵاوم کردۆتەوە..] لە فیلمی «ئاوێنە»دا.. جیاوازی فیلمەکانی ئاندرێی تارکۆفسکی کە ئیلهامی لە شیعری باوکییەوە وەرگرتووە لەگەڵ فیلمە سۆڤیەتییەکانی سەردەمی خۆیدا چی بوو؟ بۆ نموونە فیلمی باوی سۆڤیەتی کە باسی جەنگی دەکرد، یەکسەر لە ڕادیۆوە دەستدەکرا بە هاتوهاوار و بانگەشە و مەیدانی شەڕ و تۆپ و گوللەباران نیشان دەدرا، بەڵام تارکۆفسکی ڕووخساری پیرەژنێکی نیشان دەدا، کە لەو جەنگەدا کۆستی کەوتووە و لە سیمایدا هەموو نەهامەتییەکانی جەنگی کۆکردۆتەوە،.. یان ڕاوکردنی لا دیمەن و ساتی وەها کە لای خەڵک زۆر ئاسایی دەردەکەون، بەڵام ئەگەر بە وردی لێیان ڕامێنی، تەعبیر لە ساتێکی ئینسانی زۆر جەوهەری دەکەن.. منیش بە خەیاڵی خۆم، ئەم جۆرە هونەرەم کردۆتە ئامانج و تا ئێستەش لە هەوڵی ئەوەدام.. لە شیعرەکانی تارکۆفسکی باوک و فیلمەکانی کوڕەکەیدا، با هەڵدەکا، پەردەکان لوول دەخۆن، کووپە قاوە دەڕژێ.. دەشتە بەرین و کاکی بەکاکییەکان دەردەکەون.. بە بەرانبەر دەڵێ: «فرمێسکانی شەو درەنگانی تۆ ناهێنم».. تاد بە کورتییەکەی دەمەوێ شیعری من لە هی ئەو باوک و کوڕە بچن، نەک لە فیلمە باوەکانی سەردەمی دەسەڵاتی شوورەوی.. هەمیشە ماوایەک بۆ زیرەکی و چێژی جوانیناسی خوێنەر و بیستەر لە دەقەکەدا بەجێ بهێڵە، نەک هەر لە یەکەم وشەوە بزانێ تۆ باسی چی دەکەی، مەبەستیشم ئەوە نییە بیکەیتە ڕۆمەلغەزا و ئابرووبردنی جوانی زمان و سیحری واڵای مانا، خوێنەر بکە بە بەرهەمهێنی تێکست، نەک کۆیلەیەکی بێ دەسەڵات، بەڵام بە زانینی هەموو کونوقوژبنەکانی زمان، نەک «گێرەی وشە» بکەیت و بە دەستی بەتاڵ خۆت و خوێنەریش لە سەفەرێکی دۆنکیشۆتیدا بە نائومێدی بەرەو ماڵ بنێنەوە.. شاعیر هەیە من لە خەڵکی نیمچە خوێندەوارم بیستووە کە بە وشەیەکی زۆر پڕ بە پێست وەسفی دەکەن «بێ تام بووە!»، واتە وادەزانن بە «خشتە دیوان!» کار مەیسەر

دەبێ، سەیری دیوانەکەی (گۆران) بکە لە ڕووی قەبارەوە! هەمووکەس «گرانیکا»ی بە شیعر بۆ نانووسرێ.! لە هەموو (کات و شوێنێکدا) ئەدەبی ئیستیهلاکی کڕیاری زۆرتر بووە، ئەڵبەتە من دەزانم هەندێ دەیانەوێ مۆرکی ڕەسەنایەتی و بەرزی و بەها لە بەرهەمەکانیان بدەن، کە حاڵی ئەدەبە ئیستهلاکییەکە لەهی ئەمانە باشترە، چونکە بازاڕێکیان هەر هەیە.. ناوی ئەو ڕیژیسۆرە پۆڵەندییەم لەبیر نییە لەو ساڵانەی دواییدا لە سویسرا مرد،، کاتی خۆی لە پۆڵۆنیا ڕایکرد، چەند فیلمێکی کەمی هەیە، کە دەڵێ: «نە دانتی و نە شکسپیر و نە فیللینی دوای بەرهەمی سووک بەدەستەوە هاتوو نەکەوتوون و منیش هەروەها..» ئەمە بۆچوونێکی ڕاستە.

* چیتر هەیە لەو ئەزموونە بەگشتی من لەبیرم چووبێ و باسی بکەی؟

– دەمەوێ باسی شتێک بکەم، کە زۆرجار لە ڕووی دڵسۆزی و بە تەنگەوە هاتنەوە لەوە دەدوێن، کە بۆ فلان شاعیر ئەزموونی خۆی لە ڕووی تیۆرییەوە نانووسێتەوە.. ڕەنگە بۆ کەسێک کە بیەوێ ئەزموونی شیعریی خۆی بنووسێتەوە، بەم گیان و هەناسەیەوە کارێکی وا بکات، کەسانی وەک شاملوو، مەنوچەهری ئاتەشی، بەیاتی،...تاد کاری وایان کردووە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم، ئەوانیش نەهاتوون چەند لاپەڕەیەکی ئەبستراکت و وشکوبرینگ بنووسن.. ئەو ناوانەی هێنامن دووانە ئێرانییەکە لە پێشەکی هەڵبژاردەی شیعرییاندا ئەمەیان کردووە، عەبدولوەهاب بەیاتی لە کتێبۆکەیەکدا ئەمەی کردووە.. واز لەوان بێنە سەیری (ئەکتافیۆپاز) بکە، لە چەند بەرهەمێکیدا لە ئەزموونی خۆی دواوە.. ئەمە باسی ئەزموونە و دەشێ خوێنەر، یان ڕەخنەگر داوای هەندێ مەرج لە نووسەر و شاعیر بکەن، بەڵام لە گفتوگۆ و دەمەتەقێیەکدا هەر زۆر دەستکرد دەردەچێ، مرۆڤ بەو زمان و زاراوە قەبانە بێتە مەیدان.. کەسێک ئەگەر مەبەستی بێ، وەختێ خۆی تۆزێ تەرخان بکا، لە لێکدانی بیروبۆچوونی ئەو کەسانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرێ، ئەگەر خاوەنی بیروبۆچوون بێ، لەسەرجەمی باسەکە موزائیکی ڕوانینی ئەو کابرایەی دەربارەی ژیان و هونەر بۆ دەردەکەوێ.

من لەگەڵ ئەو برادەرانەدام کەسێک خۆی بە شاعیر بزانێ، زۆرجار دەبێ خەونیش ببینێ «کەس ڕێگا لە خەوبینین ناگرێ!» بەڵام هەموو کۆتایی ساڵێک بە تەمای خەڵاتی (نۆبڵ) بێ، بەبێ ئەوەی تەنانەت لە جەوهەری ئەو خەڵاتە و مەرجەکانی بگات، دەبێ کەسێکی وا بە لای کەمەوە سەرەتاکانی ڕەوانبێژی، ناسکبێژی و جوانیناسی...تاد بزانێ.. ئەی چۆن؟ ئەگەر ئەم سەرەتایانە نەزانێ، ناتوانێ لە ڕێبازەکانی ئەم سەردەمەش بگات، چونکە لە هونەردا هەندێ بنەما هەن، کە کۆن نابن.. تا ئێستاش ئێمە هەندێ لە زاراوە و چەمکەکانی ئەرستۆ بەکاردەهێنین و کاریگەری و بایەخی خۆیان هەیە و لە دەستیان نەداوە.. ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم و وتووشمە، کەسانێک کە نەتوانن خاوەنی پاشخانێکی کولتووری بەهێز و شارەزای کولتوور و هونەری خۆیی و جیهانی بن، ناتوانن بەرهەمێکی نەمر پێشکەش بکەن. هەر ئەو شاعیرانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا بەرهەی نەمریان خولقاندووە، زانا و ڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆیان بوون، بە زمانی گەلانی دراوسێ و سەردەمەکەیان بەرهەمیان بەخشیوە، بۆیە بۆ کەسانێ کە دەیان ساڵە خەریکی نووسینن، دەبێ بایی ئەوە لە خۆمان و ئەدەبەکەمان و ئەدەبی جیهانی بگەن، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە وەک دەڵێین: «جیهان بووە بە گوندێک»..

* دەکرێ ئەوە وا لێک بدەینەوە، جەنابت بە نیسبەت شاعیرەوە پاشخانی کولتووری، یان شارەزایی لە میتۆد و ڕێبازە هونەری و ئەدەبییەکان، یان زمان زانین بە پێویست دەزانی؟

– بێ گومان.. ئەوە زۆر ڕوونە.. ئەی چۆن؟

* هیچ ماوە بتەوێ باسی بکەی؟

– شت هەر هەیە، بەڵام لەمە زیاتر با درێژەی نەدەمێ.. هەروەها دەمەوێ لەم کۆتاییەدا زۆر سوپاسی بەڕێزت بکەم، کە ئەم گفتوگۆیەت سازدا و سوپاسی کاک ئازاد عەبدولواحیدیش دەکەم، کە لەم پاشاگەردانی و ئاژاوەیەی کولتووری کوردیدا، لەلایەکەوە دڵسۆزانە گۆڤارێکی سەنگین و خاوەن خوێنەری وەک «ڕامان» ئەو هەموو ماوە دووورودرێژە بەڕێوە دەبات، ئەوەشی پێوەندی بەخۆمەوە هەبێ، کاک ئازاد هەر لە هاتنەوەمەوە هەوڵی داوە، کە هەنگاوێکی لەم بابەتە بنێین و سوپاسی لوتف و ئاوڕدانەوەی دڵسۆزانەی دەکەم.. داوای سەرکەوتن و سەرفەرازی بۆ هەموو لایەک دەخوازم.

**تێبینی:**

**ئەم گفتوگۆیە بە دەنگ چەند سەعاتێکی خایاندووە و تۆمارکراوە.. دوایی لەلایەن گۆڤاری «ڕامان»ەوە خراوەتە سەر کاغەز، بەڵام بە ڕەزامەندی هەموو لایەک و لەبەر ئەوەی تەبیعەتی قسەکردن و نووسین جیان، وەڵامەکان تۆزێک لەلایەن شاعیرەوە چڕکرانەوە، بێ ئەوەی ستایلی گفتوگۆکە و جەوهەری وەڵامەکان گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا هاتبێ.**

# خوێندنەوەیەک بۆ ئەزموونی ڕۆماننووسێک

زاهیر ڕۆژبەیانی

**خوێندنەوەیەکی موزیکیانە بۆ ڕۆمانی (هاوارەبەرە) بیستن بەچاو.. خوێندنەوە بە گوێ**

لەمێژووی دوورودرێژی هونەردا پێوەندی نێوان موزیک و شانۆ (بەتایبەتی گریکی) پێوەندییەکی ئۆرگانیکی بەرچاوی درامییە، بۆ پێوەندی نێوان موزیک و شیعریش دەتوانین بێژین پێوەندییەکی دیالیکتیکی توندوتۆڵە، چونکە هەردووک (موزیک و شیعر) هونەری (زەمەن-کات)ین و ڕەنگە بلێم میلۆدییەک، ئاوازێک نییە (بەتایبەت لە فۆلکلۆر)دا کە لەسەر وشە (شیعر)ێکی پێشوەختە دانەهێنرا بێ، هەتا ئەم دواییانەی مێژووی مرۆڤ و موزیک، کە لە پێشدا بالسترینا، مونتفردی و دواتر بتهۆڤن، هەندڵ، باخ و پاشانیش شوبرت و شومان و براهمز و ئیدی خەڵکی دیکەش لەدوای ئەوانەوە پەیدابوون کە وردە وردە توانییان موزیک لە پاشکۆیی شیعر دەربکەن و (وشە) و (دەنگ) لە یەک ئاستدا و لە پێوەندییەکی هونەری و لەیەک بەرهەمدا پێکەوە (بە تەرازوو) کاری ئۆرگانیکی بکەن. پێوەندی نێوان موزیک و سەماش، کە لە (بالێ)دا دەگاتە پۆپە، لەوە ڕوونترە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین.

وەلێ پێوەندی نێوان موزیک و ڕۆمان ئەوەندە نییە وەک لە کەیسی موزیک و شیعر، یان موزیک و شانۆدا دیتمان، کە ئەمیان لە ئۆپێرادا گەیشتە قۆناغێکی لەپێشتر. ئەگەرچی ئەمەش نابێ وامان لێ بکات وابزانین کە پێوەندییەک لەنێوان ڕۆمان و موزیکدا نییە، یان ناشێ دروست بکرێ.

لەمێژووی نزیکدا هەوڵی زۆر لەم بوارەدا دراوە و هەندێکیشیان بەرهەمی (ڕۆمان)ی سەرکەوتووی لێ وەبەر هاتووە، لەمەشدا مەبەستم هەر لەو دەقانە نییە کە ئاواز، یان گۆرانی، یان سەما و هەڵپەڕکێیان تێکەڵکێش کراون، بەڵکو پتر ئەو ڕۆمانانەم مەبەستن کە لە ڕووی بنیادەوە سروشتێکی (پۆلی فۆنی- Poly Phony)، یان (کانوون-Canon)، یان (ڕۆندۆ- Rondo)، یان (فیوگ-Fugue)..تاد لەخۆ دەگرن، کە هەموو زاراوەی موزیکین و گوزارە لە چەمک و تەکنیکی دەربڕینی موزیکی دەکەن، بەڵام لە هونەری (گێڕانەوە)شدا، واتا لە دنیای ڕۆمان و چیرۆکیشدا بەکاردەبرێن، با ناوەکانیشیان بگۆڕدرێن.

پۆلی فۆنی= پۆلە دەنگی، کە دەکاتە (فرە دەنگی)، وەک لەلای دیستۆیڤسکی و ئیلیەت و خەڵکی دیکەشدا هەیە. کانون، کە شێوازێکی موزیکی باروکییە، بە واتای دووبارە کردنەوەی ئاوازێک بە هەمان پێکهاتەی خۆیەوە، بەڵام بە پتر لە ئامێر- دەنگێک.

ڕۆندۆ= بە واتای بابەتێکی سەرەکی و هەندێ بابەتی لاوەکی کە ئەو بابەتە سەرەکییە لە شێوەی شەپۆلانێکدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەبێ ئەوەی سروشتی ئاوازە سەرەکییەکە بشێوێ، گەورەترین کاری ڕۆندۆ، کە وا باشە تا دۆزینەوەی زاراوەیەکی لە بارتر (هەڵگەڕانەوە- هەڵسووڕانەوە)ی پێ بێژین، ئەوەیە کە سرووشی



**فەتاحی ئەمیری**

(ئیحای) بێ کۆتایی بوونی دەق دەدا، ڕێگە بۆ هێشتنەوەی دەق بە کراوەیی و تێهەڵچوونەوە و سەرەتای دەسپێکێکی دیکە خۆش دەکا. لە گۆرانیدا وەک (سەرەبەستە= لازمە) وەدەردەکەوێ،

لە هونەری گێڕانەوەشدا (هەزار و یەک شەوە) نموونەی بەرچاوی ڕۆندۆ=هەڵگەڕانەوەیە، کە وادەکا دەقەکە شێوەی (٨) سەرەتا+ لوتکە+ کۆتایی وەرنەگرێ، بەڵکو لە شێوەی (شەپۆلان)ێکی بەردەوامی بێ کۆتاییدا بەردەوام بێت و پتر لە لوتکەیەکی تێدا بەدی بکرێ، نەک یەک لوتکە وەک باوە.

فیوگ-یش، ئەوە بە واتا دەرکەوتن و ون بوون، دووبارە وەدەرکەوتنەوەی ئاوازێک لە موزیکدا کە دەشێ لە ڕۆماندا بۆ دەرکەوتن و ون بوون، دەرکەوتنەوەی کەسێک، بابەتێک و کێشەیەکیش بەکارببرێ، فیوگ باڵاترین سیستمی (کۆنتەرپۆنت)ی پۆلیفۆنییە لە دانانی موزیکدا.

ئەم تەکنیکە سەرەکییانەی موزیک بە تایبەتی، وێڕای هەموو ئەو تەکنیکە هاوبەشانەی دیکەش کە لەنێوان ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا هەن و بە موڵکییەتێکی موشاع دەژمێردرێن و هەر هونەرەی بۆ سوودی خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ، بەڵام دیارە هەریەکە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی، وەک بنەما گشتییەکانی: سەرەتا، لوتکە، کۆتایی، یان عەرز= نمایش، پەرەپێدان، ئەنجام، نەسەق و سیاق، ڕەزمی دەرەکی و ناوەکی و (تەنازور و تەقابول و تەقاسیم و تەنویعات، لە دوو یەکتر هاتن= تتابع و...تاد) دەشێ لە هەندێ دەقی ئەدەبیدا بەبێ ویست و مەبەست هەروا لە هەنا- خۆڕایی بخزێنە ناو دەقەوە، دەڵێم هەندێ دەقی نووسراو، چونکە لە دەقی ئەدەبیدا- لە ڕۆمان و چیرۆک-دا لەوانەیە ئەمە وەک ئەگەرێک ڕوویدات، بێ ئەوەی نووسەر بە هۆشیارییەوە زەینی بداتێ، بەڵام لای موزیککار و لە دەقی موزیکدا ئەم ڕەگەزانە پێویستن و بۆ ئەگەر ناهێڵرێنەوە.

بەڵام هەموو ئەو ڕۆمانانەی لەسەر بنیادی کارێکی کامڵی موزیکی وەک سۆلۆ و سۆناتا و سەمفۆنیا و کۆنشێرتۆ ڕۆنراون، هەموویان هەر بە ڕێککەوت و لەسەر کەرەستە هاوبەشە گشتییەکان بنیاد نەنراون، بەڵکو هەندێک ڕۆمان بەوپەڕی هۆشیاری و بە مەبەستی پێشوەختەوە لەسەر تەکنیک و شێوە و شێوازی موزیکی کلاسیکی بەرهەم هێنراون، وەک ئەوەی ڕۆماننووسی ئەڵمانی هێرمان هیسە لە ڕۆمانی (گەمەی هەڵماتە شووشەییەکان)دا کردوویەتی کە تاڕادەیەکی هەستپێکراو کاریگەری سیمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤنی پێوە دیارە، ئاخر هیسە بۆ خۆیشی کەمانژەنێکی شارەزا بوو و لەکاتی نووسینەوەی ئەم ڕۆمانەشیدا موزیکی خوێندبوو.

ئەندرێ ژید-ی فەرەنسیش لە ڕۆمانی (ساختەکارانی پارە)دا سوودێکی زۆری لە شێوازی پۆلیفۆنی- گەلە دەنگی= پۆلەدەنگی= فرەدەنگییەکەی (باخ) و تەنانەت لە موزیکی هاوچەرخیش، سوودی لە شێوازی (سترافنسکی) دیوە.

مارگرێت دۆرا لە (مودیراتۆ کانتابیلە)، کە تەنانەت ناوەکەیشی بریتییە لە زاراوەیەکی موزیکی، مارسیل پرۆست لە (گەڕان لە دوای کاتی لە دەستچوو)دا کە لەژێر کاریگەری هکتۆر برلیۆزو نووسراوە و ئەندرێ مۆروا بە ڕاشکاوییەوە دەڵێ (سیمفونیایەکی مەزنە)، هەروەها (جبرا ئیبراهیم جبرا)ش لە ڕۆمانی (گەڕان لەدوای وەلید مەسعوود) و ڕەنگە ڕۆمانی دیکەش هەبن ئاوا بە مەبەستەوە، بە لێبڕانی پێشوەختەی نووسەرەکانیانەوە لەسەر شێوازی موزیک بنیادنرابن، یەکێک لەوانەش هەردووک جمکە ڕۆمانی کوردی (هاوارە بەرە- ١٩٩٠) و (میرزا- ١٩٩٣)ی نۆبەرەی یەکێک لە پێشەنگانی ڕۆمانی نوێی کوردی (فەتاح ئەمیری)یە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کە هەردووکیان لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی/ ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی-ن. یەکەمیان بەتیراژی (٣٠٠٠) دانە و (١٩٤) لاپەڕەی قەوارە گەورە و دووەمیشیان هەر بە هەمان تیراژ، بەڵام بە (٢٣٥) لاپەڕەی هەمان قەوارەی ئەوەی پێشووەوە،

هەردوو ڕۆمـانیش بە فـەرهەنگۆکەیەکی چەند لاپەڕەیی کۆتاییان دێت کە بە پیـتـەکـانی ئەبجەدی لە ئەسڵی دەقەکە جیاکراونەتەوە، هەروەها ئەم دوو ڕۆمانە جمکە کە لە بەرایی (میرزا)کەیاندا نووسراوە (بەشی دووەمی هاوارەبەرە)، لە سەرەتای یەکەمیاندا وەکو پاراتێکست شیعرێکی پێداهەڵگوتنی (عەباس حەقیقی) و دێرە شیعرێکی (هێمن) و پیشەکییەکی خودی ڕۆماننووس بڵاوکراونەتەوە، لە دووەمیشیاندا پەیامێکی دیکەی بێ ناوونیشانی ڕۆماننووس دەبینین کە ئەمیش بە دێرە شیعرێکی (هێمن) دەست پێدەکا. ڕۆمانی یەکەمیشی بە ڕەوانی باوکی و هی دووەمیشیان بە ڕەوانی دایکی پێشکەش کراون.

جگە لەمانە لە ٢٠٠٣شدا دەزگای ئاراس لە هەولێر، چاپی یەکەمی ڕۆمانی (زیندەخەو)ی بۆ فەتاحی ئەمیری، لە (٢٦٤) لاپەڕەی قەوارە ناوەندی چاپ و بڵاوکردەوە، کە پێشکەشی (گەلی مەزلوومی کورد)ی کردووە.

ئەمیری، لە پێشەکی (هاوارە بەرەدا) بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە باس لە پارچە موزیکی (هاوارە بەرە) دەکا و دەڵێ (هاوارەبەرە، ئاهەنگە، ئاهەنگێکی ڕەسەن و لە مێژینە، ئاهەنگێکی هەڵقوڵاو لە دڵی خەڵکدا، ئاهەنگێکی قووڵ و کورتە، ئاهەنگێکی شمشاڵە.. ئاهەنگی هاوارە بەرە، بۆ من بووە بە سۆوژە و هاندەرێکی باش، لەو ئاهەنگە ئیلهامی ئەو چیرۆکەم وەرگرت.. ئەو فکرە لە پێشدا بووە و ماوە، من بەو جۆرە دروستم کردۆتەوە، لەوانەیە ڕۆژگارێکی بەیت بووبێ، یان چیرۆک و بەسەرهات و سەرگورەشتە).

لێرەشەوە ئیتر روونە کە ئەمیری بە هۆشیاری و بە مەبەستێکەوە، یان ڕەنگە بڵێم بە پتر لە مەبەستێکەوە ئەم پارچە موزیکە فۆلکلۆرییەی کردووەتە هەوێنی ئەم ڕۆمانە. ئەو لە بارەی پەیامەکەیەوە دەڵێ: (هاوارە بەرەی من، هاواری لە گەروودا خنکاو، هاواری ڕووتی و نەداری و تەنیایی و بێ دەسەڵاتی، هۆشیاری و بێ دەنگییە، هاوار لەدەست ڕێورەسمی غەڵەتی کۆمەڵایەتی، هاوار لە دەست فەرق و جیاوازییە).

لە بارەی شێوازی نووسینەوەشەوە دەڵێ: لەو نووسراوەدا، هەوڵم داوە وشەی ڕەسەنی کوردی، زاراوەی باش لە قاڵبی چیرۆکێکی سوننەتی کوردەواری دارێژم، هەوڵم داوە ئەو شتانەی لەبیرچوونەوە (...) بێنەوە کایە (...) پێویستە بڵێم تەواوی ئەو چیرۆکە خەیاڵییە (...) هەوڵم داوە چیرۆکەکە نەبێتە بازاڕی و لکو پۆپی لێ نەبێتەوە.

لە بارەی کەسەکانی ڕۆمانەکەشەوە گوتوویەتی: پاڵەوانەکانی ئەو چیرۆکە، نیشاندەر و نموونەی کۆمەڵێکی کوردەوارین، زۆربەیان (لە ڕاستیدا هەموو) موسڵمانن (٠٠٠) شەیتان و شۆفارێکیش (بلە چەرچی) پێویست بوو (...) میرزاش پیاوێکی لەسەر دڵانە (...) بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکەم ڕێز و حورمەت قایلم..

من هەمیشە وتوومە ڕاست و ڕەوا نییە نووسەر لە بارەی بەرهەمی خۆیەوە بدوێ، دەنا تەنیا یەک واتا و لێکدانەوە بەسەر نووسینەکەیدا دەبڕێ و ڕێگەی لێکدانەوەکانی دیکە لە خوێنەر دەبەستێ، نەک هەر ئەوەندە، ئەوەشم لا دروست نییە نووسەر قسە لەبارەی بەرهەمی نووسەرانی هاوپیشەی خۆ بنووسێ، وەک ئەوەی چیرۆکنووسێک لەسەر چیرۆکی خەڵکانی دیکە، یان شاعیرێک لەسەر شیعری شاعیرانی دیکە بنووسێ، چونکە نەرگسیەتی خۆی ڕێگە نادات بەرهەمی خەڵکی دیکە بە بابەتییانە هەڵبسەنگێنێ و لە باشترین حاڵەتیشدا کە چیرۆکنووسێک چیرۆکی چیرۆکنووسێکی دیکە دەنرخێنێ، دێت ئیسقاتاتی خۆی دەخاتە سەر، وەک ئەوە وایە بڵێ ئەم چیرۆکە ئەگەر من خۆم بمنووسیبایە ئەوهام نەدەنووسی و ئەوهام دەنووسی، بەم کارەشی ئەوەندە باس لە خۆی دەکا و نهێنی بەرهەمەکانی خۆی ئاشکرا دەکا، ئەوەندە باس لە بابەتە



هەڵسەنگێنراوەکەی ئەوەکەی دیکە ناکات.

فەتاح ئەمیری (بەداخەوە) هەر خۆی بەخۆی بارودۆخی نووسینی بەرهەمەکەی، پەیامی نووسینەکەی، سروشتی کارەکتەرانی بەرهەمەکەی، تەنانەت شێوازی نووسین و سروشتی ڕۆمانەکەیشی پێناسە کردوون، بەم کارەشی وادەکا کەم خوێنەر بتوانێ بیر لە ئەودیوی ئەو پێناسانە بکاتەوە، ئەمیری دەڵێ (حەولم داوە وشەی ڕەسەنی کوردی ئیستیلاحی باش لە قاڵبی چیرۆکێکی سوننەتی کوردەواری دارێژم..)، یان لە بارەی پەیام/ مەبەستی ڕۆمانەکەیەوە دەڵێ: (حەولم داوە ئەو شتانەی لەبیرچوونەوە.. بێنەوە کایە...).

من وەکو خوێنەرێک لێرەدا ناتوانم بەو قسەیەی ئەمیری قایل بم کە ئەم ڕۆمانە (چیرۆکێکی سوننەتی)یە، ئاخر ئەو لە (١٩٨٩ز- ١٣٦٨ک.ه)دا ڕۆمانەکەی نووسیوە و لە (١٩٩٠ز-١٣٦٩) هاوارە بەرەی بڵاوکردوەتەوە، تا ئەو دەمەش ڕۆمانی (هونەری) کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ژمارەی پەنجەی دەست پتر نەبووە، ئیتر کامە ڕۆمانی (سوننەتییە) ئەگەر سوننەتی، بە واتای دێرین و کلاسیکییەت بێت وەک من لێی تێدەگەم. ؟!.

هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەوەش بێنم کە فەتاح ئەمیری هەر بۆ ئەوە ڕۆمانی نووسیوە تا (ئەو شتانەی لەبیرچوونەتەوە بیانهێنێتەوە کایە) و بۆ ڕۆژی ئەمڕۆی نیشتیمان و نەتەوەکەی، مەبەست و هیوا و ئاوات و خۆزگەیەکی نەدابێتە چاو، نیشتمان و نەتەوەیەک کە فەتاح جگە لە دەقەکە، لە پاراتێکستەکەشدا شەتاوی سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزییان بۆ هەڵدەڕێژی.

هیچ بە دووریشی نازانم خوێنەرێکی دیکە بێت بە من بڵێ: تۆ دەتەوێ چی دیکە بخەیتە سەر دەقەکەی، ئەو نووسەرەکەی بۆ خۆی وای گوتووە و هەر ئەوەندەی پێ ڕەوا دیوە؟! لە وەڵامی وەها پرسیارێکیشدا هەرگیز دانامێنم و دەڵێم: باوەڕ بە دەق بکە، نەک بە دەقنووس.

دەقنووس بۆی هەیە بۆ خۆ لادان لە سانسۆری ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و بۆ ڕێگومکێ ئیدعای هەندێ شت بکات، بە دڵنیاییشەوە هەر دەقنووسێک ئامانجێک، پەیامێک، مەبەستێکی سادە، یان چەند لایەنەی لە نووسینی دەقێکدا هەیە و زۆر جارانیش شتێکی دیاریکراوی مەبەستە، بەڵام هەرگیز ئەوە گرنگ نییە کە دەقنووس بۆ خۆی دەداتە چاو، بەڵکو ئەوە گرنگە کە بەکردەوە دەگاتە خوێنەر.

لێرەشەوە ئیتر منی خوێنەر ئەو بازنەیە دەبەزێنم کە فەتاح بەدەوری بەرهەمەکەیدا کێشاوێتی و لەو ئاستە واتاییەشدا گیرناخۆم کە ئەو لە پێشەکییەکەیدا بۆ کارەکەی دیاری کردووە، بەڵکو کار بۆ ئەوە دەکەم لەو بازنەیە دوورتر و لەو ئاستە قووڵتر، هەتا بڕشتی دەقەکە مەودا دەدا و توانای تێگەیشتنی منی خوێنەر هەتەر دەکا بڕۆم و لەو تخووبە نەگەڕێمەوە کە دەقنووس بۆ خۆی و کارەکەی دیاری کردووە. بڕشتی هەموو کارێکی ئەدەبی و هونەری، ئەگەر هەر ئەوە و ئەوەندە بووایە کە داهێنەرەکەی دەیڵێ، دیارە ئەو دەمە نە لێکۆڵینەوە، نە لێکدانەوە، نە ڕەخنەی ئەوانی دیکە لەسەری پێویست نەدەبوون، ئەڵبەتە ئەو دەمە هەموو دەقەکانیش (باش) و (جوان) و (سەرکەوتوو) و... دەبوون، مادامێکی بەرهەمهێنەرانیان بەس بوون بۆ هەڵسەنگاندیان کە دیارە کەسیشیان کەموکورتی کارەکانی خۆیانیان لێوە دیار نییە.

ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت کە هەموو بابەتێک شێوەی خۆی دەسەپێنێ، دەبێ ئەوەش بەڕاست بزانین کە هەر شێوەیەکیش میتۆدی هەڵوەشانەوەی خۆی دەسەپێنێ. لەم ڕوانگەیەشەوە دەڵێم ڕۆمانی هاوارەبەرە بە هەردوو بەشەکەیەوە (هاوارە بەرە+ میرزا) بەتەنیا بەهیچ یەکێک لە میتۆدە باوەکانی ڕەخنە: ئەخلاقی، سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، نموونەیی/ ئەفسانەیی و شەکلانی، بنیادگەرایی، ناخوێنرێتەوە، بەڵکو دەبێ بەپێی ئەو شێوە و شێوازە بخوێنرێتەوە کە پێی بەرهەم هێنراوە، بە واتایەکی دیکە هەم بە چاو ببینرێ و هەم بە گوێیش ببیسترێ. ئەمەش بۆ (وەرگر)ێکی گوێی موزیکی هەبێ و هەست بە ڕیتمی ناوەکی و دەرەکی بکا و بتوانێ پێکەوەیان جووت بکا، کارێکی مەحاڵ نییە.

هاوارە بەرە تاکە پارچە موزیکی فۆلکلۆری نێو ڕۆمانەکە نییە، بەڵکو لە زۆر شوێنی دیکەشدا ئاماژە، یان تەنانەت گۆرانی باو و بەیت و لاوکگەلێک تێکەڵکێشی/ تەناسی دەقەکە کراون لەوانەی کە بە ئاوازەوە دەگوترێن، گۆرانی بە ئاوازگەلێکی ستاندارد کە هەموو خوێنەرێکی کورد لەگەڵ دیتنی/ خوێندنەوەی وشە/ شیعرەکانیاندا، یان تەنانەت هەر بە دیتنی ناوەکانیان، ئاواز و ڕەزمەکانیشیانیان دەزێتە هەست و ناویستانەش بێت ئاوێزانی دەقە نووسراوەکە دەبنەوە و پاش ئەوەی دەق و ئاواز لە هەست، یان لە نەستی وەرگردا دەچنەوە سەریەکتر، کەشێکی ئاهەنگئامێز دێننەوە کایە کە وێنە ئەسڵییەکەی لە یادەوەری خوێنەرە کوردەکەدا دەسازێنێ، دەڵێم خوێنەرە کوردەکە، چونکە لای خوێنەرێکی کوردینەزان، کاتێک دەقەکە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە، ئەم دیاردەیە

کاریگەری نامێنێ، لەبەرئەوەی شیعرەکە لای دەقەکەوە دێت و ئاوازەکەش لەکن خوێنەرە کورد، یان کوردیزانەکەوە دێت و ئەم فەزایە ئاهەنگئامالّە ساز دەکەن، کە بەبێ ئەو خوێنەرە تایبەتییە مەحاڵە هەستی پێبکرێ.

لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا بەشێک لە بەیتی (لاس و خەزاڵ- ل٣٠) و بەشێک لە گۆرانییەکی (فۆلکلۆری- هەرکەس یارەکەم- ل٣٩) و بەشێک لە بەیتی (قەڵای دمدم- ل٦٩ تا ٧٠) و بەشێک لە داستانی (لەیلا و مەجنون- ل١١٥) تێکەڵکێشی گێڕانەوەکە کراون. لەبەشی دووەمدا: لە (ل١٠، هەوای ژیان بەیتی باوە ئادەمە) و لە (ل٥٢، گۆرانی فۆلکلۆری فاتمۆکێ..) و لە (ل٦٦دا گۆرانی فۆلکلۆری گەوهەرێ.. گیان گەوهەرێ) و لە (ل٨٩ گۆرانی فۆلکلۆری: ڕێگای دارستان..) و لە (ل١١٤ گۆرانی فۆلکلۆری: دارە بەرزەکەی..) و لە (ل١٨٨ بەیتی لەشکری) و لە (١٩١ لاوکی گەنج خەلیل) لەگەڵ گێڕانەوەکەدا ئاوێزان کراون، ئەمە جگە لە چەندین ئاماژەی دیکە کە بۆ هەندێ بەیت کراون وەک ئەوەی لە (ل١٨٠)یدا دەبینین کە کۆپلەیەکی بەیتی (کاکەمیر و کاک شێخ) تۆمار کراوە و لە (ل٢٢٤)دا کۆپلەیەکی (بەیتی سوارۆ) هاتووە، کە هەموویان لە زەینی خوێنەری کورددا ئامادەبوونی بەردەوامیان هەیە و چ وەکو ئاواز و چ وەکو بابەت و چ وەکو ئاماژە و پەیام دەچنەوە سەر دەقەکە، بە تایبەتیش لەو شوێن و هەڵوێستانەدا کە ئیتر قسەی ئاسایی دەرۆستی کارەسات نایەت، یان نابێ، یان ناکرێ گوزارە لە ناخی کەسەکان بکات، ئەمەش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی دیکەی ئاواز و گۆرانییەکان، کە دەچێتە سەر ئەرکی سازاندنی پانتاییە موزیکئامێزەکە، کە هەندێ جار بەبێ (وشە/ شیعر)یش هەر بە شمشاڵەکەی (یارە) بەرهەم دێت وەک خودی پارچە موزیکی (هاوارە بەرە)و ئەو ئاهەنگانەی لەماڵ و گوند و دەشتودەر و لەکاتی شوانی و لەنێو بەندیخانەدا دەیانژەنێت.

ئەمە لەسەر ئاستی ڕاستەوخۆی موزیک و گۆرانی و بەیت و لاوک، بەڵام لەسەر ئاستی شێوازی نووسینیش پەخشانی فەتاح ئەمیری پەخشانێکی ڕیتمداری هونەرییە، ڕستەکانی خێرا و کورت و ڕوونن، هەندێ جار سەرروای سەرەتایان هەیە (.. یای ناز، شێت و شەیدا، شێواو و شڵەژاو، بەنێو ماڵدا دێ و دەچێ.. میرزا ل٨٨). جاری واش هەیە ڕستەکانی بە سەروا کۆتاییان دێت (.. ڕۆڵەگیان، قزڵباش و ڕۆم، گۆشتی شایەت خۆم، دەبەر ئەو چاوانەت مرم، باوانەکەم، لە جێی گۆڕی هەموانم، کوڕی ئازاو ڕەشیدم، ڕەش و برشەی بەری بای، لە خەرمانان بەجێ مای، دایکی چوو بۆ خۆی هێنای... هاوارە بەرە، ل٨٩).

یان وەک ئەم پەخشانەی کە لە پەسنی (ناز)دا گوتراوە: (.. دڵ بزوێنی لاوکوژ، تا بڵێی تەرز و بەرز و شیرن و مەزەدار، نەرمونۆڵ و ناسک و نازدار.. هاوارە بەرە ل٩٢).

هەندێ جاران هەڵسوکەوت و جووڵەی کارەکتەرەکانیش تەنانەت بەپێی ڕیتمێک وێنا کراون، تۆ تەماشای ئەم کۆپلەیە بکە کە لە دێرەکانی سەرەتای ڕۆمانەکەدا وەسفی (یارە) دەکەن.

(... دەڕوا، هەر دەڕوا، قوت و سڵ، قیتو قۆز، توندوتۆڵ، گورجو گۆڵ... ڕێگا دەپێوێ، حندرحۆ دەکا، جارجار لاباز داوێ، بە حەقلە مەقۆ و هەنگڵەشەلەش دەڕوا..).

ئێمەی کوردیش دەزانین ڕۆیشتن بە (حندرحۆ) و (لاباز) و (حەقلەمەقۆ) و (هەنگڵەشەلە) ڕۆیشتن، بەڵام ڕۆیشتنی ئاسایی نین، بەڵکو ڕۆیشتن هەریەکە و لەسەر ئاوازێک- ڕیتمێک، ڕیتمێک کە لە ناخی پڕ لە شادی و خۆشی (یارە)ی ڕێبوارەوە هەڵدەقوڵێ و لە شێوەی جووڵەی دەست و پێ و تەواوی جەستەی ئەودا وەدەردەکەوێ، ڕیتمێکی خێرا، کە ئێمەی تەماشاوان، ئێمەی خوێنەر هەرگیز نایبیستین، بەڵام لە بزاوی



جەستەی ڕێبوارەکەدا دەبینین، لە ڕێی ئەزموونی خۆمانەوە، لە گەنجینەی یادەوەری دوور و نزیکمانەوە دەتوانین بیهێنینەوە بەر زەین، لەوێشەوە بۆ بەرگوێ و هەستی بیستن، تەنانەت وتنەوە و سەماکردن- بەحندرحۆ ڕۆیشتنیش لەگەڵ ئەو ئاواز و ڕەزمە شاراوەیەدا کە لەوانەیە وشە-شیعرەکەی بگۆڕین، لێ ڕیتمەکەی لای هەمووومان هەریەکە. ئەم جۆرە پەسنە، کە دەشێ پێی بێژین (پەسنی ئەفرێنەر= خولقێنەر)، یان (پەسنی بزۆز)، چونکە گوزارە لە حاڵەتە نەوەستاوەکان دەکا، وەسفی بزووتنەوەی فیزیکی کارەکتەر لە شوێنێکی گۆڕاو، لەناو دەوروبەرە سروشتییەکەی، یان لەبەردەم باکگراوندە کۆمەڵایەتی و دەروونییە ناجێگیرەکاندا، یان بە واتایەکی دیکە بیلێم وەسفێکە نابێتە هۆی ڕاگرتنی ڕووداو، یان تەنانەت خاوکردنەوەشی، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە بە بەرەو پێشی دەبا، لە کۆتایی نزیکی دەکاتەوە. ئێمە (یارە) بە وەستاوی نابینین سەرنج لە سروشت بدات، خۆی، یان وەرگێڕێکی فرەئاگا هەستی ڕاستەوخۆی ئەومان بۆ وەگوێزێ و وەرگێڕی، ئێمە ئەو بەدەم ڕێکردنەوە دەبینین، ڕێکردن بەپێی ئیقاع= ڕەزمێک، کە لە هەڵسوکەوت و جووڵەی لەشیدا وەدەردەکەوێ و خێراییەکی لە ڕادەی ڕۆیشتنی ئاسایی پتری دەداتێ بۆ ئەوەی زووتر بەکۆتایی قۆناغی یەکەمی بەسەرهاتەکەی بگا، کە گەیشتن بە ئاوەدانییەک و ئەنجام دۆزینەوەی کارە. هەروەها حاڵەتی بەختەوەری و گەشبینی (یارە)ش دەردەخا.

پەسنی بزۆز لە پەخشانی فەتاح ئەمیری-دا زۆرن، بەڵام لەم ڕۆمانەیدا جگە لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیۆمی باوی کوردەواری، ژمارەیەکی بەرچاوی نەقڵ و نەزیلە، چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی لە دەقەکەدا تێکەڵکێش کردوون، لە بەشی یەکەمدا (هاوارە بەرە) وەک: حیکایەتی (سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس- ل٧١) و (هاواری نانی سووتاو- ل٩٠) و حیکایەتی (گوڕنە تەڵە- ل٩٦) و (سوارەی مەندی مەندی- ل١٣٤) و مۆتیڤێک لە ئەفسانەی (یاجوج و ماجوج- ل١٢٨) و قورنجێک گرتن بۆ ئەوەی چەقۆی دەستت تیژ بێت- ل١٢٩، خێوداری و جنۆکە ڕاگرتن لە خزمەتی خەڵک کە هەندێک لەمانە لە بەشی دووەمیشدا، واتا لە (میرزا)شدا دووبارە کراونەتەوە وەک: حیکایەتی سوڵتان مەحموود و هەیاس و ڕەندە و مەندە و مامەندە لە ل٦ و٧، ئەمە جگە لە تێکەڵکیش کردنی هەندێ حیکایەتی دیکەی وەک: حیکایەتی خەڕەکە نارنارم، لە (ل٧ و ٨) و حیکایەتی (پیرەژن و ڕێوی و کلکە قوڵە و داشیردا.. لە ل١١٢ تا ١١٤)، دووبارەکردنەوەی پێوەندی ڕەشەدز و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ جنۆکاندا، کە لەبەشی هاوارە بەرەدا جنۆکە و خەزاڵ و دایکی بوو.

هەروەها هەندێک دابونەریت و کاری لادێش لە هەردوو بەشی ڕۆمانەکەدا تێکەڵکێش کراون وەک: ڕێکخستنەوەی کاروباری جووتکاری و دابین کردنی پێداویستییەکانی گاسن و هەوجاڕ ..تاد، پاش مردنی دایە پیرە و بەخۆکەوتنەوەی سۆفی ئەحمەد بۆ گەڕانەوە بۆ سەرکاری جووتکاری- پاری ٨ی هاوارە بەرە، یان وەک دیمەنی خوری شیکردنەوە و کاروباری ڕستن و تەون لە (ل١٣٣-١٣٤ی هاوارە بەرە) و ڕێوڕەسمی بووک گواستنەوە و نەریتی (گیسکە کوڕانە) و شەڕە دار و جلیتبازی لە (ل١٥٩ تا ١٦٧ی هاوارە بەرە) و هەندێ ئاماژەی دیکەش، بەو وردی و درێژییەی کە لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکەدا ئاوێزان کراون، زۆریان پرۆسەی گێڕانەوەکە پەک دەخەن، زۆریشیان ئەگەرچی ئاماژەیەکیان تێدایە بە ڕۆتینیەت و وەک خۆ دووبارەبوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و ڕوحی چەند پشتەی کۆمەڵی کوردەواری وەک دووبارەبوونەوەی ئەو حیکایەتانەی کە بۆ پەروەردەکردنی نەوەی پێشوو (بۆ میرزا) گوتراون، بۆ نەوەی نوێش (بۆ وەقان)ی منداڵیش هەر ئەوانەنە دەگوترێنەوە، بەڵام لەپشت ئەم بۆرە هۆیەوە، بۆ هەندێکیان، یان ڕاستتر بێژم بۆ تۆمارکردنی زۆربەی ئەم نەقل و نەزیلە و حیکایەت و پەندانە هۆیەکی زەقتر دەبینم ئەویش حەزی بە ئەرشیڤ کردنی ئەم دەقە کەلەپوورییانەیە، نەک بە دەنگەوە چوونی پێداویستییە هونەرییەکانی دەقی ڕۆمانەکە.

سوودوەرگرتن، بەکاربردنی کولتووری نووسراو و سەرزارەکی، خۆماڵی و بیانی، بەتایبەتیش لە دوای بڵاوبوونەوەی چەمکی تێکەڵکێش= نێوان دەقی= تەناسەوە، مافێکی ڕەوای نووسەرە و هەتا لە ئاستی ئاماژەدا بێت زۆر باشە و هەتا لە سنووری مۆتیڤدا بکرێت پەسەندە، بەڵام کە لەوە تێپەڕی و گەیشتە ئاستی وەرگرتنی دەقێک و دووان و... ئیتر ڕەنگی دەقە نوێیەکە دەباتەوە سەری خۆی، لە ئەنجامی تێکەڵکێش کردنی دەقی فۆلکلۆری زۆریشەوەیە کە ڕۆمانی هاوارە بەرە لە هەندێ شوێنیدا سیمای حیکایەتی زۆرتر پێوە دەبینرێ تا ڕۆمانێکی هونەری هاوچاخی تۆکمە، لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەرشیڤاندن کاری ڕۆمان نییە.

فەتاح ئەمیری دەڵێ یەکەم جار ئاهەنگی/ ئاوازی هاوارە بەرەم لە (هەمزەی حەسەنە پیر)ی خەڵکی گوندی

حاجی لەکی چۆمی مەجیدخان و پاشتریش لە بەهەشتی قالە مەڕەی بیستووە و هەردوو ئاوازەکەش وەکو یەکتر بوون. ئەوەی ڕاستی بێت من خۆشم ئەم ئاوازەم لە ١٩٧٣دا لە بلوێرژەنی بەناوبانگ خوالێخۆشبوو ئەحمەد داوەدە، لە کەرکووک بیستووە، هەروەها لە هەشتاکانیشدا، لە بەرنامەیەکی کەلەپووری تەلەفزیۆنی کەرکووکدا، بلوێر ژەنێکی هەولێریم دیت ئەم ئاوازی هاوارە بەرەیەی پێشکەش دەکرد، بەڵام ئەو پێی دەگوت (هاوارە بەلۆ)، بۆ، نازانم؟

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین هاوارە بەرەش وەکو ئاوازی بووک و خەسوو، کە دیالۆگێکی موزیکییە و بە دوو تۆنی جودا دەژەنرێ، هەروەها ئاوازی چەمەری تایبەت بە پرسە و ئاوازی مەڕ لە کەڵدان و ڕەنگە هی دیکەش هەبن، ئاوازگەلێکی میللین و لە هەموو کوردستاندا ناسراون.

هاوارە بەرە، ئاوازێکی تیژ، بڵند و کورتە، لە موزیکدا پێی دەگوترێ (Conforza)، فۆرزا واتا (زۆر بە توندی.. ئەوپەڕی توندی) و گوزارە لە لێقەومان و ڕووداوی نائاسایی و کەم دەرفەتی و پەلەپەل دەکا، پەیامێکی شیفرەئامێزە بۆ حاڵەتێکی ئیمرژێنسی و فریاکەوتن، ئەوانەی گوێیان لێ دەبێ دەتوانن هێماکانی بخوێننەوە و کار و کاردانەوەیان بۆی هەبێ. فۆرزا بەشێوەیەکی گشتی بۆ سەرنجڕاکێشانە.

ئاوازی هاوارە بەرە مۆتیڤێکی بوئرەییە لە ڕۆمانەکەدا، بە بۆچوونی من وەک ئاواز و گۆرانی و بەیتەکانی دیکەی نێو دەقەکە کارکردی هەر لەسەر ئاستی ڕووکەشدا نییە، بەڵکو خوارتر لەوە ڕۆدەچێ و لەسەر ئاستی بنیاد کار لەشێوە و لەسەر ئاستی گێڕانەوەش کار لە شێوازی دەقی ڕۆمانەکە دەکا و وەکو (تەنویعات- Variation)ێکی موزیکی دایدەڕێژێ، ئەگەرچی بۆ خۆی سۆلۆیەکی-تاک نەوایە.

لە هەمە جۆریەتی موزیکیدا موزیکوان ئاوازێک هی خۆی، یان زۆربەی کات ئاوازی داهێنەرێکی دیکە وەردەگرێ کە پێی جوان و چاکە و لەڕێی تەکنیکی هەمەجۆرییەوە بە مۆتیڤگەلێک لە داهێنانی خۆی دەوڵەمەندی دەکا، بەمەرجێک لە گەوهەری بنەڕەتی پارچە موزیکە وەرگیراوەکە دەرنەچێ. ئەمە، یان بەشێوەیەکی نزیک لەمە لە شیعری کوردیشدا وێنەی هەیە و لای هەندێ لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد چوارخشتەکی، یان پێنج خشتەکییەک لەسەر شیعری شاعیرێکی دیکە دەبینین کە لەسەر هەمان (کێش) و (سەروا)ی دەقە وەرگیراوە بنەڕەتییەکە دەهۆنرێتەوە.

لە هەمەجۆری موزیکیدا ئاهەنگسازی دووەم، بە مەرجێک ڕوحی پارچە بنەڕەتییەکە بپارێزێ، بۆی هەیە ئاوازە نوێیە داهێنەرانەکەی خۆی لەسەر ڕیتم و هارمۆنییەکی نوێ بنیاد بنێ، یان دەتوانێ ڕیتمی ئاهەنگە بنەڕەتییەکە بپارێزێ، بەڵام ئاوازە نوێیەکەی خۆی لەسەر پەیژەیەکی موزیکی دیکە بنیاد بنێ، یان دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئاهەنگە بنەڕەتییەکە، بەڵام هارمۆنی و دابەشکردنەکەی بەسەر ئامێرەکاندا بگۆڕێ و بە ڕەهەندی نوێ و دەنگی دیکە فراوانتری بکات.

ئەو هەمەجۆرییە موزیکییەی کە لە ڕۆمانی هاوارە بەرەدا بە هەردوو بەشەکەیەوە (هاوارە بەرە و میرزا) هەستی پێدەکرێ، ئەم جۆری سێیەمی هەمەجۆرییەیە کە بابەتە سەرەکییەکەی تێدا پارێزراوە، بەڵام بە دابەشکردنەوەی بەسەر چەندین حاڵەتی جیای لێکچوو و گۆڕینی کارەکتەرەکان (لێرەدا ڕۆڵی ئامێرە موزیکییەکان دەبینن)، ڕەهەندی جیاوازی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەخرێتەسەر و وا بەربڵاو دەکرێ کە هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتە بگرێتەوە.

لە هاوارە بەرەدا (مەبەستم هەردوو بەشی ڕۆمانەکەیە)، میرزا کارەکتەری سەنتراڵی کاریزما و تەوەرەی سەرەکییە، ئەگەرچی پاش پتر لە (٤٠) لاپەڕە لە دەسپێکی بەشی یەکەمەوە ئەوجا ناوی دێت، هەتا کۆتایی بەشی (هاوارە بەرە)ش هەروەکو کەسایەتییەکی



(یارمەتیدەر= لاوەکی) ڕۆڵ دەگێڕێ، ئەمەش لەگەڵ پێناسەی کەسایەتی تەوەرەییدا کورت دەهێنێ. میرزا له کتێبی یەکەمدا ڕۆڵی باوکی ڕوحی وەتمانی منداڵ و بێ باوک دەگێڕێ و هەستێکی شاراوەی حەزلێکردنیشی بۆ دایکه بێوەژنەکەی (ناز) هەیە، وەکو (کەسایەتییەکی یارمەتیدەر)یش ئاسانکاری بۆ سەرخستنی خۆشەویستییەکەی (یارە و خەزاڵ) و بەیەکتر گەیاندن و شادکردنیان دەکا، ئەگەرچی (یارە) هەر زوو لەکاردانەوەی ئەو یارمەتییەدا خۆی لەسەر میرزا دووچاری چورتمێک دەکا و دەکەوێتە بەندیخانەوە و ئەو شادییەی لێ دەشێوێ و بە درێژایی کتێبی دووەمی ڕۆمانەکە دەرناکەوێتەوە، تا دێرەکانی کۆتایی ڕۆمانەکە کە بە دەستێوەردانی میرزا بە کەفالەت ئازاد دەکرێ.

له بەشی (١)ی بەرگی دووەمی ڕۆمانەکەدا، بە قەولی موزیکوانان کە میرزا (سۆلۆ)یەک وەردەگرێ و بەفلاشباکێک سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و باکگراوندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیمان بۆ وێنا دەکا و دەزانین ئەو هەر کەسایەتییەکی یارمەتیدەر نییە، بەڵکو له ڕاستیدا کەسایەتییەکی سۆسیۆ- سیاسی مەزن و کاریگەرە و ئەو دەسەڵاتەی ئەو لەنێو دڵ و هزر و هۆشی خەڵکەکەدا پەیدای کردووە، دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیە و خەڵکەکە خود ویستانە ڕێزی دەگرن و لەخزمەتی خۆڕێکخستنەوە و گۆڕاندا کەڵکی لێ دەبینن، له ڕۆمانی هاوارە بەرەدا (هەردوو بەشەکەی) ئەوەی ڕوودەدا، یان له میرزا ڕوودەدا، یان له دەوروبەرەکەی، ئەم ڕۆڵەشی ئەگەرچی درەنگ له دەقەکەدا لێ وەدەردەکەوێ، ئەوە هی سروشتی کاروباری ژیان و پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی کە تا خاڵی تەقینەوە نهێنی پارێزی و ناڕاستەوخۆیی و خۆشاردنەوەی دەوێ له ترسی ڕژێمی دیکتاتۆری شاهانشهای ئەو سەردەمەی ئێران، کە بە بەرنامە و بە ئاگر و ئاسن کاری بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و تایبەتەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکرد. لێرەشەوەیە میرزا سەرەتا وەکو کەسێکی نەناسراو، بێ ماڵ و خێزان، بێ ئەرک و فەرمان دەردەکەوێ کە تەنانەت پرسیار دەخاتە سەر سەرچاوەی بژێوی و شێوازی ژیانی و مانەوەی بە ڕەبەنی وەکو قەیرە کوڕێک، ئەگەرچی دەیان کچ حەزی لێدەکەن و دەیان خێزان هیوای خزمایەتییان پێیەتی.

وەکو گوتم میرزا وەکو کەسایەتی، بابەتی سەرجەم ڕۆمانەکەیە، بەڵام (هزری=بیرۆکەی نەگۆڕ=ldee fixe)ی زاڵی ڕۆمانەکە، وەک موزیکوانان دەیڵێن، خۆشەویستییە، خۆشەویستی بە هەموو جۆرەکانییەوە، کە هەمەجۆرییەکەی لەسەر کراوە:

خۆشەویستی سۆفی ئەحمەد و دایەپیرەی درێژخایەنی ژن و مێردایەتی، خۆشەویستی و ئەوینی یارە و خەزاڵ، دڵداری و پێکگەیشتنە پڕ سەرسوڕمان و بە گرفت و ئاکامە کارەساتاوییەکەی ڕەشەدز و زەڵخا، ئەڤینە نەوەکامەکەی حەسکۆ و کەژێ، خۆشەویستییە بێ بەرەکەی سەردەمی هەرزەکاری خودی میرزاو گەلە و عیشقە شەرمێونەکەی میرزای گەورە = قەیرەکوڕ و نازی بێوەژن، کە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ئەوانی دیکە له چێوەیدا وەبیر دەهێنرێنەوە، هەندێ جۆری دیکەی خۆشەویستی هەڤاڵێنی و دۆستایەتی دیکەش دەبینین له دەقەکەدا کە ڕووی دیکەی ئەم هەستە مرۆڤانەیە دەردەخەن: خۆشەویستی سۆفی ئەحمەد و دایەپیرە بۆ (یارە)ی شوانە وێڵە، هەر لەبەر ئەوەی له تەمەنی کوڕە تاقانە جوانە مەرگەکەیاندایە، خۆشەویستی وەتمانی بێ باوک بۆ میرزای باوە پیرەی، خۆشەویستی ڕەشیدە دز بۆ میرزا لەبەر ئەوەی شێوەی له شێوەی حەسکۆی هاوڕێ چەتەی دەچێ کە پێشتر له شەڕێکدا کوژراوە، تەنانەت پێوەندییە شەرمئاوەرەکەی خدر ئاغا و زەڵخا کە ئاکام دەبێتە پێوەندییەکی سێکسی ناشەرعی و نایاسایی و دەچێتە خوێنی هەردووکیانەوە، ئەویش هەر خۆشەویستییەک بووە و دواتر بووەتە حەز و مایەی شەرمەزاری خدر ئاغا و پەژیوان بوونەوەی زەڵخا.

من هەموو ئەم جۆرە بەسەرهاتە کورت و درێژە جیاوازانە وەکو هەمەجۆرییەکی موزیکی دەبینم لەسەر چیرۆکی خۆشەویستی میرزا و یای ناز کە بیرۆکەی نەگۆڕی ڕۆمانەکەیە، بەڵام دیاریشە کە هەریەک لەم بەسەرهاتانە له گۆشەنیگایەک، یان لەلایەکی دیاری کراوەوە دیاردەی مرۆڤانەی خۆشەویستی دەردەخەن، ڕێکوپێک وەک چۆن هەمەجۆری له موزیکدا کار بۆ بەرفراوان کردن، فرە دەنگی ستوونی (هارمۆنی) میلۆدییەکە دەکات.

بەڵام گرفتی پەخشان له ڕۆماندا ئەوەیە کە وەک موزیک توانای خوڵقاندنی هارمۆنیای نییە تا بەشێوەیەکی ستوونی پەرە بگرێ و خۆی بنوێنێ، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاسۆیی پەل دەهاوێ و بڵاوە دەکا، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتییەش پەنا وەبەر تەکنیکی (پۆلی فۆنی) و (هاوسایەکاری) دەبرێ، کە دوو زاراوە و دوو چەمک و دوو تەکنیکی سەر بە جیهانی موزیکن، سالانێکە له گێڕانەوەشدا بەکاردەبرێن، ئەگەرچی نووسین ڕێگەی ئەوە نادات دوو دەنگ، یان زیاتر پێکەوە و

لەیەک کاتدا (هاوکات) وەدەربکەون، بەڵکو بە حوکمی سروشتی (دێر)ی نووسین دەبێ (دەنگەکان) یەک لەدوای یەکتر بێن، بەڵام لە موزیکدا (کۆنتەربۆنت) توانای ئەوە بەردەست دەکا کە دوو دەنگ پێکەوە (گۆ) بکرێن، ئاخر دێری نووسین موخاتەبەی چاو دەکا، بەڵام موزیک هی گوێ.

ئەمە لەگەڵ جیاوازییەکی گرنگی دیکەشدا کە لەنێوان سروشتی هەمەجۆرەی موزیک و هەمەجۆری لە هونەری نووسیندا هەیە. موزیکوان لە هەمەجۆرەی موزیکیدا سەرەتا ئاوازە سەرەکییەکە پێشکەش دەکا ئەوجا بە هەمەجۆرە پەرەی پێدەدا، بەڵام ڕۆماننووس بە پێچەوانەوە سەرەتا بیرۆکەی سەرەکی نادرکێنێ، بەڵکو بە مەبەستی هاندانی خوێنەر (تەشویقکردن) لە پێشدا هەندێکی (مۆتیڤێک)ی لێ وەدەردەخا و ئەوجا لە هەر بەشێک و لەگەڵ هەر هەمەجۆرەیەکدا دیوێکی دیکە، لایەنێکی دیکەی لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، لە هەلومەرجێکی دیکە و لەکات و شوێنێکی دیکەدا لێ پێشکەش دەکا، هەتا وێنە گشتییەکە لە زەینی خوێنەردا دەچێتەوە سەریەک و شتەکان وەکو نووسەر گەرەکێتی، یان وەک خوێنەر لێکیان دەداتەوە و لێیان تێدەگا، یان وەک هەردوو لا دەخوازن، واتا و مەبەستێک پێکدێنن.

ئەم جیاوازییە هەمەجۆرەی موزیک و ڕۆمانە لە هەردوو بەشی (هاوارە بەرە)ی فەتاح ئەمیریدا بە ڕوونی دیارە و هەتا هەموو پارچە و مۆتیڤەکان نەچنەوە سەریەکتر لە کەسایەتی و لە پەیام و خەم و خواست و ئەنجامی کار و کردەوە و ڕۆڵی کاریگەری کاریزمیانەی میرزا تێناگەین، ئەو میرزایەی سەرەتا تا دوای لاپەڕە (٤٠)ی ڕۆمانەکەش وەدەر ناکەوێ و هەتا کتێبی یەکەمی ڕۆمانەکەش تەواو دەبێ بە ڕواڵەت وەکو کەسایەتییەکی لاوەکی یارمەتیدەر، پچڕپچڕ وەدەردەکەوێ، بەڵام کە هەموو ڕووداوەکان بە ناو یەکتردا دەچن و پێکەوە جۆش دەخۆن، ئەوجا ساغ دەبێتەوە کە بەسەرهات لە ڕاستیدا بەسەرهاتی میرزایە و ئەگەر ئەوانی دیکەش دەبزوێن و دەڵێن، بەڵام کە دەبزوێن بە خواست، یان بۆ ڕازی کردنی میرزا دەبزوێن، حاجی محەمەد لەسەر داوای میرزایە دابونەریتە کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەکان پێشێل دەکا و خەزاڵی تاقانەی خانەدانی دەدا بە یارەی شوانە وێڵەی ڕەچەڵەک گوم، یارە پێی وایە میرزا ڕازی دەکا کە ئاگر لە ماڵ و ئاشیانەی بلەچەرچی بەردەدا، مەولودی کەوان لەسەر ئەوەی ئامادە نییە زانیاری لەسەر شوێنی میرزا بدا، دارکوژ دەکرێ. ڕەشیدەدز لە بەرگری کردن لە میرزا لە شەڕدا دەکوژرێ، میران بە تفەنگ پارێزگاری لە ژیانی میرزا دەکا و لە ماڵی خۆی برینی تیمار دەکا و ئەوجا یای نازی خوشک و ئەسپ و تفەنگیشیان پێ دەبەخشێ و بەرەو داهاتوو، رووە و پاشەڕۆژ بە ڕێیان دەکا، پاشەڕۆژێکی کراوە، کە لە ئێستای ڕۆمانەکەدا دیار نییە، بەڵام خوێنەر دەتوانێ مەزەندەی جۆراوجۆری لێ بکات، پاشەڕۆژێک کە ئەمیری ڕۆماننووس دەیتوانی، یان ئێستاش دەشێ بەشێکی دیکە، بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەی لە بارەوە بەرهەم بێنێ.

کاتێک ئەوکەسانە، کە قسەش دەکەن، بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە، بۆ میرزای دەگێڕنەوە، لەژێر کاریگەری میرزادا بەخۆیاندا دەچنەوە، لەژێر کارتێکردنی ئەوە ژیانی ڕابردووی خۆیان هەڵدەسەنگێننەوە، وەک نموونەی باڵا، وەک ڕزگارکەر، وەک تەواوکەری ئەزموونی خۆیانی دەخەنە بەردەست، بەخۆیان و بەمیرزاش کارەساتی گەلێک وێنا دەکەن کە (نائیب) و (وەکیل)ی بێگانە بۆیان دەڕەخسێنن، کەسانێک هەر بۆ هەواو هەوەس، بۆ وەدەستهێنانی کەمترین دەسکەوت، مافەکانیان زەوت دەکەن، ئازار و جەزرەبەی زیندانی قەسری قەجەریان پێ دەچێژن، وڵاتیان لێ تەنگ دەکەن، هەراسانیان دەکەن، شار بەدەر و وڵات بەدەریان دەکەن، کار و پیشەیان لێ قەدەغە دەکەن، تا دەگاتە ڕادەی ڕووکردن لە قاچاخچێتی و کاری یاساغ و ئەوجا تفەنگ هەڵگرتن، تەنگاویان دەکەن، وەک میرزای هەمیشە دژە توندوتیژی، هەمیشە ئاشتیخواز و دەزگیرانەکەی، کە لە پۆپەی ڕۆمانەکەدا لە جیاتی جیازی و پێکەوەنانی ماڵ و کەژاوەی زاوا و بووکێنی و کار و کەسابەت و زگوزا، ناچار دەبن پەنا وەبەر چەک بەرن و ڕوو لە نادیاری بکەن. ئەمەش ئەو گۆڕانکارییە دراماتیکییە گرنگەیە کە لە لوتکەی ڕۆمانەکەدا بەسەر کەسایەتی بساز و ئاشتیخوازی میرزادا دێت، کاتێک کە لە هەموو هیوایەک بێ ئومێد دەبێ.

لێرەشەوە دەڵێم میرزا (ئاوازی سەرەکییە)، بەڵام میرزا لە لوتکەی ڕۆمانەکەدا دەوەستێ، نەک لە کۆتاییەکەیدا، لە موزیکدا تەرازووبوونەوەی (قەرار) و (جەواب) هەیە، بەڵام میرزا ئاوازێکە لەکاتی (قەرار)دا دەوەستێ، قەراری چەک لەشان کردنی خۆی و خۆشەویستەکەی، (جەواب)ەکەی دیار نییە، ئەمەش هەم دەرچوونە لە سێ یەکەی باوی ڕۆمان (سەرەتا- لوتکە- کۆتایی)، هەم ڕەچاو نەکردنی هاوسەنگبوونەوەی قەرار و جوابەکەی موزیکیشە، بۆیە هەست بە پێویستی هاتن/ نووسینی بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە دەکەین، بۆ ئەوەی ببێتە

سێیینەیەک خوێنەر دڵ بە کۆتاییەکەی دابێنێ، ئاخر وەستان، یان ڕاگرتنی کارەکتەری سەرەکی، یان بەسەرهات لەسەر لوتکەی (قەرار= بڕیار) بڕی خوێنەر ناشکێنێ، ئیتر ئەو لوتکەیە هی موزیک بێت، یان هی ڕۆمان.

شیاوی ئاماژەشە کە ئەم (لەسەر لوتکە وەستانە) ئەوە نییە کە (کیتس) پێی ئێژێ (توانای سەلبیەت- القدرة علی السلبیة)، یان ئەوەی کە (جۆیس) پێی دەڵێ (مەنگەسۆز- Static) و پێی وایە هونەری ڕەسەن کاری پێدەکا و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ (ئەفلاتوون) و (تۆمای ئەکوینی)، کە پێیان وایە هونەری ڕاستەقینە (بە پێچەوانەی بزۆزە سۆز- Kinetic)ەوە خەڵک بۆ هەڵوێست وەرگرتن هان نادات. ئەوەی ئەمان مەبەستیانە لایەنی ئەخلاقی (چاکە و خراپە)، یان (جوانی و دزێوی)یە، بەڵام ئەوەی لە ڕۆمانی (هاوارە بەرە)ی ئەمیری-دا دەبینرێ پێڕەوی نەکردنی سێیەی یەکە باوەکانی پەرەسەندنی ڕۆمان- چیرۆکە، لە سەرەتاوە بۆ لوتکە و لە لوتکەوە بۆ کۆتایی، بەڵکو ڕاگرتنی (گێڕانەوە)یە لەسەر لوتکەیەکی وەهمی، لوتکەیەک کە ڕێگە بۆ سەرەتایەکی دیکە خۆش دەکا، لوتکەیەک بۆ دەسپێکێکی دیکە دەشێ. ئەمەش لە جێی خۆیدا تەکنیکێکی دیکەی هونەری موزیکە پێی دەگوترێ (ڕۆندۆ- Rondo) کە دەشێ بە کوردی پێی بێژین (هەڵسووڕانەوە). ڕۆندۆ لە موزیکدا، واتا بابەتێکی سەرەکی و هەندێ بابەتی لاوەکی کە دەرکەوتنەوەی ناوە ناوەی بابەتە سەرەکییەکە پێکەوەیان گرێ دەداتەوە و سروشتی (ئیحای) بێ کۆتایی بوونی دەقی موزیک دەدات و ڕێگە بۆ هێشتنەوەی دەق بەبێ کۆتایی و بە کراوەیی خۆش دەکا، بواری تێهەڵچوونەوە بە داهێنەر دەدات.

ئەم تەکنیکە موزیکییە لە ڕۆمانی (هاوارە بەرە)ش لە زۆر شوێندا کاری پێکراوە و زۆرجار خوێنەر وا هەست دەکا گەیشتووەتە کۆتایی بەرهەمەکە، بەڵام (هەڵسووڕانەوە)یەک دێتە پێشەوە کە سەرەتا خۆی وا نیشان دەدات کە کۆتایی کارەکەیە، بەڵام دواتر هەر ئەو لوتکە وەهمییەیە دەبێتە بنەمای ڕووداوێکی دیکە و لەشێوەی شەپۆلانێکدا درێژە بە بەسەرهاتەکە دەدات، بەرچاوترین نموونەش کۆتایی بەشی یەکەمە (کتێبی هاوارە بەرە) کە ئیتر (یارە) و (خەزاڵ) بە یەکتر دەگەن و ئاهەنگ و شایلۆغان کۆتایی دێت، خوێنەر ئیدی دڵ بەو کۆتاییە دادەهێنێ، کەچی وا ناکەوێتەوە و ئەم بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە بە سووتانی ماڵی بلەچەرخی کۆتایی دێت.

ئەم سووتانی ماڵی بلە چەرچییەیە لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا (بەشی میرزا) دەبێتە فاکتەری سەرەکی سەرجەم ڕووداوە هەنووکەییەکان و بیرکەوتنەوە و لێکگرێدانی ڕووداوە کۆنەکانیش لەنێوان یەکتر و لەگەڵ ئەوانەی سەردەمی ئێستای ڕۆمانەکەشدا. کۆتایی بەشی دووەمی ڕۆمانەکەش هەر ئاوا کراوەیە و بواری ئەگەری دیکە دەخوڵقێنێ کاتێک میرزا و ناز (ژن و پیاو) تفەنگ لە شان دەکەن. ئاگر تێبەردانەکەی کۆتایی بەشی (هاوارە بەرە) و دەستدانە تفەنگەکەی کۆتایی بەشی (میرزا)ش دوو دیوی یەک پرۆسەن، کە شۆڕشە.

لە ئەنجامی ئەم فرە لوتکەیی، یان دەشێ بڵێم بەهۆی ئەم وردە لوتکانەوەیە کە ڕۆمانی هاوارە بەرەی ئەمیری بەهەردوو بەشەکەیەوە شێوەی شەپۆلان (      )ی وەرگرتووە، نەک شێوەی باوی ڕۆمان کە (٨)ە.

لە هاوارە بەرەدا ئەگەرچی پارچە= مۆتیڤی (سۆلۆ) دەنگی تاک دەبیسترێ کاتێک کە یارە لە بەشی یەکەمدا لە میرزا، لە بەشی دووەمدا میرزا لە خۆی دەدوێ، یان کاتێک کەمال لە (گەلە) دەدوێ، یان کە ڕەشیدە دز بەسەرهاتی خۆی و خدرئاغا و زەڵخا دەگێڕێتەوە، وەلێ بە هەمان شێوە دەنگی (کۆنشێرتۆ)یش لەم ڕۆمانەدا بیستراوە وەک لە دیمەنی داخوازیکردنەکەی خەزاڵ و خوری پشکنینەوە و شاییەکەی یارە و خەزاڵ و ڕمبازێن و ڕەسمی گیسکە کوڕانە و دیمەنی یارە و هاوەڵانی لە زینداندا و تەنانەت شەڕە تەقەکەی ڕەشەدز و میرزا و پیاوانی نائیب و وەکیل و..تادیش هەن، کە مەودای باس کردنی هەموویان نییە وەک شەڕی ژن و پیاوی ناو ئاوایی، کە دەشێم بڵێم کۆنشێرتۆیەک پێکدێنن تا سۆلۆ، کاتێک هەرکەس بە نەبرەیەک و ئاوازێک و تۆنێک گوزارە  لە خۆیان دەکەن.

پارەکانی هەردوو بەشی ڕۆمانەکەش، وەکو نەریتی باوی موزیک، بە ژمارە (١، ٢، ٣...) دابەش کراون نەک بە ناوونیشانی لاوەکی.

بینا لەسەر ئەم قسانەی پێشوو، دەڵێم پارچە موزیکی فۆلکلۆری کوردی (هاوارە بەرە) هەر بەتەنیا پارچە موزیکێکی تێکەڵکێش کراوە/ ئاوێزان کراو نییە لە دەقی ڕۆمانەکەدا، بەڵکو شێوازی بینای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەش شێوازی بینای کۆنشێرتۆیەکی موزیکی هەیە، چونکە پرۆسەی گێڕانەوەکە لەگەڵ ڕووداو دەرکەوتن و کشانەوە و دووبارە هاتنەوەی کارەکتەر و تێکەڵکردن و تاکبوونەوەی دەنگەکان و بەرز و نەوی بوونیان، شێوەی پارچە موزیکێک بەدەقی ڕۆمانەکە

دەبەخشێت، کە لە هەمان کاتدا دەشێ بڵێم بابەتیشە، لەبەر ئەوەی سەرجەم دەقی ڕۆمانەکە بۆ خۆی هاوارێکی مەزنی سەرکردەیەکە (میرزا) بۆ ڕزگارکردنی گەلێک، وەک چۆن ئاوازی هاوارە بەرە هاواری شوانێک (یارە)یە لە پێناوی پارێزگاری کردنی مێگەلێک. پێشم وایە ڕۆمانـنووس فەتاح ئەمیری زۆر بە سەرکەوتوویی توانیویەتی ئەم شێوەیە بەرهەم بهێنێ و ئەم ئامانج/ مەبەستەش وەدی بێنێ.

وەلێ سێ حاڵەتیش لە هەردوو بەرگی/ بەشی ڕۆمانی هاوارە بەرەدا شک دەبەم، کە هەڵوێستەیان دەوێ:

**یەکەم:** لە هەندێ شوێندا وا نیشان دراوە کە (یای ناز) بە خۆی و هەردووک منداڵەوە (وەقمان و ئەستێ) لە هەمان ئاوایی سۆفی ئەحمەددا دەژین، بە بەڵگەی ئەوەی کە وەقمانی خوردساڵ دەتوانێ هاتوچۆی ماڵی سۆفی بکا، لەکاتێکدا لە سەرەتای بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا گوتراوە ئاواییەکە تاکە ماڵەیە و بە تەنیا ماڵی سۆفی لێیە، کەچی لە هەندێ بەشی دیکەوە تێدەگەین کە لە گوندی حاجی محەمەد دادەنیشێ، کە گوندێکی دیکەیە.

**دووەم:** ئەمیری لەم ڕۆمانەیدا زۆری بایەخ بە ژیانی سوننەتی (ئەگەر دابێ) وەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا دەیڵێ، ئەی چۆنە خانەوادەی دەسڕۆی یای نازی جوان و لاو ڕێیان داوە لە گوندێکی دوور بە تەنیا و بێ پیاو بە دوو منداڵەوە بمێنێ؟ لە ژیانی کوردەواریدا ئەمە ڕێ نادرێ و ژن کە بێوەژن کەوت، مەگەر منداڵی خۆی لە کوڕان لە تەمەنی باڵق بوون تێپەڕیبن، دەنا کەسوکاری لێناگەڕێن تەنانەت لەگەڵ ماڵە خەزوورانیشدا بژیت، چ جای بۆ ژنێکی گەنجی وەک یای ناز، جوان و تەنیا و بۆ بنەماڵەکەی، کە لە کۆتایی بەشی دووەمدا (میرزا) دەردەکەوێ کە خوشکی میرانە و میرانیش کوڕی مەحموود بەگە و مەحموود بەگیش یەکە پیاوی دەڤەرەکە بووە.

**سێیەم:** لە (ل٩٠)ی بەشی یەکەمەوە (هاوارە بەرە) تێدەگەین کە یای نازی بێوەژن دوو منداڵی هەن: ستێ شەش حەوت ساڵ و وەقمانی خوردساڵ، کە هێشتا زمانی پاک نەبووەتەوە و (ر) وەک (ل) گۆ دەکا و بە میرزا دەڵێ (میلزا)، لەکاتێکدا ئەم هێشتا هەر بەو شێوەیە ناوی میرزا گۆ دەکا و تا کۆتایی بەشی دووەمی ڕۆمانەکەش هێشتا هەر زمانی پاک نەبووەتەوە، واتا نەبووەتە دوو ساڵ، کەچی (ستێ)ی خوشکی کە دەبێ ئەو دەمە (٨ تا ٩) ساڵ بووبێ، لەگەڵ (حەسکۆ)ی خاڵۆزایدا دڵداری دەکا و مارە دەکرێ و مێردیش دەکا...! بەڵام وەقمان لەدوا دێرەکانی بەشی دووەمی ڕۆمانەکەشدا هێشتا هەر بە (میرزا) دەڵێ (میلزا). لە بینای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا من ئەمانە وەک کەلێن دەبینم کە لەوانەیە لە سۆنگەی غەفڵەتەوە هاتبن.

## ئازارەکانی ڕوح لەبەر زەبری ناسنامەی جەستەدا

وەک دیتمان لە ڕووی شوێن و کەش و سروشت و کار و پیشە و باری ژیان و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کارەکتەر و سروشتی ململانێ و پێوەندی و گرفت و تەواوی کولتوور و زمانیشەوە ڕۆمانی هاوارە بەرە بە هەردووک بەشەوە ڕۆمانێکی لادێیانەیە و ئەمیری بە شارەزاییەکی سەرنجڕاکێشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا کردووە. وەلێ ئەمە هەموو شارەزایی و کۆتایی توانای ئەمیری نییە و شارەزایی ئەو دەشێ لەلادێوە دەستی پێکردبێ، بەڵام هەر لەوێ تەواو نابێ، بەڵکو هەتا نێو شار و نهێنییەکانی ژیان و گوزەرانی شار بڕ دەکا و لە سروشتی مرۆی لادێییشەوە تا ڕاز و نیازەکانی خەڵکی شار پەل دەهاوێ و دەگاتە کار و پیشە و تەرزی دابونەریت و سروشتی دەروونی چینی برژوا، ئورۆستکراتی، تەنانەت جلوبەرگ و جۆری بۆن و مکیاژ و خواردن و خواردنەوە و ڕابواردن و کەرەستەی ناوماڵ و شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەی نێوخۆ و خەڵکیشیان، وێڕای پێوەندی و بەرژەوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتیشدا، هاوڕا لەگەڵ زۆر دیاردەی تایبەتمەندی شارنشینان. ئەگەر بشێ (هاوارە بەرەو، میرزا) وەکو دوو ڕۆمانی سەربەخۆ بژمێرین، کە هەروایشە ئەگەرچی یەکتریش تەواو دەکەن، ئەوە فەتاح ئەمیری لە ڕۆمانی سێیەمیدا (زیندەخەو) بە گواستنەوەی مەیدانی کاری ڕۆمانی کوردی لەلادێوە بۆ شار زۆرێک لەو مەبەست و دیاردە و تایبەتمەندیانە بەرجەستە دەکا، کە لە ڕۆمانی لادێدا بوونێکیان نییە.

زیندەخەو، فەنتازیایەکی بەرچاو و سەرنجڕاکێش و هەڵقوڵاوی ئەقڵییەتێکی خەیاڵ بڵاو و واقیعێکی ناماقووڵ و ئەفسووناوییە، کە ئەگەر ڕوویش نەدا، ڕێی تێدەچێ، تیمەی سەرەکی کارەکە لەسەر بنەما، یان وەکی دیکە بڵێم لەسەر (بروا- ئیمان)ی دۆنای دۆن= تەناسوخی ڕوح بنیاد نراوە، ئەگەرچی هەندێ کەس نایسەلمێنن، بەڵام بە ملیۆنانیش هەن وەکو ڕاستییەکی ئایینی حاشا هەڵنەگر بڕوای پتەویان پێهێناوە، تەنانەت لەکۆمەڵگەی کوردی خۆشماندا پێڕەوکارانی هەندێ ئایین و ئایینزا هەن، وەکو ڕاستییەکی ڕەها دەڕوانە دۆنای دۆن.

لەنێوان ئەم بڕوادارانە و ئەوانەی بڕوای خودی و

ئاییینیـــان دۆنای دۆن ناســـەلمێنن، فــەتاح ئەمــیـــری ڕۆماننووس بۆشاییەکی واقیعی ئەفسووناوی دۆزیوەتەوە کە بواری ئەفراندنی کارەکتـەرێکی هونەری و ژیانێکی خەیاڵی دوو دیوی بۆ ڕەخسـاندووە، کـە جارێک وەکو قوربانی و جارێکی دیکە وەکو جەللاد وەدەردەکەوێ.

بنیـادی ڕووداوی زیندەخەو بریتـیـیە لە دوو ڕووداوی سەرەکی پەلکەوەنئاسای تێکئالاوی سەربەخۆ بە هەموو ڕەگەزەکانی کات و شوێن و کەش و کارەکتـەرەکانەوە، هەردوو ئەو ڕووداوانەش لەکـاتی (ئێـسـتـا)وە دەست پێدەکەن، بەڵام یەکیان لە ئێستاوە بۆ (ڕابردوو) و ئەوی دیکەشیان لە ئێستاوە بۆ (داهاتوو) و خاڵی بەریەکتر کەوتن، یان یەکانگیریشیان کەسایەتی خودی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، کە لە ڕووداوی یەکەم (لەئێستادا) ناوی (ئازاد)ە و لە ڕووداوی دووەمیشدا (لە ڕابردوودا) ناوی (حوسێن)ە، کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لە دیمەنێکی پەرجووئاسـادا لە یەکـتـر ئاشکرا دەبن و بەشـێـوەیەکی ڕەمزی لەگەڵ یەکتردا یەک دەگرنەوە.

کـارەکـتـەری سـەرەکی لە ئێـسـتـادا هەتا هۆشـیـار و بە ئاگــایە (ئازاد)ە، بەڵام لە ڕابردوو و لە بێ ئاگـــایی و لەکـاتی خـەون دیتن و لە زیندەخـەودا (دەبێ جـیـاوازی خـەون و زیندەخـەویش بە وردی لەبەرچاو بگـیـرێ) ئەوە (حـــوســێـن)ە، یان ڕوونتـــر بڵـــێـم ئازاد لە ڕابردوودا (حوسێن) بووە و حـوسێنیش لە ئێـسـتـادا (ئازاد)ە و هەریەکـەشـیـان لەسەر زنجیرە ڕووداوێک وەستاون، کە کۆمەڵە دوالیزمێک پێکیان دەگەیەنێ و لێکیشیان جیا دەکـاتەوە: ئازاد کـورده، حـوسـێـن ئازەری بووە. ئازاد سوننەیە، حوسێن شیعە بووە. ئازاد خەڵکی مەهابادە، حـوسـێـن خـەڵکی ورمێ بووە. ئازاد قـوتابی ئامـادەیی (دەبیـرسـتـان)ە، حـوسـێن ئەفسـەر بووە، ئازاد کـوڕی دوکـانداریکی سـەر بەچینی بۆرژوای بچووکە، حوسێن کوڕی بنەماڵەی ئەفسـەرێکی ئەرستۆکراتی بووە. ئازاد نەتەوەپەروەرێکی چالاکــوانی کـــوردە لە دژی ڕژێمی حەمەڕەزا شای ئێران، حوسێن ئەفسـەرێکی چالاکوانی دەزگـای سـەرکوتکاری (ساواک)ی شـاپارێز بووە، ئازاد هێـشـتـا بڕیاری کـۆتایی خـۆی لەمـەڕ هاوسـەرگـیـرییـەوە نەداوە، حـوسێن ژنی هەبووە (زەری) و کـچـێـکیشی لێ هەیە (ئیلاهە). ئازاد لەسەر کاری سیاسی بەند دەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێ، حوسێن لە زینداندا زیندانی سیاسی ئەشکەنجـە داوە. ئازاد لە (١٠/٢/١٣٣٧هـ= ١٩٥٩ز) لەدایک دەبێ، حوسێن لە هەمان ڕۆژدا خۆی کوشتووە. کە ئاماژەیەکی گرنگە لە دەقەکەدا بۆ دۆنای دۆن کردنی (ڕوحی) حـوسـێـن لە جـەسـتـەی ئەوەوە بۆ جـەسـتـەی (ئازاد)ی ساوا.

خۆکوشتنەکەی حوسێن لەژێر زەبری ئازاری ویژدان بووە بەرانبـەر بە خـۆڕاگری و ئارامی و مـەنتـیـقی کوڕە کوردی زیندانی بێ تاوان (ئەمـیـر) کـە قـوتابی خوێندنی باڵا و لێکۆڵەرەوەیەکی کـۆمـەڵایەتی بووە و بەبێ ئەوەی هیچ چالاکی و ئینتیمایەکی سیاسی هەبووبێ دەست ساواک دەکەوێ و ئەشکەنجـەدانی دەکەوێتە ئەسـتۆی حوسێن! حوسێن-یش کە دیارە خاوەن ویژدانە و هەر لەسـەرەتای دەسـبـەکـاربوونییـەوە، بە وەزیفـەکـەی ڕازی نەبووە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی لەوانەی ئیـتـیلاعـاتدا نومـرەی تەواوی هێناوە، ساواک هەڵیدەبژێرن بۆ کارکردن لە ڕیزەکانیاندا، گەورە ئەفسەرێکی کۆنە برادەری باپیشی چ بە هەڕەشە و ترســاندن، چ بە هاندان لەبەر بەرژەوەندی خـۆی بۆ ئەو کارەی ئاراستە دەکا و دیارە ئیتر پێوە دەبێ، تا لەنێوان ئازاری ویژدان و پاڵەپەسـتـۆی ئەفـســەرانی لە خـۆی بڵندتردا خـۆی دەکـوژێ و بەو چارەنووسـە دەگـا کـە ڕێککەوتی کۆی نومرەی باڵا بۆی دیاری کردووە.

خۆکوژییـەکەی حوسێن و پێشـتـریش داوای لێبـوردن کـردنی لە (ئەمـیـر)ی زیندانی و قـوربانی بەردەسـتی، دەکـرێ وەکـو (خـۆپاککردنەوەیەک) لەو تاوانانەی کـە بەرانبەر ئەمیری بێ تاوان و سەرجەم زیندانییە کوردەکان و تەواوی گەلی کوردیشی کردووە، بخوێنرێتەوە.

لێـرەشـەوە دەڵێم حـوسـێن بە تەواوی لێـوەشـاوەییـەوە مـافی خـۆیەتی ئەگـەر بە ڕوحێکی پاک و بێگەردەوە لە سووڕی دووەمی ژیانیـدا بچـێـتـە جـەسـتـەی منداڵێکی ساوای بێ گـوناهی وەک (ئازاد)ی ساواوە کە لە هەمان ڕۆژی خۆکوشتن= خۆرزگارکردنەکەی حوسێندا دێتە دنیاوە و لە جـەسـتـەی ئەو= ئازاددا درێژە بە ژیانی ئازادانەی خـۆی بدات و لە قـۆناغی لاوێتی و لەسـەروبەندی پێش ڕووخـانی ڕژێمی شـادا لە ١٩٧٩، وەکـو (ئازاد)ی کـوڕە کـوردی ئازادیخـواز و نیشـتـمانپارێز و نەتەوەپەروەریش جێگۆڕکێ بکات و لە حوسێنی جەللادی ئەشکەنجەدەری زیندانی کوردەوە، ببێتە ئازادی قوربانی و ئەمجا بەخۆی لەسـەر کـوردایەتی بە کـردەوە و بەتاوانی دژایەتی کـردنی هەمان ڕژێمی شاهەنشاهی، کە لە سەردەمی (حوسێن)ی بوونیدا بەرگری لێدەکرد، دەسگیر بکرێ و ئەمجا، واتا لە سەردەمی (ئازاد) بوونیدا، بە خۆشی لەلایەن دەستە و وەچەیەکی دیکەی ئەفـســەرانی ســاواکی ئازەرییــەوە ئەشکەنجە بدرێ. کە دەشێ ئەمەش وەک پلەیەکی دیکەی پێشکەوتووتری (پاککردنەوە)ی خوایانە، یان قەدەری بۆ حوسێن لە قـەڵەم بدەین کـاتێک لە جـەسـتـەی منداڵە= لاوە کـوردێکدا ڕوحی دووبارە ئۆقـرە دەگـرێ و لەسـەری

پێویست دەکا هەمان ئەو ئێش و ئازارانە ببینێ کە بە خۆی بە کوڕانی کورد (ئەمیر)ی دەچێشت. ئەم (پاکبوونەوە)یان سزایەکی قەدەرییە، جیاوازی زۆرە لەگەڵ (خۆپاککردنەوە)دا کە ئیرادەی حوسێن خۆی لەسەری بووە کە (خۆکوژییە)کەیە. ئەم خۆپاککردنەوە و پاککردنەوە قەدەرییەکەش دیارە بەسن بۆ ئەوەی قەبووڵ بکرێن و حوسێن لە تاوانەکانی داماڵرێ و لە سۆنگەی ئەو پەشیمانییە ڕاستگۆیانەیەیدا پاداشتیش بکرێ، ئەو پاداشتە گەورەیەش ئەوەیە کە حوسێن، لەسەردەمی ژیانی (ئازاد)ی بوونیدا و بەجەستەی ئازاد-ەوە زەڕی ژن و خۆشەویستی و (ئیلاهە)ی شۆخوشەنگی کچی لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا، لە ورمێ دەبینێتەوە و لە دەربازبوونیشیان بۆ ئەوروپا، لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی شا دڵنیا دەبێ. زەڕی و ئیلاهەش لە (ئازاد)دا وێنەیەکی لاوێتی و گەنجبوونەوەی (حوسێن) دەبیننەوە و لە ئەنجامی لێکچوونی هەردووکیانەوە (حوسێن و ئازاد) پێوەندییەکی ڕوحی لەگەڵ ئازاد دەبەستن و کاتێک کە ئازادی قوتابی زانکۆی ورمێ لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامە دەسگیر دەکرێ، ئەوان بە جووتە (زەڕی و ئیلاهە) بە سوود وەرگرتن لە کاری پێشووی حوسێن لە ساواک، لە ئازار و ئەشکەنجە و کارەساتێکی ڕاستەقینەی بکوژی ڕزگار دەکەن بەدەستی ساواکەوە و هەلێکی دیکەی ژیانی (بۆ ئازاد) بۆ دەستەبەر دەکەن، وەلێ ئەم جارەیان نەک وەک کوڕە ئازەرییەکی داردەستی ڕژێم، بەڵکو وەکو کوڕە کوردێکی تێکۆشەر لە دژی زوڵم و زۆری دەسەڵات و لە پێناوی ئازادیدا دەجەنگێ و گیانبازی دەکا، ئازادی بۆ تەواوی خەڵکی وڵات بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانییەوە، نەک بۆ بەرژەوەندی، تاکەکەسی، یان کەمینەیەک.

لە جیهانی سیاسەتدا چەمکێک، یان قسەیەک هەیە دەڵێ: کەمینەکان، ئایینی بن، یان نەتەوەیی سروشتێکی هەلپەرستانەیان هەیە، بۆیە هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتدان و زۆرجاریش کە پتر لە کەمەنەتەوەیەک، یان کەمینەیەکی ئایینی، یان ئایینزایی لە وڵاتێکدا دەکەونە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەی نەتەوەیەک، یان زۆرینەیەکی ئایینییەوە، یەکێکیان، واتا یەکێک لەو کەمینانە خۆیان دەخەنە خزمەتی هێزە باڵادەستە دیکتاتۆرەکەوە و لەسەر حیسابی بەرژەوەندی کەمینە، یان کەمینەکانی دیکە هەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانی خۆشیان دەپارێزن، بەڵکو دەسکەوتی ماددی و پلەو پایەی فەرمی و تەنانەت زەوی پتریش وەدەست دەهێنن، وەک ئەوەی چەندین دەیە، یان ڕەنگە چەندین سەدەشە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کوردستانی ئێران سیاسەتمەدارانی ئازەری و لە باشووری کوردستان- کوردستانی عیراق کاربەدەستانی هەلپەرستی تورکمان لە دژی کورد و بەرژەوەندی و مان و بوونی نەتەوەیی کوردی دەکەن لە پێناوی بەرژەوەندی هەردوو گەلی باڵادەستی (فارس)ی ئێران و (عارەب)ی عیراقی بەرانبەر هەندێ دەسکەوتی ڕۆژانەی تەکتیکی خۆیان کە بە دڵنیاییەوە لەسەر ئاستی ستراتیژی بەخراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە، وەک ئەوەی لە عیراقی سەدامدا لەگەڵ تورکماندا کرا، کاتێک پێویستی پێیان نەما و وێڕای لەنێوبردنی زۆرێک لە سەرانیان لە عیراقدا نکوڵی لە بوونی نەتەوەیی تورکمانیش کرد، تەنانەت لەسەرژمێرییە ڕەسمییەکانیشدا هەموو تورکمانیشیان بە (عارەب) ناونووس کرد، هەتا لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ کە حکومەتی ناوەند لەبەر هەمان هۆ و بۆ لێدانی بەرژەوەندی کورد هەمان ڕۆڵی پێشینەی بە هەندێک لەسەرانی کورتبینی تورکمانی عیراق دایەوە. دڵنیام ئازەرییانی ئێرانیش هەمان ڕۆڵ و هەمان مێژوو دووبارە دەکەنەوە بەبێ ئەوەی لەسەر ئاستی دوور و ستراتیژی هیچ دەسکەوتێکی ڕاستەقینە بەدەست بێنن وەک ئەوەی لەسەردەمی شاهەنشاهی و لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا کردیان و دیتیان، ئەگەرچی لەسەر ئایینزای (شیعە)ی گەلی باڵادەستی ئێرانیش بوون، بەڵام دەسکەوتەکانیان ڕووکەش و ڕۆژانە پتر نەبوون و ناشبن، هەرچەندە لە سەردەمی شاهەنشاهیدا خاڵوانی وەلی عەهد بوون و لە شۆڕشی ئیسلامیشدا خودانی ئایەتوڵڵای مەزن و کاریگەری ڕۆژانی هەڵگیرساندن و سەرکەوتنی ئینقیلابی ئیسلامیش بوون.

پەیامی فەتاح ئەمیری لەم ڕۆمانەدا (زیندەخەو) پەیامێکی ڕوون و بەهێزە، لەوانەیە زۆریش کاریگەر بێت لە دژی ئەم دیاردە سیاسییە- ئابوورییە خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و هەلپەرستییە کوشندەیەی کە لە (خۆکوشتن)ی حوسێندا خۆی دەنوێنێ و هەمیشە لە دژی گەلانی ژێردەستە و لە بەرژەوەندی گەلانی باڵادەست تەواو بووە و تەواویش دەبێ.

زیندەخەو بانگەوازێکی ڕاستەقینەیە بۆ دۆستایەتی و ئاشتەوایی و هاوچارەنووسی گەلانی ژێردەستەی ستەمدیدەی هاوخەم و هاوهیوا و هاوچارەنووس، هاوارێکە بەوەی بەرانبەر بڵێ ئەوەی تۆ لە دژمی دەکەی و لەگەڵمی دەکەی سبەی بەسەر خۆشت دێت وەک چۆن لە ساتەوەختێکدا حوسێن جێگۆڕکێی کرد و لە جەللادێکەوە بوو بە قوربانی. لە ئەفسەرێکی ئازەری ساواکییەوە کە

کوردی ئەشکەنجە دەدا لە پرۆسەیەکی موحتەمەلی ڕۆڵگۆڕکێدا بوو بە کوردێک کە ئەفسەرێکی دیکەی ئازەری ساواکی ئەشکەنجەی دەدات. لەیەک حاڵەتیشدا نەبێ کە سەرکار وەکیلی ئازەری ئازاد لە دەسگیرکردن ڕزگار دەکا، دەنا ئیتر ئەوەی ئازار دەدات ئازەرییە و ئەوەشی بەردەوام ئازار دەکێشێ کوردە، ئەگەرچی جەستەکانیش دەگۆڕێن و ڕوحەکە (ڕوحە مرۆڤایەتییەکە) جێگیر و نەگۆڕە، کە دەلالەت لە برایەتی و یەکسانی و یەکێتی گەوهەری مرۆڤ دەکا، بەڵام دیاریشە کە لەگەڵ ساتی یەکەمدا کامڵی، یان ناکامڵی جەستە، جۆری جینسی جەستە (نێر، یان مێ) و کات و شوێنی لەدایکبوون و دەوروبەر (سروشت و ژینگەی کۆمەڵایەتی) ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کولتووری بۆ دیاری دەکەن و دەبنە مایەی جیاوازی نەتەوایەتی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی تاک و لەسەر ئەو ئینتیمایانەی کە خۆی دەستی لە هەڵبژاردنیاندا نییە، ئەو ڕوحە گشتییەی، کە هەمووان شەریکن تێیدا، دووچاری دۆخی جیاجیای ژیانی بەکردەوە و چارەنووسی جیاواز و ئازار و چەوسانەوە، یان پێچەوانەکەی دەکەن.

زیندەخەو، وەکو هزر سەر بە جیهانی میتافیزیکە، وەکو هونەر فەنتازیایە، وەکو سیاسەت واقیعییە، وەکو کۆمەڵایەتی (دادپەروەری ئەدەبییە)، دادپەروەری ئەدەبی بەواتای ئەوەی کە لەدەقی ئەدەبیدا دەبێ چاک بە پاداشتی خۆی بگا و خراپیش بە سزای خۆی، هەرچەندە لە جیهانی واقیعدا ئەم بنەمای سزا و پاداشتە هەموو جارێک بەجێ نایەت و زۆرجار چاکە و تەنانەت تاوانیش بێ سزا ون دەبن، بەڵام ژیانی ئەدەبی بەبێ (دادپەروەری ئەدەبی) پەسەند نییە. تێکەڵکێش بوون و بەیەکدا چوونی میتافیزیک و فەنتازیا و واقیعیەت و ئاکام بەجێ هێنانی دادپەروەری ئەدەبیش لە دەقی (زیندەخەو)دا، سروشتێکی درامی هارمۆنی بە ڕۆمانەکە داوە، کە پتر لە کانگایەکی ڕەنگاوڕەنگی (واتا بەخشی) بۆ خوێنەر دروست دەکا و لەیەک کاتدا، واتا بەشێوەیەکی هاوکات/ تەزامونی دوو کەسایەتی: یەکیان زیندوو، یەکیان مردوو. دوو ڕووداو: یەکیان واقیعی، یەکیان زیندەخەو. دوو ژیان: یەکیان کۆتایی دێت، یەکیان دەست پێدەکا، پێشکەش دەکا.

ئەوەیشی ئەم دوو ئەزموونە هارمۆنییە ستوونییە بە باری ئاسۆییشدا فراوان دەکا گەنجینەی لەبن نەهاتووی فۆلکلۆری و کولتووری و کەلەپووری و ئەزموونی خودی دایە خەیاڵ و سەرگوروشتە و شێوەزارە لۆکاڵییە مەنگوڕییەکەیەتی، ململانێی کاریکاتۆری (مەلی) و (فەوزیە)یە لەسەر وەدەستهێنانی دڵی ئازاد، کۆمیدیای شێوازی کوردی قسەکردنەکەی (ئەشرەف)ی ژنە ئازەری هاوسەری سەرکار نایب و هاوسێی بەرپەنجەرەی ئازاد و حەزەکەیەتی بەرانبەر ئەو. شێوازی قسەکردنی کوردی بە ئاواز= گۆکردنی ئازەری کە فەتاح ئەمیری لە بەشی دووەمی هاوارە بەرەدا، واتا لە (میرزا)شدا بە زمانی (ئەمیر حوسێن)ی ئازەرییەوە کاری لەسەر کردووە. هەروەها شێوازی قسەکردنی منداڵانەی (وریا)شە، کە جگە لە شێواندن و جێگۆڕکێی پیتەکان، هەڵوێست و قسەکانی (مەلی)ش ئاشکرا دەکا، کە ئەمیری لە هەردوو بەشی ڕۆمانی هاوارەبەرەشدا کەڵکی لێ دیوە، کاتێک دیالۆگەکانی (وەتمان) دەگێڕێتەوە.

ئەم مۆتیڤانە، تێیاندا هەیە وەک ڕووداوی لاوەکی یارمەتیدەر، یان ڕوونکەرەوە، یان وەک یەکەی واقیعیەت بەخش، یان وەک وێستگەی پشوو، یان وەک زیادە زانیاری بەخشین لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا کارا دەکەن و زۆربەی جار لە کاتی (زەمەنی ونبوو)دا لەو سەرچاوانەوە دەڕژێنە (ڕۆخانە= مەجرا)ی گێڕانەوەی ڕووداوە سەرەکییەکەی زەمەنی ئێستاوە، بە تایبەتیش دیارە لەو ساتانەدا کە وەگێڕی سەرەکی ڕۆمانەکە، کە هەر بەخۆیشی کارەکتەری سەرەکییە، لە کاردا نییە، بەواتایەکی دیکە لەو حاڵەتانەدا کە:

١- ناتوانێ ٢- یان نایەوێ وەکو وەرگێڕێکی سەرەکی زاتی شتێک بۆ (خوێنەر/گوێگر) بگێڕێتەوە، یان وەکو کارەکتەری سەرەکی: ١-نازانێ ٢- یان ناوێرێ (بۆ خۆی) شتێک بەکردەوە بکات، بۆ ئەوەی هەلی ساغکردنەوەی دوودڵی و نیگەرانییەکانی بۆ هەڵبکەوێ و (وەرگر)یش لە چاوەڕوانیدا ڕانەگرێ، ڕێگە بە (وەرگێڕە لاوەکییەکان)ی وەک مامە حەسەن و دایە خەیاڵ دەدا (بڵێن= وەگێڕن)، یان هەل بۆ (کارەکتەرە لاوەکییەکان)ی وەک فەوزیە و مەلی و ئیلاهە و سەرکار نایب هەڵدەخا کە ئەوان (بکەن).

لەسەرینی ئەم هۆکارانەشەوەیە دەکارم بێژم هەر بە تەنیا بینای ڕووداوەکەی نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا بینای گێڕانەوەی ڕۆمانی زیندەخەویش بینایەکی هونەری و مۆدێرنانە= نا کلاسیکی گێڕانەوەیە.

گێڕانەوە لە زیندەخەودا لەسەر زمانی کارەکتەری سەرەکییەوەیە و بە ڕاناوی کەسی یەکەم (من) دەگێڕدرێتەوە، هەندێ جار بە فەرمانی ڕابردوو و هەندێ جار بە فەرمانی زەمەنی ئێستا = حازر. جاری واش هەیە

شێوازی فەرمانی داهاتوو وەردەگرێ و وەک گریمانەیەک دێتە چاو. بەو شێوەیە وەرگێر، یان وەرگێرەکان بەبێ ڕەچاوکردنی شێوازی گێڕانەوەی زنجیرەیی لەنێوان کاتی ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو و زەمەنی ئوستووریدا دێن و دەچن، جارێک ڕووداوی واقیعی ئێستا و جارێک ڕابردوو و جارێک داهاتوو. جارێک خەون و جارێک سەرگوروشتە و جارێک مێژوو و جارێک ئەفسانە و جارێک کەلەپوور لە دەقی ڕووداوەکەی ئێستا تێکەڵکێش دەکەن و ڕەهەندی جیاجیای دەدەنێ. وەک بەسەرهاتەکانی: سوڵتان ئاغا، لە مێژووی هاوچەرخ- ل٤٥، کارەساتی بنەماڵەی تێکۆشەر ئاغا میرزا فەتاح، لە مێژوویەکی کۆنتر = سەرەتای سەدەی بیستەم- ل١٣٢ و پاشتریش، ئەفسانەکانی دەوری (حەولای مارف هەمزەی دەوەشار) و جنۆکە هاوەڵەکانی.. ل٢٠٥ و ٢٠٦ کە لە (میرزا)شدا وێنەیەکی لای ڕەشەدزە هەیە. خەونەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە و زۆر وردە ئاماژەی دیکەش، کە هەموو پێکرا کار لەسەر پتەوکردنی ڕووداوی سەرەکی و دەوڵەمەندکردنی دەقەکە دەکەن، بەبێ ئەوەی باڵی بەسەردا بکێشن، یان پەکی بخەن.

زیندەخەو، تێکەڵکێشییەکی هونەری خەیاڵ و واقیعە، ئاوێتەیەکە لە خەون و مێژوو، لە مادده و ڕوح، لە ڕێککەوت و هەڵبژاردن، لە ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵاتن، لە جیابوونەوە و یەکگرتن. بانگەوازێکە، هاوارێکە لەتاک، لە کۆ بۆ یەکگرتن لە دژی دیکتاتۆر، لە دژی دەسەڵات، دەسەڵاتێک کە هەمووان وەکو یەکتر دەهاڕێ، وەکو یەکتر پێشێلیان دەکا، بەڵام ڕەنگە لەکاتی جیاجیادا، لە شوێنی جیاوازدا، لێ ئاکام ئەوەی دەگۆڕێ لەوانەیە هەر قوربانییەکان بێت هەتا نۆرەیان دێت و دەکەونە بەر بەرداشەکە و بەرەو دوا مایە پووچ لە پرۆسەکە تاک تاک دەردەکرێن، ئەگەر لەکاتی پێویستدا لەسەر هیوا و ئاواتی هاوبەش، لەسەر بنەمای هاوچارەنووسی یەک نەگرن و لە ڕووی دیکتاتۆریەتی گەلی باڵادەست نەوەستن، کە بەپێی بەرنامەی کار بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی و زەوت کردنی چارەنووسی کەمینە نەتەوەیی و ئەتەنییەکانی نێو خۆی ئیمپراتۆرییە گەورە، یان بچووکەکەیان دەکەن، ئیتر هەر لە باوکێکەوە کە سوود لە ناکۆکی نێو ئەندامانی خێزانەکەی دەبینێ بیگرە تا دەگاتە ئەو قەڕاڵ= دیکتاتۆرەی کە بە بنەمای: (پەرت بکە و زاڵ بە) و (پەرت بکە و سوودمەند بە) کار دەکا.

پەیامی (زیندەخەو) پەیامێکە بۆ دۆستایەتی و برایەتی ڕاستەقینەی هەردوو گەلی هاوکێشە و هاودەرد و هاوچارەنووسی ئازەر و کورد، نەوەک بە نۆرە هەر جارەی یەکێکیان ڕۆڵی دەسکەلا و ئەوی دیکە ڕۆڵی قوربانی پێ بگێردرێ و لەو دوو ڕۆڵەدا تا برستیان لێ دەبڕێ وەک (حوسێن) و (ئازاد) ڕۆڵگێڕکێ و جێگۆڕکێی بێ کۆتایی سیزیفیانەیان پێ بکرێ.

**سەرچاوەکان:**


**١- أسعد محمد علي- بين الادب والموسيقى- بغداد، ١٩٨٥.**

**٢- د. حسام يعقوب اسحق- الفبراتو كواسطة فنية تعبيرية في العزف على الفلوت- بغداد، ١٩٨١.**

**٣- علي الشوك- الموسيقى بين الشرق والغرب- منشورات الجمل، ١٩٩٧.**

**٤- كورت زاكس- تراث الموسيقى العالمية- ت: د. سمحة الخولي- دارالنهضة- القاهرة.**

**٥- جابر عصفور- زمن الرواية- دارالمدى- ط١، ١٩٩٩.**

**٦- جان- إيف تادية- الرواية في قرن العشرين-ت: د. محمد خيرالبقاعي- الهيئة المصرية للكتاب، ٢٠٠٦.**

**٧- مالكولم برادبري- الرواية اليوم-ت: أحمد عمر شاهين- الهيئة المصرية للكتاب- ١٩٩٦.**

**٨- فەتاح ئەمیری- هاوارە بەرە- چاپی یەکەم، ١٣٦٩ هەتاوی.**

**٩- فەتاح ئەمیری- میرزا- چاپی یەکەم، ١٣٧٢ هەتاوی.**

**١٠- فەتاح ئەمیری- زیندەخەو- چاپی یەکەم- هەولێر، ٢٠٠٣.**

# ڕۆڵی مەعروف جیاووک لە بواری ڕووناکبیریدا

**د. ئازاد عوبێد ساڵح**
**(زانکۆی سەلاحەدین - بەشی مێژوو)**
**(٢ - ٣)**

بە هەمان شێوەش شاعیرانی وەک (ئەحمەد موختار جاف) «١٨٩٧- ١٩٣٥»(١) و شێخ نووری شێخ ساڵح-یش «١٨٩٦- ١٩٥٨» شیعرێکی جوانی بەناوی (بۆ یانەی سەرکەوتن).

**گەر ئەو تەئریخەش نازانی چییە**
**ساڵی میلادی نۆ صەد و سییە**
**غایەی نادیمان بۆ ئەم کوردانە**
**بلاوکردنەوەی عیلم و عیرفانە**
**وەک ئەخلاق، ئەدەب، تەئریخ، جوغرافی**
**لەگەڵ یەکیەتی بە دڵێکی صافی**
**وەکو بە کوردی دانانی لوغات**
**وەک تەشجیع کردن لەسەر مەوزوعات**
**بۆ کتێب دانان لەگەڵ تەرجومە**
**هەرچەند تێکۆشین هێشتا هەر کەمە**
**لە موساعەدەی تەلەبەی فەقیر**
**تکامان وایە هیچ نەکەین تەقصیر**
**قوتابی زیرەک بنێرین ئاوا**
**بۆ وڵاتی دوور یانی ڕۆژئاوا**
**ئەمجا یارمەتی و ژینی ئەم یانە**
**لە میللەتی کورد زۆر هیوامانە**
**چونکە پێویستە بکرێ صەرفی ماڵ**
**چ بۆ ئیستقبال چ بۆ ئیستقلال**
**ئیتر هەر بژی لاوانی وەتەن**
**یانی ئاوابێ باوانی وەتەن!**

نووسیوە(٢)، هەروەها (پیرەمێرد)(٣) و عەبدولخالیق ئەسیری شاعیریش، شیعری زۆری بۆ یانە گوتووە(٤)، (ئەسعەد مەحوی)(٥) شیعریان بۆ یانە نووسیوە. وێرای ئەوانە عوسمان عەونی شاعیریش لە شیعرێکدا بۆ یانە، کە ئەو چەند دێرەمان لێ هەڵبژاردووە، بە چاکی بایەخی یانەی لە ژیانی کۆمەڵ دەرخستووە و بە مایەی یەکێتی و پێشکەوتنی میللەتی داناوە و دەڵێت:

**یەکەم نیشانەی کۆمەڵی یانە یەکیەتی بیر و دڵ و زوبانە**
**لوڕ و کەڵهور و کرمانج و گۆران یەکتر بناسن بە دڵ و بە گیان**
**یارمەتی یەکتر بدەن بە مەردی بەناوی بەرزی کۆمەڵی کوردی(٦)**

**ج- چالاکییەکانی یانە لە بواری ڕووناکبیریدا**

هەروەک لە دەستووری بنچینەیی یانەدا هاتووە «یانە خۆی تێکەڵی کاری سیاسی ناکات»، بۆیە لەم ڕووەوە، یانە لە بواری ڕۆشنبیریدا کاری کردووە.



مەعروف جیاووک

بە مەبەستی بایەخدان بە زمان، هەروەک لە دەستووری یانەشدا باس کراوە، خولی فێربوونی زمانی کوردی کردۆتەوە و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری یانە، لەوانە تۆفیق وەهبی، شارەزا لە زمان، بە بەردەوامی وانەی کوردی گوتۆتەوە و باسی بنەچەی زمانی کوردی و شێوازەکانی زمانی کوردی و ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی و عەرەبی کردووە. تەنانەت تۆفیق وەهبی تاوەکو ساڵی ١٩٥٥- ١٩٥٦، لە وانە گوتنەوە بەردەوام بووەو هەر لە ساڵی ١٩٣٠وە لە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی یانە بووە و خەڵکێکی زۆریش بەشداری ئەم خولانەیان کردووە(٧). کارێکی دیکەی یانە هەر بە پێی دەستوورەکەی، چاپکردنی کتێب بووە. سەرمەشقی ئەمەش چاپکردنی کتێبە ناوازە و ناودارەکەی مێژوونووسی ناوداری کورد محەمەد ئەمین زەکییە (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)، لەسەر ئەرکی یانە و لە ٢ی نیسانی ١٩٣١ خراوەتە ژێر چاپ، هەروەها (پەرگی ئیملای کوردی) مەعروف جیاووک(٨) و نامیلکەی (یادی پیرەمێرد)، لەسەر ئەرکی یانە چاپکراون(٩).

دەرکردنی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ناوداریش لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ لە بەغدا، لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی و بە پشتگیری دارایی عەلی کەمال، دەچێتە خانەی چالاکییەکانی یانە و هەروەها هەفتانە کۆبوونەوەی گشتی کراوە و کۆڕ بەستراوە، ئەمین زەکی لە بارەی مێژوو و تۆفیق وەهبی، موکەرەم تاڵەبانیش لە بارەی ئابووری جەنگ دواون(١٠).

هەر لەو بوارەدا بەڵگەنامەیەکی ئەرشیڤی نیشتمانی بەریتانی، وەزارەتی دەرەوە، باسی پێوەندی نێوان مەعروف جیاووک و ئیبراهیم ئەحمەد دەکات، کە ئەو سەردەمەی جیاووک موتەسەڕیفی سلێمانی بووە، ئیبراهیم ئەحمەدیش کە لە ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە و تا ساڵی ١٩٤٤ لە هەڵەبجە دادوەر بووە و لەو ساڵەدا گوێزراوەتەوە سلێمانی، بەڵام لەگەڵ جیاووک تووشی ناکۆکی هاتووە لەسەر ئەوەی جیاووک ویستوویە گۆڤاری (گەلاوێژ)، کە ئیبراهیم ئەحمەد پتر بایەخی پێ داوە، بکرێتە ئۆرگانی سیاسی (یانەی سەرکەوتنی کوردان)ی میانەڕۆ. لە ئەنجامی ئەم ناکۆکییەدا ئیبراهیم ئەحمەد دەستی لە دادوەری هەڵگرتووە و بووە بە پارێزەر لە کەرکووک و سلێمانی(١١). ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ناوی مەعروف جیاووک لە گەلاوێژدا نەهاتووە.

هەر لە بواری ڕۆشنبیریدا، یانەی سەرکەوتن شەشەمین بووە لە ڕیزی بەشدارانی گۆڤاری (هاوار) و مەعروف جیاووک خۆشی حەوتەمین کەسە(١٢)، ئەمەش نیشانەی بەنرخیی ئەو چاپکراوانەیە بۆ ڕووناکبیری کورد و خۆ ڕۆشنبیرکردن، بە تایبەتی گەر بزانین، کە (هاوار) بەکرمانجی سەروو دەردەچوو، هەر ئەو نرخ و بایەخەی (هاوار) لای کوردی باشوور وای لە کاربەدەستانی ئەوسای عیراق کردووە مۆری قەدەغەکردنی لێ بدەن و بە فەرمانی ژمارە (١٠٩٨)ی وەزیری ناوخۆ ناجی شەوکەت، کە هەر خۆشی سەرۆکی وەزیران بووە لە ڕاپۆرتی نهێنی ڕۆژی ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣٣ بڕیاری قەدەغەکردنی بدرێ(١٣)

هەروەها لە نامەیەکی ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٤٩ (محەمەد عەلی عەونی)یش بۆ مەعروف جیاووک، گفتی پێ داوە کە (شەرەفنامە) لەسەر ئەرکی یانەی سەرکەوتن چاپ بکرێت، لە نامەکەدا وا دیارە دانەی شەرەفنامەکە بەرگی یەکەم، جیاووک داویەتی بە (محەمەد عەلی عەونی) ئەویش وەریگێڕاوە و پەراوێزی بۆ کردووە و ناوەکانی ساغ کردۆتەوە، تەنیا چاوەڕوانی فەرمانی

جیاووک بووە بۆ چاپکردنی(١٤).

**د- یانەی سەرکەوتن و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز**

جەژنی نەورۆز، وەک جەژنێکی گەورەی نەتەوەیی، یادکردنەوەی بۆ سالانێکی دووردرێژ، مایەی سەرئێشە و تۆقاندن بووە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، جگە لە ڕۆژهەلات.

نەورۆز وەک سەرەتای بەهار و دەستپێکی سالی نوێی کوردی، هێمای نوێبوونەوەیە. وێرای سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی داگیرکەران، بە نهێنیش بێت یادی کراوەتەوە و ئاگری نەورۆز، هێمای سەرکەوتن، درەوشاوەتەوە.

سەرەتا پیرەمێرد ئەو جەژنەی زیندوو کردەوە، هەر لە سییەکانەوە چ بە نووسین و لە ڕۆژنامەی ژیان و کردنەوەی ئاگر لە شەوەکەیدا و ئاهەنگ گێڕان بە دەهۆل و زورنا و هەلپەرکێ و جۆشدانی سەماوەر لە گردی صوفی یارە(١٥)

مەعروف جیاووکیش هەمیشە بە تەنگ یادکردنەوەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە بووە، ئەگەر بۆی ڕەخسابێ ئەوە بە ئاشکرا لە یانەی سەرکەوتن، یان بە نهێنی یادی کردۆتەوە، ئەگەر نا لە مالەوە(١٦)، ڕێوڕەسمێکی بەو بۆنەیەوە بەڕێوە بردووە.

وا دیارە هەلومەرجی سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە دووەمین جەنگی جیهانیدا ئەو بوارەی ڕەخساندووە کە ئاهەنگی نەورۆز بە ئاشکراو بە بانگهێشتی کاربەدەستانی بەرزی دەسەلات بەڕێوە بچێت.

هەر سەبارەت بە یادکردنەوەی نەورۆز لە یانەی سەرکەوتن، بۆ نەورۆزی سالی ١٩٤٥، ڕۆژنامەی (ژین)، ڕیپۆرتاژێکی بەناوی (لە ڕۆژنامەکانی بەغداوە- ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی یانەی سەرکەوتن)، سێ یەکی لاپەڕەی یەکەمی بۆ تەرخان کردووە و نووسیویە: لە ڕۆژی ١٩٤٥/٣/٢٣ کۆمەلەی یانەی سەرکەوتن، ئاهەنگێکی گەورەی لە باخچەی هۆلی مەلیک فەیسەلی دووەمدا بەهۆی سەری سالی نەورۆزی کوردانەوە، بەڕێوە بردووە و خەلکێکی زۆر بانگ کراون، سەرۆکی وەزیران، وەزیرەکان و کاربەدەستە گەورەکان و پیاوی گەورە و ڕۆژنامەنووس و کچ و ژنانی هونەرمەند و هەندێک لە کاربەدەستانی هاوپەیمانان و تۆفیق وەهبی وەزیری ئابووری پێشوو، مەعروف جیاووکی موتەسەڕیفی سلێمانی پێشوو، محەمەد بابانی پارێزەر، لە پێشوازی و بەخێرهاتنی میوانەکان بوونە. ئاهەنگەکە بە سروودی مەلەکی کراوەتەوە و پرۆگرامەکەی ئەم بڕگانەی لەخۆ گرتووە:

- سروودی کوردستان.
- چەند وشەیەکی موکەڕەم تالەبانی.
- پارچە مۆسیقایەکی وێنەیی (تصویری).
- سێ جۆر هەلپەڕکێی کوردی.
- گۆرانی و مۆسیقا لەلایەن: عەلی مەردان، حەسەن جەزراوی، لبنی براون و سروودی نەورۆز و چەند وشەیەکی سوپاسنامە بە عەرەبی- ئینگلیزی و ئاهەنگەکە دوو سەعات و نیوی خایاندووە و هەر بەو بۆنەیەوە بەنگینەی شاعیر شیعرێکی جەژنە پیرۆزانەی بۆ یانەی سەرکەوتن و کورد نووسیوە:

**نەورۆزت پیرۆز یانەی سەرکەوتن**
**شوێنی کورد زبان مایەی پێشکەوتن(١٧)**

(پاش سەرکەوتنی سوێندخۆران هاوپەیمانان لە دووەم جەنگی جیهانیدا (١٩٣٩- ١٩٤٥) سەربەستییەک درا بۆ گێڕانی جەژنی نەورۆز، لاوانی کورد لە بەغدا لە سالانی ١٩٤٣ و ١٩٤٤ و ١٩٤٥ ئەم هەلەیان قۆستەوەو لە هۆلی (شەعب) چەند ئاهەنگێک سازکراو دەربارەیان چەند جارێک نووسراوە و بلاوکراوەتەوە)(١٨).

لە سالی ١٩٥٠، لەبەر ئەوەی یانەی سەرکەوتن داخراوە، بۆ بیرەوەری نەورۆزی ئەو سالە ئاهەنگەکە لە حەوشەی مالی مەعروف جیاووک گێڕدراوە و هەروەک نەژاد بەرزنجی نووسیویە: لە سەرەتاوە بە عەرەبی وتارێکی داوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی بە کوردی:

ئەی برایانی خۆشەویست: زەحمەتتان کێشا هاتنە مالەکەم بۆ ئەوەی بەشداری ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی پیرۆز بکەن، ئەو جەژنە نەتەوەییە دێرینەی باووباپیرانی بەڕێزی کوردمان لە یەکەم بەرەبەیانی ڕۆژهەلات لە سالی (٧٠٠پ.ز) ئاهەنگی بۆ گێڕاوە. (یانەی سەرکەوتنی کوردان)یان بە ڕوودا داخستین، بۆیە ئەو ئاهەنگە مەزنەم لە حەوشەی خانووەکەم ساز کرد، دلنیاشم هەن لە نزیکەوە چاودێریمان دەکەن و تەنانەت هەناسەکانیشمان دەژمێرن، بۆیە من لەو سەکۆیە بەرزە بەیەک وشە پێیان



پیرەمێرد

دەڵێم: با ئەو مەیموونە سیخوڕانە و لەپشتیانەوەش دەسەڵاتدارانیان لەو وڵاتەدا گوێیان لێ بێت، ئێمەی کورد: ناترسێن لە هەموو ئەوانەی بەری ڕێگای کوردایەتیمان لێ دەگرن، ئەمڕۆکە من فەرمباریم بەجێ هێشتووە، دوای ئەوەی بە خاوێنی خزمەتی گەلم کرد و خواش لەسەر ئەو قسانەم ئاگادارە، ئەویش ماوەیەکی زۆر دوور نییە، بە بڕوایەکی پتەوەوە دەڵێم کەوا ئەو لێهاتووییە لە خۆم نابینم کە خزمەتی ئەوانە بکەم کە ڕقیان لێمە و دەمبوغزێنن، ئەویش نەک لەبەر سامان و پایە، بەڵکو لەبەر ئەوەی من بچووکترین ئەندامی میللەتی کوردی مەزنم، کە هەتا دوا هەناسەی ژیانم شانازی بە سەروەرییەکانییەوە دەکەم، پێویستیش بەوە ناکات، بڵێم من فلان کوڕی فلانم کە پلەوپایەی بەرزی لەو وڵاتەدا گرتە دەست و چاکەی لەچاودا نییە و پشتت تێدەکات. وتەکەشی بەدوو دێرە شیعری جوانی (موتەنەبی) بەکۆتا هێناوە:

**ماڵی خۆش بەکلۆڵی وەک دۆزەخە**
**دۆزەخیش بەسەر بەرزی خۆشترین ماڵە**
**پیاڵەی ژیانم بە کلۆڵی پێ مەنۆشە**
**بەڵکو بەسەر بەرزی پیاڵەی گۆڕارکم پێ بنۆشە(١٩)**

سەبارەت بە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، د. جەمال نەبەز، کە سەرەتای پەنجەکانی سەدەی ڕابردوو، لە زانستگای بەغدا خوێندکاربووە، ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە پێوەندی بەجیاووک و نەورۆزەوە هەیە. وەک نووسیویە چەند کوردێکی بەغدا وەک شاکیر مەجرووم، ڕەفیق حیلمی، عەقید ئەمین ڕەواندزی، عەقید عارفەسوور، ڕەفیق چالاک، عەقید جەمال عارف کەرکووکی، عەبدولقادر قەزاز، مەلا واحیدی هەولێری و چەند کەسێکی دیکە لە دوکانی (ئوستاد) بەشیر موشیر کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بچنە ماڵی مەعروف جیاووک بۆ پیرۆزبایی کردنی جەژنی نەورۆز، دوای گەڕانەوە لە ماڵی مەعروف جیاووک، لەنێوان قساندا باسی ئەوە هاتۆتە گۆڕێ، کەوا «بۆچی مەعروف جیاووک، ئاڵای کوردستان، بەسەر تابلۆکەوە هەڵناواسێت، ئەگەر ئەمەی کرد، هەڵوێستی حکوومەتی عێراق چ دەبێ. لەمەشەوە قسە هاتە سەر سەرچاوەی هاتنەکایەی ئاڵاکە، هەریەکەش لە ئاوازێکی دەخوێند» (٢٠)

لەساڵی ١٩٥٤یش مەعروف جیاووک بە ئاشکرا، ئاهەنگی نەورۆزی بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیری کورد و عەرەب، بەڕێوە بردووە. (٢١)

### هـ- یانەی سەرکەوتنی کوردان و پارتی هیوا

سەرەتا چالاکییەکانی یانە سنووردار بووە، بریتی بووە لە بەستنی کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی لە ماڵی ئەمین زەکی سەرۆکی یانە و مەعروف جیاووکی باوەڕپێکراوی یانە. پەرەسەندنی چالاکییەکانی پارتی هیوا لە شارەکانی کوردستان و لە بەغدای پایتەخت، هانی مەعروف جیاووک و عەبدولڕەحمان نورجانی سکرتێری یانەی داوە، بەکوردستاندا بگەڕێن و باربوو بۆ یانە لە خەڵکی کوردستان کۆ بکەنەوە و خانوویەکی شیاو بۆ یانەکە بە کرێ بگرن، بە مەبەستی فراوان کردنی چالاکی ڕۆشنبیری. پارتی هیواش پشتگیری ئەو کارەی کردووە و داوای لە ئەندامەکانی کردووە یانە بە جموجووڵ بخەن و بۆ چالاکی ئاشکرا کەڵکی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لێوەربگیرێ(٢٢).

دوای ئەوەی لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٣٨، کۆمەڵەی (دارکەر) گۆڕدرا بە پارتی هیوا و ڕەفیق حیلمی-ش بووە سەرۆکی ئەم پارتە(٢٣).

لە سەرەتای چلەکانەوە پارتی (هیوا) لە بەغدا

توانیبووی زۆربەی ڕووناکبیران و ناوداران و قوتابیانی کورد لە کۆلێژ و ئامۆژگا و خانەی مامۆستایان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، نوێنەری خۆی لە دەستەی بەڕێوەبەری یانەدا دەستنیشان بکات و لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بەهاری ١٩٤٤، ئەم ئەندامانەی خۆی لە لیستەیەکی سەربەخۆدا بۆ هەڵبژاردنی (یانە) هەڵبژارد، فائق هۆشیار، عەبدولقادر قەزاز (١٩١٢-١٩٩٢)، موکەڕەم تالەبانی، کاکە حەمەی خانقا، عەلائەدین سەجادی، مەسعوود بامەڕنی(٢٤).

لە یەکەم کۆبوونەوە بۆ هەڵبژاردن، مەعروف جیاووک، نارەزایی دەربڕیوە و بووراوەتەوە، بەمەش هەڵبژاردنەکە هەڵوەشاوەتەوە و بۆ هەفتەی داهاتوو دواخراوە. لە هەینی داهاتوودا، دەرگای (یانە) سەرکلۆم دراوە و لاوانی هیوا لە دەرەوەی یانە هەڵبژاردنیان کردووە و ئەندامانی خۆیان داناوە، لەگەڵ ئەوەش خێرخوازان، کەوتنە نێوان و لە هەینی دواتردا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە، ئەمین زەکی بانگی یانە دەکرێ. لەو کاتەدا کە هەردوولا لە بەرانبەری یەکدی بوونە، ئەمین زەکی هاتووە، بۆ ناوبژیکردن. دوای پرسیارکردن لە هەردوولا و نەختێ بیر کردنەوە، دەڵێت: برایان ئەم یانەیە ئێمە و مانان دامانمەزراندووە تا دە ساڵیش لە ماڵی مەعرووف بەگ کۆبوونەوەمان کردووە. ئەم زاتە دامەزرێنەرە، ئێوە لاوەکان ڕۆڵەکانم پیاوی دوارۆژن ئەبێ لە بەڕێوەبردنی یانەدا بەشداری بکەن، ئێوە خوێنتان گەرمە، ئێمەش خوێنمان سارده و خاوەن تاقیکردنەوەیەن، چەند خۆشە خوێنی هەردوولا تێکەڵ یەک بکەین و ژیلەموێەکی لێ پەیدا بکەین، پاشان نیوەی ئەندامان لە لاوەکان و نیوەکەی دیکەش لە پارێزگاران و مەعروف بەگیش هەر باوەڕپێکراو بێت. ئەوەبوو لە لاوەکان (موکەڕەم تالەبانی، مەسعوود بامەڕنی، نووری شاوەیس) دانران، سێ کەسیش لە پارێزگاران یەکێکیان (عەلی کەمال) بوو(٢٥).

وا دیارە ئەو ناکۆکییە نەبڕاوەتەوە، ئەوەتا پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی (ژین) لە وتارێکدا بەناوی (یانەی سەرکەوتن) لەو مەسەلەیە دواوە و ئاماژە بەوە دەکات، یانە بە تەقەڵای مەعروف جیاووک دامەزراو «لە بەرانبەر هەموو ناخۆشییەکانی دەروژوور خۆی ڕاگرت و بە هەموو کوردستاندا گەڕاو؛ سواڵی بەر دەر و پشت دەری بۆ کرد و منیشی وەک ڕەسووڵ شایەر لەگەڵ خۆی گەڕاند و ناووداوێکی وای پەیدا کرد کە ئەمساڵ نەورۆزی کوردی لە قاعەی مەلیک فەیسەڵدا کرد، ئەمە شەرەفێکی تاریخییە چاوی بەدی لێ کەوتە کار، کەوتە بەربەرەکانێ وەندەی نەمابوو (یا نەوێرانی) بەسەر کوردانەدا بیت، وەکو لە غەزەتەی بەغدا خوێندمانەوە ئیختیلافەکە حال بووە بە ئیتفاق عەلی کەمال بەگ دەرهاوێژراوە، ئێستایش من خۆم سەرم سوڕماوە ئەو زاتە چۆن ئەم ناکۆکییەی ڕەوابینیوە، ئەنجا ئومێدم پەیدا کرد کە زەوالی بەدبەختی بێت کە ئەمە حەددی کەمالە خوا خراپتر نەدا»(٢٦) هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا پیرەمێرد بەرگری لە مەعروف جیاووک کردووە، سەبارەت بە وتارێک کە لە ڕۆژنامەی «الحوادث» (٢٧) کە لە دژی جیاووک نووسراوە و ئەو پیاوە خۆی (بەو پاشلەوە) وەک پیرەمێرد نووسیویە، لە جیاووک دواوە، واتە خۆی لە زانستی(٢٨) پارەی کۆکردۆتەوە و خستویەتە باخەلی، بە پێچەوانەی جیاووک، یانەی «... لە ئەساسەوە بە ڕەنج و ئەمەگێکی مەردانە هێنایە ناو و سواڵی بەردەروپشدەری بۆ کرد و پارەی بۆ کۆکردەوە و پارەکەیش کە زۆرتری لەبەرخاتری خۆی و بەخۆی درابوو لێی نەخوارد و نەزاهەتی جیاووک وەکو لە موتەسەڕفی بە ڕەنگێ دەرکەوت کە کەس ناتوانێ ئینکاری بکا» (٢٩).

سەبارەت بەو کێشەیەی لە یانە دروست بوو، مەسعوود محەمەد دەڵێت: «هاتوباتی یانەی سەرکەوتن بەهۆی تێک ئالقای مەیلی نوێخوازی خوێندووەکان و مەیلی داوەستانی سەرپەرشتیکەری یانە لە ماوەی ساڵێکدا ئاکامی ناخۆشی لێ کەوتەوە...» (٣٠) بۆیە لەژێر سەرناوی (کێشەی یانەی سەرکەوتن)، چوار لاپەڕەی گەشتی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە.

ساڵی ١٩٤٥، گەنجان بەشێکی چالاکیان ئەندامی حزبی هیوا بوونە و ئەوانە ئەزموونی چالاکی نهێنییان هەبووە و هەبوونی یانەیان بە هەل زانیوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە خزمەتێکی ئامانجەکانیان بکەن، ئەگەر بۆیان چووبایە سەر ڕەنگە دەرووی خێر و چاکەی بۆ کردبانەوە و بەو مەرجە بێ هەڵپەیی، ئەگینا لە یەکەم هەنگاوی تیژڕۆیی یانەدا یانە و سوودی یانەیان لە دەست چووبا. ئەو ساڵە ژمارەی قوتابی کورد لە بەغدا زێدە بووە و حزبی هیواش بە تەما بووە کەڵک لە چەندایەتی و

چۆنایەتی ئەو قوتابیانە وەربگرێت و یانەی سەرکەوتنیش یەکێک لەو بنکە سوودبەخشانە بوو دەشیا بە زۆربوونی ئەندامانی ببێتە ناوچەیەکی ڕۆشنبیری- سیاسی بەرەو نەتەوایەتی. مارف جیاووکیش چ نا بەرژەوەندییەکی لە بوونی ئەو قوتابیانە وەک دۆست و ئەندامی یانە نەدەدیت، بەڵکو بە پێچەوانەوە قوتابی باشترین سەنگی سیاسییە بۆ دەرخستن و بایەخ لای خەڵک و حکومەتیش(٣١).

هەروەک پێشتریش باس کراوە، دوو لیست دابەزیوە بۆ هەڵبژاردن، جیاووک چەند ناوێکی پێشنیار کردووە بۆ ئەندامەتی، حزبی هیواش لیستەی خۆی هەبووە، کە دەنگ دراوە و دەست بە ژماردنی دەنگەکان کراوە، پالێوراوەکانی جیاووک کەسیان دەرناچن و بێ تاقەتی بە جیاووکەوە دەرکەوتووە و سەرپەرشتی پێ ناکرێ و بەپێی یاساش دەبوا باوەڕپێکراوی یانە، سەرپەرشتی هەڵبژاردن بکات، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون بەیانی لە هەمان کات هەڵبژاردن بکرێتەوە و هەڵبژاردنەکە بەتاڵ دەکاتەوە، وێڕای هەولێ زۆر بێ سوود بووە، دیارە هیوا بڵاوکراوەیەکی بەنهێنی بە شەو لە بەغدا بڵاوکردتەوە و هێرش کراوەتە سەر جیاووک و حکومەت، دوای دوو ڕۆژ کەمتر ئەوانەی پێوەندییان بەو کێشەی یانەوە هەبووە گیراون لە وانە [عەلائەدین سەجادی، عەبدولقادر قەزاز، کاک حەمەی خانەقا، جەوهەر عەزیز دزەیی، کانەبی عەزیز دزەیی و هی دیکەش..](٣٢).

مەسعوود محەمەد نەگیراوە و خۆی لێ دەرهێناوە و خەریکی خوێندن بووە و دێت پاش (٤٢)ساڵ وەک خۆی گوتەنی، بە چاوێکی بێ لایەنانە لەو کێشەیە دەدوێ و دەڵێت: «چ پێویست نەبوو پرسیارێکی وەها بچووک ئەو هەموو شیروتیرەی بۆ هەڵبگیرێت، کە بەرژەوەندیش پێوانەمان بێت دەبوو گەنجان ڕێبازێک بگرنە بەر بتوانن تێیدا بەردەوام بن و بە قۆناغ بگەن. خەبات هەر بریتی نییە لە تێشکان و گیران و بەستران. یانەی سەرکەوتن قەڵای دمدم(٣٣) و «دیان بیان فو»(٣٤) نەبوو بەهێز داگیر بکرێت، کەسیش نازانێ ئەنجامی سەرکەوتنی قوتابییەکان لە هەڵبژاردنەکە چی دەبوو، سەری بە کوێ دەگەیاند، گەنجان لەنێوان خۆیاندا چییان بە یەکدی دەکرد.. دەبوو جیاووک نەترسێنن، بە نەرمونیانی لەگەڵیدا بێن، نەختێک ئارەزووی ئەو و نەختێکیش هی گەنجان بێتە دی. ئەگەر ئەم ڕەفتارە لە چەژی هیوا و گەنجان شیرین نەبوو پێی نەدەویست لە سەرەتاوە لە یانە نزیک بکەونەوە. جیاووک لە ئاکامدا ئەو پەرتان پەرتانەی بە گەنجان خست و خۆیشی بوو بە موتەسەریفی سلێمانی(٣٥) کەوا هەرچەند بە لای منەوە هەڵکێشانێک نەبوو ئەو هەموو تاکتیکە نالەبارە بهێنێت(٣٥)، بەڵام بەلای جیاووکەوە مەبەستێکی بنەڕەتی بوو، ناشزانم بۆچی هیچ هەڵکشانی دیکەی بەدوادا نەهات.. بێ گومان کەسانی دیکەش هەبوون لە تاریکیدا خەریکی تەڵە نانەوە بوون بۆ ڕاوکردنی سوود و چاکەیەکی لەو هەرایە بڕەخسێت. لەو ناوەدا گەنجان مازووچینی کون لە پاشۆڵ بوون بە ئەرکێکی لە پێویست بەدەرەوە. (بەغدا ١٣/٧/١٩٨٧)»(٣٦).

وا دیارە ئەو ململانێیە پتر تایبەتی و لەسەر سەرۆکایەتی بووە و بۆ ئەمەش عەلی کەمال خۆی لە قوتابییەکان نزیک دەکردەوە(٣٧). عەلی کەمال دەوڵەمەند بوو، ڕکابەری مەعروف جیاووک بوو(٣٨). هەر لەبەر ئەوەشە ناوی عەلی کەمال لەناو کتێبی (باربوو)دا نەهاتووە(٣٩)، بە پێچەوانەش لەو کتێبەی بەناوی (یادداشتەکانی عەلی کەمال عەبدولڕەحمان)(٤٠)، بڵاوکراوەتەوە، ناوی مەعروف جیاووک نەهاتووە.

عەلائەدین سەجادیش لە بارەی ئەو ڕۆژگارەی یانەی سەرکەوتنەوە نووسیویە: ئەو سەردەمە جۆش و خرۆشێکی زۆر کەوتبووە ناو کوردەکانی بەغدا، قوتابییە کوردەکانی زانکۆ و کوردەکانی دیکەی بەغدا زۆر بە گەرمی هاتووچۆی یانەیان کردووە، لەناویاندا لاوەکان زۆر دڵگەرم بوونە بۆ خزمەتکردنی یانە. لە سەرەتای نیسانی ١٩٤٥، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری یانە هاتۆتە گۆڕێ، بۆیە بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن هەرچی کوردی بەغدا هەبووە بە هەموو توێژەکانییەوە ئامادەبوونە، ئەمین زەکی زۆرترین دەنگ و سەجادیش لەدوای ئەوەوە بووە(٤١).

وەک سەجادی نووسیوە، هەندێ لە گەورە پیاوانی کوردی دانیشتووی بەغدا، بە مەبەستی وەرگرتنی کورسی وەزارەت و نوێنەرایەتی بەناوی کورد لە پارێزدا بوونە و بۆ ئەوە هاتوچۆی یانەیان کردووە، کە ئەوان واتە قوتابیان و لاوان ئاگایان لەوە نییە «هەر بە گەلێ وەخت پێش هەڵبژاردن هەندێ لە پیاوەکان- کە لێیان ماوە و لێشیان

مردووه- خەریکی نانەوەی تەونێک بوون بۆمان، چونکە بۆیان دەرکەوتبوو کە هەندێک لە ئێمە ناکەوینە ناو ئەو تۆڕەوە کە ئەوان بە دەستیانەوەیە! بەڵام تەونەکەیان بە تەواوی بۆ نەئەتەنرایەوە» (٤٢).

ئەو سەردەمەش بزووتنەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە ئارادا بووە، ئەو دەستەیەی سەجادی ئاماژەیان پێدەکات ئەمەیان بە هەل زانیوە، بۆ ئەوەی مستەفا و خەڵکەکە بە خراپ نیشانی حکومەت بدەن و خۆشیان بە پیاو چاک لە پێناو دەستکەوتنی کورسییەکی چوار ڕۆژی. لە ٦ی نیسانی ١٩٤٥ جەوهەر عەزیز کانەبی عەزیز، موکەڕەم تاڵەبانی، کاکە حەمەی خانەقا، عەبدلقادر قەزاز، جەلیل هوشیار و عەلائەدین سەجادی دراونەتە دیوانی عورفی بەغدا و تاوانەکەیان ئەوەبوو «کە مەلا مستەفا لە بەرزان بە تفەنگ شەڕ لەگەڵ حکومەت دەکات، ئەمانەش لێرە بە قەڵەم، وەمیانەی هاتوچۆشیان لەگەڵ مەلادا هەیە»، سێ جار بردراونەتە دادگای عورفی و لەدواجاردا دەنگۆی خنکاندنیان بڵاوبۆتەوە، بەڵام بەهۆی هەندێ خەڵکەوە نەیان خنکاندوون(٤٣).

ئەوەی لەو گێڕانەوەی سەجادیدا جێی سەرنجە، ناوی کەسی لەلایەنی یەکەم نەهێناوە، کە دیارە جیاووک و عەلی کەمال ئەو دەمە لە ململانێدا بوونە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە مەعروف جیاووک ئەو سەردەمە موتەسەڕیفی سلێمانی بووە (٧ی/ ئابی/١٩٤٤-٣ی/ نیسانی/ ١٩٤٦) واتە بەرلەوەی هەڵپەی کورسی بکات موتەسەڕیف بووە.

سەبارەت بە ململانێی ناو یانەی سەرکەوتن، بڵاوکراوەی نهێنی (ئازادی) حزبی شیوعی عیراق لە میانەی باسکردنی کورد لە دیدی حزبەوە، لەگەڵ پەلاماردانی مەعروف جیاووک و عەلی کەمال و ماجید مستەفا، کە بەلای ئازادییەوە ئەوە بەرژەوەندی ئابووری و تایبەتی وای لێکردوون کە لێک هەڵبقۆزنەوە. لە سەروتاری (ئازادی) بەناوی (مللەتی کورد و کۆمەڵی شیوعی عیراق) کە بەناوی (فوئاد)(٤٤)ەوە نووسراوە و پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کردووە کە حزبی شیوعی بە دڵێکی پاک بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد تێدەکۆشێت، وەک چۆن بۆ عەرەب تێکۆشاوە و لە ناساندنی خائینانی کورد سڵ ناکاتەوە، نووسیویەتی (حزبی شیوعی هیچ دەمێک لە حقووقی مللەتی کورد و ئەو مەزلوماتەی کە لێی دەکرێ غافڵ نەبووە و هەر دەمێک تەماشای ئیش و کار و دەسیسەی خائنەکانی کوردی کردووە و بۆ دەرخستنی مەکر و دەسیسەکانیان هەوڵی داوە. مەسەلەن لەم ڕۆژانەکە دیتمان تاقمی مللەت فرۆشەکانی وەکو مەعروف جیاووک و عەلی کەمال و ماجید مستەفا و ئەوانی تر لە یانەی سەرکەوتن لە بەینی خۆیان سبب بە تەصادومی مەصالحی ئیقیصادی و شەخصی تێک ئاڵا بوون و هەرکەسێ دەیویست کە برێک لە کوردەکان و مثقفەکانی کورد لە دەست خۆی بکاتە ئالەت و بەگژ دوژمنی خۆی وەنێ و لە نەتیجەی تێک بەردانی وان بەخۆی مەرکەزی خۆی قایم بکا و پایەیەکی تر هەورازتر بچێ» (٤٥).

دوا بەدوای شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥ و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دەرچوونی فەرمانی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە لە ساڵی ١٩٤٧، ئەمانە گشتی لەگەڵ سیاسەتی حکومەت نەدەگونجا، بۆیە وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری داوە مۆڵەتی دامەزراندنی یانە هەڵوەشێنێتەوە و دەست بەسەر هەموو سامانی (منقولة و غيرمنقولة)يدا بگرێت کە خۆی هیچ سامانێکی (غیرمنقولة)ی نەبووە، لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەو ڕۆژە، تایبەت دوای ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨، کەس نەیتوانیوە باسی یانە بکات، یان دژی بڕیاری هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی یانە بوەستێت، ئەم بارودۆخە تا ساڵی ١٩٥٤ بەردەوام بووە(٤٦).

مەعروف جیاووک لە ساڵی ١٩٥٤، بەهۆی نەخۆش کەوتنی تینی سەرپەرشتیکردنی یانەی نامێنێ، بۆیە هەندێ ڕۆشنبیر و ناودار لە ساڵی ١٩٥٥ کاریان بۆ بووژاندنەوەی یانە کردووە(٤٧).

ئەوەبوو مەحموود بابانی پارێزەر و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران توانیویە جارێکی دیکە لەگەڵ چەند کەسایەتی کوردی بەغدا، مۆڵەتی یانە وەربگرێتەوە و لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٤ هەڵبژاردن کراوە، لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٥ دەستەی گشتی کۆبۆتەوە و دەستەی بەڕێوەبردنیان هەڵبژاردووە(٤٧).

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یانە ساڵانە هەڵبژاردن بەڕێوە چووە و دەستەی بەڕێوەبەر دیاری کراوە، تا دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە و هەڵبژاردنەکان ساڵانە بەردەوام بووە تا شوباتی ١٩٦٣،

کە دوا باوەڕپێکراو سەدیق ئەترووشی (١٩٢٤-١٩٦٤) بووە(٤٨). پاشان بەهۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی وڵات(٤٩)، سەرەنجام حاکمی سەربازی گشتی بە بڕووسکەی ژمارە (٣٤٤٤) لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٤، «لەبەر بەرژەوەندی گشتی»، بڕیاری داخستنی یانەی سەرکەوتنی کوردانی داوە و سەرۆکایەتی تەنفیزی کەرادەش بە نووسراوی ژمارە (٩٦٤/٢٣٣) لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٤ دەستی بەسەر کەلوپەلی بارەگای یانەدا گرتووە و فرۆشتوویانە بۆ ئەوەی ئەو قەرزەی لەسەریان بووە، بدەنەوە، بەمەش بە یەکجاری یانە هەڵدەوەشێتەوە(٥٠).

## تەوەری دووەم: هەوڵەکانی لە بواری ئەدەب و بایەخدان بە زمانی کوردی

مەعروف جیاووک وەک ڕووناکبیرێک ویستوویەتی خزمەتی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەی بکات، وەک دەزانین زمان یەکێکە لە بنەماکانی بوونی نەتەوە، بەو شێوەیە زمان هۆکارێکە بۆ دروست بوونی هەستی نەتەوەیی و پەرەسەندنی، چونکە هەموو ئەوانەی لە بابەتی نەتەوەیی دواون، لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی هاوبەش لە هۆیە هەرە بەهێزەکانی پێکهاتنی نەتەوەیە(٥١).

ڕووناکبیرانی کورد لە ڕۆژگارێکی زووی سەدەی بیستەم بایەخی زمان و خوێندنیان لە پێشخستنی نەتەوەدا هەست پێ کردووە. هەر بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو قسەیە، ئاماژە بە وتارێکی ئیسماعیل حەقی بابان (١٨٧٦-١٩١٣) دەکەین کە لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی (کرد تعاون وترقی جمعیتی غزتەسی)(٥٢)دا دەربارەی بایەخ و گرنگی خوێندەواری و دەوری لە بەهێزکردن و یەکگرتنی نەتەوەدا نووسیوە، دەڵێت: «پێویستە منداڵانی کورد بە زمانی باووباپیریان بخوێنن»، هەروەها داوای کۆکردنەوەی ڕاز و حیکایەتە (فولکلۆری) کوردییەکان دەکات و بەزمانی کوردی مێژووی کورد بنووسرێتەوە. «پاراستن و دروستبوونی زمانی ئەدەبی ڕێگای پێشکەوتنمان بۆ دەکاتەوە، زانست و خوێندەواری پارێزگاریکەری [پارێزگەریکەری] نەتەوەن، کلیلی زانستیش زمانە، هەر ئەو کلیلەشە دەرگای شارستانی دەکاتەوە» (٥٣).

هەر سەبارەت بە بایەخی گەورەی زمان، دەبینین یەکێک لە ئامانج و داخوازییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بە درێژایی تەمەنی، بەکارهێنانی زمانی کوردی بووە.

هەر لە زووەوە لە سەرەتای بیستەکان جیاووک بایەخی بە زمانی کوردی داوە، بەتایبەت لەو وتارەیدا بەناوی (الرد علی الرواندوزی)دا. وەڵامی ئەمین پاشای کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەندی ڕەواندزی(٥٤) داوەتەوە، کە بە دوو وتار سەبارەت بە کوردان دواوە، بەناوی (القضیة الكردیة، واللغة والمعارف والتجارة). بەلای مەعروف جیاووکەوە ئەو نووسەرە ناهەقی لە بەرانبەر کورد کردووە، بۆیە پێویستی بە وەڵامدانەوە بووە(٥٥).

جیاووک لەو وەڵامەدا بۆ شێخ زادە ڕەواندزی لە خاڵی چوارەمدا لە باسی زماندا دەڵێت: «باسی شارۆچکەی بوخارا دەکات کە لە ڕۆژگاری خۆی چەنگیزخان سووتاندوویە و پاشان کە جارێکی دیکە تورک هاتنەوە ناوی و ئەو هەموو کار و کردەوانەی سەردەمی ئیسلامەتی کردبوویان هەمووی ڕۆیشت و خەڵکەکە هاتنەوە سەر ئەوەی پێشووی خۆیان، وەک ئەوەی کە هەر لە عەرەبیدا کاریان نەکردبێت، چونکە زۆردار هەرچەندە بەهێز بێت ناتوانێت زۆرلێکراو بخوات و قووتی بدات، ڕۆژێکیش هەر دێت ئەو زۆرلێکراوە لەو خەوە درێژە ڕابێ و ڕاست بێتەوە و شکۆمەندی خۆی بگەڕێنێتەوە. کوردیش هەر بەو جۆرە..» (٥٦) شێخ زادە ڕەواندزی لە خاڵی (٥ و ٧)یشدا هاتۆتەوە سەر زمان. لە خاڵی (٥)دا پێی وایە ئەوەی زمانی قسەکردنی نەبێت ناتوانێت حکومەت دابمەزرێنێ. لە خاڵی (٧)یشدا دەڵێت: «فێربوونی زمانی کوردی و دامەزراندنی حکومەتی فراوانی کوردی شتێکی ئەندێشەییە»، بۆیە مەعروف جیاووک لێی هاتۆتە وەڵام و داخی بۆ ئەوە خواردووە، کە ئەو قسەیە لە کوردێکی خوێندەوارەوە دەرچووە، بۆیە نموونە بە شوێنانی وەک گورجستان و ڕووسیا و دامەزراندنی حکومەتی عیراق هێناوەتەوە، کە حکومەتێکیان پێک هێناوە(٥٧).

لەنێو وتارێکیدا بەناوی «بۆ بەرچاوی ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بەڕێز» (٥٨)دا دێتە سەر هەولێر و دەڵێت: هەولێرییەکان نە زمانی کوردییان لە بیرچۆتەوە و هەرگیز لەبیرشیان ناچێتەوە، ئەوەی تورکی فێربووە، کوردیش دەزانێ، بەڵام هەرچی بەکوردی دەئاخڤی تورکی

نازانێت، ئەوەش بۆ هەمــوو لایە روونە و پێــوستی بە سەلماندن نییە.(٥٩)

لە وەڵامی وتارێکدا کـە لە رۆژنامــەی (الأسـتـقـلال) ژمارە (٦٠٤) بڵاوبۆتەوە و ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییە، جیاووک بە وتاری (قالوا وقلنا-٣-)دا سەبارەت بە بوونی زمانی کوردی، کە نووسەری وتارەکە نکوڵی لێ دەکات، دەڵێت: کورد زمانی خۆی هەیە و جیا لە هەموو زمانە بیانییەکانی دیکە. بۆ وێکچوونی رێزمانی کوردی و فارسیش نموونەی زمانی عەرەبی و عیراقی دێنێتەوە، لە مـەڕ هۆی نەبوونی قـامـووسی زمـانیش، وا وەڵامی داوەتەوە کە ئایا هاتنی ئیسلام قاموسی زمانی عەرەبی هەبووە؟ ئامـاژە بەوەش دەکـات کـە مـێـژوو هەواڵی بەکـارهێنانی پیـتـێکی بۆ تۆمـارکـردووین، کـە بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیـسـلام، کوردەکـان لە کـتـێـبەکـانیـاندا بەکـاریـان هێناوە، لەو سـەردەمـەی کـە خـاوەن دەوڵـەتی شکۆداری خۆیان بوونە لەو ناوچانەدا.(٦٠)

جـیـاووک لە رۆژنامـەی (العـراق)، رۆژی ١٦ی ئابی ١٩٢٧ وتارێکی بەناوی (المنطقــة الشــمــالـيــة) بڵاوکردۆتەوە، کە بریتییە لە سەفەرێک بە شەمەندەفەر لە بەغـداوە بۆ هەولێـر و لە هەر شـوێنێک کـورتەیەکی مێژوویی زۆر کورتی شوێنەکەی باس کردووە، کـە دێتە هەولێـر سـەبارەت بە زمـانی کوردی و خـوێندن و زمـانی خوێندن پرسیاری لە قوتابییەکان کـردووە، ئەوانیش لە وەڵامدا گوتوویانە خوێندن بە کوردی ئاسانترە و هەموو بە کوردی و بێ دامان و وەستان وەڵامیان داوەتەوە و پێیان خۆش نەبووە بە تورکی بخوێنن(٦١).

دامـەزراندنی یانەی سـەرکـەوتنی کـوردان لە سـاڵی ١٩٣٠ لە بەغـدا، خـۆی لە خـۆیدا ئامـانجی سـەرەکی بایەخـدان بوو بە زمـان نـووسـینی کـوردی، هەروەک لە ئامانجەکانی یانەدا ئاماژەی بۆ کراوە(٦٢).

سـەرتۆپی کـارەکـانی بایەخدانی جیـاووک بە زمـانی کــوردی لەو نـامــیلکەیەدا دەردەکــەوێت کــە بەناوی «پەرگی-(٦٣)[امـلای] کـوردی- پەرگی ئـیــمـلای کــوردی»، لە ســاڵی ١٩٣٠ نووســیـوبەتی و (٤٨) لاپەڕەی قـەوارە زەنگیـانەیە و لە چاپخـانەی نەجـاح لە بەغدا چاپ کـراوە. ناوەرۆکی بریتـیـیە لە: لەبەرچی ئەم نووسراوەم نووسی؟ بەسەرناوی پێشرەو دەست پێدەکات باسی زمان و پیت و پیتەکانی کوردی و چۆن بنووسین بە

رێنووسی عـــــەرەبی، یـان لاتـینـی و دەنگـەکــــــان و...تاد(٦٤)، کـە یانەی سـەرکـەوتن چاپی کـردووە.

هەروەک جیاووک لە بەرایی ئەو نامیلکەیەدا نووسیویە: «لەبەرچی ئەم نووسـراوەم نووسی؟ بە پرسـیــار دەست پێـدەکـات، خـۆشی ئاوا وەڵام دەداتەوە: دەمـێکە لە مـێـشکم چشـتـێکی وا دەجـووڵایەوە و چونکە هەتا ئێستاکە بەم جۆرە کتابێک نەنووسراوە، زۆر ئەترسام کە مەبادا ئیشێکی گێر بکەم، بەڵام زۆر برا و دۆست هانیان دام و باوجـوود کـردنەوەی (یانەی سـەرکـەوتن)ی کـوردان کە ئیش و کاری پێشکەوتنی زمـانی کوردی ئازایییەکی زۆری بەخشـیم و بەناوی خوای گەورە هەر زوو ئەم چەند دێرەم نووسی و لە چاپم داو هەرچەندەش ئاگاداری کەمی و پەشـــۆکی ئەم نووســـــراوەم، بەڵام کـــوردی دانا و خۆشەویستی بەرزبوونی کوردان لێم ئەبووریێ ئیتر هەر بۆ پێشەوە»(٦٥).

ئەم کورتە پێشـەکـییـەی جیـاووک بە کـوردییـەکی تا ئەندازەیەکی باش رەوان و کـوردانەیە، بە تایبـەتیش بۆ یەکێک کـە لە بەغدا لە دایک بووبێ و پێگەیشـتبێ و گـەورە بووبێ و خـوێندن و نووسـینی بەزمـانی دایکی نەبووبێ، لە هەمـان کـاتدا پسـپـۆڕی بوارەکـەش نەبێت، جێگای لێ وردبوونەوە و تێڕامانە؛ بێت لە سەر زمان و رێنووسی کـوردی نامـیلکە بنووسـێت، نەخـوازە ئەگـەر کـەمــوکــورتیــشی هەبێت، ئەوە هەر بیــرلێکردنەوە و هەستکردن بە نووسین بەو زمانە و رێنووسیشی بۆ دابنێ، جێگای سـتایش و گـەورەیی ئەو پیـاوە دەردەخـات، بە تایبەت لەو سەردەمە زووەش (١٩٣٠) کە کتێب نووسین بەزمانی کوردی یەکجار کەم بووە.

مـسـتـەفـا نەریمان-یش سەبارەت بە پەرگی (ئیـمـلای) کـــوردی، (١٩٣٠)دا نـووســـیـــویـە: ٤٨ لاپەڕەیە لە چاپخــانەی نەجــاح لە بەغــدا چاپکراوە و نووســینی خوالێخـۆشبـوو مـەعـروف جیاووک لە یەکەم لاپەڕەیدا وێنەیەکی سـەلاحـەددینی ئەیووبی هەیە و لەژێرییـەوە نووسـراوە: کورد ژیا.. کورد مرد، لە کـتـێـبەکـەدا باسی زوبانی کـــوردی و پیــتـــەکـــانی و جــۆری ئـیــمـــلا ئەکات»(٦٦).

ئەورەحمان حاجی مارف لە بارەی ئەو کارەی جیاووکی نووسیوە: مەعروف جیاووک ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (دەستووری زمانی کوردی) تۆفیق وەهبی بەناوی

(پەرگی ئیـمـلای کـوردی)یەوە نامـیلکەیەکی لەچاپدا، نووسـەر لەم کـارەدا پـتـر دەربارەی جـۆری دەنگەکـان و شوێنی دەربڕینیان دواوە. سەبارەت بە ڕێنووسی کوردی و چارەسـەرکردنی گـیروگـرفـتـەکـانی هیچ شـتـێکی ئەوتۆی نەوتووە شتێکی نوێی وای پێشنیار نەکردووە کە شایانی باس بێ(٦٧) لە بارەی چۆنیـەتی نووسـینی کـوردی مـەعروف جیـاووک، لەگەڵ بەکـارهێنانی پیـتی لاتینی نەبووە لە نووسینی کوردیدا(٦٨).

د. مـارف خـەزنەداریش لە بارەی (پەرگی ئیـمـلای کـوردی) نـووسـیـویـە: جـیـاووک «حـەرفی بۆ هەرسێ حەرەکەتەکەی عەرەبی دانا و یەکێکی تریشی خستە سەر و ناوی نـا مـــەددە. هەمـــوو ئەو هەوڵانـە لە ڕووی پراکـتـیکەوە لەکـتـێب و هەندێ لە کـۆوارەکـانی وەک «گــەلاوێژ» و «دەنگی گــێــتی تازە» و هی دیکە گـەیەنراوەتە ئەنجـام»(٦٩). ئەمـەش سـەروەرییـە بۆ جیاووک، پەیڕەوی لە بۆچوونەکانی بکرێت.

سـەبارەت بە «کـێـشـەی نووسـینی زمـانی کـوردی» (ساتیع ئەلحوسەری) لە بەرگی یەکەمی یادداشتەکانیدا پتر ئەو کێشەیەی بەسەر کردۆتەوە و لەگەڵ تۆفیق وەهبی مشـتومڕی بووە، وەک پسـپۆڕێکی ئەو بوارە، هەروەها پرسیش بە چەندین کەسایەتی دیکە کراوە(٧٠).

لەو بارەوە پرسی بە هەندێ ڕووناکبیرانی وەک تۆفیق وەهبی و ئیبراهیم حەیدەری و مەعروف جیاووک کردووە. لە وەڵامی پێشنیـاری (ساتیع ئەلحوسەری)دا مـەعـروف جیاووک گوتوویە دەبێ هەندێ هێمای زێدە بخرێتە سەر هەندێ پیـــتی عـــەرەبی، بەڵام پاش لێکـۆڵـینەوە و پشکنین، بە تایبـەتی یەکـخـسـتنی ئەو جـیـاوازییـەی لەنێوان زاراوەکانی کوردیدا هەن، ئەمـەش دەبێ لەلایەن لیژنەیەکی شارەزا لە زمانەوە بێت(٧١).

هەر لە بواری بایەخدان بە زمـانی کـوردیدا، هەروەک پێشتـر لە بەشی سێیەمیش ئاماژەی پێ کراوە، دکـتۆر جەمال نەبەز ئاماژەی بە ڕووداوێک کردووە و دەگێڕێتەوە کە لەو ڕۆژگارەی کـە مـەعـروف جیاووک مـوتەسـەڕیفی سلێـمـانی بووە لەو سـەردەمـەدا زمـانی خـوێندن لە قـوتابخانە سـەرەتاییـەکـانی سلێمـانیدا کـوردی بووە، تەنانەت مـامۆسـتا عـەرەبەکـانیش دەبوو کوردی فـێربن، بەڵام مـامـۆسـتـایەکی کـورد بە زمـانی کـوردی وانە ناڵێتەوە، بۆیە زۆر بە توندی سەرزەنشتی ئەو مامۆستا کــوردەی کــردبوو و ناچاری کــردبوو بە کــوردی وانە بڵـێـتـەوە(٧٢). ئەمـە جگە لەوەی هەندێ نامـەشی بە کـوردی نووسـیوە، کە ئەمـە بۆ ڕۆژگـاری نیـوەی یەکـەمی سییـەکـانی سـەدەی بیـسـتـەم، جێی بایەخە کـە زمـانی کوردی سەرەتای بەکارهێنانی بوو(٧٣).

هەر لەو بوارەدا جیاووک کتێبی (هەزار بی ژو پەند= هەزار بێـژ و پەند)ی نووسـیـوە، کـە بە قـەوارەی مـام ناوەندی لە (٩١) لاپەڕەدا لەساڵی ١٩٣٨ لە چاپخانەی نەجاح لە بەغدا چاپ کراو. لە (پێشڕەو= پێشەکی)دا نووسیویە: «ئەوە یادگارێکی تر، پێشکەشی پیرو لاوانی نیـشـتـمـانی ئەکـەم، هەرچەند نووسـراوێکی کـەم نرخ و ناچیـز، بەڵام ڕەنگە کـەڵکێکی ببێ و سـوودمـەندی هاونیشتمانم بێ.. ئێمەش کوردین.. زمانمان زۆر فراوان و بڵاوە، ئەشێ وتراوێکی زۆرمـان بووبێ و بێ گـومـان هەبووە و هەیە، بەڵام چ سـوود کـۆ نەکـراوەتەوە، یان لە چاپ نەدراوە.. دەستم بە کۆکردنەوەی ئەم چەند وتەیەکی خـۆمـان لەگـەڵ چەند بێـژراوی ئەم و ئەوی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کرد و زۆر هەوڵم دا کە بە کـوردییـەکی پەتی بنووسم، بەڵام بە تەواوی پێم نەکـرا، هەرچەندەش لە هەندێ کـەسـانی خـۆمـانم پرسی ئەوانیش هەروەکـو من بۆیـان نەهات، لەبەر ئەوە وەها لـەنگ و بێ ئاهـەنگ دەرچوو..»(٧٤).

ئەوەی جـێی سـەرنجـە، زۆر بە ڕوونی دیارە مـەعـروف جـیـاووک زۆری مـەبەست کـورد و زمـانی کـوردی بووە، ئەوەتا جگە لەوەی ناوی هەموو منداڵەکانی لەو ڕۆژگارە زووە بە کوردییە دەبینین ناوی خۆشی وەرگێڕاوە بۆ کوردی و نووسیوە «ناسراوە»(٧٥).

لە (قـــــەی دوایی و تەواویم)دا جـیــــاووک نووسـیـویە:هەر چەندەش «هەروەکـو لە پێـشـڕەوەکـەم دووروودرێژ بە هەموو ئاشکارییەک بەیانم کردبوو کە ئەمە شتێـک، نووسراوێکی زۆر بە بەهاو گەورە و بە سوود و گرانی نییە، بەڵام چونکە بە زمانی خۆییمان نووسراوە، تەماشای کەمییەتی و دڵ تەنگی ناکرێ و بە ئاستاری خۆشی ئەپۆشرێ و بە خزمـەتی مـورانەم دەبەخشـرێ و ئومێد و هیوام وایە ئەگەر شایستەی سوپاس و ستایش نەبم هیچ نەبێ جونیشم پێ نادرێ، وا نییە؟»(٧٦).

ئەوە هەر خۆی هەڵسەنگاندنی ئەو کارەی خۆیەتی، بە بڕوای ئێمەش ئەم کتێبە لەو کتێبانەیە کە بە سەرەتای

کوردی نووسین دادەنرێت، بۆیە بایەخی لەوەدایە کە لەو سەردەمەدا بە زمانی کوردی نووسراوە و با لەنگی و ناتەواویشی تێدابێ، خۆ کوردییە(٧٧).

سەبارەت بەو چاپکراوەی جیاووک، پسپۆڕانی ئەم بوارە قسەی خۆیان لە بارەیەوە کردووە و هەڵیان سەنگاندووە، بە تایبەتیش کە باس دێتە سەر پەندی پێشینان و کۆکردنەوەی، باسی (هەزار بێژوپەند)ی مەعروف جیاووک، کراوە(٧٨).

هەر لە بواری بایەخدانی بەزمانی کوردی، وەک خۆی نووسیویە دوو نووسراوی دیکەی بۆ باسی (ئەلف و بای کوردی) و (دەستووری «قواعدی» زمانی کوردی) تەرخان کردووە، بەڵام چاپ نەکراون، ئەمە جگە لە (٥) دەستنووسی دیکەی بە کوردی، کە لە شوێنی خۆی باسیان دەکرێت.

جەلیلێ جەلیل (دوکتۆر) مێژوونووسی کورد، مەعروف جیاووکی لە ڕێی هەزار بێژوپەندەوە ناسیوە(٧٩) نووسەرێک نووسیویە بۆ ئاگاداربوون لە ڕابردووی کورد لە پەند و قسەی نەستەق لە هەموو بوارەکانی ژیان دەبێ سەر بەکتێبی (هەزار بێژ و پەند)ی مەعروف جیاووکدا بکەیت(٨٠). د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ-یش دەنووسێت: «دوا بەدوای ئەو [مەبەست ئیسماعیل حەقی شاوەیسە]، مەعروف جیاووک لە ساڵی ١٩٣٨دا، بەناوی (هەزار بێژ و پەند) هەزار پەندی پێشینانی کوردی لەسەر پەیڕەوی تیپی هجا [هیجا] کۆکردۆتەوە و لە چاپ داون، دیارە هەمووی پەندی کوردی نین».(٨١) عەلائەدین سەجادی-ش کە دێتە سەر باسی پەندی پێشینانی کوردی، ئاماژە بەوە دەکات کە کتێبی (هەزار بێژ و پەند)، دووەم کتێبی چاپکراوی پەندی پێشینانە(٨٢).

د. شوکریە ڕەسووڵ-ی پسپۆڕی بواری فۆلکلۆر و پەندی پێشینان، چەند جارێک لەو کارەی جیاووک دواوە و بەو پێیەی کە پەندەکان سادە و ساکارن و پەندن، یان قسەی نەستەقن و بەشێکی زۆریشی لە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی کراون بە کوردی و پەندی کوردی زۆر کەم تێدان، بۆیە د. شوکریە هۆی سەرنەکەوتنی جیاووک بە بەراورد لەگەڵ کارەکەی شاوەیس کە پێنج ساڵ بەر لەو دەرچووە، بۆ ئەوە بردۆتەوە، کە «جیاووک زیاتر پیاوی سیاسەت بووە تا پیاوی کولتوور و لە ناوچەیەکیشدا پێگەیشتووە شان بە شانی هەستی بە تینی کوردایەتی فێری زمان و کولتووری گەلەکەی نەبووە، لە سەردەمێکی تایبەتیدا مەودای سیاسەتی کەم بۆتەوە و نەیشی ویستووە خەریکی شتێ بێ کە خزمەتی گەلەکەی تێدا نەبێ، بۆیە خۆی بە ئامادەکردن و لە چاپدانی ئەم کتێبەوە خەریک کردووە کە هێشتا و تا سەردەمێکی درەنگیش ڕۆڵی خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیری گەلی کوردا ون ناکا، لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ئەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە ئەم کارەی مامۆستا جیاووک دووەمین کاری لە چەشنی خۆیەتی لە کوردستانی عیراقدا بەر لەو جگە لە مامۆستا شاوەیس کەس دەستی بۆ کاری وا نەبردووە، بۆیە ئەبێ لە مەیدانی کاری فۆلکلۆری کوردیدا جێگەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەین. ڕۆشنبیرانی کوردیش کە خەریکی فۆلکلۆر بوون ئەم کتێبەیان هەڵسەنگاندووە، مامۆستا عەلائەدین سەجادی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د. ئۆردخانێ جەلیل د. جەلیلێ جەلیل، پاش کتێبەکەی مامۆستا شاوەیس بە سەرچاوەی دووەمیان داناوە بۆ کۆکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی(٨٣).

غەفووری میرزا کەریم نامیلکەی (هەزار بێژ و پەندی)ی مەعروف جیاووکی بەرز نرخاندووە کە بەر لە ٣٠ ساڵ (١٩٨٥) ئەو پەندانەی کۆکردوونەتەوە کە ئەرکێکی نیشتمانی و خزمەتێکە لە بیر ناکرێ(٨٤).

کەواتە هەر کێ خەریکی فۆلکلۆر و کۆکردنەوەی پەند و قسەی نەستەقە، یان لێیان بکۆڵێتەوە و لێیان بدوێت دەبێ ناوی مەعروف جیاووکیش لەبیر نەکات(٨٥).

هەر لە بواری ڕووناکبیریدا، عەلائەدین سەجادی نووسیویە: «لەگەڵ شاعیریشدا بەشی سیاسەتی زۆرتر بووە»(٨٦). هەرچەندە لە دەستنووسەکانی باسی شیعری تێدا نییە، لە دانراوەکانیشی بە کوردی هەر ئەو دوو دێڕەیە کە لەسەر وێنەیەکەیەتی و مێژووی ٢٧/نیسانی/١٩٣٤ بەسەرەوەیە:

**وێنەی مەلوولم بەر گوزارمە تەرجومانی ڕازم ئەبێ**
**نیشانەی پارانەوەی ڕابوون و بەرزیتانە**

**پەراوێزەکان:**

بڕوانە: دیوانی بێخود، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی سلمان الأعظمي، بەغدا، ١٩٧٠، ل١٣٣-١٣٤؛ مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل١٣-١٥.

١- «کرکوک»، (ڕۆژنامە)، کەرکووک، ژ(٣١٠)، ٨ی تەمووزی ١٩٣٠؛ دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردن و بەراورد کردن و لێکدانەوە و پێشەکی بۆ نووسینی: پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەکۆششی ئەفراسیاب ئەحمەد موختار جاف لە چاپ دراوە، چاپخانەی (الأدیب)، بەغدا، ١٩٨٦، ل٩٧.

٢- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەشی یەکەم، بەرگی دووەم، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل١١٣-١١٦؛ «ژین»، ژ٢٤٦، ١٩ی حوزەیرانی ١٩٣٠.

٣- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: باربوو، ل٩١.

٤- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوانی ئەسیری، س.پ، ل٢١٠.

٥- هـ.س، ل٩١.

٦- بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: باربوو، ل٩٥-٩٦.

٧- تۆفیق وەهبی، الآثار الکاملة إعداد: ڕەفیق صالح و صدیق صالح، مطبعة شڤان، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٣٤٥؛ هیمدادی حوسێن، س.پ، ل٢٨-٢٩.

٨- سەرجەم بەرهەمەکانی شاکر فەتاح،.. ل١١١، ١١٣، ١١٤.

٩- یادی پیرەمێرد، لەسەر حسابی یانەی سەرکەوتن و لەژێر چاودێری عەلائەدین سەجادی لە چاپ دراوە، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥١. نووسەرانیش بەرهەمی خۆیان بۆ بردوون بە مەبەستی چاپکردنیان، ئەوەتا مستەفا نەریمان لە ساڵی ١٩٩٢ هەندێ لە (مەتروکاتی) مەعروف جیاووکی دەست کەوتووە کە لەنێویاندا چەند هەڵبەست و چیرۆکێکی محەمەد تۆفیق وردی بووە، وردی لە ساڵی ١٩٤٥ نووسیویەتی و داویەتییە یانە بۆی چاپ بکەن، بەڵام چاپ نەکراوە. بڕوانە: مستەفا نەریمان، دۆزینەوەی چەند نووسینێکی وردی، «بەیان»، ژ(١٦٨)، ١٩٩٢، ل٢٨.

١٠- دیدار لەگەڵ موکەڕەم تاڵەبانی لە ڕۆژی ١٠ی مارتی ٢٠٠٦.

11- Natinonal Archives Foreign Office, 181/1044, Top secret, The Iraqi Communist Party, Supplemrntary Paper, The Kurdish Democratic Party or Rezfari kued, Ibrahim Ahmed, P.1.

١٢- دلاوەرێ زەنگی، بەشداران و ئابۆنەکانی گۆڤاری (هاوار)، «ڕۆژنامەڤانی»، ژ٥، ساڵی (٢)، ٢٠٠١، ل٣٢٨-٣٣٨.

١٣- د. کەمال مەزهەر، ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ،ب٢، ل٣٥٣-٣٥٤.

١٤- مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٥٥-٥٧. لە ڕۆژانی بەستنی ئاهەنگی ڕێزلێنانی مێژوونووس و وەرگێڕی کوردی میسری محەمەد عەلی عەونی، کە لە ڕۆژانی ١-٢٠٠٧/١١/٦ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و بە چاودێری مەسعوود بارزانی بەڕێوەچوو، چاومان بەدوریە عەونی و نەجمەدین عەونی کچ و برای محەمەد عەلی عەونی کەوت و داوامان لێ کردن کە ئەگەر هەر زانیاری و نامە و شتێکی پەیوەست بە مەعروف جیاووکیان لایە ئاگادارمان بکەنەوە، هەرچەندە بەڵێنیان دا، بەڵام تا هەنووکە هیچ دیار نییە.

١٥- بۆ زانیاری پتر بڕوانە: «ژیان»، ژ٤٣٣، ٣ی ئاداری ١٩٣٥؛ ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨٢-٨٣.

١٦- د. ئیسماعیل شوکر، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی..، ل٣٦.

١٧- بۆ زانیاری پتر بڕوانە: «ژین»، ژ٧٨، ٣ی ئاداری ١٩٤٥؛ عەلائەدین سەجادی، جەژنی نەورۆز، «گەلاوێژ» (گۆڤار)، بەغدا، (٤)، ساڵی (٦)، نیسانی ١٩٤٥، ل٤٢-٤٧. جێی گوتنە تا نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧، واتە سێ ساڵ، بە ئاشکراو بێ بەربەست و بە ئاگاداری حکومەت لە بەغدا و شارەکانی دیکەی کوردستان بە هەولێریشەوە ئاهەنگ گێڕدراوە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: «گەلاوێژ»، ژ٤، س(٨) نیسانی، ١٩٤٧، ل٤٤.

١٨- مستەفا نەریمان، چەند بیرەوەرییەک لە نەورۆزی گەرمیانەوە، «ڕەنگین»، ژ٥٣، ١٩٩٤، ل٤٢.

١٩- نامەی نەژاد بەرزنجی لە ٢٠٠٦/٦/١٨.

٢٠- جەمال نەبەز، کۆ بەرهەم، ژ٧، زنجیرە وتار و وتووێژ لەگەڵ دەزگەی ڕاگەیاندنی گشتی، ژ٢، ل٤٠٠.

٢١- د. ئیسماعیل شوکر، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی..،

ل٣٦ جێی ئاماژە پێکردنە د. ئیسماعیل ئەو نەورۆزەی ساڵی ١٩٥٤ بە یەکەم نەورۆزی بە ئاشکرا و بە ڕەسمی لە هەموو کوردستان یادی کرابێتەوە، داناوە، ئەوەشی بۆ هەبوونی ئەو ڕەوشە نیمچە دیموکراتییەی سەردەمی وەزارەتی د. محەمەد فازڵ جەمالی- لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٥٣ هاتۆتە سەرکار- گەڕاندۆتەوە. بڕوانە: د. ئیسماعیل شوکر ڕەسوول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی..، ل٣٦، بەڵام هەر ناوبراو لە نامەی دکتۆراکەیدا دەڵێت «یەکەمین ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی لە شاری هەولێر بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ساڵی ١٩٤٧ بەڕێوەچووە..». بۆ زانیاری پتر بڕوانە: د. اسماعيل شوكر رسول، اربيل، دراسة تأريخية..، ص٢٨٨.

٢٢- بۆ زانیاری پتر بڕوانە: باربوو، یادگاری یانەی سەرکەوتن، ١٩٤٣- ١٩٤٤.

٢٣- بۆ زانیاری پتر سەبارەت بە دامەزراندنی دارکەر و هیوا بڕوانە: د. مكرم الطالباني، حزب هيوا، م. س، ص٩٢، ٥٦؛ د. موکەرەم تاڵەبانی، کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزران، «ڕەنگین»، ژ(٥٢). ١٩٩٣، ل٣١-٣٢؛ عبدالستار طاهر شريف، م.س، ص٩٤-١٠٩؛ مختارات من مذكرات صالح الحيدري، ط٢، مطبعة رنج السليمانية، ٢٠٠٤، ص٢١-٢٨؛ فيصل الدباغ، اضواء على كتاب: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، دراسة نقدية، ط١، ١٩٩٧، ص٦٧-٨٣.

٢٤- مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان..، ل٣١.

٢٥- مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان..، ل٣١-٣٣؛ بیرەوەرییەکانی ژیانم، ل٦٧-٦٨؛ دیدار لەگەڵ موکەرەم تاڵەبانی لە ڕۆژانی ١٠ مارتی ٢٠٠٦ جێی ئاماژەیە موکەرەم تاڵەبانی دەڵێت: من ناوم لە هەردوو لیستەکەدا بوو، دوای ئەوەی جیاووک خۆی بووراندۆتەوە، هەڵبژاردن دواخراوە و بۆ بەیانیش، لە ڕۆژنامەکانی نووسیوە کە ساختە لە هەڵبژاردنەکە کراوە، بۆیە هەڵبژاردن بۆ کاتێکی دیکە دواخراوە، لەکاتی دیاریکراودا دوو پۆلیس لەبەر دەرگای یانە دانراون و قوتابییەکان گیراون.

٢٦- «ژین»، ژ٧٨٢، ١٩ نیسان ١٩٤٥.

٢٧- الحوادث: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بووە، خاوەنی: عادل عەونی و سەرنووسەری: مەحموود ئەلعانی و یەعقووب عەبدولعەزیز بووە. لە ١ی ئەیلوولی ١٩٤١ دەرچووە و لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٤ مۆڵەتەکەی هەڵوەشاوەتەوە و پاشان دەرچووەتەوە. بڕوانە: زاهدە ابراهیم، م. س، ص٩٥.

٢٨- کۆمەڵە، یان جەمعیەتی زانستی کوردان لە ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی لەلایەن ڕووناکبیرانی ئەو شارە دامەزراوە، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانستی و زانیاری و ڕۆشنبیری لە کوردستان. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: ئاکۆ عەبدولکەریم شوان شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٢٢٠.

٢٩- «ژین»، ٨٣٤، ٧ ئاغستوس ١٩٤٥.

٣٠- مەسعوود محەمەد، س.پ، ل٢٦٠، ٢٨٠-٢٨٣.

٣١- مەسعوود محەمەد، س.پ، ل٢٨٣.

٣٢- هـ.س، ل٢٨١.

٣٣- قەڵای دمدم: دەکەوێتە نزیک شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمیرخانی برادۆست مەزنی برادۆستەکان لە ڕۆژگاری شا عەباس، قەڵاکەی ئاوا کردۆتەوە، میرێکی لێهاتووە و ئازا و کارگێڕێکی زیرەک بووە، بۆیە شا عەباس لە کانوونی یەکەمی ١٦٠٨ز پەلاماری داو زۆر دڕندانە کەوتنە ویژەی قەڵاکە و بەرگریکەرانی و کوردە برادۆستەکان بەرگرییەکی بێ وێنەیان کرد، تا ئەوەی بۆتە داستانی ئازایەتی و چۆتە نێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی نووسراو و نووسەران و چیرۆکنووسان کردوویانەتە چیرۆکی هونەری. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئازاد عوبێد ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ژمارە (٢٤٩)چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٥-١٦.

٣٤- دیان بیان فۆ: شەڕێکی گەورە بوو لەنێوان سوپای فەرەنسا و ڤێتنامییە کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٥٤، تێیدا هێزەکانی فەرەنسا شکستیان خوارد و ناچار بوون مل بۆ شەڕ وەستان بدەن: الموسوعة العربية الميسرة المجلد الثاني، ص١٣٤٢.

٣٥- وا دیارە مەسعوود محەمەد ئاگای لەوە نەبووە کە جیاووک لە (٧ی ئابی ١٩٤٤ تاکو ٣ی نیسانی ١٩٤٦) موتەسەڕیفی سلێمانی بووە. هەروەها بڕوانە: معروف جياووك، مأساة بارزان المظلومة، ص٧٧-١٧٩، (كيف جرى تعييني متصرفا للسليمانية؟).

٣٦- مەسعوود محەمەد، س.پ، ل٢٨٢.

٣٧- دیدار لەگەڵ فوئاد عارف لە ڕۆژی ١٠ی مارتی ٢٠٠٦؛ دیدار لەگەڵ موکەرەم تاڵەبانی لە ڕۆژی ٩ی مارتی ٢٠٠٦.

٣٨- دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ڕۆژی ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٦.

٣٩- دیدار لەگەڵ موکەرەم تاڵەبانی لە ڕۆژی ٩ی مارتی ٢٠٠٦.

٤٠- مذكرات علي كمال عبدالرحمن، بغداد، ٢٠٠١.

٤١- عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد...، ل٢١٤.

٤٢- هـ.س.

٤٣- هـ.س، ل٢١٤-٢١٥.

٤٤- فوئاد: ناوی نهێنی (محەمەد شەریف عوسمان ١٩٢٥- ١٩٧٦- مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی)یە.

- فوئاد، مللەتی کورد و کۆمەڵی شیوعی عیراق، «ئازادی»، ژ٣، حوزەیران ١٩٤٥، لە (د. ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، اربیل دراسة تاريخية...، ص٢٥٤، ملحق رقم (١١)، وەرگیراوە.

٤٥- رسالة حافظ القاضي الى الدكتور عبدالفتاح علي بوتاني في ٢٧/تشرين الثاني/ ٢٠٠٠. (ئەم نامەیە لە بارەی یانەی سەرکەوتنە و لای د. عەبدولفەتاح بۆتانی-یە).

٤٦- مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٩٠.

٤٧- دارالكتب والوثائق/و/٢١٤، نادي الارتقاء الكردي المعنون الى وزارة الداخلية/ الموضوع/ نادي الارتقاء الكردي، العدد ٦ والمؤرخ في ٨/١/١٩٥٥، ص٢٢٤.

٤٨- مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٩٠- ١٢٧؛ دارالكتب والوثائق، و/١٤٩ نادي الارتقاء الكردي، العدد ٣ والمؤرخ في ١٨/١/١٩٥٩، ص٢٢٤.

٤٩- بۆ زانیاری پتر لەو بارەیەوە بڕوانە: مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٩٠س- ١٢٧. لەبەر ئەوەی ئیدی مەعروف جیاووک ڕۆڵی لە یانەکەدا نامێنێ بەخێرایی وێستگە سەرەکییەکانی ماوەی دوای جیاووک-مان بەسەرکردۆتەوە.

٥٠- كتاب وزارة الداخلية/ مديرية الداخلية العامة/ شعبة الجمعيات المرقم م.ح/ ١١٢٥، التاريخ ٢/٧/١٩٦٤ المعنون الى/ أمانة العاصمة/ الموضوع/ عنوان نادى الارتقاء الكردي.

٥١- بويد شيفر، القومية، ترجمة د. جعفر خصباك و عدنان الحميدي، تقديم: د. محمد بديع شريف، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بغداد، نيويورك ١٩٦٦، ص٢٤.

٥٢- کرد تعاون و ترەقی جمعیتی لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە، هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێ کراوە ڕۆژنامەی (کورد تعاون و ترەقی)، (٢٥ی کانوونی یەکەم) نەک لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٨ دەرکردووە؛ د. جەلیلێ جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە کوردی، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٦، ل٦٩- ٧٠. سەبارەت بە ڕۆژی دەرچوونی (کرد تعاون و ترەقی غزتەسی)، ڕاستییەکەی لە ١١ی زیلقەعدەی ١٣٢٦ هیجری، ٢٢ چریا پاشین ١٣٢٤ ڕۆمی کە بە مێژووی زایینی دەکاتە ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٨، چونکە مانگی ڕۆمی و زایینی، سێزدە ڕۆژیان جیاوازی هەیە. بڕوانە: محەمەد بۆز ئارسلان، پێشکێشی لەسەر کورد تەعاون تەرەقی غزەتەسی کوڤار کوردی- ترکی، ڤەگوهاستن ژ تیپێ لاتینی: ڕێبەری بەهدینا (عەبدوڵڵا زەنگەنە)، «ڕۆژنامەڤانی»، ژ٩، هاوینی ٢٠٠٢، ل٧٣.

٥٣- جەلیلێ جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورد، ل٧٢-٧٣.

٥٤- میرلیوا ئەمین پاشای ڕەواندزی (١٨٦٥- ١٩٤٣) نوێنەر بوو لە پەرلەمانی عیراق ساڵی ١٩٣٥. بڕوانە: میر بەسری، س. پ، ل٧٥-٧٦. دارە ئەوە لەگەڵ ئەمین حەسەن ڕەواندزی (١٨٩٨-١٩٥٥) نیشتمانپەروەر و ڕۆژنامەنووس جیایە. بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ...، ل٤٨-٤٩.

٥٥- جیاووک الكردي، القضية الكردية، ط٢، بغداد، ص١٣-١٦.

٥٦- م.ن، ص١٧.

٥٧- م.ن، ص١٧-١٨.

٥٨- مەبەست لیژنەی کۆمەڵەی گەلانە کە لە سێ کەس پێکهاتبوو، بەسەرۆکایەتی پۆل تیلیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی مەجەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ویلایەتی مووسڵ تورکیا داوای دەکردەوە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: د. سروه أسعد، م.س، ص٣٢-٣٣.

٥٩- م. ن، ص٤٣.

٦٠- م.ن، ص٤٩- ٥٠ ئەوە ئاماژەیە بە کتێبی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام)ی ئەحمەد کوڕی ئەبوبەکر کە لە سەردەمی عەبدولمەلیک کوڕی مەروانی ئەمەوی لە ساڵی ٢٤١ی کۆچی دایناوە. لەم کتێبەدا شێوەی نووسین و ڕێنووسی تایبەتی کوردی تێدایە، کە لە سەردەمانی پێشوو کورد بەکاری هێناوە و لە هیچ زمانێکی دیکە نەدیتراون. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: تماشای آثارەکە و بزانە کورد لەپێش طوفاندا (چلون بون)، «زاری کرمانجی»، ژ(١٨)، ساڵ سێیەم، ٢٧/اذار/١٩٢٩، ل٢-٣.

٦١- جیاووک الكردي، القضية الكردية، ط٢، ص٧٨-٨٣.

٦٢- باربوو، ل٣٨.

٦٣- پەرک- پرک: بە مانای (املاء)ی عەرەبی بەکارهێناوە. بڕوانە: نامیلکەی پەرگی (املای) کوردی، چاپخانەی نەجاح، بەغدا، ١٩٣٠، ل٤٥. بە زۆری لەسەرچاوەکان بە (بەرگی ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ڕاستییەکەی (پەرک- پرک) و ناوەکە ئاوا

تەواوە (پەرگی- املا-ی کوردی) جیاووک بە (املاء) مانای لێداوەتەوە، هەروەک دیاریشە (املا)ی عەرەبی بەرانبەر لەناو کەوانەدا داناوە. دکتۆر ئیسماعیل شوکور ناوی ئەو کتێبەی بە (ئەلف و بێ کوردی) بردووە. بڕوانە: د. ئیسماعیل شوکور ڕەسووڵ، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٧.

٦٤- مەعروف جیاووک، پەرگی (املاء)ی کوردی.

٦٥- هـ. س، ل٢. (دەستکاری ڕێنووسەکەی کراوە تا بە ئاسانی بخوێنرێتەوە).

٦٦- مستەفا نەریمان، کتێبخانەی کوردی، چاپخانەی کەرکووک، کەرکووک، ١٩٦٠، ل٩.

٦٧- ئەورەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، چاپخانەی عەلاء، بەغدا ١٩٨٦، ل٤٧.

٦٨- مەعروف جیاووک، پەرگی (املای) کوردی، ل١٠.

٦٩- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٢.

٧٠- بۆ زانیاری پتر بڕوانە: م. ن، ص٤٥٧- ٤٧٤.

٧١- ابن خلدون (ساطع الحصری)، م.س.ص ٤٧١.

٧٢- فاکسی د. جەمال نەبەز، لە ١٤ی ئابی ٢٠٠٦.

٧٣- احمد جمال جیاووک، صفحات مجهولة من حیاة معروف جیاووک، (خەبات)، العدد ٧٠٢، ٢٤/ تشرین الثاني/١٩٩٩. کۆپی نامەکە هەر لەو ژمارەیەی (خەبات)دا بلاوبۆتەوە.

٧٤- مەعروف جیاووک، هزار بی ژو پەند، ل٣-٤، بۆ ئاگاداریش دەقەکە بە ڕێنووسی ئێستایە، بۆ ئەوەیە بە ئاسانی بخوێنرێتەوە، بەڵام د. ئیسماعیل شوکر ناوی ئەو کتێبەشی بە (هەزار و یەک پەند و بێژە) تۆمار کردووە. د. ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، ڕۆڵی ڕامیاری، ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٧.

٧٥- معروف جیاووک، هزار بی ژو پەند، ل٤.

٧٦- هـ.س، ل٨٧.

٧٧- ئەوەتا شاعیری گەورەی کوردی (نالی ١٨٠٠-١٨٧٣)یش بەر لە سەدەیەک پتر دەڵێت:

**طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،**

**ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی لە (عمدا) وا دەکا**

**یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میثلی شەهـ سەوار**

**بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی رادەکا**

**کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**

بۆ تەواوی شیعرەکە بڕوانە: دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم پێداچووەتەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٠٦-١٠٧.

٧٨- خورشید ڕەشید، پەندی پێشینانی کوردی، «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ٨٢، ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٨٠، ل٢٠-٢٤.

٧٩- دیدار لەگەڵ د. جەلیلێ جەلیل، هەولێر لە ڕۆژی ٨-٩/ کانوونی یەکەمی/ ٢٠٠٥.

٨٠- مصطفی شێخ نعمة الله، جغرافیة کردستان العراقي، (دەستنووس)، (رسالة التخرج- محفوظة)، ١٩٤١-١٩٤٢، ل٦٢. لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر پارێزراوە.

٨١- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دارالجاحظ، بەغدا، ١٩٧٠، ل٧٧.

٨٢- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢س، ل١٢٨.

٨٣- شوکریە ڕەسووڵ، مێژووی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پەندی کوردی، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» (گۆڤار)، بەغدا، بەرگی چوارەم، ١٩٧٦، ل١٧٣-١٧٤. ١٨٠-١٨١؛ پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، د. شوکریە ڕەسووڵ و جەلالی تەقی لە زمانی ڕووسییەوە کردوویانە بە کوردی، چاپخانەی الادیب البغدایة، المحدوده، بەغدا، ١٩٨٤، ل٢٧-٣١.

٨٤- غەفووری میرزا کەریم، نامیلکەی هەزار بێژ و پەند، «بەیان»، ژ(١٠٦)، نیسانی ١٩٨٥، ل١٥.

٨٥- عەلی مەعرووف شارەزووری، پەندی پێشینان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١، ل٦؛ ئەحمەد باوەڕ، گفتوگۆیەک لەگەڵ نووسەری کۆچکردوو عەلی شارەزووریدا، «کەلەپووری کورد» (گۆڤار)، سلێمانی، ژ (١٥)، زستانی ٢٠٠٠، ل١٢٧.

٨٦- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، ل٥٩٨.

# گەشتێک بۆ گوندی شێخ مەموندی و کۆچەرانی دەشتی هەولێر

عەبدولرەقیب یووسف
(سلێمانی)

لە چەند سەرچاوەیەکدا ناوی زانای کورد (مەلا عەبدوڵڵا شێخ مەموندی)م بینیبوو، کە یەکێک لە زانا گەورەکانی سەدەی نۆزدەمە، ئیدی بە پێویستم زانی بچمە گوندی شێخ مەموندی و قوتابخانە و گۆڕەکەی ببینم، وا ڕێکەوت لە ٢٠٠٧/٣/٢دا چوومە ئەو گوندە و هەندێک شوێنەواریشم بینی و سەرم لە چەند کۆچەرێکی نزیک ئەو ناوچەیەش دا بۆ ئەوەی زانیاری لە بارەی ژیان و گوزەرانیانەوە تۆمار بکەم.

گوندی شێخ مەموندی، کە پێشی دەڵێن (شێخ مەمۆدی) گوندێکە دەکەوێتە نزیک کۆتایی دەشتی هەریرەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە و لە ڕاستی (کەپکی حەمەد ئاغا) لە زنجیرە چیای شاخی هەریر، ئەو گوندە شوێنێکی تەختی هەیە و نزیکەی سەد و پەنجا ماڵ دەبێت و خەڵکی گوندەکە سەر بە خێڵی (شێخ مەموندی)ن کە دەبێژن ناوەکەی لە (شێخ مەحموود)ەوە هاتووە و خۆیان بە خۆشناو دەزانن و بە نژاد کۆچەر بوونە و هەر لە زووەوە بە هاوینان دەچوونە کوێستانەکانی ڕۆژهەڵاتی شاخی هەڵگورد و شاخی حاجی ئۆمەران، بەڵام هەندێکیان لە هاوینانیشدا هەر لەم گوندەدا ماونەتەوە، بە زستانانیش هەندێک لە شێخ مەموندی دەچوونە دۆڵی دوین و لە باشووری- (دوین)یش گوندێک بە ناوی (شێخ مەموندی) هەیە کە شوێنی زستانیان بووە، جگە لەوەش بۆ هەندێک شوێنی قەراغەکانی ڕۆژهەڵاتی دەشتی هەولێر دەچوون وەک مەلا ئۆمەر تا (مام چۆغان) نزیک بە کەسنەزان و ئێستەش لە چەند گوندێکی ئەوێ و لە کانی قرژاڵە و (ساتور)یش هەن.

لەم گەشتەدا بە کامیرای فۆتۆگراف و بە کامیرای ڤیدیۆییش وێنەی گوندەکە و گۆڕستان و شوێنەوارەکانی



**گوندی شێخ مەموندی لە دەشتی هەولێر**



**پاشماوەی سەربازگەیەکی پاشای ئەشکانی لە گوندی شێخ مەموندی**



**گۆڕی مەلا عەبدوڵڵای شێخ مەموندی**

گوندەکە و کۆچەرەکانم گرت. مزگەوت و قوتابخانەی مەلا عەبدوڵڵا دەکەونە بەشی ڕۆژئاوای گوندەکەوە، پاش ئەوەی لەلایەن ڕژێمی ڕووخاوی سەدامەوە وێران کرابوو ئێستە بە چیمەنتۆ ئاوەدان کراوەتەوە. لە گوندەکەدا دیدارم لەگەڵ هەندێک لە خەڵکەکەی سازکرد، لەوانە ئایشە حەسەن حوسێن (ساڵی ١٩٥٢) لەدایک بووە، لەگەڵ پووره ئەسمەر عەلی حوسێن کە تەمەنی شەست ساڵ دەبوو، هەروەها حاجی عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن کە کوێخای گوندە و تەمەنی نزیکەی حەفتا و دوو ساڵە و لە نەوەی ئەحمەد ئیبراهیم ئاغایە، ئەحمەد ئاغا گەورەی گوند بووە، لەگەڵ عەلی ئاغای برای و محەمەد پاشا ڕەواندوزی چووەتە شەڕی داسنیان (ئێزدییەکان)، حاجی گوتی لەو شەڕەدا عەلی بەگ داسنی بەدیل گیرا، بەڵام ئەحمەد ئاغا وتی کە خۆی بە دەستەوە دا (قلیچ)ێک (شمشێری ڕاستە و ڕاست)ی بە دەستەوە بوو کەس نەیوێرا شمشێرەکەی لێ وەربگرێت و بە محەمەد پاشایان وت عەلی بەگ زۆر ئازا و بەزەبرە و ئەگەر چەکی بکەین دەشێت هەندێکمان لێ بکوژێت، بەڵام فێڵێکمان بۆ دۆزییەوە و ڕووی وەرگێڕا و پەلامارمان دا و گرتمان. حاجی عەبدولڕەحمان وتی ناوی گەلی عەلی بەگ لە ناوی (عەلی بەگی داسنی)یەوە هاتووە کە لەوێ کوژراوە.

لەو دیدارەدا سوودم لە چەند کەسێک وەرگرت لەوانە: ئەحمەد محەمەد ئەمین مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدی مەلا عەبدوڵڵای گەورە واتە مەلا عەبدوڵڵای شێخ مەمودی و جەلال شێخە داور و حاتەم خدر و خالد خدر ئەحمەد و ئەحمەد حەمەد ئەحمەد و مەقسوود مەولوود عەبدوڵڵا و عەلی مەولوود عەبدوڵڵا و فاررووق مەلوود عەبدوڵڵا و فەیسەڵ یوونس ئەحمەد. ئەوەی پێویستە بزانرێت ئەوەیە کە هەمزە حەسەن ئاغا پێش پەنجا ساڵ سەرۆکی خێڵەکە بووە، ئێستا نەوەکانی لە کانی قرژاڵەن و مەحموودی ڕەوشەن ئاغاش لە بنەماڵە ناودارەکانی شێخ مەموندی بووە و ئێستا هەندێک لە نەوەکانی لە دێی مەلا ئۆمەری نزیک هەولێر دەژین.

لە نێو دێیەکەدا گۆڕستانێکی کۆن هەیە و هەندێک کێلەبەردی درێژی (٢ مەتر)ی تێدایە و کێلەکانی بەنرخن و پێویستە بپارێزرێن و دیواریان لە دەور دروست بکرێت، لەم ڕووەشەوە دوو جار بە نووسین داوام لە پارێزگاری هەولێر کردووە کە بە خۆی خەڵکی ئەم گوندەیە بۆ ئەوەی دیوار لە دەوری ئەم گۆڕستانە دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستا دروست نەکراوە.

### مەلا عەبدوڵڵا

مەلا عەبدوڵڵا کوری ڕەمەزان لە زانا گەورەکانی سەدەی نۆزدەم بووە و زۆر ناودار و بەناوبانگ بووە، لە قوتابییەکانی مەلا ئەبوبەکری میرڕۆستەمی بووە، گوندی میرڕۆستەم، ئەو گوندە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شێخ



**جۆلانەی مرادێ لەسەر گۆڕی شێخ ئەبووبەکر**



**کارێکی دەستکردی کۆچەرییەکانی خێڵی مام سار لە دەشتی هەریر**



**خێڵی مام سار لە دەشتی هەولێر**

مەموندی لە ڕۆژئاوای ڕێگای شەقڵاوە – هەریر. مەلا عەبدوڵڵا کتێبی مامۆستای خۆی مەلا ئەبوبەکر (رسالة الوضع)ی ڕاڤەکردووە و لێکداوەتەوە و دانەیەکی دەستنووس لە ڕاڤەکەی لە کتێبخانە هەرە گەورەکەی میسر (دار الكتب)دا هەیە کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات (الحمد لله تنزه بذاته وصفاته أن يتطرق إليه الفناء ).

هەروەها مەلا عەبدوڵڵا کتێبی (بيان البيان)ی مامۆستای خۆی لێکداوەتەوە و یەک دانەی دەستنووس لە ڕاڤەکەی مەلا عەبدوڵڵا لە کتێبخانەی مۆزەخانەی بەغدا هەیە کە ژمارەی (١١٩٦٥)ە.( بيان البيان) بە (رسالة الإستعارة)یش ناسراوە کە هەردووکیان لە پرۆگرامی خوێندنی ئایینیدا لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا دەخوێنران. لە کتێبەکەی مێژوونووس زوبێر بیلال (علماء ومدارس أربيل) چاپی ١٩٨٤ لاپەڕە (١١٢) و (١١٣)دا باسی مەلا عەبدوڵڵا هەیە، مەلا عەبدوڵڵا لە دێیەکەی خۆی وانەی گوتووەتەوە و بێ گومان زۆر کەس هەن لای ئەو خوێندوویانە، لەوانە مەلا ئەمینی مەلا مستەفای بێتواتە کە کتێبی گەورەی (المطول) و بەشێک لە کتێبی (العقائد)ی جلال الدين دوانی لە لای وی خوێندووە، بەڵام وەک زۆربەی زۆری زانایانی کورد و وەک پێویست باسی ژیانی مەلا عەبدوڵڵا نەنووسراوە، ئەوەش لەبەر بایەخ نەدان بە مێژوونووسین لە کوردستان. قوتابخانەی شێخ مەمودی بەردەوام بووە و وانەی تێدا خوێنراوە و تا سەردەمی شۆڕشی کورد هەندێک مەلا لەم گوندەدا پەیدابوونە لەوانە: مەلا عەبدوڵڵا دوو کوڕی هەبووە بە ناوی ئەحمەد و مەلا ساڵح، نەوەکانی دەڵێن مەلا عەبدوڵڵا چووەتە ئەستەنبوڵ، یان بانگ کراوە، چونکە بابەتێکی زانستی هەبووە تەنیا ئەو توانیویەتی شی بکاتەوە. گۆڕەکەی مەلا عەبدوڵڵا لای گۆڕەکەی شێخ ئەبوبەکرەوەیە کە بە (شێخی سپی) ناسراوە لە باشوور و بەرانبەر بە گوندەکە، بەڵام ڕۆژ و ساڵی کۆچ کردنی نازانرێت و کێلی گۆڕەکەی هیچ نووسینێکی لەسەر نییە، کێلی مەلایەتی لەبەر سینگی گۆڕەکەیە و دوو کێلی نوێیە و لەچیمەنتۆ دروست کراون، دیوار لەدەوری گۆڕەکەی شێخی سپی هەیە و لە ناوەوە کراوەتە دوو بەشەوە و گۆڕی مەلا عەبدوڵڵا لە پێشەوەیە، واتە بەشی باکوور، گۆڕی شێخی سپی لە بەشی باشووردایە و پەڕۆی سەوز و سپی بە گۆڕەکەیەوە کراوە، هەروەها جۆلانەیەکی بچووک بە درێژایی (٢٩) سەنتیمەتر لەسەر گۆڕەکەیەتی کە لە ئاسن دروست کراوە. خەڵک بەردی موراد دەخەنە ناو جۆلانەکە بۆ ئەوەی نیازەکانیان بەدی بێت کە سێ بەردی بچووکە. ئەم جۆرە جۆلانە بچووکە لەسەر هەندێک گۆڕی پیاوچاکانی دیکەش لە هەندێک شوێندا هەیە. خەڵکی بەردی موراد بە دەستیش بە کێلی (شێخی سپی)یەوە دەلکێنن ئەگەر هاتوو بە کێلەکەوە نووسا و مایەوە ئەو



**دەشتی هەولێر**



**کەپکی حەمەد ئاغا**



**خانەوادەیەکی کۆچەری مام سار لە دەشتی هەریر**

کات بە بڕوای خەڵکەکە نیازیان بەدی دێت. ئەم نەریتە لە زۆر شوێنی کوردستان هەیە وەک لای گۆڕی (فەرخ و ستی) لە دێی (داودان) نزیک ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ و گۆڕی (شێخ جامی) لە (گۆڕستانی کەکۆن)ی سەر گردی قشڵەی شاری کۆیە. بەردێکی دیکەی تایبەت بە نیاز بەدی هاتنیش هەر لەوێ هەیە خەڵک بەردی نیاز بەدی هاتنی پێوە دەکەن، لەسەر گۆڕەکەی شێخی سپی مەقەستێک هەیە، پرسیارم کرد ئەو مقەستە بۆ چییە؟ لەوەڵامدا گوتیان خەڵک هەندێک پەڕۆی سەر گۆڕەکەی پێ دەبڕن و بۆ نەخۆشی دەیبەنەوە بۆ ئەوەی پێی چاک ببنەوە، نزیک ئەم مەزارە جۆرە گوڵێکی زەرد هەبوو، پرسیارم لە ناوەکەی کرد، گوتیان پێی دەڵێن (گلیخا).

ئیسماعیل محەمەد ئەمین (لە ساڵی ١٩٦٦ لەدایک بووە) لە نەوەی مەلا عەبدوڵڵایە و برای ئەحمەدە لە گردی مەزارەکە درەختی چاندووە و جۆگەی ئاوی بۆ لای مەزارەکە ڕاکێشاوە، بەڵام بە داخەوە هەردوو چاوی لەدەست داوە، چونکە ساڵی ١٩٨٧ کاتێک لەگەڵ قادر شەقڵاوەیی بەسواری تراکتۆر بە شێوەیەکی نهێنی دەچوون لە گوندەکان ئازووقە بۆ پێشمەرگە کۆبکەنەوە، لە نزیک گوندی (سیساوە) مینێکی گەورەی تانک لەژێر تراکتۆرەکەیاندا دەتەقێتەوە و قادر شەقڵاوەیی شەهید دەبێت و ئیسماعیلیش بەسەختی بریندار دەبێت و لەو ڕووداوەدا هەردوو چاوی لەدەست دەدات، ئیسماعیل مرۆڤێکی ڕوح سووک و خۆشەویستی دێیەکەیە و چوست و چالاکە و گەنجەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە و هەموویان پێکەوە لەگەڵی درەختیان لە قەد گردەکە چاندووە و جۆگەکەشیان لەگەڵی بۆ ڕاکێشاوە و لەو دوو کارەدا کاریان لەگەڵ کردووە.

لە ئەحمەدم پرسی (شێخی سپی) کە لای خەڵکی ئەو گوندانە بە شێخێکی پیرۆز دەژمێردرێت کێیە و چ کاتێک بووە، گوتیان نازانین بەڵام تەنیا ئەوەمان بیستووە کە پێش کات و سەردەمی مەلا عەبدوڵڵا بووە و لەگەڵ خوشکەکەیدا لە گوندی (باوکێ) لەناوچەی بارزانەوە هاتووە و خوشکەکەی لەناو بەفردا ڕەق بووەتەوە و گۆڕەکەی لەنزیک دێی (دەرەشێر)ی نزیک (بالیسان)ە و لای خەڵک پیرۆزە و نازانرێت ناوی چی بووە. شێخ ئەبوبەکری برای بەتەنیا هاتووەتە ئێرە و ژنی نەهێناوە و لێرە کۆچی دوایی کردووە. پرسیارم لە بەڕێز فاخر عەلی بەرپرسی ڕۆشنبیری (بلێ)ی لای بارزان کرد کە مەڵبەندی شارۆچکەی (بلێ)یە، گوتی گوندی (بابکێ) بەرانبەر بە گوندی (پیران)ی لای (مێرگەسوور)ی سەر بە ناوچەی (بارزان)ە و خەڵکەکەی (شێخ زادە)ن، کە پشت بە پشت مەلا و شێخ بوونە.

## سەربازگەی ئەشکانی

ئەحمەد محەمەد ئەمین کە مرۆڤێکی وریایە و زۆر







سوودم لەزانیارییەکانی وەرگرتووە و ناوە ناوە پرسیاری لێدەکەم، لەبارەی ناوچەی هەریر و ڕەواندزەوە گوتی شوێنەواری شارێکی کۆن لە ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە هەیە و هات و پێشانی دام، کە خەڵکی گوندی شێخ مەموندی هەندێکیان بۆ کشتوکاڵ بەکارهێناوە و هەندێکی لێ ماوەتەوە، ئەو شارە لەبەردی گەورە دروست کراوە و دیوارەکانی ئەستوور بوونە و هەندێکیان لە دوو مەتر پانتر بوونە و ئێستەش دیوارێکی درێژ ماوەتەوە کە بەشێک لە شوورەیەک بووە. لە نێو هەر کۆمەڵە شوێنێکی وەک شوێنی هۆدەکان گۆڕەپانێک هەیە کە شوێنی کۆبوونەوە و مەشقکردنی سەربازان بووە. لەنێو سەربازگەکەدا چەند ئاگردانی ئایینی و چرای بەردینی (ستێرک - فەنەر) هەیە.

ئاگردانێکیش هەیە پێی دەڵێن (ئافرِ)ی ئەسپی (پاشای کوِرە)یە، واتە محەمەد پاشا ڕەواندزی بە قەوارەی (٦٢ × ٤٠) و بە قووڵایی (٣٠) سەنتیمەترە، بەردی ئاگردانەکە بە چوار سووچ داتاشراوە، بەڵام سووچەکان بەقەد یەکدی نین و درێژترین شوێن لەنێوان دوو سووچدا (١) مەترە. ئەمە بە ئاگردانی ئایینی میترایی و ئەو شوێنە بە پەرستگەی سەربەتاڵی سەربازان دەزانم کە لەنێو سەربازگەکانی ئەشکانی (فرثی)دا پەرستگەی لەم جۆرە هەبووە. ئەم سەربازگەیە لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتووەتە ژێر شاخەکە کە زۆر بڵند نییە و پێی دەڵێن (گەرووی ئەسحابەی نێو ڕەزان). لەو کاتەدا شوانێکی لاو بەناوی محێدین سەبغە ڕەسوول لێمان نزیک بووەوە و گوتی بەو گەرووە دەڵێن (گەرووی ئیبراهیم ماران) و (گەرووی ئەسحابەی ئیبراهیم ماران)، هەردووکیشیان گوتیان لەسەر گەرووەکە بناغەی زۆر هەن، هەروەها شوورە و گۆڕستانیش لەوێ هەن، لە گەرووەکە کانییەک هەیە پێی دەڵێن (کانی کوروسک).

محێدین گوتی لە تەنیشت ڕۆژئاوای گەرووەکە ئەشکەوتێک هەیە، دەمەکەی گەورە نییە و لە ناوەوە زۆر فرەوان نییە و پێچی هەیە، واتە ڕاستە و ڕاست نییە، مرۆڤ لەم سەرەوە دەچێتە ناوییەوە و لەو سەرەوە دەردەچێت و دوومەتر درێژە و لە ناوەوە زۆر لووسە و ئاگردانێکی لە تەنیشتەوەیە نیو بەرمیل ئاو دەگرێت. بەداخەوە کاتی ئەوەم نەبوو بچمە گەرووەکە و ببینم، بەڵام بە پێی وەسفەکەی لە شێوەی (بەرێ خەندەقۆقێ)یە لە(سەری گری) لە نێو شاری ئاکرێ، کە ئەگەر یەکێک کۆخە ڕەشەی هەبووایە لەم سەری کونەکەوە دەچوو و لەو سەرییەوە دەردەچوو بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی چاک بێتەوە. بەرێ خەندەقۆقێ پەرستگەیەکی میترایی و شوێنێکی پیرۆز بووە و تا ئەمڕۆ لە ئاکرێ بە پیرۆزی ماوە. جا بەدووری نازانم ئەم شوێنەی (گەرووی ئەسحابە ئیبراهیم ماران)ەیش شوێنێکی پیرۆزی وەک بەرێ خەندەقۆقێ بووبێت. هەندێک شوێنی دیکەی (میترایی)م بینیوە وەک کونێک بوونە لە شاخەبەرد، بێ ئەوەی سەرەکەی دەرچووبێت و بە هۆی بەکارهێنانەوە لەنێو شوێنی پەرستگەکەدا لووس بووە.

لە گەلی عەلی بەگ نزیک زینەتیر ئەشکەوت و




بناغەیەک هەیە، هەروەها لە گۆڕەپانی ژێر زینەتیر لای (گۆڕستانی ئەسحابە) و (گەلی چاک) کە ڕێگەکە بۆ لای (چیای نیشاوە) دەچێت، بناغە هەن. ئەم شوێنەی کە کاک ئەحمەد پیشانی دام و شوێنەوارەکانی گەرووەکە و شوێنەوارەکانی ژێر کەپکی حەمەد ئاغا کە کاک ئەحمەد گوتی لە ژێر کەپکەکە شار هەبووە تا هەریر، هەموویان سەربازگەی (فەرهادی دووەمی ئەشکانی)ن خاوەنی پەیکەری هەریر، وەک سەربازگەکانی شاخی ڕاسەری شاری هەریر کە وێنەی هەموویانم گرتوون، سەربازگەکان یەک لە دوای یەک تا سەر زێی گەورە بە درێژایی پەنجا کیلۆمەتر هەن، کە ساڵی (١٢٩)ی پێش زایین فەرهادی دووەم پاش شکستی پادشای سلووکی (ئەنتیۆخۆسی حەوتەم) لە هەمەدانەوە بە هێزێکی گەورەوە دوای کەوت و نزیک زێی گەورە شەڕێکی گەورەیان لە نێواندا قەوما و فەرهاد شکا، بەڵام کاتێک هێزەکەی ئەنتیۆخۆس کە ژمارەیان سێ سەد هەزار کەس دەبوون لەوبەری زێ بوون تا ئاکرێ و شووشێ پەرتوبلاو ببوونەوە، فەرهاد توانی بە پێی فێڵێکی سەربازی لە زێ بپەڕێتەوە و پەلاماری هێزەکەی ئەنتیۆخۆس بدات و تەفروتونای بکات و ئەنتیۆخۆس بکوژێت. بە بۆچوونی من ئەنتیۆخۆس لە (مەیدانی داوەتان) لە قەڵای ئاکرێ کوژراوە و (هوریا - هیرکانووسن)ی جوولەکە لە فەرماندە گەورەکانی ئەنتیۆخۆس بووە و لە قەڵای شووشێ کوژراوە، بەڵام شوێنی ئەو شەڕەی دوایی لای مێژوونووسانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بزرە و بە هۆی بەڵگە شوێنەوارییەکانەوە بە شوێنی شەڕەکەم زانی، ئەمەشم بەهاری ساڵی ٢٠٠٨دا لە یادداشتێکدا بۆ یۆنسکۆ نووسیوە.

زۆر بە وردی ئەم ناوچەیە و ناوچەی بناری (زنجیرە چیای ئاکرێ)م لە (زێ)وە تا (ڕووباری خازر) پشکنیوە و بە ڕادەی چەند بەرگ کتێبێک زانیاری مەیدانیم لەبارەیانەوە نووسیوە. مێژوونووسان و شوێنەوارناسانی عیراق زانیارییان لەبارەی ئەم شوێنەوارانەوە نەبووە، کە لە دەریایەک شوێنەوار و زانیاری پێکدێن.

## هۆبەکانی کۆچەر

لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی بناری زنجیرە چیای (بەنێ هەریر) کە بە گشتی دەبێتە بناری (کەپکی حەمەد ئاغا) کە بەشێکی هەرە بەرز و سەختی زنجیرە چیای ناوبراوە، چەند هۆبەیەکی کۆچەران واتە (هۆز)، هەبوون، لە باشووری ڕۆژهەڵات هۆبەی کۆچەرانی شێخ مەمووندی هەبوو، ئەوانەی دیکە هۆبەکانی هۆزی (هەرووتی) بوون، هەڵبەت دێیەکانی هەرووت لە باشوور و باکووری (بەنێ هەریر) هەن، لە هەندێک سەرچاوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوی (هەرات) بەرانبەر بە ناوی شاری هەریر بەکارهێنراوە، ئەو ناوەش لە ناوی هۆزی (هەرووتی)یەوە هاتووە، چونکە هەم لەناو شاردا هەرووتی زۆر بوون و هەم گوندەکانیان نزیکی هەریر بوون وەک گوندی (خرواتان) کە دەکەوێتە تەنیشت باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە.

سێ هۆبەی (مام سار) کە تیرەیەکی هۆزی (سورچی)یە لە بناری ئەم شاخە هەیە، ئەو کۆچەرانە لەم ساڵانەی دواییەدا فێربوون لە جیاتی (ڕەشماڵ - کون - دەوار) نایلۆن بۆ دانیشتنی خۆیان و بۆ ئاژەڵەکانیان بەکاربهێنن، ئەویش لەبەر ئەوەی هەڵگرتن و هەڵدانەوەی نایلۆن سووکترە و دڵۆپە ناکات و بە ئاگرێکی کەم گەرم دەبێت، بە پێچەوانەی (ڕەشماڵ)ەوە کە ئەگەرچی ڕەشماڵ لە مووی بزن دروست دەکرێت و ڕستن و چنینی ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەو خەسڵەتانەی نایلۆن، ئەوە ڕەشماڵ جوانتر و پەسەندترە. کۆچەرەکان فێربوون لە هەوارگەکانی زستانیان خانووش دروست بکەن، ئەگەرچی ئێستا کۆچەرەکان کەمتر بوونە و ڕەنگە لەسەدەی نۆزدەم و هەژدەم و پێشتریش کۆچەری کورد لە (کرمانج - گۆران)ی دانیشتووی گوندەکان زۆرتر بووبن. لە کوردستانی باشوور کۆچەر بە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١) و شەڕ و بۆردومانی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن فڕۆکە و تۆپبارانی تۆپەکانی ڕژێمی عیراقەوە و ئەو زیانانەی لە کۆچەران

دەکەوت و ڕاگواستنیان بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان لە هەشتاکاندا وای کردبێت کە ژمارەیان کەم ببێتەوە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، ئەم جار نۆرەی تۆپبارانی ئێران و بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی سەر سنوور و کوێستانەکانی بەسەردا هات و ژیان و گوزەران لە کۆچەرەکان تێکدرا و شێوا، بۆیە زۆربەیان لە شار و گوندەکاندا نیشتەجێ و جێگیر بوون.

ڕۆژی ٢ی ئاداری ٢٠٠٧ لە گوندی (شێخ مەموندی)یانەوە چووم بۆ هۆبەی کۆچەرانی شێخ مەموندی لە ڕۆژهەڵاتی گوند، لەوێشەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا چووین بۆ هۆبەی حاجی مستەفا ئەحمەد لەتیرەی (مام سار)ی سورچی لە ژێر کەپکی حەمەد ئاغا. لەوێ پرسیاری ژمارەی ماڵەکانم لەقەرەنی مستەفا ئەحمەد-ی تەمەن (٣٥) ساڵ و سەفین عەلی تەمەن نزیکەی (٢٠) ساڵ کرد، ئەوانیش گوتیان حەوتە و ژمارەی کۆچەرانی (مام سار)یش (٦٠ - ٧٠) ماڵە و نەخۆشیمان لەناودا کەمە و لە خەڵکی شار و دێیەکان لەش ساغترین و کەسمان خوێندەوار نین و هەموومان لە ٢٣ی مانگی ئاداردا دەست بەبارکردن دەکەین و لە ڕێگەی (زینەتیر)ی ڕۆژهەڵاتی ئەم شوێنە و ڕۆژهەڵاتی کەپکی حەمەد ئاغاوە بەرەو کوێستان دەچین و دەچینە پشتی شاخ و ناو دۆڵی بالیسان و گوندەکانی خەتێ و سەرۆ گوندی ئالانی دۆڵی ئالان و بە شاخی بێجاندا هەڵدەگەڕێین و دەچینە سەر شاخ و بۆ شاری ڕەواندز شۆڕ دەبینەوە، تا پەنجاکانی سەدەی بیستەمیش بە ناو شاری ڕەواندزدا بەرەو ڕێگەی دۆڵی باڵەکایەتی تێدەپەڕین، هەندێک لە کۆچەرانی خەیلانی و هەرکی ناوچەی (گەردی)یش لەم ڕێگەیەوە دەچوون بۆ کوێستان. هەروەها قەرەنی و سەفین گوتیان( بۆ کوێستانەکانی شاخی پشت حاجی ئۆمەران و ڕۆژهەڵاتی هەڵگورد (٢٧٨٠م بەرزە) دەچین کە سنووری نێوان عیراق و ئێرانە، لە هەوارگەکانی (بەردەسووراو و بەردەسپیاو و بارزین و کانی خوا و کانی مام جەلال و مێرگە چەکۆ).

کۆچەرانی خۆشناویش وەک کۆچەرانی گەرەوانی سەرۆ و گەرەوانی ژێری دەچنە هەوارەکانی هەمان شاخ. ئێستا کە دەچنە کوێستان، شوانەکان مەڕ و ماڵات بە پێ دەبەن و ماڵەکان بە ئۆتۆمبێل دەبەن، لەبەر ئەوەی وڵاغیان کەم بووەتەوە، جگە لەوەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بیری ژێر زەوییەوە ئاوی بە بۆڕی بۆ ڕاکێشاون و



کارەباشی بۆ دابین کردوون و باری ژیانیان خۆش بووە و وەک شار تەلەفزیۆنیان هەیە و هەندێکیشیان بە چیمەنتۆ خانوویان دروست کردووە. ئەم هۆبەیەش وەک هۆبەکانی دیکە مەڕ و بزن و مانگا و ماڵاتێکی زۆریان هەبوو لەگەڵ ئەسپ و مایین و هێستر و گوێ درێژ.

## چۆنیەتی دروستکردنی چیغ

حەلیمە قادر کەریم (کە لە وێنەکەدا لە دەستە ڕاستەوەیە) و سەبریە هەمزە ڕەجەب (لە دەستە چەپەوەیە) (چیغ)یان لە قامیش دروست دەکرد، ئەو قامیشەش لە قەراغی زێی گەورە دەهێنن، چیغەکە لە قامیش و لە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ و بە هۆی دارێکی ئەستوورەوە کە لەسەر دوو کۆڵەکە دایدەنێن و لە هەردوو لاوە بە ڕیزە بەردێکییەوە گرێ دەدەن و لەکاتی کارکردندا بەردەکان دوو دوو ئەم دیوو ئەو دیو پێ دەکەن و بەم شێوەیە قامیشەکان یەک بە یەک بە یەکدییەوە گرێ دەدەن و نەخشیش دروست دەکەن. دوو ئافرەت هەر چیغێک بە سێ ڕۆژ و دانێک تەواو دەکەن.

چیغ پێویستییەکە لە پێویستییەکانی کۆچەر و کاتێک ڕەشماڵ هەڵدەدەن و بە سنگەکانییەوە گرێ دەدەن و دەبەستن، لە ڕووی ناوەوە لە جیاتی دیوار و کەڵەکە بەرد چیغ دادەنێن، بەڵام ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٩ کە چووم بۆ (مێرگەشێ) لە کوێستانی کێلەشین کۆچەرەکانم بینی لە جیاتی چیغ دیواری زۆر جوانیان دروست کردبوو کە پێی دەڵێن (خەڕ). چیغ وەک پەردە وایە بۆ ئەوەی ئەوانەی لە ژێر ڕەشماڵەکەدان لە دەرەوە نەبینرێن، جاری وا هەیە کە چیغ بە شێوەیەکی هونەری بەرز بە چەندین جۆرە نەخشی کوردی دەڕازێننەوە، جوانترین چیغم بینیبێت لە دەستکردی (ڕابیعە ڕەسووڵ مەلا زادە) بووە کە لە کۆچەرەکانی (ئاکۆ)یە لە کوێستانی شاخی (کۆدۆ)ی

باشووری حاجی ئۆمەران.

ژنە کۆچەر دەست ڕەنگینە، ئەگەر بچین مۆزەخانەی چنین و ڕستنی کاک لۆلان (قاسم مستەفا) لە قەڵای هەولێر ببینین، ئەوە جوانترین دەستکردی ژنەکۆچەر دەبینین وەک لانکۆڵەی منداڵ کە زۆر بەهادار و بەنرخە. لەبەر ئەوەی ژنەکۆچەر لە سروشتێکی واڵای فرەواندا دەژیت، بۆیە وەک پیاو سەربەستە و زۆر لە ژنەکوردی لادێ و شار سەربەستترە، چونکە کە دەمویست وێنەیان بگرم بە خۆیان دەهاتنە بەردەم کامیراکە و دەیانگوت وێنەمان بگرە. هەڵبەت کۆچەرانی ئێستا بە بەراورد لەگەڵ کۆچەرانی جاران پێشکەوتوون، مافوور و بەڕەی جوان و پاک لە ناو ڕەشماڵ و خێوەتەکانیان ڕادەخەن و ماڵەکەی کاک عەزیز لە ماڵی شار جوانتر دەهاتە بەرچاو کە مرۆڤ لە دیتنی تێر نەدەبوو. تەنانەت ناوی کچێکی کاک عەزیز بەبەراورد لەگەڵ ناوی کچ و ژنەکانی دیکە زۆر جوان بوو ئەویش ناوی (زلڤان) بوو، ناوی ئەوانی دیکە خانزاد و بێریڤان و لەیلا بوو.

کاتێک ماڵئاواییم لە ماڵی کاک عەزیز کرد بەرەو هۆبەی یوونس ڕەجەبی مام سار بەڕێ کەوتم و لەوێوەیش بەرەو هۆبەی حەسەنی مام ڕەسووڵ چووم کە حەسەن و تاجدین و تانجۆ و مامەند و کاوێس و کاروان هەموویان کوڕی (مام ڕەسووڵ نەبی عەبدوڵڵا)ی مام سارن، گەورەکەیان حەسەنە کە پێی ڕاگەیاندم و گوتی ناوم (حەسەنە شێتە). حەسەن پیاوێکی کەڵەگەت و دەموچاو پان بوو. ئەو کۆچەرانە بە ژیان و بە مەڕ و ماڵاتەکانیان بەختەوەر بوون، زۆریان حەز لە بزنی مەرەزی سوور و کارەکانیان بوو، کاتێک ویستم وێنەیان بگرم کاریلەکانیان هەڵدەگرت تا لە وێنەکەدا لەگەڵیان دەربچن. هەڵبەت ڕێگەی قیرنەکرا و دەگاتە ناوچەکانی ئەم کۆچەرانە و هەندێکیشیان ئۆتۆمبێلیان هەیە، تا خۆرئاوابوون لای ئەم هۆبەیە مامەوە و دواتر بەرەو هەولێر بەڕی کەوتم.

## گوندی شێخ مەمموندی و شۆڕشی کورد

**ڕۆڵی خەڵکی گوندی شێخ مەمموندی لە شۆڕشی سی ساڵەی کورددا زۆر بووە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٤دا بیست و حەوت پێشمەرگەی ئازای هەبوو لەوانە: ئەحمەد و ئیبراهیم کوڕانی محەمەد ئەمین و لە نەوەی مەلا عەبدوڵڵا و سابیر عەلی حوسێن برای کوێخا عەبدولڕەحمان کە سەرلق بوو، زۆر ئازا بوو، سێ جار بریندار ببوو، جارێک لە کەپکی حەمەد ئاغا بریندار ببوو، پاش تێکچوونی وتووێژی نێوان شۆڕش و حکوومەتی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٤ هێزەکانی حکوومەت نزیکەی بیست جار لە شاخی سپیلکەوە هێرشیان بۆ سەر پێشمەرگەکان برد لە شاخی هەریر، چونکە لە ساڵانی وتووێژی ١٩٧٠ - ١٩٧٤ لە سپیلکەوە ڕێگەیان بردبووە سەر شاخی هەریر و تا شاخی کەپکی حەمەد ئاغا پاشەکشێیان بە پێشمەرگە کردبوو، ڕۆژێکیان لیوایەکی سوپا بە پشتگیری هەشت فڕۆکەی جەنگی جۆری (سیخۆی)ی ڕووسی لەلای ڕاستی شێخ مەممونديانەوە هێرشیان هێنایە سەر کەپکی حەمەد ئاغا، پێشمەرگە پاشەکشێیان کردبوو، لەو کاتەدا پێشمەرگەی قارەمان (ڕەزا شیرەیی) کە (ئاڕ پی جی) پێبوو، تەنیا یەک گوللەی مابوو، چەند پێشمەرگەیەک لە دەوری مابوون کە هەموویان هەشت کەس بوون، ئەو گوللەیەی ئاراستەی تانکێک کردبوو زنجیرەکەی پساندبوو و پەکی خستبوو، ئەمەش وای کردبوو سەرباز و جاشەکان بشڵەژێن و سابیر و ئیبراهیم و عومەر باویا و سمایلی خەڵکی مەلەکا هێرش ببەنە سەر تانک و هێزەکانی حکوومەت و توانیان هێزەکە تێک بشکێنن و ئیبراهیم چووبووە ناو تانکەکە تا چەک و تەقەمەنی ناو تانکەکە بهێنێت کە تەنیا یەک سەربازی تێدا مابوو، سابیریش چووبووە سەر تانکەکە تا دۆشکەکەی بسووڕێنێت و تەقە لە سەرباز و جاشەکان بکات، لەو کاتەدا پێشمەرگە (خدر شکەفتی) کە خەڵکی دێی (شکەفتی)ی ڕۆژئاوای هەریر بوو، لەبەر ئەوەی ئازابوو دۆشکەی قورسی ڕووسی پێدرابوو، سابیری نەناسی و وای زانی جاشە و تەقەی لێکرد و قاچی بریندار کرد. بەم شێوەیە ئەم چەند قارەمانە توانییان بە گوللەی ئاڕ پی جی (ڕەزا شیرەیی) ئەو هێزە زۆرەی حکوومەت بشکێنن و کۆتایی بە هێرشەکانی سوپای حکوومەت بهێنن، بەڵام زۆربەی سەر شاخی هەریر هەر بە دەستی هێزەکانی سوپاوە مابوون. ئەم داستانەمان لە زاری ئیبراهیم و ئەحمەد و کوێخا عەبدولڕەحمان و هەندێکی دیکەوە بیست. مخابن سابیر ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی براکوژی لە قەڵادزێ شەهیدبوو، سیامەندی کوڕیشی لە شەڕی براکوژی لە هەولێر شەهیدبوو.**

**گوندی شێخ مەممونديان ئەم شەهیدانەیشی هەیە: قادر نەبی و هەڤاڵ ئیبراهیم مستەفا کە لە ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕێکدا لای زینەتیر شەهید بوو، هەروەها شەهید ئیسماعیل ئەحمەد و قادر عەبدوڵڵا ئەحمەد کە بە کاری نهێنی حزبی چووبووە گوندی (بەحرکە)ی نزیک هەولێر و ساڵی ١٩٧٤دا لەوێ شەهید کرابوو.**

# یۆهانس دونز سکوتس
# دابڕینی لاهووت لە فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

## پێشەکی

١- ڕابەرێکە لە ڕابەرانی فەلسەفەی سکولاستی سەدەی سێزدە، ئەگەرچی نزیکەی چل ساڵ پتر نەژیاوە، بەڵام بەرهەمی لاهووتی و فەلسەفەیی ئەوتۆی لەپاش بەجێماوە دەکرێ لە ڕیزی تۆماس ئەکوین و ڕابەرە گەورەکانی ئەو فەلسەفەیە دابنرێ. بەپێی سەرچاوەکان بەپێچەوانەی ئەکوینییەوە هەوڵی داوە کایە و دەڤەری ژیر و سرووش، فەلسەفە و لاهووت پتر لە یەکتری جیا بکاتەوە و دایان ببڕێ. یەکەم فەیلەسووفی لاهووتییە کە ڕەبی فەلسەفەی لە ڕەبی لاهووتی و مەسیحییەکان جیاکردۆتەوە. یۆهانس دونز سکوتس ساڵی ١٢٦٦ز لە سکۆتلەندە- بەریتانیا- لە دایک بووە و لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی. دوای تەواوکردنی کاری دکتۆری- لاهووت فەلسەفە- لە پاریس و زانکۆی کۆلۆن (کۆلۆنیای) ئەڵەمانیا، وەک مامۆستا چالاک و دەستبەکاربووە، سەر بە مەزهەبی فرەنسیسکان بووە. شارەزاییەکی باشی لە فەلسەفە و جیهاندیدی ئەرستۆ و بوعەلی سینا و ئبن ڕوشددا هەبووە، لە بەرهەمەکانیدا چەند جارێک ناوی هێناون. هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە ئەو ئەنجامەی ئەکوینی دوای کۆششێکی زەبەندە پێی گەیشتووە گوایە فەلسەفەی ئەرستۆ و لاهووتی مەسیحی پێکەوە دێنەوە و لەگەڵ یەکتری هەڵدەکەن، دروست نییە و لە جێگای خۆیدا نەبووە. سکوتس لەو باوەڕەدا بووە کە ئەم دووانە دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن و ئەگەر ڕستەیەک، دەستەواژەیەک لە فەلسەفەدا ڕاست و دروست و ڕەوابێ، مەرج نییە لە لاهووتدا بە هەمان سروشت و شێواز بێت، هەروەها پێچەوانەی ئەو ڕستەیەش ڕاستە، ئەگەر بابەتێک لە لاهووتدا پەسند بێت مەرج نییە لە

فەلسەفەدا وابێ. لاهووت بابەتی بڕواوئیمانە و هیچ پێوەندییەکی ناچارەکی بە ژیرەوە نییە. ئەو لە یەکتری جیاوازبوونە بەو واتایە نییە کە ئەو بابەتە دژ بە یەکترین و لەگەڵ یەکتری ناکۆکن، چونکە بە باوەڕی سکوتس لاهووت بابەتێکی پراکتیکی- کردەکییە و پێوەندی بە بڕواوئیمانی مرۆڤەوە هەیە. بەم بۆچوونەی دڵسۆزی خۆی بەرانبەر بە کڵێسەی مەسیحیەت ساغ کردۆتەوە.

وەک هەمموو فەیلەسووفەکانی وڵات و دەڤەری بەریتانیا (ئینگلیز) پتر بایەخی بە بابەتی تاک داوە و خستوویەتییە سەرو و هەمەکی و گشتییەوە، بۆیە دەکرێ بە جۆرێک لە نۆمینالیست- ڕیئالیستێکی میانڕەو- بە واتای سەردەمی خۆی، دابنرێت. دونز سکوتس Duns Sctus تارادەیەک ڕێچکەی باوی فەیلەسووفەکانی پێشوو و سەردەمی خۆی شکاندووە و بە ئاراستەیەکی تردا قەڵەمەکەی خستۆتەکار. پێشتر واباو بوو دۆگمەکانی ئایین و بڕوای کڵێسەی مەسیحی، ڕەب، جیهان و مرۆڤ بکرێن بە کەرەسەی توێژینەوەی فەلسەفە، سکوتس ئەوەی نەکردووە، بەڵکو بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکانی دەربارەی ئەو بابەتانەی ناومان هێنان و جۆر و شێوازی هزرییان و میتۆدەی(١) سەلمێنە و ساغ کردنەوە و فەلسەفەکەیانی کردووە بە کەرەسەی توێژینەوە فەلسەفەییەکەی. دەکرێ ئەو هەڵوێستەی سکوتس بە ڕێگا خۆشکەری فەلسەفەی کانت لە سەدەی حەڤدەدا دابنرێت.

## زانین و بڕوا

١- پێوەندی نێوان زانین و بڕوا کە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا بە (ئەقڵ و نەقڵ) و لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بە پێوەندی نێوان فەلسەفە و لاهووت، نێوان ژیر و سرووش (وەحی) ناوبراوە، بابەتێک بووە لەو بابەتانەی تێکڕای فەیلەسووف و لاهووتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست (بەهەر سێ ئایینەکەوە) بەشێوازێک لە شێوازەکان سەرگەرمی توێژینەوە و بەلایەکدا خستنی بوون. بەلایەکدا خستنەکە ئەگەرچی ئەوپەڕی زیرەکی و قەڵەم ڕەنگینی لاهووتی و فەیلەسووفەکانی نیشان داوە، بە تایبەتی زمانی شرۆڤەکردن و شی کردنەوەی بابەتەکە، بەڵام لەوە بەو لاوە نەبووە کە تای تەرازوو بەپێی جیهاندیدی لاهووتی و فەیلەسووفەکە بەلای لایەک لەو دوو لایەنەدا لاسەنگ کراوە، یان هەوڵ دراوە هەردووکیان پێکەوە بگونجێنن و پێکەوە بێنەوە.

ئەو کێشەیە پتر سروشتێکی لاهووتی هەیە و بڵاوبوونەوەی ئایینە ئاسمانییەکان و بوونیان بە کولتووری کۆمەڵگای ئەو گەلانەی ئایینەکە تێیاندا بڵاوبۆتەوە، هۆکاری سەرەکی وروژانی ئەو بابەتە کێشە ئاسایە بووە. هەندێک جار بابەتەکە لە چەند پرسیاری لە وردەکاریدا جیا و لە چوارچێوە گشتییەکەدا وەک یەک، هاتۆتە بەرچاو ئایا دەکرێ دوو جۆرە ڕاستی (هەقیقەت) و دوو سەرچاوەی ناسینی ڕاستی هەبێت؟! ئەگەر ڕاستی بە ڕێگای سرووش (ئایین) هاتبێ ئەی دەبێ ڕۆڵی ژیر کە پەروەردگار بە مرۆڤی بەخشیوە چی بێت؟! دەکرێ دوو جۆرە ڕاستی هەبێت؟ ئایا ئەگەر وەڵامەکە بە «ئا» بوو چۆن جیاوازی نێوان دوو ڕاستییەکە لێک دەدرێتەوە؟ ئەگەر ڕاستی بە تەواوەتی ڕاستی بێت دەکرێ لە یەک ڕاستی پتر هەبێت و لە یەکتری جیاواز بن؟!

دونز سکوتس (١٢٦٦-١٣٠٨ز) وەک ڕابەرێکی مەزهەبی فرەنسیسکان و دڵسۆزێکی ئایینی مەسیحی هەوڵی داوە لەکاتی تاووتوو کردنی ئەو بابەتە لە چوارچێوەی ڕێسا و ڕێوشوێن و دۆگماکانی کڵێسەی مەسیحی نەچێتە دەرەوە. پرۆفیسۆر پاول دویسن لەو بارەیەوە وتوویەتی:

«ئەو پلە و پایەی دونز سکوتس لە فەلسەفەی سکولاستی مەسیحیدا هەیەتی وەک ئەو مەڵبەندەیە کە ئەلغەزالی لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هەیبووە» (٢)

هەردووکیان، بەو قسەیە بێت، بڕواوئیمانێکی وشکی سەلەفییان بە فەلسەفەیەکی فراوان و بەرینی گومانکارییەوە بەند کردووە.

بە باوەڕی من ئەو بەراوردەی نێوان ئەو دوو لاهوتییە- فەیلەسووفە لەبەر دوو خاڵ لە جێگای خۆیدا نییە:

**یەکەم**: لە کاتێکدا غەزالی بە توندی هێرشێکی بێ بەزەییانەی کردۆتە سەر فەلسەفە و ویستوویەتی لە مەیدان دووری بخاتەوە، دونز سکوتس کۆشاوە کایە و دەڤەری فەلسەفە و لاهووت وەک دوو بابەتی لەیەکتری جیاواز لەیەکتری بە دوور بگرێ. غەزالی تۆمەتی گومڕایی لە پارسەنگی فەیلەسووفەکان ناوە و سکوتس ئەمەی نەکردووە.

**دووەم**: غەزالی بەو هێرشەی فەلسەفەی ئەرستۆی لاواز کردووە و جێگا و شوێن پێیەکەی لەق کردووە بۆ ئەوەی فەلسەفەی نیمچە لاهووتی ئەفلاتوونیزمی نوێ جێگاکەی بگرێتەوە. سکوتس بە پێچەوانەوە دژی فەلسەفەی ئەرستۆ نەبووە. غەزالی بەدرێژایی ژیانی دژی فەلسەفە نووسیویەتی و لاهووتییە مەسیحییەکە ویستوویەتی سوود لە فەلسەفەی ئەرستۆ و بوعەلی سینا وەربگرێ بۆ خزمەتکردنی لاهووتەکەی. کەس لاری لەوە نییە کە هێرشی ئەبو حامیدی غەزالی بۆ سەر فەلسەفە ئەنجامێکی ترسناکی لێکەوتۆتەوە، ئەنجامی پاشەکشەکردنی کولتووری ناوچەکە بە گشتی کە تاوەکو ئەمڕۆش لە دەستی دەرباز نەبووە.

٢- بەلای سکوتسەوە ئەو زانیارییەی فەلسەفە دەربارەی ڕەب دەیداتە دەست بەس نییە و مرۆڤ لەو بارەیەوە چاوەڕوانی زانیاری لەسەرچاوەکانی برواوئیمان و ئایین دەکات. ڕەب لەلای خۆیەوە ناکرێ ببێ بە بابەتی میتافیزیک، ئەوی بابەتی میتافیزیکە بوون خۆیەتی. ڕەب دەکرێ تەنیا بەهۆی ئایین و لاهووتەوە شت لە بارەیەوە بزانرێ(٣). بەم پێیە سکوتس کۆشاوە میتافیزیک بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە بابەتی لاهووت جیابکاتەوە. دەکرێ ئەو هەوڵە بەوە دابنرێت کە لاهووت دیسپلین و میتۆدە و بابەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ و پەنا نەباتە بەر کەرەسەی فەلسەفە و میتافیزیک، لاهووت وەک زانینێکی پراکتیکی کردەکی سنووری ئەو ڕاستییانە کە فەلسەفە دەیانداتە دەست دەبەزێنێ و تێدەپەڕێ. ڕاستە فام و مێشکی مرۆڤ بەپێی پەنابردنە بەر ڕاستییەکانی سرووش (وەحی) دەتوانێ ڕاستییەکانی فەلسەفە بزانێ، بەڵام پشت ئەستوور بە ئایین و بنەماکانی زۆر خەسڵەتی ڕەب هەیە لە توانای زانینی میتافیزیکیدا نییە پەیان پێ بەرێت، بۆیە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە لاهووت لە فەلسەفە بەکارتر و گرنگتر و پایە بەرزترە، چونکە ئەو زانینەی بەهۆی لاهووتەوە دەستگیر دەبێت خۆی لەخۆیدا مەبەست و ئامانج نییە، بەڵکو خزمەتی ئامانجێکی پراکتیکی دەکات کە مرۆڤ ڕووی تێدەکات و هەوڵی بۆ دەدات، بۆیە دەکرێ بگوترێ لاهووت پتر بەلای ویست و ئیرادەوەیە، نەک بە لای ژیر و فەلسەفەوە. فەلسەفە بەدوای زانینێکدا وێڵە کە بە هێز و توانای گیان دابین دەبێت و پەکی لەسەر سرووش (وەحی) ناکەوێ. بەم جۆرە سکوتس کۆشاوە سەربەخۆیی لاهووت لە بەرانبەر فەلسەفەدا پشت ڕاست بکاتەوە بەبێ ئەوەی لە بایەخ و پلە و پایەی فەلسەفە کەم بکاتەوە. لاهووت و فەلسەفە دوو بابەتن لە ڕوخسار و ناوەڕۆک و بابەتدا، لە میتۆدە و دوا ئامانجدا لەیەکتری جیاوازن لاهووت بایەخ بە بابەتی گیانی سەرو و سروشت دەدات، فەلسەفە ئەو ڕاستییانەی ژیری مرۆڤ بە توانای سروشتی خۆی دەتوانێ پەردەیان لەسەر لابدات و بەدەستیان بهێنێ، دەکاتە کەرەسەی توێژینەوە.

## ڕەب: بەڵگە و خەسڵەت

١- دوور نارۆین ئەگەر بڵێین، پشت ئەستوور بەسەرچاوەکان، بابەتی ڕەب، بوونەکەی، بەڵگە هێنانەوە بۆ ساغ کردنەوەی ئەو بوونە ترانسندێنتییەی، تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کە لە زانستی کەلامدا بە (صفات) ناوبراوە، بابەتێکی سەرەکی تری فەلسەفە و لاهووتی سەدەکانی ناوەڕاست بووە کە فرەترین کات و باشترین مێشک و ڕەنگینترین قەڵەم بۆی خراونەتە کار. ئەگەر لە هەندێک لایەنی وردەکاری ئەو بابەتە بەپێی سێ ئایینەکە (جوولەکە، عیسایی، ئیسلام) جۆرە جیاوازییەکی بیروبۆچوون بێتە بەرچاو، یان وادەربکەوێ کە ئەو جیاوازییە هەندەکییە سەر ئاو کەوتووە، ئەوە لە چوارچێوەی جیهاندیدە گشتییەکەدا لەیەک چوون و نزیکییەکی سەرنجڕاکێش لەنێویاندا بەرچاو دەکەوێ. ئەو جیاوازییە پتر لەوەدا دەرکەوتووە کامیان بە بنەڕەت و کامیان بە لق و یاریدەدەر دابنرێ، ژیر، یان سرووش، فەلسەفە، یان لاهووت؟! لە جیهاندیدی دونز سکوتسدا ئەو لایەنە بە تەواوەتی هەست پێ دەکرێ. سکوتس ئەگەرچی خۆی لاهووتییە پتر لەوەی فەیلەسووف بێت هەوڵی داوە و لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە، فەلسەفە و لاهووت، هەر نەبێ لە بابەتەکانیاندا کە سەرگەرمی توێژینەوەیان بووە، لە یەکتریان دابڕێ و جیایان بکاتەوە. ئەو کۆششە سەرکەوتووەی کردوویەتی و لە مێژووی فەلسەفەدا بۆی تۆمار کراوە لەسەردەمی خۆی و دواتر ئەنجامی ئەوپەڕی گرینگی لێکەوتۆتەوە. بەلای سکوتسەوە میتافیزیک و فیزیک و لاهووت سێ بابەتی ناوەڕۆک و ڕوخسار لە یەکتری جیاوازن، بۆیە دەبێ

لەیەکتری دابپرێن و جیابکرێنەوە. لاهووت بەپێچەوانەی دووەکەی ترەوە بابەتێکی پراکتیکی کردەکییە پشت بە سرووش و بڕواو باوەڕ دەبەستێ و پەنا دەباتە بەر ویست و ئیرادەی مرۆڤی ئیماندار. لاهووت فەلسەفە نییە و هیچ دیسپلینێکی تیۆرییانە نییە، بەڵکو بریتییە لە دیسپلینێکی کردەکی پراکتیکییانە، بەپێی بنەماکانی سرووش شتێک ناداتە دەست سروشتێکی زانینی هەبێ، بەڵکو شتێک دەڵێ: مرۆ چی بکات. لاهووت و سرووش هیچ جۆرە زانیارییەکی میتافیزیکی نادەنە دەست، بەڵکو چەند بەهایەکی کردەکی بە مرۆڤ دەبەخشن، لێرەوە فەلسەفە ئەو ئامرازە، ئەو بابەتە نییە کە لە کاروباری لاهووت و ئایین و بڕوادا پەنای بۆ ببردرێ و پشتی پێ ببەسترێ، ڕاستە فەلسەفە و فەیلەسووفان باسی ڕەب و ژیان و مردن و گیان دەکەن، بەڵام ئەو چەمکی (ڕەببە)ی فەلسەفە گەڵاڵەی کردووە و دەیخاتە پێش چاو بەهیچ جۆرێک بایەخ و واتا و دەلالەتێکی لاهووتی ئایینی نییە(٤) بەم پێیە سکوتس زیرەکانە کێشەی پێوەندی نێوان ژیر و بڕوا، فەلسەفە و لاهووت و ئایینی بەلایەکدا خستووە کە دواتر بزاڤێکی لێکەوتەوە بەتەواوەتی بیروبۆچوونی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بزووتنەوەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و فەلسەفە.

جیاکردنەوەی فەلسەفە لە لاهووت و کێشانی سنووری نێوانیان بە بڕیارێکی زیرەک و بوێرانەی سەردەمی خۆی دادەنرێت. بڕیارێک ڕاست و دروست کێشەیەکی هەڵبەستراوی ئەوتۆ کە پشت ئەستوور نییە بە هیچ بنەمایەکی ژیر و مەنتیق، هەوڵ بدرێ بە مەنتیق و ژیر پاساو بدرێ، بەلایەکدا خستووە بڕواوئیمان کارێکی تاکەکەسییە و توندوتۆڵ بە هەست و نەست و ویست و ناخی دەروونی ئەو کەسەوە بەندە کە باوەڕی پێ هێناوە. هیچ هێزێک نییە بتوانێ بابەتێکی ناژیرەکی ناخ و دەروون بە بنەماکانی ژیر ساغ بکاتەوە.

زاڵ کردنی بابەتێک لەو دوو بابەتە بەسەر ئەوی تردا بەهیچ شێوازێک پاساو نادرێ، ئەو پرۆسەیە خۆی لەخۆیدا مەبەست و ئامانجی پێشییانەی هەیە و لای تەرازووەکە بە لایەکدا لاسەنگ دەکات بۆ سوود و قازانجی ئەو مەبەستە خۆی. مرۆڤ ئەگەر لەناخی دڵ و دەروونیدا بڕوای بە شتێک هێنا هیچ بەڵگەیەکی ژیر و مەنتیق گەرمی و تەوژمەکەی سارد ناکاتەوە و دڵی بڕوایەکەی کرمێ نابێ.

٢- سکوتس کە مامۆستای لاهووت بووە و لە سێ زانکۆی بەناوبانگی سەردەمی خۆی وانەی گوتۆتەوە (زانکۆی ئۆکسفۆرد، پاریس، کۆڵن) هەستی بەوە کردووە کە دەبێ دەربارەی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب کە بنەمای کڵێسە و لاهووت و ئایینەکەیەتی هەڵوێست دیاری بکات، بۆیە لە سەرەتاوە پشت ئەستوور بە جیهاندیدی سانت ئۆگۆستین و دۆگمەکانی ئایین و کڵێسەکەی و پەنابردنە بەر فەلسەفەی ئەرستۆ، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش نەبووبێ، بەشدارییەک لەم بارەیەوە بکات. بەشدارییەکە کەم بوون و لاوازبوونی ڕۆڵی ژیر و بەهێز و پتەو بوونی بڕواوئیمان لە دەقەری بابەتەکانی ئایینیدا پێوە ئاشکرا و دیارە.

سکوتس ئەو بابەتەی بە دوو پرسیاری گرینگ و سەرنجڕاکێش دەست پێ کردووە:

**یەکەم**: مرۆڤ کاتێک ئەو پرسیارە دەکات: ئایا ڕەب هەیە؟ دەبێ لەپێشەوە بزانێ بەو پرسیارەی باسی چی دەکات(٥) و مەبەستی چییە؟

لە وەڵامدا لاهووتی سکۆتلەندی دەڵێ: پێویستە ئێمە لە سەرەتاوە بۆچوونێکمان Begriff دەربارەی ڕەب هەبێ چییە و چۆنە؟!

ئیتر چۆن مرۆڤ دەتوانێ بزانێ بوونەوەرێک هەیە ئەگەر لە پێشەوە و پێشەکی دەربارەی ئەوەی بوونەکەی گریمانە کراوە بۆچوونێک (چەمکێکی) نەبێ؟

**دووەم**: ئایا مرۆڤ لەو ڕەوشەی ئێستایدا پێویستی بەوە هەیە بە ڕێگای ڕێبازێکی تایبەتی، بە شێوازێکی سەرووسروشتییانە کە بەهۆی تیشکی ڕووناکی ژیر نەیتوانیبێ، تێبگەیەنرێت و ناخ و دەروونی ڕۆشن بکرێتەوە(٦)؟!

سکوتس بە تەواوەتی لەو باوەڕەدابووە کە مرۆڤ دەربارەی ڕەب و هەبوونی دەتوانێ دڵنیایی لەو کێشەیەدا بەدەست بهێنێ، بەڵام بەلایەوە ڕۆڵی ژیر لەم بوارەدا لاواز و بێ سوودە، بۆ نموونە هیچ گومانێک هەڵناگرێ بابەتی سێ ڕەنگی ڕەب، دەسەڵات و توانا لە ڕادە بەدەرەکەی، بێ کۆتایی و بێ سنوورییەکەی، هەبوونی هەمیشەیی بێ پابەند بوون بە کات و شوێنەوە چەند دەستەواژەیەکن بە ژیر ناکرێ هیچ شتێک لە بارەیانەوە

بڕیار بدرێ و ناشــچنه خــانەی دەســـتــەواژەکـــانی میتافیزیکەوە، چونکە میتافیزیک بابەتی ناوەندی خۆی هەیە کە بریتییە لە بوونی بوونەوەر لەوەدا کە هەبووە و بوونەوەرە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەهزری مرۆڤدا دێت بەو جۆرەیە: سکوتس دەیەوێ فـەلسـەفـە و ژیر و لۆژیک لە کـایە و پاوانی لاهووت و بڕواوئیمان بەدوور بگرێ، ئینجا هەوڵ بدات بە «سەلمێنە و بەڵگەی بڕوا» بوونی ڕەب و نهێنی و دۆگمەکانی کڵێسە و ئایینەکەی پشت ڕاست بکاتەوە، دەبێ بەڵگە و سەلمێنەیەک پشت بکاتە ژیر و لۆژیک چ بەڵگەیەک بێت و چ بایەخێکی ڕاستەقینەی هەبێت؟! ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب بۆ ئیماندار هیچ بایەخێکی نییە، چونکە ئیماندارەکە خۆی هەر لەسەرەتاوە گومانی لە بوونی ئەو ڕەببە نەبووە.

٣- ئەگەر ڕەب بابەتی یەکەم و سەرەکی لاهووت بێ و ڕەبی فەلسەفە بە «بوونەوەری یەکەم» ناوببرێت و ئەو دوو ڕەببە، ڕەبی لاهووت و ڕەبی فەلسەفە لە یەکتری جیاوازبن، دەبێ ئەو بەڵگانە کامانە و چۆن بن کە لاهووتی بەناوبانگ سکوتس بۆ ساغ کردنەوەی بوونی ڕەبی لاهووت هێناونییەوە؟! ئەگەر مرۆڤی ئاسایی بەلای لاهووتەوە بوونەوەرێکی بوون سنووردار و کۆتایی بێت و توانا و هێزی ڕادەیەکی دیاری کراویان هەبێ و لە بەرانبەردا ڕەب بوونەوەرێکی ڕەهای دەسەڵات و توانا بێ سنوور و بێ کۆتایی بێت، چۆن و بە چ ئامرازێک دەکرێ و لە توانادا دەبێ ئەو کەلەبەرەی نێوان «کۆتایی و بوونەوەری بێ کۆتایی» پڕ بکرێتەوە و پردی پێوەندی ناسینی بوونەوەرە ڕەهاکە و ساغکردنەوەی بوونەکەی هەڵبەسترێ؟! لەسەرەتاوە بەلای سکوتسەوە دەبێ زمانی ئاخافتن مشتوماڵ بکرێت. ئەگەر لە میتافیزیکدا بوونەوەری یەکەم هەبێ لە لاهووتدا ئەو بوونەوەرە بە «بوونەوەری بێ کۆتایی» Unendliche Seiende ناودەبرێت. ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دووبارە یەخەی مرۆڤ دەگرێتەوە ئەوەیە: ئایا ئەو دوو بوونەوەرە (یەکەم و بێ کۆتایی) بە ڕاستی بوونەوەری ڕاستەقینەن، یان دوو چەمکن بە هزری مرۆڤدا هاتوون و بە دەستەواژە و ڕستە دەربڕیون؟ دەکرێ مرۆڤ بە تایبەتی بوونییە گیانییە- هزرییەکە وا هەڕەمەکییانە دابەش بکات، بەشێکی ژیرەکی و بەشێکی ناخ و دەروون و دڵ کە مەڵبەندی بڕواوئیمانە؟! دەکرێ ئەو دوو لایەنە هەروا بە ئاسانی لە یەکتری دابڕین، بەبێ ئەوەی کار لە یەکتری بکەن و پریشکی یەکتریان بەربکەوێ؟! من وای بۆ دەچم، هزرمەند، فەیلەسووف و لاهووتی پەنا بەرێتە بەر هەر ئامراز و مەڵبەندێک بەهیچ جۆرێک لە سنوور و بازنەی مرۆڤییەکەی ناچێتە دەرەوە و ئەوی بیکات و بیڵێ و بیری لێ بکاتەوە هەر لەو سنوورە ناچێتە دەرەوە. بەزاندنی ئەو سنوورەی توانای هزر و ژیر و هۆشی مرۆڤ بە هەر بیانوویەک بێت و لەژێر هەرناو و بابەتێکدا بێت لە دەربڕینی هەست و نەست و ئاوات و ئامانج بەولاوە نابێ. ڕاستی هەڵکەوتی لە ئارادابوو لە توانادا بوو شتێکە و ئاوات و مراز و ئامانج شتێکی ترە و مرۆڤ بە ئاسانی جڵەویان بۆ شل دەکات. ئەو جڵەو بۆ شل کردنە لە پێشێل کردنی بنەماکانی ژیر و مەنتیق بەولاوە شتێکی تر نییە.

٤- سکوتس لە سەرەتادا بۆ سەلماندنی بوونی ڕەب بەو پرسیارە دەستی پێکردووە: ئایا لەنێو بوونەوەراندا بێ کۆتاییەکی هەبووی ڕاستەقینە هەیە، یان نا..؟

لەتاووتوو کردنی ئەم پرسیارەوە دەچێتە سەر سەلمێنەی ئۆنتۆلۆژی سانت ئەنسلم کە بوونی بیرۆکەیەک دەربارەی بوونەوەرێکی تەواوەتی کامڵ لە مێشکدا دەکات بە بنەما و بوونی ڕەببی لە دەرەوەی مێشک و ناخی مرۆڤدا پێدەسەلمێنێ. بەلای سکوتسەوە ئەو سەلمێنەیە ڕاستە، بەڵام لە خۆیدا ڕوون و بێگەرد نییە و ناکرێ بە شێوازی پێشییانە apriori پشت ڕاست بکرێتەوە، چونکە ئەو دەستەواژەیە: بوونەوەرێکی بێ کۆتایی و بێ سنوور، یان ڕەب هەیە پێویستی بە سەلماندن هەیە، چونکە ئەو ڕستەیە کە بوونێک دووپات دەکاتەوە وەک ئەنجام بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و پێشییانە لە گوتە و چەمکەکەوە ناکەوێتەوە، لێرەدا دوو ڕێگا لەبەردەمدایە:

**یەکەم**: بڕواوئیمان بە بوونەکەی بهێنم لەوکاتەدا پێویست بە ساغ کردنەوە ناکات.

**دووەم**: بەڵگەی ساغ کردنەوەی بهێنمەوە.

بەهیچ جۆرێک ئەو چەمکەی ئەو بوونەوەرە دەردەبڕێ سادە و ساکار و بێ ناکۆکی نییە، کەوا بوو دەبێ ئەو بوونە بە سەلمێنەیەکی پاشیانە aposteriori پشت ڕاست بکرێتەوە. دەبێ داهێنانەکانی ڕەب بکرێن بە بنەما کە خۆیان کار و داهێنانێکی ڕەبن و بوونەکەی پێ ساغ

بکرێتەوە(٧).

سکوتس ئەگەرچی لەبیرکردنەوەکانیدا ئەوپەڕی وردەکاری و وەستایی بەدی دەکرێت، بەڵام لە بەڵگەکانیدا کە هێناونییەتە شتێکی نوێ بەدی ناکرێت. ئەو بەڵگانەی پشتی پێ بەستوون سێ جۆرن:

**یەکەم**: بەڵگەی هۆیەکی.

**دووەم**: بەڵگەی ئامانجەکی سروشت و گەردوون.

**سێیەم**: بەڵگەی پلەکانی کەماڵ و تەواوێتی و(٨) شکۆمەندیی. Erhabenheit.

بەو سێ بەڵگەیە ئەو لاهووتییە وردەکار و ژیرە ویستوویەتی بوونی ڕەبی مەسیحی کە بە بێ کۆتایی و یەکتا، بەڵام سێ ڕەنگی هەیە «باوک، ڕۆڵە، گیانی پاک» ناسراوە، ساغ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی داوە پشت ئەستوور بە چەند بنەمایەک چەندین دەستەواژە وەک پێشەکی و بنەما ڕەنگ بڕێژێ، کە تایبەتمەندی ناچارەکی و ئەوپەڕی ڕوون و ڕەوانیان تێدا بێت و بوونی ڕەب وەک گەوهەری یەکەم و ئەوپەڕی گەوهەری بەرز بەشێوازێکی ناچاری لێیان بکەوێتەوە، ئینجا ئەو سێ بەڵگەیە سێ یەکەی تایبەتمەندی لە یەک گەوهەرا خەست بکەنەوە کە بە هۆی ویست (ئیرادە) و تێگەیشتنی Verstand ڕەببەوە بێ کۆتایی و بێ سنووری ڕەب کە مایەی تاکە بوونەکەیەتی پشت ڕاست ببێتەوە.

لە بەڵگەی هۆیەکیدا «بە دواداهاتنی ئەنجام و کەوتنەوەی لە هۆکارەوە» سکوتس دەڵێ: شتێک دەکرێ دابهێنرێ و وەک ئەنجامێک بکەوێتەوە. ئەو شتە، یان خۆی هۆکاری خۆیەتی و خۆی داهێناوە، یان لە هیچەوە کەوتۆتەوە، واتا هۆکارەکەی هیچ بووە، یان لە هۆکارێکەوە کەوتۆتەوە کە هۆی داهێنان و پەیدابوونەکەیەتی، گریمانەی یەکەم و دووەم ناگونجێن، چونکە بەهیچ بنەمایەک پشت ڕاست ناکرێنەوە، کەوابوو داهێنانەکە لەهۆکارێک کەوتۆتەوە کە خۆی هۆکاری داهێنانی هەموو داهێنراوێکە و خۆی هیچ هۆکارێکی نییە. یەکەم هۆکار کە هۆکاری تری لە پێشەوە نەبووبێ لەوانی تر کاملتر و تەواوترە، زنجیرەکەش بێ بڕانەوە بەردەوام نابێ، بۆیە دەبێ هۆکاری یەکەم هەبێ کە بێ سەرەتایە و هەموو بوونێک لەوەوە و بەو دەستی پێکردووە و خۆی سەر بە داهێنراوەکان نییە و لەوان جیایە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت، داهێنراوەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە، ئەگەر مرۆڤ بە زمانی فەلسەفەی ئەو سەردەمە بئاخڤێ، داهێنراوی ڕووکەش akzident داهێنراوی گەوهەری essentiell ئەم دووانە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا لەیەکتری جیان، باشە ئەو زنجیرەی هۆکار و ئەنجامە هەردوو داهێنراوەکە وەک یەک و بەبێ جیاوازی دەگرێتەوە؟!

٥- سکوتس دوای ئەوەی ساغی کردەوە کە ڕەب وەک یەکەم هۆکاری داهێنەر (Wirkursache) هەیە، هەوڵ دەدات بوونەکەی وەک هۆکاری ئامانجەکی پشت ڕاست بکاتەوە (Zielursache). ئەگەر ڕەب یەکەم هۆکاری داهێنەر بێت، دەبێ هەر خۆیشی ئەو ئامانجە بێت کە هەموو شتێک هەوڵی بۆ دەدات. بە هەمان شێوازی هۆکاری یەکەم کە ناکرێ زنجیرەکە بێ پسانەوە بەردەوام بێت هۆکاری ئامانجەکیش هەروایە. ئەوی هۆکاری ئامانجەکییە ناکرێ بخرێتە ژێر ئامانجێکی ترەوە، چونکە ئەگەر وابێ یەکەم هۆکاری ئامانجەکی نابێت. ئەوەی کاریگەرە بەهۆی ئامانجێک کە هەیەتی ئەو تایبەتی و سروشتەی هەیە، بەڵام ئەوەی هۆکارێکی کاریگەری بوونەکەی نەبێ، ناکرێ دابهێنرێ و ئامانجێکی هەبێ، ئەوی یەکەمین هۆکاری ئامانجەکییە بە ناچاری دەبێ سروشتێکی هەبوونی هەبێ. ڕەب خۆی ئەو هۆکارەیە کە ئامانجی هەموو شتێکە.

دەربارەی بەڵگەی کەماڵ و تەواوەتی سکوتس بە هەمان شێواز هەوڵ دەدات ساغی بکاتەوە کە بوونی ڕەب لەوە دەکەوێتەوە کە ئەوپەڕی تەواوەتییە، بێ کەموکوڕی و کاملە و کەماڵی تەواوەتییە. ئەوی سروشتی تەواوەتی و کەماڵی هەبێ، دەبێ بوونیشی هەبێ، چونکە تەواوەتی و کەماڵ بەبێ بوونی ڕاستەقینە نابێت و ناگونجێ(٩).

٦- خەسڵەت و تایبەتمەندی و (سیفەتەکانی) ڕەب بابەتێکی تری سەرنجڕاکێشن لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و ئایینەکانی تردا. ئەو خەسڵەتانە بەگشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە:

**یەکەم**: ئەوانەن کە ئایینەکان بەگشتی و لاهووت بە تایبەتی داویانەتە پاڵ ڕەب.

**دووەم**: ئەوانەن کە فەیلەسووفەکان لەکاتی باسکردنی ڕەبدا وەک ئەنجامێکی توێژینەوەکانیان- پشت ئەستوور

بەژیر- بە خەسڵەت و تایبەتمەندی «ڕەب»یان داناوە.

ئایینی مەسیحی کە بڕواو سەرچاوەی لاهووتی سکوتسە، هەردووکیان بەهەماهەنگی پێکەوە وێنەیەکیان دەربارەی ڕەبی مەسیحییەکان کێشاوە، چەند خەسڵەتێکی هەیە وەک: توانای لە ڕادە و سنوور بەدەرە، لە هەموو جێگا و سەردەمێکدا هەیە، دادپەروەرە، بە ڕەحم و بەزەییە(١٠)، داهێنەرە و بە تەنگ داهێنەرەکانەوەیە، ئەگەرچی ئەم خەسڵەتانە بابەتی بڕوا و باوەڕ و ئیمانن و بەهیچ بنەمایەکی ژێر پشت ڕاست ناکرێنەوە- ئەگەر نەگوترێ چەند گریمانەیەکن لە چوارچێوەی بڕوا و مرۆڤی ئیماندار ناچنە دەرەوە- ئەوە کێشەیەک دێنێتە ئاراوە کە خۆی لەسەر شێوەی پرسیارێکدا بەرجەستە دەکات؛ ئایا ئەم خەسڵەتانە بەشێکن لە خودی ڕەب، یان نا؟ ئەگەر بەشێک بن سادەیی و ساکاری ڕەب تێک نادەن و نابنە مایەی ئەوەی ڕەب بەو جۆرە سەرنج بدرێ کە فرە ڕەنگە؟ بە واتایەکی تر ئایا ئەو تایبەتمەندییانەی کە لێرەدا بە خەسڵەت (صفات) ناوبراون بەشێکن لە گەوهەری ڕەب، یان نا؟ وەڵامەکە بە هەر جۆرێک بدرێتەوە کێشەیەکی تری لێدەکەوێتەوە لە کێشەی خەسڵەتەکان ئاسانتر و ساکارتر نییە ئەگەر ئاڵۆزتر نەبێ، چونکە بەهیچ هێز و توانایەکی مرۆڤ ناتوانرێ بە تەواوەتی بە لایەکدا بخرێ. ئایا ئەمە لە خۆیدا کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، یان هزر و بیروبڕوای مرۆڤ خۆی داهێناوە؟!

جۆری دووەمیان ئەوانەن کە فەیلەسووفە لاهووتییەکان ناویان هێناون وەک: ڕەب یەکەم هۆکاری کاریگەرە، دوا ئامانجی دووری هەموو بوونەوەرێکە، ئەو بزوێنەرەیە کە خۆی نابزوێ، کەماڵ و ئەوپەڕی تەواوەتییە، یەک ڕەنگ و یەکتا و سادە و ساکارە. ئەو دوو جۆرە خەسڵەتانە کە دراونەتە پاڵ ڕەب ئەو دوو ڕەنگییە ساغ دەکاتەوە کە لە جیهاندیدی سکوتسدا بەرجەستە بووە هەڵوێستی ئایین و بڕوا لەلایەک و هەڵوێستی فەلسەفە و ژیری و مەنتیق لەلایەکی ترەوە.

مرۆڤ کە لەو بابەتانە ورد دەبێتەوە دەگاتە ئەو ڕادەیە وای بۆ بچێ گریمانەکان لە خۆیاندا لە ڕیزکردنی وشە بەو لاوە نین، چونکە لەم گریمانانەدا وشە لەگەڵ واتا جێگۆڕکێ کراون.

## زمان و تاک و کۆ
## هەندەکی و هەمەکی

١- بوونی فرە ڕەنگی و یەک ڕەنگی لە ژیان و بوون و جیهاندا کە بە تەواوەتی لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە و ڕستە و دەستەواژەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە، کەرەسەیەکی بە بڕشت و بەپێزی توێژینەوەی قەڵەمی فەیلەسووف و لاهووتییەکان بووە، کامیان بنەڕەت و کامیان پاشکۆن؟ فرە ڕەنگی، یان یەک ڕەنگی لە سروشت، ژیاندا، هەندەکی و هەمەکی لە زمان و ڕستە و دەستەواژەکانیدا؟!

ئەگەر مرۆڤ سروشت و دەوروبەر پشتگوێ بخات و لە پێکهاتەی دەستەواژە و ڕستەکانی زمانی ژیانی ڕۆژانە ورد ببێتەوە جۆرە فرە ڕەنگییەکی سەرنجڕاکێش بەدی دەکات، وشە هەیە خۆی لەخۆیدا بەپێی پێکهاتە و ڕۆنانەکەی تاکە، بەڵام واتا و دەلالەتی کۆدەبەخشێ. ئەمە چی دەگەیەنێ؟ ئایا ئەو وشەیەی نێو ڕستەی زمان سیمبۆلێکە هەڵکەوتێک کە لە ژیان و دەوروبەردا هەیە بەرجەستە دەکات؟ یان خۆی لەخۆیدا واتایەکی گشتی هەمەکییە چەند تایبەتمەندییەکی گەوهەریی کە سروشتی بابەتەکە نیشان دەدەن کۆی کردوونەتەوە و دوای جیاکردنەوەیان لەو جیاکارانەی تاکەکانی بابەتەکە لە یەکتری دادەبڕن بە پرۆسەیەکی پەتی کردن کە بەلاتینی ئەبستراکتی پێ دەگوترێ لە دوو توێ و چوارچێوەی ئەو وشە بە ڕوخسار گشتییە هەمەکییەدا دایڕشتوون؟! ئەگەر وەڵامەکە (ئارێ- نارێ) بوو ئەو ئەنجامانەی دەکەونەوە چین و چۆنن؟! سکوتس لەو کایە و دەقەرەدا دەست ڕۆیشتوویی خۆی نیشان داوە، بە تایبەتی لەو هەوڵەیدا داویەتی و بۆ ڕەنگڕشتنی تیۆری هەندەکی و تاک (Individualitat) ئەو لەبەردەم دوو ڕەوشی جیاوازدا بووە:

**یەکەم**: تایبەتمەندی لە جیهانی بوونەوەردا.

**دووەم**: گشتی و هەمەکی لە جیهانی چەمک و بۆچووندا.

### زمان

ئەو دوو ڕەنگییەی هەڵکەوت و زمان سێ ڕێتێچوونی لێدەکەوێتەوە تای تەرازوو بەلای هەر کامێکیاندا لاسەنگ بکرێت جیهاندیدەکەی دیار و دەستنیشان

دەکات:

**یەکەم**: کێشەکە لەخۆیدا کێشەیەکی زمانە، چونکە پێکهاتەی ژێر و هزری مرۆڤ بەو جۆرەیە کە دەبێ لەژێر هەمە ڕەنگیدا جۆرە ڕێکوپێکی و هارمۆنییەک بە هزر و زمان لە بووندا گریمانە بکات.

**دووەم**: ئەو هەمەکییە گشتییانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە و ئەو بوون و ڕۆڵە لە هی تاکە هەندەکییەکان کەمتر نییە.

**سێیەم**: ئەو چەمکە هەمەکییە گشتییانە (مرۆڤ، زیندەوەر، ئەسپ..) لە چەند وشە و چەمک و ناوێکی گشتی بەولاوە شتێکی تر نین و بەهۆی پەتی کردن و گشت کردنەوە بە (ئەبستراکت) ڕۆنراون و بوونێکی ڕاستەقینەیان نییە، ئەوی هەیە تاکەکانن، ئەو چەمکانە تەنیا لەنێو ڕستەکانی زمان و لە ناخ و مێشک و هزری مرۆڤدا هەن.

٢- مرۆڤ دەتوانێ لە بابەتی تاک و کودا (لە بۆچوونی تاک و گشتیدا) سکوتس بە ڕیئالیست بە واتای سەدەکانی ناوەڕاست دابنێ، بەلایەوە ئەوی ڕاستەقینەیە تاکە و چەمکە گشتییەکان لە بۆچوونی ناو مێشک و دەربڕینەکەی لە زماندا بەو لاوە نین، هەروەها لەو باوەڕەدا بووە کە بەهیچ جۆرێک تاک ناچێتەوە سەر هەمەکی گشتی و نە لە بوونی مادده و لە فۆرمەکەی کەوتۆتەوە. لەو سەردەمەدا وا باو بووە کە بوونی مادده وەک کەرەستەیەک کە ئامادەیە ڕوخسار و فۆرمێک وەربگرێ ئینجا بخرێتە خانەی بوونی ڕاستەقینە و دیاریکراوەوە، هۆکاری پەیدابوونی بۆچوونی تاک و چەمکە گشتییەکەیەتی. بوونی ڕاستەقینەی تاک هیچ لە بوونی ڕاستەقینەی گەوهەری ماددەیی کەمتر نییە(١١). ئەو بۆچوونە دواتر لەلای ئۆکام بەتەواوەتی خەتوخاڵی داوە.

### ویستی ئازاد و ئاکار

١- بابەتی ویستی ئازاد و ئاکار و ئۆباڵی ئەستۆ و دادپەروەری چوار بابەتن، ئەگەرچی هەریەکە سەربەخۆ دێتە بەرچاو، بەڵام بەڕاستی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا توندوتۆڵ بەیەکەوە بەسترانەتەوە. هەر لەسەردەمی «یۆنانی کۆن»ەوە هەست بەو لایەنە کراوە و لە فەلسەفەی سێ ئایینەکەدا پتر گەرموگوڕی بە بەردا کراوە، چونکە بووە بە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفە و لاهووت. دوور نییە لێرەدا گازندە و ڕەخنەیەک بەرانبەر بەو بابەتە لە چوارچێوەی ئەو پرسیارەدا بێتە کایەوە: ئایا ئەو بابەتە وەک زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی لاهووت دروست کراو نییە و ئەنجامێکی لۆژیکی نییە لەو گریمانانە کەوتبێتەوە کە ئایینەکان بۆ چەسپاندنی جیهاندید و دۆگم و بنەماکانی بڕواوئیمانیان کردوویانن؟! ئەگەر نا ئەو بابەتە نە بەهێز و توانای مرۆڤ بە لادا دەخرێ و نەتوزقاڵێک باری سەختی ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمانەی سووک کردووە!؟

ئەو پرسیارە کاڵ دەبێتەوە و ڕاستی خۆی لە دەست دەدات، ئەگەر هەلومەرجی سەردەمی سەرهەڵدانەکەی لە چوارچێوە مێژووییەکەیدا لەبەرچاو بگیرێت. هەرسێک ئایینەکە ناچارییەکی (حەتمیەتێکی) مێژوویی بوون و هەر دەبوو بێن و بڵاو ببنەوە. کەسێک لاری لەوە نییە کە ئیسلام بە شێوەیەک لە شێوەکان سیستمی کۆیلایەتی هەڵوەشاندەوە، بەندەکانی کە دەبوون بە موسڵمان ڕزگار کرد و لە دواییدا- بە تایبەتی لە سەردەمی عەبباسییەکاندا- سیستمی دەرەبەگایەتی دروست کرد، ئەو گۆڕینەی قۆناغی کۆمەڵگا لە کۆیلایەتییەوە بەرەو دەرەبەگایەتی ئەرکێک بووە لەو ئەرکە مێژووییانەی بە فاکتەرێکی دیاریکراو سپێردراوە، ئەو فاکتە لەو سەردەمەدا نەکراوە و لە توانادا نەبووە لە ئایینێکی دیاریکراو بە دەر بێت.

٢- لە چەند دەقێکی ئایینیدا بە تایبەتی لە تەوراتی مووساییدا کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئایین و لاهووتی مەسیحییە و ئینجیل «گوایە» تەواوکاریەتی، هەروەها لە چەند ئایەتێکی قورئاندا، دوو جۆر بۆچوون سەرنجڕاکێشن، لەیەکێکیاندا مرۆڤ ئازادە و لەوی تریاندا هەموو شتێک لەناو چاوانی نووسراوە. ئەو بابەتە کاتی خۆی بە (قەزاو قەدەر) و بە (چارەنووس و قەدەر) Fatalism ناوبراوە.

ئەو کێشەیەی لێرەدا ڕووبەڕووی لاهووتیە مەسیحییەکان بۆتەوە ئەوەیە:

- گومان لە دادپەروەری ڕەب ناکرێت، ئیتر دەبێ مرۆڤ ئازاد بێ بۆ ئەوەی لەو کارانەی کردوویەتی ئۆباڵ بکێشێ و بچێتە ژێر ئەنجامەکانیانەوە بە چاکی و بەدکارییانەوە. ئەوی لێرەدا وەک پرسیار دێتە بەردەم:

ئایا ئەو ئازادییەی مرۆڤ لە کار و چالاکی و بڕیاردانیدا لەگەڵ دەسەڵات و هێزی بێ سنوور و بەلایەکدا خەرانە و چارەنووس و داهێنانی ڕەببدا دەگونجێ و دێتەوە؟! ئەگەر مـــرۆڤ لەوەی دەیکات ئازاد بێ، ئەی ڕۆڵی ڕەب چی دەبێ؟! ئەگـەر وەڵامـەکـە بە نەء بێت، گـریمانەی دووەم دەبێ بەم جۆرە بێت:

– ئەگـەر مـرۆڤ ئـازاد نەبێت و هەمـوو شـتێک لەناو چاوانی نووسرابێ، چۆن لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ؟ ئایا سـزادانی مـــرۆڤ لەســەر کـــارێک کـــە لە چارەی نووسرابێ لەگەڵ دادپەروەری ڕەب دەگونجێ و دێتەوە؟! ئەوی لێرەدا سـەرنج بۆ لای خـۆی ڕادەکـێـشێ زیرەکی لاهووتییەکانە لە چۆنیەتی داڕشتنی پرسیارەکان– لە چوارچێوەی بەکارهێنانی زماندا– ئینجا پێناسەکردن و تاووتوو کـردنی وشـە و ئامـانج و مـەبەسـتی بابەتەکـە بەجـۆرێک کە بابەتە کـێـشە ئاسـاکـە تاڕادەیەک کـاڵ ببێـتـەوە و جـۆرە ئەنجـامـێکی لێ بکەوێتـەوە لەگـەڵ دۆگمەکانی ئایین کە گریمانەی دادپەروەری ڕەب و توانا و هێز و دەسەڵاتە لە سنوور بەدەرەکەی کـردووە، بێتـەوە، جگە لەوەی جۆرە ئازادییەکی ئەوتۆ ئیتر ڕوخسارەکی و دەڵەمەیی بێ، یان تەنیـا هەر جـۆرە دەربڕینێکی وشـە و زمان بێت بە مرۆڤ ببەخشرێ.

پێش سکوتس لە فـەلسـەفـە و زانسـتی کـەلامی ئیسـلامـدا ئەو بابەتە بە تیـروتەسـەلی باس کـراوە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتانە وەرگـێـڕدراونەتە سـەر زمـانی لاتینی و بەپێی سـەرچاوەکـان ئەو لاهووتییـە مەسیحییە چاوی پێیان کەوتوون، سانت ئۆگۆستین و تۆماسی پاک لە هەمـان مـەیداندا ئەسپی قـەڵەمیـان تاوداوە، بۆیە دەکرێ بوترێ سکوتس کۆی جیهاندیدێکی فـرە ڕەنگ و تێروتەسەل و بە پێـزی لەبەردەسـتدا بووە، ئەگەر پەسندیشی نەکردبێ، بێ سێ و دوو کردن ئەوپەڕی سوودی لێ وەرگرتووە.

٣– سکوتس بۆچوونێکی تایبـەتی خـۆی لەم بارەیەوە هەبووە، بەڵام بۆچوونەکـە بە تەواوەتی لە چوارچێـوەی پێوەندی نێوان بڕوا و ژیر، فەلسەفە و لاهووتدا ڕەنگی داوەتەوە. جگە لەوەی بنەڕەتەکـانی مـەزهەبەکـەی کـە فـرەنسیـسـکان بـووە لەبەرچاو گـرتووە. بە بۆچوونی ئەم کەڵە لاهووتییە:

کرداری مرۆڤ دەکرێ بە دوو بەشەوە:

– کـردارێک کـە لە هێـزێکی پاڵنەری زگـمـاک -in stinktiv دەکەوێتـەوە و هیـچ جۆرە بڕیار و ویسـتـێکی پێشیـیانەی تێدانییە. جا ئەو کارە بە مەبەست و نیازی چاک و چاکەکاری کرابێ، یان نا. ئەو هۆکارە سروشتییە پاڵنەرە جێ دەسـتی ویسـتی ئازادی پێـوە دیار نییـە لە زمـانی عـەرەبیـدا وشـەی (غـەریزەی) بۆ دانراوە، جـۆرە ئاراستەیەک نیشان دەدات.

– کـردارێک کـە مـرۆڤی ژێر ئازادانە بڕیاری کـردنی دابێ(١٢) جـا ئەو کـارە چاکـەکـاری، خـۆشـەویسـتی، بڕوابوون و خـۆشـەویسـتی ڕەب بێ، یان بە پێـچـەوانەوە بێ.

کـرداری یەکـەم کـە ئاراسـتـەکـەی دیار بێ، جـۆرە ناچارییەک نیشان دەدات هەروەک ئەوەی هۆکاری پاڵنەر ئامانجەکەی بۆ دیار و دەستنیشـان کردبێ، بەڵام کرداری پشت ئەسـتـوور بە ویسـتی ئازادی هەڵبژاردن و بڕیار و دەستنیشانکردنی تێدا بەدی دەکرێت. دەکرێ لە یەکەمدا سـوود و قـازانج دەور و ڕۆڵی بەرچاو بگێـڕن، بەڵام لە دووەمیاندا ئازادی بڕیاردان جێگای سوود و قازانجەکەی گرتۆتەوە. بەم پێیە لێپرسینەوە و چوونە ژێر بار و ئۆباڵ گرتنە ئەستۆ دێتە پێشەوە. ویست لەو ڕەوشەدا دەسەڵاتی ژێر دەخـاتە لاوە و بڕیار دەدات کـارەکـە بکات، یان نا، بڕیارەکـە ئارێ بێ، یان نارێ. هەر خـۆشی بەبێ ئەوەی کاری تێبکرێت جیاوازی لەنێوان چاکەکاری و بەدکاریدا دەکات و تای تەرازوو بەلایەکدا دەشکێنێتەوە. ئەگەر ئەو بۆچوونەی سکوتس پەسند بێت کـە ویست لەو کـارەیدا ئازادە و پەکی لەسـەر فـام و ژیر نەکەوتووە و بگرە خـۆی بەبێ زمان و بڕیاری ئەوان هەڵبژاردنەکـە دەکات، ناکرێ مرۆڤ بپرسێ و بڵێ، باشە هەڵبژاردنی ئەو چاکەکارییە و بەلانانی بەدکـاری جۆرە ئامـانجـەکـیـیـەک پشت ڕاست دەکـاتەوە کە لە چوارچێـوەی سـوود و قـازانج و ئامـانجدا (Final) خۆی دەبینێتەوە؟ دەکرێ ئەو پرسیارە بەوە کاڵ بکرێتـەوە کـە بوترێ: ویسـتی ئازاد ئەوەیە کـە ئازادی بڕیاردانی تێدا بێت.

هەویری ئەو بابەتە ئاوێکی زۆر دەکێشێ و کێشەکەی ئەگـەرچی ئایین خـۆی دروسـتی کـردووە، بە ئاسـانی بەلایەکـدا ناخرێ، ئایا ئەگـەر مـرۆڤ کـاری بەد ناکـات لەوەوەیە کـە بەدکـاری لەخـۆیدا پەسند نیـیـە و بە پێچەوانەی بنەماکانی مرۆڤایەتی مرۆڤەوەیە، یان لەبەر

ئەوەیە کە بەدکاری بەپێی بنەماکانی ئایین و یاسا قەدەغە و ڕێگا نەدراوە و سزای بەدوادا دێت؟!

سکوتس وەک فەیلەسوفەکانی پێش خۆی باسی پێوەندی نێوان ژیر و تێگەیشتن و ویستی کردووە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەوە، بەتایبەتی بە پێچەوانەی تۆماسی ئەکوینی پاکەوە، لەو باوەڕەدا بووە، بگرە بە تەواوی باوەڕی وابووە کە ویست (ئیرادە) ئازادە و پابەندی ئەو بڕیار و بۆچوونانە نییە کە ژیر دەیاندات و ڕەنگیان دەڕێژێ. ویست لە بەرانبەر بۆچوون و بڕیارەکانی ژیردا ئازادانە دەوەستێ و بەپێی ئازادی خۆی بڕیاری پەسندکردنی یەکێکیان دەدات، بەبێ ئەوەی پابەندی لایەنێک بێت، یان بەهۆی کارلێکردنی ژیرەوە، یان بەهۆی تێگەیشتن (فامەوە) ئەو هەڵبژاردنەی کردبێ.

هەر بەم پێیە ویستی ڕەب بە ویستی چاکەکاری دادەنێ و دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئەوەی ڕەب بیکات و بیخوازی لە خۆیدا چاک و باش و چاکەکارییە، بۆیە بەلای سکوتسەوە ڕەب داهێنانی بوون و جیهانی هەڵبژاردووە- بە ویستی ئازاد- نەک لەبەر ئەوەی بوون و جیهان لە خۆیاندا و کاری داهێنانەکە لە خۆیدا چاک و چاکەکارییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕەب خۆی بە ویستی خۆی ئەمەی ویستووە، بۆیە ئەمانە لە خۆیاندا باش و چاکە و چاکەکارین. هەر لەو بۆچوونەوە ویستی ئازاد و بڕیاری هەڵبژاردن و پەسندکردنی ئایین دەدات. بەلای سکوتسەوە ئەرکی سەرشانی مرۆڤە ئایینی هەبێ و بڕوای بە ئایین هەبێ، ئەگەرچی لەلایەن ڕەببەوە هاتووە و بڕیاری لەسەر دراوە (geboten).

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Hans Joachim Storig., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.307.**

**2- Dr. Paul Deussen., Die Philosophie des Mittelalters Leipzig 1915. S.445.**

**3- Johannes Hirschberger., Geschichte der Philosophie. Bd. I Komet. Koln 1980. S.539.**

**4- Franz Schupp. Geschichte der Philosophie. Bd.2. Christliche Antike Mittelalter. Meiner 2003. S.439.**

**5- F.C. Coplestion., Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Munchen 1976. S.208. ff.**

**6- Wilhelm Weischedel., Der Gott der Philosophen. WB. Darmstadt 1993. S.142.**

**7- Bohner, Phil. und GiLson, E., Christliche Philosophie. Bd. 3., Zweite Aflage. Paderborn 1954. S.573. ff.**

**8- Maurice De Wulf., Geschichte der mittelalterlichen Philosophie. Tubingen 1913. S.332. Par. 348.**

**9- Phil. Bohner und E. Gilson., Ebenda. 578.**

**١٠- يوسف كرم، تأريخ الفلسفة الاوروبية في العصر الوسيط، مكتبة الدراسات الفلسفية- دارالمعارف بمصر ١٩٥٧. ص١٩٢ فما بعد.**

**11- Phil. Bohner und E. Gilson., Ebenda. S. 585.**

**12- Maurice De Wulf., Ebenda. S.335.**

**13- Dr. Paul Deussen., Ebenda. S.446.**

# شەرم کردن لە ئازادی


**بەختیار محەمەد**


«هەرچەند پەرەستاندنی تاک کاراتر و باڵاتر بێت، هێندەش کەمتر پێویستی بەوە دەبێت، کە سنوور بۆ ئەوانی دیکە دابنێت، یان سەرکوتیان بکات» (١)

لە کتێبی «ڕاڤەی پراکتیکی بۆ کتێبی پیرۆز» و لە پێشەکی ڕوونکەرەوەی (بەناوی بابەتە سەرەکییەکانی) نامەی دووەمی پۆڵس بۆ تیمۆثاوس-ی هاوڕێی هاتووە و دەڵێ: «لەسەر تیمۆثاوس-ە، کە بەبێ ترس و بەبێ شەرمکردن درێژە بە ڕاژەی خۆی بدات و ڕووبەڕووی بەرگری و چەوساندنەوە ببێتەوە» (٢). لەم نامەیەدا پێنج جار وشەی (شەرم) بەکارهاتووە، ئەمەش دەلالەتی خۆی هەیە: دەلالەتی هەروەک لە پەراوێزی ڕاڤەکانیشدا هەروا دەڵێ «خەمۆکیانەی» نامەکە. چەمکی شەرم لەم نامەیەدا، کە پێنج جار هاتووە، ئاراستەی چوار حاڵەتی جوداواز کراوە: دوو جاران ئاراستەی تیمۆثاوس کراوە: «شەرم مەکە لەوەی، کە گەواهیدەری پەروەردگارمان بیت؛ شەرمیش مەکە لەوەی، کە من لە پێناو ئەودا بەندکراوم..» (٣) جاری سێیەمیش پۆڵس واتای ئەم چەمکە ئاراستەی خۆی دەکات و دەڵێ: «من دیسان لەپێناو ئەوەدا ئەم ئازارە دەچێژم، بەڵام شەرمیش ناکەم، چونکە دەزانم، کە باوەڕم بە کێ هەیە..» (٤). لە جاری چوارەمیشدا ئاراستەی ئۆنیسیفۆرس-ی دەکات و دەڵێت: «دەبا پەروەردگار بەزەیی بە ماڵباتی ئۆنیسیفۆرس-دا بێتەوە، چونکە گەلەک کەیف خۆشی کردم و شەرمیشی لەوە نەدەکرد، کە دەست و پێم کەلەپچە کرابوون، بەڵکو ئەوکاتەی کە لە ڕۆما بووم زۆر بەدووومدا گەڕابوو، تا دۆزیمیەوە» (٥)

لە جاری پێنجەمیشدا دووبارە ئەم چەمکە ئاراستەی نامە بۆ نێردراو (تیمۆثاوس) دەکاتەوە، کە دەڵێت: «تێبکۆشە خۆت پێشکەشی خودا بکەیت و لە ئەزموونەکەدا سەرکەوتوو بیت؛ کار بکە و هیچ شتێک مایەی شەرمکردن نییە، بە ڕێگای ڕاستیش قسەی ڕاست ڕوون بکەوە...» (٦).

بەپێی گوتاری (ناوەرۆکی) ئەم دەقانە پێدەچێت شەرمکردن، کە بنەمایە دەروونییەکەی حاڵەتی خەمۆکییە، ویستی ڕووبەڕووبوونەوە و خەبات و یاخی بوون و شۆڕش و بەرگریکردن لە مرۆڤدا لاواز بکات. (پێدەچێت دەروونێکی غەمبار بەهای شەرم لە کەسایەتی تاکدا بەرهەم بهێنێ؛ یانیش بابڵێین شەرمنەکان هەمیشە غەمبارن). ڕاستییەکەی ئێمە ئەگەر لە کەسێکی شەرمن بپرسین: لە کاتی شەرم کردندا باری دەروونت چۆنە؟ بێ گومان ئەگەر بە ڕاستی و بە هۆشیاری وەڵاممان بداتەوە، ئەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پێمان دەڵێ: «هەست بە شڵەژان و ماندووبوون و بێ هێزییەکی زۆر دەکەم. من لەم ساتەدا لە ڕووی حەزی جەستەشەوە هیچ حەزێکم نامێنێ، بەڵکو لەناو شەرمکردندا نرخی جەستەی خۆشم لەبیر دەکەم). بەم واتایە بێت شەرمکردن ساتی

لەبیـرکـردنی خـودە لە ئاست ئەوی دیکەدا و لە ئاست هەمـوو ڕەگـەزە مـرۆییـەکانی جیـهـانی دەرەکیـدا؛ (بۆیە شەرمکردن نە مرۆ دڵنیا دەکا، نە ئیرادەی بەهێز دەکا). خود کـە خـۆی لەبیـر دەکـات، بێ گـومـان ئازادی خـۆشی لەدەست دەدا. مـرۆی شـەرمن لەم حـاڵـەتەدا هیـچی لەدەست نامـێنێ، تـەنیا هەڵاتن نەبێ لەم دۆخە ڕوحی و کـۆمـەڵایەتیـیـە پەشـێـو و ئاڵۆزەدا؛ ئەمـەش بە واتای چەمکە فرۆمییەکەی «ترس، یان هەڵاتنە لە ئازادی» (٧) دەشێت بڵێین ترس و هەڵاتـن وەک هۆ و ئەنجامی یەکدی لەواتا و دەلالەتدا لێک نزیکن: کـە ترس هەبێ دەشێ هەڵاتن هەبێ؛ هەڵاتنیش کە پرۆسەی خۆشاردنەوە و خۆ ونکردنە، لەگـەڵ دەلالەتی دیاردەی شـەرمکردندا یەک دەگـرنەوە، بەو پێـیـەی کـە شـەرمکردنیش هەوڵی خۆشاردنەوە و خۆ دزینەوەی تێدایە.

لێـرە دەبێ بزانین (شـەرمکردن لە ئازادی) بەو مـانـایە نیـیـە، کـە ڕێزی ئازادی دەگیـرێ، بەڵکو شـەرمکردن هەمـیـشـە هەڵاتنە لەو شـتـەی (بابەتەی)، یان خـۆ بەدەسـتـەوەدانە بەو شـتـەی (بابەتەی)، کـە شـەرمی لێدەکەین، لە شـەرمکردندا هەمـیشـە ترسێک هەیە لەو شتەی، کە شەرمی لێدەکەین. شەرمکردن، چونکە ترسی لەگەڵدایە هەمیشە وادەکا هەڵبێین و خۆمان بشارینەوە لە بابەتی شـەرملێکراودا (بێ گـومـان ئەمـە لە حـاڵەتی هۆشی وندا ڕوو دەدا). بەم ڕەنگەش ئێـمـە شـەرم لە ئازادی دەکـەین و لێی دەترسـێین. (بێ گـومـان ئەو ئازادییـەی ئێـمـە لێـرەدا باسی دەکـەین، پتـر دەلالـەتی ئازادییـەکـانی تاکـە، کـە لەناو کـۆمـەڵـگە و نەتەوەشـدا ڕەنگ دەداتەوە). ئێـمـە هەمـیـشـە ئەو کـاتانەی شـەرم دامـان دەگـرێ لە دەرەوەی حەقـیـقـەتی ئازادین. لێـرەوە هاوکێشەکە زۆر ئاسانە: تاکەکان چونکە لە کۆمەڵگەی ئێـمەدا ئازاد نین، تاکی شەرمن.. هەڵبـەت دەبێ بزانین لە هەمـوو حـاڵەتێکدا شـەرمکردن دەلالەت لە مـێژووی زەفـتـکردنی ئازادییـەکـان دەکـات؛ مـێـژووی ئەم زەفتکردنەش دەلالەت لەوە دەکات، کە لە بنەمای ژیانی مـاددی و ڕوحی تاکـەکـاندا (تەنانەت گـرووپ و چین و توێژ و کـۆمـەڵەکـاندا) کـەمـوکـوڕی هەیە، بۆیەش بە تێـڕامـانێکی هەندێک ورد لە هەڵـسـتـان و دانیـشـتنی کەسایەتی شـەرمن، شـەرمکردن دەلالەت لەتێکشکان و ملکەچی و خۆ بەدەستەوەدان دەکات، ئێمە لەو قۆناغ و دەمانەی، کە لە کۆمەڵگەدا سەرکۆنە و سەرکوتکراوین و ئارەزووەکـانمان چەپێندراون، یان لە ڕەوشـێکی مـاددی نادادپەروەر و خـراپدا ژیاوین؛ ئا لـەم حـاڵـەتانەدا شـەرم دەبێـتـە پەرچەکـردارێک لە دەروونماندا و ئەمـەش بەشـێـوەیەکی خراپ لە ژیانی کۆمـەڵایەتیـماندا ڕەنگ دەداتـەوە: لە بری ڕووبەڕووبوونەوە و سـەربەخـۆییـدا، هەڵدێین و هەوڵ دەدەین خۆمـان بشـارینەوە لەوانەی، کە پێـمـان وایە گەورەن (یان بەشێـوەی باڵا بوون لە ئێـمـە جیـاوازن) و شـەرمیـان لێـدەکەین. (لێـرەشـدا ئازادی ڕاسـتـەقـینەی خـۆمـان لەدەست دەدەین). کـوشندەترین هەست لە مـرۆی شـەرمندا، کـە هەمـیـشـە وەک مـۆتەکە لەگـەڵـیدایە، هەسـتی کـەمـسـەری و خۆ بەکەم زانینە لە ئاست هەموو ئەو جیاوازییانەی، کە خۆی لە ئاستیاندا بە بچـووکـتـر و نزمـتـر دەزانێت؛ بە نموونە: مـرۆی شـەرمن ئەگەر جوانیش بێ هەرگیز بڕوای بەخۆی نییە، کە جوانە؛ ئەگـەر بە توانا و بەهرەداریش بێ، هەرگیز بڕوای بەخۆی نیـیـە، کـە تواناداز و بەهرەدارە... (ئێـمـە وەک گـوتمان حاڵـەتی شەرمکردن، چونکە بنەمایەکی مادییانەی هەیە [ئابووری، بایۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی..] تەنیا بەخـۆشگوزەرانی مـاددی [یان بە چاککردنی ڕەوشی مـاددی] لەژیانی تاکـدا نامـێنێ)، مـرۆی شـەرمن لەم جـیـاوازییـانە هەڵدێ، نەک بە ویسـتـێکی بوێرانە ڕووبەڕوویان ببێـتـەوە. ئەم هەڵاتنە یەکـەمین سـاتی لە دەسـتـدانی ئازادی خـودە (تاکـە). ئەمـە گـەورەترین ئیـشکالیـەتی ئاکـاریی و سـایکۆلۆژی ژیانی مـرۆی شـەرمنە؛ تەنانەت گـەلێکی شـەرمنیش بە زەحـمـەت دەتوانێ ئازادی خـۆی بەدەست بهێنێ... بەهەرحاڵ فرۆم هۆکـارێکی هەڵـهـاتن لە ئازادی لەو تـەنیاییـە «تەحەمـول نەکـراوە» دەبینێ، کـە تووشی مـرۆی ئەم سـەردەمـە بووە. بەو پێـیـە ئێـمـە لە ئازادی خـۆمـان دەترسـێین، چونکە نامـانەوێ تەنیا بین، دەشێت بڵـێین ئەمە خـەسڵـەتێکی هەرە بەرچاوی کـەسایەتی مـازۆخیـیـە. ئایا کـەسایەتی شەرمنیش جۆرێک لە کەسایەتی مـازۆخی نییە، کـاتێک هەمـیـشـە هەوڵ دەدا لە بری تواناکـانی خـۆی پشت بە ویسـتی خـەڵکی دیکە ببـەسـتێ؟ بە واتای هێـز و دەسەڵاتی ئەوانی دیکە دەپەسەندێنێ (پەسـەند دەکات). بەرچاوترین خەسڵەت و هەست لە کەسایەتی مـازۆخیدا، خەسڵەت و «هەستەکانی سووکایەتی و بێ توانایی و خۆ بە بچووک دیتن»ـە (٨). کەسایەتی شەرمنیش بە هەمـان شـێوە، خـاوەنی ئەم خـەسـڵـەت و هەسـتـانەیە، لێـرەدا

ناکۆکییەکی زەق لە کەسایەتی شەرمندا بەدی دەکرێ: لەلایەکەوە مەیلی توندی بۆ گۆشەگیری و تەنیایی هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە لە کاتی گرنگ و پێویستدا، مەیلی بۆ کەسانی دیکە هەیە پشتیان پێ ببەستێ. دەشێت بڵێین ئەمە جۆرێک لە شیزۆفرینیای کۆمەڵایەتییە، کە لە کەسایەتی شەرمندا بەدی دەکرێت، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەسی شەرمن لە رووبەڕووبوونەوە و لە دەستپێشخەری کردن و لە داخوازی و لە ئازادی دەترسێ و لەبەریان هەڵدێ و تەنیایی هەڵدەبژێرێ: تەنیایی هەمیشە لێرەدا تەنیایی ڕوحە. ئەو ڕوحەی هەمیشە لە قەفەزی شەرمنیدا بەندییەکی ئەبەدییە؛ ئەمە دۆخی غوربەتێکە بریتییە لەو ساتانەی، کە هێزی شەرم پێوەندی زیندەڵی (عضوي) (٩) کۆمەڵایەتی لەبار یەک هەڵدەوەشێنێ و خود (تاک) دادەبڕێنێ لە ئەوی دیکە و لە دەوروبەر و لە کۆمەڵگە. ئەمە نامۆبوونێکی بوونایەتییە (وجودیيە)، کە دووچاری مرۆی شەرمن دەبێ. لێرەدا، یان نامۆ بوون هەیە، یان زەلیلی هەیە. ئا لێرەوە مرۆی شەرمن هەرگیز بەختەوەر نییە. تەنیایی مرۆی شەرمن تەنیاییەکی بەجەبرە و بەسەریدا سەپێندراوە، ئەو تەنیاییەیە، کە ئاکار و سایکۆلۆژیای شەرمکردن بەسەریدا دەسەپێنن، ڕاستییەکەی شەرمنەکان (هەروەک کۆیلەکان) هەمیشە تەنیان، کە ناتوانن ئازاد بن؛ ئازادبن لە هەستی زاڵی شەرمکردن، مرۆی شەرمن، کە بەگشتی لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا دەژی، بە ناچاری بەرگەی ئەم تەنیاییە دەگرێ، چونکە ناتوانێ لە ڕاست کۆمەڵگەدا تاکێکی سەربەخۆی خاوەن ویستی ئازادانە بێ؛ کەواتە هەموو ساتێکی شەرمکردن، ساتی دۆڕاندنی ئیرادەی ئازادیخوازانەیە، ئێمە ئێستا لێرە تێدەگەین، کە بۆچی کۆمەڵگەی تەقلیدی داوا لە تاکەکانی دەکات شەرمن بن؛ خێزان یەکەم دەزگایە لەم کۆمەڵگایانەدا، کە داوا لە ئەندامەکانی دەکات شەرمن بن، تا هەرگیز تاکی ئازاد نەبن، لێرەدا تاک فێرە ترس دەکرێ لە ئازادی، تا لێی دووربکەوێتەوە، بەر لە هەر شتێکیش هەموو ئاماژەکانی ئەم دوورکەوتنەوەیە، هەر لە منداڵییەوە لە نیشانە سێکسییەکاندا بەدەر دەکەون: گەورەترین تابۆش لە لەشی منداڵدا (بە تایبەتی کچ)، دەرخستن و یاریکردنە بە کۆئەندامی زاوزێ. لێرەدا گەوهەری شەرمکردن لە ڕوحی (دەروونی) منداڵدا دەست پێدەکات. ئینجا لێرەوە شەرم دەبێتە شەرمێکی کۆمەڵایەتی و دەبێتە بەشێک و بەهایەکی گرنگ لە سیستمی پەروەردەمان. بەم ڕەنگە سیستمی پەروەردەمان سیستمێکە لەسەر بنەمای تابۆکان بەڕێوە دەچێ. میکانیزمی (ئامرازی) توندوتیژی و سووکایەتی و لێدانیش، ئەم سیستمە بە واقیعی جێبەجێ دەکەن. وەک دەزانین ماڵ و فێرگەش دوو دەزگان، زۆر بە فراوانی و بە زەقی، ژیانی زیندووی ئەم سیستمە بەرجەستە دەکەن. لێرەدا ئەم میکانیزمە، بەڵگەی دەرکردنی ئازادییە لە هەر گۆشە و کونجێکی بچووکی ژیانی ئێمەدا. بێ گومان کە توندوتیژی لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە هەبوو، کەواتە نە لە ژیانی تاک و نە لە کۆمەڵگەشدا ئازادی بوونی نییە. لێرە پێویستە بڵێین، ئەو ئازادییەی، کە فرۆم باسی دەکات، ئازادییەکی ئەرێنییە. بەواتای وەک خۆی دەڵێ: «ئازادی بۆ ئەنجامدانی کارێک» لە هەمبەر ئازادی بەواتا نەرێنییەکەی، بە واتای «ئازادبوون لە شتێک». ئینجا ئازادی لە شتێک بریتییە لە «ئازادی لەو کۆتەی، کە غەریزەکان کارەکانی مرۆڤ دیاری بکەن» (١٠). ئایا دەشێ ئێمە لێرە ئەم ناوکۆیە بۆ چەمکی شەرم-یش بەکاربهێنین و بڵێین: شەرمکردنیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکە (کۆتێکە)، کە دەبێ خۆمانی لێ ڕزگار بکەین؟ بە واتای ئازادبین لە ئەنجامدانی کارەکانمان، چ لە چوارچێوەی تاکدا بێ، چ لە چوارچێوەی نەتەوەدا بێ. (بێ گومان ئەو کار و کردەوانەی، کە پێوەندییان بە ئازادی گەلان و بەڕێزلێگرتنی مرۆڤ و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە).

قەدەرێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی سەیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەدی دەکرێت، تەنانەت دیاردەکانی سروشتیش شەرمن دەکرێن! ئەوەتە شێرکۆ بێکەس لە دەقێکی شیعری نوێی خۆیدا دەڵێ:

**«سوورە گوڵێ**
**دوای کردنەوەی**
**دوای وەرینیش**
**ئەو هەر نەمرد**
**پەڕەکانی یەکە یەکە لەسەر زەمین**
**بوون بە نیشانە بۆ ئەوین،**
**بۆ بەخشینی بۆنێکی خۆش**
**پەڕێکیان کەوتە سەر جێگەی**
**هەنگە زەردەیەکی نەخۆش**
**پەڕێکی تریان بووە مافووری ژووری**

**شینە کرمێک**
**.....**
**یەکێکی تر بوو بە پیاڵەی**
**یەک دڵۆپ شەونمی شەرمن**
**........»(١١).**

بێ گومان کورد، کە ئیستێتیکا (جوانی ڕوخسار و ئاکار و کەسایەتی) لە شەرمکردندا ببینێت، ئاساییە، کە هەر ئەم گوتارەش بە جوانی دیاردەکانی سروشت ببەخشێت.

گوتاری ئیستێتیکای ئێمە حەز دەکات (بەتایبەتی) هەموو شتێکی (ڕەگەزێکی) مێ شەرمن بێت. (بەناوبانگە، کە ناوی شەرمێن بۆ ئافرەتانە). ئەم ڕاستییەش (ئەم بەهایەش)، ئەم وێنە سروشتییە لەناو دەقەکەی بێکەس-دا دەخولقێنێ، بێ گومان دڵۆپە شەونمێک کە شەرمنە، بە لۆژیکی یاسا سروشتییەکان «لەناو پیاڵەی پەڕدا» لەبەر چاوان ونیش دەبێ، بێکەس وەسفێکی مرۆیی جوان بەپێی لۆژیکی شیعر، بە دیاردەکانی سروشت دەبەخشێ: هەروەک چۆن مرۆی شەرمن لەبەرچاوان ون دەبێ و حەز دەکات لەبەر چاوان ون ببێ، بەم شێوەیەش دڵۆپە شەونمێکی شەرمن لەبەر چاوان خۆی ون دەکات. ئەمە زمانی ئیستێتیکای شیعرە. ئەمە ئەو یاسا کۆمەڵایەتییەیە، کە دەبێتە یاسای شیعر؛ وەلێ ئەگەر خۆشاردنەوە لە جیهانی شیعردا جوان بێت، کە دەلالەت لە زمانی جەڤەنگ و مەجاز و بەهای شیعرییەت دەکات، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەڵاتنە لە ڕووبەڕووبوونەوە و لە ئازادی. (لە شەرمکردندا حەپەسان هەیە، کە ویست ئیفلیج دەکات).

هەر لەناوکۆی ئەم باسەدا ئێمە درێژە بە بابەتەکەمان دەدەین و نموونەی دیکە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانمان دەهێنینەوە؛ لە نموونەیەکی زیندووی هونەریدا، عەلی مەردان بەشێک لە ژیاننامەی خۆی وەها دەگێڕێتەوە: «... تەمەنم بوو بە (٦) ساڵە لە حوجرە دایاننام لەخزمەت مەلا صالح ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە خزمەت ئەودا قورئانم خەتم کرد و.. دەستم بە کتێب خوێندن کرد.. کتێبی سمایل نامە و باغەبان و ئەم چەند کتێبانەی وەکو گوڵستانی فارسی و ئابن شایی و بوچوک تورکی و تۆمار و ئەمانە لەو وەختەدا گوێم ئەگرت لە تەکیە قورئانیان ئەخوێندەوە یان ڕۆژانی هەینی صەلایان ئەخوێندەوە بەندە زۆر مەراق بووم بەو نەغەم و نەوعە ئاوازانەی کە لێم ئەبیستن وەکو تەجویدی قورئانی کەریم یان ئاواز و دەستگای صەلا.. منیش دەستم کرد بە قورئان خوێندن لەناو ڕەفیقەکانمدا وەختێ جەنابی مەلا صالح حازر نەبوایە.. ڕۆژێ یەکێ لە ڕەفیقەکانم بە جەنابی مامۆستایان وت: هەرچەند جەنابت حازر نەبی لێرە عەلی مەردان بە دەنگێکی بەرز قورئانمان بۆ دەخوێنێ.. قوربان زۆر جوان دەخوێنێ.. ڕەحمەتی مەلا صالح بانگی کردم فەرمووی عەلی مەردان قورئانەکەت بێنەرە ئێرە بزانم قورئانت ڕەوانە.. وتم بەڵێ مامۆستا: قورئانەکەم هەڵگرت چوومە خزمەتی.. جەنابی دەستی برد قورئانەکەی کردەوە و فەرمووی ئا سورەتی ئینافەتەحنام بۆ بخوێنەوە.. منیش بەشەرمەوە دەستم کرد بە خوێندنەوە و پەڕەیەک زیاترم خوێندەوە.. فەرمووی بەسە خوا عەمرت درێژ کا.. بانگی کرد لە هەموو فەقێکانی تر و وتی ئەبێ هەموو ئاوەها بەدەنگی بەرز قورئان بخوێنین، یان فەلاقەتان ئەکەم.. باقی مامۆستام هەموو ڕۆژێ دای ئەنام عەشەرەیەکی قورئانی پێ ئەخوێندم.. گەلێ کەس ئەهاتن ئەوەستان گوێیان ئەگرت منیش زۆر شەرمم ئەکرد.. شەرمم شکا تا وای لێهات لە وەختی خوێندنما مامۆستام ئەیفەرموو عەلی مەردان ئەمە چ مەقامێکە لە وەڵامدا ئەموت بەخوا نازانم..»(١٢).

لەم سەربردەیەدا، ڕەهەندە دینییەکەی پێوەندی کۆمەڵایەتی قووچەکیانەی شەرمکردن بە ئاشکرا دیارە. لە لوتکەی ئەم قووچەکەدا، مامۆستای ئایینی حوکم لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات؛ کەواتە مامۆستای ئایینیی کەسایەتییەکە، کە لە دەزگایەکی وەهادا (حوجرە؛ تەنانەت هەموو کۆمەڵگە) شەرمی لێدەکرێ. بێ گومان ئەم پێوەندییە «فەلاقە کردنیش»ڕێکی دەخات. لێرەدا لە هەموو ئاستێکی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆماندا (لە چوارچێوەی سەرلەبەری دامودەزگاکان)، چەمکی، یان حاڵەتی لێکدراوی سایکۆلۆژی شەرم و ترس-مان بە بیر دێتەوە. (ئەم پێوەندییە قووچەکییە، دەسەڵات و ئایین و خێزان بەرجەستەی دەکەن). وەک دیارە شەرمکردن لەسەرەتاوە لەوی دیکە، دەشێت پێوەندی بە حاڵەتی نامۆ بوون و نائاشنایەتییەوە هەبێ بەشوێنێکی نوێوە (حوجرە، فێرگە، فەرمانگە...)، یان کەسێکی نائاشنا و بێگانەوە. شەرمکردن هەمیشە دەمانترسێنێ لەودیوی

شته ناديارەكان: ئاخۆ لەوديوى شته ناديارەكان چ
ڕوودەدا؟ (بڕوانن لە پرسيارى دڵنيانەبوون و بێ باوەڕيى!)، ئاخۆ من دەتوانم لێرە سەرنج و ڕێزى ئەوانى ديكە بۆ خۆم ڕابكێشم و بەدەست بهێنم؟ عەلى مەردان تەنيا ئەوكاتە شەرمى دەشكێ، كە ستايش دەكرێ و متمانە بەخۆى پەيدا دەكات، ئەو كە لە ڕێگەى بەهرەى دەنگە خۆشەكەيەوە لەلاى هەمووان (مامۆستا و خەڵک) ڕێزى دەگيرێ، هەر لەخۆوەش بێ چەندوچۆن شەرمى دەشكێ. ئەو دەگاتە ئەو ڕادەيەى بێ باكانە لە وەڵامى پرسيارێكى مامۆستاكەى بڵێ «... شەرمم شكا تا واى لێهات لە وەختى خوێندنما مامۆستام ئەيفەرموو عەلى مەردان ئەمە چ مەقامێكە لە وەڵامدا ئەمووت بەخوا نازانم...»، لێرەدا بەديارەدكەوێ، كە ڕێزگرتن هيچ پێوەندييەكى بەشەرمكردنەوە نييە؛ هەروەک چۆن ئازادى و شەرمكردن (يان ئيرادە و شەرمكردن) ناكۆكن، بە هەمان شێوەش ڕێزگرتن و شەرمكردن ناكۆكن. ئێمە پێويستيمان بەوە هەيە ڕێزمان بگيرێ، تا ئازاد بين، ئاخۆ بەڕێزەكان بەختەوەرترن، يان شەرمنەكان؟ ئايا شەرمنەكان ئەوانە نين، كە هەميشە خۆ دەشێرنەوە و بەڕێزەكانيش هەميشە ئەوانەن، كە بەدەردەكەون؟ با هەر بۆ بەڵگەى زياتر گوێ لە چيرۆكى ڕۆبێرت-ى هاوزاى عەلى مەردان بگرين؛ چيرۆكەكە بەم شێوەيە لەسەر زارى نووسەر پێمان دەڵێ: «من كوڕى گەورەى ماڵەوەم. چەندين ساڵە خێزانم پێكەوە ناوە و خاوەنى سێ منداڵم، كوڕەكانم گەورە بوون و حەز ناكەن لە تەک منداڵاندا يارى بكەن، بەڵام «جۆليا»ى كچم حەزى بەيارى منداڵانە و هەڵبەز و دابەزە، كچەكەم زۆر «ڕۆبێرت»ى برازامى خۆش دەوێ. هەندێک جار وەڕزى ڕۆبێرت دەكات و پێدادەگرێ لەسەر ئەوەى كە سەردانيان بكەين... ڕۆژێک كچەكەم بەڵێنى لێوەرگرتم بچين بۆ ماڵى براكەم و دەمە و ڕۆژئاوابوون چووين بۆ ماڵيان. «ڕۆبێرت» دەرگاكەى لێ كردينەوە، بەڵام هەركە من و كچەكەمى بينى ڕايكرد. سەرەتا گرنگيم نەدا بەم ڕاكردنە، بەڵام پاش كەمێک هەستم كرد «ڕۆبێرت» خۆيمان لێ دەشارێتەوە! ئەم حاڵەتەى «ڕۆبێرت»م بەلاوە سەير بوو. خۆ دزينەوەى ئەو لەمن بەلامەوە سەرنجڕاكێش و جێگەى پێكەنين بوو. خۆشاردنەوە درێژ ماوەكەى «ڕۆبێرت» كەمێک نيگەرانى كردم. ئەو مەسەلەيەم لەگەڵ براژنم باس كرد. بە حەسرەتەوە سەرێكى بۆ لەقاند و وتى: ماوەيەكە «ڕۆبێرت» بەبێ هۆ خۆى لەخەڵک دەدزێتەوە و خۆى دەخزێنێتە دنياى منداڵانەى خۆيەوە. دەڵێ من لە خەڵک دەترسم. زۆرم هەوڵداوە لە دنياى منداڵانى خۆى دەرى بهێنم، بەڵام سەركەوتوو نەبووم. هەروەها «ڕۆبێرت» خۆى يەكەم كەسە ئازار بەم حاڵەتەوە دەكێشێت، كە تيايدا دروست بووە. ڕاستييەكەى ئەوەيە كە «ڕۆبێرت» ناتوانێ بچێتە هەموو كۆڕ و كۆمەڵێكەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو كۆڕوكۆبوونەوەيە بچووک و خزمانەش بێت! لەم كاتەدا چاوم بە درزى پەردەى ژووری بەرامبەر كەوت، لە درزى پەردەكەوە چاوەشين و پڕ لە ترسەكانى «ڕۆبێرت» كە پاڕانەوەى لێ دەبارى دەبيندران، قاچى جوانى لە پشت پەردەكەوە دياربوون. بەدەنگى بەرز وتم: ڕۆبێرت گيان، بۆ خۆت لە پشتى ئەو پەردەيە شاردۆتەوە، ئەم گاڵتەجاڕييە چييە؟

برايەكەم بزەيەكى تاڵى بۆ كرد و وتى: «كوڕێكى نالەبارى لێدەرچووە، زلحۆ ناتوانێ بێ و بەخێرهاتنى مامى بكات... نازانم لەچى دەترسێ؟». پاشان بە دەنگێكى بەرز درێژەى بە قسەكانى دا: «كوڕە خۆت گەلحۆ مەكە، تۆ ئيتر تەمەنت بۆتە ٧ ساڵ بوويتە پياو لەچى دەترسى؟» (١٣). پاشان يەكسەر نووسەر هەر بەخۆى دەپرسێ و دەڵێ: «ئايا قسەكانى براكەم ڕاست بوو؟ ئايا بەڕاستى منداڵێكى تەمەن ٧ ساڵ پياوە؟ لە پڕ تێگەيشتم كە يەكێک لە هۆكارەكانى ترس و شەرمكردنى «ڕۆبێرت» لە خەڵک، باوكييەتى، باشە بۆ دەبێ باوكى «ڕۆبێرت» بەم شێوەيە لەگەڵ منداڵەكەيدا بدوێ؟ ئايا ئەم شێوە قسەكردنە هۆكارى ترس و شەرمكردنى ئەو منداڵە نييە؟ من تێگەيشتم «ڕۆبێرت» لەم هەلومەرجەدا تووشى شەلەلێكى ڕوحى بووە، بوونى من و كچەكەم ببووە هۆى دروست بوونى ئەو هەستە لەودا كە وا تەسەوڕ بكات، ناتوانێ لە بەرامبەر ئەم چەند كەسەدا خۆى دەرخات، هەربۆيە خۆى لە ئێمە دزيبۆوە. پێدەچێ «ڕۆبێرت» بيرى كردبێتەوە: كەوا هێزێكى ناديار ناهێڵێ قسە بكات و خۆى دەرخات. ئەم برازا چكۆلانەى من كاريگەرى خێزانە بچكۆلانەكەى خۆيانى بەسەرەوە بووە و پێى وابوو ئەگەر قسە بكات هەڵە دەكات و قسەى هەلەق و مەلەق بەزمانيدا دێ. لەم بيرانەدا بووم كە براژنەكەم وتى: هەر بە ڕاستى ئەم منداڵە تەواو بێ هيواى كردووم و جەختى لە براكەم كرد: ئەم منداڵە ترسنۆكە لە ژيانيدا ناتوانێ كارێک ئەنجام

بدات.. هەمیشە بێ غیرەت و ترسنۆک دەبێ...» (١٤). ئینجا نووسەر پاش کەمێک بەپێی لێکدانەوە و شیتەڵەکانی خۆی دەڵێت: «ئەو منداڵانەی تووشی شەرمنی بوون، ئەگەر لە حاڵەتێکدا کەسێک پێ بەقاچیشیاندا بنێ، ناوێرن هیچ قسەیەک بکەن و بەداوای لێبووردن کردن، ئازارەکە تەحەمول دەکەن!..» (١٥). کەواتە هەموو بەختەوەرەکان ئەوانەن، کە شەرم ناکەن و ناترسێن، وەک دیتمان عەلی مەردان لە ئاکامدا بووە منداڵێکی بەختەوەر (ئەمە ساتی دیتنەوەی شوناسی مرۆییمانە. دیدارە لەگەڵ ئەو گەوهەرەی، کە زۆربەی جار ونی دەکەین، بەختەوەریی ئەو ساتانەیە، کە ئێمە دەزانین لەناو هۆشیاری و ئیرادە و ئازادیدا هەین)؛ وەلێ ئەوەشمان دیت، کە چارەنووسی ڕۆبێرت نادیار و نەزانراو مایەوە. بێ گومان ناودژێکی (موفارەقەیەکی) سەیر لێرەدا هەیە: لەلایەکەوە عەلی مەردان کوڕی کۆمەڵگەیەکە لەسەر بنەمای سووکایەتی و شەرمکردن دامەزراوە؛ لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆبێرت کوڕی کۆمەڵگەیەکە لەسەر بنەمای دیموکراسییەت و سەربەخۆیی دامەزراوە. لە ئاکامدا عەلی مەردان تاکە شتێک هونەرەکەی بە کەڵکی دێ، وەلێ دەشێ ڕۆبێرت لە ئاکامدا دامودەزگای دیکەی کۆمەڵگەکەی بە کەڵکی بێن. لە کۆمەڵگەی عەلی مەردان-دا، هەموو دامودەزگاکان مرۆی تێکشکاوی دوو ڕووی شەرمن بەرهەم دەهێنن. لێرەوە ئێمە هەمیشە لە ئازادی هەڵدێین. عەلی مەردان، کە گەورەش دەبێ ئەم گوتارە ئاکارییە تەقلیدییە تێکدەشکێنێ. ئەو لە گۆرانییەکی بەناوبانگیدا، لە ئاست کۆمەڵگەی شەرمنی کوردیدا، دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ:

**« بەدوتا وێڵم سەڵت و سەوادا**
**کۆڵان بە کۆڵان جادە بە جادە**
**نەشمیلەی چاو جوان پەچەکەت لادە پەچەت لادە!**
**نەشیملەی چاوکاڵ گیان پەچەکەت لادە پەچەت لادە!**
**پەرچەمی لوولت خستووە بەلادا**
**لەنجە و لارەکەت وەک پەریزادە**
**شەرمی پێناوێ پەچەکەت لادە پەچەت لادە!**
**شەرمی پێناوێ پەچەکەت لادە پەچەت لادە!**
**....»** (١٦).

دەنگێکی دیکە هەیە لە مێژووی هونەری گۆرانی ئێمەدا (دەنگێکی مێ)، لەپاڵ دەنگی نوێخوازانەی عەلی مەردان-دا، بە پەشۆکاوی و بەترسەوە پێمان دەڵێت:

**«لاووکۆ ئەڤینی شەرمە**
**گەلەک ب سەهم و ترسە».**

لە هەردووک گۆرانییەکەدا یەک گوتار (یەک بیرۆکە) هەیە: ئەوانەی دەترسن و شەرم دەکەن، ناتوانن ئەڤین (عیشق) بکەن؛ بۆیەش ئەو عیشقەی (یان ئەو حەزەی) بە نموونە لەم گۆرانییەی زەکەریا-دا بەدی دەکەین:

**«چەندە جوانی چەند هێمنی**
**ڕوو گوڵشەنی خەم ڕەوێنی**
**شۆخ و قەشەنگی شەرمنی**
**بۆیە خۆشەویستی منی»**، عیشقێکی وەسفیە، نەک عیشقێکی واقیعی. ئەم عیشقە وەسفی جەستە دەکات، نەک وەسفی حاڵەتەکان (حاڵەتە مرۆییەکانی عیشق). داواش دەکات جەستە، جەستەیەکی شەرمن بێت؛ کەواتە ئەمە وەسفی عیشقێکی نەرێنییە. ئەم عیشقە، کە ئافرەت بێ دەنگ دەبێت، ئینجا دەتوانێت بدوێت و ببێتە خاوەن گوتار: گوتاری عیشقێکی برسیی شەرمن. ئەو عیشقەی هەموو جوانی ئافرەت (دڵبەر) لە شەرمنییدا دەبینێت. لێرەش دەلالەتی ئەو پەندە بەناووبانگەمان بۆ بەدیاردەکەوێ، کە دەڵێ: «ژنی شەرمن شارێک دەهێنێ، پیاوی شەرمن شانەیەک» (١٧).

هەر لێرەش بەپێی ئەم ناوکۆیە پێویستە بڵێم، کە تاک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا (وەک پێشتریش سووکە ئاماژەیەکمان بۆ کرد)، تەنیا لە پرسە ئاکارییەکانی (ئەخلاقییەکانی) سێکس شەرم دەکات (شەرمن دەکرێ). ئەمەش وادەکات کولتووری سووکایەتی کردن بە سێکس بەرهەم بهێنین. جنێودان بە سێکس لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەندە بە ترس (فۆبیا) لە (ئازادی) سێکس. (جنێودان کاردانەوەیە لە ئاست ئەم فۆبیایەدا. جنێوەکان هەمیشە جنێوی هیستریایین) (١٨). لێرەدا ئاکار لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەسەر بنەمای ئەم فۆبیایە دامەزراوە؛ هەربۆیە پرسی ئاکار لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ترسە لە ئابڕووچوون، نەک ترس و هۆشیاری بێ لە ڕاست پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. دەشێ بڵێین ئەم فۆبیا ئاکارییە (ئەخلاقییە) لە کوشتنی ئەو ئافرەت و پیاوانەدا (بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەدا) بەرجەستە دەبێ، کە لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرییاندا خیانەت (زینا) دەکەن.

ئەمەش شەرمێکی قوووڵی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرهەم هێناوە: شــەرمکردن لە (گــوناه و عــەیبــەی) هەر ئامـاژەیەک (نیگاکـردن، پێکەنین، تەوقـەکـردن، جلک پۆشین..)، کە گرێیانەی ئازادییەکانی سێکس بگەیەنێ. تێـرنیس مــاکــینا دەڵێ: «ســەرلەبەر هەڵوەســتی دوژمنکارانە لە کـــۆمــەڵگەدا لە ڕاست دەربڕینی سێکسـیدا، دەچێـتەوە بۆ منی زاڵ، کە نەکا لە هەر هەڵوەستێکدا بێ تێیدا سنوورەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بتـوێنەوە» (١٩). ڕاسـتە، ئازادی سێکس گـەوهەری ئازادییـەکانی تاکە. ئەو کۆمەڵگایانەی، کە نایانەوێ خـاوەن تاکی ئازاد بن، بەر لە هەر شـتێک ئازادی لە سێکس قەدەغە دەکەن. ئا لێرەدا شەرم کردن دەلالەت لەم قەدەغە کردنە دەکات. چەمکی سێکس لە تەورات-یشدا بەندە بە حـاڵەتی شـەرمکردنەوە: ئادەم و حـەوا لە بەهەشـتـێدا ڕووتن و شەرمێ لەخۆ ناکەنەوە، بەڵام لە پاش ئەنجامـدانی تاوانەکـە (خـواردنی بەری دارەکـە)، ئەوان لە ڕووت و قـووتیی خـۆیان هەست بە شەرمکردن دەکـەن؛ ئەوجـا بەهۆی ئەم شـەرمکردنەوە، کـۆئەندامی سێکسی (عەورەتی) خۆیان دادەپۆشن. ئەمە بۆ ئەوەیە، تا جـارێکی دیکە لە ڕێی دیتنی ئەم کۆئەندامانەیانەوە کاری حەرامی دیکە ئەنجام نەدەن؛ بەڵام بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی تەورات «بەر لە دوو هەزار سـاڵێک، یان پتر، پزیشکە تاوییەکان پەرتووکی ئاشکرا و ڕاشکاویان لە بارەی ئەڤین و ســێکســەوە داناوە. تاوییــەکــان نەشـەهوەتبــاز بوون و نە شـەرمنیش بوون، بەڵام لەو باوەڕەشدا بوون، کە ئەڤینکردن بۆ تەندروستی لەشولار و ئاوەز و بەگشتی بۆ لەشساغی ئافرەت و پیاو پێویستە. پەیڕەوکردنی ئەم فەلسەفەیە وای لە تاوییە کۆنەکان کرد، کە بایەخـێکی زۆر بە شـارەزا بوون لە سێکس بدەن و ئەوەی پێشـیـانکرا کـردیان بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا مرۆ دڵنیـا بکەن کـە لە خـۆشـەویسـتی...» (٢٠). ئەمـە جارێکی دیکە هۆکارە سێکسییەکەی دیاردەی شەرممان بۆ بەدەردەخاتەوە. هەر لەم بارەیەوە چیرۆکێکیش لە ئەدەبی سـێکسی کـۆنی چین-یدا دەڵێ: «لاوێکی بەهرەدار.. کچێکی بەهرەداری جوانکیلەی هێنا، کە ناوی یۆسانگ بوو. ئەم ناوەش واتای گـوڵاوی (فـــڕین)ـە. تەنیـا کـێـمـاسـیـیـەک لەم کـچـەدا هەبووبێ ئەوە بوو، کـە لە ڕادەبەدەر شەرمن بوو؛ لە تاریکاییەکی تەواودا نەبوایە، نەیدەهێشت کاری سێکسی لەگەڵدا بکرێت...» (٢١).

کەواتە شەرمکردن لە بنەڕەتەوە ترسە لە ئازادی سێکس. لێرەوە شـەرمکردن هەمـیـشـە ئازادییـەکـان (سەرلەبەری ئازادییەکانی تاک) ڕەت دەکاتەوە.. لە نامیلکەیەکیشدا بەناوی (شەرم)ـەوە، نووسەرەکەی (عەمر خالید) شەرم نەکردن (بێ شەرمی) لە پێنج خـاڵدا بەدی دەکـات، کـە چوار خاڵـیان پێوەندییـان بە ئارەزووی سێکسـەوە هەیە؛ ئەم ئارەزووەش بە پلەی یەکەم ئارەزووی مێ دەگرێتەوە؛ ئەوەتە بەم شێوەیە خاڵەکان دەژمێرێ: «١-دیسکۆ، ٢-دڵداری لەگەڵ کچان لەسەر شەقامەکان، ٣-کێشانی مــاددە بێ هۆشکەرەکــان لەلایەن کــچــانەوە، ٤-بڵاوبوونەوەی جلی خەوتنی ژنان لە شەقامەکاندا لەسەر مـۆدیل، ٥-دیاردەیەکی بەربڵاو کـە لە ئەمـڕۆدا بوونی هەیە، گـفـتـوگـۆی لاوانە لەسەر ئینتـەرنێت، بە وشـەی ناسک و نەشیاو..» (٢٢).

شەرم نەکردن لێرە، کە دەلالەت لەبەدڕەوشتی دەکات، ڕاسـتـەوخۆ بەندە بە ئاکاری ئافرەتی مـوسڵمـانەوە. هەر پێنج خـاڵەکە گومـان لە ئاکاری ئافرەت دەکـەن. عـەمـر خالید هەروەک کەسێکی تەقلیدی و سەلەفی، هەمیشە گومانی لە ئاکاری ئافرەت هەیە، هەر بۆیەش ئەو لەکاپتن (نـادر سـەید) دەپرسێ: «مـانای شـەرم لە ژیانی تۆدا چیـیــە؟ وە چۆن لەگـەڵ ئەم ڕەوشــتـەدا هەڵســوکـەوت دەکـەیت؟» ئەویش لە وەڵامـدا دەڵێ: «... هەمــووتان حەقتانە کە نەتوانن پێناسەیەکی یەکلایی شەرم بکەن، لە ڕوانگەی منەوە شـەرم گـەورەترە لە قـسـە و لە پێناسـە وەخـۆم لەوە بە کـەمـتـر دەزانم کـە مـانای شـەرم بکەم، چونکە شـەرم هەڵقـوڵاوی دڵە و شـتـێکە لە هەست و هۆشەوەیە، لەبەر ئەوە دەبینیت ڕووی کچە موسڵمانێک بە شـەرم سوور دەبێـتەوە، دەردەکەوێت شەرم لەخوێنەوە سەرچاوە دەگرێت» (٢٣). بێ گـومان عـەمر خالید لێرە شەرم بە واتا سێکسییەکە وەردەگرێ و ئەم واتایەش بە پلەی یەکـەم، لە ڕەوشـتـی کـچـدا بەرجـەسـتـە دەبێ (دەبینێ). هەربۆیە لەلای ئەو تەنیــا ڕووی «کــچــە موسڵمـانێک بەشەرم سوور دەبێتەوە». ئەدی ڕووی کوڕە مـوسـڵـمـانێک؟ ئینجـاش بەدەردەکـەوێت، کـە «شـەرم لەخوێنەوە سەرچاوە دەگرێت».

ئەدی خوێنی کوڕە موسڵمانێک و کچە گاورێک چییان لێ هەڵدەقوولێ؟ پێدەچێ لۆژیکی خەیاڵی عەمر خالید، یاسا بایۆلۆژییەکانیشی هەڵاوگێر کردبێتەوە: شەرم تەنیا لە خوێنی کـچی مـوسـڵـمـان هەڵدەقـوڵێ! ئەمـە یاسـای

لۆژیکی شیعرە، کاتێک دەبێتە پاڵپشتی ئیمان، (بەڵام شیعر لێرە حاڵەتە نامرۆییەکانی عەقڵییەتی عەمر خالید بەرجەستە دەکات و شیعر لە ئەرکە مرۆیی و ئیستێتیکییەکەی خۆی دادەماڵێ). بێ گومان هەرگیز ئەندێشەی ئیمان بەدەر نییە لە ئەندێشەی شیعر، (یان ئەفسانەی خەیاڵی شیعریی). عەمر خالید-یش بەم تێکەڵەیە لە خەیاڵی ئایین و شیعر، ئەفسانەی خوێنی شەرمنی کچە موسڵمانمان بۆ چێ دەکات. عەمر خالید زۆر بە دڵنیاییشەوە پێی وایە، کە «هیچ دژایەتییەک نییە لەنێوان شەرمکردن و داواکردنی مافی خۆت. گرنگ ئەوەیە..» (٢٤). ئەو لێرە پشت بە هەندێک فەرموودە دەبەستێ، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێ پشت بەهیچ دەقێکی (ئایەتێکی) قورئان ببەستێ. [ڕاستییەکەی لە قورئاندا تەنیا سێ جار ڕاستەوخۆ وشەی (استحیاء، یستحي- شەرمکردن، شەرم دەکات) هاتووە. جارێک لە ئایەتی (٥)ی سوورەتی (القصص) و دووجاریش لە ئایەتی (٥٣)ی سوورەتی (الأحزاب)دا] ئێمە ناشزانین ئاخۆ عەمر خالید لە ژیانی خۆیدا چەند مرۆی شەرمنی دیتوون، کە شێلگیرانە داوای مافەکانی خۆیانیان کردبێ؟ ئایا هیچ کەسێک دیتوویەتی، کە شەرمنێک شپرزە بووبێ و ڕووی سوور هەڵبگەڕێ و لە هەمان کاتدا خاوەن ئیرادەش بێ و داوای مافەکانی خۆی بکات؟ ئایا ساتی ڕوو سووربوونەوە، کە دەکاتە ساتی شەرمکردن، لووتکەی ساتەکانی خۆ بەدەستەوەدان نییە بە ئیرادە و دەسەڵاتی ئەوی دیکە؟ ئایا بەندەش لە ئاست خوداوەندا، بێ ئیرادە و ملکەچ نییە، بۆ ئەوەی پاداشتی بەهەشتی بە بەر بکەوێ؟ بەندە کەی مافی هەیە لە ئاست خوداوەندا، بەڵکو تەنیا ئەرکی لەسەر شانە! مافی بەندە تەنیا ئەوەندەیە، کە لە بەرانبەر ملکەچی و بێ ئیرادەیی و ترس و پاڕانەوەدا، ئەگەری پاداشتی بەهەشتی هەیە. ئەم مافە ئەگەرچی ئەبەدییە، بەڵام لە بەرانبەر ملکەچییەکی ئەبەدییشە. شەرمکردن لە ئایینیدا ئەم گەوهەرەی هەیە. لە واقیعی کۆمەڵایەتیشدا هەمان گەوهەری هەیە. عەمر خالید چونکە شەرمکردن تەنیا لە ڕوانگە ئایینییەکەوە دەبینێ، نەک وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی و گرێیەکی پیسی دەروونی، لە وێشەوە شەرمکردن بەشتێکی ڕەهای ئەرێنی دەبینێ، بۆیە لە شوێنێکی دیکەی نامیلکەکەیدا دەڵێ: «باسی ڕەوشتێک لە ڕەوشتەکان دەکەین، کە کاریگەری گەورەی لە ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵگەدا هەیە، هیچ کەسێک نییە پێویستی پێی نەبێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو هیچ خێزانێک نییە کە پێویستی بە ڕۆچوون نەبێت تیایدا وە هیچ کۆمەڵگەیەک نابینی پێویستی بە ژیان نەبێت لەگەڵ ئەم ڕەوشتەیا، ئەگەر ئەم ڕەوشتەمان تێدا ون بوو ئەوا زۆرێک لە لاوانمان لەدەست دەدەین وە بە لەدەستدانی ئەم ڕەوشتە شتانێکی زۆر لە دەست دەدەین. ئایا ئەم ڕەوشتە بەرزەمان ناسیوە؟ ئەم ڕەوشتە بریتییە لە شەرم..» (٢٥). لێرەدا چونکە شەرمکردن هەیە، چی بەهای دیکە هەیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامەتیدا ون دەبن: ئازادی، دادپەروەری، چاکە، خۆشەویستی، دیموکراسییەت.. ڕاستییەکەی پەیامەکەی عەمر خالید-یش بۆی سەلماندین، کە شەرمکردن هەڵاتنە لە ئازادی، ئەو لە ڕێی شەرمکردن لە دەسەڵاتی خواوە، پاساو بۆ ئەم هەڵاتنە دەهێنێتەوە، بۆیە لە ئاکامدا بەزمانێکی هەڕەشە ئامێز دەڵێ:

**«ئەی لاوەکانمان.. ئەی کچەکانمان**
**ئەگەر لەدنیادا شەرم لە خوا نەکەین**
**ئەی لەو ڕۆژەدا کە لەبەر دەمیدا**
**دەوەستێنرێین چی بکەین؟!»** (٢٦). بەم شێوەیە شەرمکردن لە ئازادییەکان، هەر لە بنەڕەتەوە ترسە لە ئازادییەکان. ئینجا لە کۆتایی و لە ئاکامدا، ئێمە دەشێ لە جێی ئاکاری (ویستی) شەرمکردن، ویستی بەهێز بۆ ئازادی هەڵبژێرین، لە بری ئەوەی شەرم بکەین و بترسێین، با بە ڕێز و ویژدان بین لە ڕاست ئەوانی دیکەدا. لە بری ئەوەی منداڵەکانمان بە شەرمنی پەروەردە بکەین، با لەسەر ڕاستگۆیی و دەستپاکی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن پەروەردەیان بکەین. لە بری ئەوەی پێمان وابێ بە لێدان و سەرکۆنەکردن و توندوتیژی شەرمنیان دەکەین و شەرمنییش خەسڵەتێکی باشە، با مافە سروشتییەکان بە ژیانی سروشتی منداڵانەیان ببەخشین: ئەوان پێویستە منداڵی ئازاد بن لە یاریکردن و لە پرسیار کردن و لە ئەندێشەکانیان؛ ئەوسا ئێمە منداڵی بەختەوەر و دڵنیا و گەنج و لاوی سەربەست و خاوەن ئیرادە بەرهەم دەهێنین و پەروەردە دەکەین. کۆمەڵگە بەمرۆی ئازاد پێشدەکەوێت، نەک بە مرۆی ترسنۆک و شەرمن. ئەوانەی ستایشی بەهاو ئاکاری شەرم دەکەن لە کەسایەتی تاک و لە ژیانی کۆمەڵگەدا، دەیانەوێت ئێمە هەموومان ڕوحی کۆیلە بین: کۆیلەی ڕوحە شەرمنەکەی

خۆمان بین و کۆیلەی دەسەڵاتەکان و کۆمەڵگە و ئەوانی دیکە بین. دەسا ئێمە دەبێت ئازاد بین، تا شەرم نەکەین (تا شەرمن نەبین).

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

١- تیرنیس ماکینا، طعام الالهة. ت: سمیة فلو عبود، ص٧٣، ٧٤.

٢- التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس. ص٢٦١٠.

٣- هەمان ژێدەر، ل٢٦١٢.

٤- هەمان ژێدەر، ل٢٦١٣.

٥ و ٦- هەمان ژێدەر، ل٢٦١٤.

کتێبێکیش بە ناوی (دەوڵەتی ئەمەوی) هەیە، هۆکارێکی کوشتنی (عوسمانی کوڕی عەفان)، بۆ خەسڵەتی شەرمنی ئەو دەباتەوە.. بڕوانە: شیخ محمد الخضري، الدولة الأمویة، الجزء الأول، ص ٢٥٠.

٧- ئەم دەستەواژەیە ناونیشانی کتێبێکی بەناوبانگی (ئەریک فرۆم)، کە لە عەرەبییەکەی بە (الخوف من الحریة) وەرگێردراوە. لە کوردییەکەی بە (هەڵاتن لە ئازادی) وەرگێڕراوە. ئەم وەرگێرانە کوردییە هەتا بڵێی وەرگێڕانێکی خراپە. زۆر پێیوە دیارە، کە بەسەرپێیی بەشێوەیەکی حەرفی و میکانیکی وەرگێڕراوە. بە نموونە لەم بڕگەیە بڕوانن:

[ئەم ڕاستییە بە هەمان شێوە کە گوتارەکەی جۆن دیویی دا کاریگەر بووە باشتر وایە وشەکانی خۆمان کوتومت وەک ئەو بەیان بکەین. ئەو ئەڵێ «ئەو مەترسیەی کە هەڕەشە لە دیموکراسی ئێمە دەکات هەبوونی حکومەتە دیکتاتۆرییە ناوەندییەکان لە وڵاتێکی دیکەدا نییە، ئەم مەترسییە لە بوونی هەلومەرجێکدایە کە لە وڵاتەکانی دیکەدا هێزە دەرەکییەکان، دیسپلین و ملکەچی گرووپ و گرێدراوی بە «پێشەوا» سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە و..»]

زۆر نموونەی لەم چەشنە خراپتریشی تێدایە، بەڵام ئێمە لێرە لەم کتێبەدا واتای حەرفی ناوکۆی دەستەواژەکەمان، (یان ناونیشانەکەمان) لەلا گرنگە: (ترس، یان هەڵاتن لە ئازادی).

٨- ئەریک فرۆم. هەڵهاتن لە ئازادی. و: هەژار جوانرۆیی، ل٢١٤.

٩- ئەم زاراوەیە من لە نووسینەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد وەرمگرتووە، هەر لە داهێنان و پێشنیازی خۆیەتی.

١٠- ئەریک فرۆم. هەڵهاتن لە ئازادی. و: هەژار جوانرۆیی، ل٦٨.

هەڵبەت ئەو ئازادییەی ئێمە لێرە باسی دەکەین، ئازادییەکی ئەرێنییە. ئازادییەکە، کە لە چوارچێوەی هۆشیارییەکی باڵای بەرپرسانە ئەنجام دەدرێ. ئازادییەکە ماف و ئەرکی تاک دابین دەکات لە بەرانبەر ماف و ئەرکی ئەوانەی دیکەدا.

١١- بڕوانە پاشکۆی (ڕەخنەی چاودێر)ی ڕۆژنامەی (چاودێر)، ژمارە (١٤٥). چامەی (تەون)ی شێرکۆ بێکەس.

١٢- عەلی مەردان. گۆرانییەکانم. پاژی یەکەم ل٢١، ٢٢.

١٣ و ١٤ و١٥- هیلمۆت یۆنکەر، دەروونناسی ترس، و: ناسر سەلاحی، ل١٥٩-١٦٣.

ڕەنگە لەم وەرگرتنەدا هەندێک درێژدادڕی هەبێت، بەڵام دەبوایە چیرۆکەکە وەک خۆی بگوازمەوە؛ هەر بڕین و کەم و زیادەیەک لێی، کار لە واتای مەبەست دەکات: نە چیرۆکەکە دەهێڵێ بە لێ کەمکردنەوە بیگوازینەوە، نە ناوکۆی نووسینەکەی ئێمەش ئەم لێ کەمکردنەوەیە پەسەند دەکات.

١٦- ئەوەی جێی سەرنجە، من لە هەردوو پاژی کتێبی (گۆرانیەکانم)ی مامۆستا عەلی مەردان-دا، دەقی ئەم گۆرانییەم نەدۆزییەوە؛ بۆیە لە (CD) وەرمگرت؛ لەبەر ئەوەش ئەگەر هەڵەم لە تۆمارکردنی هەر وشەیەک کردبێ داوای لێبوردن دەکەم.

١٧- من کاتی خۆی بەدرێژی لەسەر ئەم پەندە دواوم، بڕوانە گۆڤاری ڕامان ژمارە (٦١)، (٢٠٠١/٧/٥).

١٨- لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتی جنێودانە دەبێ لەبیر نەکەین دیوێکی دیکەشی هەیە: جنێودان لێرە لە گەوهەردا، ڕەتکردنەوە و سووککردنی خودی چەپاندنیشە، واتا لێرە ناودژێک هەیە: حەزی سێکس داوا دەکرێ، بەڵام لە ڕێی ڕەتکردنەوەی خودی سێکسەوە؛ لەلایەکەوە لە ئەنجامی بێ بەش بوون لە تێرکردنی ئەم غەریزەیە، وەک تووڕەبوون جنێو پێدەدرێ، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ڕازی کردنی ئاراستەی باوی کۆمەڵگە، دژایەتی دەکرێ، کە ئەگەر لە یاساکانی چەپاندن لابدات، ئەوە دەبێتە مایەی شەرم و فۆبیا.

١٩- تیرنیس ماکینا. طعام الالهة. ت: سمیة فلو عبود. ص٧٤.

لەم سەرچاوەیەدا لە بەرانبەر چەمکی کۆمەڵگەی زاڵدا (مجتمع السیطرة)، چەمکی کۆمەڵگەی بەشداریکردن (مجتمع المشارکة) هەیە، پێدەچێ ئەمەی دواییان بە واتا مارکسییە تەقلیدییەکەی، هەر چەمکی قۆناغی کۆمەڵگەی کۆمۆنەی سەرەتایی بگرێتەوە.

٢٠- تشان تشوشلان، طریق الحب. ت: رسلان عامر، ص١٥.

٢١- هەمان ژێدەر، ل١٧.

٢٢- عەمر خالید. نامیلکەی شەرم. و: محەمەد سادق، ل٣٥.

٢٣- هەمان ژێدەر، ل١٥.

٢٤- هەمان ژێدەر، ل١٩.

٢٥- هەمان ژێدەر، ل٦.

٢٦- هەمان ژێدەر، ل٣٩.

# بۆچی مێژوونووسەکانی کورد بەرهەمەکانیان تۆکمە و بەرچاو نییە

د. حەسەن جاف

بێ گومان مێژوو زانستێکی ئاسان نییە و هەر لە خۆیەوە نەوتراوە کە (باوکی زانستەکانە). ئەم زانستە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی لەگەڵ زۆربەی زانستەکاندا هەیە و هەر زانستێکیش پێویستی بە مێژوویەک هەیە. بۆ نموونە مێژووی پزیشکی، مێژووی کیمیا، مێژووی ماتماتیک. لە هەموو زانستەکانیش زیاتر ئەو پێوەندییە پتەو و بەهێزەیەکە لەگەڵ زانستە ڕامیارییەکاندا هەیەتی، چونکە مێژوو سیاسەتی ڕابردووە و سیاسەتیش مێژووی ئیمڕۆکەیە، بەڵام مێژوو سەروکاری هەر لەگەڵ ڕابردوودا نییە، بەڵکو زانستی ڕابردوو، ئێستا و ئاییندەشە. یەکێ لە مێژوونووسان سەبارەت بە مێژوو دەڵێ: مێژوو بە شوێن (حەقیقەت)دا گەڕانە، حەقیقەتیش بە ئاسانی نایەتە دەست و بەرهەم پێویستی بە پشوویەکی درێژ و هەوڵ و تەقەللا و کۆششێکی ماندوونەناسانەی، بەرفراوانە (حەقیقەتی مێژوویینە)، وەک ئەو «ماسی»یە نییە کە بەسەر سینییەکی زیوینەوە بخرێتە بەر دەست و ئامادەی خواردن بکرێت، بەڵکو وەک ئەو «ماسی»یە وایە کە لەنێو ئۆقیانووسێکی قووڵدایە، پێویستە مێژوونووس بیگرێت و ئامادەی خواردنی بکات، بێ گومان ئەم پێناسە دژواری و پێچیدەیی کاری مێژوونووس دەخاتە بەرچاو، لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە هەموو کەسێک قەڵەمی گرتە دەست و قۆڵی لێ هەڵماڵی و سەبارەت بە ڕووداوێکی مێژوویی نووسی بەمێژوونووس ناژمێردرێت.

ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی مێژوو لە ڕێڕەوی مێژوودا مێژوونووسانی لە هەڵسەنگاندن و لە یەکدانەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەدا جیاوازییەکی یەکجار فراوان لەنێوانیاندا خۆی دەنوێنێ، ئەم جیاوازییە بووەتە هۆی

چەواشەکردنی حەقیقەتی ئەو ڕووداوە مێژووییانە، وەکو وتمان دۆزینەوەی ئەو حەقیقەتانە کارێکی یەکجار ئاڵۆز و دژوارە، سوارچاکێکی پێویستە کە لە ئاستی دەست تێوەردانی ئەو کارە سەخت و گرنگ و مەزنەدا بێت.

هیگڵ فەیلەسووف و زانای ئەڵمانی دەڵێ: «تەنیا کەسێ دەتوانێ شتێ لە مێژووەوە فێر بێ و ببێتە سوارچاکی ئەو مەیدانە کە زانیارییە ڕووکەشەکانی بخاتە لایەکەوە و لە قەفەسی بیروباوەڕی تەسکی خۆی بچێتە دەرەوە و خۆی لەگەڵ ڕەوتی زەمانەدا بگونجێنێ»

ئەو کەسانەش بە بڕوای بەندە لە کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکاندا کەمینەن، چونکە بەرژەوەندی تایبەتی، هەستی ئایینی، نەتەوایەتی، ئایدیۆلۆژی..تاد نەخشی سەرەکییان لە نووسراوەکانی مێژوونووساندا هەیە. بەم پێوەرە مێژوونووسی بێ لایەن و دادوەر و خۆنەویست کەمتر دەکەونە بەرچاو، ئەوانەی خۆشەویستی دروشمیانە کەمینەن، ئەوانەی وەک (ابن العربی) دەڵێ: أدین بدین الحب أینما توجهت (کائبە) دەگمەنن، ئێمەی کورد مێژووەکەمان بەهۆی چەند هۆکارێکی سەرەکییەوە چەواشە کراوە. داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێڕەوی مێژوودا ئەم مێژووەیان لەکەدار کردووە. نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی کورد یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەم ناتەواوی و لاوازی بەرهەمی مێژوونووسەکانمانە، داگیرکەرانی کوردستان قارەمان و پیاوان و زانا و بلیمەتانی ئێمەیان بەناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە و لایەنە درەوشاوەکەی مێژووی ئەم میللەتەیان لە تاریکیدا هێشتووەتەوە و هەر بە ئەنقەست چەواشەشیان کردووە و بەدەگمەن مێژوونووسێکی داگیرکەرانی کوردستان دەبینی سەبارەت بە مێژووی کورد دادوەرانە دوا بێت. مێژوونووسانی کورد بەم چەواشەکارییەوە بەرپرسیارییەتێکی یەکجار گەورەیان بە ئەستۆوەیە. لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا پێویستیان بە هەوڵ و کۆششێکی بێ پشووی زۆرتر هەیە بێ ئەوەی لە ڕابردوو و ئێستایان بتۆقن، یان شەرم بیانگرێ، پێویستە ئەم حەقیقەتە بزانن مێژووی میللەتەکانی تر مێژوونووسان و نووسەران و زانایانیان درەوشاوە و ڕەنگین و تێروتەسەلیان کردووە و مێژووی میللەتەکەیان لەو میللەتانە کەمتر و هەژارتر و لاوازتر نییە.

بێ گومان ئەو نەتەوانەی مێژوویەکی هەژار و لاوازیان هەیە ڕۆڵەکانیان هەوڵ و تەقەللا دەدەن مێژووی نەتەوەکەیان لە هەموو ڕوویەکەوە تێروتەسەل بکەن، ئێمەی کورد ناڵێین مێژووەکەمان لاوازە، بەڵام زۆریش بە سامان نییە، چەواشەکراوە، زۆری لە تاریکیدا ماوەتەوە، پێویستمان بە کۆشش و هەوڵێکی بەربڵاوە کە نەخشی هەر مرۆڤێکی هەڵکەوتووی کورد لە هەر چینێک بێ، لە هەر ڕشتەیەکدا هەڵکەوتبێ، ئاشکرا بکەین، بەڵام بە داخەوە، هەروەک مامۆستای مەزن مەسعوود محەمەد دەڵێ: ڕۆشنبیری کوردی سەردەم وەها لەبەر زمانی خۆش دێت، هەڵنان و ڕێزلێنان بۆ مرۆڤی بێ سامان و ڕووت و قووت بێت، ڕقی لە شۆڕەتی پیاوانی خاوەن سامان و دەسەڵات هەڵدەستێت، حاڵ گەیشتووەتە ئەو بارەی ڕۆشنبیرە نەوباوەکانمان بە نووسینی بێ پێچوپەنا هەموو سەرۆک شۆڕشەکانی لەمەوپێشەوەی کورد سەرکوت و تاوانبار دەکەن، چونکە لە برسا نەمردبوون. ئەم بیرۆکە و بۆچوونە چەوتی چینایەتییە یەکێکی ترە لە لاوازی و هەژاری بەرهەمەکانی مێژوونووسان و نووسەرانی کورد لە هەموو بوارەکاندا. ئەم قەوارە سیاسییەی کە ئێمڕۆکە لە کوردستانی باشووردا هەمانە لە هەموو لایەکەوە، هەڕەشەی لێ دەکرێ و خۆمانیش هەڕەشەی لێ دەکەین. ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە ڕێزی بزانێ و خزمەتی بکات و ئەگەر پێویست بوو گیانی لە ڕێگادا فیدا بکات. سەرکردەکانی ئەم قەوارەیە پێویستە لە ئاستی ئەم بەرپرسیارییە مێژووییەدا بن بە خۆنەویستییەوە بۆ مانەوە و گەشەپێدانی ئەم قەوارە ڕامیارییە بکۆشن. بە بۆچوونی من یارمەتیدانی مێژوونووسانی کوردیش یەکێک لەو بەرپرسیارییە گرنگانەی کە بەسەر شانیانەوەیە، چونکە میللەتێکی بێ مێژوو بێ ئاییندەشە، بێ گومان یاری و کۆمەکی مێژوونووسان و ئەدیبان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەم میللەتە خزمەتێکی شایستە و شایانە بە ئایندەی ئەم وڵاتە ئازیزە، پێویستە ئەم ڕاستییەمان لە بەرچاوبێ

مێژوونووس، یان وەک هەر ڕۆشنفکرێکی بە توانای ئەم میللەتە ناتوانێ لە کارەکەیدا داهێنەر و چالاک و وردەکار بێ، ئەگەر پێویستییەکانی تایبەتی ژیان بەرۆکی خۆی و ماڵ و منداڵی گرتبێ.

ئێمە دەبینین لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، زانایان، شاعیران، ڕۆمانووسان، نووسەران دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو و ئاسوودەن بۆیە بەرهەمەکانیان شاکار و تۆکمە و بەرچاون، بەڵام مێژوونووس و نووسەری ئێمە لە تەنگدەستی و پەژارەیی و قوڕ بەسەریدا دەتلێتەوە و پێم ناڵێن چۆن داوای لێ بکەین بەرهەمی تۆکمەمان بۆ بهێنێتە بەرهەم.

ئەمە بەو مانایە نییە ڕۆشنفکری هەژار و دەست نەڕۆیشتوو و دەستکورت ناتوانێ بەرهەمی شاکار و تۆکمە بنووسێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە کەمینەی میللەتەکەمان مێژوونووس و ڕۆشنفکری بە توانا و کارامەی زۆرە، بەڵام ناچارن لە هەڵپەی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیاندا بن، ڕێزگرتن و دابینکردنی پێویستییەکانی ئەم چینە خزمەتێکی شایانە بە ئێستاو ئاییندەی ئەم میللەتە.

با لە ژیانیاندا ڕێزیان بگرین دوای مردنیان کۆڕ و کۆبوونەوە لە بارەیانەوە نە سوودی بۆ ئەوانە و وابزانم بۆ میللەتەکەیش سوودی نابێ. زانای گەورەی فەرەنسایی «ڤۆڵتێر» دەڵێ: «وشەیەک لە ژیانماندا لە وەسف و پێداهەڵدانمان بوترێت، زۆر لام گرنگترە لە سەدان کتێب دوای مردنم سەبارەت بە من بنووسرێت».

ڤۆڵتێر پێویستی بە پێداهەڵدان نەبووە، ناوبراو لە ژیانیدا گەیشتە پۆپەی سەربەرزی و ناوداری، بەڵام دەیەوێ دەرسێک بداتە میللەتان کە ڕێزی خوێندەواران و زانایان و ڕۆشنفکرەکانیان لە ژیانیاندا بگرن، نەوەک دوای مردنیان ببێتە حەقیقەت. بە ئومێدی ئەو ڕۆژە، بەهیوای ئەم ورێنەیەم.

# کەسێتی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا

**محەمەد ڕەشید فەتاح**
**(سلێمانی)**

ئاشکرایە بە گەشەسەندن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، پەروەردە و فێرکردنی منداڵ جۆرە ئاڵۆزییەک لەخۆ دەگرێت و شێوازێکی فرە لایەنەش لەم ڕووەوە دێتە ئاراوە. لەبەر ئەوەی خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە ڕوو لە زیاد بوون دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە ڕێنمایی کردن و پەروەردەو فێرکردنی منداڵان دراونەتە دەستی دامودەزگایەکی دیاریکراوی وا کە لە دەرەوەی خێزان وماڵەوەن.

ئاسەوارە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەردوو شارستانیەتی کۆن لە دۆڵی نیل و میزۆپۆتامیادا، بایەخی تەواویان بەو جۆرە دەزگایانە داوە، بەڵام ئەوەی نەزانراوە ئەوەیە، ئەو تەمەنە چەند بووە کە بۆ فێرکردنی منداڵ دەستنیشان کراوە؟

شاراوە نییە ئەگەر بڵێین: گشت ڕاپەرین و ڕاچەنینێک بیروبۆچوونی نوێ بە دوو خۆیدا دەهێنێت. ڕاچەنینی ئەوروپاییەکان، واتە (ڕینیسانس) گەلێ بیروبۆچوونی نوێی بە دووی خۆیدا هێنا. لەوانەش لاکردنەوە لە تێڕوانینی زانستییانە و بابەتییانە و دیموکراسییانە و ئاوڕدانەوە لە بواری دەروونناسیدا.

هەموو ئەمانەش لە دید و بۆچوونی پەروەردەکاران و پسپۆڕاندا ڕەنگی دایەوە و بوونە هۆکاری هەنگاونانی نوێ لەو بوارەدا، لێرەدا بەپێویستی دەزانین ڕاوبۆچوونی هێندێ لەو زاناو پسپۆڕانە بخەینە پێش چاو، ئەگەر بە کورتیش بێت.

ڕۆسۆ یەکەم کەس بوو سەلماندی مرۆڤ بەپێی چەند قۆناغێک گەشە دەکات. بەلای ئەویشەوە منداڵ تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە و خۆ پەرستیشە. وەلێ ڕووخۆش و ئێسک سووکیشە. منداڵ خواستێتی بڵێ منیش هەم،

بۆیە حەزی بە لاسایی کردنەوەیە. ئارەزووی بەرهەمهێنان و نواندنیشی هەیە، بۆیە هەر لێرەوە بە دادەکانی باخچەی ساوایان دەڵێین: ئەرکی سەرشانیانە منداڵ بۆ ژیانی داهاتوو پەروەردە بکەن، لەوەش بە ئاگا بن کە منداڵ چۆن دەڕوانێتە ژیان و چۆن چۆنیش بیری لێدەکاتەوە؟!.

دوای (ڕۆسۆ) پەروەردەکارێکی وەک (بستالۆتزی) لە بیرو بۆچوونیدا شوێن پێی ڕۆسۆی هەڵگرتبوو. دوای ئەویش (فریدریک فرۆبل) لەبەر ئەوەی یەکەم دامەزرێنەری ڕاستەقینەی (باخچەی ساوایان)ە بەزانایەکی پەروەردەکار نێوزەد دەکرێت.

(فرۆبڵ) لە ساڵی (١٨٣٧)دا یەکەم باخچەی ساوایانی لە شاری (بلاکنبۆرگ) بۆ منداڵی تەمەن (٣ تا ٧) ساڵی کردەوە، لەژێر دروشمی (وازمان لێبێنن، با ژیانێکی بەختیار بۆ منداڵەکانمان دابین بکەین.) فرۆبڵ خواستی ئەوە بوو کە بە پشتیوانی سیستەمێکی یەکگرتوو، کەسانی سەربەخۆ و هەستیار پەروەردە بکات، ئەویش لە ڕێگەی باخچەی ساوایانەوە. کەواتە لێرەوە پێویستە دادەکانی باخچەی ساوایان، ڕێنمایی و وانەو ڕاهێنانەکان و ئامۆژگارییەکانی ئەو زانا گەورەیە لە ڕووی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵەوە، پشتگوێ نەخەن و گەر بۆ زیادە زانیاری خۆشیان بێت، شارەزاییەک لەو ڕووەوە پەیدا بکەن.

(جۆن دیوی) زاناو شارەزای بواری پەروەردەو فێرکردن دەڵێت: (لە زۆربەی وڵاتاندا باخچەکانی ساوایان بیروبۆچوونەکانی (فرۆبڵ)یان هەڵگرتووەو وتووشیانە (باخچەی ساوایان موڵکی زیاتر لە پاشایەکە!!) واتە زیاتر لە فرۆبڵ خۆی.

ئەوی ڕاستی بێت باخچەکانی ساوایان تەنیاو تەنیا لەسەر بیروبۆچوونەکانی (فرۆبڵ) نەگیرساوەتەوە، بەڵکو پەروەردەکاری دیش هەن دوای ئەو بەشداربیان لە هەوڵ و کارە پەروەردەییەکانی ئەودا کردووە، لەوانە (د. مەدام منتسۆری)یە، ئەمیش لە ساڵی (١٩٠٧)دا یەکەم قوتابخانەی بە ناوی (خانەی منداڵانەوە) بۆ منداڵی تەمەن (٣ تا ٧) ساڵی کردەوە، بۆ ئەمەش ئازادی تەواوی دایە دەستی منداڵ تا بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ دەست خستنە نێو ئیش و کاریانەوە هەڵسوکەوت بکەن. هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئامراز و کەلوپەلی پێویستی بۆ ئامادە کردن.

پێویستە ئەوەش بخەینە ڕوو کە ئەو بنەما پەروەردەییانەی لە قوتابخانەکەی (منتسۆری)دا، لەبەر چاوبوون بریتی بوون لەمانە.

(١)- بەپێی ئەو سەربەستییەی بە منداڵ درابوو، خوێندن لە قوتابخانەکەیدا تاکەکەسی بوو.

(٢)- منداڵ دوای ڕێنمایی کردنی لە هەڵسوکەوتیدا ئازادە.

(٣)- دەبێت ڕێز لە کەسێتی منداڵ بگیرێت و لەکاتی پێویستدا نەبێت، توخنی نەکەوین.

(٤)- لە قوتابخانەکەیدا مامۆستا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەنیا سەرپەرشتیکار و ڕێ پیشاندەرە.

هەردوو زانای پەروەردەیی (منتسۆری) و (فرۆبڵ) لە گەلێ بیروبۆچووندا سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا لە یەکدییەوە نزیکن، ئەوەش لەوەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە هەردووکیان لەسەر ئەو ڕایەن، فێرکردن بەشێوازی یاریکردن ئەنجام بدرێت، بەڵام لە هەندێ لایەنی ترەوە لە یەکدی جیاوازن، بۆیە هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تا ئێمرۆ مشتومڕو بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر هەوڵەکانی ئەم دوو زانا پەروەردەییە بێتە گۆڕێ و زانایان و پەروەردەکارانیش ببنە دوو بەشەوە.

بەشێکیان لایەنی (فرۆبڵ)یان لە باخچەکانی ساوایاندا گرت و ڕێگەی ئەویان بە شایستە زانی، لەوانەش پەروەردەکاری ئەمریکی (بلاو) بوو کە ساڵی (١٨٧٣) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەم باخچەی ساوایانی کردەوە، بەهۆی ئەمەشەوە فەلسەفەکەی (فرۆبڵ) لە ئەمەریکادا تەشەنەی سەند.

هێندێکی دیکە لە پەروەردەکاران بەلای (منتسۆری)دا دایان شکاند، وەکو (سدنی هێڵ) و (ستانلی هۆڵ) و (جۆن دیوی) و کەسانی دیش. دوای ئەوەی ئەمانە برەویان بەبیروبۆچوونی ئەو دا، بەلایانەوە وابوو کە پێویستە بایەخی تەواو بە وانەکانی مۆسیقا و وەرزش و یاریکردنی سەربەخۆ بدرێت.

لە تەک ئەوەشدا لەوە بە ئاگابوون کە تاکە هۆی سەرەکی بۆ زێتر گەشەکردنی باخچەکانی ساوایان، ئەو بەرنامەیەیە کە لەسەر چالاکی منداڵ خۆی وەستاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە بنەما بایۆلۆژی و دەروونی و

میسالیەتی (فرۆبڵ) یان پشتگوێ نەخست.

ئەوی ڕاستی بێت بیرۆکەی سەربەستی بەخشین بە منداڵ بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیەتی و ئارەزووشی لێیەتی لەسەدەی بیستەمدا بووە بناغەیەک بۆ دانانی بەرنامەی باخچەی ساوایان و تا ئێستەش ئێمە پێڕەوی دەکەین.

### کەسێتی منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا

پێویستە دادەکانی باخچەی ساوایان سەرەتایەک لە ئاشنا بوون بەو باری کەسێتییەوە بزانن، خۆ ئەگەر بەوە ئاشنا نەبوون ئەوە نابنە دادەی ڕاستەقینەی باخچەکانی ساوایان.

کەسێتی بابەتێکی بنەڕەتییە لە زانستی دەروونناسیدا، ئەمەش دوا سەرەنجامی گونجاندنی تاکە لە تەک ژینگەداو سەرچاوەیەکی سەرەکیشە بۆ ناسینی بارە دەروونییەکانی، کەواتە لێرەوە لەسەرمانە بەجددی لێی بکۆڵینەوە و لە هەموو ڕوویەکیشەوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

شتێکی مەحاڵە ڕاستەو ڕاست کەسێتی لێک بدەینەوە، وەک ئەوانەی گەلێ جار لە میانەی گفتوگۆ کردندا دەڵێن: (فلانە کەس لە نێو خەڵکیدا لێهاتوو و کارامەیە!.) کەواتە هەر لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: (کەسێتی بریتییە لەوەی هەموو جۆرە هەڵچوون و ئارەزوو و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەک بەشێوەیەکی داینامیکی لە ناوەوەی مرۆڤدا ڕێک دەخات.)، بەپێی ئەم پێناسەیەش کەسێتی ئەوە نییە کۆمەڵێ سیفات بگرێتە خۆی، بەڵکو بریتییە لەو یەکبوون و یەکگرتنە هاوتەریبەی کە لەو سیفەتانەوە دێنە ئاراوە). قۆناغی سەرەتایی منداڵی، قۆناغی پێگەیاندن و گەشەکردنە، هەروەها مسۆگەرکردن و بەدەست هێنانی ئەو ویست و خواستە بنەڕەتی و سەرەکییانەیە کە دەبنە هۆی دروستبوونی کەسێتی منداڵ. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی بڵێین: ئەم قۆناغە کاتێکی لە بارو گونجاوە بۆ پێگەیاندن و گەشەکردنی منداڵ.

هەر بۆیە پەروەردە لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا دەرکی بەو ڕاستییە گرنگە کردووە و بۆ ئەمەش بەرنامەی تایبەتی و دیاریکراوی بۆ داناوە، بەرنامەیەک کە پشت بە نوێترین ئاکارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەم قۆناغەدا دەبەستێت.

زانایانی دەروونناسی تاکو سەدەی هەژدەمیش مرۆڤیان دەکردە چەند بەشێکەوە، یان چەند لایەنێکەوە، بەڵام لەسەدەی نۆزدەمدا ئەم بیروبۆچوونەی سەدەی هەژدە سەرەتا لە خۆرئاوا، ئنجا لە خۆرهەڵات ڕەت کرایەوە.

لەوەوبەر زانا دەروونناسەکان لەو بڕوایەدا بوون مرۆڤ لە هەڵسوکەوت کردنیدا ئارەزوومەند نییە، بەڵکو ملکەچی کۆمەڵێ فاکتەری جۆراوجۆرە. یەکێک لەو زانایانە (فرۆید)ە کە سوورە لەسەر ئەوەی (خەیاڵ پڵاوییە ئەگەر مرۆڤ بڕوای بەسەربەستی خود هەبێت.)

لێکۆڵینەوە و ئەزموونە بەردەوامەکانی زانایان دەربارەی قۆناغی سەرەتایی منداڵی گەلێک زۆرن، هەر بۆ نموونە (هنری فالۆن)ی فەرەنسی لێکۆڵینەوەی پڕ بایەخی لەم ڕووەوە هەیە.

منداڵ لە ژیانیدا دوای سیستمێکی دەروونی دیاریکراو کەوتووە و لەسەرمانە بیدۆزینەوە، منداڵ خواست و ویست و ئارەزووی تایبەتی خۆی هەیە. سەردەمانی پێشوو پەروەردەکاران بە ئارەزوو و ویستی خۆیان بەرنامەیان بۆ دروستبوونی کەسێتی منداڵ دادەڕشت و داواشیان لە منداڵ ئەوەبوو کە بەبێ کەم و زیاد دووی ئەو بەرنامەیەی ئەوان بکەوێت و بەموو لێی لانەدات، بەڵام زانستی پەروەردەی نوێ، نالەباری و نەشیاوی ئەو ڕێگەیەی دەرخستووە و ڕوونیشی کردووەتەوە، کە ئەو ڕێگەیە کەسێتی منداڵ تێک دەشکێنێت. بەهۆی ئەو بەرنامە کۆنانەوە منداڵ وەک تاکێکی ناو کۆمەڵ، دوارۆژ نابێتە ئەو کەسەی کەلێنێکی دیار لەنێو خەڵکیدا پڕ بکاتەوە و جێ دەستیشی دیاربێت، بەڵکو دەبێتە مرۆیەکی بێ دەسەڵاتی وا کە هیچ جۆرە گیانێکی داهێنان و چالاکییەکی بەرچاوی نەبێت.

دوا بەدوای سەرهەڵدان و هاتنەکایەی قوتابخانە نوێیەکان، واتە لەو دەمەی کە پەروەردەکاری سویسری (دکرولی) هاتە ناوەوە، ئەو بە ڕاشکاوی لە بەرنامە نوێیەکەیدا بیروبۆچوونە کۆنەکانی ڕەتکردەوە و پێی لەسەر ئەوە داگرت: کە نابێ منداڵ ملکەچی تەواوی بەرنامە بۆ دانراوەکان بێت بەڵکو پێویستە بەرنامەڕێژی بەشێوەو شێوازێک بێت. کە لە تەک ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی منداڵدا بگونجێت. هەر بەهۆی ئەمەشەوە

لەمەولا مامۆستا بڕیاردەری بەرەو دوا نابێت تا قوتابیش لەبەر دەستیدا ببێتە کۆیلەیەکی زەلیل و ملکەچ، بەڵکو دەبێت مامۆستا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دوای خواست و ویست و حەز و ئارەزووی منداڵ بکەوێت، لایەنە نوێیەکانی پەروەردە بایەخی تەواو دەدەن بە پێگەیاندنی منداڵ و بیرکردنەوە و خواستەکانیشی لە پێش چاو دەگرن. ئامانجی بنەڕەتی لەپەروەردەی نوێدا ئەوەیە چ بەرنامە و چ وانەکان و چ قوتابخانەش لەلای منداڵ خۆشەویست بن. بایەخدان بە پەروەردەکردنی منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا، بەلای پەروەردەی نوێوە بیرێکی تازە نییە، بەڵکو گەلێک کۆنەو لەوەوبەر هەنگاوی زۆری بۆ نراوە.

لە ڕووی پەروەردەکردنەوە هەر نەتەوەیەک بگری، ڕێبازی تایبەت بەخۆی هەیە و لەلایەنی فەلسەفی و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆشیانەوە، ئاوڕیان لەم ئەرکە کۆمەڵایەتییە گرنگە داوەتەوە. پەروەردە کردنی منداڵ لە یۆنانی کۆندا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە پێش چوونە قوتابخانە بایەخ بە منداڵ بدرێت، ئەو بایەخ پێدانەش خرابووە ئەستۆی باوک و دایک، لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەیەکی بۆ دانراوی واش کاریان دەکرد، کە پێویستە منداڵ لەو تەمەنەدا، واتە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە، لەسەر وەرزش کردن و توندوتیژی و دڵڕەقی ڕابهێنرێت و هەر لەیەکەمساڵیشەوە ڕەوشت و خووی گەورەکانی پێ هەزم بکرێت. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لە (یۆنان)ی کۆندا منداڵ بە پیاوێکی گەورە حسێبی بۆ کراوە، هەر وەکو فەیلەسووفەکەیان (ئەفلاتوون) سەلماندوویەتی و دەڵێت: (پێویستە لەسەرەتاوە منداڵ وەک گەورە ڕابهێنرێت).

پەروەردەی (ڕۆمان)یش لە کۆندا هەروەک شێوەی پەروەردەی یۆنانی کۆنە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین: کە پەروەردەکاری ڕۆمانی (کویتیتان) دەڵێت: (پێویستە منداڵ پێش تەمەنی (٧) ساڵی لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە پەروەردە بکرێت.) وتاریێژی بەنێوبانگی ڕۆمانی (شیشرۆن) لە کتێبەکەیدا پشتگیری لەوە دەکات.

دوای ئەوانیش پەروەردەی (مەسیحی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە باوک و دایک هەر لە منداڵییەوە، منداڵ لەسەر پەروەردەکردنێکی ئایینی پەروەردە بکەن.

بەلای ئایینی ئیسلامیشەوە جەخت لەسەر پەروەردە کردنێکی ئایینی و دنیاییش کراوەتەوە. هەروەک لە قورئاندا هاتووە (وقل ربي ارحمهما كما ربياني صغيرا). پێغەمبەریش (د.خ) دەفەرموێ (من كان له صبياً فليتصب له). هەروەها لە بیروبۆچوونی فەیلەسووفە عەرەبەکانیشدا وەکو (غەزالی) و (ئیبن سینا) کە لە کتێبی (یاسا)دا هاتووە بایەخی تەواویان داوە، بە پەروەردەکردنی منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا داوە.

قۆناغی سەرەتایی منداڵی قۆناغێکی ناسک و مەترسیدارە، هەر لەبەر ئەوەشە تا ئیمڕۆ لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و شیکردنەوەی دەروونی زۆر و زەوەند سەریان هەڵداوە و گەلێ لە زانایان و پسپۆڕانی دەروونناسی بواری پەروەردەو زانست بەپێی ڕەگەزی جۆراوجۆر لەو ڕووەوە کاریان کردووە و سەرەنجامیش گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی هەوڵ و کۆششی خۆیان لەم خاڵانەدا کۆ بکەنەوە.

(١)- لە خەسڵەتەکانی قۆناغی سەرەتایی منداڵی تێبگەن و دەرکیش بە پێداویستییە بنچینەییەکانی بکەن.

(٢)- گرنگی و بایەخی ئەو قۆناغە بزانن و ئەوەش دیاری بکەن کە خواست و ویستی ئەو قۆناغی تەمەنە چ ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی تاکدا هەیە.

قۆناغی سەرەتایی منداڵی مەترسیدارترین قۆناغە لە ژیانی مرۆڤدا، لەبەر ئەوەی قۆناغی دروستبوونەو بەردی بناغەی کەسێتی لەسەر دادەنرێت. منداڵ لەم قۆناغەدا بێ دەسەڵاتە و پشت بە کەسانی دی دەبەستێت و دەوروبەرەکەشی کاریگەری زۆریان لەسەری هەیە، هەروەها پێویستی بەچاودێریکردن و ڕێنماییکردنی پێویستیش هەیە. تا ئەو قۆناغە بەهێمنی و ئارامی و دڵنیاییەوە ببڕێت.

(د. عبدالعزیز البسام) لەم ڕووەوە دەڵێت: «گوزەراندنی ژیان بە هێمنی و ئاسایی شێوازێکی لەبارە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، چونکە ئەویش هەست بە هێمنی و دڵنیایی خۆی دەکات.» (فرۆید) و قوتابخانە دەروونناسییەکەی (شیکردنەوەی دەروونی) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت (ئەو کاریگەرییە مەترسیدارە کە قۆناغی سەرەتایی منداڵی لە دروستبوونی کەسێتیدا جێی

دەهێڵێت.». هەرچی (ویڵسن)یشە کە گەورە بەرپرسی قوتابخانەی (ڕەوشت)ە، زیاتر بۆچوونی (فرۆید) دەسەلمێنێ و دەڵێت: (دوای لێکۆڵینەوە لەسەر سەد منداڵ گەیشتینە ئەو سەرەنجامەی بڵێین: بەر لەوەی منداڵ تەمەنی (٥)ساڵی تێپەڕ بکات، دەشێت کەسێتی بەهێز بکەین، یان تێکی بشکێنین). هەر بە بڕوای ئەویش دوای تەمەنی (٢) ساڵی کەسێتی تاک دیاری دەکرێت، کەواتە بەپێی بۆچوونی زانا دەروونناسەکان، منداڵ لەو قۆناغەدا جۆرێ ڕەوشت و کەسێتی تێدا دروست دەبێت. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: (کەسێتی بریتییە لەو ئەزموونانەی منداڵ کە لە قۆناغی سەرەتاییدا پێیدا تێپەڕ دەبێت..)

## دیاریکردنی قۆناغی سەرەتایی منداڵی

ژیانی مرۆڤ بریتییە لە زنجیرەیەک ئەڵقەی ئاڵۆزی پێکەوە نراو، شتێکی مەحاڵە لێکۆڵەرەوە لە یەکدیان دابڕێت، یان سەربەخۆ بەسەر چەند قۆناغێکی تەمەندا دابەشیان بکات، لەبەر ئەوەی تێکچڕژاو و ئاڵۆزەو هەر قۆناغێکیش تەواوکەری ئەوی دییە.

پرۆسەی گەشەکردن پەیوەستە بە ژیانی تاکەوە، بە واتایەکی دی گەشەکردن پرۆسەیەکی بەردەوامە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت. زانا دەروونناسەکان قۆناغی سەرەتایی منداڵییان بەم جۆرە دیاری کردووە لەنێوانی (٣ تا ٥) ساڵیدایە. ئەم دیاری کردنەش بۆ ئاسانکردنی لایەنەکانی گەشەکردن و تێگەیشتنە لە خەسڵەتەکانی منداڵێتی و پێداویستییە بنچینەییەکانیشی، تاکو لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا بەرنامەی جموجووڵ و چالاکی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا دابنرێت و یارمەتی منداڵیش بدات لە ڕووی لەش و لار و عەقڵ و زمان و باری کۆمەڵایەتی و هەڵچوون و داچوونییەوە.

پەروەردەکاران قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەی سەرەتایی دەکەنە دوو بەش.

(١)- قۆناغی نێو بێشکە کە دایەنگەی بۆ تەرخان کراوە.

(٢)- قۆناغی سەرەتایی منداڵی لە تەمەنی (٤ تا ٥) ساڵی کە باخچەی ساوایانی بۆ تەرخان کراوە.

ئێمە لێرەدا تەنیا ئەو خەسڵەتانە دەخەینە ڕوو کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرنامە پەروەردەییەکانی باخچەی ساوایانەوە هەیە.

## خەسڵەتەکانی گەشەکردن لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا

بێ گومان گەشەکردن هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە لە منداڵیدا ڕوودەدەن و تەواوکەری یەکدیشن. بۆ نموونە گەشەکردنی لەش ولار لە منداڵدا، لە هەمان کاتدا گەشەکردنی هەموو لایەنەکانی دیش دەگرێتەوە. وەک لایەنی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و باری دەروونی و... تاد؛ لەبەر ئەوەی ئەو لایەنانە پێکەوە پەیوەستن و هاوتای یەکدیشن.

بۆ کورتکردنەوەی باسەکەمان تەنیا بە ژمارە ئاماژە بەو لایەنانە دەدەین.

(١)- گەشەکردنی لەش و لار.

(٢)- گەشەکردنی جموجووڵ و چالاکی.

زانایەکی وەکو (کوتریج) دوای لێکۆڵینەوەی لەسەر دوو هەزار منداڵی تەمەن (٣ تا ٧) ساڵی بزێوی منداڵی وا لێک داوەتەوە.

أ- لە ٨٠٪ی منداڵی تەمەن (٤ تا ٥) ساڵانە توانای بازدان و یاریکردن و خۆ هەڵواسینیان هەیە.

ب- لە ٢٠٪ی منداڵی تەمەن (٤) ساڵانە توانای فڕێدان و گرتنەوەی تۆپیان هەیە. ئەم ڕێژەیەش لە تەمەنی (٤) ساڵیدا بەرەو زیاد بوون دەچێت.

ج- منداڵ لە تەمەنی (٤) ساڵیدا توانای سواربوونی پاسکیلی هەیە.

د- لێوەشاوەیی لە چالاکی نواندندا تەنیا پشت بەگەشەکردنی لەش ولار نابەستێت، بەڵکو پشت بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش دەبەستێت.

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکۆڵینەوانەیە کە باخچەی ساوایانی نوێ بەرنامەکانی خۆی بە وەرزش و جموجووڵی پێویست دەوڵەمەند دەکات.

(٣)- گەشەکردنی هەستەکان.

(٤)- گەشەکردنی مێشک.

(٥)- گەشەکردنی زمان.

گەشەکردنی زمان پەیوەستە بە گەشەکردنی ئەقڵی منداڵەوە، بەپێی قسەی زاناکان، منداڵی زیرەک زووتر فێری قسەکردن دەبێت. تاقیکردنەوەکان ئەوەیان دەرخستووە:

(أ)- دەسکەوتی منداڵی (٤) ساڵانە (١٧٤٠) وشەیە.
(ب)- لە تەمەنی (٥)ساڵیدا (٢٠٧٢) وشەیە.
٦- گەشەی خوورەوشت و باری ئایینی.

### گرفتی ڕۆژانەی منداڵی باخچەی ساوایان

منداڵ لە باخچەی ساوایاندا کۆمەڵێ گرفتی هەیە، بۆیە گرفت و تەنگوچەڵەمەی ڕۆژانەی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا لە کارە بنەڕەتی و بنچینەییەکانی بەرنامە پەروەردەییەکاندایە، ئەویش لە ڕێگەی هەست پێکردن و زانینی ئەو گرفتانە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی منداڵ، بۆیە بەردەوام ڕێگەی پەروەردەییانەی گونجاو و لەبار و هەوڵی بەرچاویان بۆ دراوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش (کۆبۆنی) تەواو و بە مەبەست بۆ ئەم گرفتانە دانراون. لە تەکیشیدا پێوەندیکردنی بەردەوام و ڕاستەوخۆ بە کەسوکاری منداڵەوە بکرێت تاوەکو لەو کارە دزێو و خراپانە دوور بخرێتەوە کە ئەنجامی دەدەن.

ڕۆژانە چوونە باخچەی ساوایان گرفت لای منداڵ دروست دەکات. بەتایبەت لای ئەو منداڵانەی کە بە ترس و دوو دڵییەوە بەرەو ئەوێ هەنگاو دەنێن. هەستکردنی منداڵ بە دوورکەوتنەوە لە خێزان و ماڵەوەو لە سۆز و میهرەبانی دایکیان کار دەکاتە سەری، چونکە کەم منداڵ هەیە حەز بە لەدەستدانی ئەو سۆز و میهرەبانییە بکات.

باخچەی ساوایانی سەرکەوتوو ئەو باخچەیەیە کە یەکەم هەنگاوی منداڵ لە ماڵەوە بۆ باخچە بەڕێگەیەکی پەروەردەییانەی دروست بقۆزێتەوە و منداڵ لە سۆزو نازی دایکی بێ بەش نەکات، هەروەها لە ڕۆژی یەکەمی هاتنییەوە، کەشوهەوایەکی لەباری وای بۆ بڕەخسێت، کە بەدڵنیاییەوە باوەشی بۆ بگرێتەوە. نەک لێی بتۆرێ و لە دەستیشی ڕابکات.

بێ گومان ئەمەش لە ڕێگەی ئەو بەرنامە تایبەتییانەوەیە کە بە دڵی منداڵان خۆیان بن و لێشی ڕازی بن.

دیسانەوە پێشوازیکردن لەلایەن دادەکانەوە، پێویستی بە ڕوویەکی گەش و میهرەبانییەکی تەواو و خۆشەویستییەکی بەرچاو هەیە. بۆ ئەوەی منداڵ هەست بە غوربەت نەکات، هەروەها بە ئامادەکردنی زۆر جۆرە یاری و کەلوپەلی یاری پێکردنی وا کە منداڵان لە لایان خۆشەویستە و حەزیان پێیەتی، دیارە بەو شتانەش باخچەو دادەکان لای منداڵان خۆشەویست دەبن.

### چۆنیەتی پێگەیاندنی مامۆستایانی باخچەی ساوایان

ئەوەی زانایان و پەروەردەکاران سەلماندوویانە و هەمیشە جەختیشی لەسەردەکەنەوە ئەوەیە، بەرنامەی باخچەی ساوایان و چالاکی ڕۆژانە و ئامانجە پەروەردەییەکانی تەنیا بەهۆی مامۆستای پسپۆڕەوە مەیسەر دەبێت، مامۆستایەکی وا کە شارەزایی لە پێداویستییەکانی قۆناغی سەرەتاییدا هەبێت و لەوەش بە ئاگا بێت کە پەروەردە چ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە باخچەی ساوایاندا هەیە.

پەیمانگا پەروەردەییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بایەخی تەواویان بە پێگەیاندن و ئامادەکردنی ئەو جۆرە مامۆستا شارەزا و لێهاتووانە داوە. هەر بۆ ئەم ئەرکەش بروانامەی پەروەردەییان پێداون، تا لەو بوارەدا بە سەرکەوتوویی کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

بێ گومان ئەو مامۆستایانەش ئەو جۆرە کادیرە پەروەردەییانەن، کە بەڕاستی سۆز و میهرەبانییان بەرانبەر بە منداڵ هەیە و لە دڵیشەوە منداڵیان خۆش دەوێت و حەزیش بە هەڵسوکەوت و هاوڕێیەتی منداڵ دەکەن و خواستیانە بە پەرۆشەوە لێیان نزیک ببینەوە، نەک ئەو مامۆستایانەی کە بێ تاقەتن و تەنیا بۆ کات بردنە سەر و وەزیفەی ڕۆژانە دەچنە باخچەکانەوەو لە هاوڕێیەتی منداڵ وەڕسن، بۆیە پێویستە لەسەر دامودەزگا پەروەردەییەکان کە ڕێگری لەوە بکەن، تا دەکرێت، ئەو جۆرە مامۆستایانە نەچنە باخچەی ساوایانەوە. وەکو لەسەرەوە وتمان ئەو مامۆستایانەی کە لە پەیمانگای تایبەتەوە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێن، ناو بەناو خولی پەروەردەییان بۆ دەکەنەوە و دەربارەی ئەزموونە نوێیەکانی باخچەی ساوایان ئەڵقەی ڕووناکبیری و کۆنگرە و کۆنفرانسیشیان بۆ سازدەکرێت.

هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان پێیان باشە مامۆستایانی باخچەکانی ساوایان خاوەنی ئەو بروانامانە بن کە بۆ ئەو مەبەستە خراونەتە کار. بۆ نموونە لە ڕووسیا مەرجە مامۆستای باخچەی ساوایان خولی ڕاهێنانی پیشەیی تایبەت لە پەیمانگا

پەروەردەییەکاندا ببینێت.

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش سیستمی پەروەردە جەخت لەسەر پێگەیاندن و ئامادەکردنی مامۆستایانی باخچەی ساوایان دەکاتەوە، کە بڕوانامەی پەروەردەیی بە پلەی (بەکالۆریۆس) لە پەروەردەکردنی منداڵی قۆناغی سەرەتاییدا ببینێت. لەبەریتانیا پێویستە لەسەر مامۆستایانی پێش قۆناغی سەرەتایی، ماوەی دووساڵ یان زیاتر لە یەکێ لە کۆلیژەکانی پێگەیاندنی مامۆستایاندا خولی پەروەردەیی ببینن.

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش دەبێ مامۆستای باخچەی ساوایان ئەم دوو مەرجە سەرەکییەی تێدابێت:

(١)- خوێندنی گشتی فەسلەجی و بیرکاری و فەلسەفەی پەروەردەیی و زانستی کۆمەڵایەتی و هونەرە جوانەکان.

(٢)- ئامادەباشی پیشەیی لە پەروەردەکردنی قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا، ئەویش بە تێگەیشتن و بە ئاگایی لە قۆناغەکانی گەشەکردن و باری سایکۆلۆژی منداڵدا.

لە کۆتاییدا ماوە ئەوە بڵێم: کاتی خۆی کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووم، ئەم نووسینەم لە چەند سەرچاوەیەکەوە بەدەست کەوت. تاکو وانەیەک بۆ مامۆستایانی باخچەکان بڵێمەوە، ئەوە بوو لە خولێکی ڕاهێنانیشدا ئەم بابەتەم خستە بەرچاو، بەڵام باوەڕناکەم لەلای ئەو مامۆستایانەوە، هەروەها لەلای ئەم سیستمە پەروەردەییەی کە ئێمرۆکە لە کوردستاندا پیادە دەکرێت، جێی خۆی بگرێت، چونکە لای ئێمە هێشتا نەک بەرنامەڕێژی بۆ گۆڕینی ئەو سیستمە ناتەواوە نەکراوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم: تا چەند ساڵێکی دیکەش ئێمە ئەوە بە خۆمانەوە نابینین کە ڕاشکاوانە بڵێین: شکور ئێمەش گەیشتینە ئەو ئاستەی بووینە خاوەنی باخچەیەکی ساوایانی پێشکەوتوو و سەردەمیانە، چەشنی وڵاتانی دەرودراوسێ و پێشکەوتووی دنیا.

**سەرچاوەکان:**

**١- التربية الحديثة، محمد كزما، ١٩٨٧.**

**٢- رياض الأطفال في الجمهورية العراقية. (تطورها و مشكلاتها)، د. رياض محمود، ١٩٨٩**، بەغدا.

**٣- الموسوعة الصغيرة، شخصية الطفل في الروضة.**

**٤- أدب الأطفال في العراق، هادي نعمان الهيتي، ١٩٧٨**، بەغدا.

# کاریگەریی ئافرەتان لەسەر زمانی زگماکی

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

**دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات**
**من کوتم تۆش تێ بگە ناگاتە زەریایە زنە**

**«هێمن»**

هەمـــوو مـــیـــرات و بەشـــەمـــاڵ و هەقـــێک لەلایەن باوکەوەیە، کەچی سەرەکیترین و بنەڕەتیترین سڵکێک کە زمانە، لەلایەن دایکەوە بە مرۆڤ دەگات. یەکەم شت کە منداڵ دوای پشکووتنی زمانی فێری دەبێ (زمانی دایکە)، چونکە دایک لە هەمـــوو کـــەس نزیکتـــرە و پێوەندییەکی مەزنی ڕوحی لەنێوان منداڵ و دایکدا هەیە و سروشتییە منداڵ یەکەم وشە لە دایکەوە فێربێ. کەوایە دەتوانین بێژین دایک گەورەترین و بەرچاوترین ڕۆڵی لە گەشەی زماندا هەیە و ئافرەت سەرچاوەی زمانە.

منداڵ هەر لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی ژیانییەوە بە تاڵە تیشکی ئەوین و عاتیفە بە دایکییەوە گرێ دەدرێ. دایک بەشێوەی فیزیکی و ڕوحی و ئەخلاقی لە خزمەت ڕۆڵەکەیدایە و پەروەردەی دەکا. لە هەموو بارێکیشەوە دەتوانێ کاردانەوەی لەسەر منداڵەکەی هەبێ.

ئەرکی دایک لەگەڵ ئەوەی زۆر پیرۆز و پاکە و جێگای ڕێزە، زۆریش ئەرکـــێکی قـــورس و گـــرانە و هەمـــوو ئافرەتێک ڕێی ناکەوێ ئەو ناوە پیرۆزە و ئەو مەقامە بەرزەی بدرێتێ، چونکە ئەرکی دایک تەنیا بەخێوکردن و شـــیر پێدان و خـــاوێن کـــردنەوە نیـــیە، گـەشـانەوە و پێگەیشـــتنی هەر نەتەوەیەک لە زانایی و تێگەیشـــتنی ئافرەتانی ئەو میللەتەوەیە. هەر نەتەوەیەک ئافرەتەکانی زانا و ڕووناکـــبـــیـــر بن، ئەو نەتەوەیە مـــەزن و ئازاد و ســـەربەرز دەبێ. پێناســـەی بوون و زیندووبوونی هەر

نەتەوەیەکیش زمانەکەیەتی؛ زمانیش لە دەست ئافرەتی ئەو نەتەوەیەدایە و دەتوانێ بیگەشێنێتەوە، یان بیفەوتێنێ.

با بە ئەو چاوە پڕ هیوا و مەزن بینییەوە بڕوانینە نەتەوە و کۆمەڵی خۆمان و هەڵوێستەیەک لەسەر ڕۆڵی ئافرەتانی خۆمان بکەین و بزانین هەتا چەندە توانیویانە ئەو ئەرکە پیرۆز و مەزنە وەئەستۆ بگرن. ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام زوڵمی لێکراوە و داری هەمەوو دەردێکیان لەسەریدا شکاندووە، ژن بەژنە و گەورە بە بچووک و بن پشک و بەردیلی و بەرخوێن و بنەتوو و دەیان جۆری دیکە ستەمی دەرهەق کراوە و تەنانەت بەشێوەی شەرعی فرۆشتووشیانە.

بەداخەوە زۆرجار زوڵمەکان هەر لەلایەن ژنەوە دەرهەق بە ژنێکی دیکە کراوە و بۆتە بنۆسی چارەڕەشی و هەناسە ساردی هاوڕەگەزێکی خۆی. لە ماڵێدا ئەگەر بۆرە دەسەڵاتێکی بووبێ داخی دڵی خۆی بە ئافرەتی بەردەستی- کچ و نەوە و بووک و خوشکی چکۆلە و...- خۆی ڕشتووە و هەر ئەوەی پیاو کردوویە ئەویش کردوویەتی. یان ژن بە خواستی خۆی و بەبێ زۆرەملێ و ناچاری سەربەهەوێ شووی کردووە و بۆتە هۆی تاڵکردن و شێواندنی ژیانی ئافرەتێکی دیکە و... با زۆر لە باسەکەمان دوورنەکەوینەوە، ئافرەت لەگەڵ ئەو هەموو دەرد و نەگبەتی و بێ دەسەڵاتییەش، کاتێ بووە بە دایک، زۆر بەرپرسانە و دەرۆستانە شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە پیرۆزە و منداڵی پێگەیاندووە. هەتا ئەمڕۆش زیندوو ڕاگری زمانەکەمان بوون و بەشێوەی زارەکی پەرەیان پێداوە و نەیانهێشتووە لەنێو بچێ، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ژیانی شارستانی و تێکەڵ بوون لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی بێگانان و دەروجیران، ئەگەر ئافرەتان هۆشیارنەبن و خۆ لەو ئەرکە مەزنە ببوێرن، بەڕاستی زمانەکەمان لە مەترسیدایە. لە کۆمەڵی ئێمەدا بەداخەوە ئافرەتان شەیدای زێڕن و ئەوەی بەلایانەوە سووک و کەم بایەخە موتاڵا و خوێندنەوەیە. تەنانەت ئافرەتە خوێندەوارەکانیش زۆربەیان تووشی ئەو پەتایە بوون و هەن. چاو لە هەر دووکانی زێڕینگەرێک دەکەی بە دەیان ژن لەبەر جامخانە و نێو دووکانەکەدا جمەیان دێ، بەڵام دووکانی کتێب فرۆشی و جامخانەکەی بۆ نیونیگایەکیان وەختە سیوشکەی هەڵێ و کتێب چاوەڕوانە ئافرەت بە باڵی پەپوولەی چاوی، تۆزی سەر ڕوخساری لاپەڕەکانی بتەکێنێ.

ئافرەتانی ئێمە تا کەنگێ بەخۆدا نایەنەوە و ئەو کانزا زەردەڵە گڵاوە فڕێ نادەن، کە هۆی تەواوی چارەڕەشی و دواکەوتن و سووکایەتییانە. ڕەنگە لەبەرچاوی تاقمێکی ناهیر و ئەقڵ لە چاودا بتوانن خۆ بە ئەو خرم و هۆڕی تەنەکە و ئاسنەوالآنەوە ڕانانێن و پۆزی پێوە لێدەن. ئایا بووە بۆ تاقە جارێک بیر بکەینەوە و لە خۆمان بپرسین ئەو تەنەکە زەردە بەکاری چی دێ و بۆچی دەبێ؟ هەتا کەنگێ ئەو کانزایە دراوێک بێ بۆ کڕین و فرۆشتنی ژنان و هەڵیان فڕیوێنێ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ژن بە زانایی و تێگەیشتوویی و خوێندەواری نرخ و بایەخی خۆی بەرێتە سەر و سەرنجی خەڵک ڕاکێشێ و بە زانست و بلیمەت بوونی، تەنانەت خەڵک تووشی سەرسوڕمان بکا؟ ئایا ئافرەتان قەت بیریان لەوە کردۆتەوە زێڕ چێشکەیەکی(١) هەڵخەڵەتێنەر بووە و داهێنەری هەر کام لەو زەمبەر و خشڵانەش پاوە و بۆ دیل کردن و کڕینی ئەوان سازکراوە و پیلانەکەشیان زۆر سەرکەوتووانە بووە؟ بازنە خۆی جۆرە کەلەبچەیەکە بۆ دەست و باڵ بەستنیان، گوارە ئەڵقە بە گوێ بوونە، ملوانکەش زنجیرە و لە ملی کراوە، ئەوانەشی هەمووی لەلایەن پیاوەوە پێدراوە.

**گوارەکەت ئەڵقە بە گوێ بوونە، کەلەبچەی مەچەکت بازنەیە**
**تۆق و زنجیر لە ملتدا وەکو ملوانکەیە، کۆت پاوانە.**

یان هێندێ لە ئافرەتان هەستی ئیمان بەخۆبوون و ورەیان ڕووخاوە و خۆیان لە میللەتانی دیکە بە کەمتر دەزانن، کوێرانە و لەخۆڕا شەیدای فەرهەنگی بێگانە دەبن و فەرهەنگی دەوڵەمەند و پاقژ و زمانی ڕەسەنی خۆیان بەلاوە سووکە. (لێرەدا باس لەسەر ئافرەتانە دەنا ئەو پەتایە لەنێو پیاواندا باوترە) وشەی دایە و پووڕێ و مامە و باوە و خاڵە کە لەباری مۆسیقایی و جوانیناسی و ڕەسەنییەوە ئەو هەمووە جوانە، بە وشەی مەمان عەمە و خالە و عەموو و ئاغا و دایی دەگۆڕنەوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئافرەتانی هێژا بەخۆیاندا بێنەوە و هەست بە گەورەیی و مەقامی شایانی خۆیان بکەن و لەوە زیاتر خۆیان بە کاڵا و ئامرازی دەستی پیاوان نەزانن و پێیان

وانەبێ مولّکی پیاوانن و هەردەبێ ملکەچ و گوێ لە مست بن؟ با لانیکەم خۆیان، وەک مرۆڤ خاوەنی ماف و ئازادی چاو لە خۆیان بکەن.

ئەگەر ژنان و کچانمان تێکەڵ زانست و خوێندنەوە بن و هەست بە گەورەیی خۆیان بکەن، دڵنیام کۆمەڵگاکەمان نەک لەباری فەرهەنگ و دابونەریتەوە، لە هەموو بارێکەوە گەشە دەکا و دەبینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی ڕەسەن و پێشکەوتوو. ڕادەی جینایەت و بێ بەند و باری لاوان و موعتادبوونیش دێتە خوارێ و تەنانەت زانایی ئافرەتان دەبێتە هۆی ڕیشەکێش کردنیشیان. ئافرەتان ئەگەر زانا بن و ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان ڕووناک بێ، پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆ سووتاندن نابەن و بە چەکی بیر و باوەڕ و زانایی دژ بەو کارە ڕادەپەڕن کە بۆتە هۆی هیوابڕاوییان.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئافرەت هەقی خۆیەتی شانازی بەخۆیەوە بکا، چونکە دایکە و دەبێتە دایک. دایکیش سەرچاوەی ژیانە و زمانیش لە ئاسۆی زانایی و ڕووناکبیری دایکەوە گەشە دەکا. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە: پێناسەی هەر نەتەوەیەک زمانەکەیەتی و سەرچاوەی ئەو زمانەش ئافرەتە. دوا وتەشم ئەوەیە، خۆزگە ئەم قسانەی من ژنێک بینووسیبایە و من ناچار نەبوایەم جەوری ئەوان بکێشم.

**«تاکو ژن زیزە لە ژینی شادی،**
**هەڵینەمژیوە شنەی ئازادی**
**ئەم دڵەم هەردەبێ لانەی دەرد بێ**
**بیر و شیعرم دژی ڕەنگی زەرد بێ**
**ئەو دەمە دێتە دی تاسە و کاوم**
**ژن بە ئازادی ببینێ چاوم.»**

**پەراوێز:**

**١- چێشکە: طعمە.**

# هونەری بەر لە مێژوو
# (٤٠٠٠ تا ١٥٠٠ بەر لە زایین)
# چاخی کۆنە بەردینە

رابێرت ئیچ راف
لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی
(بۆکان)

**لە مێژینەترین و کۆنترین هونەری ناسراوی مرۆڤ هونەری سەردەمی کۆنە بەردینە.**

(١٠٠٠٠-١٥٠٠٠) پێش زایین، لەو سەردەمەدا ئەو بەستەڵەکەی ئەورووپای هەتا باشووری فەرەنسا داپۆشیبوو ڕووی لە توانەوە و پاشەکشێ کرد.

مرۆڤی ئەو دەم کۆچەر بوون و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە سنووری بنەماڵەیی نەدەترازان. ئەوان بۆ نیشتەجێبوون و مانەوە کەڵکیان لە ئەشکەوتە سروشتییەکان وەردەگرت و بژێوی ژیانی پڕ لە مەترسی خۆیان لە «ڕاو» بەدەست دەهێنا. خاوەنی ئیستراتیژییەکی سەرەتایی بوون. ئەو مرۆڤانە بەشێوەی مێگەلی دەژیان و ژیانیان لە ژیانی دەرباییەکان دەچوو، چەندی حەزیان لێبا هەڵیاندەگرت، بەڵام چیبیان لە چنگ دەرنەدەهات. ئەو شتەی لە ژیانی پڕ مەترسی مرۆڤی ئەو چاخەدا، سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە: نە تەنیا هونەری خوڵقاند، بەڵکو هونەرێکی ڕێکوپێک و مەزنیشی داهێنا.

- لاسکۆ، ئەگەرچی ئاسەوارە هونەرییەکانی چاخی کۆنە بەردینە لە هێندێ وڵاتانی ئیسپانیا هەتا سیبریا دۆزراونەتەوە، بەڵام دەوڵەمەندترینی ئەو دۆزراوانە وێنە و شێوەکاری لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی «ئالتامیرا» لە «ئیسپانیا» و «لاسکۆ» لە «فەرەنسا» دان، ئەو دوو ئەشکەوتە هەردووکیان لە کێوەکانی پیرنێدا هەڵکەوتوون، ئەشکەوتەکانی ئالتامیرا لە ١٨٧٩ و ئەشکەوتەکانی لاسکۆ لە ١٩٤٠دا دۆزرانەوە، لە هەموو وشکاڕۆکاندا (قارە) کەرەستە و چەک و چۆڵی سەردەمی کۆنە بەردینە دۆزراونەتەوە، بەڵام هونەری ئەم سەردەمە تەنیا لە وشکاڕۆی ئەورووپادا دۆزراونەتەوە. لەو کوانوونەی پەیدا کراون دەردەکەوێ کە مرۆڤ لە زارکی

ئەشکەوتەکـــاندا ژیاوە و ناوەوەی بۆ هونەر تەرخـــان کردووە، ئاژەڵ سەرنجی مرۆڤە سەرەتاییەکانی ڕاکێشاوە، بەشـــێک لەو ئاژەڵانە پێکهـــێنەری لیـــســـتـــەی خواردەمەنییەکانی ئەوان بوون و لە نێویاندا گاکێوی، ئەسپ و بزنەکـێـوی باکـووری زیاتر لە ئاژەڵەکـانی تر بەرچاو دەکـەون. شـێوەی ئەو ئاژەڵانە لە شوێنگەلێکی تایبـەت دەکـێشران کە بۆ سیـحر و جـادوو پێـیـان باش بوون.

لەپێـشـدا ئاژەڵەکـان، یان دەسـتـەیەک لـەوان لەسـەر دیوارەکـان کـێـشـراونـەتەوە، دواتر لە ڕێوڕەسـمی ئایینی پانتۆمـیمدا دەیانکوشتنەوە، بەو شێوەیە لە ماوەی ئەم کـــارە جـــادوویـیـــەدا، وەکـــو ڕاوکـــردن شـــارەزاییـــەکی سەرکەوتوویان وەدەست دێنا. لە شێوەکارییەکانی ئاژەڵ لەسەر دیوار کەرەستەگەلی ڕاوکردن بەرچاو دەکەون کە لە هێندێ لە وێنەکـانـدا زیاتر لە نێـزە دەچن، ئاژەڵەکـان بەهۆی ئەو شتـانەی تێـیـان هەڵکراوە ئیـفلیج و ناتەواو بوون. کەرەستەکانی ئەنجنین و تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکان، زۆر لە دەستاونگی سەردەمی ئێمە دەچن. لەو کەرەستانە بۆ کارلێکی ڕەنگە سروشتییەکان کە دواتر لەسەر شتی شێدار دەکار کراون کەڵک وەرگیراوە.

کاتێک ڕووکارە شێدارەکە وشک دەبوونەوە ڕەنگەکان بەسـەر دیوارەکـانـەوە دەمـانـەوە. ئەندازە و شـێـوەی ڕەسمـەکان لەو مانگا شەش مەترییانەوە کە بە شێوازی ئیمپێرسیۆنیستی کێشراون، هەتا وێنەی پڕ وردەکاری و چووکەی هێلی، کە بزنە کێوییەکانیان لەخۆوە دەگرت لە گۆڕاندابوون.

بەشێک لە دیوار کە دڵخواز، یان لە باری جادووییەوە لەبار بوو پەیتا پەیتا بە مانگاکێوی و ئەسپ و بزنەکێوی لە ئەندازەی گەورە و چووکەدا دەنەخشێنران، هەربۆیەش وێنەی ئەوانە بلێیی و نەڵێیی بە هەڵکەوت دەکەوتنە سەر یەکـتـر. بە تێـپـەڕینی کـات هەمـوو ئەو وێنانە ئاوێتـەی دیوارەکـــە بوون و دەگـــەڵی بوونەتە یەک، هەربۆیـەش دیاریکردنی درەنگ و زوویی ئەوان لە باری شـێـــوە و مێژووییەوە دژوارە.

## پەیکەری مرۆڤ

شکڵی مـرۆڤ بەشێوەی نێگەتیڤ و ڕازاوەیی دەست، کـە لە ڕێگەی دانانی بە دیوارەوە پرژاندنی ڕەنگی ڕەش دروست بووە، نیشان دراوە. لەو شێوەگەلەدا ڕەنگەکە لە دەوری دەسـتـدا زەمینەیەکی تاریکی پێکهێناوە و خۆی دەستەکە بەشێوەیەکی کاڵ خۆ دەنوێنێ. بە دەگمەن لەشی مـرۆڤ بە تـەواوی وێنا کـراوە و لایەنی هونەرییـەکـەی بە جـوانی و ڕوونی دەرنەکـەوتووە. ئەو وێنەگـەلە لەوانـەیە وێنەی سـیـحـربازەکـان بن، بەڵام دیاریکردنی شـوناسی ئەوانە شتێکی بڕاوە نییە.

## پەیکەرسازی

نزیکـەی ٦٠ پەیکـەر لە ســـەرانســـەری ئەورووپادا دۆزراونەتەوە، کە هەمـووان پەیکەری (ئافـرەتن) و بەپێی دابونەریت هەمووان ناویان نراوە ڤینۆس.

ئەو پەیکەرانە سـەرەڕای چووکـە بوونیـان (١٣ تا ١٥ سەنتیمەتر بەرزایی) لەباری هونەرییەوە سەرنجڕاکێشن و لە باری چۆنایـەتیـیـەوە پێکهـاتـەیەکی سـەیریان هەیە، ئەوان ئافـرەتگەلێکی قـەڵەو و دووگیـانن، لەو حاڵـەشدا فۆرمیان ئێجگار خەیاڵییە. لە کەرەستەگەلی ئێسقانی و شـــاخ لە ســـەردەمی بەردینی کـــۆندا زۆریان کـــەڵک لێوەرگیراوە.

هەر ئەوەندەی فۆرمی شتەکە لە گیانلەبەرێک چووبایە، ئیـــتـــر لە ڕێگـای هەڵکـۆڵینەوە (هەڵســـوینەوە) وردەکارییەکانی بەلێهاتوویی تەواو دەکرا.

## سەردەمی نوێی بەردین

مرۆڤەکانی سەردەمی کۆنە بەردینە بەهۆی پاشەکشێ و توانەوەی بەستەڵەکەکان خۆیان ڕانەگرت و تێداچوون، لە ٨٠٠٠ ساڵ بەر لە زایینەوە دەستـەیەک مرۆڤی تر جێی گـرتەوە، کە دابونەریتی ژیان و شـێـوازی هونەرەکـەشیـان نوێ بوو. ئەو خـــەڵکانە نـاســـێنەری بڵاوبوونەوەی شوێنەواری ئەو مرۆڤانەی سەردەمی نوێی بەردین لەباری جوگرافیاییەوە وای دەردەخەن کە لە ڕۆژهەڵاتی نزیک وا دەزانرا کە سەردەمی بەردینی نوێی لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکا بووە، بەڵام شوێنەوارناسی مۆدێرن هێشتا ئەو بابەتەی بۆ ڕوون نەبۆتەوە.

مرۆڤی سەردەمی بەردینی نوێ، بە پێچەوانەی مرۆڤ ڕاوکەری سەردەمی کۆنە بەردینە شوان و وەرزێر بوون.

ئەوان بەجـێی گـەڕان لە سـروشت دەگـەڵی ڕاهاتن بۆ ئەوەی ئاماژەی مـێگەل و ڕادەی داهاتیـان بەرنە سـەرتر، ئەوان پیشەسازییان بە شێوەی «چین» سازکردنی کەلوپەل و چەکوچۆڵی بەردین، دەست پێکرد. خـەڵکی سـەردەمی نوێی بەردین بەجێی کۆچەری نیشتەجێ بوون.

ئەوان هۆز و دێهاتەکانیان ڕێک خست و شوێنی سیحر

و جادووی سەردەمی نوێی بەردینی کۆنیاندا بە ئایین، لەسەردەمی نوێ بەردیندا پاشا و پیاوانی ئایینی بەسەر کۆمەڵگادا ڕادەگەیشتن. لەو سەردەمەدا مرۆڤەکان دەگەڵ وەرزەکان و هەواو هێزەکانی سروشت لە پێوەندیدا بوون و زانستی ئەستێرەناسی و ماتماتیکیان داهێنا، کەڵک وەرگرتنی زانستییانە لە زانست بووە هۆی دروستبوونی ئەندازیاری.

## ئەستوونی هێنج

«بینای» بەردینی نوێ، بەناوی «ئەستوونی هێنج لە دەشتی سالیبۆری لە ئینگلتەرا، دامەزراوە کە پیشاندەری پێویستی زانستی نوێیە. ئەو بینایە کە لە سالی ١٤٠٠ تا ١٦٠٠ی بەر لە زایین سازکراوە گەلاڵەیەکی گەورەیە کە لە جۆگە، خاکرێژ و گاشەبەردی ئێجگار گەورە پێکهاتووە، قورسایی هێندێ لەبەردەکان دەگاتە پێنج تۆن کە لە کانگاکانی «وەلەش» ڕا کە مەودای ئەو بەردانە بەباری درێژاییدا دانراون و بەشێوەی (وەکو) جوغزێک بە دەوری زیارەتگاکە (میحراب)دا کێشراون. یەکێ لەو جوغزانە دەروازەگەلێکی هەیە کە لە دوو بەردی ستوونی و بەردێک کە بەشێوەی ئاسۆیی کە بەسەریدا ڕایەڵ کراوە پێکهاتوون، هەروەها بۆ گیربوونی بەردە ئاسۆییەکە لەسەر ستوونییەکان جۆرێک داتاشراون بچن دەپاڵ یەکەوە. بەردەکانی ئەستوون هێنج زبر و گڕنی نین، بەڵکو جوان داتاشراون. ڕووبەری ڕوو بە ناوەوەیان برێک تێکقۆپیوە (مقعر)، بەڵام قەراغەکانی هەڵتۆقیون (محدب) ئەو چەشنە وردەکارییە فۆرمییانە تەواو لە پێشکەوتوویی مرۆڤی سەردەمی بەردینی نوێ دەشێتەوە لە بواری ماتماتیک و لێکدانەوەدا. بیناکە چەشنێک داڕێژراوە کە هەموو سالێک لە نێوەڕاستی هاویندا بەیانیان خۆر لەنێو جوغزەکان و میحرابەکەی دەداوە، هەتاوەکە دەکەوێتە سەر ئەو نیشانەیەی بەو مەبەستە دیاری کراوە. لە بەریتانیا لە قەراغ زەریای مانشدا کۆمەڵە بەردێک بەشێوەیەکی هەڵکەندراو چەقێنراون کە دەگەڵ گەردوون لە پێوەندیدان، بەڵام دژوارە ڕوونکردنەوەی گرنگێتی بەردە جیاکراوەکانی بەناو مێنهیرێ. بەگشتی لەوانەیە ئەوانە وەک چەشنێک هێڵ، یان لاولاوی نێوان زەوی و ئاسمان دانرابن.

## گۆڕەکان

بیرۆکەی ژیانی پاش مەرگ بووە هۆی ئەوەی کە لاشەی مردووەکان بپارێزرێن و بووەتە هۆی سازکردنی گومبەز و مەرقەد و گۆڕستان، بۆ وێنە گۆڕەکانی سەردەمی نوێی بەردینە نزیک بوودڕی ژێر زەوی بوون، کە بە تەختەبەردی گەورە گەورە سەریان داپۆشرابوو. لەوانەیە ئەو قەبرانە تایبەت بن بە پاشاکان.

پێویستی پاراستنی لاشەی مردووەکان بووەتە هۆی ئەوەی سەری مردوو لێکەنەوە و کاژەڵاکە بێ گۆشەکەی بە گێچ کە زۆر خۆڕاگربوو داپۆشن. ئەو سەرە تازانە ڕەنگ دەکران و دوو لەتە سەدەفیان بەجێی چاو بۆ دادەنان. ئەو چەشنە سەرانەی سەردەمی نوێی بەردینە کۆنترین پەیکەری گەورەن کە بەدەست ئێمە گەیشتوون.

## شارستانییەتی شارنشینی

چاخی نوێی بەردینە بەر لە ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتی نزیک زۆر زووتر دەستی پێکردووە. لە حەوت هەزار ساڵ بەر لە زایینەوە شارستانیەتی شارنشینی هەبووە، لە یەکێک لە شارەکانی فەلەستین ژیانی شارنشینی تا ئەو جێیە گەشەی کردووە کە بوونی خانووبەرەی قایم و شاری ڕێکوپێک بە پێویست زانراوە. بەرد و دار و خشت کەرەستەی سەرەکی بیناسازی ئەوکات بوون. خانووی شەخسی بە کۆمەڵ و لە پەنای یەکترەوە ساز دەکران کە بە شوورە و تاوەری پاراستن دەوریان دەگیرا.

لە گۆڕەکانی سەردەمی نوێی بەردینە لە هەموو شوێنێک سواڵەت و قاشوڵکە دۆزراوەتەوە، چونکە ئەو کات هێشتا چەرخی سیرامیک دانەهاتبوو، کەلوپەلەکان لە باری فۆرمەوە برێک خوار و خێچن، ئەو کەلوپەلانە زیاتر بە نەخشونیگارێک کە لێیان هەڵکەندراوە ڕازێنراونەتەوە، یان نیشانەیەکی هەڵکۆڵراوە لە سەریان بە ڕەنگ کێشراوەتەوە.

**سەرچاوە:**

**کتێبی مێژووی ئێران و جیهان، بەشی (جیهان) لاپەڕە (٧٠ - ٧٣).**

**نووسینی: رابێرت ئێچ. راف**

**وەرگێرانی بۆ فارسی: ع. شروە.**

**ناوەندی بلاوکردنەوە: تاران**

**چاپەمەنی «بەنگار».**

**چاپی دووەم ١٣٧٦ی هەتاوی**

# چاخی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

داهێنان و دروستکردنی کاغەز لای چینییەکان، هەزاران ساڵ لەمەوبەر، قەڵەمباز و وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی. گرنگترینیان پاراستنی بەشی هەرە زۆری کولتووری مرۆڤایەتی بوو لە فەوتان. دواتر داهێنانی چاپخانە و کاغەزی چاپکراوی کردە سەرچاوەی گواستنەوەی زانست و زانیاری و بیر و ئەندێشەی زانایان. یەکەم ڕۆژنامە لەسەر زەمینی ئیمپراتۆریەتی چینییەکاندا سەری هەڵدا، لە چەرخی حەوتەمی زایینییەوە هەواڵ و زانیاری لەبارەی بۆنە و ڕووداوەکانەوە، لەشاری پەکین و دەوروبەریدا بڵاو بووەوە، بەڵام یەکەم ڕۆژنامەی ئەوروپایی لە نەوەدەکانی چەرخی شازدەمدا بڵاو بووەوە، تاکو شەستەکانی چەرخی نۆزدەم ڕۆژنامە نەیتوانی وەکو هۆکارێکی کارای میدیایی ڕۆڵی خۆی بەرجەستە بکات.

ڕۆژنامە بەردەوام لەڕووی ژمارە و جۆر و ناوەرۆک و ئاستی کاریگەرییەوە لە گۆڕانکاریدا بووە، بەمەبەستی بەجێ هێشتنی کاریگەرییەکی زیاتر لەسەر خوێنەر، بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و داهێنانە نوێیەکانی ئەو بوارە، پرۆسەی بەجیهانی کردنی گەیاندن و زانیارییەکان سەری هەڵدا. ئەگەرچی ڕیشەی ئەو پرۆسەیە بۆ ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەم دەگەڕێتەوە، بەڵام دیاردەیەکی چەرخی بیستەمە، چونکە لەو زەمەنەدا کرداری گەیاندن و گەیاندنی زانیارییەکان لە پێوەرێکی جیهانیدا بوونە تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی و دیاری بواری میدیاو ئابووری و کایە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەگەر دۆزینەوەی چاپ لەلایەن (گۆتێنبێرگ)ەوە بە سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامە دابنرێ بەو مانایەی ئەمڕۆ بەسەریدا براوە، ئەوە داهێنانی ئینتەرنێت و

بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی خێرا و فراوان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ڕۆژنامە و پیشەی ڕۆژنامەگەریدا بەرپاکرد و بووە مایەی دەرکەوتنی جۆرێکی نوێ لە ڕۆژنامە کە بە ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی (Electronic News Paper) یان ڕۆژنامەی ناکاغەزی (Paperless News Paper) ناسراوە و بە وێنەی ڕۆژنامەی چاپکراو لەشێوە کلاسیکییەکەی ئێستادا کەوتە خۆسەپاندن لە قۆناغی بەکارهێنانیدا، یان مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەلایەن جەماوەرەوە، پاشان وەک جێگرەوەیەک بۆ ئەو جۆرەی ڕۆژنامە لەکاتی گەیشتنی بە قۆناغی پشت پێ بەستنی لەلایەن خوێنەرانەوە.

ئاسانترین شێوازەکانی پێشکەشکردنی بابەتەکان لە ئینتەرنێتدا بەوە باس دەکرێ کە (چاپکراوێکە لەگەڵ هەندێ زیادەدا) و بریتییە لە دەقێکی نووسراو لە بابەت کە تێیدا سەرچاوەی دیکە لەخۆدەگرێ وەک وێنەی فۆتۆگرافی و برگە دەنگییەکان، یان وێنە گیراوەکان بە ڤیدیۆ، یان ئاماژەکردن بە ماڵپەڕی تری ئەلیکترۆنی تا زانیاری زیاتر بەدەست بکەوێ. بەشێوەیەکی خێرا سیستەمی پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بەهۆی چالاکی کۆمپانیا گەورەکانەوە گەشەی کرد، ئەم جیهانیگیرییە میدیاییەش لە چەرخی بیستەمدا بەرجەستە بوو. بوونی سەرمایە، توانای داهێنان، هێزی کاری پێشکەوتوو، کۆمپانیا فرە نەژادەکان لە ڕۆژئاوادا، فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدان و پراکتیزەبوونی ئەو پرۆسە جیهانگیرییەیە.

ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کۆکەرەوەی واتای ڕۆژنامەگەری و سیستەمی دۆسیەی زنجیرە یەک لەدوای یەکەکانە، بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنی ڕووداوە هەنووکەییەکانە، ئیتر بابەتە گشتییەکان بێ، یان تایبەتییەکان، لە ڕێگەی دەزگای کۆمپیوتەر و بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەرهەم دەهێنرێ، لە هەندێ کاتیشدا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی پەیوەستە بە ڕۆژنامە کاغەزییە چاپکراوەکانەوە. زۆرجار ئاماژە بۆ بەکارهێنانی (یاسای زانیارییەکان) دەکرێ، لەهەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت دەکرێ بەمەبەستی گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری و بەڵگەنامە لەبارەی ملیۆنان بابەتەوە. ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی جۆرێکە لەو پێوەندییەی کە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەدی دێ لە ڕێگەی فەزای ئەلیکترۆنی، ئینتەرنێت، تۆڕەکانی زانیاری و گەیاندنەوە، هەروەها هونەر و شێواز و ئەو توانایەی کە لە ڕۆژنامەگەری کاغەزیشدا بەکاردێ، لەگەڵ میکانیزم و هۆکاری گەیاندن و تەکنەلۆژیای تردا گونجاو بێ، کە لەگەڵ ئەو فەزا ئەلیکترۆنییەدا، وەکو ناوەندێکی گەیاندن لەوانەش بەکارهێنانی دەق و دەنگ و ڕەنگ و ئاستە جیاوازەکانی تری کارلێک لەگەڵ وەرگردا، بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی ڕابردوو و ئێستاو ئاییندە، هەروەها شیکردنەوە و گەیاندنی بە جەماوەر بەشێوەیەکی خێرا لە ڕێگەی ئەو فەزا ئەلیکترۆنییەوە.

ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ئەو ڕۆژنامانەن کە ئینتەرنێت وەکو کەناڵێک بۆ بڵاوکردنەوەی وشە و دەنگ و ڕەنگ بەشێوەیەکی زیندوو، هەروەها هەواڵ و زانیارییەکان بەکاردێنن. ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بریتییە لەو ڕۆژنامانەی کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو دەبنەوە، وەکو ڕۆژنامەیەکی چاپکراو لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر، کە ناوەڕۆک و دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جووڵاو لەخۆ دەگرێ، کە فۆرمێک، یان زیاتری لە ڕۆژنامەی کاغەزی هەیە، یان کورتەیەک لە تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەیە، رووبەرێکی فراوان بۆ ئازادی ڕادەربڕین و خزمەتگوزاری بەکۆ گەیاندن دابین دەکات. لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییە گەورەیەی کە تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەشی دەکات، ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی توانیویەتی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی لە گۆڕەپانی میدیادا بسەپێنێت و وەک ڕکابەرێکی ڕۆژنامەگەری کاغەزی دەربکەوێ، سەرەڕای بوونی نەوەیەکی نوێ کە پێی وایە کلیک کردن و گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری زۆر لە هەڵدانەوەی پەڕەکان ساناتر و چێژی زۆرترە.

فەزای چاپکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەژێر کاریگەری و گۆڕانکارییەکی گەورەی تەکنەلۆژی و پێشکەوتنێکی بەردەوامی ئازادی بیروڕادایە. کە ئەو کاریگەرییە لە هەموو بوارەکاندا دەرکەوتووە و بە جوانی هەستی پێدەکرێ، لەوانەش هۆکارەکانی میدیا. ئەو پێشکەوتنە سەرەتا لە داهێنانی وشەی چاپکراو و پاشان دەستکەوتە مەزنەکانی مرۆڤ وەک داهێنانی تەلەگراف و بێ تەل و تەلەفۆن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دەرکەوتنی کەناڵی ئاسمانی و کۆمپیوتەر دەستی پێکردووە تاکو

تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی و دەرکەوتنی بڵاوکردنەوەی نامەخانەی ئەلیکترۆنی و دواتر ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کە فۆرم و شێوازێکی نوێی میدیایە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە و توانایەکی زۆری لە گۆڕینەوەی ناوەڕۆکدا هەیە. ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لە ئاکامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و تۆڕی وێبی جیهانی زیاتر پەرەی سەند و بووە هێمایەکی دیاری شۆڕشی زانیارییەکان کە شۆڕشی زانیارییەکانیش بۆ خۆی دەرەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بوو. ئێستا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی زیاتر لە ڕۆژنامەی کاغەزی دەخوێنرێتەوە، بەڕای چاودێران ئاییندەی ڕۆژنامەگەری جیهانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییە، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بە بێ بەرانبەر، یان خوێنەر بۆماوەی چەند کاتژمێرێک تۆڕی ئینتەرنێت بەکاردێنێ، بەڵکو لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە ناوەڕۆکدا لە ڕۆژنامەی کاغەزی جیاوازە.

بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی ڕۆژنامە چاپکراوەکان بە ڕێژەیەکی کەم لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئارەزووەکانی ئەو ڕۆژنامانە لە بەردەوامبوون بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان وای کرد، هەندێ لە چاپکراوەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەندێ ناوەڕۆکی زانیارییەکانیان بڵاو بکەنەوە، بەو هیوایەی بخرێنە بەردەم خوێنەری نوێ کە پێشتر زانیاری پێویستیان سەبارەت بەو ڕۆژنامەیەو ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکات نەبووە. بەو هیوایەش هاوکارییان بکات بۆ دووبارە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان، بەڵام وادەردەکەوێ ئەم ئامانجانە بەو شێوەیەی ئەو ڕۆژنامانە چاوەڕێیان دەکرد، نەهاتنە دی. سەرباری بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی لانی کەم لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەڵام نەوەی نوێ زۆر گرنگی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە نادات و ئەوەی پێ باشە لە ڕێی ئامرازەکانی ترەوە چاودێری هەواڵەکان بکات و زانیارییەکان وەربگرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو زانیارییانە ناگەنە ئاستی ئەو زانیارییانەی کە ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە لە ڕووی وردی لێکدانەوەیان بەشێوەیەکی بابەتییانە.

بۆ یەکەم جار لە ئایاری ساڵی ١٩٩٢ دا، ڕۆژنامەی (شیکاگۆ ئۆن لاین) وەک ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی بە شێوازە کلاسیکییەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر تۆڕی ئەمریکا ئۆن لاین لەلایەن شیکاگۆ تریبوونەوە بڵاوکرایەوە. دەرکەوتنی ڕۆژنامەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت زۆر هێواش بوو، بەتایبەتی لەسەر وێب، کە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە دەرکەوت، (مارک دیوز) لەو بارەیەوە دەڵێ: "لە هەشتاکاندا هەواڵەکان لە سیما دیارەکانی تۆڕی ئینتەرنێت بوو، بەڵام لە (web)دا، دەرکەوتنی هەواڵەکان دواکەوت". لە گرنگترین دەستپێکەکانی، گۆڤاری (wired) بوو کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣دا دەرکەوت، هەر لەو ساڵە ئێزگەی ئینتەرنێتی و دواتر ڕۆژنامە و گۆڤاری تریش دەرکەوتن.

لە قۆناغەکانی پێشووتردا لەسەر تۆڕی بازرگانی بوون، وەک (ئەمەریکا ئۆن لاین، برود جی، کمبیوسێرڤ) لەساڵی ١٩٩٤دا، پرۆسەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەستیان پێ کرد. لەبارەی ئەزموونی (دەیلی تیلیگراف) دیوز دەڵێ: یەکێکە لە سەرەتاییترین ماڵپەڕەکانی ڕۆژنامە ئەوروپییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٤ەوە بڵاو دەکرێتەوە و زیاتر لە یەک ملیۆن بەشداربووی لە کۆپییە ئەلیکترۆنییەکاندا هەیە، ئەوەش بە سەرەتای کرانەوەی ئینتەرنێت بە ڕووی جیهاندا دادەنرێ، بەڵام لەساڵی ١٩٩٥ەوە توانی زۆرترین ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە وڵاتانی تری جیهان لەخۆ بگرێ، کە پێش ئەو مێژووە زۆربەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ئەمەریکی بوون و ژمارەیان زیاتر لە ٦٠ ڕۆژنامە بوو. لەساڵی ١٩٩٦ەوە بەکارهێنەران لە سەرانسەری جیهاندا ئینتەرنێتیان وەک سەرچاوەیەکی زانیاری ڕۆژنامەگەری درک پێ کرد.

ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن)ی چەپڕەو کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی نیشتمانییە لە فەرەنساو خاوەنی ٨ ملیۆن خوێنەرە کە هەموو ڕۆژێک لەو ڕۆژنامەیەوە بەدواداچوون لەسەر ڕووداوەکانی ژیان دەکەن، بەڵام ئێستا ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە قەیرانێکی زۆر ئاڵۆز و توند نزیک دەبێتەوە کە ڕەنگە بەهۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی نوێترین و زۆرترین ڕۆژنامەی بەربڵاوی ئەلیکترۆنی هێندەی تر بە دوو قات و سێ قات بەرەو ڕووی بێ هەرمێنی و زیان ببێتەوە. (جاک ئاتالی) نووسەری ڕۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی دا کە "ڕۆژنامە

ڕۆژانەییەکان بەدەر لە نیگەرانی خۆیان بۆ ئەو ڕەوشە ناهەموارەی کە ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە، ئێستا لە جموجوولدا وەک لاشەیەکی سست و مردوون، چونکە ئاسانکارییەکان لە ئینتەرنێتدا ئێستا بوارەکانی خۆی سەپاندۆتەوە سەر نووسراوی ئەو میدیایەی کە لە هەلسوکەوتی کەناڵ و میدیا جیاجیاکانەوە ئاماژەی پێدەکرێ، لەهەمان کاتدا بەرفراوانبوونی ڕێژەی دانیشتوان لە وڵاتی فەرەنسا بەتایبەتیش لە گشت دنیادا قۆناغێکی سەرەکی و گرنگە بۆ بەستنەوەی هۆکارەکانی میدیا و هەوڵە جیهانییەکان لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا". (ئاتالی) دەڵێ: "دروستبوونی چەرخی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بارودۆخێکی زۆر قورسی بۆ ئەو ڕۆژنامە نیشتمانییە دروست کردووە کە لە پازدە ساڵی ڕابردوودا قەبارەی کارەکانیان بە ڕێژەی ٥,٧ ٪ بەرەو سستبوون و چوونە دواوە چووە".

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا کەشێکی ڕەشبینی سەبارەت بە ئایندەی پیشەسازی ڕۆژنامەوانی هەبوو، ئەمەش لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بوو کە توانایەکی زۆری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک و زۆر بە پەلە هەیە. دوای ئەوەش کە ڕیکلامەکان ڕوویان تێکرد، ئیتر لەوکاتەوە ئەو بۆچوونە هەیە کە لەم سەدەیەدا (ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی) ڕۆژنامەی کاغەز دەسڕێتەوە. هیچ ڕۆژنامەیەکی گرنگ لە وڵاتانی جیهاندا نییە کە سایتێکی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت نەبێ، پێشکەوتنی ئەم بوارەش چاوەڕوان دەکرێ لەسەر حسێبی ڕۆژنامە چاپکراوەکان بێ، لەم بارەیەوە (جۆن سکویارز)ی گەورە پیاوی بواری ڕۆژنامەوانی وتی "ڕۆژنامەی چاپکراو مرد، پێویستە پیشەسازی ڕۆژنامەوانی گرنگییەکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی بدات". ئەوەش ئێستا بەڕاستی ڕوودەدات، ئەوەتا ڕۆژنامە گەورەکان بەبێ بەرانبەر مانشێتی ڕۆژنامەکانیان لەگەڵ کورتکراوەی هەواڵەکان بەنامەی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوانە دەنێرن کە داوای دەکەن، ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە بۆ ئەو کەسانە کە کاتیان بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانە نییە، یان ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆژنامانەیان لەکاتی گونجاودا بەدەست ناگات.

ڕەنگە ئەم نموونەیە زیاتر لە ئاییندەدا بڵاو ببێتەوە بەو پێیەی کە ژیان ئاڵۆز بووە و خەڵکی کاتیان نییە سەرجەم ڕۆژنامەکە بخوێننەوە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ ڕایگەیاند ڕۆژنامەکەی بە تەواوی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، ئەم بڵاوکردنەوەیەش وێنەیەکی تەواوی چاپکراوی ئەو ڕۆژنامەیەیەو سەرجەم وتارەکان و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕیکلامەکان لەخۆ دەگرێ و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو بەیانییەک بۆ بەشداربووانی دەنێرێ، دەشتوانن لای خۆیان بیهێڵنەوەو هەر کاتێک بیانەوێ بگەڕێننەوە سەری. لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی قەبارەی لاپەڕەکانی خۆی گۆڕی، تاکو گونجاو بێ بۆ گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، هەروەها گۆڕانکاری لەشێوازی هەواڵەکانیدا ئەنجام دا. نزیکەی نیوەی ئەوانەی ڕۆژنامەکان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر دەخوێننەوە، خوێنەری ئەو ڕۆژنامەیە، یان ڕۆژنامەیەکیتر نین. (گاردیان) ئەوەشی ڕاگەیاندووە لە سەرجەم بابەت و لێکدانەوە و وتارەکان کە لە چاپ کراوە کاغەزییەکەیدا بڵاوکراوەتەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتیش بڵاوی دەکاتەوە، بێ ئەوەی هیچی لێ کەم بکاتەوە، یان گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێ، هەروەها بە بێ بەرانبەریشە و ڕێگە بەخوێنەران دەدات، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی بەریتانیا، ئەو بابەتانەشیان بکەوێتە بەردەست کە ئەرشیف کراون.

**سەرچاوەکان:**


**– د. مؤيد عبدالجبار الحديثي، العولمة الأعلامية و الأمن القومي العربي، ط١، الدار الأهلية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤.**

**– د. حنان يوسف، تكنلوجيا الأتصال و مجتمع المعلوماتية، ط٢، أطلس للنشر و الأنتاج الأعلامي، القاهرة، ٢٠٠٦.**

# هێڵکاری لە نێوان جوانی و شاعیرایەتیدا

ئا: تاریق کاریزی

ئەم خانمە شێوەکارەی عەرەبی عیراق چارەکە سەدەیەک زیاترە وەک هونەرمەندێکی شێوەکار و لە هەمان کاتدا وەک ڕەخنەگریش، جێ دەست و پەنجەی لە کاروانی هونەری شێوەکاریی عیراقدا دیارە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، هەم نووسینی ڕەخنەیی و هەمیش مۆتیڤ و هێڵکاریی خۆی لە ڕۆژنامەی ئەلجمهووریە (الجمهورية)ی بەغدادییدا بلاو دەکردەوە. یەکێ لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەو هونەرمەندە ئەوەیە کە زۆر بایەخ بە ڕەنگی ڕەش دەدات، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕەنگی ڕەش و سپی بەسەر دنیای هونەری ئەودا زاڵن. هەڵبەت وێڕای ئەوەی بۆ بینەرێکی ئاسایی ڕەنگە ڕەنگی ڕەش و سپی نیشانەی هەژاری و ناجوانی بێت، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە و بە سەرنجدان لە قووڵایی دنیای هونەر، مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕوایەی کە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی شای ڕەنگانن. کاتێ دنیای ڕەنگیش بە قووڵیدا دەچێت و باوەش بە هەموو جوانییەکی نێو دنیای ڕەنگدا دەکات، ئەوسا کۆبەندی ڕەنگ، یان ڕەشە وەک شەوی تاریک و هەموو ڕەنگەکانیش لە هەناوی خۆیدا دەشارێتەوە، یانیش وەک ئەوەی لە ڕۆژدا دەیبینین، سپی خۆی دەنوێنێ و ڕەنگەکانی دی لە بن باڵی خۆیدا دەشارێتەوە. کار کردن بە تەنیا دوو ڕەنگی ڕەش و سپی، کە ئەوەڵین دوو ڕەنگن مرۆڤ پێیان ئاشنا بووە و ناسیونی و ناوی لێ ناون، بۆ هونەرمەند کارێکی ئاسان نییە. ڕەنگە سەلیقەیەکی یەکجار بەرزی بوێ تا هونەرمەند دەگاتە ئاستی ئەوەی بتوانێ بە جووتە ڕەنگی ڕەنگانخۆر و ڕەنگانوەشێر، ئیستێتیکا و جوانی بەدەستەوە بدات.

ڕەنگە ئەزموونی هەنا مالەڵڵا یەکێک بێت لەو ئەزموونە دەوڵەمەند و چڕانەی بواری جووتە ڕەنگی ڕەش و سپی. وەک پێ دەچێ ئەو ئەزموونە پاشخانێکی هزری



**هەنا ماڵەڵڵا**

لە پشت بێت. هەبوونی ئەو پاشخانە نیشانەیە بۆ دەوڵەمەندیی ئەزموونی ئەو. لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکاندا کە ئێمەی خوێنەرانی کورد لە کوردستانی باشووردا، بە ڕادەیەکی زۆر پشتمان بە چاپەمەنی عەرەبی دەبەست بۆ گەڕان بە دوای زانین و زانیاریدا، چونکە ئەو کات چاپەمەنی کوردی یەکجار کەم و دەگمەن بوو. هەفتەی دوو جار ڕۆژنامەی (هاوکاری) دەردەچوو. لە هەولێریش گۆڤاری (کاروان) و (تەندروستی و کۆمەڵ) وەک دوو گۆڤاری مانگانە دەردەچوون. لە بەغداشەوە چەند گۆڤارێک (بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، نووسەری کورد، ڕەنگین) دەردەچوون. بۆیە زمانی عەرەبی و چاپەمەنی عەرەبی بۆ ئێمەی خوێندەوارانی ئەوسای کورد چاوگێک بوو نەدەکرا پشتی تێ بکەین. ڕۆژنامەی جمهووریە بە بڕوای من یەکێ بوو لەو ڕۆژنامانەی کە تا ڕادەیەک خواستی گەڕان بە دوای زانینی منی تێر دەکرد. بابەتی ڕەخنەیی کە لە زمانانی دیکەوە دەکرایە عەرەبی و بابەتی گەورە ڕەخنەگرانی شێوەکاری عەرەبی عیراقیشی بڵاو دەکردەوە، بۆ ئێمەی خوێنەران چاوگی زانین و زانیاری بوون. لە دەلاقەی ئەو ڕۆژنامەیەوە بە مۆتیڤ و هێڵکارییەکانی هەنا ماڵەڵڵا (ناوەکەی بە عەرەبی بەم جۆرە دەنووسرێ: هناء مال الله) ئاشنا بووم. هەروەها ئەو جاربەجار نووسینیشی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەکردەوە.

هەر لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوو، کە چەند سەرنجێکی ڕەخنەییم دەربارەی نووسینێکی هەنا لە لا گەڵاڵە بوو، کردمە نووسینێک و بۆ ڕۆژنامەی جمهووریەم نارد. دەبێ بڵێم ماڵیان ئاوا بێت کە ئەو نووسینەیان بۆم بڵاو کردەوە، کە دوای ئەوە ویستم پەنجەرەیەک بەرەو ڕووی خوێنەری عەرەب بکەمەوە و لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەیەوە، هەوڵ بدەم چالاکییەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە ڕووی هونەری شێوەکارییەوە بڵاو بکەمەوە. ئیبتیسام عەبدوڵڵا، کە لە تەلەفزیۆنی عیراقەوە بەرنامەیەکی سەرکەوتووی ڕۆشنبیری (دیداری ڕۆشنبیری لەگەڵ گەورە ڕۆشنبیرانی عیراق) پیشکەش دەکرد، دەشڵێن بە ڕەچەڵەک تورکمانە، لە ڕۆژنامەی ئەلجمهووریەدا بەرپرسی دۆسیەی ڕۆشنبیری بوو. لە سەردانێکی شاری بەغدادا، لە دار ئەلحوریە بۆ چاپ و پەخش چوومە لای و بەڵێنیشی پێ دام، کە بابەتی ڕەخنەیی و بەدواداچوونی هونەریم بۆ بڵاو بکەنەوە. بەڵام دواتر بە کردەنی بۆم دەرکەوت کە ئەوان ئامادە نین هێندە بایەخ بە کولتووری کوردی بدەن. دوای ئەو بەڵێنەی بە منیان دا، چەندین وتارم دەربارەی چەندین پیشانگە و چالاکی شێوەکاری لە هەردوو شاری هەولێر و کەرکووک بۆ ناردن، بەڵام ئەوان، یان هەر بڵاویان نەدەکردەوە، یان سێ چوار دێڕێکی بێ سەنگ و بایەخیان وەک کورتە هەواڵێکی بێ کەڵک لێ بڵاو دەکردەوە. من بە کردەنی گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە حکوومەتی عیراق نەک هەر تەنگی بە زمان و کولتووری بە کوردی بڵاوکراوە هەڵدەچنی، بەڵکو لەوەش ڕێگر بوو بە زمانی عەرەبیش بابەت و نووسین دەربارەی کولتووری کورد بڵاو بکرێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا جێی مەبەستە، ئەو وتارەیە کە من دەربارەی هەنا ماڵەڵڵا نووسیم و ڕۆژنامەی جمهووریە کەرەمی کرد و بڵاوی کردەوە.

## سوود و ناسوود

وتارەکەی هەنا بە ناوی (سوود و ناسوود: جدوی ولا جدوی) بوو، بەدواداچوونەکەی منیش بە ناوی (سوود و ناسوودی هونەر: جدوی او لا جدوی الفن) بوو. لە وتارەکەیدا، هەنا بەراوردێکی لە نێوان هەردوو هونەری کۆنی عیراق (شارستانیەتە دێرینەکانی میزۆپۆتامیا) و هونەری ئەمریکا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) کردووە. لەو بەراوردەدا، بە بڕوای ئەو کات و ئێستای من، هەنا ماڵەڵڵا سەرچیخ چووە.

لێرەدا من هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژە بە ناوەڕۆکی



بەدواداچوونەکەی خۆم بدەم. بۆ توێژەرانیش دەڵێم وتارەکەی هەنا لە ژمارە ٧٢٧٨ی ڕۆژنامەکەدا بڵاو بووەتەوە، بەدواداچوونەکەی منیش لە ژمارەیەکی دواتری هەمان ڕۆژنامەدا بڵاو کراوەتەوە.

هەنا ماڵەڵڵا لە وتارەکەیدا باسی سێ تەوەری کرد بوو. تەوەری یەکەمیان دەربارەی زیندوویی هونەرە لە ژیانی خەڵکی میزۆپۆتامیا (عیراقییانی دێرین بە زاراوەی نووسەر)، هەروەها پێوەندیی بەتین و ئۆرگانی ئەوە بە ئایینەوە، بە ڕادەیەک (ئایین - وای دادەنا - دەرفەتێک بوو بۆ دزەکردنی هونەر بۆ نێو ژیانی عیراقییانی دێرین تا بوو بە نزا و نوشتەیەک بۆ ئەو ژیانە). ئەمە هیچ گومانێکی تێدا نییە، چونکە هۆشیاری مرۆڤ لە شارستانیەتی بەراییدا، بەر لە پەیدابوونی ئایینی یەکتاپەرستی، هەر دەبوو هێزێکی نادیار و شاراوە لە پەیکەر و بەردی داتاشراو، یان لە شتی دیکەی ڕەقی هاوشێوەدا، بەرجەستە بکات. ئەو پەیکەر و شتە بەرجەستە کراوانەش بۆ ئەوە بوون تا مرۆڤ بیانپەرستێ و بە هۆی ئەوانەوە لە هێزگەلی غەیبی (نادیار) نزیک بێتەوە، ڕاز و نیازی دڵی خۆی دەرببڕێت و ئارامی بە دڵ و دەروونی ببەخشن. هەڵبەت ئەم شتەش هەر تەنیا پەیوەست نییە بە خەڵکی میزۆپۆتامیا (عیراقییانی دێرین)ەوە، بەڵکو سەبارەت بە هەموو ئەو نەتەوە دێرینانەی لە دێر زەماندا خاوەن ژیار و شارستانیەت بوون، هەر وایە.

لە تەوەری دووەمیشدا هەنا ماڵەڵڵا هاتووەتە سەر باسی داهێنانی هونەرمەندانی ئەمریکایی (ئەو ئازادییە ڕەهایەی بەو هونەرمەندە هاوچەرخانە دراوە، بواری ئەوەی پێ دان لە سوودی ئەوە نەپرسنەوە کە دروستی دەکەن، بۆیە دەبینی بەرهەمی ئەوان هەمەڕەنگە، هەروەها تا ئەو پەڕەکەشی پڕ لە ئەفراندن و پەرگیرییە). واتە ئازادی ڕەها بواری بە هونەرمەندی ئەمریکایی داوە - بە بێ هەڵوەستەکردن لە ئاست ڕەهەندی سوود- تا ئەوپەڕی هەمەڕەنگی و پەرگیری داهێنان بکات.

خواستی من ئەوە نییە هێندە هەڵوەستە لە ئاست وتارەکەی هەنادا بکەم، بەڵکو دەخوازم بڵێم هونەری عیراقییانی دێرین (دانیشتووانی میزۆپۆتامیا) ناکۆک، یان دژبەر نییە لە ڕووی (کات و جوگرافیا)وە لەگەڵ هونەری هاوچەرخی ئەمریکادا. بە بڕوای من هیچ بوارێک بۆ ناکۆکی و دژبەری لە نێوانی هەردوو هونەرەکەدا نییە، هێندەی جیاوازی و دووری لە زەمان و شوێندا، هەروەها لە شارستانیەت و ستایلی ژیار و بیرکردنەوەدا هەیە. واتە ئەوەی کە ئەو (هەنا) بە ناکۆکی و دژبەری زانیوە، هەر تەنیا جیاوازییەکە لە شوێن و کات و ژیار و بیرکردنەوەدا، کە تایبەتمەندی بە هۆکاری پەیدا بوون و گەڵاڵە بوونی هەر یەک لەو دوو هونەرە و بەرهەم و کولتوورەکەیان داوە.

هۆکاری پەیدا بوونی یەکەمیان، وەک هەناش باسی کردووە، ئایین و خواپەرستی بووە. لە دووەمیشیاندا، واتە لە هونەری ئێستای ئەمریکادا، هۆکار جۆراجۆرە، وەک گەڕانی هەندێ لە خەڵکانی خاوەن بەهرە و توانای هونەری بە دوای دەسکەوتی تایبەت، لە نموونەی ناوبانگ و شکۆ و سامان، یان خواستی جوانناسانە و بابەتییانە، کە خۆی لە وێڵ بوونی دەروون بە دوای داهێنان و بەرجەستەکردنی جوانی، ئەو بڕوا بە تینەی دەروونی بەشێکی هونەرمەندان داگیر دەکات، سەبارەت بە توانای هونەر لە ڕوون کردنەوە و نمایش کردنی واتاکانی نەمری.

تەوەری سێیەمی وتارەکەش وەک وەڵامێک بوو بۆ ئەو پرسیارەی لە ناونیشانەکەدا خرابووە ڕوو، کە دەربارەی (سوود) بوو. هەرچەندە خاوەن وتارەکە پەیڤی (ئارامی)ی باس کردووە، وەک چڕوپڕترین گوزارشتێ لە وەڵامی پرسیارەکە. هەر لەم بارەیەوە دەڵێ (ڕەنگە ئارامی یەکێک بێت لە پاساوەکانی بەرهەمی هونەری، خۆ ڕەنگە لە هەمووشیان سادەتر بێت). لەبەر ئەوەی هەنا خۆی هونەرمەندێکی شێوەکارە، ئەمەش وای کردووە



درک بە هەستەوەری و زیندوویی ئەو پرسیارە بکات، ئەوەشی خستووەتە ڕوو کە لەگەڵ خولیای ئەودا یەک دەگرێتەوە: (هونەرمەند ئەو کەسە جێ گومانەیە کە هەردەم لە بەردەم ئەگەری لێپرسینەوەدایە، لە هەر ساتێکدا بەرەو ڕووی ئەم پرسیارە دەبێتەوە: بۆ نیگار دەکێشێ؟ ...لەبەر چی و لە بۆچی؟). ئەو پاساویش دێنێتەوە کە (ئارامی + جوانی) ئەوپەڕی خواستی هونەر و پاساوی بوونیەتی. بەم جۆرە هەردوو سەری هاوکێشەکەی، سەرەتا لە پرسیارەوە و کۆتایی بە وەڵام، پێکەوە گرێ داوە.

یەکێ لە هۆیەکانی بەدحاڵی بوون لە هونەر ئەوەیە، کە لەگەڵ چالاکی دیکەی ژیانی مرۆڤدا بخرێتە نێو تەرازووی بەراوردەوە. گومانی تێدا نییە کە سەوزە فرۆشێک خزمەت پێشکەش بە خەڵکی ئەو گەڕەکە دەکات کە فرۆشگاکەی ئەوی تێدایە. بە هەمان شێوە ئەو جووتیار و کشتیارەی سەوزە و میوە دەچێنێ و پەروەردەیان دەکات، ئەو چێشتلێنەرەی لە نادینێدا چێشتمان بۆ لێ دەنێت، هەموویان شتی سوودبەخشمان پێشکەش دەکەن. کێ دەتوانێ نکوڵی لە ڕۆڵی چێشتلێنەر بکات کاتێ خواردنی خۆش و بەتاممان بۆ ئامادە دەکات و ئێمەش پڕ بە دڵی خۆمان تێری لێ دەخۆین؟

هەڵبەت لە کاتی بەراورد و بەراوردکاریدا ئەو پرسیارەی بە خەیاڵدا دێت ئەوەیە: ئاخۆ ئەو هونەرمەندەی بەیانیان و ئێواران بە باوەشێ کاغەز و فلچەوە دێت و ڕۆژانە بە بەردەمماندا تێپەڕ دەبێت، چیمان پێشکەش دەکات؟

با ئەم پرسیارەی ئێمە هەر بە واڵایی و لە چاوەڕوانی وەڵامدا بمێنێتەوە، تا خۆمان بە لایەکدا بخەین کە تێیدا هونەر لە بێ بەشی و فەرامۆشیدایە. بۆ نموونە زۆر جار لەبەر خاتری هونەرێک غەدر لە هونەرێکی دیکە دەکەین! ئەویش بە هۆی ئەوەی لە شێوازی تێگەیشتنمان لەو هونەرە کوڵەوارین، ئەو کوڵەوارییە گەلێ هۆی لە پشتە.

با لە بیرمان نەچێت کە زۆرینەی خەڵکی لە تایبەتمەندی هەر هونەرێک و پێداویست و هەلومەرجی چێژ وەرگرتن لە هونەرێک لە هونەرەکان، هێندە شارەزا و بەڵەد نین. بۆ نموونە هونەری موزیک وەک هونەری شیعر نییە، شیعریش وەک پەیکەرتاشی نییە. بە گشتی هونەری گوزارەساز (ئەوانەی بە دەنگ و جووڵە دەگەنە بیستەر و بینەر)، لە هونەری شێوەکاری ئاسانترە. مەبەستمە بڵێم کە هونەری ستران و شیعر و شانۆ بۆ گەیشتن، هەر پێوستیان بە هەستی خۆرسکانەی مرۆڤ هەیە، کە بە ئامادەبوونی ئاساییانە و تەنانەت دوور لە مەشق و ڕاهێنانیش، کاری خۆیان بکەن. ڕەنگە هۆی ئەوەش ئەوە بێت کە ئەو هونەرانە لە ڕێی دوو هەست (بیستن، بینین)ەوە کاری خۆیان دەکەن. بە پێچەوانەی هونەرگەلی شێوەدار و شێوەکار، وەک تەلارسازی و نیگار و پەیکەرتاشی، کە تەنیا کەناڵی کارکردنیان هەر هەستی بینینە.

بەڵگەشمان بۆ ئەوەی کە دوو هەست پتر لە یەک هەست کار لە مرۆڤ دەکەن، دەبینین هونەرمەندانی شێوەکار لە کاتی نمایشدا موزیک لێدەدەن، بۆ ئەوەی زیاتر کار لە پەردەی خەیاڵ و هزری بینەر بکەن تا لە ناوەڕۆک و کرۆک و ئیستێتیکای تابلۆکانیان نزیک ببێتەوە.

خواستی گەیشتن بە کەماڵ، کە هەر دەبێ هونەر لە بەرجەستە بووندا مۆرکێکی ئەو خواستە باڵایە بگرێتە خۆی، ئەمیش هۆیەکی دیکەیە. واقیعی ژیان پڕیەتی لە کەموکوڕی، هەروەها گەلێ چەوتی و چەواشەکاریش لە نێو ڕەوتی ژیاندا دروست دەبێت. وێڕای ئەوانە کاروانی ژیان ناوەستێ و هەردەم درێژە بە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەدات.

هەڵبەت کاتێ هونەر بە نوقسانی دێتە بەرهەم، یان لە پەڕوباڵی کەماڵ و سیحر و ئەفسوون بەدەر دەبێت و ناگاتە ترۆپکی داهێنان، ئەوە بەرەو ڕووی سەختترین

جۆری ڕەخنە دەبێتەوە و ڕووی بێگەردی ئەو تووشی ڕووشان دێت. هەر بۆیە ئەستۆی هونەر لە بن باری قورسی ئەفراندندایە، ئەگەر نا نە هونەرێک گەڵاڵە دەبێت و نە هونەرمەندێکیش پەیدا دەبێت و دەناسرێ.

هەر لێرەوە دەگوترێ کە هونەرمەند دەبێ لە ڕووی کار و ئەرک و بە مەرجی داهێنانیشەوە، کەسێکی دەگمەن و نائاسایی بێت. خەڵکیش هەر تۆزقاڵێکی لادانی ئەویان لە ژیاندا بە لاوە سەیر دەبێت، چونکە بە بۆچوونی ئەوان و بە خەیاڵی ئەوانیش، هونەرمەند دەبێ کەسێکی پاک و بێگەرد و دوور لە هەڵە بێت و خاوەن خەسڵەتی دەگمەن بێت.

## وزەی مێیینە و نێرینە

ئەمڕۆ هەنا مالەڵلا وەک هونەرمەندێکی خاوەن ئەندێشەی قووڵ و هەستێکی فراوانی تیۆریزە و هزری هونەر و ئیستێتیکا، هەروەها وەک ئەکادیمیستێک، پێم وایە جێگەیەکی شایستەی لە دنیای هونەری شێوەکاری عێراقدا گرتووە. لە دیمانەیەکدا کە (خزەیر ئەلزەیدی) لەگەڵیدا سازی داوە، لە ژمارە ٢٠٥٣ی ڕۆژنامەی ئەلئیتیحاد (الاتحاد) لە ٢٠٠٩/٢/٢٢دا بڵاو بووەتەوە، هەنا بە قووڵی و چڕی چووەتە ناو دنیای هونەر و جوانی و تیژ و ئەندێشەکانی خۆیەوە، وەک هونەرمەندێکیش کە لە کات و جوگرافیایەکی دیاری کراودا ژیاوە، هەموو ئەو شتانە لە دیدگایەکی تایبەت و بە پشت بەستن بە ئەزموونی خۆی، دەخاتە ڕوو.

لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری دیدوبۆچوونەکانی هەنا ڕەنگە بە لای ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی کوردەوە تازە بن، کە بە بڕوای من هەر هونەرمەندێکی شێوەکار ئەگەر ئەم بۆچوون و سەرنجانە بخوێنێتەوە، بە ڕادەیەکی زۆر سوودیان لێ وەردەگرێت، هەروەها لە ڕووی ڕەخنە و دنیای جوانی و ئیستێتیکاشەوە، ئاسۆی فراوانتر لە بەردەم هونەرمەندان و هونەردۆستانیشدا دەکاتەوە، بۆیە بە باشم زانی دەقی ئەو دیمانەیە بکەمە کوردی، چونکە بە ڕاستی ئەزموونی شایستەی خانمە هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتی دەخاتە ڕوو.

لێرە بە دواوە قسە هی من نییە، بەڵکو نووسینەکەی (خزەیر ئەلزەیدی)یە و من کردوومە بە کوردی.

کاتێ ناوی هونەری شێوەکاری عێراق دەهێنرێ، هەر دەبێ ناوی هەنا مالەڵلا بهێنین، چونکە ئەو خانمە هونەرمەندە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، بناغەی گوتارێکی هونەری و تیۆری دارشتووە، کە گەلێ چەمکی تازەی لەو بوارەدا هێناوەتە ئاراوە، کە تێیاندا ڕیالیست بە ئەبستراک چارەسەر دەکات، لە ڕێی ئەو چەمکانەشەوە بەرەو کایەی ڕوح دەچێت، بە مەبەستی دۆزینەوەی دنیای بەرمەزەندە و پێوەندیدار بە سەردەمی خۆی و ژمارەیەکی کەم لە هاونەوەکانی. هەڵبەت هەنا مالەڵلا بە تاکە بنەمای ئەو پێکهاتە هونەرییە نەوەستاوە، کە وای لێ بکات هەر تەنیا وابەستەی خاڵی دەستپێک بێت، بەڵکو وابەستەی ئەو تێکچڕژان و ئاوێتە بوونە ئیستێتیکی و تەلیسماوییەش بووە، کە حەز دەکات بینەریش لەگەڵ ئەودا هاوبەش بێت. یەکەمین سەرسامیم (بەو خانمە) بۆ سەردەمی خوێندنی ئامادەییم دەگەڕێتەوە، ئەویش لە ڕێی ئەو هێڵکارییانەی ئەو کە لەگەڵ بابەتە بەهادارەکانی (حاتەم ئەلسەگر)ی ڕەخنەگردا بڵاو دەبوونەوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە تا ئەو ساتەی ڕابردوو، کە ئەو هاوشانی من دێتەوە بیری، هەمووی بووەتە بەشێک لە دنیای خەیاڵ.

کاتێ ویستم لە کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا دیمانەیەکی لەگەڵدا بکەم، لەوێدا نەمدیتەوە و پێشتریش من ئەوم نەدی بوو. لە دڵی خۆشمدا بڕیارم دا یەکەمین ئافرەتێ کە لە دەرەوەی کۆلێژەکەدا تووشی بم، پرسیاری هەنای لێ بکەم. ڕێککەوت وا بوو ئەو پرسیارەم لەو کرد: هەنا مالەڵلای هونەرمەند ناناسی؟ ئەو گوتی: چییە سوعبەتم لەگەڵدا دەکەیت؟ گوتم: نەخێر بە ڕاستی بە دوای هەنای هونەرمەنددا دەگەڕێم و تکات لێ دەکەم ئەگەر دەزانی لە کوێیە پیشانمی بدە. وەڵامی دامەوە: من ئەو هەنایەم کە بە دوایدا دەگەڕێیت. ئیدی لێرەوە ئەم دیمانەیە دروست بوو:

* تۆ بە شێوەیەکی کارا و بەرچاو بەشداریت لە دەوڵەمەند کردنی بزاڤی شێوەکاری ژنانەی عێراقدا کردووە. ئەم ڕۆڵە بنەڕەتییە بە لای تۆوە چی دەگەیەنێ؟

– نە چەمک و نە تەکنیکی جودا و دیاری کراوی هونەری هەن، کە ڕێی ئەوەمان پێ بدات چەمکی (بزاڤ)ی شێوەکاری بۆ بەرهەمێکی دیاری کراوی ژنانە لە قۆناغێکی دیاریکراو لە هونەری هاوچەرخی عێراق بەکار بهێنین، کە ئەو هونەرە (هونەری شێوەکاری عێراق– ت. ک) لە بنەڕەتدا دروست بوونی تازەیە و لە شەست ساڵ تێپەڕ ناکات. واتە هەڵومەرجی ڕوون و ئاشکرا نابینین، وەک ئەوەی لە بزووتنەوە هونەرییەکانی دوای دووەمین جەنگی جیهان هاتە ئاراوە، تا پاساوی ئەوەمان هەبێت زاراوەی بزاڤ بۆ بەرهەمی

شێوەکارییانەی ژنانە لە عیراقدا بەکار بهێنین. من هەر خۆرسکانە باوەڕم وا بوو، پاشان بە توێژینەوەش ئەو بڕوایەم زیاتر لە لا چەسپی، کە ساتەوەختی ئەفراندن ئەو ساتەیە کە داهێنەر لە دەرەوەی سنووری ڕەگەز (نێر و مێ)دایە. ئاستی داهێنانی منیش بەرزتر دەبێت کە لە کاتی بەرهەم و کاردا هەردوو وزە و توانای مێیانە و نێرانەی خۆم وەگەڕ دەخەم. لە شێوەکاری عیراقدا نە دامەزراندن و نە دەزگا هەیە، ئەوەی هەیە و دەشبێت، هەر پشت بە هەوڵی تاکە کەس دەبەستێت. ئەوە ئەگەر چاوپۆشی لە هەردوو گرووپی (بەغدا بۆ هونەری نوێ) و (پێشەنگان) بکەین، کە ئەو کات هەلی ئەوە هەبوو بناغە بۆ بزووتنەوەی (شێوەکاری) دابڕێژرێ، بزووتنەوە بە واتای دیدی ڕوون و ڕەوان و تەکنیک هەبێت، ئەگەر ئەو پاشاگەردانی خێرا کەڵەکەبوونی ژیارییە نەبووایە، کە لە چوارچێوەی ئەودا هونەری شێوەکاری گەڵاڵە بوو، ئەویش بەرەنجامی ئاساییانەی ئەو دابڕانە بوو کە وەپێش پەیدابوونی هونەری نوێی عیراق کەوتووە.

من هەوڵم داوە و بەردەوامیش هەوڵ دەدەم کارێکی شێوەکاییانەی وا گەڵاڵە بکەم، کە لە هەردوو ئاستی ناسنامە و هاوچەرخایەتیدا باش و دەگمەن بێت. بە درێژایی ئەو ماوەیەی خەریکی نیگارکێشانم، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدام، تابلۆیەک بکێشم، کە ناسنامەی ڕەگەزەکەم (مێ / نێر) بخاتە ڕوو.

مەرجی سەخت و زەحمەتی ئەفراندنە کە خەوی لێ تاڵ کردووم، نەک بزاڤی شێوەکاری ژنانەی عیراق کە باوەڕم وا نییە هەبێت، بەم جۆرە بەشداری کردنم لەو بوارەدا بەرەنجامی تێکۆشانی کەسی خۆمە.

* لە دنیای هێڵکاری و خەسڵەتی گوزارەسازییەوە بەرەو دنیای نیگار و تاسەکانییەوە، ئاخۆ تۆ لە کام کەناریاندا دەگیرسێیتەوە و جوانتر ڕەنگ و ڕوخسارت دەنوێنی؟

– هێڵکاری، واتە کەرەستەی خاوی قەڵەمی ڕەساس و ئامۆزاکانی و ئەو فۆرمە هێڵاوییانەی ئەو کەرەستە خاوە گەڵاڵەیان دەکات. مەشقکردنی بەردەوام لە بواری هێڵکاریدا ئەوەی بۆم ڕەخساند کە لە قۆناغەکانی بەرایی خوێندنی هونەردا پسپۆڕایەتی لە هونەری گرافیکدا بەدەست بهێنم. پسپۆڕایەتیشم لە گرافیکدا هەستەوەریمی دەمەزەرد کرد بەرانبەر بە هێڵ و تواناکانی سەبارەت بە خەملاندنی فۆرم و شێوە. ئیدی هەوڵم دا لە پیشاندانی فۆرمی بەرجەستەدا تاقی بکەمەوە و بیخەمە گەڕ، ئەو مۆتیڤانەی بۆ وتارگەلی ئەدەبی دەمکێشان گۆڕەپانی ئەو ئەزموونە بوون. پاشان لە بەرهەمهێنانی فۆرمی ئەبستراکی ئەندازەییدا هێڵم تاقی کردەوە. تا ئێستاش هێڵکاری لە لای من کارێکی ڕۆژانەیە و بە پاقژترین کاری فیزیایی و ڕوحی ڕۆژانەی خۆمی دادەنێم. من هێڵکاریم نەکردووەتە قۆناغێکی ئامادەکاری بۆ بەرهەمێکی دی، بەڵکو بە لای منەوە بوارێکی سەربەخۆیە و بە گوێرەی کەرەستەکەی، خاوەن تەکنیکی تایبەتیشە.

من لە وەختێکی زوودا هەستم کرد کە تەوەر و چەمکگەلی هزری نیگارکێش، کەرەستەکەی دیاری دەکات و تەکنیکەکەشی پێشنیار دەکات. ئەم بۆچوونەشم دوای لێکۆڵینەوە لە ژیاننامە و بەرهەمی گەورە نیگارکێشانی جیهان، پشتگیری زیاترم لەبارەوە دەست کەوت. چەمکی دیدگا لەلای ئەوان هێندە ڕوون بووە، بە جۆرێ کە کەرەستەی خاو بە هەموو توانایەکییەوە لە خزمەتی دیدگای ئەواندا بووە. نموونەش ئەوەی دەیلێین: مارسیل دۆشامب، جاکسۆن بولۆک، جۆزێف بۆریس.

* لە زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکانتدا هەمیشە لە خەمێکدایت، ئەویش بریتییە لە دەرچوون، یان دەرباز بوون لە بازنەی خولانەوە لە دنیای یەک چەشنی هونەر، یان با بڵێین ڕزگار بوون لە قەڵەمڕەوی نیگارکێشان. ئایا ویستووتە بگەیتە بیرۆکەیەکی دیاری کراو، یان مەبەستێکی دڵە و دەتەوێ لە ڕێی ئەوەوە بگەیتە هێڵێکی تایبەتی هزر و هونەر؟

– نیگارکێشان بە لای منەوە ڕێڕەوێکە بۆ گەڕان بە دوای ڕزگاربووندا، بۆیە هەوڵم نەداوە بە ئاراستەی دامەزراندنی چەشن (شێواز)ێکی تایبەت کار بکەم، کە هەرمێنێکی تایبەتم پێ بدات. نیگارکێشان بە لای منەوە تاقی کردنەوە و قاڵ کردنەوەی هەستەوەریمە بەرانبەر بە بوون. هەر لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکانم لە بواری دید و تەکنیک و ئەزموون و کەرەستەوە دەگەنە دوا قۆناغ، ئیدی ئەوێ جێ دەهێڵم و ڕوو دەکەمە ناوچەیەکی دیکەی تاقی کردنەوە و ئەزموون. من نیگارکێشێکی بەرجەستەکار بووم، بە بەرجەستەکردنی شێوەی سروشتی و مرۆیی و شتانی دەوروبەر، (هونەرمەندانی مەزنی بوارەکە– ت. ک) سەرسامیان دەکردم. خاوەن چەمک و بۆچوونێکی ئایینیش بووم لە لاسایی کردنەوە (وێنەکێشان)دا، لە خاڵێکی دیاری کراودا، (بە مەبەستەوە– ت. ک) گەیشتنم بە ئەفراندن (خەلق)

دەشێواند. بە درێژایی ماوەی خوێندنیشم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا، بەرانبەر بە پیشە و وردەکاری نیگاری بەرجەستە، دڵسۆز بووم. هەرچەندە من دڵنیا بووم قۆناغێکی گواستنەوەیە، کە گۆڕانێکی توندوتیژ بە ئاراستەی (ئەبستراکی چەمکی) بە دوای خۆیدا دەهێنێ، هەر لەو قۆناغەشدا خاوەن چەمکێکی ئایینی بووم کە لە چەمکی بوونایەتی بیرکارانەی ئیسلامی نزیک دەبووەوە. جاران و ئێستاش، میراتی میزۆپۆتامیا چاوگ و کانی چالاکی منە بۆ هەڵهێنجانی فۆرمی ئەندازەیی. ڕەگێکی تێگەییانم پێ دەبەخشێ، ئەمەش زۆر بە ڕوونی بە هونەرەکەمەوە دیارە، کە فۆرمی ئەندازەیی لە نیگارەکانی میزۆپۆتامیا وەردەگرێت، بە تایبەتی لەو ماوەیەی هاوسنوورە لەگەڵ پەیدابوونی نووسین (لە میزۆپۆتامیا- ت. ک)، کە زۆر چالاکانە درێژەی بە ڕەوتی خۆی دا و لە ئەبستراکی ئیسلامیدا خۆی نواندەوە، هەروەها من لە ڕێی هونەری میللی عیراقەوە دووبارە ڕاوم کردەوە، چونکە لەو هونەرەشدا چالاکانە مابووەوە.

من هیچ بیرۆکەیەکی دیاری کراوم نییە و نامەوێ بە هێڵێکی هزریی تایبەت بە خۆم بگەم، ئەوە خەمی من نییە. خەمی من ئەوەیە چۆن نیگار بۆ من دەبێتە ڕێڕەوێک بۆ دۆزینەوە و ڕزگار بوون، هەروەها چۆن دەبێتە ڕێنیشاندەر بۆ پرسیارەکانی بوون و ڕوحم. هەر بۆیە گۆڕانی تیژی ئەزموونکارانەم بە سەردا هاتووە، کە بواری نەداوم لە چوارچێوەی تەرزە بیر و ستایلێکی هونەریی تایبەت بە خۆم بگیرسێمەوە. جاران و ئێستاش ئەزموون لە لای من وابەستەی یەک چەشنییە. سەرباری ئەوەی لە سەرەتادا هەوڵەکانم بەو ئاراستەیەدا چڕ کردەوە، کە کارامەیی لە پیشەی نیگاردا بەدی بێنم، بەڵام بە چەشنێکی سەختەسنوور و لە ڕادەبەدەر، وەک ئەوەی خۆ ئامادە کردنێک بێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سنوورەی کە هەیە و زۆریش بە توندی، بە مەبەستی ئەوەی بگەمە ڕادەیەک لە ئەبستراکی چەمکانە و ببمە نیگارکێشێکی دەوروبەرساز، کە لەگەڵ بینەردا ڕۆڵی هاوبەشم هەبێت، مەردایەتی تەواوکردنی بەرهەمی هونەریش هەر بە من نەبڕێت.

***** دەمەوێ نهێنی ئەوەش بزانم کە بۆچی فۆرمی ئەندازەیی و بە تایبەتی سێگۆشە هەڵدەکۆڵی، دەکرێ ئەوە بە کاریگەرییەکی سۆفیگەرییانە، یان هونەرییانە، یان ئیستێتیکاییانە دابنێم؟

- هەوڵەکانی ئەزموون و خەرج کردنی وزەی کەرەستەی خاو جارێک لەناو فۆرمی بەرجەستەدا و جارێکیش لەناو فۆرمی ئەندازەییدا، هەروەها دیالکتیکی زانینی بەدەر لەو هەوڵانە، هەموو ئەوانە ڕێیان بۆ خۆش کردم تا لە هەوڵی بەردەوامی ڕەوکردن و خولانەوەی بازنەییانەم لە ناوچەی فۆرمی بەرجەستەوە بەرەو ناوچەی فۆرمی ئەندازەیی بەردەوام بم. هەر ئەوەش دیدی منی سەبارەت بە بەهای چەمکییانەی فۆرمی ڕووتەڵ (موجەڕەد) ئاو دا. دیسان پشتیوانی لە هەستەوەری منیش کرد بەرانبەر بە هەبوونی فۆرم لە سروشتدا و بەهای فەلسەفییانەی ئەو فۆرمانەش.

نموونەیەکت لەبارەی ئەوەوە بدەمێ کە باسم کرد، پاشاگەردانی کەرەستەی خاو بە پیادەکردن زەمینەی ڕێکی خۆی ئاشکرا دەکرد، بە پێچەوانەشەوە فۆرمی ڕێک و ئەندازەیی لە ڕێی شیتەڵ کردنەوە زەمینەی پاشاگەردانانەی خۆیان ئاشکرا دەکرد. لە ئەنجامی درێژەدان بە ئەزموون لە هەردوو ناوچەکەدا، هەستەوەرییەکم بەرانبەر بە تێکڕای چەمکی شتان بۆ هاتە ئاراوە. ئیدی وای لێ هات (بە لای منەوە) تەنانەت (بچووکترین پنتی ڕەنگ هەر دەبێ یاسایەکی پنتە ڕەنگی هەبێت). بەم جۆرە پێوانەی چوارگۆشە بۆ هەموو بەرهەمەکانم جا چ گەورە بن، یان بچووک، تاقی کردنەوەیە بۆ بەهای سیستماتیک، بۆ پاشاگەردانی فۆرم و کەرەستەی خاو لەسەر ڕووبەری نیگارەکانم. بە هەمان شێوە ئەوەی وا دێتە پێش چاو کە پاشاگەردانی کەرەستەی خاوە، ئەوە ڕشتەیەکی فۆرمارایە (فۆرم ئارایە) لە بینایەکی ئەندازەیی و بیرکارانەدا، کە خۆم ویستوومە، پاشان ویستوومە لەسەر ڕووبەری تابلۆدا هەڵیوەشێنمەوە بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی تاقی بکەمەوە.

واتە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمێک بۆ فۆرم، پاشان هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستمە (ئەم دیالکتیکە) وای کرد، هەوڵەکانی ئەزموونی من بەردەوام بن، بۆ ئەوەی دیدی من لە نیگاردا سەبارەت بە بوون ئاو بدات.

هەوڵەکانم بە ئاراستەی دۆزینەوەی دیالکتیکی ناو وزەی ماددەی خاو لە بەرهەمهێنانی فۆرم و بە تایبەتی فۆرمی ئەندازەیی، ئەویش لە ڕێی توێژینەوەی سیمیاییانەی فۆرم (نامەی ماستەرەکەم) و توێژینەوەی لۆژیکییانە (نامەی دکتۆراکەم)، کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی فۆرمی ئەندازەیی، بە دروستی لە مێژووی

ميزۆپۆتامياى هاوكات لەگەڵ نووسينى وێنەيى، بۆ من لە هەردوو ڕووى ديد و كەرەستەى خاوەوە، مايەى سرووش بوو. هەبوونى ئەو فۆرمە لە شێوەى نەخش لەسەر گۆزە، بەهاى كەرەستەى خاوى ڕابردووى لە لاى من بەهێزتر كرد، وا دێنە بەر چاوم وەك ئەوەى فۆرمى زيندوو بن. لە چوارچێوەى ئەو كاريگەرييەدا ڕێى هەڵكۆڵينى فۆرمى ئەندازەييم لەسەر زنجيرەيەك لە بەرهەمەكانمدا گرتە بەر. ئەو ديالكتيكەى لە سنوورى نێوان فۆرمى ئەندازەيى و كەرەستەى خاودايە، هەستەوەريم بەرانبەر بە فۆرم ئاو دەدات، بەرجەستەييەكى زانين و ڕوحيبيانەشم پێ دەبەخشێت.

* بەرهەمى هونەريت بە تايبەتى ئەوانەى ئەم دواييەت، ئاماژە بە ڕەوشى سياسى و ژيانى ئێستاى بەغدا دەكەن. ئايا دەكرێ من ئەو ئاماژانەى نێو تابلۆكان كە ڕەهەندى سياسييان هەيە، وا لێك بدەمەوە تايبەتمەندى هونەرمەندێك دەخەنە ڕوو، كە دەخوازێ هێما و ياخى بوون پەخش بكات و لە ڕێى بەرهەمى هونەرييەوە شتى ناديار ئاشكرا بكات؟

- لە ساڵى ١٩٩٣دا پيشانگەيەكى تايبەتم لە سەنتەرى هونەر لە بەغدا بە ناونيشانى (بەغدا بە جوگرافيا/ مرۆڤ و ئاماژە) كردەوە. فۆڵدەرى پيشانگەكە ناميلكەيەك بوو، كە بريتى بوو لە دەقێكى بەڵگەنامەيى لەبارەى گەشتێكم بە نێو شارى بەغدا و پرسيارەكانم لەبارەى ئەو شارەى بەو ئاگرەى لە ١٩٩١دا هەڵگيرسا، هەژاوە و داخ بووە. هەر لەوێشدا پرسيارى خۆم دەربارەى پێشبينييەكەى ئەبو جەعفەرى مەنسوور خستە ڕوو، كە بەغداى بە گوێرەى هێڵكارى بازنەى لۆكە (پەموو)ى سووتاو دروست كرد، تا لە شێوەى بازنەى ئەندازەيى بناغەى شارى بەغدا دڵنيا بێت. ئەو شارانەى تێياندا نيشتەجێ دەبم، بۆ من شوێنانێكن كە بە سەرە مووى نيگاركێشان، لە توێژاڵە ئەركۆلۆژييەكانى (كولتوورى و ديرۆكى و ڕوحى)ى نزيك دەبمەوە، بۆ ئەوەى بە چين چينى پێكهاتەى بەدەن و كولتوور و ڕوحى خۆميانەوە گرێ بدەم. بەرهەمى هونەريى ئێستاشم بريتييە لە بەڵگەدار كردنى ئەو ديالكتيكە و بەريەك كەوتنى نێوان هەردوو ئاستى شار و كەسى خۆم.

لە ساڵى ٢٠٠٦دا بەغدام جێ هێشت، ديرۆكى ئەو شارە و ئێستاى پڕ و تەژى لە شەڕ و ئاگر و داگيركردن، يادەوەرى و تەلارى كولتوور و هونەرى منى بزواند. من لەو كاتەوە كە لەو شارەدا دەژيم، وێڕاى هەموو شەڕ و كارەساتەكانى، هەر جێم نەهێشت. لە چوارچێوەى ئەو كاريگەرييەدا يازدەمين پيشانگەى تايبەتى خۆم لە ٢٠٠٧دا لێرە لە لەندن ئامادە كرد. بەرهەمەكانى ئەو پيشانگەيە بريتى بوون لە نەخشەى جياجياى بەغدا و عيراق لە نێو هێڵ و ڕەهەندەكانى سووتاندا. تەوەرى پيشانگەكە بە دەورى چەمك و دەستەواژەى (زيندە كاولگەى ميزۆپۆتاميا)دا دەخولايەوە. واتە كەڵەكەبوونى شارستانى، كە لە بازنەى دووبارەوە بووى كاولى و سووتاندايە، هەروەها كەڵەكەبوونى زيندووى شارستانييانەى شارى بەغدا، بازنەى خولاوەى وێرانى. لەو پرۆژەيەدا هەوڵم دا پيشانگەكە ببێتە ناسنامەى ئێستاى من، كە لەسەر پاشماوەى كاولگە ڕۆنراوە. هەروەها بە ئاراستەى دامەزراندنەوەى شارستانيەت، چالاك و كارا بێت. پەرجوو (موعجيزە)ى خەڵكى ميزۆپۆتاميا ئەوەيە، كە لە ژينگەى كاولدا ڕەوتێكى ژيار و شارستانيەت هەڵدەچنن. بەم جۆرە ئەو بەرهەمە هونەرييانەى لێرە لە لەندەن نمايشم كردن و ئێستا لەم كاتەشدا سەرقاڵى كارم تێياندا، سياسى نين، بەڵكو پرسيارى هزرى و هونەرين، لە پاش ئەو هەژانە توندانەى نەوەى ئێمەى تەنييەوە، هاوشانى پێكهاتەى دەروون و هونەرەكەم دەڕۆن.

* تۆ لەو بڕوايەداى كە تابلۆ دەتوانێ مرۆڤ لە كۆتەكانى بوون و سروشت ڕزگار بكات؟

- من تەنيا لەسەر ئاستى كەسى خۆمدا لەو بڕوايەدام كە نێگاركێشان بۆ من ڕزگاربوونێكى بوونايەتييە، وزەيەكى جەوهەريشى هەيە لە پشتيوانى كردن لە وزەى جەستەيى و ڕوحى و كولتوورييانەى مرۆڤ. هەر بۆيە من پێم وايە ڕەگوڕيشەيەكى ئاييني تا ئەم كاتەش لە نيگاردا هەيە، كە تەوژمێكى زيندووى شاراوە لەناو ئەودا پێك دەهێنێ. باوەكو ڕواڵەتەكانى نوێخوازى هەر چييەكيش بن تێيدا. مەبەستم لە ڕەگى ئايين بە واتا فراوانەكەى، كە لە چەمكى پرسيارى بوونايەتى نزيك دەبێتەوە. جا بە گوێرەى ئەو بڕوايە، دركم بە واتاى ئەوەش كرد، كە دەبێ بەرهەمهێنەر و بينەر هەردووكيان لە بەرهەمى هونەريدا هاوبەش بن. بە واتاى ئەوەى بينەر لەسەر هەمان ئەو سەكۆيەدا بوەستێت، كە بەرهەمهێنەرى هونەرى لەسەر وەستاوە. هەر لەو چوارچێوەيەشدا دركم بە بەرهەمەكانى جوزێف بۆريس كرد و لێيان تێگەيشتم، هەروەها لە ڕستە بەناوبانگەكەشى (هەموو كەسێ دەتوانێ ببێتە هونەرمەند)يش، گەيشتم.

دەکرێ لەوەش حاڵی بین کە پێگەکانی ڕزگاری لە ڕێی هونەری شێوەکارییەوە دەستەبەر دەبن، ئەگەر هەموو کەسێ بتوانێ لە ڕووی زانین و هونەر و ئیستێتیکاوە، پەی بە ژینگە و دەوروبەری خۆی ببات. هەر لە چوارچێوەی ئەو چەمکەشدا درکم بە بەرهەمەکانی مارسیل دۆشامب کرد و لێیان حاڵی بووم. دیسان هەر لەو چوارچێوەیەدا کاریگەری مامۆستاکەم، شاکر حەسەن ئال سەعید، قوول بوو بە سەرمەوە. ئەو زۆر داهێنەرانە ئێمەی قوتابیانی خۆی بەرەو درک کردنێکی هونەرییانەی دەوروبەر برد. بەرهەمی ئەو هەوڵەش بریتی بوو لە پیشانگەی (ژینگە و دەوروبەر و ئایکۆلۆژیا) لە ساڵی ١٩٩٧ لە ئوردن.

بە گوێرەی چەمکی ئێستای جیهانی و بەهاکانی هەرمێن بۆ بەرهەمی هونەری لە بازاڕی جیهاندا، چەمکی ڕزگاربوون و بەهاکانی ژیانی هاوچەرخ، ئاڵۆز دەبن.

* دەمەوێ پرسیار دەربارەی شتێک بکەم، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ گەشتی ئەم دواییەت بۆ ئەوروپا، چ شتێکی نوێی لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە خستە سەر خەرمانی هونەرەکەت، ئەدی بینەرانی ئێرە چۆن پێشوازی لە بەرهەمەکانت دەکەن؟

– بۆ من ئەمریکا و ئەوروپا، واتە شارستانیەتی ڕۆژاوا و مۆزەخانە و بەرهەمی ڕەسەنی گەورە هونەرمەندانی جیهان، کە بە درێژایی ساڵانی گەڵاڵە بوونی هونەریم، بە هۆی شەڕ و ئابڵووقەوە لێیان بێ بەش بووم. کاتێ قوتابی هونەرە جوانەکان بووم لە پەیمانگە و کۆلیژی هونەرە جوانەکاندا، یەکێ لە ئاواتەکانم ئەوە بوو بەرهەمی ڕەسەن (ئۆریجناڵ)ی ڕینوار، یان سیزان، یان پیکاسۆ، یان ڤان کۆخ ببینم. لە کاتی خۆشیدا سەردانی هەفتانەم بۆ مۆزەخانەی عیراق، بە پاساو بۆ بێ بەش بوونمان دەهێنایەوە. زۆر شەیدای دیتنی بەرهەمێکی ئۆریجناڵ و ڕەسەن و جیهانی بووم. هەر بۆیە کاتی خۆی بە خەیاڵی سەردانی کردنی مۆزەخانەیەکی هونەری نوێ، دەچوومە سەردانی مۆزەخانەی عیراق، کە تایبەتە بە شوێنەوار (ئەم مۆزەخانەیە گەورەترین مۆزەخانەی شوێنەوارە لەسەر ئاستی عیراق و کەتووەتە ناوچەی عەلاوی ئەلحللە لە بەری کەرخ لە ناوەڕاستی شاری بەغدا و لە ساڵی ٢٠٠٣شدا لەگەڵ ڕووخانی دیکتاتۆریەت، کەوتە بەر شاڵاوی تاڵان– ت. ک). هەر لەبەر ئەوە میوانێکی نیمچە هەمیشەیی مۆزەخانە و پیشانگەکان بووم. کاتێ لە ٢٠٠٥دا بۆ یەکەمین جار دەرفەتی گەشتێکم بۆ دەرەوەی عیراق بۆ هاتە پێش، لەو گەشتەدا بۆ نموونە لە پاریس سەردانی هەفتانەم هەبوو بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر، ڕۆژانی دیکەشم دابەش دەبوونە سەر سەردانی کردنی مۆزەخانەی دیکە و هۆڵەکانی نمایش (مۆزەخانەی پیکاسۆ، مۆزەخانەی ڕوودان و مۆزەخانەی پۆمپیدۆ). ئەم قسەیە لەسەر چوونەکەی ئەمریکاشم هەر جێبەجێ دەبێ. بەڵام لەندەن، ئەو شارەی ئێستا تێیدا نیشتەجێم، ئەوە شارێکی ئەوروپایی و ڕۆژاوایی نییە کە بە خەیاڵی دۆزینەوە، یان گەشت بۆی هاتبم، لە یادەوەریمدا لەندەن و بەغدا لەیەک دەئاڵێن، ئەو پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکە کە تا ماوەیەکی درێژ وڵاتی ئێمەی داگیر کرد و ئەم کارەشی دووبارە کردەوە. لەندەن مۆزەخانەی بەریتانیای تێدایە، شیرینترین پارچە شوێنەوارانێکی بەر دڵی منی تێدایە، پارچە شوێنەوارەکانی گۆڕستانی ئوور، هەروەها ئەو یارییە شاهانەیەی (وولی) میردی (ئاجاسا کریستی) بە دوایدا گەڕا و پاشان بۆ بەریتانیای برد. پشکنین و گەڕان بە دوای شوێنەوار لە ناسرییەدا، شوێنی لەدایک بوونم، هەمیشە لەسەر زمانی دایک و باوکم بوو.

ئەو لەندەنەی ئەمڕۆ دەیبینم، وردەکارییەکەی لە قسەکانی ماڵەوەماندا لە ڕۆژگاری بەسەرچووی ئیستیعماردا هەبوو، کاتێ لە ناسرییە بووین. لەندەن بە پاسی سوور و دووقاتی لەگەڵ بەغدای ساڵانی حەفتادا تێک دەئاڵێ، کە لەو کاتەدا دەستم بە خوێندنی هونەر کرد و بەهرە و توانام گەڵاڵە بوو. هەر بۆیە لە لەندەندا هەموو هەوڵی خۆم خستە گەڕ، لە ناخیشدا هەستێکم هەبوو کە پێشوازی لە بەرهەمەکەم دەکرێ. لەبەر ئەوە پیشانگەم لێرەدا کردەوە، مۆزەخانەی بەریتانیاش سێ بەرهەمی پیشانگەکەمی کڕی. ئەوەش بۆ من گەورەترین پشتیوانی دەروونی و ڕوحی بوو، کە کەوتە ململانێ لەگەڵ ئەو هەستەی دوای تێکوپێک شکاندنی بەرهەمەکانم، لە لام دروست بوو. مەبەستیشم ئەو بەرهەمانەمە کە لە لایەن سەنتەری هونەر لە بەغدا کڕرا بوون، پاشان کەوتنە بەر شاڵاوی تاڵان و سووتان و وێران کردنەوە.

گەشتەکەم بۆ ئەمریکا و ئەوروپا و مانەوەم لە لەندەن و لە نزیکەوە ئاشنا بوونم بە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمی هونەری هاوچەرخ، ئەو وەهمانەی خۆمانی بۆ ئاشکرا کردم، کە بۆ شاردنەوەی خورافەی بێ توانایی خۆمان

دەستمان پێیانەوە گرتووە، هەروەها ئەو پرسیارەشی لەلا گەڵاڵە کردم سەبارەت بە سوودی ناسنامە بەرانبەر بە هزری هاوچەرخی جیهانی، هەروەها ئەو ناسنامەیە دەبێ چۆن چۆنی کار بکات تا ببێتە ناسنامەیەکی کاریگەر و زیندوو. لە ئاستی تەکنیکیشدا بێ توانایی خۆمم بۆ ئاشکرا بوو سەبارەت بە گەیاندنی تەکنیک و کەرەستەی خاو بە ئاستی توانایەک، کە بشێ هاوشانی دیدم بڕوات. جا بە گوێرەی ئەوە هەوڵم دا هەر وەستانێکی ڕابردووی تەکنیکم تێکوپێک بشکێنم، سەر لەنوێش تێهەڵچوومەوە، یان دروستتر بڵێم دوای هەر ئەزموونە هەوڵێک، سەرەتایەکی نوێم بۆ خۆم دادەنا.

* دێتەوە بیرم کە لە دیالۆگێکی پێشووتردا دەربارەی کاریگەری هونەرمەند شاکر حەسەن ئال سەعید بەسەر تۆوە پرسیارم لێ کردی. ئێستا دەمەوێ دەربارەی ئەو کاریگەرییەی ئەو بەسەر تۆوە، چ لە ئاستی دیدی هزری، یان ئێستێتیکی، یان لە ڕووی تەکنیک و شێوازی تایبەتی ئەوەوە، زیاتر بزانم؟

– لە ساڵی **١٩٧٣**دا کاتێ چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، مامۆستا شاکر حەسەن ئال سەعید مامۆستای مێژووی هونەر بوو. جا گرنگترین هەل کە بۆم هاتە پێش، ئەوە بوو لە تەمەنێکی زوودا لە خزمەتی مامۆستا و هونەرمەندێکی ئەفرێنەری وەک ئەودا بووم. مامۆستا شاکر لە وانە گوتنەوەدا بە لای هیچ شێوازێکی ئەکادیمی وانە گوتنەوەدا نەدەچوو، دەستی قوتابیانی خۆی دەگرت بە ئاراستەی ڕێڕەوەکانی زانیندا نەک فێربوون. لە وانەدا هێڵێکی داهێنەرانەی دەگرتە بەر بۆ گەیاندنی بیرۆکە و بۆچوونی هونەری و هزری خۆی بە قوتابیان. یاخی بوونی تەمەنی هەرزی منیش لەلایەن ئەوەوە بە گونجانێکی داهێنەرانە پێشوازی لێ دەکرا، هەر لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی دا دیدی هونەری و هزریم بۆ گەڵاڵە بکات، سەرباری ئاشنا کردنمان بە هزری ڕۆژاوا و شیکردنەوەی تەکنیکی جۆراجۆر و گەیاندنی ئەو شتانە بە ئێمەی قوتابیان.ئەو خۆی بە بەرپرس دەزانی لەوەی بە هزری فەلسەفی ئاشنامان بکات، من لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بووم کە کتێبێکی (هیدگەر)ی پێشکەش کردم، هەوڵم دا بیخوێنمەوە و وای پیشان بدەم کە لێی حاڵی دەبم، هەر زووش ڕێنمایی کردم کە (ناتالی ساروت) بخوێنمەوە.

یاخیبوونی تەکنیکی و هزریی من لە نێو هزری داهێنەرانەی شاکر حەسەن ئال سەعیددا ئاوێتە دەبوو، کە تەنانەت دوای دەرچوونیشم لە پەیمانگە و ڕۆیشتنم بۆ کۆلیژی هونەرە جوانەکانیش، هەر وەک مامۆستایەکی من مایەوە. ئەمەیە دەسەڵاتی پەروەردەییانەی شاکر، کە تەنانەت دوای تەواوبوونی قۆناغەکانی خوێندنیش، هەر لە پێوەندیدا دەبێت لەگەڵ قوتابییەکانی. بەردەوام پێمانی دەگوت: قوتابی زیرەک ئەوەیە مامۆستاکەی تێپەڕێنێ.

من خاوەن هەستەوەرییەکی زووی هونەری بووم بۆ پێشوازی کردن و تێگەیشتن لە هەر شتێکی مامۆستا شاکر حەسەن ئال سەعید دەیگوت و پەخشی دەکرد. هەر بەم جۆرە پێوەندییەکی ڕوحی و هونەری و جەوهەریم لەگەڵ ئەودا بۆ دروست بوو، هەر بۆیە بۆ من بووە ڕابەرێکی هونەری و ڕوحی.

سەیر لەوەدایە کە دوای مردنیشی، شاکر حەسەن ئال سەعید هەر وەک مامۆستایەک بۆ من ماوەتەوە، ئەویش لە ڕێی ئەو نامانەی کە هەردەم دەیدان بە من، تەنانەت ئەگەر لە گەشت و سەفەریش نەبووایە. ئەو نامانە وەک نزا و پاڕانەوەیەک بوون دەربارەی خەمی هونەری و هزریی خۆی.

هەڵبەت سەیر ئەوەیە کاتێ لە ٢٠٠٦دا بەرەو پاریس بۆ خوێندن بەڕێ کەوتم و بە هیوای گەڕانەوە بووم، هیچ پارچە کاغەزێکی خۆم لەگەڵ خۆمدا نەبرد، بەڵام نامەکانی شاکر حەسەن ئال سەعید و بیرەوەرییەکانی بە دەسخەتی خۆیم لەگەڵ خۆمدا برد. من ددانی پێدا دەنێم کە شاکر حەسەن ئال سەعید تەنیا کەسێکە کە بە ڕاستی تەلاری زانین و هونەر و تەکنیکی منی دامەزراند، لە هەموو ئەوەی کە هێناومەتە بەرهەم، خۆم بە قەرزاری ئەو دەزانم.

## بیبلۆگرافیا

**– هەنا ماڵەڵڵا: خانمە شێوەکارێکی عەرەبی عیراقە.**

**– ١٩٧٨ بەشی گرافیکی لە پەیمانگەی هونەرە هونەرەکان- بەغدا تەواو کردووە.**

**– ١٩٨٨ بەشی نیگاری لەکۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.**

**– ٢٠٠٠ لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی بەغدا بڕوانامەی ماجستێری بەدەست هێناوە. لە هەمان کۆلێژ و زانکۆ دکتۆرای لە فەلسەفەی نیگار بەدەست هێناوە.**

**– تا ١٩٩٩ لەشاری بەغدا هەشت پێشانگای تایبەتی کردووەتەوە، لە چەندین پێشانگای هاوبەش، چ لە عیراق، یان لە دەرەوەی عیراق، بەشداریی کردووە.**

**– هەروەها چەندین خەڵاتی جیاجیایی بەدەست هێناوە.**

**– ئێستا لە لەندەن نیشتەجێیە.**

# ناوی من سوورەیە، یان
# دەرزییەکەی بەهزاد و گەمە سێکسییەکانی شەکورە

هاشم سەڕاج

تێکستی «ناوی من سوورەیە» یەکێک لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی «ئۆرهان پاموک»ە و «زریان ڕۆژهەڵاتی» لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی، پاموک لەم ڕۆمانەیەدا بابەتگەلێکی جۆراوجۆر دەورووژێنێت، بەتایبەتی نهێنییەکانی جیهانی ئاڵۆز و جوانی هونەری شێوەکاری، هەروەها دەق لە ڕێگەی هەڵکۆڵینی ئێستێتیکییەوە ڕوو لە ژیاری دێرینی ئێرانی و ماوەی حوکمڕانی عوسمانی دەکات و بەدوای نهێنییەکانی هونەری شێوەکاری ئیسلامیدا دەگەڕێت، لە لایەکی دیکەوە «ناوی من سوورەیە» یان «کتێبی سوور» وەک «بەفر» و «کتێبی ڕەش» و ڕۆمانەکانی تری پاموک تێیدا ڕووداوی کوشتن و برین پێش دەخرێت، واتە لە دەسپێکی ڕۆمانەکەوە «زەریف ئەفەندی» شێوەکار دەکوژرێت و خوێنەر بە مەراق و پەرۆشییەکی زۆرەوە بەدوای بکوژەکەیدا دەگەڕێت، کاتێک زەریف ئەفەندی لە گیانەڵادایە، یان جارێک بە تەواوی گیانی دەرنەچووە، لەبەرخۆیەوە دەدوێت و هەوڵ دەدات ناوی بکوژەکەی ئاشکرا بکات، «نێودەستەی ئوستادە وێنەکێشەکان منم، ئێستا مردووم، بەڵام هێشتا نەنێژراوم، هەر لەبەر ئەوەش ڕۆحم بە تەواوەتی دەرنەچووە،.. لە نیگارخانەکەی پاشا جوانکاری هیچ کەسێک بەقەدەر ئەوانەی من باش نەبوو، نەخش و جوانکاریم دەکرد و کەناری لاپەڕەکانم دەڕازاندەوە، لق و پەل و گوڵ و گیا و پەلەوەری ڕەنگاوڕەنگم دەکێشا و دارستان و ئاسک و هونەری چینیم لەسەر ئاوێنە و کەوچک و قاپ و قاچاخ، کاری شێوەکاریم دەکرد، لاپەڕەی کتێبم دەڕازاندەوە..». بابەتێکی تر کە لە کتێبی سووردا ورووژێنراوە بیروبۆچوونەکانی مەلای ئەرزڕوومییە کە پێیوایە هۆکاری سەرەکی مەرگەسات و پەتا و برسێتی بۆ لاری و لادان لە ئایینی محەمەد و فەرمانەکانی قورئان دەگەڕێتەوە و هۆکارەکان لەم چەند خاڵە نەگەتیڤانەدا چڕ دەکاتەوە، ڕووخۆشی لەگەڵ خاچپەرستان، ڕێگەدان بۆ شەراب فرۆشی، ژەنینی مۆسیقا، بڵاوبوونەوەی ئەفیون و هیرۆیین،



بڵاوبوونەوەی تەکیە و خانەقا و قەڵەندەرخانەکان و زەرگ لێدان و حاڵ و جەزبە و سەما و نەشئەی سێکسی.. خوێندنەوەی مەولوود و سوورەتەکانی قورئانی پیرۆز بە مۆسیقا و گۆرانی، چوونە سەرمەزاری مردووان، کە جۆرێکە لە بتپەرستی، بایەخدان بە هونەری شێوەکاری، بەتایبەتی هونەری «پۆرترێت» کە لاساییکردنەوەی کردەوەی خۆرئاواییەکانە..» «ئیبن عەرەبی» کە مامۆستای هەموو تەریقەتەکانە.. گوتوویەتی..

«فیرعەون بە ئیمانەوە مردووە»، بۆیە زۆربەی شێوەکارانی نیگارخانەی کتێبی سوور بەترس و گومان و نیگەرانییەکی دوالیزمی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، واتە لەنێوان شێوازی موحافیزکارانە و ڕەسەنایەتی و سەلەفییەت و مۆدێرنەدا گێنگڵ دەخۆن، «زەیتوون» یان لێ بترازێت کە دواجار بەنهێنی کۆمەڵێک پۆرترێتی پۆرنۆ دەکێشێت، هەڵبەت «زاوا»ش واتە باوکی شەکووره لە بنەڕەتدا بڕوای بە مۆدێرنە هەیە و دەیەوێت شێوازێکی نوێ بەکار بێنێت و خۆی لە دەسەڵاتی شێواز و بیرکردنەوەی سەلەفییەت دەرباز بکات، بەڵام چەمکی شێواز لای «زەیتوون» پێوەندی بەلاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی خۆرئاواوە نییە، بەڵکو شێواز واژووی ئینسانە و «ئەگەر کەموکوڕی لە نەزانی و لێ نەهاتوویی نەهاتبێت و لە قووڵایی ڕوحەوە هاتبێت ئەوە دەبێتە شێواز».. زۆرجار «زاوا» یان باوکی شەکووره دەڵێت: [من هەمیشە دەمەوێت لە نەریتی وەستا ئەفسانەییەکان و وێنەکێشە موسڵمانەکان دەرچم و خەیاڵم وایە کەشتی تازە بخوڵقێنم] زۆربەی شێوەکارەکانی نیگارخانەکە نیگەرانن، نەخاسمە وەستا عوسمانی مامۆستای نیگارخانەکە، کە پەروەردەکاری هەریەک لە لەقلەق و زەیتوون و پەپوولەیە، وەستا عوسمان نیگارکێشێکی ڕەسەن و موحافیزکاری ئێستێتیکییە و ئەو لە ڕێگەی هونەری بەهزاد و تێڕوانینەکانی «پیاوچاک ئۆگستین»ەوە خەریکە دەگاتە کانگاو قووڵایی ئەو تاریکییە وەنەوشەییەی کە بەبنەچە و بنەڕەتی گەردوون دادەنرێت، ئۆگستین دەڵێت: چاو هەموو شتێک دەبینێت تەنیا خۆی نەبێت، واتە وەستا عوسمانی شێوەکار دەیەوێت «چاو» خۆی خۆی ببینێت و چیتر نا، بۆیە هەڵوەدای دۆزینەوەی دەرزییە، یان دەرزیلەکەی «بەهزاد»ە تا بیکات بە چاوی خۆیدا، بەڵام کێشەی وەستا عوسمان لە بنەڕەتدا پەیوەستە بەو ڕوحە نەهلیستییەی کە ئاوێزان و تێکەڵاوی هەستە ئێستێتیکییەکەی بووە، ئەو هەموو جوانی گەردوون لە ڕوومەتەکانی «پەپوولە»دا دەدۆزێتەوە، پەپوولە و لەقلەق و زەیتوون- سێ شاگرد و سێ هونەرمەندی شێوەکاری وەستا عوسمانن، ئەو بڕوای بەو گوفتارەی «ئەو حادودینی کرمانی» هەیە کە دەڵێت «ڕوخساری خودا لە ڕوومەتە جوانەکاندا دیاردەبێت»، بەڵام شاگردە شێوەکارەکانی وەستا عوسمانی سەرۆکی شێوەکاریخانە ناویان چییە..

زەیتوون= ناوی ڕاستەقینەی وەلی جانە

پەپوولە= پێی دەڵێن حەسەن چەلەبی باروتخانەیی.

لەقلەق= ناوی تەواوی موستەفا چەلەبییە، پەپوولە هەمیشە مۆرک و کەشوهەوای جەژن و زەماوەندی لە تابلۆکانیدا دەکێشا، وەستا عوسمان سەرلەبەری نەخشونیگار و شێوازە سیحراوییەکانی [بەهزاد و میر موسەور و ئیبن شاکر]ی لە دەرزیلە دۆزەخاوییەکەی بەهزاد دا دەدۆزییەوە و بەدوای ئەو تاریکییە پەتی و پاڵاوتەیەدا دەگەڕا کە ئارامی و دڵنیاییەکی ئەنتۆلۆژی پێ دەبەخشێت، واتە ئەو تاریکییە مەخمەڵییەی دوای کوێربوون، بۆیە بەدەرزیلەکەی بەهزاد چاوی خۆی کوێر دەکات، ڕۆمانی «ناوی من سوورەیە»ی پاموک کە من لەم نووسینەدا بە «کتێبی سوور» ناوزەدی دەکەم، خەتەرناکترین ڕۆمانی «ئۆرهان پاموک»ە، چونکە هەڵگری دەلالەتگەلێکی ترسناکە، دەلالەت گەلێک لە ڕێگەی پرشنگەکانی ئێستێتیکەوە مەرگ و سێکس و جوانی و قێزەونی ئاوێزانی یەکدی دەکات و سەرتاسەری بوون و هەبوون لە بوقعەیەکی بێ کۆتایی هەیوولاییدا بەرجەستە دەکات، هەیوولاییەک کە هەڵگری توخم و ڕەگەزەکانی نیهلیستە بە پرشنگە چێژ بەخشەکانی ئیستێتیک، لەلایەکی دیکەوە کتێبی سوور دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە پرۆسەی نووسین بەبێ عیشق و هەستی جوانی بوونی نییە،

کێ دەتوانێت بەبێ عیشق و ئیلهام و هەڵوەدابوون بە کەڤاڵەکانی ئێستێتیک تەنیا دێڕێکی لێوان لێو لە ئاگری سیمبۆلۆژی هەڵداتە سێنتەری ئەم جیهانەی کە سێنتەر و پەراوێزی نییە!

پاشان کتێبی سوور لە بواری هونەری شێوەکاریدا کێشەی شێوە و ناوەرۆک دەورووژێنێت، هونەری ئێرانی لە وێنە و نیگاردا «مانا» لە پێشەوەی ڕوخسار دادەنێت، ئەوەندەی بایەخ بە مانا دەدات، ئەوەندە ڕوخساری لا گرنگ نییە، کەچی وێنەکێشە فەرەنسی و ئیتاڵییەکان ڕوخسار دەخەنە پێش ماناوە، «سباستیان»ی وێنەکێشی ئیتاڵی بە تێکڕای تابلۆ و کارە شێوەکارییەکانی ناوازەترین نموونەی ئەم شێوازە وەنیزییەیە، لێرەوە دەکرێت لە ڕێگەی کتێبەکەی پاشاوە کە بە [زاواکەت] واتە بە باوکی شەکوورە سپێرراوە، کە کاری نیگارکێشی تێدا کات و زەریف ئەفەندیش کەنار و پەراوێزەکانی برازێنێتەوە، وەک بەشێک لە ڕووداوەکان بخەینە ڕوو، ئەگەر زەریف ئەفەندی یەکێک بێت لە قوربانیانی کتێبەکەی سوڵتانی عوسمانی «مورادی سێیەم».. ئەی مەرگی «زاوا، یان زاواکەت» وەک شێوەکارێکی لیبراڵ لە پای چییە؟.. ئەو دەمەی زاواکەت واتە مێردی پووری [ڕەشە]، یان باوکی [شەکوورە] شێوەکارەکانی دەهێنایە ماڵەوە، بۆ ئەوەی لە فەزای کتێبەکەدا کاربکەن، شەکوورە لە شوێنێکی تایبەتییەوە سەیری دەکردن، بەڵام ڕەشە لە دەورانی منداڵییەوە لەگەڵ دایکی دەهات و لە ماڵی «زاوا» دەمانەوە، ڕەشە بەنهێنی وێنەی شەکوورەی دەکێشاو.. زاوا دەڵێت: ئێستا زۆر خۆشنوودم، کە دەبینم ڕەشە بووە بە پیاوێکی خاوەن بڕیار و جامۆلکەی مەغوولیم بۆ دێنێت و دەڵێت: ئەمە تەنیا بۆ مەرەکەبە سوورەکەیە، دایکی ڕەشە خوشکی گەورەی هاوسەرەکەی من بوو، باوکی ڕەشە مامۆستایەکی تووڕە و بەدخوو بوو، کچەکەم لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپا زەماوەندی کرد دوو کوڕی لێ بوو، [ئۆرهان و شەوکەت] دوایی ڕۆیی بۆ سەفەر و نەگەڕایەوە. خەیرییە کارکەر و چێشت لێنەری ماڵی زاواکەتانە، شەکوورە دەیگوت: ڕەشە وێنەکەی منی بە ڕەنگی شین و ئەوەی خۆشی بەسوور بۆیاغ کردبوو، حەسەن برای مێردی شەکوورەیە، ڕەشە هاتوچۆی وێنەکێشخانەکەی وەستا عوسمانی دەکرد و لەوێ کاری شێوەکاری ئەنجام دەدا، وەستا عوسمانی سەرۆکی نیگارخانەکە مرۆڤێکی باطنییە، جارجارە پاشا لەوێ دەگەڕاو سەیری وێنەکانی دەکرد، چوار ئوستادە لێهاتووەکەش زەیتوون و لەقلەق و پەپوولە و زەریف. لە ماڵی خۆیان کاریان بۆ وێنەکێشخانەکە دەکرد، شاگردانی وەستا عوسمان نیگارکارییان لەسەر کەوچک و هێلکە و دەنکە برنج دەکرد.

وەستا عوسمان دەیزانی سەرەتا تاریکی هەبووە، لەناو ڕەنگەکاندا بەدوای تاریکییە قووڵەکەی دەرەوەی زەماندا دەگەڕا، زۆربەی شێوەکارانی نیگارخانەکە لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی وەستا عوسمانی شێوەکاردا بوون، بەتایبەتی نەزیف ئەفەندی جوانپەرست کە لە ڕوانگەی ئەم ڕستە شیعرییەی «فزوولی» شاعیرەوە لە عیشق و جوانی دەڕوانی کە دەڵێت: «من من نیم، من ئەو تۆیەم وا هەمووکات باسی دەکەم» زەریف دەیگوت «شێوەکار پێویستە لە ڕوحی خۆیدا هەست بەو بابەتە بکات کە دەیەوێت بیکێشێت».. بەڵام «زاواکەت» سرووشی لە چرکەکانی مەرگ وەردەگرت، کاری شێوەکاری پێ ئەنجام دەدا وەک لەسەر بڕانی سیاوەش بە دەستی ئەفراسیابەوە، یان کوژرانی سوهرابی کوڕی ڕۆستەمی زاڵ بە هەڵە و نەزانی بەدەستی باوکییەوە، زەریف ئەفەندی لە قاتی دووەمی شێوەکاریخانەکەدا کاری دەکرد و بۆ ماوەی چەندین ساڵ عاشقی جوانێک بوو، وەستا عوسمانیش ساڵانێکی دوورودرێژ عاشقی پەپوولە بوو، نیگارخانەکە و قاوەخانەکە هەمیشە و بەردەوام لەلایەن پیاوانی مەلای ئەرزڕوومییەوە هەڕەشەیان لێ دەکرا، مەلا هوسرەت دەیگوت «قاوە» حەرامە و مێشکی مرۆڤ سڕدەکات و بەرەو لاڕێی و گومڕایی ڕایدەماڵێت.. قاوەخانەکەی فەزای کتێبی سوور جیهانێکە لە فەنتازیا و گێڕانەوە، لەوێ بالۆرەبێژەکە بەدرێژدادڕی داستان و سەربوردەکان دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی داستانەکانی نێو کتێبی «شاهنامە» هەر ڕۆژێک تابلۆی چەند شێوەکارێک بە دیواری قاوەخانەکەدا هەڵدەواسرێت، دواجار

کە بالۆرە بێژەکە جلوبەرگی ژنانە دەپۆشێت هەر لە نێو قاوەخانەکەدا تیرۆر دەکرێت!.. زۆربەی شێوەکارانی کتێبی سوور نیگەران و سەرگەردانن و لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنەوە لە عیشق و جوانی و مەرگ و ژیان دەڕوانن، وەستا عوسمانی سەرۆکی نیگارخانەکە بەم گوفتارە ڕوحانییەی [ئیبن عەرەبی] سەرمەست و حەیرانە کە دەڵێت: «عیشق نەبینراوەکان دەبینێت و هەموو کاتێکیش لە پاڵ خۆیدا هەست بە ناپەیداکان دەکات» لەلایەکی دیکە لایەنگرانی مەلا نەسرەتی ئەرزڕوومی دژی کتێبەکەی باوکی شەکوورە و دژی شێوازەکانی خۆرئاوان.

کەچی زۆربەی شێوەکارانی کتێبی سوور هەڕەشەکانی لایەنگرانی مەلا نەسرەت بەهەند هەڵناگرن، چونکە لە ڕوانگەیەکی ئێستێتیکییەوە سەیری هونەر و ژیان دەکەن، هەستی ئێستێتیکیش هەمیشە هەڵگری توخمگەلێکی نهلیستییە، ڕەنگە ئەم ڕستە شیعرییەی «نیزامی» لە دڵ و دەروونی زۆربەی شێوەکارەکانی کتێبی سووردا بەرجەستەکرابێت کە دەڵێت «دەمی جوان و شیرینی جوانەکان وەکو جامۆلکەیەکی پڕ لە هەنجیرە».. هەروەها وەستا نوورەدین چەلەبی وەستای وەستا عوسمان بووە و ڕۆژانێک لەم وێنەکێشخانەیەدا پێکەوە دانیشتوونە، ئێستاش وەستا عوسمانی شێوەکار کە بە دوای دەرزیلەکەی بەهزاددا دەگەڕێت پێی وایە «هەموو جوانییەکانی ئەم دنیایە هی خودایە» بۆیە دوایین جار بەهەمان دەرزی چاوەکانی خۆی کوێر دەکات و کوێرایی دادێت، کەچی شێخ محەمەدی ئیسفەهانی شێوەکار ئەو دەمەی لە هونەری شێوەکاری پاشگەز دەبێتەوە، سەرلەبەری تابلۆکانی خۆی دەسووتێنێت و هەوڵیش دەدات ئەو کتێبخانانە بسووتێنێت کە تابلۆ و بەرهەمەکانی خۆی تێدایە، کتێبی سوور تێکستێکی پۆلیفۆنییە کارەکتەرگەلێکی زۆر بەفرە دەنگی و شێواز و دەربڕینی جیاواز درێژە بە بابەت و ڕووداوەکان دەدەن، هاوکات فەزای دەق بەهۆی تەکنیکی هەڵکۆڵینی ئیستێتیکی کە لە نێو پانتایی مێژوویەکی کەڵەکەکراودا پڕشنگە ناوازەکانی شیعرییەت و هەندێک بابەتی گەرموگوڕی پەراوێزکراو دەدۆزێتەوە، سەرەڕای بەکاربردنی تەکنیکی دیالۆگ و گرتەی سینەمایی و هەستی غوربەتئامێزی نوستالیژی و پاش و پێش خستنی ڕووداو و مامەڵەکردنی شیعرییانە لەگەڵ کەرستە و شتگەل و کەلوپەلەکان- بەتایبەتی لە ژووری خەزێنەی میریدا کە مۆزەخانەیە کە پڕاوپڕ لە تابلۆ و توحفە و کەلوپەلی ناوازە و دێرین، بەرهەمی شێوەکارانی هەرات و تەورێز و سەمەرقەند و بوخارا بەتایبەتی میناتۆر و مونەمنەماتی «بەهزاد»...

بەهزاد پێی وابوو.. «جوانی ئەو شتەیە کە ئەقڵ لە خۆیەوە دەیزانێت و چاویش لە دنیادا دووبارە دەیدۆزێتەوە» وێڕای بەرهەمە شێوەکارییەکانی جەمالەدینی قەزوینی و حەسەنە درێژی خاقانی و وەلیە ڕەش و میرزا بابا ئیمامی تەورێزی.. لەوێ لە خەزێنەکەدا وەستا عوسمان بەدوای ڕەنگی تاریکاییەکدا دەگەڕا بەرەو سووربوون بچێت، یان ئەو سوورایییەی کە میرزا بابا ئیمامی تەورێزی کە لەگەڵ خۆیدا وەکو ڕاز بردوویەتییە نێو گۆڕەوە.. خەزێنەی میری پڕوپڕ لە قاڵی، ئاوریشم، شەترەنج، بەردەگران بەهاکانی سەیلان، خەنجەری ئیسفەهانی، لەوێ وەستا عوسمان بە دوای شێوازی پیاوکوژەکەدا دەگەڕێت- ئەو پیاوکوژەی بەهەمان شێوە «زەریف ئەفەندی» و «زاواکەتان»ی کوشت و لە دوای خۆی، یان لەسەر تەرمی زەریف ئەفەندی شێوە و هێڵکاری ئەسپێکی لێ بەجێماوە، دواتر دەردەکەوێ کە پیاوکوژە خەتەرناکەکە [وەلی جانە، زەیتوون].. ئەو شێوەکارەی کە بڕوای تەواوی بەشێواز هەبوو- شێوازێک لە پڕشنگەکانی دڵ و ڕوح و دەروونەوە سەرچاوە هەڵبگرێت، نەک لاسایی کردنەوەی کارەکانی ئەوی تر بێت، زەیتوون بەنهێنی کۆمەڵێک پۆرترێتی پۆرنۆگرافی کێشابوو، زەیتوون بەنهێنی و لە کانگای دڵەوە شەکوورەی خۆش دەویست، بەڵام دواتر زەیتوون هێرشی دەکرێتە سەر و بەرزەقت دەکرێت و «ڕەشە» دەرزییەکە دەکات بە چاویدا و هێدی هێدی کوێرایی دادێت، بەڵام بەرلەوەی بگاتە تاریکییە شکۆدارەکەی خودا دەتوانێت خەنجەرەکە لە ڕەشە وەربگرێت لووتی لەت و پەت بکات.. زەیتوون دەڵێت لەبەر خاتری شەکوورە ناتکوژم.. برۆ

ئاگاداری شەکووره و ئۆرهان و شەوکەت بە، چونکە ڕەشە شەکوورەی خواستووه و ئێستا هاوسەریەتی، کەچی دواجار حەسەنی برای مێردی یەکەمی شەکووره سەری زەیتوون دەپەڕێنێت، ئەم ڕووداوە و شووکردنی شەکووره و مەرگی «زاواکەت» بەگرتەیەکی سینەمایی گوزارەی لێ دەکرێت، بەرلەوەی لە گەمە سێکسییەکانی شەکووره بدوێم بەپێویستی دەزانم لە هۆکاری خۆکوێرکردنەکان بدوێم.. کاتێک [هەرات] گیراو داگیرکرا [بەهزاد]ی شێوەکار کە بە وەستای وەستایان نێوزەد دەکرێت گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر هەموو شتێک تەواوبوو.

تا ناچاری نەکەن شێوە و شێوازی شێوەکاری خۆی بگۆڕێت یەکڕاست دەرزییەکەی کرد بە چاویدا و بینایی لە دەست دا! و تاریکییە شکۆدارەکەی خودا هێدی هێدی داکەوتە پێش چاوی. دەرزییەکەی بەهزاد هێنرایە تەورێز و دواتر لەگەڵ شاهنامە ئەفسانەییەکە لەلایەن [شاتاماسووب]ەوە پێشکەشی باوکی پاشای عوسمانی کرا، هەروەها کاتێک وەستا عوسمان زانی ئیدی پاشا دەیەوێت لێرە بەدواوە نەریت و شێوازی فەرەنسییەکان لە وێنەکێشخانەکەدا پەیڕەو بکرێت، یان وێنەکەی بە نەریت و شێوازی فەرەنسی و ئیتالییەکان بکێشرێت، مەبەست [پۆرترێتی پاشا]یە، بۆیە وەستا عوسمان بۆ شەوی دوایی هەمان دەرزی بەهزادی کرد بە چاویدا و هێدی هێدی بینایی لە دەست دا، کەواتە لە کتێبی سووردا کێشەی [شێواز] وەک بابەتێکی خەتەرناک خراوەتە ڕوو، [ڕەشە] لە شوێنێکدا دەڵێت: [هەرکەس بە نهێنییەوە دەیەوێت شێوازێکی تایبەتی هەبێت] هەروەها [زەیتوون] دەیگوت:

[لاسایی کردنەوەی شێوەکارە فەرەنسییەکان بەبێ فێربوونی هونەرەکەیان دەبێت بەهۆی کوێلەکردنی وێنەکێشەکە] کەواتە چەمکی شێواز لای [زەیتوون] پابەندی مەعریفەیەکی قووڵ و تێڕوانینێکی فەردانییە، مەعریفەیەک هێدی هێدی کەشوهەوا و پانتاییەکی ئیستێتیکی لەنێو ڕوحدا فەراهەم دەکات بۆ دەرکەوتن و دەسپێشخەری کردنی جۆرە شێوازێک لە کردەوداڕژانی کاری هونەریدا، پاشان زەیتوون وێڕای کارە قەتڵکارییەکانی شێت و شەیدای شوێنە، دوای دەرزی ئاژنکردنی چاوەکانی لەلایەن ڕەشەوە، کە جارێک بە تەواوی بینایی لە دەست نەداوە، بڕیاری ڕاکردن دەدات و دەیەوێت بگاتە وڵاتی هندستان و لە نیگارخانەکەی [ئەکبەرخانی پاشای هندستاندا] کاربکات- ماوەیەکی زۆر بە شەقامەکانی ئەستەمبوڵدا دەگەڕێت و سەیری بازاڕ و دووکانی سەوزەفرۆشی و گۆشتفرۆشی و کتێبخانەکان دەکات و بەحەسرەتێکی قووڵەوە لە شێوەکاریخانەکە ڕادەمێنێت، کەچی دوایین جار ڕووبەڕووی [حەسەن] دەبێت و ئەویش بەشمشێرەکەی دەستی سەری دەپەڕێنێت، ڕەنگی سوور لەم تێکستەدا زۆرجار لەشتگەل و کەرەستەدا بەرجەستە دەکرێت، وەک جەژننامە «سوورنامە»، قاڵی سوور، پشتێنە سوورەکەی ژنی پەپوولە، یان ئەو جامۆلکە مەغوولییەی کە «زاوا» مەرەکەبی سووری تێدەکرد، پاشان زەیتوون هەر بەم جامۆلکەیە سەری زاوا ورد و خاش دەکات، یان زۆرجار پەڵەی مەرەکەبی سوور شێوەکان لەنێو دەبات و شێوەیەکی تر بە بابەت و شتگەلەکان دەبەخشێت «دوو دڵۆپ مەرەکەبی «حەسەن پاشاییم» داتەکاندە سەر ناوەکەی من و خۆی وەکو گوڵێکی لێ هات و کەس نەیدەزانی کە چییە» چونکە هونەری شێوەکاری لای بەهزاد و وەستا عوسمان و ئیبن شاکر و هەتا لای ڕەشە و پەپوولە و زەیتوون و لەقلەق و زەریف و «زاوا»کەشدا پێوەندی بە عیشقەوە هەیە.. [ئەگەر بابەتی وێنەیەک عەشق بێ، پێویستە وێنەکەش بە عیشق بکێشرێت]، بۆیە دوایین قۆناغی باڵای شێوەکار ئەو چرکەیەیە کە بەهزاد بەم ڕستە خەتەرناکە گوزارەی لێ کردووە و دەڵێت: «هونەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانی شتێکی دەگمەن بکێشی و ناسنامە و شوێنە دەستی خۆتی پێوە نەنێی».. بەڵام سەبارەت بە پێوەندییە ئەڤینییەکەی نێوان ڕەشەو شەکورە» دەکرێت بڵێین ئەو پێوەندییە بۆ دەورانێکی دووری سەردەمی منداڵی، یان هەرزەکاری دەگەڕێتەوە، ئەو کاتانەی «زاوا» شێوەکارەکانی بانگی ماڵێ دەکرد تا بە نەخشونیگاری ناوازە کتێبەکەی پاشا برازێننەوە، شەکووره وەک

کارەکتەرێکی «دۆزەخ»ی [هێنری باربۆس] لە درزی دەرگاو پەنجەرەوە چاوی لە ڕەشە دەبڕی و خۆشی دەویست، ڕەشەش هەندێ جار وێنەی خۆی و شەکوورەی دەکێشا، دوای شووکردنی شەکوورە بە ئەفسەرەکە و ڕەشەش سەرهەڵدەگرێت و دوای دوازدە ساڵ هەمدیسان دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆل، بەڵام شەکورە ئەوکاتە خاوەن دوو منداڵەو «ئۆرهان و شەوکەت» لە چاوەڕوانی مێردە ئەفسەرەکەی دایە کە ماوەی چوارساڵە لە سەفەرەکەی، یان لەبەرەکانی جەنگ نەگەڕاوەتەوە دووبارە پشکۆی عیشقەکە لە ڕێگەی «ئەستەری» بوخچەچییەوە دەگەشێتەوە، ئەستەر ئافرەتێکی جوولەکەیە و بەخۆ و بە بوخچەکەیەوە ماڵ بە ماڵ و کووچە بە کووچە دەگەڕێت تا پارچە قوماشێک بە شۆڕەژن و کچە شۆخوشەنگەکان بفرۆشێت، ئەستەر هاوکات پەیک و نامەبەری نێوان ڕەشە و شەکوورەیە، شەکوورە هەمیشە بە هەست و خەیاڵ و تاکلایەنە سێکسی دەکرد و زۆرجار دەگەیشتە لووتکەی نەشئەو خرۆشان، گەمە سێکسییەکانی شەکوورە بەردەوام بوو، دووجار لەگەڵ ڕەشە لە ماڵە چۆڵ و هۆڵەکەی جوولەکە هەڵواسراوەکەدا سێکس دەکەن و دواجار شەکوورە لە هەلومەرجێکی هێجگار ئاڵۆز و سەیر و سەمەرەو لە پاڵ تەرمی باوکە کوژراوەکەیدا خۆی لە «ڕەشە» مارە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی شەکوورە ئافرەتێکی ئاگر گەرمی شەبەقییە هەرگیز بواری بە «حەسەن»ی برای مێردی یەکەمی نەدەدا زەفەری پێ بەرێت، ترسناکترین گەمە سێکسییەکەی شەکوورە ئەو دەمەیە کاتێک ڕەشە بە برینداری دەگەڕێتەوە و سەرتاپای لەشی خەڵتانی خوێنە و شەکوورە باوەشی پێدا دەکات و بە نەشئەو هەوەسەوە یاری بە ئامێرەکەی دەکات و هەوڵ دەدات لەم بارە ناهەموارەدا بگاتە چرکە شەبەقییەکانی ئۆرگازم.. لە ڕووی هونەرییەوە تێکستی [کتێبی سوور] چەندین گێڕەرەوەی هەیە و هەریەک لە ڕاستەخۆی و بەپێی پێکهاتەی لایەنی کەسێتی و سایکۆلۆژی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە پێوەندی بە ڕاسپاردەکەی سوڵتانی عوسمانی [مورادی سێیەم]ەوە هەیە کە لە کۆتاییەکانی چاخی شازدە و لە ئەستەمبۆل داوا لە کۆمەڵێک نیگارکێش و خۆشنووس دەکات، کتێبێکی دەگمەن و دانسقەی پڕاوپڕ لە نەخشونیگار و جوانکاری بۆ ئەنجام بدەن، تێکست لە بواری میناتۆر و هونەری مونەمنەماتەوە بە ئیقاعێکی شیعری ئاماژە بە بەرهەمە شێوەکارییەکانی هەریەک لە شارەکانی تەورێز و قەزوین و شیراز و ئیسفەهان و هەرات و بوخارا و تفلیس و بەغدا و حەڵەب.. دەدات و سەرەڕای مامەڵە کردنی لەگەڵ چەندین تێکستی شیعری کلاسیکی و داستان و تێکستی جۆراوجۆر و دێرین، وەک شانامە و گوڵستانی سەعدی شێرازی و ڕۆستەم و زۆراب و دەقەکانی جامی و نیزامی گەنجەوی.... شیرین و خوسرەو و لەیلا و مەجنوون تاد... بەڵام لە کۆتاییدا چارەنووسی زۆربەی کارەکتەرانی «کتێبی سوور» مانەندی ڕۆمانی «شەیتانەکان»ی [دۆستۆیڤسکی] ڕوو لە بەدبەختی و نەهامەتی و مەرگ و سەرگەردانی دەکەن، زەریف و زەیتوون و زاوا و بالۆرەبێژ دەکوژرێن و ڕەشە وەک مرۆڤێکی نابوود و بێ نموود دەمێنێت و هێز و گوڕ و جەبەرووتی جارانی لە دەست دەداو «لەگەڵ شەکوورە وشەوکەت و ئۆرهان دەژێت» ، لەقلەق بەڕاکردن خۆی لە هێرشەکەی زەیتوون دەرباز دەکات و دواتر دەبێتە سەرۆکی نیگارخانەکە و پەپوولە هەر بە سەرگەردانی دەمێنێتەوە، خەیرییەی کارەکەر و قەلبیەی هاوسەری زەریف و ئەستەری بوخچەچی و مێردەکەی لە هەمان بەدبەختی و هەژاریدا دەژین و بێستانچی هەمان جەللادەکەی جارانە و ئەم سەرگەردانییە لە «کتێبی ڕەش»یشدا بەرچاو دەکەوێت، بەم جۆرە [ئۆرهان پاموک] لە کتێبی سووردا کێشەیەکی بێ کۆتا لە نێوان مۆدێرنەو سەلەفیەتدا دەورووژێنێت.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: ناوی من سوورەیە**

**نووسەر: ئورهان پامووک**

**وەرگێڕ: زریان ڕۆژهەلاتی**

**چاپخانەی: ڕوون**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان سلێمانی.. ٢٠٠٦**

# زایەڵە

سەباح ڕەنجدەر

شیعر خەیاڵێکی داماڵدراو نییە لە ژیان، هیچ خەیاڵێکیش بوونی ڕەهای نییە، بەڵکو هەمووی لێکدانەوەی جۆراوجۆرن بۆ واقیع. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا شیعر بووەتە ڕوویەکی کولتووری، هەوڵیشی داوە لەم ڕووەوە نوێبەخش بێت، نوێبەخشیش پرۆژەیەکی بەجێنەگەیاندراوە. هەر شتێک بواری هەست پێکردن و پاشان توانای درکاندنی هەبێت لە بارە ببێتە بابەتی شیعر و داهێنانی تێدا بکرێت.

ئەنوەر قادر محەممەد لەم کۆشیعرەیدا تێڕوانینی خۆی لە ئاستی شێواز و شێوە و ڕوون دەربڕیندا بە هۆشمەندیی جیاواز و دیدگای دەگمەنەوە بنیادناوە. لە ئاستی گەڕان بەدوای شتە فەرامۆشکراو و پەراوێزخراوەکانی ناو کۆمەڵگا و واقیعدا، هەم نزیک بوونەوە لە کەرەستەکانی سروشت و پرسیارە بوونییەکانی کەسایەتی خۆی، لە دواتردا گەڕانەوە بۆ ناو بنەماڵە و خێزان و دەوروبەر و کۆیێکهاتە.

ئەم ئەزموونە هەوڵی داوە واقیع لەناو خۆیدا ڕێک بخاتەوە و بە هۆشیارییەوە نەیهێشتووە لەناو دەست و پێی هونەر و بیری ڕۆژئاواییدا سەرگەردان بێت و ببێتە پاشکۆیەکی بێ هێز و تین و دەمار خاو. هونەر و بیر و ئێستێتیکایەکە شارەزایەکی ماڵی خۆمان و پێوەندیدار و لکاو بە نەتەوە و دابەوە بەرهەمی هێناوە و کەسایەتی خۆی دەنوێنێ و مۆرکی گیان و گەوهەری هەستییەتی.

لەم ڕووەوە لە شیعری نوێی کوردیدا (سەرپەڕ)ی پێ دەبڕێت و هەستی خۆی بە تەواوی گەیاندووە، هەرچی بەبیریدا هاتووە و بیری لێ کردووەتەوە کردوویە بە زانین و لە بەکارهێنانی شیعردا وەک زانینێک بەکاری هێناوە. بەبێ ئاڵۆزی زمان هەموو توانایەکی زمانەوانی و بنیادی ئێستێتیکی زمانی تێدا دەرخستووە.

دڵەڕاوکێی خۆی بەرانبەر بە تاراوگە دەردەبڕێ، تاراوگەش بەردەوام مانا بەرهەمدەهێنێتەوە، خاڵێکی بۆ دادەنێت، ئەمیش گومان دەکات ئەم خاڵە بکات بەهێلێک و ئاراستەیەک



وەربگرێت و بەدوایدا بچێت.
لە ئاست مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا بە ئاگـایی قـەڵەم هەڵدەگـرێت و دادەنێت. وشەیەکی نەنووسیوە ئەگەر هەسـتی نەکـردبێت ئەو وشـەیە پێویستـییـەکی بەهێزی بۆ نووسین نیـیـە، وشـەی پابەندنەکـردووە بە ویستی خەڵکەوە، پابەندی کردووە بە ویـسـتی شـیـعـرەوە، ئەو پێویستـییـەشی گەڕاندووەتەوە بۆ ڕێزگـرتن لە وشـە و بەهای شـیـعـر. (ڕێزگرتن لە شیعری بێگەرد لە پلەی ڕێزگـرتـن لە شکۆی شەهیـددایە). (شیعرێک لەپێناو بێگەردی شیعردا نەنووسـرێت، سـەلکەپیـازێک ناهێنێت). خـودی خـۆی وەک تاک تەواو بە ڕوونی دیاردەخات و بەرزی دەکـاتـەوە، هیـچ خـودێکی دەوروبەریش جێ گرەوەی نین.
ئەم شـێـوازی ئێـسـتـێـتـیـکـایە پێوەندیدارە بەهێز و تێڕامانەوە، کە شـێـوازی (سـانایی خـۆ بەدەسـتـەوە نەداو)ە. دواتر لە زماندا بەرجەستە دەبێت و وێنـەیەکی تایبـەت دەکـێـشێ. وریایە لە بەکـارهێنانی زمان و هەڵبژاردنی بیرۆکە، دەقێک لە زمـان و بیـر و فـۆرمـدا پێکدەهێنێت پێی دەگوترێت شیعری بێگەرد. لە وێنەیەکەوە نامانباتە ناو وێنەیەکی تری شیعرییەوە، بەڵکو لە پێـشـانـدانی ئاسـتـێکی تەکنیکی شیعرییەوە دەمانباتە ناو ئاستێکی تری تەکنیکی شیعرییەوە.
شـاعـیـر خـوێنەر لەو ئاست نیـشـانـدانانە ئاگـاداری هەمـوو پێکهاتەکـانی شـیـعـری دەکـاتەوە، واتە شـاعـیـر خـوێنەری ئاگـاداری هەسـتی خۆی و بەشداری لەجۆری بیـرکـردنەوە و هەسـتـەکـانییـەوە پێـدەکـات. لەناواخندا ئەم ئاگادارکردنەوەی خوێنەر، پرسیـارە (بوون، بوونی شیـعـر) لە شاعیـر، یان لە هۆشـمـەندێکی جیـاواز و دیدگـای دەگـمـەنی کـردووە. شـیـعـر بووەتە دەمـاری ژیان و ناوەند بۆ ئەم نیـشـاندانانە. لە ڕێگای پرسیـار و ڕووبەڕووکـردنەوەی خـۆیدا ئەوی دیکە دەناسـێت. لە ناسینی ئەوی دیکەدا پرسیـارە بوونیـیـەکـان زیاتر دەتورووژێنن و نـاچاری کـردنـت دەکـەن. سـەدایەک لەناو زمـانی سـادەییـدایە، کـە بەسـەر زمـانی ئاڵۆزدا دەکـرێتـەوە و سـەدا تێکەڵاوەکان لەناو دەبات.
لەم سادەییـەدا مەبەستی یەکەمی نوێبـوونەوە نیـیـە، بە قـەد ئەوەی خواستی تایبەتمەندییە، نوێبوونەوە و تایبـەتمەندی لە منی شـیـعـردا بەدەستهێناوە.
نوێبـەخشی وەک هێـزی دەربڕین و بنیادێکی ئێستێتیکی ئاڵۆز نییە، شـاعـیـر ئەم سـادەییـەی لەسـەر بنەمایەکی زۆر قووڵدا دۆزیوەتەوە و بنیادی ناوە، شیعرەکان دوور نین لە هەسـتی کـات و شـوێن و پێـوەندی دەق بە کـات و شـوێنەوە، وا بە وردەکارییەوە تانوپۆی کات و شوێنە ونبووەکانی ناو دەقی چنیوە. خوێنەر وا لێ دەکات پەیوەستێکی قـووڵ و گـەشـەکـردنی کـات و شـوێن لە ناو دەقـدا بدۆزێتـەوە. نموونە: وەک لە شـیـعـری (ئەو شـەوانەی)، یان لە شیعری (سلێمانی)، یان لە شیعری (زەنگڵـەی یاد)، یان لە شـیـعـری (کۆتەڵ) دەردەکەوێت. زۆر بایەخی بە نیـشـتـمـان وەک (شـوێن) و ئەو ژیانەی کـە گـوزەراندوویەتی وەک (کـات) داوە، مـرۆڤـیش لە نێـوان کـات و شـوێندا سـروشـتـێکی دیاریکراوی پڕ هەڵچوون و داچوونە و هاوسـەنگی بوون ڕادەگـرێت، یان هەڵچوون و داچوونەکە لە خاڵی کات و شوێندا کەرەستە گیانییەکەیەتی.
دوورکـەوتنەوە لە نیـشـتـمـان و دەوروبەر کـاریگـەرییـەکی بە زەبری تێدا دەبیندرێت و بارودۆخی دوور لە نیشتمان و دەوروبەر لە باسکردن لە مـەرگی جـەرگـبڕی ئازیزێکی نزیکی خۆیەوە بەرجەستە دەکات.
سروشتی شیـعـری خودی ئەوەیە لەناو سـروشت و بووندا شـاعـیـر بەدوای نەمـری خودی خۆیدا وێڵـەو (پێـوەندییـەکی ئەفسـوونی بەدنیـاوە هەیە، نەک پێـوەندییـەکی ئەقـڵی دامـەزراو)، بە پێـچـەوانەی ئەم دەستنیشانکردنە، ئەم شاعیرە خودی خـۆی لەناو ژیاندا دۆزیـوەتـەوە و بابەتی زەینی لێ بەرهەم دەهێنێت.
زەین وەک مرۆڤێکی چالاک تێیدا دامـەزراوە و لەخـودی ئەوی دیکەدا نزیک دەبێتەوە و خۆی دەچێنێت. لە هەندێک باری شیعردا هەست و سۆز لە ئەقڵ و واقیع گرینگترن، چونکە هەست و سۆز زەمینە بۆ جموجووڵی گیـان دەخولقێنێت و جۆشی هەست پێکردنی خۆرسکانەی خۆی دەدات.
مـرۆڤ لەسـەر زەمـیـنی واقـیـعـدا بوونەوەرێکی بزرە، تەنیـا لەڕێگای زمانەوە خۆی دۆزیووەتەوە، زمـانیش لەسـەر ئاسـتی بەشـداریکردن لە کـۆزانیـاری و بنیـادنانی ژیان پەرەدەستێنێ و دەتوانێ بوونی مرۆڤ بدۆزێتـەوە. کـە واقـیـع گـۆڕانی بەسـەرداهات، بۆ ئەزمـوونی نوێش

دەشێت و کەشی لەبار دەهێنێتەوە پێشەوە، چونکە هێز و تاو و تینێکی بەردەوام زیندوو لە هەناویدا بەرز دەبێتەوە و دادەکەوێت. ئەو زانینە نوێیەی لەگەڵ گۆڕانەکەدا دێتە بوون و دەبێتە سروشتی واقیع و خەسڵەتی ڕوون بە سەرکێشییەکانی گیان دەدات. سەرکێشییەکانی گیانیش هەمیشە پرسیاری بەدوادا دێت. ئەم واقیعە لەبەرچی گۆڕا، بۆ کوێ گۆڕا، کێ گۆڕی؟ ئەم جۆرە پرسیار و بیرکردنەوانەش چاو لە ئاستی دیارەکان داناخات و هەندێکیشیان پەسەند دەکات کە هاوسەنگییەک لەگەڵ خەیاڵ پێکدەهێنن.

شیعر چەند مەودایەک دەکات بە سروشتی خۆی. وەک مەودای بینین، مەودای بیستن، مەودای مانا وەرگرتن و فرەمانایی...تاد، کاتێک شیعر وەک پارچەیەکی نووسراو وەربگرین، لەکاتی جۆشی خوێندنەوەیدا تەنیا ئەو ڕووبەرەی خوێندنەوە نابینین. ڕیتم و مۆسیقا و وێنە هەریەک وەک مەودایەکی سەربەخۆ و تایبەت خۆی پێشکێش دەکات و لە پارچە نووسراوەکەی کە دەیخوێنێتەوە جیا دەبێتەوە و پێشبڕکێش لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا دەکات.

لە کۆی ئەم ئەزموونەدا هەست دەکەیت کە شاعیر بیری ڕوون و دیاری لە بارەی ئەوەی دەینووسێت هەیە، یان (ڕەگەزی کتوپڕی) لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی دی ناتگوازێتەوە و خەیاڵ بۆ وێنەیەکی ناجۆر ناتبات، بەڵکو خەیاڵ بۆ دێری دواتر و تەواوکەر دەتبات و بەردەوامیت بۆ درێژ دەکاتەوە، یان دێری یەکەم لە ڕیتم و مۆسیقادا خۆی پێشکێش ناکات کە (ڕەگەزی کتوپڕی) ئاکامی پەرەسەندنی وێنە و دێرەکان بن. هەست دەکەیت ئەو بیرە ڕوون و دیارەی شاعیر لە بارەی نووسینەوە هەیەتی دەستی بەسەر تەواوی کردە و پێکهاتە بیرییەکەیدا گرتووە، کەمتر ئەزموونێکی زمانییە، وێنەکان لە بابەتدا درێژبوونەتەوە و ئاست و کەشی داستانی بە بنیادی ئەزموونەکەی داوە. لەم ئەزموونەدا یەکبوونی ناوەوە لە پێکهاتەی مانادا هەندێک هونەری (زەینی) و (هەستی) لەناخی بەرانبەردا دەخوڵقێنێت و دەیکات بە لێکدانەوە، لێکدانەوەی زمان و بوون لە ناو ژیاندا، لەکار بەیەکەوە کردنی هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا دەق دەسازێت و ئێستێتیکای خۆی لە ئەزموونداد دەکاتەوە.

(زایەڵە)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعریی (ئەنوەر قادر محەمەد)ە. ساڵی (١٩٨٨) لە دوو توێی (١٢١) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (نووسینگەی تارا) لە سوێد چاپکراوە، ( لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگی سوێد-کوردستان)ە. ئەم شیعرانەی تێدایە: (تۆ کۆچ ناکەی، شەوانی باران، خەنجەر و خۆشەویستی، بانگ، پرس، کاکە، چەند هۆنراوەیەک بۆ دایکم، بەیادی فەرهاد، ئەو شەوانەی، سلێمانی، ئەگەر، ئەوین، چراوگ، شەستە، غەریبی، بۆ باوە مەولەوی، ئەو کەژانە، بێچووە هەڵۆ، پایز و ئەڤین، زەنگڵەی یاد، چراو مەشقەڵان، پاکانە، سیما و ئاڵا، هۆ غەریب، چراوگ، لە کەناردا، خاچ، نوێژێکی نوێ، سووتان، تارا، تەلیسم، گوڵ سێوێ، ئاهەنگی دەنگ و ڕەنگ، شیعرەکانم، ئەوین، نائومێدی، کۆتەڵ، یاد، لە شەمەندەفەردا، جارجار، داستانی ئەڤینی سێوەخان.)

**غەریبی**

**مەولانا بەو گەورەییە،**
**ڕۆژێ دوو دوو،**
**تەنەکە ئاوی بەسەر شان،**
**بۆ تەکیەکەی شێخی (دەهلەوی) دەهێنا،**
**لە ڕێ لایدا، تۆزێ دانیشت،**
**نەختێ ڕاما،**
**هۆن.. هۆن فرمێسک بەسەر ڕوویدا قەتارەی بەست،**
**لە پەنجەرەی تەکیەوە (شێخ) چاوی لێ بوو،**
**شێخ بانگی کرد وتی خالید!**
**لە لێزمەی فرمێسکی ئەمڕۆت نەگەیشتم!**
**وتی: قوربان! ئەو ئافرەتەی،**
**کە بە تەنیشتما تێپەڕ بوو..**
**ڕوخساری هەر لە ڕوخساری دایکم دەچوو،**
**هەرکە بینیم، سلێمانیم کووچە کووچە هاتەپێش چاو،**
**یەکسەر ئاگرم تێ بەربوو، دڵم پڕ بوو،**
**ببوورە لێم! خۆت دەزانی قوربان سۆز و**
**قوربان! کەڵکەڵەی نیشتمان..**

زەینی پڕە لە کولتوور و ئەفسانەی خۆماڵی، ئەفسانەی هەر نەتەوەیەک مێژووی دوور و درێژی نەتەوەکەیە، زانیـــــــاری تـەواو لـە بـارەی ڕێوڕەسمەکانەوە لە لاپاراستراوە و وەک بنیـادێکی کـاریگەر لێی دەڕوانێ و کـاری لەناودا دەکـات و پیـشـانی دەدات، ڕێوڕەسـمی کۆمەڵایەتییش پێوەندییەکی دوور و درێژ و قووڵی لەگەڵ ئازار و ئومێدی کۆمەڵگاوە هەیە. ئازار و ئومێدی کـۆمـەڵگاش گـیـانی بنچـینەیی واقـیـعین. گـیـانی بنچـینەیی واقیعیش لەوەدایە چۆن لە شیعردا پێکیدەهێنی و پیشانی دەدەیت و واقـیـعی لەناو ڕێکدەخـەیتـەوە. نالەبارترین کـات بۆ شـاعـیـر ئەو کـاتەیە کـە هەست بکات لە بواری نووسـیـندا شـتـێکی نوێ و سەرنجڕاکێش لەبەر دیدە و خەیاڵی نییە بۆ دۆزینەوە. هەموو شیعرێکی داهێندراو پێویستە هەقیقەتێک بدۆزێتـــەوە و ژیانـی لەنـاو ڕێکبخاتەوە و بەنرخی بکات.

ئەو ئەزمـوونانەی کـە واقـیـع دەیانخـاتەڕوو، هەمـوو ئەزمـوونە فـەنتازی و ئاخاوتنە خەیاڵییـەکان دەخـاتە ژێر کـاریگەری خـۆی، بەڵام سـیـمـای دیاریکراوی واقـیـع ڕاستەوخۆ لەخۆ ناگرێت. ڕووبەڕووی ئەو دڵەڕاوکـێـیـانە بووەتەوە کـە جـوانیـیـەکـان دەشـێـوێنن، لەم ڕووبـەڕووبـوونـەوەیـەیـدا ژیـان و وزەکـانی ژیانی لە شـیـعـردا نوێ کردووەتەوە.

شـاعـیـر بۆ ئەوەی وزەکـانی ژیان باش بەکاربهێنێت، پێویستە لەگەڵ واقیع شەڕی بێ ئامان بەرپا بکات و چرپە و شـتـە وردەکـان بۆ ناو هێمنی زمان بگوازێتـەوە، ئەم شەڕە لە دەروون و هەستدا دەیحەسێنێتەوە و هەقیقەتێک بۆ ژیان دەدۆزێتەوە، یان هەقـیـقـەتێکی پێشـاندەدات. ئەزمـوون و شـارەزایی تەواوی لەم شـێـوازە نووسـینەدا هەیە. بە شـێـوەیەک هۆگـرت دەکـات و ڕاتدەکـێشێـتـە ناو چێـژ و جـوانی سـادەیی. خـاڵێک وەک پرسگە ڕاتدەگـرێت، ئەم خـاڵە ئەزمـوون و شـارەزایی سـەرچاوەکـەیەتی، لەم سادەیەشدا لایەنی هێما و نیشانەی ئەفـسـوونی زمـان دەبینێت و بەهاکـانی دیاری دەکـات. وەک لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت (قوربان سۆز و قـوربان کـەڵکەڵەی نیـشتـیـمـان) دووبارە کـردنەوەی وشـەی (قـوربان) لە یەک ڕسـتە و وێنەدا نیـشـاندانی هێـز و ئەفـسـوونی زمـانە. هێـز و ئەفسوونی زمـانیش توانا بە شیـعـر دەدات و لـێـکـدانـەوە بـۆ ژیـان دەهێنێـتـە بەر بینین و خـەیاڵ ڕادەوەشێنێت. زمـانیش تواناى مـانا لە دەقی ئەدەبیدا زیاد دەکات.

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# نموونەی بەرایی- Archetype

مەبەست لە «نموونەی بەرایی- Archetype» ئەو چەمکە سایکۆلۆژییەیە کە لەلایەن دەروونناسی سویسری ئەڵمانی کارل گۆستاف یۆنگ C.G.Jung (١٨٧١-١٩٦١) داهێنراوە بۆ پیشاندان و دیاریکردنی هەندێ جۆری نوێنەرایەتی کردنی ڕەسەن و بنچینەیی سەمبۆلی کە لە «نائاگایی گەلەکی- یان نائاگایی گشتی- In-conscience collectif»دا هەیە. تیۆری سایکۆلۆژی یۆنگ لەسەر بنچینەی «نائاگایی گەلەکی- اللاشعور الجمعي» دامەزراوە، ئەم نائاگایی گەلەکییە لەلای هەموو تاکێک وەکو یەکە، چونکە هەموو تاکێک سەر بەو هاوکێشە دەروونی و سایکۆلۆییەیە کە لەناو میللەتێک، یان کۆمەڵە خەڵکانێکی پێکەوە ژیاو هەیە کە خاوەن کولتوورێکی دیاریکراون. هەموو میللەتێک، یان کۆمەڵە خەڵکێکی پێکەوە ژیاو خاوەن دابونەریتێکی پێکچوو، سترەکتۆرێکی ئەندێشەیی تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەر بنچینەی «نموونە بەراییەکانە»، تاکەکانی ئەو میللەتە، یان ئەو کۆمەڵە خەڵکەش سەر بە هەمان ئەو نموونە بەراییانەن کە وەک کۆگایەک وایە، ئەم کۆگایەش بریتییە لە «نائاگایی گەلەکی». بەشێوەیەکی سادەتر دەتوانین بڵێین، نائاگایی تاکەکەس هەمان نائاگایی گەلەکی ئەو کۆمەڵەی هەیە کە لێی دەرچووە.

سەرەنجام ئەم نموونە بەراییانەی کە سەر بە نائاگایی گەلەکین، پڕیەتی لە وێنە و ڕەمز و خەون و فەنتازی...تاد، لە خەونەکان و کارە ئەدەبی و هونەرییەکان، هەروەها ئیستیک و ئەخلاقی گشتی دەردەکەوێ.

یەکێ لە ڕەخنەگرە ناسراوەکانی فرەنسا کە سوودی لە تیۆری «نموونە بەراییەکانی» یۆنگ وەرگرتووە و بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەدەبیات و کارە هونەرییەکان بەکاری هێناوە، باشلار-ە Bachlard. بۆ نموونە، وێنە- Image لەلای باشلار کە لەکارە ئەدەبییەکاندا دەست دەکەوێ، ئەم وێنانە وەک تۆڕێک دێنە بەرچاو، لەبەر زۆرییان هەندێ جاریش هەڵکەوتێکی میتۆلۆژی وەردەگرن، سەر بە ڕەوانبێژی و گوتارێکی هونەری نین، بەڵکو سەر بە نائاگایی گەلەکین. وەک وردەکارییەکی نائاگایی گەلەکی دێنە بەرچاو. وەک هێڵێکە لەناو نووسین، لە ناو جیهانی ئەندێشەیی کە هونەرمەند تێیدا دەژیی. ساڵی ١٩٣٨ باشلار لەکتێبی: سایکۆلۆژی ئاگر، بەها و نرخی نموونەیی بەرایی هەر چوار توخمە بنچینەییەکان (ئاو، ئاگر، هەوا، خۆڵ) لە فەلسەفەی پێش سوکرات لە هەندێ کاری ئەدەبی نووسەراندا شی دەکاتەوە.

### هونەر بۆ هونەر- L'art pour l'art

ڕێبازێکی ئەدەبییە لەسەر بنچینەی ئەوە دامەزراوە کە هونەر هیچ ئامانجێکی نییە بێجگە لە هونەر خۆی. لە بنچینەدا وەک پەرچەکردارێک دژی ئەو باوەڕ و بۆچوونە

سەری هەڵدا کە هونەر دەبێ بەها و نرخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بکا کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم لەلایەن سان سێمۆنییەکان پشتگیری لێ دەکرا. (سان سێمۆن- فەیلەسوف و سیاسەتمەدارێکی فرەنسی بوو، بە دامەزرێنەری سۆسیالیزمی ئۆتۆپی ناسراوە.) هەروەها لەلایەن ڕۆمانتیکە بەرابییەکانیش، بەڵام ڕۆمانتیکەکان هەر زوو دژایەتی ئەم ڕوانینەیان کرد کە هونەر و ئەدەبیات دەبێ سوودێکی کۆمەڵایەتی- ئەخلاقی هەبێ. لایەنگرانی هونەر بۆ هونەر دژایەتی فەلسەفە و ڕوانینی پۆزەتیڤیست-ەکانیشیان دەکرد کە لە ساڵی ١٨٤٥ تا ١٨٥٥ لە فەرەنسا زۆر دەسەڵاتیان هەبوو و نووسینەکانیان لە گۆڤارەکانی وەک: ئەوروپای ئەدەبی- L'Eurape Litteraire و هونەرمەند- L'artiste بڵاودەکردەوە.

تیۆفیل گۆتیێ- T.Gautier شاعیر و نووسەری فرەنسایی، لە پێشەکی کتێبی: خاتوو مۆپا- Mad-moiselle de Maupin) ڕاستەوخۆ دژایەتی ئەوە دەکا هونەر سوودێکی کۆمەڵایەتی، یان هەر سوودێکی لەم جۆرەی هەبێ، ئەو لەگەڵ ئەوەدایە هونەر ئۆتۆنۆمی خۆی هەیە، دەڵێ: (هەر شتێک سوودی هەبێ ناشیرینە) تەنیا جوانی هەموو شتێکە و ئامانجە و شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان پێویستە بیکەنە ئامانجیان، سەرچاوەیان...تاد.

لە هەنگاوێکی تر، فۆرم دەبێتە ئامانج و هونەرمەندان بۆ گەیشتن بە ڕوانینێکی پوخت و دروستکردنی جیهانێکی جوان دەبێ بایەخێکی زۆر بە فۆرم و تەکنیک بدەن. ئەمەش لە کۆمەڵە شیعری Emaux et Came'es-ی تیۆدۆر بانڤیل- T.Banville دەردەکەوێ کە لەساڵی ١٨٥٢ بڵاودەبێتەوە. بانڤیل لەگۆتیێ بچووکتر بوو، لەلای ئەو هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، هونەر لە بەرهەم هێنانێکی پوختە، دارشتن و پیشاندانی پوختە (پشت ئەستوور بە تەکنیک) دەردەکەوێ، دواجار ئامانجیش تەنیا جوانییە، هونەر لە جوانی، لە هونەردا نابێ شتێکی دیکە پێشکەش بکات. ئەمانە، بەتایبەتی ئەم دوو شاعیرە کاریگەرییەکی زۆریان لە پارناسییەکان کردبوو کە لەدوای ئەمان سەریان هەڵدا، لۆکۆنت دولیزل- Leconte de Lisle، کە بەرابەری پارناسییەکان دادەنرا ئامانجی هونەری بە (هونەرێکی پوختە- L'art pur) لە قەڵەم دەدا، ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا بوون، بۆ گەڕان بە دوای جوانی دەبێ بۆ جوانی و پوختەیی شارستانییە کۆنە لەناوچووەکان، بۆ گریکی کۆن...تاد بگەڕێینەوە.

**کۆڕال- Choeur**

زاراوەی Choeur لە زمانی عەرەبی بەرانبەرەکەی (جوقە)یە، ئەمەش کۆمەڵە ئەکتەرێکە کە لەسەر شانۆ نمایش پێشکەش دەکەن و سروود (گۆرانی) دەڵێن. هەر لەبەر بوونی ئەم لایەنەی (گرووپ)ی من بە پێویستم زانی بەرانبەرەکەی کۆڕال دابنێم، نەخاسمە ئەم وشەیەش هەر لە Choeur-ەوە هاتووە. زاراوەی- Choeur لە زمانی فەرەنسی و لاتینی بە زۆر مانا دێ، وەک: پارچەیەک مۆزیک کە کۆڕالێک پێشکەشی دەکەن، هەروەها بە جێگایەکی تایبەتیش لە کڵێسا دەگوترێ کە پیاوە ئایینییەکان لە ئاهەنگە ئایینییەکاندا ویرد و سروود و گۆرانی پێ دەڵێن.

بەڵام لە شانۆ زۆرتر بەو گرووپە ئەکتەرە دەگوترێ کە سروود و گۆرانی وێڕای نمایش کردن پێشکەش دەکەن. لە گریکی کۆندا (یۆنان) کۆڕال بەسەرپەرشتی سەرۆکی کۆڕال Corphe'e کە لەیەک کاتدا مامۆستای گرووپەکە و کۆریگرافیشە (واتە سەماناس) کۆڕال نمایشی خۆی پێشکەش دەکا. سەماناس کە سەرپەرشتکاری کۆڕالە هەردەم لەسەر شانۆ دەمێنێتەوە، ئەمەش جیاوازییەکە کە لە شانۆی لاتینی نییە، چونکە لەمەی دوایی هەر کە سروود و گۆرانی لەناو نمایش تەواو بوو، شانۆ بەجێ دەهێڵێ. کۆڕال ڕەمزی هاووڵاتیانە لەسەر شانۆ، ڕۆڵی ئەم لایەنە لەنێوان پاڵەوانی سەرەکی و بینەران دەگێڕێ. لە کۆمێدی کۆڕال ڕای خۆشی لەسەر شانۆ دەڵێ. هەرچی لە تراژیدیایە، کۆڕال بە لاواندنەوە و گریان لەسەر پاڵەوان هەڵوێستی خۆی پیشان دەدا، بەرادەیەک ئەم لاواندنەوەیە بەهێز پێشکەش دەکرێ، بەرز دەکرێتەوە وەک حاڵەتێکی (نەخۆشی- Pathetique) ببینرێ، بێ گومان ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی هەستی پاکبوونەوە- Catharsis لەلای بینەر دروست بکات. لەبەرانبەر پاڵەوانیش لە پیشاندانی تۆقین و بەزەیی زیاتر شتێکی تر نییە. هەموو ئەمە بە مەبەستی ورووژاندنی بینەرە. لەسەردەمی بووژانەوە- ڕێنیسانس- کۆڕالی تراژیدی زیندوو دەبێتەوە، بەڵام دواتر لە شانۆی کلاسیکی جارێکی دیکە لەناو دەچێتەوە، بەڵام لەلای ڕاسین- Racine لە پیەسەکانی ئێستەر- Esther و ئەتالی- Athalie بایەخێکی زۆری پێدراوە.

بەگشتی سەرهەڵدانی تاکگەرایی- فردیة- In-dividualisme لە هۆشیاری ڕۆژئاوادا، وا دەکەن هەموو دەنگێکی گەلەکۆیی- Collectives نەمێنێ و لەناو بچێ، بە تایبەتی کۆڕال لەسەر شانۆی نوێ.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

بە بۆنەی داگیرسانی مۆمی چواردەمین ساڵەی تەمەنییەوە

# ڕامان ئەو گۆڤارە ڕۆشنبیری و هزرییەی هەمیشە لە گەشەکردندایە

**کەریم شارەزا**

سێزدە ساڵ و چەند مانگێک لەمەوبەر گۆڤاری ڕامان، لە سەردەمێکی سەختی پڕ نەهامەتی لە هاوینەهەواری سەڵاحەددین یەکەم ژمارەی لە مانگی شەشی ١٩٩٦دا لە بەرگێکی سادە و ساکار دەرچوو، بەڵام لە دواییدا کە هاتە هەولێری پایتەخت ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ پێشکەوتنی پتری بەخۆیەوە بینی تاکو وای لێهات بووە یەکێک لە گۆڤارە هەرە سەرکەوتووەکانی کوردی کە لە باشووری کوردستان دەردەچن.

کەس باوەڕ ناکات بەڕێوەبردنی ئەم گۆڤارە پتەوە لەلایەن سەرنووسەر و ستافێکی چەند کەسی دەربچێت و ئەو پێشکەوتنە جۆرییە بەخۆیەوە ببینێ، ئەم گۆڤارە چەندین جۆرە دەقی شیعری نوێی کوردی لە بەرهەمی شاعیرە نوێکارەکان و وتاری پتەو و لێکۆڵینەوەی هزری و ئەدەبی و هونەریی سەرکەوتووی شیاوی خوێندنەوە لەخۆ دەگرێ و مەیدانی بڵاوکردنەوەیشی بۆ داهێنەران و نووسەران و هزرڤانانی هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە کردۆتەوە کە ئەمە مایەی بەختەوەری و شادیی خوێنەرانی کوردە.

سەرنووسەری گۆڤارەکە بە هەوڵی تاکە کەسی خۆی و یارمەتیدانی چەند کارمەندێکی بەتوانا توانیویەتی ئەم گۆڤارە بەهادارە بە بابەتی قووڵ و بەهێزی هزری و فەلسەفی و دەقی جوانی شیعریی، مانگانە لە ڕۆژی دیاریکراوی خۆی کە ڕۆژی (٥)ی هەموو مانگێکە دەربچوێنێ و بیخاتە بەرچاوی ئەو خوێنەرانەی شەیدای خوێندنەوەی بابەتەکانین.

لەم گۆڤارە پتەوەدا هەموو جۆرە دەقێکی شیعری و بابەتی لێکۆڵینەوە و وتارێک خۆیان نادۆزنەوە، بەڵکو تەنیا دەقی نوێ و بەهێزی شیعریی و بابەتی تازە و سەرنجڕاکێش لاپەڕەکانی ڕامان دەڕازێننەوە. ئەوەی دڵخۆشکەریشە هەست دەکەین ژمارەکانی ڕامان، هەر جارەی پێشکەوتن و گەشەکردنی زیاتر بەخۆیانەوە دەبینن. هەموو کەسێکی شارەزای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو باوەڕەدان کە دەبوایە (ڕامان) ببێتە دەزگایەکی ڕۆشنبیریی چاپ و بڵاوکردنەوە، کەچی وەک ئاگادارین ئەم پرۆژە ڕۆشنبیرییە مەزنە بە وردە خەرجییەکی زۆر کەم بەڕێوە دەچێت، ئەمە لە کاتێکدا هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری وایش هەن کە لە دەزگای تایبەتی دەردەچن، ڕامان زۆر لەوان شیاوترە بکرێتە دەزگا.

بابەتەکانی گۆڤاری ڕامان بەسەر چەند دەروازە و تەوەرێکدا دابەش کراون و بە تەوەری دەقی شیعریی دەست پێدەکات و تەنیا شیعری نوێی شاعیرە نوێکارەکان لەخۆی دەگرێ. لە تەوەری (ناساندن)دا بەرهەمی نوێ بە جوانی بەخوێنەر دەناسێنێ و لە تەوەری (هەڤپەیڤین)یشدا هەر جارە و هەڤپەیڤین لەگەڵ یەک، یان دوو کەسی ڕۆشنبیر و داهێنەر لە نووسەر و هونەرمەند و هزرڤانان ساز دەکات. هەر جارەش دوو سێ بابەتی پتەوی ڕەخنەسازی پێشکەش دەکات، بە تایبەتی ئەگەر ڕەخنەکان بنیاتنەر بن، هەر ژمارەیەکیش بابەتێکی زمانەوانی سوودبەخش دەگرێتە خۆی و لە تەوەری هزر و فەلسەفەشدا بابەتی تازە دەخاتە ڕوو و لێکۆڵینەوەی بە برشت و بەهێز لەسەر بنچینەی توێژینەوەی زانستی پێشکەش بە خوێنەرە چالاکەکانی دەکات و زۆر بابەت و هزری شاراوە دەخاتەڕوو.

خوێندنەوەی کتێبیش تەوەرێکی تایبەتی بەردەوامە لە تەوەرەکانی گۆڤارەکە و هەر جارەی چەند کتێبێکی نوێ دەخاتە ڕوو و تیشکی هەڵسەنگاندن و بۆچوونی ئەو نووسەرانە دەردەبڕێ کە هەڵیان دەسەنگێنن.

زاراوەسازیش تەوەرێکی ترە لە تەوەرەکانی گۆڤارەکە و بە سووکەلەنگەر کۆتایی دێت، ئەوەی سەرنجی ڕەخنەگر و خوێنەرانی گۆڤارەکە ڕادەکێشێ شێوەی نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەکانیەتی. وتارەکانی هەموو هەلومەرجە سەرەکییەکانی هونەری وتار نووسینیان لێ دێتەدی و لێکۆڵینەوەکانیشی زانستین و بە ئەمانەتەوە سەرچاوەکانیان دەسنیشان کراون و بەپێی بەرنامەی توێژینەوەی زانستی شی کراونەتەوە. ئەوەی دڵخۆشکەریشە ئەم گۆڤارە بە فۆنتێکی گونجاو و بەبێ هەڵەی چاپ و ڕێنووس پەخش دەکرێت. لە یادی داگیرسانی مۆمی چواردەمین ساڵەی، سڵاو بۆ یادی دەرچوونی (ڕامان)ی پڕ هزر و نوێکاریی دەنێرین.

# یادی کۆچی دوایی مامۆستای زانستگای سەلاحەددین عەبدولقادر فەرهادی

د. مارف خەزنەدار

«چوارده ساڵ لە مەوبەر، ڕێک لە ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥ کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان لە هۆڵی میدیا لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی یادگاری بۆ یادی چل ڕۆژەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو عەبدولقادر فەرهادی ڕێک خست. لەو کۆبوونەوەیەدا وتاری کۆمەڵەی ئەکادیمیان لەلایەن دکتۆر (مارف خەزنەدار)ەوە پێشکێش کرا، بۆ یادکردنەوەی ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە و بۆ مێژوو ئەو وتارەی ئەوسا خوێنرایەوە بۆ یەکەم جار وەک خۆی بڵاودەکەینەوە».

**«ڕامان»**

بەڕێزان کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی عەبدولقادر فەرهادی!

چل ڕۆژ لەمەوبەر، برادەرێکی خۆشەویستمان لە پڕ ون بوو، کارەساتێکی گیانیی لە دەروونی خزم و کەسوکار و دۆستانی کلپەی سەند. زانستی کۆستی کەوت، کۆلێجی ئەدەبیات ماتەم باڵی بەسەریدا کێشا، بەشی زمانی ئینگلیزی بە مردنی کوڕێکی ژیر و دڵسۆز و خۆشەویست، سەراسیمە و پەرێشان بوو.

کاس بووین بەهۆی کۆچی دوایی عەبدولقادر فەرهادییەوە کە لە شەپازللەی دێوی ڕەشی دەکرد، لە مستەکۆڵەی عفریت دەچوو، شوێنەواری نینۆک و ددانی دڕندەی پێوە دیار بوو.

عەبدولقادر فەرهادی ڕۆشنبیر، لە بنەماڵەیەکی زانستی پەروەر و نیشتمانی دیاری شاری هەولێر بوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا هەندێ خوێندەوار و ڕۆژنامەنووس و نووسەری دیاریان لێ کەوتەوە، عەبدولقادر فەرهادی پڕ



**عەبدولقادر فەرهادی**

جموجووڵ، کەسێکی بەکاربوو، لە ڕێگەی گوزەران و نان پەیداکردنەوە پلەی خوێندەواری خۆی بەرز دەکردەوە، بەدەم ئیش و کاری ژیانەوە لە زانستی و زانیاری دەگەڕا، لە خوێندن تێر نەدەبوو، نەیدەویست تەنیا مامۆستا بێ، بەڵکو هەمیشە بەبێ ژیانی قوتابیەتی هەڵی نەدەکرد. داخی گرانمان، لە ڕێگا بوو، هێشتا نەگەیشتبووە قۆناغ پەتی ژیانی پچڕا. چەندە نەنگە، مخابنە، پیاو توانای ئەوەی هەبێ بگاتە ئەنجام، بەڵام چەرخی چەپگەرد تەگەرە بخاتە بەردەمی، نەوەکو تەنیا نەیەڵێ بگاتە ئەنجام، بەڵکو کۆتاییش بە ژیانی بهێنێ.

عەبدولقادر فەرهادی مامۆستا ڕۆڵەیەکی پڕ سۆز و دڵسۆزی دەسگا زانستییەکەی خۆی بوو. پێش هەموو کەسێک دەچووە پۆلەوە، پاش هەموو کەسێک دەهاتە دەرەوە. هاوڕێ و ڕێبەری قوتابییان بوو، دەستی دەگرتن، گرانی بۆ ئاسان دەکردن، ڕێی ڕاستی پێ پیشان دەدان، بەڵام داخی گرانمان بەرانبەر بەم هەموو دڵسۆزییە زانستگا نائومێدی کرد. لەم دواییەدا مەسەلەی خوێندنی دوکتۆرا لەلای خودا لێخۆشبوو بە ماخولیا، کارێکی کوشندەی لە دەروونی کردبوو، گرێیەکی سایکۆلۆجی لە مێشک و دەمارەکانی لەشی دروست کردبوو. ئەم خوێندنە پێویستی بە ماڵ و دەرامەت هەبوو، ئەمە بۆ ئەو زۆر بوو، بەڵام بۆ زانستگا زۆر کەم بوو، ڕێی بۆ خۆش نەکرا.

عەبدولقادر فەرهادی پڕ جموجووڵ، لەناو ئەو کۆمەڵە مامۆستایانەی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستانیان دامەزراند، کەسێکی بەکاربوو. لە ڕۆژگاری ئەم دواییەدا و لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا بۆشاییەکی دیار لە ژیانی تایبەتی و زانستی مامۆستایانی زانستگا هەبوو، لەناو گۆڕەپانی حزبایەتی پۆلیتیک و دیپلۆماسیەتی وەدەست هێنانی چاکە و بەرژەوەندی لایەنێک، مامۆستایانی زانستگا لەبیر کرابوون. بەلای ئێمەوە ئەم کەرتە ڕۆشنبیرە گرنگەی کۆمەڵ نەک تەنیا نابێ پشتگوێ بخرێن، بەڵکو پێویستە بەشداری لە دامەزراندن و بەڕێوەبردندا بکەن.

بۆ ئەم مەبەستە تاقمێکی سەربەخۆ و بێ لایەن و دوور لە حزبایەتی و نزیک لە زانست و زانیاری و کوردایەتی قۆڵیان لێ هەڵماڵی و ڕێکخراوی «کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان»یان دروست کرد. خوالێخۆشبوو عەبدولقادر فەرهادی یەکێک بوو لە دامەزرێنەران، نەک کەسێکی ئاسایی، بەڵکو ئەندامێکی کارا و بەکار. مامۆستای خۆشەویستمان لە ڕێزدا بوو تا کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان هەموو کاروبارێکی ڕەسمی جێبەجێ کرد و وەک ڕێکخراوێکی بێ لایەن و سەربەخۆ کەوتە ناوەوە.

بە هەشتی عەبدولقادر فەرهادی تا دوا هەناسەی لەگەڵ ئێمەدا بوو، بەڵام داخی گرانمان بە هیوا و ئامانجەکانی شاد نەبوو، چاوی بەو کۆمەڵەیە نەکەوت وەکو ئێمە چاومان پێی دەکەوێ. زۆرجاریش ئێمە دڵی یەکترمان بەوە خۆش دەکرد کە دەمانگوت: با کۆمەڵەی ئەکادیمیان لەسەر پێ بوەستێ، ئەوکاتە پێویستیمان بە یارمەتی کەس نابێ. کۆمەڵە ڕۆڵەی خۆشەویستی خۆی عەبدولقادر فەرهادی دەنێرێ بۆ تەواوکردنی خوێندنی لە دەرەوەی وڵات، کەچی هیوای ئێمە و خوالێخۆشبوو چووە ژێر گڵەوە.

ئێمەی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان سەرەخۆشی لەخۆمان و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و کەسوکار و هاوڕێ و دۆست و برادەرانی دەکەین.

یادی پیرۆزی لەناو دڵ و دەروونمان دایە.

بەهەشتی بەرین مەڵبەندی هەمیشەیی هاوڕێی خۆشەویستمان عەبدولقادر فەرهادی بێ.

**هەولێر: هۆڵی میدیا ٥/١٠/١٩٩٥**




# کورتەیەک لە بارەی وەرگێڕانەوە

هاوژین صلیوە
(زانکۆی کۆیە- کۆلێژی زمان)



وەرگێڕان ئەو ئاوە پاک و سازگارەیە کە ناهێڵێت گۆمە مەند و وەستاوەکان بگەنێ و سەرلەنوێ نوێیان دەکاتەوە و ژیانی نوێیان بە بەردا دەکات. لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەتوانرێت خۆراکێکی نوێ بە مێشکی خوێنەران بدرێت و ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوان بکرێت و ڕەوتی ڕۆشنبیرییان زیاتر بەرەو پێشەوە ببرێت. هەموو ئەو گەلانەی پێشکەوتوون، تەنیا لە ڕێی بیر و بەهرەی خۆیانەوە نەگەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵاو بوون و وەرگێڕانی زۆر جۆرە کتێب و گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و زانیارییەکان توانیویانە شتێکی پێشکەوتووتر بخەنە کایەوە. هەموو ئەو گەلانەی پێش نەکەوتوون، ئەوانەن کە نەیانتوانیوە تێکەڵی جیهان بن و زادەی بیر و بەهرەی نەتەوەکانی تر هەڵبمژن و سوود لە پێشکەوتن و بیر و توانایی گەلانی تر وەربگرن.

مرۆڤ پێویستی بە وەرگێڕان هەیە، چونکە هەموو مرۆڤەکان بەیەک زمان نادوێن، بەڵکو بە چەندین زمانی جۆراوجۆر و جیاواز دەدوێن و دەنووسن، کەواتە وەرگێڕان باشترین ڕێگەیە بۆ لە یەکتر گەیشتن لەنێو زمانە جیاوازەکاندا.

هەر لە دێرزەمانەوە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی مرۆڤەکان، بەهۆی کاروانچی و بازرگان و تێکەڵاوبوونی نەتەوەکان سەرەتا بەشێوەی دەمەتەقێ گرنگییان بە وەرگێڕان داوە، وەرگێڕ هەبووە چەند زمانێکی زانیوە و ئەم کارەی ئەنجام داوە، واتا مێژووی وەرگێڕان بە شێوەی سەرزارەکی مێژووەکەی کۆنە، بەڵام کۆنترین وەرگێڕانی نووسراو لە سۆمەرییەکانەوە بەجێ ماوە کە لە شێوەی فەرهەنگ دایە و چەند وشەیەک لەسەر پارچە قوڕی سۆرکراوە بە زمانی سۆمەری نووسراوەتەوە، لە بەرانبەریشیدا واتای وشەکان بەزمانی ئەکەدی نووسراونەتەوە. لە وڵاتی ئاشووریشدا شا سەرجۆنی ئەکەدی سێ هەزار ساڵ پێش زایین هەواڵی سەرکەوتنەکانی بە چەند زمانێک بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی میللەتە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی بزانن. گەلانی ڕۆژئاوا چەندین سەدەیە بەکاری وەرگێڕانەوە خەریکن. لەنێو گەلانی دەوروبەریش وەک (عەرەب، تورک، ئەرمەن، فارس) لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە جموجووڵی وەرگێڕانیان لە لا پەیدا بووە، لەنێو کوردیشدا کۆنترین وەرگێڕ کە (د. فەرهاد پیربال) ئاماژەی بۆ کردووە (خانای قوبادی)یە ١٦٧٢- ١٧٥٤ کە خەسرەو و شیرینی نیزامی گەنجەوی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بەم شێوەیە لەناو میللەتی کوردیش بزووتنەوەی پاچەڤە کردن پەرەی سەند و لە سەدەی بیستەمدا بەرەوپێشەوە چوو. لە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی (١٩٩١) وەرگێڕان زیاتر پەرەی سەند، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا، لە نەشونماکردن و پێشکەوتندایە.

زۆر جۆری وەرگێڕان هەیە، لەوانە وەرگێڕانی «وشە بە وشە، واتا بەواتا- ناوەرۆک و چەمک، بە گێڕانەوە، شیکردنەوە، کورتکردنەوە» چاکترین جۆری وەرگێڕان (واتا بەواتا)یە کە چەمک و ناوەرۆکی دەقەکە بخرێتە سەر ئەو زمانەی بۆی وەردەگێردرێت، چونکە لە هەموو جۆرەکانی دی زیاتر دەستپاکی و ئەمانەتی زانستی تێدایە، وەرگێڕ بیرۆکەی دەقە بنەڕەتییەکە وەردەگرێت بێ ئەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی زمانە بنەڕەتییەکە وەربگرێت، پاشان بەپێی یاسا و دەستوور و پێکهاتەی ڕێزمانی دووەم دایدەڕێژێت، ئەم جۆرە وەرگێڕانەش باوە و بۆ خوێنەر بە سوودە، لەم جۆرەیاندا وەرگێڕانەکە ڕستە و مەفهوومە نەک وشە بە وشە.